# سی بهاری ژیان و پێشمەرگایەتیم

سالار شەهید کاکۆ

لە بڵاوکراوەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان

٢٠٢٢

ناوی کتێب: سی بهاری ژیان و پێشمەرگایەتیم

نووسەر: سالار شەهید کاکۆ

دیزاینی ناوەوە: یاسین فەریق سێلکی

دیزاینی بەرگ: دیار سەعید پیرانی

سەرپەرشتی چاپ: مستەفا نجم فەیلی

چاپخانە: ڕۆکسانا

نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم

ساڵی چاپ: ٢٠٢٢

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی ( ٦٠) ساڵی ٢٠٢٢ پێدراوە.

# پێڕست

پێشەکی ........................................................ ٧
بەشی یەکەم، ڕەگوڕیشەی بنەماڵەکەمان .......................... ١١
تەوەری یەکەم، دەستگیر کردنی باوکم .......................... ٤٥
تەوەری دووەم، گەرمای هاوین و فێنکی گەڕانەوەی باوک ................ ٧٩
تەوەری سێیەم، چوونم بۆ گەلاله و دیلمان لەگەڵ بابم ................... ٩٥
تەوەری چوارەم، چوونمان بۆ کۆیە و گوندی تۆپزاوە ..................... ١٣٣
بەشی دووەم، دەست پێکردنەوەی شەڕ ........................... ١٣٩
تەوەری پێنجەم، کۆچ بەرەو قەڵادزێ ........................... ١٤١
تەوەری شەشەم، ئەوپەڕی بەهێزی شۆڕشی ئەیلوول ..................... ١٦٥
بەشی سێیەم، ژیانی ئاوەرەیی ........................... ١٧٩
تەوەری حەوتەم، دوورخستنەوەمان لە کوردستانی رۆژهەڵات .......... ١٨١
تەوەری هەشتەم، دابەشکردنەوەمان بەسەر شارەکانی ئێراندا .......... ٢١٥
بەشی چوارەم، هەڵگیرسانی شۆڕشی گوڵان ........................... ٢٥٩
تەوەری نۆیەم، دۆستە فێلبازەکەی ئاغای نایبی ........................... ٢٧٩
تەوەری دەیەم، سەردانم بۆ کەرەج و ماڵی خورشید شێرە .............. ٢٨٧
تەوەری یازدەم، گەڕاندنەوەی تەرمی بارزانی نەمر ...................... ٣٠٩
بەشی پێنجەم، بوون بە پێشمەرگە ........................... ٣١٥
تەوەری دوازدەم، سەردانی سەرۆک بارزانی بۆ لقی دوو لە تلکێش .... ٣٢٣
تەوەری سێزدەم، چوونم بۆ خولی برینپێچی ........................... ٣٣٣

تەوەری چواردەم، هێرشی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ حاجی ئۆمەران و دەوروبەری ........................................................ ٣٦٧
تەوەری پازدەم، پەڕینەوە لە سنووری کێڵەشین ............................. ٤١٩
تەوەری شازدەم، داستانی کۆمەڵە پێشمەرگەکەی لقی دوو ............. ٤٣٩
تەوەری حەڤدەم، کارەساتی قەندیل و شەهیدبوونی باوک و برام ...... ٤٨٣
تەوەری هەژدەم، ژن داخوازیکردن ............................................. ٥٢١
تەوەری نۆزدەم، کارەساتی کۆچی دوایی کاک ئیدریس بارزانی ......... ٥٤٥
بەشی شەشەم، قۆناغی ئەنفال و ڕاپەڕین ...................................... ٥٤٩
تەوەری بیستەم، چوونم بۆ شێخ وەسانان ....................................... ٥٥١
تەوەری بیست و یەک، گەڕانەوەم بۆ ماڵەوە .................................. ٥٨١
تەوەری بیست و دوو، لە دوای ئەنفالەکان و کۆتاییهاتنی شەڕی خواکوڕک.................................................................................... ٥٨٧
تەوەری بیست و سێ، کۆتا سی بەهاری چاوەڕوانیم و ڕاپەڕین ....... ٥٩٩

پێشکەشە بە دایکم، قوتابخانەی تەمەنم

بە باوکم زانکۆی کوردایەتیم (شەهید کاکۆ) و شەهید سەرداری برام و سەرجەم شەهیدانی ڕاستەقینەی ڕێبازی کوردایەتی و هەموو هەڤاڵ و هاوسەنگەرەکانم بە درێژایی شۆرشی ئەیلوول و گوڵان و بە تایبەتیش ئە هەڤاڵانەی هەندەرم بوون بۆ نوسینەوەی بیرەوەریەکانم....

# پێشەکی

ئەو پەرتوکەی لە بەردەستانە گۆشە نیگایەکی بچووکە لە خەباتی گەلێکی مەزن، لە پەنجەرەیەکی بچووکی ژیانی بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو شۆڕشگێڕەوە بیستراوە و بینراوە ڕویداوە.

نە سیناریۆیە نە داستانێکی داڕێژراوە، نە چیرۆکێکی ڕۆمانسیشە، ئەمە مێژووە و ڕویداوە و مێژوو ڕوداوەکانیش پێویستە وەك خۆی بنووسرێنەوە و نابێت ڕوداوەکان بە مەیلی خۆمان و بۆ دڵخۆشی کەسانی تر سیمای ڕاستەقینەکەی بگۆڕین و لە بەها مێژووەکەی کەم بکەینەوە، هەوڵم داوە خۆم لە قەرەی ئەو کارە نەدەم، خۆ ئەگەر بابەتێك بە هەر هۆیەك پێویستی بە دەستکاری بوبێت دیسان ئەو بوێریەم بە خۆم نەداوە، وام بە باشتر زانیوە لێی باز بدەم باشترە لەوەی دەستکاری بکەم و مێژووەکە بشێوێنم. ئەمە مانای ئەوەش ناگەیەنێ کە نووسینەکانم بە بێ کەموکورتین، بە دڵنیایەوە هەر مرۆڤێك بیەوێت پڕۆژە مێژوویەك بنوسێتەوە لە کێماسی بەدەر نابێت، بە تایبەتی ئەگەر مەیدانی نووسینەکە درێژی و پانتایی سی ساڵی ژیانی مرۆڤێك بێت کە هەر هەمووی ڕوداو و کارەسات و تراژێدیای پڕ لە ئاخی کۆمەڵێ: مرۆڤی تریش بێت لە سەر گۆی ئەم زەوییە بێ بەزەییە بە ناوی (کورد).

دەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم کە ئەم مێژووە ڕۆژانە لە یاداشتی بیرەوەریەکانی من نەنووسرابوونەوە، کە کۆیان بکەمەوە و لە دوو تویێی پەرتوکێکدا بە چاپیان بگەیەنم، هەر ئەو هۆکارەی نەبوونی یادداشتی ڕۆژانە بوونە بیانوی ئەوەی نەتوانم ئاماژە بە ڕۆژ و مانگ و کاتی ڕوداوەکان دیاری بکەم و من پۆلێن بەندی ژیانم بەم شێوەیە دەکەم، دە ساڵی سەرەتای تەمەنم واتا منداڵیم ئەو توانایەم

نەبـوو بتـوانم ڕۆژانە ئامـاژە بە ڕوداوەکـانی ژیـانم بـکەم و لە یاداشـتنامەیەك بینووسمەوە، دە ساڵی دووەمی تەمەنم هاوکاتە لەگەڵ تێکەڵ بوونم بە شـۆڕش و سیاسەت و ئاوارە بوونم بـۆ هەنـدەران و ژیـانی کـۆڵەمەرگی و دەسـتوپەنجە نەرم کردن لەگەڵ ئازارەکانی ژیـان و بەرگە گرتنیـان، دە سـاڵی سـێیەمی ژیـانم لـوتکەی تێگەیشتنی مـن بـوو لە ئێشـوئازاری نەتەوەیەك کە مـن و خـانەوادەکەم بەشـێك بـووین لەو نەتەوەیە. لێـرەش ڕۆژگـار زوڵمـێکی گەورەی لـێ کـردم کە نەمتـوانی دەست لە ملانێی هەموو ئەو ئـارەزوانە بـکەم کە لە منـداڵیەوە خەونـم پێیـانەوە دەدیت.

هەموو ژیانم شاخ و پێدەشـت و شـۆڕش و پێشـمەرگایەتی و هەوڵ و کۆشـش بوو بۆ رزگار کردنی نەتەوەیەك، بۆیە نەمتوانی لەو کاتانەشیدا یاداشـتە ڕۆژانەکـانم بنوسـمەوە، دیـارە کەمتەرخەمـی خۆشـمی تێـدا بـوو، ئەگینـا هەر دەکـرا ڕۆژانە ڕوداوەکان بنووسمەوە و تۆماریان بکەم. بۆیە لێرە داوای لێبوردن دەکەم لە (ژیان و خەباتم) کە زوڵمێکی گەورەم لێ کردوون.

سی سـاڵ ژیـانی مـن بـێ ئەوەی خـۆم کـاریگەریم لەسـەر بوبێـت تـێکەڵ بە سیاسـەت و شـۆڕش بـووە، زۆربەی ڕوداوە خـۆش و ناخۆشـەکانی گەلی کـورد لە سەرەتای بەهـارەوە ڕویانـداوە، بـۆیە کـورد هەمیشـە چـاوەڕێی ئەوەی کـردوە لە بەهار و نەورۆز سەرکەوتن و مژدەی خۆشی گوێ لێ بێت، ئەمە خورافـات نیـیە و ڕاستیەکە، هەمووومان دانمان پێی داناوە و بڕوامـان پێـی هەیە، منـیش تـاکێکی ئەم کۆمەڵگایە بووم و بە هەمان بیر و باوەڕ گۆش کرابووم، بـۆیە هەمیشـە چـاوەڕێی بەهار و نەورۆزم کردووە کە مژدەیەکی خۆشم بـۆ بهێنێـت، ئەم چـاوەڕوانییەم سی سـاڵ تەمەنی لـێ تێپەڕانـدم و تـا لە بەهـاری سـاڵی ١٩٩١ چاوەڕوانییەکـانم بە کۆتاهات لەگەڵ سەرجەم تاکی گەلی کورد لە کۆتایی چاوەڕوانییەکانماندا گەیشـتینە ئەو بەهارەی کە ئارەزوومان بۆی دەکرد.

من سی بەهاری تەمەنم بە شانازیەوە هاوکات بـوو لەگەڵ دوو شـۆڕشی کـورد، ئەوانـیش هەردوو شـۆڕشی مەزنی (ئەیلـوول و گـوڵان) کە بەو پەڕی شـانازیەوە لە هەردوو شۆڕشەکە بەشدار بووم وەکو پێشمەرگەیەکی نیشتیمان و نەتەوە.

تـاکو نووسـینی ئەم پەرتـوکەش هەر بەردەوام لەسـەر هەمـان بیروبـاوەڕ و مەبەست. ئەوەی نوسیوومەتەوە بـریتیە لە سی سـاڵ ژیـان، ئەگەر مەرگ مەودا و مۆڵەتم پێ ببەخشێت بە دڵنیـایەوە بەشی دووەمیشـی دەنووسـمەوە کە لە سـاڵی ١٩٩١ەوە دەست پێدەکات.

زۆر سوپاسی خوشکی بەڕێزم دکتۆرە(لەیلا) کە ئەرکی تایپ کردنی بەشێکی زۆری ئەم مێژووەی لە ئەستۆی خۆی گرت. هەروەها کچی خۆشەویستم (هاونـاز) خـان کە سەرەڕای ئەرکی دەرس و قوتابخانەکەی ئەویش بەشەکەی تری بۆ تـایپکردین و لە ئەستۆ گرت.

سوپاس بۆ هەموو ئەو بەرێز و خۆشەویستانەی هانیان دام و پاڵپشـتیان کـردم و بیرۆکەی نووسینەوەی ئەو مێژووە گرینگەیان خستە ناو مێشکم.

لە کۆتایدا هیوا خوازم توانیبێتم ئەزموونی ژیانێکی سی سـاڵم پێشـکەشی نەوەی ئێستا و داهاتوم کردبێت و سوود بەخش بێت بۆ هەموو لایەك و چێژ لە بابەت و ڕوداوەکانی وەربگرن لەگەڵ ئەو پەڕی ڕێزمدا

**سالار کاکۆ**

# بەشی یەکەم

# ڕەگوڕیشەی بنەماڵەکەمان

## من کێم؟

بە ڕەچەڵەك و عەشیرەت خۆشناوین لە تیرەی مەلازادان، خەڵکی گوندی (چنێران) سەر بە شارۆچکەی (شەقڵاوە) لە دۆڵی (هیران). سالار کوڕی ئەمیرعازی کوڕی مەلا عەزیزی کوڕی مەلا مەحمودی کوڕی مەلا ئەحمەدی چنێرانییە کە مەلایەکی ناسراو و کەسایەتییەکی باوەڕپێکراو و جێی متمانەی دەڤەری خۆشناوەتی بووە، دواتر لە سەروبەندی ساڵی١٩٠٠ یان چەند ساڵێك کەمتر یان زیاتر لۆ کاری مەلایەتی و تەرویجی دینی دەچێتە دەشتی هەولێر و سەرەتا لە گوندی سێبیران و دواتر شارۆچکەی مەخمور. مەلا ئەحمەد دوو کوڕی هەبووە بە ناوەکانی مەحموود و محەمەد کە هەردووکیان بووینە مەلا. مەحموود پێش محەمەد ژنی هێناوە و کوڕێکی بووە بە ناوی عەزیز و کچێک بە ناوی زبێد. مەلا مەحمود زوو ئەمری خوا دەکات. مەلا محەمەد لە دوای مردنی مەلا مەحمود ژنەکەی مارە دەکاتەوە. ئەویش سێ کوڕ و کچێکی لێدەبێت بە ناوەکانی (غەریب، ڕەفیق، شەفیق و فاتم). مەلا عەزیز کە دەکاتە باپیرەی من دوو کوڕ و کچێکی دەبێت، بە ناوەکانی (امیرعاض ناسراو بە کاکۆ، عەبدولواحد، سەلمە)، مەلا عەزیزیش لە تەمەنی لاوێتی ئەمری خوای دەکات کە هەرسێ مناڵەکەی وردیلە و بچووك بووینە. لۆیە مەلا غەریبی برای مەلا عەزیز بۆ ئاگا لێبوون لە منداڵەکانی برایەکەی ژنەکەی مەلا عەزیزی لە خۆی مارە دەکاتەوە کە ناوی (بەگیسی) بوو، دەکاتە داپیری من. کاکۆی بابم لە مەکتەبدا دەخوێنێ تا پۆلی پێنجی سەرەتایی. دواتر واز لە مەکتەب و خوێندن دەهێنێت و دەست دەکات بە ئیشکردن بۆ بەخێوکردنی دایك و برا و خوشکەکەی. باوکم لە ساڵی ١٩٣٧ لە دایکبووە. لە ساڵی ١٩٥٩ خوشکەکەی لۆ خۆی بە ژن دەدات لەگەڵ عەولا خەڵکی گوندی

تەلەمەتاری دەشتی قەراج کە بە عەشیرەت سیانن و ژن بە ژنی دەکەن. مەیاسەی خوشکی عەولا دەبێتە هاوسەری، کە دەکاتە دایکی من. لەبەر خۆشەویستی دایکم لە ناو ماڵ و قەومی ئێمە هەر بە ناوی شیرین بانگکراوە. ئێستاشی لەگەڵ دابێت هەر بەو ناوە ناوی دەینن. من یەکەم منداڵی کاکۆ و شیرینم کە لە رۆژی ١٩٦١\١\١٥ لە مەخمور لە دایك بووم و باوکم ناوی لێنام سالار. بێجگە لەمن چوار برای ترم هەبووە لەگەڵ ٩ خوشکان. دووبرام بە بچووکی مردوون، بە ناوەکانی (هەژار و نەجات). برایەکیشم لە ساڵی ١٩٨٣ لەگەڵ باوکم لە قەندیل شەهید کرا. ئێستا تەنیا یەك برام لە ژیان ماوە ئەویش (فەرهاد ناسراو بە مەلا فەرهاد). نۆ خوشکم هەبووە، چواریان بە بچووکی و بەهۆی نەخۆشی مردوون. ئەوانیش (ئەختەر، بەهار، ئایشە، فاتمە) و پێنج خوشکم لە ژیاندا ماون بە ناوەکانی (چنار، بێخاڵ، مەهاباد، لەیلا و مەعسومە)، واتە ئێمە چواردە برا و خوشك بووینە. حەفتمان لەژیان ماوین و شەش خوشك و برام مردوون و (سەرداری برام) لە هەرەتی لاوێتیدا شەهید کرا.

## دەسپێکی خەباتی سیاسی بنەماڵەکەمان

باوکم لـە سـاڵی ١٩٥٨ پەیوەنـدی دەکـات بـە پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان و لەهەمان کات وەکو وەستای دیوار کاری کردووە بۆ بژێوی ژیانی خـۆی و دایـك و برا و خوشکی. ئەوکاتەی منیش لە دایك بوویمە باوکم هەر کاری وەستای دیـواری کردووە. دواتر نانەواخانەی داناوە و ئیشـی نانـەوایی کـردووە. مـن لـە زسـتانێکی سارد و وشك لە ١٩٦١\١\١٥ لە دایك بوویمە. ئەگـەر چـی خـەڵکی نـەبوو و نـەدار بوون، بەڵام باری ژیانی ئێمە خراپ نـەبووە و مامناوەنـدی بـووە. بـەڵام بـە هـۆی حزبایەتییـەوە لـەو سـاڵە، واتـە لـە سـەرەتاکانی سـاڵی ١٩٦١، لەگـەڵ کۆمـەڵێك ئەندامی دیکەی پارتی لـە مـەخموور دەچنـە دەرەوە و ڕوو لـە چیـای قـەرەچۆغ دەکەن کە ئەوکاتە مامم مەلا غەریب بەرپرسی بنکەی پارتی بووە لە مـەخموور و خۆی و ١٧ ئەندامی تر بە هۆی گرژییەکانی نێوان کـورد و بەغـدا نـەیانتوانیوە لـە مەخموور بمێننەوە و لە ئەشکەوتەکانی چیای  قەرەچۆخ خۆیان حەشار داوە. مـن لەگەڵ دایکم لە ماڵێ ماینەوە کە لەو کاتیدا تەمەنم تەنیا یـەك مانـگ بـوو  و لـە ناو لانکی دابووم. وردە وردە بەرەو بەهار و گەشەکردن چوویمە، بـەڵام  لـە نـازی باوك بێبەش بوویمە. دایکم رۆڵی باوکیشی بۆ گێراوم، وای نەکردووە مـن هەسـت بە کەمووکورتییەك بکـەم ئـەو کاتـە هـەر لـەنـاو خانووەکـەی خۆمـان بووینـە لـە مەخموور لە تەنیشت ماڵی مەلا رەفیـق و ئـەوان سەرپەرشـتی ئێمـەیان کـردووە. ئەوکاتە کەریم قاسـم سـەرۆك کۆمـاری عێـراق هێـدی هێـدی لـەو بەڵێنانـەی بـە بارزانی دابوو پاشگەز دەبووەوە. بارزانی بەغدای جێهێشتبوو و گەڕابۆوە نـاوچەی بارزان. خەڵکی لە دڵەڕاوکێ و ترس و گوماندا دەژیان. عەشـایری عـەرەب لـە ژێـر ناوی (حەرەس قەومی پڕ چەك دەکران)، ژیان لە سنووری قـەراج و کەنـدێناوە  و شــەمامك و دەوروبــەری مــەخموور کــە هاوســنوور بــووە لەگــەڵ گونــدە عەرەبنشینەکان مەترسـی کـەوتبووە سـەر تـا لـە ١١ی ئـەیلوولی ١٩٦١، پـارتی بـە رابەرایـەتی بـارزانی نـەمر، جـاڕی هەڵگیرسـانی شۆڕشـی مـەزنی ئەیلوولیـدا. مـن

ئەوکاتە تەمەنم نۆ مانگ و شەش ڕۆژ بووە. لەو نۆمانـگ و شـەش ڕۆژەدا، بـاوکم تـەنیا سـێ جـار توانیویـەتی مـن ببینێـت، ئـەویش بـە دزییـەوە. چونکـە لەبـەر حکوومەت بە ئاشکرا نەیدەتوانی.

لە ئەیلوولی ١٩٦١، هێزەکانی حکوومەت لەگەڵ عەرەبە چەکدارەکان هێـرش دەکەنە سەر ئەو بنکەیەی پارتی لە چیای قەرەچوغ. هەروەکو باسم کـرد ژمـارەی پارتییـەکانی چیـا ١٧ کـەس بووینـە تـەنیا چـوار چـەکیان پێبـووە، (تاپڕێـك و سـێ تفەنگی ئینگلیزی) ئەوانیدی تەنیا خەنجەریان پێبووە. لە دوای شەڕێکی قـورس و نابەرامبەر کە چەند ڕۆژێکی خایاند ئـەو چەنـد پارتییـەی قـەرەچۆغ، بـە ناچـاری جێیەکـەی خۆیـان بـە جێهێشـتوو و بـەرەو کەنـدێناوە پاشەکشـەیان کـردووە لـە گونـدەکانی (دارەخورمـا و ئازیکەنـد) جێگیـر بووینـە، هـوردە هـوردەش خـەڵك پەیوەندییان پێوە دەکات تاکوو شەڕی بە ناوبـانگی ئازیکەنـد دەکرێـت. هێزێکـی زۆری عەسکەری و حەرەس قەومی بە پشتیوانی هێـزی ئاسـمانی هێـرش دەکـەن، بەڵام پێشمەرگە ئازایانە لێیان دەدەن و هێزەکەی حکوومـەت دوای خەسـارەتێکی زۆر دەشکێ و بەرەو مەخموور دەگەڕێتەوە، لە دوای ئەو شەڕە لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٢، مامم (مەلا غەریب) بە فەرمانی بارزانی دەکرێتە سـەرلقی (٣)ی پـارتیزانی لە سنووری دەشتی هەولێر تا ساڵی ١٩٦٣، ئەمە تاکە لقی پێشمەرگە بووە کە لەو سـنوورە چـالاکی هـەبووە. لـە دوای بـە جێهێشـتنی قـەرەچوخ لـە لایـەن هێـزی پێشـمەرگەوە مـاڵی خاڵەکانیشـم گونـدی (تەلەمـەتار) بـە جێـدەهێڵن و دەچنـە گوندی (دۆرەزە) لە کەندێناوە. ماڵی ئێمەش لەگـەڵ خۆیـان دەبەنـە (دۆرەزە)کـە تەمەنی من ئەوکات (دوو ساڵ و چەنـد مانگێـك) بـووە. لـەوێ ژوورێـك دەدەنـە دایکم و کەلوپەلەکانی خۆی لێدادەنێ. (دۆرەزە) گوندێکە لە خـوارووی قوشـتەپە دەکەوێتە نێوان پردێ و قوشتەپە کە گوندی خاروامن، ئەوانیش سـیانن. لـە دوای کۆدەتای ساڵی ١٩٦٣ بەعسییەکان لەسەر (کـەریم قاسـم)، گفتگـۆی کـورد لەگـەڵ حکوومەت دەست پێدەکات. ئەو کاتە باوکم دەگەڕێتەوە ناومان کە نزیکـەی دوو

ساڵ بوو ئێمەی نەدیتبوو. لەوێ دەست دەكات بەكاری وەستایی، باوكم كەسێكی قسە خۆش و سوعبەتچی بووە، هەموو كەس حەزی لێبووە لە مەجلسی ئەو دابنیشێت، لە هەمان كاتیشدا زۆر خۆشەویست بووە لە ناو خزمان و كەسوكار و دۆست و برادەرەكانی. شەوانە بە قسە خۆشەكانی هەموو گوندی لە خۆ كۆدەكردەوە. رۆژێكیان لۆ ماری خاری دایكم دیواری دروست دەكرد. خاری دایكم (حاجی ئەحمەد) پێی دەرێت "كاكۆ هێوارێ مەچۆوە، بە مندارانم گۆتییە مریشكەكی سەرببڕن، لەگەرە مە شیوی بخۆ." ئەویش ڕازی دەبی. كاتی دەست لە ئیشی هەردەگرن نزیك مەلابانگدانی مەغریب بۆنی گۆشتی مریشك ئەو ناوەی هەرگرتبوو، بابم لە دری خۆیدا دەرێت "بریا سالاریش لەو گۆشتەی بخواردبا." دەچن دەست و لاقی خۆیان دەشۆن و نوێژی دەكەن و دەچنە ژۆرێ، ئەوكاتی كارەبا نەگەیشتبووە ئەو گوندانە خەرك هەر بە فانۆسی ئیشیان دەكرد. لە ماری خار ئەحمەدیش لە دەرێ شیویان لێناوە بەرام تاریك بووە، هێوارە درەنگ دەبێت كە نانی دادەنێن، وەختی سێنی نانی دەینن، فانۆسەكە لەگەر خۆیان دەینن و دەبەن لۆ پێش چاو رۆناكی لە جیاتی لایت. سینی یەكەم پراوساوار و ڕانە مریشكی لەسەر دەبێت كە بابم چاوی پێدەكەوێ فكری دەچێتەوە لای من، هەردەستی تەشقەرەكی بە خارۆژنم (بێری) دەكات، كاتی كە خارۆژنم دەچیتە دەرێ سینییەكی دی دەینیت فانۆسەكەی لەگەر خۆی دەبات، بابیشم یەكسەر ڕانە مریشكەك لە نانەكی لوول دەدات و لە باغەری خۆی دەنێت و لۆ منی هەردەگری، وەختی خارۆژنم دێتەوە ژۆرێ، فانۆسەكە دادەنێت و خارم دەرێت دەی كاكۆ بیسمیلا دەست پێبكە، دێنە پێش. خارم دەرێت "ئەدی كاكۆ كا گۆشتی توو، بابیشم دەرێ نازانم، دەی قەیدیناكە هەر ساوارەكەی دەخۆم" وەڵلا خارم گاسی خارۆژنم دەكات و خۆی تورە دەكات كچێ هەی. ئەدی گۆشت لۆكەمە، ئەویش دەرێ حاجی ئەحمەد بەخوای ئەمن دامنابوو، نازانم چی لێهاتییە، دەبێتە شەڕ و دەمەقاریان دوایە خارم دەرێت بڕۆ بینە. دیارە ئەو مندارە بێ ئەدەبانە خواردیتیان. دوای نان خواردن، بابم دێتەوە مارێ و ڕانە مریشكەكە دەردەینیت،

دەرێتە داکم "کا سالار" ئەویش دەرێ نووستییە. دەرێ "هەریستێنە با ئەو ڕانە مریشکە بخوات" ئەویش دەرێ گوناحە لە خەوی هەریبستێنم با سبەینێ بیخوات، ئێستا لۆی هەردەگرم. بابم ڕازی نابێت و داکیشم بە ناچاری ئەمنی لە خەو هەردەستینی و ڕانە مریشکەکەم دەرخوارد دەدەن. ڕۆژی دواتر کە بابم دەچیتەوە ئیشێ، حاجی ئەحمەد دەرێت کاکۆ هێواریێ شەڕمەزارت بووم بەرام خارۆژنت سووندی دەخوات بەخۆم لەسەر سینی گۆشتم دانا و هینامە ژووریێ بەس نازانم چی لێهات، ئێ نە ئەمن خواردبووم نە ئەتووش، عەجایبە. بابیشم دەرێ "حاجی ئەحمەد خۆت مشەوەش مەکە، ئەمن ڕانەکەم لۆ سالاری بردەوە وەختی خارۆژنم چووە دەرێ و فانۆسی برد، لە تاریکی ڕانەکەم لە ناو نانەکی لوولدا و لە باغەری خۆم نا هەتا چوومەوە و دامە سالاری خواردی." حاجی دەست بەپێکەنین دەکات و دەرێت، "هەی ڕوت ڕەش نەبیت، ئەو کەتنەشت بەمە کرد، خۆمن هاتبووە سەرم چینەکی خۆش لە بێری بدەم."

## بەزمی دەروێشان و لاساییکردنەوەیان

لە پاش بێ ئەنجامبوونی گفتگۆکانی ساڵی ١٩٦٣، باوکم پەیوەندی دەکاتەوە بە بارەگای لقی (٣)ی پارتیزانی کە ئەوکاتە بارەگاکەی لە دەربەندی گۆمەسپان بووە. هەر لەوکاتەش ماڵی ئێمە دێتە هەولێر و لە سەیداوە خانووەك بەکرێ دەگرن لە (حەسارێك) کە بێجگە لە ماڵی ئێمە، پێنج ماڵی دیکەش لەو حەسارە دەژیان، من پێم گرتبوو، لە حەوشی حەسار ڕاکە ڕاکە و یاری منداڵانە و هەڵکشانی بەژن و باڵا، بەڵام دوور لە نازی باوك کە هەرگیز هەستم پێی نەدەکرد لەو تەمەنە. هەر لەو ساڵە واتە ساڵی ١٩٦٣، سەرداری برام (شەهید سەردار) لەدایکبوو. بووم بە خاوەنی برا، لە دوای ساڵ و نیوێك جارێکیان باوکم بە دزییەوە هاتەوە ماڵ کە تەمەنم لە سەرووی چوار ساڵبوو، بەڵام بە باشی لەبیرمە، سەرداری برام تازە پێی گرتبوو و قسەی خۆشی دەکرد و زۆر ڕۆح سووك بوو.

ڕووی لە دیوارکردبوو و دەیگۆت "ئەو پیاوە کێیە با بڕوات لە ماڵیمە، ئەوە کێیە، لۆ هاتیتە ماریمە و دەگریا.!!"

عەسرەکی لە کۆڵانیمە بووە هەڵا و دەنگە دەنگ و خەرکەکە هەمووی چوونە سەربانان و دیوار و بەردەرکەی، گێم لێبوو گۆتیان (دەروێش) هاتن. یەکەم جارم بوو ئەو شتەم گێ لێ بێت و ئەمنیش وەکی پشیلەیەکی چالاك بە دیواری حەوشەی هەرگەڕام و چوومە سەر دیواری بە تامەزرۆیی چاوەڕێم دەکرد دەروێش بگەنە پێش ماری مە و بیانبینم، کاتی گەیشتن هەمووی پرچ درێژ و ریش و سمێل دار و  هەر سەریان دەجوولاند، (حەی. حەی. حەی ئەللا). زەرگیان لە خۆیان دەدا، لەو لای ڕومەتیان دەدا و لە لایەکیتر دەردەچوو ئەو جار لە زگ و تەنکێشی خۆیان دەدا و ناوە ناوەش گلۆپ  و پیارەیان لەدەست بوو دەیاندا بەر گەزان و دەیانخوارد. زۆر سەرنجی راکێشابووم لە پڕ فکرەك هاتە ناو مێشکم، گۆتم: "ئەمنیش دەتانم پیارە و گلۆپی بخۆم" هەر لە ناو دڵی خۆم فکرم دەکردەوە کوو و لە کێندەر بخۆم. هەموو رۆژی هەر فکرم لێ دەکردەوە، رۆژێکیان لەگەر برادەرەکم کە پێکەوە لە کۆرانی گەمەمان دەکرد ئەگەر هەڵە نەبم ناوی (قارەمان) بوو، ئەو کاتە شیاوترین جێ بۆ گەمەی منداران سەر (گوفەکی) گەڕەکێ بوو کە زبروزاری هەموو ماڵەکان لەوێ بەتاڵ دەکرا، ئەمەش چووینە ئەوێ و چاوم بە هەندێ پیارە و بن پیارەی شکاو کەت کە فڕێ درابوون یەکسەر دەروێشەکانم بە بیر هاتەوە بە برادەرەکەم گۆت "وەرە با وەکی دەروێشان پیارەی بخۆین" ئەو ترسا گۆتی دەوم خینی لێ دێت، ئەمنیش گۆتم هەر دوکمان دەرێن (حەی ئەللا. حەی ئەللا) گەرم دەبین و ئەوجا دەخۆین هیچمان لێ نایەت.  وەللا ڕازیم کرد کەرتە پیارە و بن پیارەکان گەورەبوون بە بەردەکی هوردمان کردن و دەستمان بە خواردنی کرد و  (حارگرتن) و خۆمان پێ دەروێش بوو، لەو کاتە جیرانەکەمان ئەمەی دیتبوو هاواری لۆ داکم بردبوو، کچێ (شیرین) "قوڕت بەسەر نەبیت بگە سالاری شووشەی سەر گوفەکەی نەهێشت

هەمووی خوارد." داکیشم بە غارەغار لۆ کنمان هات و "ئەی کۆرە نەبم.. ئەیڕۆ. بێ عەقلینە، ئەوە ئەنگۆ چ دەکەن." کە چاوم بە داکم کەوت یەکسەر هەراتم و هەتا هێوارێ لە ترسان نەچوومەوە. هێواری بە ترس و لەرز بەرەوە ماڵەوە چووم ئاخر داکم هەندێ جار باشی لێدەدام و زۆر لێی دەترسام کە چوومەوە ئەو جارە داکم لێی نەدام و گۆتی ئی کوڕم هیچ نەما شووشەی دەخۆی، دەبێ سبەینێ بتبەمە کن دختۆری نەوەك شتەکت لێبێت. ئەمنیش لە خۆشی ئەوەی تووڕە نەبوو لێم و لێی نەدایمە گۆتم "باشە دەچین" ئەگەر چی زۆر لە دختۆری دەترسام، لە دەرزی دەترسام کە چاوم بە (سرنج)ی دەکەوت لە ناو قاپەکی (ستیل) دەکولا و ئەو دەرزییە درێژانەم دەدیت رۆحم دەچوو، ئاخر ئەو زەمانی وەکی ئێستا نەبوو تەنیا ئەو جۆرە سرنجە هەبوو لۆ دەرزی لێدانێ.

سبەینێ کە چووینە لای دختۆری داکم لۆی باس کرد.

کوڕم هیچ نەما شووشەت خواردییە؟

بەڵێ دختۆر

زۆرت خواردییە؟

وەلا مستەکم پڕ کرد خواردم.

ئی کەس شووشەی خواردیە؟

بەرێ دختۆر دەروێشەکانم دیتن دەیانخوارد.

ئەوجا لاسایی ئەوانت کردەوە؟

گۆتم بزانم کو دەخورێت تامی چیە؟

هههههە کوڕە شوشە تامی لە کێ بوو؟

باشە خینت لە گەرووی نەهات؟

نەخێر نەهاتییە؟

لە ئاودەستیش کە دانیشتی خینت نەبووە؟

نەخێر نەبووە.

لـە ڕاسـتیدا نـاو زگـم دەهێشـا و دەزووراوە بـەس لـە ترسـی دەرزی لێـدانێ نەدەوێرام وا برێم.

ئەدی بابی لە کێیە؟

دایکم یەکسەر هەڵیدایێ و گـوتی: بـابی وەسـتای فڕنییـە لـە (مـوسرێ) ئـیش دەکات.

لە زگبوو برێم بابم پێشمەرگەیە، دایکم هەستی کرد توند قونجرکەکی لێدام و بە دەستی ئیشارەتی کرد کە قسـە نەکـەم ئـەوجا دواتـر دختۆرەکـە کاغـەزەکی دا داکم و گۆتی لەبەر دەرکەی خەستەخانەی وەربگرە.

کـە چـووین دەرمانخانەکـە ڕەفـەی گـەورە گـەورەی لـێ بـوو هـەمووی پـڕی شووشەی گەورە بـوو کـە وەکـی ئـەو دەبـە ئاوانـەی ئێسـتا بیسـت لیـتری (بـراد- ساردکەرەوە) بوو هەمووی پـڕی شروب بـوو هەریـەك لـۆ شـتەکی بـوو. دختـۆری دەرمانخانەکە وەرەقەکەی لە داکم وەرگرت و گۆتی خوشکم بـڕۆ لەبـەر دەرکـەی (٣) شووشەی گچکە بکڕە و بینە با دەرمانت لۆ تێکەم.

لەگــەر داکــم چووینــە دەرێ بــن دیــواری خەســتەخانەکە کــە کــەوتبووە کۆتاییەکـەی جـادەی ئێسـتای تەربییـە (تـەیراوە) پێیـان دەگـۆت (ڕێـی مـوسرێ)، خەستەخانەیەکی لێبوو بە ناوی (نەخۆشخانەی منداران) لەوێ بەولاوە تاك و توك خانووی لێبوو ئەویدی هەمووی دەشت و چـۆلی بـوو تـا دەگەیشـتە سـەربازگەی هەولێر (معسکر اربیل).

شوشـەکانمان کـڕی و بردمانـەوە لای دەرمانخانەکـە ئـەویش بـە (رەحـەتی) هەرسێکی لۆ پرکردین هەریەکەی نەوعەك بوو نەمانزانی هی چییە و گۆتی ئـەوە ئـەو دوانـە رۆژێ سـێ جـاران هـەر جـاری مراکـەکی شـیوی بخـوات پـاش نـانی ئەوەشیان ئێوارێ نیوەی بخوات سبەینێش کە لە خەوێ هەستا نیوەکـەی تـری لـە خرێنی بخوا..

چییە  ئەوە کرمی هەیە؟

دایکم: ناوەلا کاکە شووشەی خواردییە.

لۆ کوڕە دەروێشە؟

ناوەللا دەروێش بە کۆرانێ داهاتن شووشەیان دەخوارد ئـەویش چـوو لاسـایی ئەوانی کردیتەوە.

## ئاشنابوونی باوکم بە بارزانی نەمر

لە ساڵی ١٩٦٤ لە کۆتاییـەکانی ئـەو سـاڵە بـاوکم دەچێتـە دەڤـەری پشـدەر و بیتوێنی لـەوێ چـاوی بـە (بـارزانی نـەمر) دەکـەوێت کە گـەنجێکی بـە جـوولە و گورجوگۆڵ و پێشمەرگەیەکی ئامادە بوو، ئەوکات لەگەڵ خوالێخۆشـبوو (عـەریف عوسمان) دەبێت. بارزانی دەپرسێت (ئەو مرۆیە کێیە؟). عەریف عوسمان وەڵامـی دەداتەوە ناوی (کاکۆ)یە برازای کاك مەلا غەریبە.

لەو جەولەیەی کە بارزانی لە دەڤەرکە پێی هـەڵدەسـتێ بـاوکم لەگـەڵ خـۆی دەبات و  دەبێتە جێی ڕەزامەندی بارزانی، بۆیە دەڵێتـە (عـەریف عوسـمان) ئـەو مرۆیە بۆ من باشە (شولم پێی دەبێت)، دواتر دەڵێت کە گـەڕامـەوە سـەرکردایەتی وەرە لام.

ئـەویش لـە سـەرەتاکانی سـاڵی ١٩٦٥ دەچێتـە بارەگـای بـارزانی و لـەوێ بـە دیـداری بـارزانی و کـاك ئیدریسـی هەمیشـە لـەیاد و جـەنابی سـەرۆك مەسـعود بارزانی دەگات. هەرلـەوێ بـارزانی بڕیـار دەدات کـە بـاوکم وەکـو مەفرەزەیـەکی سەربەخۆ و سەر بە بارەگای بـارزانی دەبێـت ئـەرك و واجبـی خـۆی لـە سـنووری هەولێر و دەورووبەری جێبەجێ بکـات. لـەو سـاڵە وەرەچـەرخانێکی تایبـەت لـە ژیانی ئێمەدا ڕوودەدات.

- من بۆ ساڵی خوێندنی ١٩٦٥-١٩٦٦ ناونووس کرام لە قوتابخانە.
- هەروەها باوکم لە نزیك ئێمە لە ناو شار دەمایەوە و خەباتی بەردەوام دەکرد.

لەبەر ئەوەی بە کەلەش گەورە و بەرچاو بووم لـە سـاڵی ١٩٦٥ لـە تەمـەنی ٥ ساڵیدا لە قوتابخانە ناونووس کرام. لە ڕاستیدا تەمەنم چوارساڵ و هەشت مانـگ و دە ڕۆژ بووە، ئەویش بە هۆی مامۆستایەك بوو یـادی بـە خێـر مـودیری مەکتـەبی (کۆرەك) بوو لەو ساڵە بە ناوی مامۆستا (نوری) کەسێکی نـەرمونیان و لـە هـەمان کات ئەندامی پارتی بوو. دەیزانی من کوڕی کێم و باوکمی دەناسی، لۆیە هـەر بـە ناوی کاکۆ واتە (سالار کاکۆ عەزیز) ناوی تۆمار کردم نەك (سالار امیرعاض عزیـز)، چونکە دەیویست کەس نەزانێ بە تایبەت حکوومەت و دار و دەستەکانی لـە نـاو هەولێر نەزانن من کوڕی کێم لەبەر هۆکـاری ئـەمنی. هـەموو مامۆسـتاکانی ئـەو قوتابخانەیـە مرۆڤـی بـاش و نیشـتیمانپەروەر بـوون و خـەڵکی بـەوەفابوون بـۆ ئەرکەکانیان.

سـاڵی یەکـەم بـە پلـەی دووەم دەرچـوووم و چوومـە پـۆلی دووەم بـۆ سـاڵی خوێندنی ١٩٦٦-١٩٦٧، ئەو کاتە مارمان لە گەڕەکی (پۆلیسـان) بـوو ئـەو گەڕەکـە دەکەوتە نێوان سێتاقان و شەهیدانی سێتاقان و ئامادەیی کوردسـتان، قوتابخانـەی (کـۆرەك- سـۆران)، کـە یـەك قوتابخانـە بـوو بـەڵام دانێکـی بـە نـاوی (کـۆرەك) و دانەکەی تری بە ناوی (سۆران) دەرسی لێ دەخوێندرا.

لە بیرمە زستانی ئەو ساڵە زۆر تووش و باراناوی بوو ئەو گەڕەکانەش هەمووی قوڕ و چڵکاو بوو، من نەمدەتوانی بە پێی خۆم بچمە مەکتەبی لۆێ داکم لە پشتیی دەکردم و دەیبردمە مەکتەبێ وەختی بەریش دەبووین دەهاتە بەردەرکی مەکتەبێ و دیسان لە پشتیی دەکردمەوە هەتا مارێ کە هەرگیز ئەو رۆژانەم لە بیر ناچن هەمیشە خۆم بە قەرزداری دایکم دەزانم، چونکە مرۆڤێکی پڕاوپڕ بە مانای خۆی بوو هەم رۆڵی دایك و هەم باوکیشی بۆم دەبینی و هەرگیز وای نەدەکرد هەست بە کەموکوڕی و بێنازی بابم بکەم.

لەو گەڕەکە دوو خانووی تازە بە کۆنکرێت دروست کراو هەبوو لە تەنیشت یەکدی بوو کە دەکەوتە پشت چایخانەی (ئیسماعیل پیرڕەشی) هی کابرایەك بوو بە ناوی (کەریم بزن) لۆ پێیان دەگۆت بزن؟ من نەمدەزانی و کەسیش لۆمنی باس نەکردبوو. مامم (عەبدولواحید) کە ئەو کاتە مامۆستا بوو هەر دوو خانییەکەی بە کرێ گرتبوو لایەك ماڵی ئێمە و لایەکەی تریش ماری خۆی تێدابوو.

## بەزمی کەریم بزن

ڕۆژەکیان لەدەرگامان درا، ئەمنیش چووم دەرکەم کردەوە دیتم (کـەریم بزنـە) گۆتی:

بابت لە مارێیە؟

ناوەڵلا.

ئەدی داکت؟

ئا ئەو لە مارێیە.

دەگاسی بکە برێ مام کەریم هاتییە.

دایە. دایە. کەریم بزن هاتیە وەرە.

هەی سەگی سەگباب بە خۆت بزنی، بابت بزنە، داکت بزنـە. دەسـتی کـرد بـە جوندان و بەرەو ماری حاجی لەشکری شۆڕی کردەوە، هەرچەندی داکم بە دووی کەت و گاسی دەکرد مام کەریم وەرە کرێیەکەم لۆ هیناى، بەڵام ئەو ڕانەدەوەسـتا و هەر بە رۆیشتنەوە دەیگۆت: "کـرێم ناوێـت و بـە عەجەلـەش نەگاتـە سـەری مانگێ لۆم چۆل بکەن." من نەمدەزانی ئـەو بـە بـزن تـووڕە دەبیـت،چونکە هـەر وەمدەزانی ناوی بابیتی.!

ئێـوارە کـە مـامم هاتـەوە، مـامۆژنم (نەبیهـە) پێـی گۆتبـوو شـتەکی ئـەوها ڕوویدایـە، کـریم بـزن تـووڕە بـووە، ئـەویش هەنـدەك خـۆی لـێ تـووڕە کـردم و پاشانیش رۆیی و چوو کرێیەکەی لۆ کەریم بزنی بـرد کـە گـەڕاوە گـۆتی "وا باشـە ئەنگۆ بار بکەن بڕۆن لە جێیەکی دیکە خانییەکی بگـرن." بـەڵام کـە ئـەم هەواڵـە گەیشتە بابم بەو شتە ڕازی نەبوو نازانم چۆن کەریم بزنی ڕازی کردبوو کە وازمـان لێ بهێیننێت.

## پۆلیس و پایسکل و عوسمانی دراوسێ

مامم (عەبدولواحید) لە گوندی (هێلەوە) مامۆستا بوو، بەڵام سـبەینان لەگـەڵ کۆمەڕەك مامۆستای تر دەچونە هێلەوە و دوای تەواوبوونی دەوامی قوتابخانـەش دەگەڕانەوە مارێ. بابم بە مامی گۆتبوو لە کن کەس باسی من مەکە مەرێ بـرای کاکۆیمە ئەتو فەرمانبەری حکوومەتی با لێت تێك نەچیت، کە چی مامم بچوویایە هەر شوێنێك دەیگۆت "ئەرێ کاکۆی برامتان نەدیتییە" واتە یەکسەر خۆی کەشف دەکرد کە برای کاکۆیە. بۆی هەیە لێکدانەوەکـەی بـۆ ئـەوە بێـت کـە شـانازی بـە خۆی بکـات  براکـەی پێشـمەرگەیە و مـەفرەزەی هەیـە و لـە نـاو شـاری هـەولێر چالاکی دەکات.

لەو کۆرانەی ماڵی ئێمەی تێدابوو بابم هەمووی تـەبلیغ کردبـوون کـە ماریمـە بەکەس نیشان نەدەن، بە تایبەتیش بە حکوومـەت و (جەلالیـەکان)، چونکـە ئـەو ساڵانە واتە شەستەکان بارەگاکانی جەلالییەکان لە ناو هەولێر و شـارەکان بـوون و شـان بـە شـانی حکوومـەتی ئەوکاتـە دژی جووڵانـەوەی شۆرشـگێری گـەلی کـورد بوون.!

دایکم لای خەرکی کۆرانێ گۆتبـووی مێـردم نـاوی (ئەبوزێـدە) و ئیشـی فڕنـی دەکات لە (موسلێ) و فڕنی هەیە تـەنیا یـەك مـاڵ لـە جیرانمـان هـەبوو بـە نـاوی (حاجی) مامۆستا بوو خەڵکی شاری کۆیە بوو کەسێکی بـە ئـەدەب و بـێ دەخـل بوو، بەڵام تا سەر ئێسقان پارتی بوو، بەس ئەو دەیزانی بابم کێیـە و ئیشـی چییـە، بەڵام هەرگیز لای هیچ کەس نەیدەدرکاند و نەی دەگۆت ئەو ماڵە کێنە و چنە.

رۆژەکیان لە دەرکەی درا و ئەمنیش چووم دەرکەم کردەوە، دیتم پۆلیسەکە بە پایسکیلێك لەبەر دەرکەیە گوتی کێ لە مارێیە؟ ئەمنیش زۆر لێکدانەوەم لۆ نەکرد یەکسەر گۆتم بابم، گۆتی گازی بکە، ئەمنیش چوومـە ژوورێ و بـابم گـۆتی چبـوو کێ بوو. "بابە پۆلیسەکە بە پایسکلی هاتییە دەرێ بابت بانگ بکـە" بابیشـم هـەر

شەڵوار و کراسەکی لەبەر بوو دەمانچەکەی خستە بەر شەلواری و چووە دەرێ داکم گۆتی: "ئەتوو مەچوو ئەمن دەچم" بابم ڕازی نەبوو چووە دەرێ و ئەمنیش بە دووی کەوتم، پۆلیسەکە بە دەستەکی سووکانی پاسکیلەکەی گرتبوو دەستەکەی دیکەش کاغەزەکی تێدابوو، سیدارەیەکی لەسەر بوو دەتگۆت (سەمونی تجارییە)، بابیشم گۆتی "فەرموو چت دەوێ" ئەو (تەبلیغە) لە مەرکەزی (خانەقا) دەبی سەردانی ئەوێ بکەی.

بابم، کێ ئێرەی پێ نیشانداى؟

وەڵلا پرسیارم لەو تەلەبەیە کرد کە لەناو ئەو دەغرانە دەیخیند و گۆتی ئەوێهێ ماری وانە.

بابیشم هەتا هێزی تێدا بوو زلەکی لە بنی گێی پۆلیسەکە داو گۆتی: "ئاخیر جارت بێت بێیتە بەر ئەو دەرکەی" سیدارە لەسەری پۆلیس فڕی و پۆلیسەکەش هەر ئەوەندەی پێکرا پڕیدا سیدارەکەی و بە دەستەکیشی قۆچی پاسکلەکەی گرتبوو بە ڕاکردن بەرەو شوێنی ئێستای (ئامادەیی کوردستان) کە ئەوکاتە چۆڵی بوو ڕایکرد و خەڵکیش بە چەپڵە و فیتەفیت پشگیریان لە بابم دەکرد.

ئەمن زۆرم پێ عەنتیکە بوو کو دەبیت لە پۆلیس بدرێت؟ ئەدی ئەو حکوومەت نییە؟ لە کنم وابوو بابم لە حکوومەت گەورەترە، عەقلی منداری هەر وابووە.

دوایی بابم تاقیبی ئەو تەلەبەیەی کرد، ئەوکاتە جێگای شەهیدانی سێتاقان چۆڵی بوو هەمووی دەکرا بە گەنم و جۆ. دەرکەوت کوڕەك بوو بە ناوی (عوسمان) پۆلی (٥)ی ئامادەیی بوو لە ماری برایەکی دەژیا بە ناوی (تەها)، تەها ئیشی حەمباڵی دەکرد، ڕۆژانە لە ناو بازاڕی هەولێر و پەیوەندیشی هەبوو لەگەڵ

جەلالیەکان و جاسوسی ئەوان بوو لە گەڕەکی مە، پاش هێـواریٚ جەماعـەتی بـابم لە ماریمە کۆبوونەوە و بابم بابەتەکەی لۆیان باس کرد.

زیاد: با بچین هەموویان بکوژین.

ئەبوزید: لێم گەڕێن ئـەلحان دەچـم قونبـەلـەکی داوێمـە مارییـان هـەموویان دەتۆپێنم.

علی: دەبیٚ تەمبیٚ بکرێن.

سالح: سبەینیٚ لە ناو بازاڕی دەیکوژم.

بابیشم هاتە جواب، نابیت ساحێب مار و مندارە، کەسەکی کاسب و حەمباری دەکات بەڵام بیٚ عەقڵە و تێکەڵی جەلالیەکان بووە. ئەوجا نازانم هیچـی دەدەنـیٚ یان نا. بەڵام ئەمن خوتەکم هەیە پاش سەعات دوازدەی شەویٚ (زیـاد و ئەبوزیـد و علی) بچنە سەربانی وان و تەپە تەپ و شایی بکەن با بەخەبەر بـێن. ئـەو کاتـە تەلەفزیۆن نەبوو خەرك هەر پاش عیشایێ دەخەوتن، دەرکەی حەوشەیان بەرمیل بوو (ئاسن)، بابم گوتی: ئەمنیش دەچمە سەر دیواری حەوشەیان، ساڵح ئـەتووش کەرتە کەرپوچەکی هەرگرە و هەر کات پێم گۆتی بە هەموو تاقەتت لـە دەرکـەی حەوشەی بدە بەس لە ناوەندی دەرکەی بدە.

ئەوانیش گۆتیان باشە، وەڵلا شـەویٚ هەسـتان ئـەو بەزمـەیان کـرد و ئـەو سـیٚ نەفەرە چوونە سەربانی مارەکەی و بابیشم لەسـەر دیـواری و سـاڵحیش لـە پشـت دەرکەی و ئەمن و داکیشم لـە سـەر بـانی تەماشـامان دەکـرد، مارەکـە کـەوتبووە بەرامبـەر ماریمـە، بـەڵام دوو دەرگـە ئـەولاتر بـوو زۆر بـە باشـی نـاو حەوشـە و خانییەکەمان دەدیت.

جەماعەت دەستیان بە ڕمبەڕمبی کرد، ئەوەندەی پێنەچوو فانۆسـەکەیان زیـاد کـرد و دیـار بـوو لـە خـەویٚ هەسـتابوونەوە، بـەڵام نـەدەوێران بێنـە دەریٚ. بـابم ئیشارەتی لۆ ساڵحی کرد، ئەویش کەرپوچەکـەی بـە هـەموو تاقـەتی لـە دەرکـەی

حەوشەیدا بەو شەوە درەنگەی ئەو دەرکە ئاسنە دەنگی داوە. دەنگەکە ئەوەنـدە گەورە بوو، وەتدەزانی قونبەڵەیە تەقیتـەوە، ئـەوجا بابیشـم لـە سـەر دیـواری بـە دەنگێکی بڵند گۆتی: وەڵلاهی شانسـی مـار و منـداری بـوو نەتەقیـەوە ئەگـەر نـا یەکێکیان لێ دەرنەدەچوو، دوو سـێ فیشەکیشـی بـە دەمانچەکـەی بـە عاسـمانێ وەنا و گەڕانەوە مارێ. لۆ سبەینێ کە دنیا ڕۆناك بۆوە ئەو تەهایە مارەکەی خستە سەر عاڕەبانەکەیی و کەس نەیزانی لۆ کێندەر ڕۆیی و بارییان کرد و لەو گەڕەکەی ڕۆیشتن.

ئەو ناوانەی ناوم هێنان هـەمووی پێشـمەرگەی نـاو شـار بـوون لەگـەڵ بابمـدا بوون هەمیشـەش بەیەکـەوە بـوون قـەت لەیـەکتری دانـەدەبڕان و چەنـد کەسـی تریشیان لەگەر بوو، بەس ئەو شەوەی هەر ئەوەندە بوون. لە بابم پرسی بابـە لـۆ ئەوهاتان لەو مارەی کرد گـۆتی: ئـەدی نـازانی ئەوانـە دەیانـەوێ مـەلا مسـتەفای بکوژن. "گۆتم مەلا مستەفا لە کێیە؟" گۆتی پێت نـارێم دوای سـبەینێ دەچـی لـە مەکتەبی باسی دەکەی جێی کەشف دەبێت. بەپێکەنینـەوە. دیـار بـوو سـوعبەتی لەگەر دەکردم.

ئەمن لە مێشکی خۆم هەر فکرم دەکردەوە دەبـێ مـەلا مسـتەفا، یـەکی کـوو بیت، چ دەخوات، چـی لەبـەر دەکـات، چەکەکـەی کـووە، چەنـد کەسـی لەگەڵـە. ئەمانە هەمووی پرسیار بوون بەڵام بێ وەڵام.!

چەند مانگێك لە دوای ئەو ڕووداوە باوکم خانوویەکی لە سێتاقان بەکرێ گرت بەرامبەر ماری (حاجی ئەحمەد گەردی) لە کۆڵانی (عوسمان چایەچی). ئـەو کاتـە هەر چەند مانگێك جارێك ماڵمان دەگواستەوە لەبەر ئەوەی بابم کەشف نەبیت و دوژمن زەفەری پێ نەبات لەوێ زۆر دڵخۆش بووین، چونکە دیار بوو ئەوانەی ئەو کۆرانـەی هـەمووی بابمیـان دەناسـی و ڕێزیـان دەگـرت و خۆشـیان دەویسـت و مندارەکانی ئەوێش لەگەڵ من زۆر دۆسـت بـوون، چونکـە لەگەڵ هەنـدەکیان لـە قوتابخانە بە یەکەوە بووین. پێشتر یەکمان دەناسی.

## قەدەغەی عەسرانەی هاتنی حکومەت بۆ سەیداوە و سێتاقان

ساڵی ١٩٦٨چالاکی پێشمەرگە زۆر زیادی کردبوو، بە تایبەتی لەناو هەولێر و زۆربەی چالاکییەکانیش باوکم و ئەو چەند پێشمەرگەیە ئەنجامیان دەدا کە لەگەڵی دابوون.

کە عەسر دادەهات ئیتر حکوومەت لە سێتاقان و سەیداوەی هیچ دەوری نەدەما پێشمەرگە بە ئاشکرا و بە چەکەوە دەگەڕان و لە چایخانەکان دادەنیشتن، ئەوکات جادەی ئێستای شەست مەتری تازە تێکەڵەی تێدەکرا و دەپەستراوە. سەیارە نەیدەتوانی بە باشی و بە دڵی خۆی لەو جادەیەی بڕوات، (باوکم، ساڵح نەفاسە، ئەبوزێد، زیاد، جمیل) لە چایخانەی (عوسمان چایەچی) دۆمینەیان دەکرد، ئەمنیش لەگەڵیان دانیشتبووم، یەکێك نەمدەناسی کێ بوو هاتە پێش و شتێکی لە بن گوێی گۆت، یەکسەر بابم گۆتی: "هەستن ئەو سەگبابە دیارە قسەی مە بە هەند هەرناگریت" یەکسەر بەرەو شەست مەتری چوون لەوێ ساڵح نەفاسە چووە ناوەندی جادەکەی، زیاد و ئەبوزید ئەولاو ئەولایان گرت، هەموویان چەکی توماتیکی (استرلینگ)یان پێبوو، شێوەی لە (یوزە)ی ئێستا بوو فیشەکی چواردە خۆری دەخوارد. هەریەکەشیان دەمانچەیەك و دوو نارجۆکیان پێبوو. خەڵکەکەی سەر جادەی سێتاقانیش هەمووی هاتبوونە دیاریان، کاتێك زانیم لە لای نەخۆشخانەی کۆماری دوو مسەلەحەی پۆلیس هاتن ئەوەی دواوە ڕەشاشەکی لەسەر بوو پۆلیسێکی لە کن ڕاوەستابوو هەر کە دیتی پێشمەرگەنە یەکسەر سیدارەکەی لە سەری خۆی کردەوە و لە پشتی مسەلەحەکەی دانیشتن. ساڵح نەفاسە بە دەست ئیشارەی کرد کە ڕابوەستن مسەلەحەکان ڕاوەستان. ئەوەی پێشەوە زابتەکی تێدابوو لەگەڵ چەند پۆلیسێك، مسەلەحەکە ڕاوەستا، باوکم بۆ لای زابتەکە چوو، ئەویش ویستی دەرگاکە بکاتەوە و بێتە خوارێ، بابم بە قاچی توند لە دەرگاکەی داو و گۆتی: "دانەبەزی."

ئەوە کێوە دەچی.؟

ئەمن زابتی مەخفەری ئیسکانم دەچمەوە مەخفەری.

لۆ بێرە دادەچیت؟

وەڵلە لە نەخۆشخانەی بووین بە ئیشەك ئێستا دەگەڕێینەوە.

ئەدی ئەمن تەبلیغی حکوومەتم نەکردییە لە سەعات دوو بەولاوە مەمنوعە بێنە سێتاقان و سەیداوەی.

وەڵلە ئەمن ئەوەم نەزانییە.

دەباشە مادام تۆ و پۆلیسەکانت کوردن هیچتان پێ نارێم، بەڵام دەبێ بگەڕێنەوە و بەڕێی خۆتاندا بچنەوە.

برام ئەو جارە ئیزنمان بدە بە خوا هەتا مەخفەری ڕاناوەستین، ڕێیەکە زۆر خراپە با نەگەڕێینەوە.

زۆر درێژەی مەدێ لە جێی خۆت بسووڕێوە و بگەڕێوە، ئەگەرنا مەوقیفم دەگۆڕم.

مسەلەحەکان یەکسەر سووڕانەوە و بەرەو نەخۆشخانەی کۆماری و بووبە هەلهەلەی خەڵکی و وتافکێشان و چەپڵە لێدان (پێشڕەوی کورد پارتییە، سەرۆکمان بارزانییە).

خەڵکەکە بە چەپڵە لێدان بۆ سێتاقان گەڕانەوە. ئەو شوێنەی ئەم شتەی لێ ڕوودا ڕێك دەکەوێتە پێش هۆلی زەردی ئێستا کە ئەوکاتە هەمووی چۆلیبوو هیچ ئاوەدانییەکی لێنەبوو، خەڵك بۆ سەیران دەچوونە کن قەبرستانی (شێخ ئەحمەدی) کە زۆر لە دووری شاری بوو.

ئەو کاتەی ئەو شتەم لە باوکم و پێشمەرگەکان دیت، هەستێکی زۆر سەیرم لا دروست بوو و زۆر کەیفم بە خۆم دەهات کە کوڕی پێشمەرگەیەکم ڕکابەری حکوومەتێك دەکات. لە ناو مندارانی گەڕەکێ زۆر ڕێزیان دەگرتم و حەزیان لە

برادەرایەتییم هەبوو. منیش لەگەر هەموویان برادەربووم، هەمیشـەش بەیەکـەوە گەمەمان دەکرد و دەچووینە مەلەوانیش لە ئاوی (گۆپاری) کە بە بەینی هـەردوو سایتەکەی جادەی شەست مەتریدا دەهات.

## خەلاتکردنم لە قوتابخانە

ئەوکاتەی پۆلی سێی بنەڕەتی بووم کە رۆژانە لەگەڵ برادەرەکانمان دەچووینـە مەکتەبێ بـە تەنیشـت باغچـەی خـدرە کـەڕی دادەچـووین. (خـدرە کـەڕ وابـزانم خەرکی پیرڕەش بوو هەردوو گێی کەڕبوو، باغچەکەی دەکەوتـە بەرامبـەر هۆتێـل دمدەمی ئێستا. باغچەی گەورەی تـوور و سرق و سـەوزەی هـەبوو هـەموو رۆژێ تەشـقەرەمان پێـی دەکـرد، ئـەویش بـە کەسـتەکان ڕاوی دەنـاین و تێـر جـوونی دەکردین).

ئەو ساڵە ئەمن لە پۆلی سێ یەکەم بووم جایزەیان دامێ، قەرەم پەندانەك بوو لەگەڵ شووشـەك مەرەکـەبی، ئـەوی دووەم جانتایـەکیان دایـێ و ئـەوەی سـێهەم کراسەکیان دایێ. کراسەکە گەلەك جوان بوو لەپێش چاوم دامەدامە و خەت خەت بوو. دامەك سۆر و دامەك زەرد بوو زۆرم پێ جـوان بـوو، لۆیـە بـە نوریـە فەنـدیم گۆت.

قەرەمم ناوێ.

لۆ ناتەوێ کوڕم ئەتوو یەکەم بووی.

نا نامەوێ.

ئێ ئاخر لۆ ناتەوێ.

ئەمنیش کراسم دەوێت.

کراس لۆ سێیەمییە کوڕم. قەرەمەکە باشترە و گرانتریش کڕاوە.

نا ئەمنیش لەو کراسەم دەوێ.

عەجایب! کوڕە ئەتوو زۆر عەنتیکەی.

مامۆستا ها قەرەمەکەت بدەمەوە لە جیاتی ئەو کراسەکەم بدێ.

ئێ کوڕم خۆ دوکاندار نیم هەر یەك کراسمان هەبوو.

ها مادام قەرەمەکەش لۆ خۆتان لەسەر مێزم دانا.

دەباشە قەرەمەکەی هەرگرە سبەینێ وەرەوە ئەمن کراسەکت لۆ دەینم و دەتدەمێ.

نا با قەرەمەکەش لێرە بیت ئەویش سبەینێ دەبەم.

ڕاستیەکەی لەوە دەترسام قەرەمەکەی ببەم و پاشان کراسەکەم نەداتێ، لۆیێ گۆتم با نەبەم هەتا کراسم لۆ دەینی. چوومەوە مارێ و بە هەڵپەڕینی لە حەوشەی بە داکمم گۆت یەکەم بوویمە، ئەویش لە باوەشی گرتم و ماچی کردم گۆتی: "هەی عافەریم." گۆتم سبەینێش دەچم جایزەم دەدەنێ.

لۆ رۆژی دوایی چوومەوە مەکتەبێ بەس ئەو شەوی لە خۆشی کراسی خەوم لێ نەدەکەوت کە چوومە مەکتەبێ یەکسەر چوومە ژۆری مودیری. وەکی چووم یەکسەر چاوم بە کراسەکی کەوت لەسەر مێزی دانرابوو. نوریە فەندی گۆتی هاتی سالار، گۆتم بەرێ مامۆستا. گوتی ها ئەوە قەرەمەکەت و ئەوەش کراسەکەت، ئێستا ڕازی. گۆتم: "بەرێ مامۆستا سوپاس" هەدیەکانم هەرگرت و بە غاردان لۆمارێ گەڕامەوە، لە خۆشیان بە خۆشم نەمزانی کو گەیشتمەوە مارێ.

هاوین داهات زۆر مەرەقم لە قەمەرۆکەی سفەیف دابوو ئەو کات لە ناو قەیسەری بە (سفەیف) قەمەرۆکەیان دروست دەکرد، دەسکەکیشیان تێ دەخستن وەکی سوکانی بوو پارت پێوە دەنا و لە پێشە خۆت دەتهاژوا. زۆرم مەرەق لێدابوو، بەڵام پارەم نەبوو پێی بکرم، ئەو کات بە (٦٠ فلسی) بوو هەشبوو باشتر

و گەورەتر بوو بە (١٠٠ فلسی) بوو. بە دایکمم گۆت دایە قەمەرەی (سفەیف)م دەوێت داکیشم هەر دەیگۆت باشە لۆت دەکڕم، بەڵام دیار بوو رێك نەدەکەوت لۆم بکڕیت، سەبەبەکەم نەدەزانی یان پارە نەبوو یان بە ئەنقەست لۆی نەدەکڕیم. تا دواجار ناچارم کرد یەکی باشی لۆ کریم بە (١٢٥) سەدو بیست و پێنج فلسی لە کۆرانی پرێمزچیان لە ناو قەیسەری. هەر لەوێ هەتا ماری هاژوام و داکیشم لە دوام دەرۆیشت. وا هەستم دەکرد سەیارەکی بەڕاستی لێ دەخورم، ناوە ناوە هۆڕنیشم بە دەوی لێدەدا و ڕێم لۆ خۆم دەکردەوە. ئەو زەمانی پێداویستی خۆشگوزەرانی منداڵان زۆر کەم بوو بگرە هەر نەبوو ناچار منداران پەنایان دەبرد بۆ (کەلایانێ و شەڕە بەرد و دارلاستیق و بەردەقانێ). ئەوجا لەهەر گەڕەکەکی هەولێرێ فرقەیەکی شەڕە بەردانێ هەبوو. ئەمەش لەگەر منداڵانی گەڕەکێ فرقەکمان دروست کرد لۆ شەڕە بەردانێ. ئەمن و کوڕی قادر سینەمای و مندارەکانی سەید غەریبی فرقەکمان دروست کرد بە ناوی فرقەی سێتاقان.

## شەڕەبەردی گەڕەکەکان

بە هێزترین فرقەکان فرقەی ئیسکان و تەیراوە و سێداوە بوون بە تایبەتی فرقەی ئیسکان، چونکە هەموویان سۆفی ماری شێخ ڕەشیدی لۆلان و کەریم خانی برادۆست بوون. بەردەقانی زۆر باشیان هەبوو، گاشە بەردیان رادەوەشاند دەتگۆت گوڵلە هاوەنە لە تەنیشتت بە عاردی دەکەوت. تا ئەو کاتی کە ئەمە فرقەمان دروست کرد هیچ فرقەیەکیتر زەفەری پێ نەبردبوون.

ئەوەی ئەوکاتی دارلاستیقەکی تاك سۆری هەبوایە وای دەزانی کلاشنکۆفەکی هەیە. ئەوجا دارەکەیان لاستیق پێچ دەکرد و دەیان ڕازاندەوە لە بەر پشتێ یان لە ملیان دەکرد لۆ ئەوەی خەڵك ببینن و بزانن (تاك سۆریان) پێیە. ئەو لاستیکە سۆرە نازانم هی چی بوو، بەڵام لە لاستیکەکانیتر ئەستوورتر بوو و نەرمتریش بوو، زۆر لێك دەکشا و بەردیش دوورتر دەچوو.

دوو تاك لەو لاستیکە لە ناو قەیسەری دەفرۆشرا بە (١٠ فلس)، کەورەکیش بە (٥ فلس) دارەکەش بە (١٥ فلس) ئەگەر گورینگە و لاستیکی تریشت بویستبا خۆی دەگەیاندە (٥٠ تا ٦٠) فلس.

ساڵی ١٩٦٨-١٩٦٩ پۆلی (٤ی سەرەتایی) بووم. وەکو هەموو منداڵان پۆشتە کرام بۆ مەکتەب جوتێك پێلاو شەڕواڵەکی چەلەبی و کراسەکیان لۆ کڕیم. زۆرم حەز لە کورتەك و شەڕواڵ بوو، بەڵام دیاربوو دایکم ئەو ئیمکانییەتەی نەبوو! جلکەکانم هێناوە مارێ و تا مەکتەب کراوە هەموو رۆژێ دوو سێ جار دەچووم دەرم دەهێنا و سەیرم دەکردن. بە پەلە بووم مەکتەب بکرێتەوە و لەبەرییان بکەم. چونکە دایکم دەیگۆت ئەو جلکانەت لۆ کڕایە لۆ مەکتەبی لەبەری بکەی دواجار ئاواتەکەم هاتە دی و مەکتەبیش کراوە و جلکەکانیشم لەبەر کردن.

پۆلی چوار بۆ من هەندێ نامۆ بوو هەندەك قوتابی لێ بوو نەمدەناسین بۆ یەکەم جار بوو لەگەڵیان لە یەك پۆل بین، بەڵام دیار بوو هەندەکیان زۆر

عەجوول و شەیتان بـوون و تەشـقەرەیان بـە هـەموو منداڵـەکان دەکـرد و وەکـو (شەقاوە)بوون. ئەمن سەیرم پێ دەهات مامۆستاکانیش دەیانزانی، بـەڵام هیچیـان پێ نەدەگۆتن. بۆیە ئەمن بە باشـم زانـی خۆمیـان لـێ بپـارێزم و زۆر لێیـان نزیـك نەبمەوە. ئەو منداڵانە وەك گروپەك وابوون سـەرۆکەکـەیان نـاوی (لازار) بـوو کـە دایم (دەبـڵ بۆکسـەکی) ئاسـنی لەبـەر پشـتی بـوو. لازار بـە کـەیفی خـۆی هـەر تەلەبەکی مەقسەدی بوایە لە ناو مەکتەب یان لە کاتی بەربوون تێر شەقی دەکرد و کەسیش نەدەوێرا جوابی بداتەوە.

ئەو شتە لۆ من ببووە مەتەڵێك. دەبی ئەو کەسە کێ بێت و کوڕی کـێ بێـت؟ ئەوها شەقاوەیە، بەڵام لە ترسی ئەوەی تەشـقەرەم پـێ نەکـەن زۆریـش بـە دوای دانەدەرۆیشتم.

لە ناو پۆلیش رەحلەی دەشکاند، تەختە ڕەشی دەشکاند، مساحەی سـڕینەوەی دەشکاند کەس نەدەوێرا بە مامۆستا یان مودیری بلێت (لازار) شکاندوویەتی.

سەیرەکەی لەوەش دابوو کرابووە چـاودێری پـۆل، ئەگـەرچی زۆریـش تەمبـەڵ بوو لە خوێندن. بەڵام کەلەشی گەورەتر بـوو لـە هـەموو قوتابییـەکان و لاشـەکی پتەویشی هەبوو، بۆ نەگبەتی لە رەحلەکەی پێش من دادەنیشـت، نیـوەی تەختـە ڕەشەکەی لێ شاردبوومەوە و نەمدەدیت.

مامۆستا (حەبیب) کە بە ئایین مەسیحی بوو، وانەی زانیـاری و زینـدەوەرزانی پێ دەگۆتین. رۆژەکی دەرسی لۆمان شەرح دەکرد لەبـەینی رەحلـەکان دەهـات و دەچوو مامۆستایەکی زۆر نەرم و قسـە خـۆش و فـەقیر بـوو. لەگـەڵ قوتابییـەکان وەکو برادەرەك رەفتاری دەکرد. هەرگیز تووڕە نەدەبوو. ئەگـەر تەلەبەیـەکیش لـە دەرسـەکەی نەگەیشـتبا دوو سـێ رۆژ خـەریکی دەبـوو هـەتا تێـی دەگەیانـد. مامۆستایەکی زۆر دڵسۆز بوو بۆ پیشەکەی. ئەو رۆژەش هەر بە دڵسۆزی پیاسـەی دەکـرد و دەرسـەکەی لۆمـان شـەڕح دەکـرد لـە کـاتی گەڕانـەوەی بـۆ لای تەختەڕەشەکەی لە رەحلەی مە کە ڕەت بوو ئـەو لازارە تۆپێـك تفـی خسـتە سـەر

پەنجەی و وەکو بەردی بە پەلاپیتکەی داوێن، ئەوها تفەکەی لە دواوەی مامۆستا گرت و بە پانتۆڵەکەی کەوت. ئەمنیش دیتم و کۆمەڵێك تەلەبەیتریش ئەو شتەیان دیت. زۆریش لەو لازارە دەهری بووم هیچی لەگەڵ من نەبوو بەس هەر کەیفم بە هەڵسووکەوت و ئیشەکانی نەدەهات. هەر لە فکرەی ئەوە دابووم رۆژەك پۆرتی بشکێنم، بەڵام نەمدەزانی چۆن و کەمەکیش دەترسام. نەمکردە نامەردی لە پشتەوە هەتا هێزم هەبوو بە هەموو تاقەتم زلەیەکم لە بنی گێی لازار دا. شەقەی وەکی دەمانچەی هات، ڕوومەتی پان و گۆشتن بوو، باش خێواییێ. لەگەڵ زلەی لە رەحلەکەی کەتە خوارێ و مامۆستا حەبیب ئاوڕی داوە. ئەمنیش هەستامەوە ویستم بە لەقەش هەندەکی لێبدەم، بەڵام تەلەبەکان و مامۆستا حەبیب لێ نەگەڕان. گۆتم هەی سەگباب ئەتوو عەنتەری، شەقاوەی یان تەلەبەی.؟ دەشگریام لە تاوان.

راوەستە کوڕم سالار لۆ ئەوها دەکەی؟

مامۆستا هیچ هەر ئەوها لێمدا.

ئاخر کوڕم کوو دەبیت لۆ لێتدا چی لێت کردبوو؟

هیچی لە من نەکردییە مامۆستا بەس بێ ئەخلاقە.

نابیت کوڕم ئێرە مەکتەبە جێی دەرس خوێندنە نەك شەڕ و ئاژاوە.

مامۆستا حەقی خۆی وەرگرت لێی گەڕێ.

نابی دەبی بزانم لەسەر چی بوو دەی پێم بڵێ؟

شەرمم دەکرد پێی بڵێم لەسەر چی بوو، بەڵام ناچار بووم گوتم مامۆستا لەسەر تۆ لێمدا.

لۆ لەسەر من تێ ناگەم؟

مامۆستا کاتی ئەتوو گەڕایەوە لای سەبوورەی ئەو بێ ئەخلاقە تۆپەك تفی لەسەر دەستی دانا و بە پەلاپیتکە لە تۆی گرت و تفەکە بە پانتۆلەکەت وەیە لە پشتەوە، ئەمنیش لەسەر ئەوەی لێمدا.

مامۆستا حەبیب سەری سووڕاندەوە پشتەوە و دیتی تۆپە تفەك بەمنپانتۆڵەکەیەتی، منداڵەکانیتریش تەئیدی منیان کرد و مامۆستا حەبیب گۆتی سوپاس بۆ دڵسۆزیت، بەڵام لێت نەدابا و بە منت گۆتبا.

دوایی دەستی لازاری گرت و بردییە ئیدارەی. پاشان فەڕاشەکە هات ئەمنی بانگ کرد لۆ ئیدارەی کە چووم لازار لە ژۆرێ دەگریا. نورییە فەندی گۆتی کوڕم سالار لۆم بگێڕەوە کووبوو؟

ئەمنیش هەمووم لۆ گێراوە، ئەویش ڕووی لە لازاری کردوو و گۆتی بڕۆوە مارێ سبەینێ بابت یان داکت لەگەڵت بێتە مەکتەبی ئەگەرنا فەسلت دەکەم. بێ ئەدەب هەستە بڕۆ دەرێ دەی.

لازار دەرکرا و ئەمنیش گەڕامەوە پۆڵ. برادەرەکانی لازاری هەر بە خراپی تەماشایان دەکردم. ئەمنیش زانیم فکرەکیان هەیە لە کاتی بەربوونی مەکتەبێ ئەمن نەوێرام بە دەرکەی پێشەوەی مەکتەبێ بچمە دەرێ کە دەکەوتە بەرانبەر ماڵی (ئەسعەد فەتاحی هەرکی) ئەوکات. لۆیە بە دەرکەی پشتەوەی کە قەپاتیش کرابوو، بەڵام بەسەر دەرکەی هەڵگەڕام و ئاودیوی دەرێ بووم و بە غاردان چوومەوە مارێ و کەسیش ڕێی لێ نەگرتم. ئەوجا نازانم ئەوان لە پێش دەرکەی چاوەڕێی منیان دەکرد یان نا. بەس ئەو ڕۆژ و ئەو شەوی هەر لەو فکرەی دابووم کە دەبێ سبەینێ چی بقەومێت!؟

ڕۆژی دواتر بەیانییەکەی زوو هەستام و پێش هەموو تەلەبەکان چوومە مەکتەبێ، دەمویست بزانم چی ڕوودەدات لە ڕاڕۆی پێش ئیدارەی ڕاوەستابووم دیتم سێ چەکدار هاتنە ناو مەکتەبێ، هەموو قۆری خۆیان هەڵکردبوو،

هەرسێکیان چەکی کلاشینکۆفیان پێ بوو. دەتگوت دێون، کەس نەدەوێرا سەیریان بکات. لازاریش لـە دوای ئـەوان دەڕۆیشـت بـە تیلـی چـاوەك تەماشـایەکی کـردم چوونـە ژوری مـودیری و دەرگاکـەیان داخسـت، هـەر دەنگـە دەنـگ دەهـات و قسەیان دەکرد، بەڵام تێ نەدەگەیشـتم، ئـەمن لـە دوور ڕاوەسـتابووم، نەمـدەوێرا بچمـە پێشـەوەتر، پاشـان چەکـدارەکان هاتنـە دەرێ و بـە تـووڕەیی ڕۆیشـتن و لازاریش بەرەو پۆڵ بە ڕێکەوت. فەڕاشەکە جیرانمان بوو، ئەمنی دەناسی هاتـە لام گۆتی بزانە چ مشکلەکت دروست کرد ئەتوو چ حەقت هەبوو؟

گۆتم لۆ چم کردییە؟

کوڕە هەتیم ئەوانە جەلالی بوون، یـەکیان بـابی لازاری بـوو، ئـامر مـەفرەزەی جەلالیانە بەو خوایەی بزانن بابت پێشمەرگەیە، خراپت بەسـەر دەیـنن، لـۆ خـۆت ئاگات لە خۆت بێت دوایی بە داکیشت دەرێم با نەسیحەتت بکات.

ئیدی لەو ڕۆژەوە لازار بوو بە دوژمنی من و هەرچاوی سۆر دەکـردەوە، بـەڵام هەرگیز نەیدەوێرا شەڕم لەگەڵ بکات.

## چالاکییەکەی فولکەی زەعیم

لە مانگی ٧ی ١٩٦٩دا نازانم بە تەواوی لە چ ڕۆژێك باوکم گیرا.

ئەوکاتە دوو زرێپۆش و دووزیلی عەسکەری شەوانە دەچوون لـە سـەر ڕێگـای هەولێر کەرکووك کەمینیان بۆ پێشمەرگان دادەناوە، سبەینان لەگـەڵ ڕۆژهەڵاتـێ دەگەڕانـەوە هـەولێرێ. ئـەو ڕێیـەش شـوێنی پەڕینـەوەی پێشـمەرگە بـوو لـە (کەنـدێناوە بـۆ شـەمامك) پێشـمەرگەیان هەراسـان کردبـوو، پەڕینـەوە زۆر بـە زەحمەت کەوتبوو.

لە سەرەوە ئاگاداری باوکم کرابۆوە کە چارەسەرێکی ئـەم وەزعـە بکـەن، بۆیـە لەگەڵ هەڤاڵەکانی پلانێکیان داڕشت لە ماڵی ئێمە کە بچن لە ( فلکەی زەعـیم)ی کە دەکاتە چوارڕیانی بەرزە پردی ئێستای پێش یاریگای شەهید فەرەنسۆ هەریری کە ئەوکاتە دەروازەی هەولێر بوو کاتی لە ڕێگای کـەرکووك دەهـاتی، هەمووشـی چۆڵەوانی بوو. نزیکترین ئاوەدانی لەو شـوێنە (وێسـتگەی شـەمەندەفەر و هـۆلی گـەل بـوو). کۆمـەڵێ نـارنجۆك و هەریەکـە و چـەکێکی تۆماتیکی(ئسـترلینگ) غەدارەیان پێبوو، بڕیاریاندا بچن بۆ ئەو زیل و زرێپۆشانە کەمـین دانێـنەوە و لـە کـاتی بەرەبـەیان کـە دەگەڕێنـەوە زەبرێکیـان لـێ بـدەن. پلانەکـەیان داڕشـت و کۆتاییان بە ڕۆڵگێرانی هەریەکەیان هێنا و تەنیا ڕۆژەکەیان دیاری نەکرد کـە کـەی دەچن. مانگی (٧)ی ١٩٦٩، لە ڕۆژێکی گەرمی ئەو مانگەدا کە لە بیـرم نـەماوە چ ڕۆژێك بوو، بەڵام دەزانم لە کۆتایی مانگەکە بوو، تەقـە و گرمـەگـرم و ڕمبـەڕمب هـەموو شـاری هـەولێری گرتـەوە کـەس نەیـدەزانی چـی ڕوویـداوە لـە هـەموو ڕاستەکی هەر دەنگی تەقەی دەهات گێم لێبوو خەڵك دەیـانگوت وەی لـەو دنیـا خرابوونەی دەبێ چ قەومابێ!؟

بەڵێ ئەوە ئەو ڕۆژە بـوو کـە بـاوکم و هەڤاڵـەکانی ئـەو پلانـەی دایانڕشـتبوو جێبەجێیان دەکرد. کەمینیان لەو هێزە دانـابۆوە، بـە نـارنجۆک و چـەکی تۆماتیـك

ئەوەندەی توانیبوویـان زەبریـان لـە هێـزە سـەربازییەکە دابـوو، بـەڵام هێزەکـەش مقاوەمــەیان کردبــوو و هێــزی فریــاد ڕەسیشــیان پێگەیشــتبوو لــە لایــەکیش پۆلیسەکانی پاسەوانی بانکی رافیدەین لـە پشـتەوە تەقـەیان لێکردبـوون شـەڕەکە ماوەی دوو کاتژمێری خایاند.

باوکم بە جەماعەت دەڵێـت خۆتـان بگەیننـە نـاو قەبرسـتانی شـێخەڵڵا لـەوێ مقاوەمە دەکەین کە دەچن بـۆ ئـەوێ لـەوێش جەماعـەتی جەلالیـەکان تەقـەیان لێدەکەن، بۆیە لە یەکتری دادەبڕێن. باوکم و زیاد، خۆیان دەخەنە ماڵێك لە پشـت (جادەی فیتەرانی شـێخەڵڵا) و لـەو ماڵـە خۆیـان حەشـار دەدەن، بـەڵام هێزێکـی زۆری سەربازی و جاش و جەلالیەکان دەورەی ئـەو نـاوچەیە دەگـرن و چـاودێری چڕی  ناوچەکە دەکەن!

بۆ بەیانییەکەی ئـەو ڕۆژە لەگـەڵ ڕۆژهەڵات لـە دەرگـای حەوشـەی ئێمـە درا دایکم دەرگای کردەوە و ئەمنیش بە دوای داچووم دیتم ژنێکـە عەبایـەکی ڕەشـی لەسەر بوو گۆتی: "ئەتوو شیرینی؟"

بەڵێ فەرموو کێی ئەتوو؟

کاکۆ ئەمنی ناردییە.

کاکۆ کێیە؟ چت دەوێت؟

پێویست ناکات بترسێیت، کاکۆ لە ماری مەیە لەگەڵ زیادی.

لۆ لەوێیە چ بووە؟

ئەدی ئەو تەقانەی دوونێ ئەوان بـوون، دەورییـان گیـرا نـەیانتوانی دەربچـن، خۆیان لە        ماریمە شاردیتەوە!

ئەوجا لۆچی ئەتوی ناردیتە ئێرە، چت دەوێت؟

وەڵا گۆتی: چوار رومانە و دەمانچەکی ستار لە مارێیە لەگەڵ شەش ئێدەگی پڕ فیشەك گۆتی پێت برێم ئەتوو لۆی ببەی.

ئەوجا ئەمن  ماڵی ئێوە پێ نازانم.

ئەمن لە پێش تۆ دەڕۆم، ئەتووش لە دووم وەرە، بەس لە رێگا بزرم مەکە.

داکیشم گۆتی وەرە ژوورێ هەتا حازر دەبم.

ژنەکەش هاتە ژوورێ داکم بە عەجەلە چووە دەرێ و گەڕاوە دوو دەسکە توور و دوو دەسکە سرق و دەسکە کەرەوزەکی کڕیبوو. پێم عەنتیکە بوو لەو دەمەی ئەو شتانەی لۆ چی بوو. وەمزانی دەیەوێ شیوەکی لۆ بابم دروست بکات و لەگەڵ خۆی لۆی ببات، بەڵام پاشان دیتم چوو لە ژێر نوێنەکان دەمانچەکی دەرهێنا لەگەڵ ئێدەگ و فیشەکەکان و دوایش لە بن قاندرمەی سەربانی هەندەك عەردی هەڵقەناند و لایلۆنەکی دەرهێنا چوا نارنجۆکی تێدابوو، ئەویشی دەرهێنا و ئەو کاتە زەنبیلی حەسیری خورما باوبوو لە هەموو ماڵێك هەبوو بۆ بازاڕکردن، زەنبیلەکەی هێنا و چەك و تەقەمەنییەکانی خستە ناوی و توور و سرق و کەرەوزەکەشی لەسەر دانان و گوتییە ژنەکەی "با بڕۆین." ژنەکە بە ڕێکەت و دایکیشم زەنبیلەکەی دایە دەستی من و بە دەستێکیش دەستەکەی تری گرتبووم و بە دوای ژنەکەدا رۆیشتین. بۆیەش دایە دەستی من تاکوو کەس شک وگومان نەکات لێمان.

ڕۆیشتین تا گەیشتینە دەرگای ماڵەکە و ژنەکە چووە ژوورێ و ئێمەش بە دوای دا چووینە ژوورێ بابم و زیاد لە ژوورێك خۆیان حەشاردابوو کە چووین ئەمنی لە باوەش گرت و ماچەکی لێکردم، پاشان شتەکانی لە دایکم وەرگرت و بە دایکمی گۆت دەچییە گەراجی دیانا، سایەقی لێیە  بە ناوی (سمکۆ) "چونکە پێم گوتراوە ئەگەر لە هەولێر کێشەیەکت لۆ دروست بوو یان ژیانت کەتە مەترسی پەیوەندی بەو سمکۆیەی بکە هاوکاریت دەکات، لێی مەترسە.!"

ئەوجا دەبی بچی پێی برێی ئەمە لە کێندەرێین و بابێت و دەربازمان بکات.

دایکم و من بە رێکەتین  و چووینە گەراجی دیانا، شوێنەکە زۆر دوور نەبوو، ئێستا کراوە بە (پارکی شار) تەقریبەن جێگای ئێستای گەراجی ڕاگرتنی سەیارەی (ئەمین) لەو ڕاستەی بوو. ئەمەش چووینە ناو گەراجەکەی دەلالەك هەر هاواری دەکرد (دیانا. رەواندز)، چووینە لای ئەو داکم گۆتی: "ئیشم بە سمکۆیە" ئەویش گۆتی چ ئیشت پێیە؟

ناسیاری یەکین ئیشەکی خۆم پێیە.

چووە بەنزینی تێ بکات، هەوکە دەگەڕێتەوە، لێرە راوەستن.

پاش چەند خولەکێک پیکابەکی شوفرلێتی (شین) هاتە ژۆرێ، دەلالی گەراجەکە گۆتی ئەوە سمکۆ بوو.

داکم چووە لای و گۆتی.

ماندی نەبی کاك سمکۆ.

خوا عافوت کا مەمنوون خوشکم

ئەتوو سمکۆی ؟

بەڵێ هەوم فەرموو ئەتوو کێی؟

لە من گەڕێ ئەمن کێم، کاکۆ ئەمنی ناردییە لەگەڵ برادەرەکانی، لە فڵان ماڵ و لە فڵان شوێنی گۆتی پێت برێم بچی دەربازییان بکەیت، چونکە چواردەوریان گیرایە و ناتانن بێنە دەرێ.

سمکۆش گۆتی هێچ خەمت نەبیت ئەنگۆ بڕۆن ، ئەمنیش ئێستا دەچم بەنزینی تێدەکەم و دەچمە دوایان.

له فکرمان نەبوو کە دەلالەکـە پێشـتر بەمـەی گوتبـوو سـمکۆ چـووە بـەنزینی تێبکات هەوکە دێتەوە.ئێمە لـەوێ یەکسـەر چووینـەوە مـارێ، چونکـە بـابم پێـی گۆتین لەوێ راست بڕۆنەوە ماڵێ و گۆتی ئەگەر هیچ شتەك ڕوویدا ئـەتوو ئاگـات لە منـدارەکان بیـت، ئـەوکات ئەمـە دوو بـرا و خوشـکەك بـووین (مـن- شـەهید سەردار- چنار).

له گەراجی ئەمە ڕاست چووینە مارێ و سمکۆش لە دوای مە یەکسەر دەچیتە کن محافزی ئەوکات (حەمەدەمین فەرج) کـە جەلالیـەك بـوو تـا سـەر ئێسـکان و مودیری شورتەی هەولێریش شەهید (حوسێن شێروانی) بوو کە مەیلی پارتایـەیتی هەبوو. ئینجا ئەو مەسەلەیە دواتر حسێن شێروانی لۆمەی گێـراوە گـۆتی: "لـە لای محافزی دانیشتبووم، سمکۆ هاتە ژوورێ، گوتی کاك حەمـەد ئـەمین مـژدەم بـدێ (کاکۆ)م گرت."

محافز یەکسەر هەستا سەرپێ و گۆتی چۆن؟

لە ماڵەکی خۆیان شاردیتەوە، جوابی لۆ من ناردییە بچم دەربازییان بکەم.

لە ماڵی کێ؟

سمکۆ عنوان و جێگای ماڵەکە دەلێت و بەس دەلێت لـۆ ئـەوەی شـك نـەکات ئەتوو بەو قوەتە برێ ئەو دەوروبەرە چۆل بکەن و بچـن لـە سـەیتەرەی شـەقلاوە چاوەڕێ بکەن. ئەمن لەوێ تەسلیمتان دەکەم.

دواتر حوسێن شێروانی وتـی: "مـن یەکسـەر هەڵسـام ویسـتم بچمـە دەرەوە، پۆلیسێك بنێرم بۆ ئەو ماڵ، چونکە عنوانەکەی گۆتبوو، دەمزانی کێندەرە کە پێیـان بلێت لەگەڵ سمکۆی سوار نەبن فرۆشراون."

موحـافز گـۆتی کـاك حوسـێن دانیشـە بەیەکـەوە دەچینـە سـەیتەرەی بۆیـە نەمتوانی خەبەرەکەیان بگەینمێ کە خیانەتیان لەگەڵ کراوە. دواتر موحـافز ڕووی لە سمکۆی کردوو و گۆتی سمکۆ ئەگەر قسـەکەت ڕاسـت دەرچـوو و تەسـلیمت

کردن، له منەوه جێبەکی لەندرۆڤەر و شەش کلاشینکۆف و شەش هەزار دینار پێشکەشت بێت وەکو هەدیه و چوار حیمایەشت لەسەر من و بۆت دادەنێم.

ئیتر سمکۆ بە ڕێ دەکەوێت و دەچێتە ئەو ماڵە و باوکم و زیاد هەڵدەگرێت و بەرەو ڕێی شەقڵاوە بە ڕێ دەکەوێت. کاتی نزیك دەبنەوە لە سەیتەرە باوکم دەبینی وەزعەکە ئاسایی نییە، قووەتێکی زۆر لە سەیتەرەیە.

دەڵێت سمکۆ ئەو هەمووە قوەتە چییە.؟

نازانم عەسکەری و جاشن هیچ نییە مەترسێ.

وەڵڵا سمکۆ دەبی شتەك هەبیت، دەنا ئەو هەمووە هێزە لێرە کۆنابنەوە.

ئەتوو لەگەرە من نیت خەمی هیچ شتەکت نەبییت.

بەس ئەو دەمانچە و نارنجۆکانە بخە ناو دەشبولی با نەبیینن.

باوکیشم وادەکات.

دوای بەربوونی گێرایەوە گۆتی (٥٠) مەترەك مابوو بگەینە سەیتەرە زانیم شتەك هەیە گۆتم هەر دەکوژرێین، با دەستی خۆمان بوەشێنین، لۆیێ دەستم برد بۆ دەشبولەکە و ویستم رۆمانەکان دەربینم، سمکۆ توند دەستی گرتم و وتی: هیچ جولەیەك مەکەن، ئەنگۆ گیراینە بەس ناکوژرێن، لۆیە تەقە و شت مەکەن باشترە. گۆتی هەتا ئەو قسانەمان کرد گەیشتینە ناو سەیتەرەوە لە هەموو لایەك لوولە کلاشینکۆف هاتە ناو سەیارە و گۆتیان دابەزن و گیراین، تەسلیم کراین.

# تەوەری یەکەم

## دەستگیر کردنی باوکم

کە لە گەراج گەڕاینەوە دایکم دوای نیوەڕۆکەی خەریکی شووشتنی ئێمـە بـوو لە حەمام،

کاتێکمان زانی عەسکەر بە حەوشەوە وەربوون. هەموو کۆڵان پڕی چەکـدار و عەسکەر ببوو، دایکم ئەمنی بە خاولییەوە لـە حـەمام هێنـا دەرەوە. ئەفەندییـەك چاکەت و پانتۆڵەکی ڕەشی لەبەربوو ، عەینەکی ڕەشی لە چاو بوو، لەسەر سـەری من راوەستابوو، ئـەمنیش لـە ترسـان دەگریـام، ئەفەندییەکـە دەسـتەکی بەسـەری داهێنام، بەس هیچ قسەیەکی نەکرد. دواتر کە بابم بەربوو بە منی گۆت لـە بیرتـە وەکی لەسەر تەنەکەی بووی ئەفەندییەکـە دەسـتی بەسـەری داهێنـای؟ گـۆتم ئـا لەبیرمە گۆتی ئەوە ئەمن بووم.

تۆ مەزانە هاتبوون بۆ تەفتیشی مارێ، بابیشمیان لەگەڵ خۆیان هێنـابوو بـەس ئەو جلکانەیان لەبەر کردبوو کە کەس نەیانناسیتەوە.

بـەو شـێوەیە و دوای تـەفتیش کردنـی مـاڵی ئێمـە کـە هیچیـان نەدۆزییـەوە، عەسکەر و هێزەکە گەڕەکیان چـۆل کـرد و ئێمـەش نـەمانزانی کـە بـاوکم گیـراوە. دواتر (کانەبی خورشید)، کوڕی خورشـیدی نـەفتفرۆش، کـە ماڵیـان جیرانمـان بـوو، چەکداری جەلالییش بوون خەبەری لۆ دایکم ناردبوو کە کاکۆ گیرایە و عیلاجـەکی لۆ بکەن. (زیوەری) برای کانەبی تەنزیمی باوکم بوو، پارتییـەکی زۆر دڵسـۆز بـوو، ئەو کاتە ئەمە زانیمان کە باوکم گیراوە.

لێرەوە قۆناغێکی سەختی ژیانی ئێمە دەستی پێکرد، نەبوونی باوکم بۆشـاییەك بوو نەك ئێمە، بەڵکو هەولێریش و بە تایبەتی سێتاقان و سـەیداوە هەسـتیان پـێ دەکرد. خەڵکی هەمووی ئاگادار ببوون لە گیرانی باوکم خەڵك هـەمووی تاسـابوو، باوەڕیان نەدەهێنا.

دۆستەکانی باوکم سەردانیان دەکـردین بـە تایبـەتی خالیـدی حـاجی ئەحـمەد گەردی کە لەگەڵ عەلائەدینی برای ئیشی حەدادیان دەکرد و سـەید بـاوەی سـەید غـەریبی و عوسـمان چـایچی و عـەزیز بیرۆکـەیی، ئەوانـە بـەردەوام رۆژانـە لـە کەموکوڕی ئێمـەیان دەپرسـییەوە. (جـەمیل جـەلال) کـە گـەنجێکی سـێتاقان بـوو لەگەڵ باوکم دابوو، بەڵام تـەنیا هاوکـاری دەکـردن بـە فـەرمی پێشـمەرگە نـەبوو، تەمەنیشی زۆر نەبوو لە دەوری ١٧-١٨ ساڵ دەبوو. بەڵام گەنجێکی ئازا و نـەترس بوو لە چەندین چالاکی لەگەڵ باوکم دەچوو تەنیا لە زەمبیل نارنجۆك و فیشـەکی بـۆ هەڵـدەگرتن. زیرەکانــە دوای دەســتگیرکردنی بــاوکم بــوو بــە چەکــداری جەلالییەکان. بۆ ئەوەی بتوانێ پارێزگاریمان لـێ بکـات. هـەموو رۆژ بـە چەکـەوە دەهاتە دەرگا و هەواڵی دەپرسین و دەیگوت خـۆ کـەس غـەدری لـێ نەکردینـە و هیچتان پێ ناوێ و دوایش  دەرۆیشتەوە و بە ئێمـەوە سـێ مـاڵ لـە حەوشـەیەك بووین.

خاڵم حاجی ئەحمەد، خاڵی دایکم بە بەردەوام تاقیب و سۆراغی بابمی دەکرد، بەڵام نەدەگەیشتە هیچ زانیارییەك و بێ ئومێد دەبوو.

مەکتـەبیش بـە مـودیر و مامۆسـتا و زۆربـەی تەلەبـەکانیش زانیـان کـە بـابم دەستگیرکراوە هەندێکیان پەرۆشیان بوو هەنـدێك بـێ دەنگبـوون بـەڵام (لازار)ی هاوپۆڵم و برادەرەکانیان وەکو سەگی هاریان لێ هاتبوو، هەموو رۆژ تەشقەرەیان پێ دەکردم و رێـی مەکتـەبیان لـێ دەگـرتم ئـەمنیش (بـارم خـوار) بـوو کەسـیش نەدەوێرا لێم نزیك بێتەوە. چەنـد جـاریش لای نوریـە فەنـدی شـکاتم کـرد، بـەڵام دیاربوو ئەوانیش لە خۆیان دەترسان زۆر بە جیددی وەریان گرتبـوو. رۆژێـك لازار

خـۆی فلچـەی سـەبوورەی ڕەش کردنـەوەی شـکاند کـە فلچـەکی گـەورەی پـێڵاو بۆیەکردن بوو، سەبوورەکەیان پێ دەسڕییەوە. خسـتییە ملـی مـن و گـۆتی دەبـی بکڕییەوە ئەمنیش پارەم نەبوو داکـم ڕۆژی ٥ فلسـی دەدامـێ، خـەرجم نـەدەکرد ڕۆژی دوایش ٥ فلسیتر دەبووە ١٠ فلس لە پێش مەکتەبێ عارەبانەیەك رادەوەستا لۆ خۆم لەفەیەکم پێ دەکڕی بە بێ تورشی چونکە تورشیش بە ٥ فلسی بوو.

ڕۆژێـك لازار و چـوار بـرادەری لەبـەر دەرکـەی مەکتـەبی ڕاوەسـتابوون کـە گەیشتمە ئەوێ گۆتیان

کا مساحەت کڕییەوە.؟

ناوەڵلا نەمکڕییە.

سەگباب ئەدی ئەمە چمان پێ گۆتی.؟

بە خوای پارەم نییە بە چ بکڕم.؟

ئەمە ئەوەی نازانین دەبی بکڕی.

ئەمنیش خۆم بێ دەنگ کرد. لازار هاتـە پـێش گـۆتی هـا کـووە خـۆت فـەقیر کردییە، لە بیرت چوو لە پشتەوەڕا چ زلەیەکت لێدام.

ئاخر خەتای تۆ بوو.

لۆ چم لە توو کردبوو..؟

لە من هیچ، بەڵام تفت بە مامۆستای داکرد.

ئەوجا بە تۆ چی ئەوهام کرد خۆ خزمی تۆ نییە ئەو مەسیحییە.

دەزانم، بەڵام مامۆستایەکی فەقیرە و  باشە لۆ بێڕێزی بکەین بەرانبەری.

کوڕە دەوس هەی سەگباب، وەڵڵا یەك لەقەی لە زگم داو ئەمنیش کەوتمە سەر عەرزی و پاشان دەستی لێ راوەشاندم و گۆتی ئەگەر پیاوی سبەینێ درهەمەکم لۆ نایِنی بزانە چت لێدەکەم.!

ئەمنیش هەستامەوە و خۆم راوەشاند و بەرەو پۆڵ چووم. زۆر خۆم پێ غەدر لێکراو هاتە پێشچاو و هەر فکریشم دەکردەوە کوو درهەمەکی پەیدا بکەم لۆی ببەم. دوایی کە چوومەوە ماڵێ بە فکرم هاتەوە داکم لە ناو کەنتۆری نوینان دەخیلەیەکی هەیە لە مەجالێك دوو بیست و پێنج فلسیم لێ دەرهینا و لەبەرکی خۆمم نا. هەتا رۆژی دواتر لەگەڵ خۆم بردم بۆ مەکتەب.

گەیشتمە  بەر دەرکەی مەکتەبێ، لازار و جەماعەتەکەی لە چاوەڕوانی مندا بوون.!

ها پارەکەت هێنا.؟

ئەمنیش گۆتم ئا.

بینە بمدێ دەی.

ها ئەوە یەك درهەم تەواو خۆ هیچیکە حەقتان لە من نییە.؟

نا بەس دەبیت هەموو رۆژی ٢٠ فلسمان بدەیێ هەتا پارەی مساحەکەی تەواو دەکەی.

ئەدی ئەو درهەمە لۆ چ بوو. ئێ مساحەکی پێ بکڕنەوە هێشتاش دەمێنێتەوە.

ئەمە ئەوەی نازانین ئەگەر نەینی پاشان چەقووەکی دەرهێنا و بەو چەقووەی قەلبت دەکەمە خین.

باشە لۆتان دەینم.

چاوم پڕ لە ئاو ببوو نەمدەزانی چ بکەم لە دری خۆم گۆتم خۆ داکم نازانی هەموو شەوێ هەندەکی لە دەخیلەی دەردەینم. ئیتر ببوە بەرنامە هەر رۆژەی ١٠

فلس بوایە ٢٠ فلس بوایە ٢٥ فلس بوایـە دەرم دەهێنـا و لۆیـانم دەبـرد تـا رۆژەك نازانم کو دایکم هەستی کردووبوو دەخیلەکە سووك بووە. لە مەکتـەب گەڕامـەوە داکم بانگی ژوورێـی کـردم و گـۆتی وەرە ئـەمنیش چـووم دەرەگاکـەی داخسـت پارچە سۆندەکی لەدەست بوو گوتی:

راستم پێ برێ ئەتوو پارەی دەخیلەت دەرهینایە؟

نا بەخوای ئەمنی چی.؟

راستم پێ نەرێی بەو سۆندەیەی هەموو قالبت دەشکێنم.

بە گریانەوە نا توخوا دایە لێم مەدە ئا ئەمن بردم بەس خەرجم نەکردییە.

ئەدی کا لە کێیە.؟

لە کنە من نییە.

وەرە با بچین بزانم لە کێت دانایە با ببینینەوە.

لە هیچ جێیەك دامنەنایە.

ئێ کوڕم ئەدی چت لێکردییە. ئەمن ئەو دەخیلەم دانابوو لۆ چێژنەی جلکتـان لۆ پێ بکڕم.

بە گریانەوە دایە کوڕەك غـەدرم لـێ دەکـات ئینجـا هـەموو مەوزوعەکـەم بـە تەفاسیل لۆ گێراوە ئەویش دەستی کرد بە گریان و گۆتی:

ئەدی لۆ قەت بە منت نەگۆتییە.

ئاخر ترساندمیان لۆیێ نەوێرام دەنگی بکەم.!

دەبوایە بە منت بگۆتبایە ئەمن دەهاتمە مەکتەبێ.

لۆ سبەینێ چووم بەرەو مەکتەب، بەڵام پـارەم پـێ نـەبوو لـە ترسـان لامـدا لـۆ ئاقاری (بەستە پیازەی) نەچوومە مەکتەبی.. هەتا ٣ رۆژان نەچووم نوریـە فەنـدی

بە فەڕاشەکەی گوتبو دەبی بچییە لای دایکی سالاری و پێی برێ سالار نایەتە مەکتەبی بزانە سەبەبی چییە. ئەویش هاتبووە لای دایکم و پێی گۆتبوو.

کە چوومەوە ماڵێ دایکم پرسی

ئەوە لۆ نەچوویە مەکتەبێ ئەدی هەموو رۆژی کێوە دەچی ئەتوو.؟

کو ناچم دەچم کێ وەیگۆتییە.؟

فەڕاشی مەکتەبێ هاتبوو گۆتی نوریە فەندی ڕەوانی کردیمە پێت بلێیم سالار چەند رۆژە نایەتە مەکتەبی.

ئاخر دەترسم بچم تەشقەرەم پێ دەکەن.

کێ تەشقەرەت پێ دەکات.

هەر ئەو کوڕانەی پارەیان لێ دەستاندم.

دەباشە ئەمن سبەینێ دێمە مەکتەبێ و بە نووریە فەندی دەرێم.

بەیانی لە خەو هەڵسام و بە ڕێکەتم بۆ مەکتەب، ویستم دیسان بەرەو ئاقار بچم، بەڵام کە چاوم دایێ دیتم ژنەك لە دوام بوو بە عەبایەکی ڕەشەوە زانیم دایکمە. لەدووم دێت بۆیە لام نەدا هیچ لایەك هەتا چوومە ناو مەکتەبێ. ئەوەندەی پێ نەچوو فەڕاش بانگی کردم گۆتی لە ئیدارەی داوات دەکەن کە چووم دایکم لەوێ دانیشتبوو و نورییە فەندی پرسی چییە مەسەلە ئەدی لۆ بەمنت نەگۆتییە و دەرس و خوێندنی خۆت بە جێ هێشتییە؟

ئەمنیش هەرچی ڕوویدابوو هەموویم پێ گۆت ئەویش لازار و برادەرەکانی بانگ کردوو و هەر یەکەی چوار داری لێدان و گۆتیشی یەك قسە یان تەشقەرەی بە سالار بکەن لە مەکتەبی فەسلتان دەکەم.

چەند رۆژێك بەو شێوەیە و بە بێ هیچ کێشەیەك دەچوومە مەکتەب.

ئێوارەیەك (جەمیل) هاتـە بەردەرگـەی و وەکـوو هـەموو جـار هـەواڵ پرسـی کردوو، لە کەم وکوڕییەکانی پرسی و دایکیشم ئـەو مەوزوعـەی منـی لـۆ باسـکرد. ئەویش گۆتی ئەدی لۆ هەتا ئێستا هیچ دەنگتان نەکردووە و بە منتان نەگۆتییە؟

پاشان گۆتی ناوی تەلەبەکان چییە؟ ئەمنیش ناوەکـانم دایـە (لازار. تەحسـین.. دڵشاد)، دوانەکەیترم لە بیر نەماوە. ئەویش لە لای خۆی نووسی و گـۆتی حـەقتان نەبێت.

بـۆ سـبەینەکەی لـە حەوشـەی مەکتـەب هـەموو تەلەبـەکان رێزکرابـوون بـۆ تـەفتیش لـە پـڕدا (جـەمیل) هاتـە نـاو مەکتـەبی و قـۆڵی خـۆی هـەڵکردبوو، کلاشینکۆفەکی لەدەست بوو هاتە ناوەندی حەوشـەی و بـووە چپە چـپ لـە نـاو مامۆستایەکاندا. جەمیلیش بە دەنگی بڵند ڕووی لە مامۆستایەکان کردوو و گـۆتی ئەوەی بێتە پێش دەیکوژم. پاشان کاغەزەکـەی لـە بـەرکی دەرهێنـا و نـاوی هـەر پێنج قوتابی خوێندەوە و گۆتی بێنە دەرێ لە ڕێزێ.

نە قوتابیەکان و نە مامۆستاکان و هیچ کـەس نەیـدەزانی چ ڕوودەدات. ئینجـا کە هەر پێنجیان هاتنە ناوەندی ساحەی قوتابخانە و نزیك لە جەمیل وەستان یەك یەك ناوی باب و باپیریانی پرسی. دیار بوو باوکی لازاری دەناسی، چونکـە ئـەویش چەکداری جەلالی بوو. بۆیە گۆتی بە بابیشت دەڵێم چت کردووە و یەك زلەی لـە بنی گوێدا پاشان بە بۆکس و چەپەلۆك و شاپ لێیـدان و هـەموویانی لـە سـاحەی درێژ کرد و گۆتیشی ئەو جارە گێم لێ ببیتەوە غـەدرتان لـە سـالاری کردبـی هـەر پێنجتان لەو حەوشەی سەردەبڕم، پاشان ڕۆیشت و نوریە فەندیش ئەو شتەی زۆر پێ نـاخۆش نـەبوو، بەڵام نەیـدەتوانی وەکـو جـەمیلی بکـات. ئیـتر هـەر کەسـە و چووینەوە پۆڵەکانی خۆمان و لەو رۆژەوەش ئەمن هیچ گرفتـەکم لـە قوتابخانـەی نەما و، درێژەم بە دەرس خوێندنەکەمدا بە شێوەیەکی ئاسایی.

دواتر ئەو (جەمیلەی) باسم کرد خەبەری لێدرابوو کە ئیش لۆ پارتی دەکـات و ئاگادارییان کردبۆوە کە خـۆی دەربـاز بکـات، ئـەگینا دەیکـوژن. بۆیـە ئێوارەیـەك

بەرەو گوندی دارەتوو و کونە گورگ دەڕوات بـۆ ئـەوەی خـۆی بگەیەنێتـە گونـدی (بێستانە) کە بارەگای هێزی دەشتی هەولێری لێبـوو. جەماعـەتی جـەلالی ئـەوەی دەزانن و دەکەونە شوێنی و دواى چەند کاتژمێرێك دەیگـرن و هـەر لـەوێ زۆری ئەشـکەنجە دەدەن و دواتـر لـە دوای تراکتـۆری دێخـن و لـە نـاو گوندەکـە ڕای دەکێشن و پاشانیش بە (سێری) تراکتۆرەکە بەسەریدا دەڕۆن و هەر لەوێ شەهید دەکرێت.

ئەوسا من لە پۆلی چوار دەرچووم بە پلەی دووەم بۆ پۆلی پێـنج زۆر دڵخـۆش بووم، بەڵام هەستم بە بۆشایی و نەبوونی باوکم دەکرد.

## سەربازگەی هەولێر و سەردانی باوکم

ئەو کاتە زۆربەی زیندانییەکان بە تایبەتی پێشمەرگە ئەگەر گیرابـا سـەرەتا لـە مەعەسکەری هەولێر دەیانهێشتەوە تا ماوەیەك دواتر دەبرا بۆ شـوێنێکیتر خـاڵم و مامم بە دایکمیان گۆت بـە بیـانووی سـەردانی کردنـی سـجن بـرۆ مەعەسـکەری، لەگەڵ خەڵکی لە ڕۆژی (مواجەهەی- سەردانی) بزانە کاکۆ لەوێیە یان نا.

ڕۆژێکیـان کـە مواجهـە هـەبوو دایکـم ئەمـەی بەگـەرەخۆی دا و چووینـە مەعەسـکەری گەیشـتینە دەرکـەی، کاتێـك کـە سـەرەی ئێمـە هـات ئینزیباتـەك دەفتەرەکی لەدەستبوو لە دایکمی پرسی ناوی سجنەکەتان چییە. دایکیشـم گـوتی (امیرعاض) ناسراوە بە (کاکۆ) ئەویش تەماشایەکی دەفتەرەکەی کـردو گـۆتی ئـەو ناوە لێرە نییە بگەڕێوە دواوە.

توخوا لێبگەڕێ بچینە ژورێ بەڵکو لەوێ بیت.

نابی ناوی نییە ناتوانی بچیتە ژورێ.

ئێ لە سجنەکان دەپرسم بزانم ئەوان نازانن لەکێیە؟

هەر نابی ئەوە قەدەغەیە.

لەبەر خاتری ئەو منداڵانە باوکیان گیراوە ئیزنمان بدە.

دەڵێم نابی بگەڕێوە و پاڵێکی بە دایکم وەنا.

خاتر اللە خاتر محەمەد ئیزنمان بدە.

الله مجاز و محەمەد مات ارجع حورمە ارجع.

بە توندی پاڵەکی بە دایکم وەنـا خـەریك بـوو بکـەوێت، بـەڵام خـۆی گرتـەوە ئەوکاتە (بێخاڵی) خوشکم تازە لـە دایـك ببـوو تەمـەنی نزیـك دوومانـگ بـوو لـە باوەشی بوو ئـەو قیژانـدی و ئێمـەش هـەمووومان دەسـتمان بـە گریـان کـرد و بـە نائومێدی بەرەو ماڵ گەڕاینەوە.

کە هاتینەوە خاڵم و مامم پرسیان چیبوو، دایکیشم گۆتی وەڵـڵا گەلـەك لێیـان پاڕامەوە نەیانهێشت بچمە ژۆرێ گۆتیان لێرە نییە و نابی بچییە ژۆرێ.

خاڵم گۆتی دەچمە کن (عەونی) عیلاجەکمان لۆ بکات.

مەبەستی (عەونی یوسف) بوو کە پارێزەر و کەسایەتییەکی دیاربوو لـە بەغـدا دادەنیشــت و خەڵکــەکی زۆریشــی دەناســی و پــارتیش بــوو. زۆر هاوکــاری چارەسەرکردنی کێشەی خەڵکی دەکرد.

ئینجا خاڵم چووە بەغدا و دوای چەند رۆژێك گەڕایەوە و گۆتی عەونی گۆتیتی لۆم پێبکەون بزانن سجنی جەلالییەکانـە یـان لـە کـن حکوومەتیـە. ئەگـەر لـەلای حکوومەت بێت و لە ژیاندا مابێت لە بن عەردیش بێت دەیدۆزمەوە، بەڵام ئەگەر لای جەلالیەکان بێت، بە خوای هیچ بە من ناکرێت..!

دایکیشم گۆتی ئەوجا کوو پێ دەکەوین لەو شتەی..؟

حاجی ئەحمەدی خاڵم گۆتی (خوشکێ -نازناوی دایکم بوو) لۆ ناچییە کن (مەلا عەوڵای) مەبەستی (مەلا ماتۆر ) بوو پرسیارەکی لێ بکەی خۆ ئەتوو دەناسیت.

مەلا ماتۆر سەرەتا کادری پارتی بوو بە ماتۆری لە دەشتی قەراج و کەندێناوەی تەنزیماتی پارتایەتی دەکرد و دۆستەکی زۆر نزیك و برادەری بابم بوو بەیەکەوە پارتایەتیان دەکرد ماوەیەکی زۆر بە هیچ شێوەیەك لە یەکتری دانەدەبڕان تاکو ساڵی ١٩٦٤، کە بە ناو باڵی مەکتەبی سیاسی لە بارزانی و پارتی جودا بوونەوە. مەلا عەوڵا بەگەر ئیبراهیم ئەحمەد و مام جەلالی کەوت و پارتی نەما. ناوبراو بەرپرسی هەموو جەلالیەکانی هەولێر بوو ماڵی لە نزیك تەکییەی شێخ عەبدوالکریم بوو، مەقەرەکەشی هەرلەوێ لە تەنیشت ماڵی بوو.

لۆ سبەینێ دایکم دیسان ئەمەی بەگەرە خۆی دا و چووینە ماڵی مەلا ماتۆری لە دەرکەی حەرەسەکی لێبوو گۆتی چتان دەوێت دایکیشم گۆتی پیاوم برادەری مەلا عەوڵای بووە و گیرایە دەمەوێت بچمە کنی و پێی برێم سۆراغەکم لۆ بکات. ئەویش دیاربوو چاوی بە مە کەوت هەندەک زگی پێ سوتاین و گۆتی وەرن برۆنە دیوەخانی مەلا عەوڵا لەوێیە. رێی دیوەخانێی پێ نیشان داین، ئەمەش چووین تا گەیشتینە بەر دەرکەی دیوەخانێ. پێڵاوەکی زۆر لە پێش دەرکەی دیوەخانی دانرابوو، دیاربوو میوانی زۆر لە ژۆرێ بوون کە چووینە ژۆرێ دیوەخانەکە پڕبوو هیچ جێگا نەمابوو ئەمە بچین لێی دانیشین. هەرلەسەر دەرکەکەی داکم سەلامەکی کردوو دانیشت و ئەمەش لە دەوری دانیشیتین.

جەماعەتەکە و مەلا عەولا جوابی سەلامیان داوە و دواتر مەلا عەولا تەماشایەکی دایکمی کردوو و گۆتی:

خوشکێ ئەوە ئەتۆی؟ بە خێر بێی.

خێراندار بیت کاك مەلا عەوڵا، ئەرێوەللا ئەمنم.

خێرە کووە لێرەی چ بووە لۆچ هاتی.

ئەدی نەتزانییە کاکۆ گیرایە.؟

بەرێوەڵلا زانیتم. پیاو ئەوەندە عەجوول بیت رۆژەکی هەرتۆش دەبیت.

ئەنگۆ برادەری یەك بوون ئێستا ئەو لێی قەومایە.

ئەوجا چ بە من دەکرێت.؟

نەهاتیمە لێت بپارێمەوە هەتا لۆم بەردەی.

ئەدی لۆ چی هاتیە ئێرە.

هاتیمە سۆراغەکم لۆ بکەیت بزانین مایە، کوژرایە، لە کنەنگۆیە، یان لە کن حکوومەتیە، هەر ئەوەندەم دەوێ.

نازانم مایە یان کوژرایە بەس ئەوەندەی دەزانم لە کنە مە نەگیرایە و لە لای ئێمە نییە.

پاشان مەلا عەوڵا ڕووی لە جەماعەت کرد و گۆتی: جەماعەت با مەسەلەی خۆم و مێردی ئەو ژنەتان لۆ باس بکەم. بەو شێوەیە دەستی پێکرد.

بە دەنگەکی بڵند هاواری کرد خەجێ. خەجێ.؟

لەو دیو وەڵام دراوە بەڵێ مەلا.

وەرە ئێرە.

خەجێ هاوسەری مەلا عەبدوڵلا بوو لە کوردەواری پێیان دەگۆت (خەجە گڕو). ئەویش هات و لەناو دەرکەی دیوەخانێ راوەستا لە بیرمە دەستی بە چارچێوەی دەرکەکەوە بوو، قۆڵی پڕبوو لە بازنی زێڕ و گۆتی مەلا بڵێ چت دەوێ.؟

مەلاش گۆتی راوەستە لەوێ ئیشم هەیە. پاشان درێـژەی بـە قسـەکانی داو و ئەوهای گۆت:

"من و مێردی ئەو ژنەی لە منداڵییەوە برادەری یـەك بـووین و لەیـەك نزیـك بـووین تـا تەمـەنی مێـرد منـداڵیش هـەر بـە یەکـەوە بـووین بـە بـێ یـەکتر نەدەحەواینەوە. دواتر بە گـەنجێتی هـەر بەیەکـەوە بـووین و بـە مـاتۆریش لـە قـەراجێ دەگـەڕاین و کوردایـەتیمان دەکـرد. (امیرعـاس) واتـە (کـاکۆ) کەسـێکی چاپووك و چالاك و قسە خۆش و لە هەمان کات چاو نەترس و بە غیـرەت بـوو. بەڵام حەیف لە کاتی (موقف) واتە ساڵی ١٩٦٤ ئەو لە ریزی مەلاییەکاندا مـاوە و مەوقفی وەرنەگرت. ئەو زۆر خۆشەویست بوو لە لام و ئێستاش هـەر خۆشـم دەوێ، چونکە زەلامەکی بە غیرەت بوو. پاشان گۆتی جەماعەت . خوشـکێ بـاش گوێ لەو قسەم بگرن. سێ بەسێ تـەڵاقی مـەلا عـەوڵای لـەو خەجێیـەی کـەوتبێ ئەمن کە ئەوندە دۆست و برادەری کاکۆی بووم سێجار لـەو هـەولێرەی لـە ترسـی ئەوەی کاکۆ نەمکوژیت بە جلکی ژنان خۆم قوتار کردییە لە مەرگ دەربازم بووە. وەڵاهی خوشکێ نازانم لە کێیە و لە کنـە مـەش نەگیرایـە. حکوومـەت گرتیتـی و خوا دەزانی لە کێیە. بەس وەڵاهی ئەگەر لە کنە مە باو لە دەسـتی مـەبا ئـەمن بە دەستی خۆم دەمکوشت رێم نەدەدا ئەو پیاوە مەرد و بـە غیرەتـە بـە دەسـتی نامەرد لێی بدرێت یان بکوژرێت، چونکە حەیفە پیاوی مەرد بە دەستی نامەرد لە ناو بچیت."

پاشان گۆتی:

"خوشکێ خوا گەورەیە هەرۆوە مارێ و ئاگات لەو منداڵانە بێـت و بـەخێویان بکە هەتا بزانین خوا دەرکەکی دەکاتەوە. بەو خوایەی هیچ بە من ناکرێت."

خەرکەکە ئەوەی لەوێ دانیتشبوون هەمووی زۆر بە سەرسووڕمانەوە سـەیری ئێمەیان دەکرد و سەرسام ببون بەو قسانەی مـەلا عـەوڵا پاشـان دایکـم هەسـتاوە سەرپێ و گۆتی:

"زۆر مەمنوون مەلا عەولا ئەمن لۆ هەندێ نەهاتبووم ئەتوو هیچم لـۆ بکـەی تەنیا ویستم بزانم لە لای ئێوەیە یان حکوومەت.؟" پاشان گۆتی خواحافیز و لەوێ هاتینە دەرەوە و بەرەو ماڵ چووین کـە گـەیشـتینە مـاڵی خـارم حـاجی ئەحمـەد لەگەڵ مامم عەبدولواحید لە ماڵی مە بوون چاوەڕوانی ئێمەیان دەکـرد، بـە پەلـە پرسیان کرد ها خوشکێ چ بوو مەلا عەوڵات دیت.؟ چی گۆت.؟

ئەرێوەڵا دیتم هەموو قسەکانی مەلا عەوڵای بۆ گێڕانەوە و گۆتیشی بە خـوای باوەڕ ناکەم مابیت. هەر لەبەر ئەوەش ئەو قسەیەی دەکرد.

دیعایە و پروپاگەندەی زۆر لەسەر گیرانی ئەوان دەستاودەستی پـێ دەکـرا لـە ناو هەولێرێ. هەندەك دەیانگۆت.

پارچەپارچەیان کردییە و فڕێیان دایتە ناو دیجلەی.

ناوەڵا لە ئەمنی عامە لە ناو حەوزی تیزابیان نایە و کوشتیتیان.

ناوەڵا دەرێن لە ماری مودیری ئەمنی عامـە بـە بزمـاری بەهـەر چارپـەلان لـە دیواریاندایە هەتا روحی دەرچووە.

لە هەیئەی کەرکووکێ لە سێدارەیان دایە.

بەکورتییەکەی هیچ کەس باسی لە زیندوو بـوونی نـەدەکرد هـەمـووی هـەر ڕەشبین بوو، تەنیا بیریان لە کوشتنی دەرکردەوە خەڵکەکە دەیـانزانی بـاوکم چـی کـردووە و لـە هـەمان کـاتیش دەیـانزانی چ حکوومـەتێکی دڕندەیـە و ڕەحـم بـە مێرووستانیش ناکات.

لە گەرمەی ئەو پروپاگەندانەدا لە کۆتایی مـانگی ١١ی ١٩٦٩، لـە ئێوارەیەکـدا موسەلەحەیەك لە سەری کۆڵانی ئێمە راوەستا لە پێش چایخانەی عوسمانی. دوو زەلامیان لێ فرێدا خوارێ و رۆیشـتن لـە پـڕ بـووە هـاوار و گاسـەگاس، ئـەرێوەڵا

کاکۆیان بەردا. قەرەبالغیەکی زۆر دروست بـوو خەبـەریان لـۆم هێنـا و مزگێنیـان داوا دەکرد.

بەڵێ باوکم بوو زۆر بە موفاجەئە و بێ پێشەکی هێنایانەوە ماڵی ئیتر هـەرچی گەڕەك و خزم و کەس و ناسیاو هەبوو لەوێ کۆبوونـەوە، خەبـەریان لـۆ دۆرەزەی نارد کە مارە خارەکانم لەوێ بوون ، هەر ئـەو شـەوەی هـەموویان هـاتن.. نـە لـە ماڵی ئێمە و نە لە حەوشێ و نە لە کۆلانێ و نە لە ماڵـە جیرانـان جێـی خـەڵکی نەدەبۆوە ئەوەندە زۆر خەڵك کۆببونەوە. ئاسەواری ئەشکەنجە و لێدان بە ڕوونی لە سەر جەستەی باوکم دیاربوو دەست و قاچەکانی بە جۆرێك ئەستوور ببوو کە ببـووە مایـەی تێڕامـانی خەڵکەکـە بەیانییەکـەی زوو خـاڵم عـەولا دوو حـەیوانی لەگەڵ خۆی هێنابوو هەر لە حەوشە سـەری بـڕین و ژنـەکان هـەمووی خـەریکی شیولێنان و خزمەتی میوانان بوون. حەوشەکەی ئێمە گـەورە و دوورووودرێـژ بـوو بە دوو ریز جێگایان راخسـتبوو بـۆ ئـەوەی میوانـەکان لـە سـەری دانیشـن نزیـك نیوەڕۆ بوو کاتی نانخواردنی نیوەڕۆ بوو دیتم جێبەکی لاندرۆڤەر لە پێش دەرکەی مە رایگرت، ئەمەش هەر وەمانزانی میوانن هاتنە خوارێ شـەش ئەفەنـدی بـوون هەموویان دەمانچەیان لەبەرپشـتی بـوو یـەکیان کـورد بـوو پێنجەکـەیتر عـەرەب بوون. نەهاتنە ژورێ گۆتیان بێ زەحمەت کاکۆمان لۆگاس بکەن ئیشەکمان پێیتی. بابیشـم هاتـە بـەر دەرگـەی و گـۆتی فـەرموون. گۆتیـان ئەگـەر هـەتا محافـەزەی لەگەڵمان بێی فایلەکەت هەندەك شتی نوقسانە پێویست دەکات تـەواوی بکـەین و ئەتووش لەسەری ئیمزا بکەی.

باوکم شەلوار و کراسەکی لەبەربوو، بۆیە گـۆتی باشـە بـا بچـم خـۆم بگـۆڕم و جلەکانم لەبەر بکەم دێم.

.. پێویست ناکات خۆت بگۆڕی هەر ئەوها وەرە زۆرت پێ ناچی و بە خۆمـان دەتهێنینـەوە مـارێ بـەو شـێوەیەی باوکمیـان لەگـەڵ خۆیـان بـرد و ئیـتر نەیانگەڕاندەوە تا لە کۆتایی مانگی (٦ی ١٩٧٠) ئازاد کرا.

## بەزمی من و حەوێزە فەندی

ساڵی خوێندنی ١٩٦٩-١٩٧٠ مـن بـووم بـە پـۆلی پێنجـی سـەرەتایی. حاجییـە فەندی کە مامۆستای مێژوو بوو خـەڵکی شـاری کـۆیێ بـوو لـە گـەڕەکی پۆلیسـان کاتی لە خانی کەریم بزنی دابووین ئەو جیرانمان بوو کەسەکی زۆر بـە ئـەدەب و هێمن و نەرموونیان بوو پارتییەکی دڵسـۆزیش بـوو زۆریـش دۆسـتی بـاوکم بـوو. پایسکلەکی هەبوو رۆژی جارەك لـۆ ئـەحواڵ پرسـینێ دەهاتـە ماریمـە رۆژەکیـان گۆتییە داکم ئەگەر ئەتو ڕازی بیت سالاری نەقلی مەکتەبی خـۆم دەکـەم و ئـەمن لەگەرە خۆشم دەیهینم و دەیبەم و ئاگاشم لێ دەبیت کەس غەدری لێ نەکات. لە ڕاستیدا ئەمنیش پـێم خۆشـبوو فکـرم لـەوەی کردبـۆوە هـەموو رۆژێ بـە سـواری پایسکلی دەچمە مەکتەبێ و دێمەوە لەبەر پایسکلەکەی پێم ناخۆش نەبوو نـەقڵ بکرێم لۆیە گۆتم ڕازیمە. ئەو کاتە حاجییە فەندی لە (مەکتەبی هـەژار) بـوو کـە لەسەر ٦٠ مەتری نزیك جسری سەیداوەی بوو مەرکـەز تەندروسـتییەکی بەرانبـەر بوو خەڵك پێیان دەگۆت (خەستەخانەی شیری) ئـەوجا نـازانم لـۆ وەیـان دەگـۆت وابزانم لەوێ شیریان دابەش دەکرد بەسەر منداڵی شیرخۆر. مودیری مەکتەبەکەی ناوی مامۆستا (حەوێز) بوو ئەویش کۆیی بوو زەلامەکی بەکەلەش گەورە و قەڵەو بوو سەرەکی گەورە و ئەسلەحی هەبوو دەمووچاوی غەزەبی لێ دەباری.

دیاربوو حاجییە فەندی لە لای وی هەندەك باسی من و عائیلەکەمی کردبـوو، لۆیێ زۆر دڵخۆش نەبوو بە چوونم لۆ ئەو مەکتەبەی لەیەکەم دیتندا گۆتی دەبـی تەلەبەکی بێدەنگ و بێ موشکیلە بی، ئەگەر نا سـاقیتت دەکـەم و دەرت دەکـەم لە مەکتەبێ. رەفتاری لەگەڵ نوورییە فەندی مـودیری پێشـوترم عـەرد و عاسـمان فـەرقی هـەبوو. حەیزەرانـەکی لەدەسـتی بـوو ناوەنـاوە برنـد و نـەوی دەکـرد، حەیزەران ووژەی دەهات روحت لێ دەچوو. هەر ئەو کاتە زانـیم کـە هەڵەیـەکی

گەورەم کردییە و خۆم نەقلی ئەو مەکتەبەی کردووە، بەڵام کار لە کار ترازابوو تازە گەڕانەوە نەبوو فکری سواری پایسکیلی هەموو شتەکی لەبیر بردبوومەوە.!

ئـەو کاتـە سـەیارە و شـت وەکـو ئێسـتا نـەبوو پایسـکلەکی (حـەدبای) مانـای وەنەوشەکی ئێستای دەگەیاند ماموستا و مراقب بەلەدییـەکان بـە واسـتە وەریـان دەگرت. ئەو کات پایسکل شتێکی زۆر موهیم بوو.

بینایەی مەکتەبەکە و ماموستاکان و مودیرەکە و قوتابیەکانیش بۆ من شـتەکی نامۆ بوو. نەمدەتوانی خۆم لەگـەڵی بگـونجێنم کەسـم لـێ نەدەناسـی وا هەسـتم دەکرد غەریبەمە لەو جێگایە. تەلەبەك هاتە لام گۆتی ئەمن ناوم (ئیبراهیمە) پـێم دەرێن بلە خەڵکی (خۆرانم) خۆشناوم جێیەك لە تەنیشت من بـەتارە وەرە لـەوێ لە کنە من دانیشە. ئەو بلەیە کورتەك و شەلواری لەبەردابوو، ٨-٩ پینەی پێوە بوو، دیار بوو لە عائیلەکی هەژاردایە. ئـەمنیش گـۆتم بابـت مایـە گـۆتی ئـا بـابم مایـە حەمبارە لە بازاڕی ئەمنیش وەکی  لە مەکتەبی دەچمەوە نانەکی دەخۆم یەکسەر دەچمە کن بابم و ئەمنیش حەمباری دەکەم. گۆتم:

حەوێزە فەندی زۆر تووڕە دیارە.!

کوڕە ئەوجا چت دیتییە تەلەبە رۆحیان  لێچووە.

لۆ رۆحیان لێچووە.؟

لەو گۆڕەی هەنجەت بە تەلەبان دەگری و دەیانداتە  بەر حەیزەرانی.

ئێ کوو دەبی ئەوها؟

وابووە  و دەسەڵات چییە. ئەتوش ئاگات لە خۆت بێت بەو خوایـەی هـەر بـە تەنیشتت دابێت لەو گۆڕەی حەیزەرانەکت دەخێوێنێتێ.!

پاشان سەری هێنا بن گوێ و گـۆتی ئاگـات لـە خـۆت بێـت جـەلالیشـە کـەس ناوێری دەنگی لەگەڵ بکات.

ئەمنیش گۆتم ئـەوجا ئـەمن چ حـەقم لێیتـی دەرسـی خـۆم دەکـەم و تێکـەڵ کەسیش نابم و عەجولیش نابم، خۆ ئەویش شێت نییە لەو گۆڕەی لێم بدات.

ئەمن وا پێم گۆتی ئەتووش کەیفی خۆتە.!

بـەو شـێوەیە برادەرایـەتیمان لەگـەڵ (بلـەی) دەسـتی پێکـرد. ئـەو کـوڕەکی بێدەنگ و زیرەك بوو. زیرەکترین قوتابی پۆڵ بوو ڕاستە جلەکانی پینەپینـە بـوون، بەڵام هەمیشە پاك و خاوێن بوو. کوڕێکی ماندوو بوو لەژیان، دانەك لە قوتابخانە و دانەکەیتریش تا ئێوارە حـەمباڵی دەکـرد، زۆرم لاسـەیر بـوو ئـەدی چـۆن ئـەوها زیرەکە لە دەرس و پۆڵ. نازانم ئێستا لە ژیان ماوە یان نا و خەریکی چییە، چونکە دوای ئەوەی من لەو مەکتەبە خۆم نەقلی کۆرەك کردەوە ئیتر هەرگیز نەمدیتەوە.

حەفتەیەك بوو هاتبومە ئەو قوتابخانەیە رۆژێك لـە ریزبـوونی قوتابیـەکان لـە حەوشە مامۆستا حەوێز بە دەنگی بڵند گۆتی (سالار کاکۆ عەزیز) بێتە دەرێ.

هەر کە ناوی منی هێنا هەموو قەلبم لەرزی هەر لەیەکـەم دیـدارم لەگەڵیـدا رۆحم لێ چووبوو. ئەمنیش چوومە دەرێ و گۆتم بەڵێ مامۆستا، سـەیرێکی کـردم و نیوچەوانی لێك ناو  گۆتی:

دەستت بکەوە.

لۆ مامۆستا چم کردییە.

سەگباب دەستت بکەوە دەرێم.

مامۆستا جوون بە بابم مەدە چ لە خۆم دەکەی  قەیدی ناکات.

دەرێم دەستت بکەوە سەگی سەگباب.

دەسەڵاتم نـەبوو ئـەمنیش دەسـتم کـردەوە و بـە هـەموو هێـزی خـۆی چـوار حەیزەرانی لە دەستی دام و گۆتی وەلا رۆحت دەکێشم بزانە کوو دەتکەمە پیاو.

ئـەمنیش یەکـەم جـارمبوو لـە قوتابخانـە لێـدان بـە دەسـتی مامۆسـتا بخـۆم، بەڕاستیش حەیزەرانەکە زۆر ئازاری پێگەیاندنم فرمێسك لە چـاوم هاتـە خـوارێ و گەڕامەوە ڕێزی قوتابیان و بەس هەردوو دەستم سڕ ببوون. تا چووینە ناو پـۆلیش هەر دەگریام خۆم زۆر بە بێکەس دەزانی هەر لە دڵی خۆم دەمگۆت ئەگەر بـابم لێرەبا دەیزانی چ لەو مامۆستایە دەکات. دەستم ئەوەنـدە ئـێش و ئـازاری هـەبوو تەنانەت توانای نەمابوو جانتاکەش بکاتەوە و کتێب و دەفتەر و قەڵەم دەربهێنی. بله هاوکاری کـردم و شـتەکانی لـۆ دەرهێنـام و تەلەبـەکان هـەموویان بـە چـاوی بەزەییەوە سەیریان دەکردم دەمزانی هیچ گۆناحەکم نەکردییە و لـەهیچ و خـۆڕا لێدانم خواردییە سەیری ناو لەپی دەسـتم دەکـرد سـوور هەڵگـەڕابوو پەنجـەکانم ئەستوور ببوون لە بەر ئێش و ئازار پەنجەکانم دەخستە ناو دەمم، بـەڵام سـوودی نەبوو دەتگۆت بە ڕوونی قرچاوە داغ بووە.!

ئەو ڕۆژە تێپەڕی لە گەڕانەوە بۆ ماڵێ لـە پشـت پایسـکلی حاجیـە فەنـدی دانیشتبووم. حاجیە فەندی گۆتی:

حەوێزە فەندی لەسەر چ لێیدای.؟

وەڵلا هەر ئەوها لە خۆڕا لێیدام هیچم نەکردبوو.

زۆر لێیدای.

چوار دار حەیزەرانی لێدام.

کابرایەکی بێ ویژدانە.

مامۆستا غەدری لێکردم.

دەزانم کوڕم بـەس ئـەتوو لـە مـاڵێ بـاس مەکـە بـا داکـت نـەزانیت خەفـەتی پێدەخوا. ئەمن بەخۆم سبەینێ قسە لەگەڵ حەوێزە فەندی دەکەم، باشە؟

باشە مامۆستا هیچ باس ناکەم لە مارێ بەس خۆزگە بابم مابا.

کوڕم انشالله بابت مایه و دەگەڕێتەوە ئەتوو فکر لەو شتانە مەکەوە، فکر لە مەکتەب و دەرسەکانت بکەوە.

باشە مامۆستا وەدەکەم ، بەس لە بیریشم ناچێت غەدرم لێکرایە و دڵم پڕبوو دەستم کرد بە گریان.

دوو سێ رۆژ پاش ئەو ڕووداوە ڕۆژێك لە پۆڵ بووین، وانەی عەرەبی هەبوو فەراشەکە هاتە ژووریٚ و کاغەزەکی بچووکی دایە مامۆستاکە، ئەویش تەماشای کردم و گۆتی سالار بچۆرە ئیدارە.

ئەمنیش قسەکانی حاجیە فەندیم هاتەوە بیر کە گۆتی لەگەڵ حەوێزە فەندی قسەی دەکەم. بە دەم ڕێوە زۆر دڵخۆش بووم وامدەزانی ئیتر حەوێزە فەندی هیچم پێ ناڵێت کە چوومە ژۆریٚ ئیدارەی دیتم جگە لە حەوێزە فەندی هیچ کەسی تری لیٚ نییە. بە فەڕاشەکەی گۆت بڕۆ دەریٚ دەرگاکە داخە پاشان گۆتی:

پێم بلیٚ بزانم ئەتو لۆ لە مەکتەبیٚ (مەلاییاتی) دەکەی مەبەستی (پارتایەتی) بوو.

مامۆستا مەلاییاتیی چییە.؟

هەی(خۆڕی باب) خۆت لە خەت دەدەیت وادەزانی ئەمن نازانم.

مامۆستا بە خوای ئەمن ئەو ئیشەم نەکردییە هەر نازانم چییە؟

نازانی ئەمن پێت دەرێم چییە وەڵاهی یان دەتکوژم یان دەتکەمە پیاو.

بە گریانەوە مامۆستا توخوا لێم مەدە ئەمن هیچم نەکردییە.

(گوی بخۆ). دەستت بکەوە.

ئەمنیش دەستم کردەوە و ئەو بێ ویژدانە بە هەموو هێزی وەك ئەوەی لەگەڵ هاوتەمەنەکی خۆی شەڕ بکات هەڵدەستاوە و سەرنوکی پێ و حەیزەرانی بڵند دەکردە عاسمانیٚ و بە هەموو هێز دەیهێنا خواریٚ و شەقەی لەدەستم

دەهێنا و لە وژەوژی حەیزەرانەکە هەموو جەستەم دەهاتـە لـەرزین. ئـەو رۆژە هەشت حەیزەرانی لێدام، زیـڕەم ئـەو قاوشـەی پـڕ کردبـوو. کەسـیش نەدەهاتـە ژووریٚ، بە هاوارمەوە بێت. پاشان گۆتی ئەوجا بـڕۆوە نـاو پـۆڵ و لـە پشـتەوەش یەك دوو حەیزەرانی لە لاقم و پشتەملمدا، ئەمنیش خوا خوام بوو قوتارم بیت بـە ڕاکردن و بە گریان چوومەوە پۆڵ. مامۆستا و قوتابیەکان کە ئـەمنیـان دیـت بـەو شێوەیە زۆر ناڕەحەت و خەفەتبار بوون، وازیان لە دەرسـەکەی هێنـا. مامۆسـتاکە مەسـیحی بـوو کەسـێکی بـە ڕەحـم بـوو دەسـتە سـڕەکەی خـۆی دەرهێنـا و فرمێسـکەکانی بـۆ سـڕیمەوە ، گوتییـە بلـەی هەسـتە لـەویٚ، هـات لـە تەنیشـتم دانیشت گۆتی لۆ لێدانت خواردییە؟ نوتقم گیرابوو، هـیچ قسـەیەکەم پێنـەدەکرا. تەماشـــای دەســـتمی دەکـــرد و شـــین و مـــۆر هەڵگـــەڕابوو، پاشـــان مامۆســـتا دەسترەهەکەیدا بلەی و گۆتی بڕۆ لە بەلوعـەی ئـەو دەسـتڕەی تـەر بکـە، ئـەویش وایکرد. کاتی هێنایەوە مامۆستا دەسترەکەی بەسەر هەردوو دەسـتم دادا و گـۆتی: چاك دەبیتەوە.

پاشان جـەرەس لێیـدا و قوتابییـەکان هـەموویان هاتنـە لای مـن و دڵنـەواییان دەکـردم و زگیـان پـێم دەسـوتا، دەشـیانزانی ئـەمن کەسـێکی دەرسـخوێن و بـێ موشکیلەم لە مەکتەبیش. بەس ئەوانیش تەعەجوبیان کردبـوو لەسـەر چـی ئـەمن لێـدانم خواردییـە، حاجیـە فەنـدی زانیبوویـەوە هاتـە لام کـە ئـەمنی دیـت زۆر ناراحەت بوو دواتر چووبووە لای حەوێزە فەندی و گلەیی ئەوەی لـێ کردبـوو کـە ئەو ئەمنی نەقلی ئەو مەکتەبەی کردییە نەدەبوایـە ئـەوها لـێم بـدات. حـەوێزە فەندیش خۆی لە حاجیە فەنـدی تـووڕە کردبـوو پێیگوتبـوو ناکـا ئـەتۆش مـەلایی بیت.!؟

ئەوە دواتر حاجیە فەندی لۆی گێڕاینەوە کە ئەوهای پێ گۆتییە.

ئیتر ئەوە بوو بە نەریت ئەگەر هەموو رۆژیـش نەبایـە رۆژەك نـا رۆژەك چـار دارم دەخوارد لـە ژیـانی خـۆم بێـزار ببـووم. بیـرم لـە زۆر شـت دەکـردەوە، بـەڵام

دەسـەڵاتم نـەبوو پێشـم غـەدر بـوو واز لـە مەکتـەب بهێـنم. ڕۆژەکیـان دەرسـی ئینگلیزیمان هەبوو مامۆستاکە کەلیماتی فێر دەکردین. ئەو کاتە دەرسی ئینگلیـزی لە پۆلی پێنج داخلـی مەنهـەجی خوێنـدن دەبـوو. شـتێکی نـامۆ و نـوێ بـوو بـۆ قوتابی. ئەوجا ئەو مامۆستایەش زۆر زۆر بە هێمنی و ئـارامی دەرسـەکەی شـەڕح دەکرد. پاشانیش یەك یەك بەسرە لە قوتابیەکانی دەپرسـییەوە. وشـەیەکی لەسـەر تەختـە ڕەشـەکە دەنووسـی و قوتابییـەکی هەڵدەسـتان دەیگـۆت ئـەوە چییـە بخوێنـەوە. پاشـانیش دەیگـوت سـپێلی بکـە. کـە سـرەی مـن هـات ڕسـمی ژێـر پیالەیەکی کرد و بۆشاییەکی لە تەنیشـت دروسـت کـرد و لـە منـی پرسـی (وەت ایس دیس.؟)

. ئەمنیش تەماشایەکی ژێر پیاڵەکەم کرد و نەمزانی چی بڵێم هەرگۆتم.

. دیس ئیس. دیس ئیس. نەمدەزانی چییە و چی پێ دەڵێن لـە بیـرم چوبـووە. دیسان پرسی

وەت ئیس دیس.؟

دیس ئیس.دیس ئیس. دیس ئیس

دیس ئیس فەرخە پۆلیس.!

هەموو تەڵەبەکان دەستیان بە پێکەنینی کـرد بـەمنی گـۆت بـرۆ دانیشـە زۆرم شەرم لە خۆم کردەوە چوومەوە سەر ڕەحلەکم و دەستم بە گریان کرد.

..کوڕم لۆ دەگرییی خۆ هیچم پێ نەگۆتی، بەس ئەمن باشم فێر کردینە ئـەتوو لۆ نەتزانی. نازانم.!

ئەو جارە باش مێشکی خۆتیی بدێ با منداڵ پێـت پـێ نەکـەنن ئـەو قسـەیەی مامۆستا زۆر تەئسیری لێکردم لۆیێ لە دڵـی خـۆم وەعدمـدا دەبـی لـەو دەرسـەی

کەس لە من زیاتر وەرنەگریت  هەرواش دەرچوو دواتر لە تاقیکرددنەوەی نیوەی ساڵ (٩٨م)  هێنا و  مامۆستا و تەلەبەکانیش تەعەجوبیان کردبوو.!

ئەمن خوا خوام بوو مەکتەب تەعتیل بێت، چونکە لێدانەکەی رۆژانەم نەدەما.! نیوەی ساڵ هات و پشووی نیوی ساڵ تەقریبەن ئازارەکانی لە بیربدبوومەوە لەگەڵ دایکم چووینەوە گوندی ماڵی خارم (تەلەمەتار) لە دەشتی قەراج ئەو ماوەیە لەوێ ماینەوە تاکوو قوتابخانەکان کرانەوە و پشوو کۆتایی پێهات و ئێمەش گەڕاینەوە هەولێر و سەر لە نوێ چووینەوە قوتابخانە.

ماوەیەك لێدانم نەمابوو گۆتم دیارە ئیتر مامۆستا حەوێز لێمنادات  تا رۆژەکی (مفەتیش) هاتبووە مەکتەبێ پۆڵ پۆڵ دەگەڕا و پۆڵەکانی بەسەر دەکردەوە بۆ ئاگاداربوون لە چۆنییەتی وانە دانەوەی مامۆستاکان، حەوێزە فەندیش لەگەڵیدابوو، بۆ  هەموو پۆڵەکان. دەرسی عەرەبیمان هەبوو مامۆستا پرسیارەکانی لەسەر سەبوورەکە نووسیبوو بۆ ئەوەی لە قوتابیەکان بپرسێتەوە، مفەتیش هاتە ژۆرێ و  حەوێزە  فەندیش غەزەب لە چاوی  دەباری، ئەویش لە تەنیشتی ڕاوەستا. هەموو  قوتابیەکان زراوییان ڕژابوو لە ترسی مفەتیش تەماشایەکی تەختەڕەشەکەی  کردوو و گۆتی: کێ دەزانی حەلی ئەو پرسیارە بکات دەست هەڵبرێت.؟

یەك تەلەبەش دەستی هەڵنەبڕی زۆربەی هەرە زۆری تەلەبەکان دەیانزانی بەس لە ترسی حەوێزە فەندی جورئەتیان نەدەکرد دەست هەڵبڕن، مامۆستای وانەکە لە پشت مفەتیشەکە ڕاوەستابوو بەپەنجەی دەست ئیشارەی بۆمان دەکرد کە دەست هەڵبڕین. وەڵا ئەمنیش دەستم هەڵبڕی مفەتیش گۆتی: ها کوڕم ئەتۆ دەزانی.؟

مامۆستا هەر ئەمن نیمە کە  دەزانم.هەموو دەزانن.

ئەدی لۆ کەس دەستی هەڵنەبڕی.

مامۆستا لە ترسی حەوێزە فەندی.

لۆ لەترسی حەوێزە فەندی؟

مامۆستا بە بێ موناسەبە و لەخۆڕا هەموو ڕۆژێ لە تەلەبەکان دەدات و ڕۆحی تەلەبانی بردییە. هەر تەلەبەك چاوی پێ دەکەوێ لە ترسان هەموو قەلبی دەلەرزی، چونکە بە حەیزەرانەکەی دارکارییان دەکات بە بێ ئەوەی هیچمان کردبیت.!

تەماشایەکی حەوێزە فەندی کردوو، حەوێزە فەندی عارەقەی لە نێوچەوانی دەهاتە خوارێ و پاشان ڕۆیشت و گۆتی: با بڕۆین حەوێزە فەندی. بە عەجەلە لە پۆڵ دەرچوون و پۆڵ بێ دەنگ ببوو دەتگۆت کەسی تێدا نییە، مامۆستاکە ڕووی لە من کردوو و گۆتی:

کوڕە ئەوە چ قسەیەك بوو کردت.؟

لۆ مامۆستا خۆ درۆم نەکردییە.

نەدەبوو ئەو قسەیە بکەیت، دەبوایە بەس جوابی پرسیارەکەت داباوە.

مامۆستا هەموو تەلەبەکان دەیانزانی بەس لە ترسی وی نەدەوێران دەست هەڵبڕن.

ئەمنیش ئەوەم دەزانی بەس ئەو بە خۆی کەیفی بە تو نایەت دەبوایە ئەو قسەیە نەکەی. ئەوە شکایەت بوو لەوت کرد لە خۆت تێکدا.

قەیدی ناکا مامۆستا هەرچیم لێدەکات با بیکات خۆ قسەی دڵی خۆمم کرد.

دوای چەند دەقیقەیەك فەڕاشەکەی ناردە دوام و هەموو قوتابیەکان و مامۆستاکەش بە چاوێکی پڕ لە گومان سەیریان دەکردم و دەیانزانی لێدان دەخۆم، بەڵام مامۆستاکە گۆتی: کوڕم هەستە هەڕۆ، بەڵام داوای لێبوردن لە

حەوێزە فەندی بکە و بڵێ مامۆستا نەمزانی هەڵە بووم ئەو قسەیەم کرد با لێت نەدات و ئازارت پێ نەگەیەنێت.!

هەستام و بەرەو ژووری بەڕێوەبەر چووم کە گەیشتمە بەر دەرکەی حەوێزە فەندی لە ناوەندی ژورەکە راوەستابوو بە فەراشەکەی گۆت برۆ دەرەوە، پاشان ڕووی لە من کرد.

سەگی  سەگباب شکایەتم لێدەکەی.؟

مامۆستا ببوورە بە خوا  نەمزانی.

ئەتو فعلی هەموو تەلەبەکانیشت تێکدایە.

لۆ مامۆستا چم کردییە.؟

سەرسەری رۆژانە پارتایەتی دەکەی لە  ناو مەکتەبێ.

پارتایەتی چییە مامۆستا بە خوای نازانم مەبەستت چییە؟

خۆت  لە خەت دەدەی خۆڕی.

مامۆستا جوێن مەدە عەیبە ئەگەر دەتەوێت لێم دە.

کوڕە ئەتوو زمانیشت درێژە.

بە حەیزەرانەکەی یەك حەیزەرانی لە تۆقی سەرمدا چاوم  لەگەڵ  تاریك بوو پاشان گۆتی: دەستت بکەوە.

ئەمنیش هەردوو دەستم کردەوە و بە هەموو هێزی کە هەیبوو هەشت حەیزەرانی لەدەستمدا پاشان گۆتی:

وەڵلاهی سەگی سەگباب هەموو دەرسەکانت سەد بهێنی ئەتوو سەری ساڵێ لە هەشت دەرسان ساقیتی.

ئەگەر پیاو بیت ساحێبی  قسەی خۆت دەبی و ساقیتم دەکەی.

بە حەیزەران وەرگەڕا پشت و چۆك و لاقم و باش دارکاری کردم، بە شەلەشەل ڕامکـردەوە پـۆل لەبـەر ئـازاری پشـت و لاق و چـۆکم ئـازاری دەسـتەکانم لـەبیر چووبۆوە، بەڵام دەستم وەکو دەبدەبەی ئەستوور و پڕبا ببـوو، وەختـی گەیشـتمە پۆل قوتابیەکان کە منیان بەو شێوەیە دیت هـەموویان هـاتن ودڵنـەواییان کـردم. مامۆستاکەش مەسیحی بـوو، ڕووی لـە ئاسـمان کـردوو گـۆتی: خوایـە گیـان ئـەو ناحەقییەی قبووڵ نەکەی. پاشان هات و دەستی بەسەرم داهێنا و ئەویش وەکـو قوتابیەکان دڵنەوایی دەدام.

ژیانم تاڵ ببوو، دونیام لێ ببووە جەهەننەم، نەمدەزانی چۆن لەو جەهەننەمە خۆم دەرباز بکەم. هەر لە دڵی خۆم دەمگوت ئەی لـەو هەڵەیـەی کـە مـن کـردم چۆن خۆم بە دەستی خۆم تووشی ئەو مەینەتییە کرد نەدەبوایە خۆم نـەقلی ئێـرە بکردایە. حاجیە فەندیش هـیچ دەسـەڵاتی نییـە و نـاتوانی پارێزگـاریم لـێ بکـات. ئەدی بە کێ بڵێم ڕوو لە کـێ بکـەم، باشـتر وایـە مەکتـەبی تـەرك بکـەم. ئـەوەش نابێت کوو دەبی مەکتەبی نەکەم. بە کورتییەکەی تووشی حاڵەتێکی دەروونی زۆر خـراپ ببــووم، بــە تــەواوی گۆشــەگیر ببــووم، تەنانــەت نەمــدەتوانی یارییــە منالانـەکانیش بکـەم لەگـەڵ برادەرانـی کۆڵانمـان. رۆژ لـەدوای ڕۆژیـش لـە ڕووی توانای جەستەییەوە لە کزی دابووم. دایکم چەندین جار دەیبردمە لای دکتۆرەکان، بەڵام هەر چارەسەر نەدەبووم تا دواجار دکتۆر (ئاگوب) گۆتی: تووشـی شۆك بووە و خەمۆکی دایگرتووە، هەندێ حەب و شروبـی بـۆ نووسـیم تۆزێـك باشـتر بـووم، بەڵام هەمیشـە ڕەنگـم زەرد هەڵگـەڕابوو. بیـری ئـەوەم دەکـردەوە لـەولا بـەعس باوکمی گرتووە، کەس نـازانی کـوژراوە یـان رۆژانـە ئەشـکەنجەی دەدەن، لێـرەش ئـەمن رۆژانــە لــە لایــەن حــەوێزە فەنــدی ئەشــکەنجەی دەروونــی و جەســتەیی دەدرێم. لە ڕاستیدا ژیان بۆ من هیچ مانایەکی نەمابوو، بەڵام ئومێـدەکی بچـووکم مابوو کە سەری ساڵ نزیك دەبینەوە و پشووی هاوینەش دێتـە پـێش و هـەوڵیش دەدەم بگەڕێمەوە قوتابخانەکەی خۆم.

سەری ساڵ داهـات و تاقیکردنـەوەکان دەسـتیان پێکـرد و منـیش بـە باشـترین شێوە خۆم ئامادە کردبوو لەگەڵ بلەی ئیمتحانی یەکترمان دەکرد هەردووکمان زۆر باش بووین. دوارۆژی تاقیکردنەوە هات و بۆ من ئەو رۆژە جەژن بوو، چونکـە لـە دەست  حەوێزە فەندی نەجاتم دەبوو.

ئیتر هاتینەوە ماڵ و چاوەڕوانی رۆژی وەرگرتنـەوەی ئەنجامـەکان،  ئـەو رۆژە هات و منیش چووم بۆ وەرگرتنەوە.

لە مەمەڕی قوتابخانەکە مێزەکیان دانابوو، حەوێزە فەندی یەك یەك بـە خـۆی ناوەکـانی دەخوێنـدەوە و بەڵگەنامـەی دەرچـوون یـان دەرنـەچوونی دەداوە  بـە قوتابیەکان.

لە هیچ یەکە لەو  قوتابیانەشی نەدەدا کە دەرنەچووبوون.

گەیشتە ناوی من

سالار کاکۆ عەزیز.

بەڵێ مامۆستا لێرەم.

وەرە پێش بزانم.

فەرموو مامۆستا ئەوە هاتمە پێش.

دەستت بکەوە.

لۆ مامۆستا دەستم بکەمەوە.

دەڵێم دەستت بکەوە لە هەشت دەرس ساقیتی.

ئێ باشە مادام ساقیتم لۆ دەستم بکەمەوە.!؟

چەنەی زیادە لێ مەدە دەستت بکەوە.

ئەدی مامۆستا لۆ لەوانی دیت نەدا کە ساقیت ببوون.

ئاخر ئەتوو هەم تەنبەڵی هەم زمانت درێژە، هەمیش ئەخلاقی تەلـەبان تێـك دەدەی.

مامۆستا هیچ وانییە ئەتوو ڕکت لە من دەبیتەوە لەبەر بابم خۆزگـە بـابم مابـا ئەوجا ئەتوو ئەوهات کردبا.!

لە پشت مێزەکەی هاتە دەرێ و بە حەیزەرانەکـەی دەسـتی بـەرز کردمـەوە و هەشت قوتە حەیزەرانی باشی لێدام، پاشان بڕوانامەکەی فڕێدا عاردی و گۆتی برۆ دەفن بە لە پێش چاوم نەمینێی.

ئەمنیش کتێبەکانم هەڵگرتەوە و بە سینگم دادا و ڕامکردە دەرەوە.

ئەو کاتە جادەی شەست مەتری پڕببـوو لـە خڕکـە بـەرد، تـازە دەیانپەسـتەوە، بەرانبەر مەکتەبیش بنکەیەکی تەندروستی بوو، کە ڕێـك دەرگایـان بەرانبـەر یـەك بوو لەگەڵ قوتابخانەکە. حەوێزە فەندی هەمیشە کۆتا نەفەر لە مەکتەبێ دەهاتـە دەرێ. دەرکەی مەدخەل و حەوشەی بە خـۆی کلیـل دەدا. ئـەمنیش گـۆتم نـاڕۆم وەکی هاتە دەرێ بەردەکی لەسەری دەدەم و تۆڵەی خۆمی لێ دەکەمەوە.

کاتی لە جادەکە دەپەڕیمەوە لۆ ئەوبەری دیـتم قەمەرەیـەکی (فـۆکس واگـن) خڕەکان ئەوکاتە پێیان دەگۆت (قەمەرە قالۆچە)، هات لـە پـێش خەسـتەخانەکەی رایگـرت و تـا ئـەو کوژاندییـەوە و هاتـە خـوارێ، ئـەمنیش گەیشـتمە تەنیشـتی و لەسەر ڕکابەکەی دانیشتم کاتێك زانیم خاوەنەکەی گـەڕاوە لام و گـۆتی: ئـەوە لـۆ لێرە دانیشتی؟ کەسەرم بڵند کرد دیتم مامۆستای هونەرمەند (فواد ئەحمەد) بوو.

هیچ نییە مامۆستا فوئاد، خۆ هیچی لێناکەم هەر حەزم لێبوو لێرە دانیشم.

ئۆی چەند ئاقڵی کوو ئەمن دەناسی.

مامۆستا کەس هەیە ئەتوو نەناسـیت (تـۆ لـە دووری مـن لـە دوورم بـەوجۆرە خۆشە دڵداری).

هههههه کوڕە وەڵاهی ئەتوو زۆر زیرەکی دەباشە لەوێ دانیشە ئاگاشت لێی بێت هەتا دێمەوە.

هیچ غەمت نەبێت مامۆستا ئەمن ئاگام لێی دەبێت.

ئەو ڕۆیشت و ئەمنیش چاوم زووم کردبوو لەسەر دەرگای مەکتەبێ کاتێکم زانی هەموو مامۆستاکان ڕۆیشتن و فەڕاشیش ڕۆیی. ئینجا حەوێزە فەندی هاتە دەرێ. بەپەلە چووم خۆم لە پشت دینگەی دەرگەی حەوشەوە شاردەوە سێ خڕە بەردی باشیشم لە باوەشم نا. گۆتم لێ دەگەڕێم باش بێتە پێش و لێم نزیك ببیتەوە وەبی بەردەکەی پێ بکەوێت. دەرگەی مەدخەلەکەی داخست و هات بەرەو دەرگەی حەوشەکە. سێ چوار مەترەك مابوو بگاتە دەرکەی ئەمنیش لە پشت دینگەی هاتمە دەرێ و لە ناوەندی دەرگاکە راوەستام و گۆتم:

هەی سەگی سەگباب ئەمن ساقیت دەکەی. بە هەموو هێزەوە خڕکە بەردەکم تێگرت و لە تەختی نێوچاوانم داو خوێن فیچکەی کرد بە بەژن و باڵای.

ئەی هاوار ﻤگەنێ کوشتمی. بیگرن ڕانەکات خەڵکینە کوشتمی، ﻤگەنێ.

وەڵا ئەمنیش هەرچی هێزم هەبوو کۆم کردەوە و بە ڕاکردن بۆ لای قەبرستانی (شێخ ئەحمەدی) هەڵاتم کە ئەوکات دەکەوتە چۆلی و دوور لە شار بوو. مەوداکەی زۆر دوور بوو. وا ڕام دەکرد وام دەزانی هەموو خەڵکی هەولێری لە دوامن و دەیانەوێ ﻤگرن. ئیتر تا ئێوارە درەنگ نەگەڕامەوە.لای ئێوارە بەڕەوە سەگی بەرەڵام دەبینی لەو ئاقارەی زۆر ترسام گۆتم بەخوا سەگ دەمخوات و کەسیش ناگاتە هاوارم وا باشە بەرەو ماڵ بچمەوە.

بەڕاکردن بەرەو ماڵ بوومەوە. من نەمدەزانی کە دایك و خوشك و براکەم تەنگاو دەبن و بەدوای مندا دەگەڕێن، جیرانەکانیش هەریەکە و بەلایەك بەدوامدا دەگەڕان. حاجیە فەندیش بە پاسکیلی کۆڵان بە کۆڵان بەدوامدا دەگەڕا. بەڵام حاجیە فەندی نەیدەزانی ئەمن سەری مامۆستا حەوێزم شکاندووە، بەس بە

دایکمی گوتبوو سالاریان ساقیت کردیە، بەڵام بە غـەدر ئـەمنیش هـیچم لـۆی پـێ نەکرایە، بۆیە مومکینە لە ترسی ساقیتبوونی نەوێرابێت بێتەوە ماڵ.کاتی گەیشتمە ماڵێ، چنـاری خوشـکم و سـەرداری رەحمـەتی بـرام بـە گریانـەوە هاتنـە پێشـم و گوتیان ئەوە ئـەتوو لـە کێنـدەرێ بـووی، داکـم لـە نیوڕانێـوە لـەدوت دەگـەڕێت، ئەمنیش دەستم  کرد  بە گریان و گۆتم ساقیت بوویمـە، حـەوێزە فەنـدی غـەدری لێکردیمە، ئەمن زیرەك بووم لە دەرسەکانم بەس ئەو ئەمنی ساقیت کرد.!

لەو قسانەدا بووین کە حاجیە فەندی بە پایسکلی هاتە بەر دەرگـەی و چـاوی بە من کەوت، گۆتی: کوڕم ئەوە لە کێ بووی خۆ داکت وەختە شێت بیت لەتاوت لۆ نەدەهاتییەوە ماڵێ خـۆ  ئـەمن بـە داکـتم گۆتبـوو کـە غـەدری  لێکـراوە و بـە ئەنقەست ساقیتیان کردییە. لەو کاتە داکیشیم گەیشـتە جـێ و ڕووی تـێ کـردم و گۆتی ئەوە لە کوێ بووی ؟

ئـەمنیش سـەرلەبەری چیرۆکـی خـۆمم بـۆ  گێـڕاوە لەگـەڵ حـەوێزە فەنـدی لەسەرەتاوە تاکوو کۆتاییەکەی. حاجیە فەندیش تەئییدی قسەکانمی کـرد و دایکـم گۆتی:

ئەی خوا لێی هەڵنەگریت ئاهی من و  ئەو ماڵ و منداڵەی بیگرێت.

بەس ئەمنیش ئیشی خۆمم کرد..

حاجیە فەندی.. چت کرد کوڕە چ ئیشەکت کردییە.؟

وەڵلا لەپشت دەرگەی حەوشەی ڕاوەستام هەتا حەوێزە فەندی هات دەرگـای قوفـڵ بکـات، ئـەمنیش بـە هـەموو هێـزم بـەردەکی گـەورەم لەسـەریدا و خـوێن فیچقەی کرد هاتە خوارێ، پاشان لـە ترسـان هـەڵاتـم و چوومـە قەبرسـتانی شـێخ ئەحمەدی.

دایکم. ئـەی دەسـتت خـۆش بێـت مـادام ئـەو ئەوەنـدە بـێ. بێـت غـەدر لـە منداڵەکی بکات رەبی قوربانی دەستت بم. بـەس دەبوایـە بهاتبایـەوە مـاڵێ نـەك بچییە ئاقاری.

ئاخر ترسام.

ئەدی لەوەی نەترسای لەو ئاقارەی دەعبایەك پڕت بداتێ.

ناوەڵلا هەر فکرم لەوەی نەکردبۆوە.

ئەدی ئەمن دوایی چم بە بابت بگۆتبایە ئەگەر شتەکت لێهاتبا.

لۆ دایە بابم مایە؟ دێتەوە.؟

خوا دەزانی بەس ئەمن دڵم ڕۆنە رۆژەکی دێتەوە.

خۆزگە هاتباوە و تۆڵەی منی لە حەوێزە فەندی بکردباوە.

هەر ئەوەندی بەسە منداڵەك سەری بشکێنێت ئەگـەر حـەیای بـە خـۆی بێـت جارێکیتر ئەو نەوعە تەسەروفەی ناکات.

ئەوکاتە بەیاننامەی (١١)ی ئادار درابوو، رێککەوتنی پارتی و حکوومـەتی ئـەو سـەردەم لەگەڵ (ئەحمـەد حەسـەن بـەکر) مۆرکرابـوو، شـەڕوتەقە لـە کوردسـتان ڕاگیرابوو، هەموو خەڵکی خەریکی ئاهەنگ گێڕان و چـۆپی کێشـان و هەڵپـەرکێ بوون. هـەموو زیندانـە سیاسـیەکانیش ئـازاد کرابـوون و سـەرکردایەتی شۆڕشـیش لێبـــوردنی گشـــتی دەرکردبـــوو بـــۆ هـــەموو ئـــەو چەکدارانـــەی دژی شـــۆڕش راوەسـتابوونەوە.. ئـەرێوەڵلا فـلان کەسـیش هاتـەوە، بـەڵام هیچکـات گوێبیسـتی گەڕانەوەی باوکم نـەدەبووم. زۆر خەفـەتبار بـووین زیـاتر لـە سـێ مانـگ بەسـەر چاوەڕوانی تێپەڕی کردبوو کە چی سۆراخی باوکم نەبوو.

هەروەکو پێشتر گۆتم (عـەونی یوسـف) بـە خـاڵ و مـاممی گۆتبـوو تـەعقیبی ئەوەم لۆ بکەن بزانن لە لای کێ گیرایە. دەرکـەوتبوو کـە لـە دەسـت حکوومەتـە.

بۆیە خاڵم و مامم سەردانی بەغدایان کردوو چوونە ماڵی (عەونی یوسف) و پێیان ڕاگەیاندبوو کە لە لای جەلالیەکان نییە. ئەویش بە چڕی بە دواداچوونی دەکرد بۆ دۆزینەوەی دوای ماندووبوونێکی زۆر بە خاڵ و مامی گوتبوو هەردووکیان ماون لە قاتی ژێر زەمینی (قەسری نهایی)نە بە زنجیر دەست و قاچیان بەستراوەتەوە و هەموو رۆژێکیش سێ جار تەعزیبییان دەدەن. لێرە من بەو منداڵییەم بۆم دەرکەوت کە حکوومەت نییەتی پاك نییە ئەگینا کە لێبووردنی گشتی بۆ گیراوە سیاسیەکانی دەرکرد دەبوایە باوکیشم ئازاد کرابا. چونکە ئەویش لەسەر قەزییەی سیاسی و کوردایەتی گیرابوو. خاڵم و مامم گەڕانەوە و ئەو هەواڵەیان هێنا، هەموومان دڵخۆش بووین بە زیندووبوونیان. هیچ کات هەواڵی لەو چەشنەمان نەدەبیست هەرچی هەواڵ دەهات دەیانگۆت نەماون وکوژراون.

ئەو کات مامم (مەلا غەریب) بە ڕەحمەت بێت بەرپرسی ناوچەی شەقڵاوە بوو، خاڵم حاجی ئەحمەد و مامم واحید چوونە لای و ئەو هەواڵەیان پێدا. ئەویش زۆر دڵخۆش بوو گۆتی سبەینێ دەچمە بارەگای بارزانی و پێیان دەڵێم چارەیەکمان لۆ بکەن.

بەیانییەکەی مامم غەریب سواری سەیارەکەی بوو بە ڕێکەوت بۆ (دیلمان) لە پێش چاومە کاتی رۆیشتنی جێبەکی (لەندرۆڤەری) هەبوو ژمارەی (١٧ موسڵ) بوو چادریش بوو واتە سەرکراوە.

دوای دوو رۆژ مامم غەریب گەڕایەوە و گۆتی بارزانی و کاك ئیدریس و کاك مەسعودم دیتیە و پێم گۆتینە و وەعدیان داوە شتێك بکەن.

ئەو کاتە کاك ئیدریسی ڕەحمەتی و کاك مەسعود وەفدی دانوستانکار بوون. زووزوو دەچوونە بەغدا (وام گوێ لێبووە). بارزانی نەمر نامەیەکی تایبەت دەنووسیت بۆ (سەدام حوسێن) کە جێگری سەرۆك کۆمار بوو ناو و نیشانی باوکم و سجنەکە و ژمارەی ژوورەکەشی تێیدا دەنووسی. لە دانیشتنەکە کاك مەسعود نامەکە دەداتە دەست (سەدام حوسێن) ئەویش دەخوێنیتەوە، تەماشایەکی کاك

مەسعودی دەکات و هەڵدەستێت و دەڵێت (تعال ویـایی کـاك مەسـعود)، پاشـان دەچێتە  ژوورێك کە تەنیا یەك مێزی لە ناوەڕاست دانراوە و تەلەفۆنێکی لەسـەرە و تەلەفۆنەکە هەڵدەگرێت و دەڵێـت (مـودیری ئـەمنی عـامم لـۆ وەرگـرن) (نـازم غەزال) مودیری ئەمنی  عام بووە. سەدام دەست دەکات بە قسەکردن.

عدنا هیچی سجن.

نعم سیدی.

بیها غرف طابقین تحت الارض؟

نعم سیدی.

بیها غرفه رقم (.)؟

نعم سیدی.

هناك سجینین باسم (کاکۆ و زیاد)؟

نعم  سیدی.

پاشان ڕوو لە کاك مەسعود دەکات و بزەیەکی دێت و دوایی دەڵێت:

. عفیه استخبارات ملا مستەفا، شلون لگید هیچی معلومات  ولاهی انی سەدام حوسین نائب رئیس جمهوریه ما عندی هیچی معلومات؟.

پاشان بە مودیر عام دەڵێت:

لـە ئێسـتاوە ئـەم دوو نـاوە ئـازادن و ئازادیـان بکـەن بگەڕێنـەوە نـاو مـاڵ و منداڵیان.

پاشان بە کاك مەسعود دەڵێت ئێوە سـەردەکەون خـەڵکێکی دڵسـۆزتان هەیـە ئەو دوو برایەش ئەمڕۆ ئازاد دەبن.

ئێمە ئـەو شـتانەمان نـەدەزانی. دوای ئـازادبوونی بـاوکم و سـەردانیکردنی بـۆ بارەگای بارزانی کە گەڕاوە بەو شێوەیە بۆمانی گێراوە کە ئەوها ئازاد کراوە.

# تەوەری دووەم

## گەرمای هاوین و فێنکی گەڕانەوەی باوک

لە چەقەی هاوینێکی گەرم لە مانگی (٧ی١٩٧٠)، بەیانییەك عوسـمان چـایچی هات بۆ ماڵمان و گۆتی مژدە کاکۆ هاتـەوە هـەموومان قیژانـدمان و ڕامـان کـردە دەرەوە.

سەبر سەبر خۆ هێشتا نەهاتیتەوە.

ئەدی لە کێندەرە.؟

هێنایتیانە کەرکووك و تەبلیغ هاتیە، رۆتینیات ئەوهایە دەبـی کەسـێك بچیتـە کەرکووك ببیتە کەفیلی پاشان دەیهێننەوە هەولێر وئازادی دەکەن.

ئەوجا کێ دەچیتە کەرکووکێ.؟

خۆتـان حـازر بکـەن ئـەنگۆش وەرن سـبەینێ دەچـین، ئـەمن بـەخۆم دەبمـە کەفیلی.

ماڵت ئاوابێ رەبی انشاللە.

پاشان دایکم عەبای بـەخۆی دادا و چـووە مـاڵی مـامم واحێـد و خەبەرەکـەی پێگەیانـد و دوایـیش خەبـەری هـەموو خزمانیـدا کـە کـاکۆ بـەردەبیت سـبەینێ دەچینە کەرکووکی.

ئەو شەوە ئەمن بۆ یەك دەقەش خەو لە چاوم نەكەوت. تامەزرۆی دیداری باوكم بووم، نەمدەزانی كەی ڕۆژ دەبێتەوە. بە دەست من با هەر ئەو كاتە شەوم دەكردەوە ڕۆژ بۆ ئەوەی بچینە كەركووك.

دواجار بەیانی داهات و دایكم هەڵسا و جلوبەرگی گۆڕین و قەمەرەیەكی (مارسیدیسی حەنچەیان) پێ دەگۆت بەكرێی گرتبوو بە ڕێكەوتین بۆ سجنی كەركووك. گەیشتینە بەر دەرگا عوسمان چایچی تەبلیغەكەی بە پۆلیسەكە پیشاندا و ئەویش گۆتی بچنە ژۆرەوە. ئیتر چووینە ژووری و لای ئەفسەرەكە و ئەویش گۆتی دەبی بچنە مەحكەمەی لەوێ كەفالەتیەكە دەنووسن و بۆمان دەهێننەوە و ئەوكات ئازادییان دەكەین.

عوسمان گۆتی زۆر گەرمایە ئەومنداڵانە بەرگە ناگرن، ئەنگۆ لێرە بمێننەوە هەتاكوو ئەمن ئیشەكان تەواو دەكەم و دەگەڕێمەوە پاشان بەرەو دەرگای حەوشەكە ڕۆیشت تا لە چاوان ونبوو هەر تەماشام دەكرد حەزم دەكرد سواری تەیارەیەكی با و بە پەلە بچویا و بگەڕاباوە و زوتر باوكم ئازاد بكرابا.!

ئێمەیان لە مەمەڕێك دانا و گوتیان لێرە دانیشن تاكوو ئیشەكانتان تەواو دەبێت، ئەمنیش هەستام چووم ناو حەوشەكە بە قەلعەیەك دەچوو پتەو و سەخت هەمووی پەنجەرەی بچووك وبەرزی هەبوو لە دڵی خۆم دەمگۆت دەبی بابم لە یەكێك لەو ژۆرانە نەبیت ئەوڕۆ دێتەوە لامان پاشان دایكم بانگی كردم.

كوڕم سالار لەو بەر ڕۆژەی چ دەكەی وەرەوە.

دایە دەمەوێ بابم ببینیم.

جارێ نابێت با عوسمان بێتەوە ئەوجا دەیبینین.

پۆلیسەك گێی لە دەنگمان بوو دیاربوو كورد بوو هاتە لامان و سڵاوی كردو و گۆتی: كوردن.؟

خەڵکی کوێن.؟

هەولێر.

خێرە لێرەن.

وەڵلا پیاوەکەم پێشمەرگە بووە و گیراوە دەرێن ئەوڕۆ بەری دەدەن.

لێرەیە.؟

ئا دەڵێن هێنایتیانـە ئێـرە. بـەس چووینـە کەفالـەتی لـۆ بنووسـن هـەتا بـەری دەدەن.

حەز دەکەن ببینن.؟

ئەمن یەکسەر خۆم بە باوەشی پۆڵیسەکە دادا و لـە خۆشـیان دەسـتم کـرد بـە گریان. گوتم توخوا مامە بمبە کن بابم. پۆڵیسەکەش کە منی ئـەوها دیـت ئـەویش دەستی کرد بە گریان و گۆتی: باشە کوڕم ئێستا دەتبەم. لێرە چاوەڕێم بکەن پاشان ڕۆیشت و دیار بوو چووبـوو مۆڵـەتی لـە ئەفسـەرکە وەرگرتبـوو هاتـەوە لامـان و گۆتی وەرن با بچین. ئەو بە ڕێکەوت و ئێمـەش بـە دوای دا (دایکـم، مـن، چنـار، سەردار و بێخاڵ). ئەو کـات بێخـاڵی خوشـکم تەمـەنی سـاڵ و نیـوەك دەبـوو لـە باوەشی دایکم دابوو شیرەخۆر بوو بەس کەلیمە کەلیمە قسەی خۆشی دەکرد.

چووینە ڕاڕۆیەك پاشان دەرگایەك کرایەوە کە دەرگاکە شیشی ئەستووری ئاسن و مشەبەکبوو. چووینە ناو ڕاڕۆیەکیتر و لەوێش دەرگایەکیتر کرایەوە ئینجا چووینە ناو هۆڵێك کە بـە تێلبەنـد هۆڵەکـە کرابـووە دووبـەش. لـە بـەینی هـەر دوو تێـل بەندەکە پۆڵیسێك دەهاتوو دەچوو کە سەیری ئـەو دیـوی تێلبەندەکـەم کـرد دوو کەسی لێبوو بەڵام هیچیان لە باوکم نەدەچوون پاشان دایکم گۆتی:

ئەوێهێ بابتانە.

کیهان هەوە دایە.؟

ئەوێهێ ئەوی لای قەرەوێلەکەی.؟

هەرگیز لە بابم نەدەچوو سەروپرچ هـاتوو، جلـك دڕاو، هـەموو دەموچاویـان شـین و مـۆر ببـوو دەسـت و لاقیـان ئەسـتووربووو. لەبـەر ئەسـتووربوونی لاقیـان پێلاویان لە پێ نەبوو.

کە ئێمەی دیت  هاتە پێش و گۆتی بەخێربێن.

بـە دەنگێکـی گیـراو دیـاربوو ئـەویش بـوغز گـەرووی گرتبـوو. پاشـان بـە پۆڵیسەکەی گۆت ئەو کوڕەم لۆ ئاودیو بکە با مـاچێکی لـێ بکـەم. مەبەسـتی مـن بوو.

سـەرەوەی تێـل بەندەکـە مـەترێکی بـۆش بـوو کەپسـی سـەقفەکە نـەکرابوو، پۆڵیسەکە هاتە پێش و گـۆتی دەتـوانی خـۆت ئـاودیو بکـەی.؟ ئـەمنیش گـۆتم ئـا دەتوانم. وەکی پشیلەیەکی چوست وچالاك بە شیشەکان هەڵگەڕام و خۆم ئاودیو کرد. پۆڵیسەکەش لەگەڵ (بێخاڵ)ی خوشکم گەمەی دەکـرد و پشەپشـی لێـدەکرد. لە هێکڕا بێخاڵ ڕووی لە پۆڵیسەکە کـرد و گـۆتی.. پفـوو پەحپـە. وەڵا هـەموویان دەستیان بە پێکەنین کرد. پۆڵیسەکە کورد  بوو زانی بێخاڵ جوێنی پێـی داوە بۆیـە وتی. بەخوا ڕاست دەکەی (پەحپەم). ئەو کوردە ئەگەر شەڕەفی هـەبێت هـەرگیز لە ڕووی قەومی خۆی راناوەستێتەوە ئێستا مـن حەڕەسـی کەسێکم کـە لـە پێنـاو ئازادی مندا سجنە، ئەو هەموو ئازار و ئەشکەنجەیەی پێوە دیارە. بەس داخەکەم.!

دیار بوو ئەویش داخ لە دڵ بوو..

پاشان سەردار و چنـاریش یەک یەک ئـاودیوی لای بـابم کـران. دوای یەک دوو کاتژمێرێـک عوسـمان گەڕایەوە و لەگەڵ دوو پـۆلیس هـاتنە لای ئـێمە (بـاوکم و زیادی) برادەرییان دەرهێنا و چووینە لای مـودیرەکە، لەوێ خواحـافیزیمان کـرد و سەیارەیەکیتریان بە کرێگـرت و هەمووومـان بەرەو هەولێـر بـووینەوە. دەوروبەری ٣ی دوای نیوەڕۆ گەیشتینەوە بەر دەرگەی مـاڵێ. کـۆڵان ئەوەنـدە قەرەبـاڵغ بـوو

ڕێگـا نەبـوو سـەیارە بچیـتە نـاو کـۆلانی، هەمـوو خەڵکـی سـێتاقان، سـەیداوە و خزموکەس لەوێ  کۆببوونەوە، لە چاوەڕوانی دابـوون. ئیـتر بـاوکم بە شـۆفێرەکەی وت هەر لێرە ڕاگرە لەسەری کۆلانێ، ئەو خەڵکە بۆ من لێرەن بـا چـاک و چۆنیـان لەگەڵ بکەم.  قاچەکـانی ئەوەنـدە ئەسـتوور ببـوو تەنـانەت نەعلـیش قـاچی تـێ نەدەچوو. بۆیە بە ناچاری بە پێ خواسـی بە نـاو خەڵـکەکەدا ڕۆیشـت و چـاک و چۆنی لەگەڵیان دەکرد.

تا یەک حەفـتە کـۆلان و مـاڵی ئـێمە زرمەی دەهـات لە خەڵـک و میوانەکـان، هەمووی دڵخۆشی خۆیان دەردەبڕی بە ئازاد کردنی باوکم و مانی لە ژیاندا.

لێرەوە ڕەوتی ژیـانی ئـێمە گۆڕانکـاری بەسـەرداهات و شـێوازێکی تـری ژیـان دەستی پێکرد. من دڵخۆشتر لە هەمووان بووم، چونکە لە هەمووان زیاتر ڕەنەجمە کێشابوو، زیاتر لەوانیتریش چەوسێندرابوومەوە. بۆ من وەکو ئەوە وابوو جـارێکیتر تازە لە دایک بـووبێتم و دەسـپێکی ژیـانم بێـت. بە هـیچ شـێوەیەک لە تەنیشـت بـاوکم دوور نەدەکەوتمەوە. سـەیری برینەکـانی دەم و چـاوی و دەسـت و لاقـیم دەکرد. زۆر پێی خەفەتبار دەبووم. دەمگوت دەبێ ئەو حکومەتە چەند بێ ڕەحـم بووبێـت کە دڵـی هـاتووە مرۆڤێـک ئـاوا ئەشـکەنجە بـدات. یەک مانـگ بـاوکم نەیتوانی لە ماڵ دەربچێت و پێلاو بکـاتە قـاچی. ڕۆژانە دکتـۆر دەهـات دەرمـانی دەکرد و حەب و دەرزی پێ دەدا. لە ژێر چارەسـەرکردنێکی چڕدابـوو، بەڵام ئـێمە دڵخۆش بووین دەمانزانی هەرچاک دەبێـتەوە. شـەوێکیان بە جەمـاعەتی وت مـن قاچ بگرم و بتوانم بە ڕێدا بڕۆم یەکەم ئیشم کوشتنی (س.ح.خ) دەبێت.

هەنـدەک دەیـانگۆت حەقـی خـۆتە، هەرچیەکـی لـێ بکەیـت. هەنـدێکیتر دەیـانگوت تـۆ پێشـمەرگە بوویـت بـا حـزب و شـۆڕش سـزای بـدەن. هەر یەکە و ڕایەکی هەبوو، بەڵام باوکم پێـداگری دەکـرد کە بە دەسـتی خـۆی لە نـاوی ببـات. دەشی گۆت کە ئەوم لە ناوبرد، با حـزب لە پـێش پارێزگـای لە دارم بـدات. گرنـگ ئەوەیە تۆڵەی ئەو نامەردییە لەو نامەردە بکەمەوە.

دایکم بە منی گۆتبوو بە هیچ شێوەیەک بابەتی خۆم و مامۆستا حەوێز بۆ باوکم باس نەکەم. ئەو دەیگۆت دوایی بابت خەفەتی پێ دەخوات و دەچی موشکیلەی لۆ خۆی دروست دەکات. ئەمنیش لە دڵم دا دەمگۆت وەڵاهی رۆژەکی هەر پێی دەرێم. بە دەمیش بە دایکمم دەگۆت باشە لای ئەو هیچ قسەیەک ناکەم.

ڕۆژێکیان (زیوەر)ی برای کانەبی خورشید بە پەلە خۆی لە حەوشەی کرد و گۆتی، کاک کاکۆ ئەوە کاک فەرەنسۆ حەریری و جەماعەتەک دێنە ئێرە، بەڵام ئەو کات باوکم تەقریبەن شوێنەواری برینەکانی کەمتر دیاربوون، دەست و قاچیشی گەڕابوونەوە باری ئاسایی. بۆیە بە پەلە خۆی گەیاندە بەر دەرکەی. هەر ئەو ساتەش (فەرەنسۆ) لەگەڵ نزیکەی دە دوازدە پیاویتر گەیشتنە دەرکەی. فەرەنسۆ دەیزانی باوکم زۆر تووڕەیە و هەستی تۆڵە سەندنەوەی هەیە بۆیە پێش سەلام کردن وتی، کاکۆ یەک قسەی نەکەی پەیامی سەرۆک بارزانیم پێیە بۆت.

ئەو کەسانەی لەگەڵ فەرەنسۆ هاتبوون هەموویان ڕانک و چۆخەلی دەلینگ بەرینیان لە پێبوو. دیار بوو خەڵکی ناوچەی برادۆست بوون. یەک لەو کەسانە لە ناو جەماعەتەکە بە پەلە لۆ لای بابم هات و پڕی دایە دەستی کە ماچی بکات. بابم دەستی کێشاوە و لێ نەگەڕا کە سەیرم کرد ناسیمەوە، (س. ح، خ) بوو. هەمان ئەو کەسە بوو کە باوکمی تەسلیمی رژێم کردبوو. ئەمنیش زۆر ڕقم لێبوو، خۆم بۆ ڕانەگیرا و و گۆتم، دەزانی زۆر ناپیاو دەرچووی. فەرەنسۆ سەیرێکی کردم و بزەیەکی کرد و وتی: وەڵاهی راست دەکەی، هەر بە ناپیاویش لە دایک بووە، بەس بارزانی هەموو نا پیاوەکانی عەفوو کردییە تا کوو خۆیان بکەنە پیاو.!

ئینجا چووینە ژوورەوە و دانیشتین و (س. ح. خ) لە شەرمان سەری بڵند نەدەکرد. پاشان فەرەنسۆ گۆتی: بارزانی فەرموویەتی سەلامت لێ بکەم و ئەحواڵت بپرسم، فەرمووی من هەموو ئەو کوردانەم عەفوو کردییە کە خیانەتیان

لەگەڵ میلەتەکەی خۆیان کردووە و دژی شۆڕش وەستاینەوە. من ئەو هەمووە خەڵکە موجیرمەم عەفوو کردووە لە بەر بەرژوەندی و یەکڕیزی میللەتەکەمە، دەبێ کاکۆش (س. ح. خ) عەفوو بکات. پاشان نامەیەکی دەرهێنا و گۆتی ئەوەش نامەی بارزانییە، باوکم نامەکەی وەرگرت و زەرفەکەی کردەوە، لە کاغەزەکی بچووک نووسرابوو (**بسم الله الرحمن الرحیم. کوڕم کاکۆ سڵاو و حورمەت، خۆشحاڵم کە ئازاد کراوی لە ژیاندا ماوی. ئەوە فەرەنسۆ دێتە لات، (س. ح. خ) شی لەگەڵە من هەموو کوردە خائینەکانم عەفوو کردییە، چۆن ئەتوو ناتوانی یەک نەفەر عەفوو بکەی؟ دڵت گەورە بێت و بەخشندە بە. بارزانی. ئیمزا)**. ئەم نامەیە لای باوکم مابوو، هەمیشە لە گیرفانی بوو تاکوو نسکۆی ١٩٧٥ لە کاتی ئاوارەبوونمان بۆ ئێران لە سەر سنوور لە (بەردەپان) ئاگری لە نامەکە بەردا و لە ناوی برد. من زیاتر لە ١٠ جار ئەو نامەیەم خوێندەوە. پێم سەیر بوو (مەلا مستەفا) نامەی لۆ بابم ناردییە. لە لای منداڵە برادەرەکانم باسی ئەو نامەیەم بۆیان دەکرد، ئەوانیش دڵخۆشی خۆیان دەردەبڕی و دەیانگۆت هەتیم دیارە بارزانی بابت دەناسیت. ئەمنیش دەمگۆت ئەدی کوو بابم پێشمەرگەی ویە. زۆر کەیفم پێ دەهات و پۆزم پێ لێدەدا.

دواتر فەرەنسۆ گوتی: بارزانی فەرموویەتی پێم خۆشە کاکۆ ببینم هەر کات تەندروستیت باش بوو وەرە لام بە یەکەوە دەچینە لای بارزانی. باوکیشم وتی: انشاڵلە دێم، منیش حەز دەکەم چاوم بە سەرۆک بکەوێت.

ئەو کاتە کە هەر ناوی (مەلا مستەفا) دەهات خەڵک تەزی بە قەلبی دا دەهات، چونکە مرۆڤەکی ئەوەندە مەزن بوو دوژمنەکانیشی ڕێزییان لێ دەنا.

لە دڵی خۆم دەمگۆت دەبی بابم وەختی دەچیتە لای مەلا مستەفای ئەمنیش لەگەڵ خۆی ببات. حەزم دەکرد مەلا مستەفا لە نزیکەوە ببینم. دەمویست بزانم ئەو مرۆڤە شێوە و شکلی چۆنە کە من رۆژانە حەیزەرانم لەسەر ئەو و پارتەکەی دەخوارد.

## بەسەرهاتەکانی بابم لە زینداندا

شەوانە باوکم دادەنیشت و باسی سجن و ئەشکەنجە و لێدانی خۆی دەکرد. وتی: رۆژێکیان بانگی ژوورێکیان کردم. ئەفەندییەکی سەرگەورە لە پشت مێزەکی دانیشتبوو، دوو کەسی ڕیازی و بازوو بە هێزێش لە تەنیشتی راوەستابوون. کەسێکی تری قەڵەویش لە تەنیشتی دانیشتبوو.

ئەو گۆتی کورسیەک بەرامبەر ئەفەندییەکە دانرابوو. ئەفەندییەکە گوتی (اجلس هنا)، ئەمنیش لەسەر کورسیەکە دانیشتم. پاکەتی لەسەر مێزەکەی بوو جغارەکی دەرهێنا و گوتی (دخن)، ئەمنیش جگەرەکەم وەرگرت و گوتی چایەکی لۆ بینن. چایەکیشیان دامێ. پاشان گۆتی هەرچیت لێ دەپرسم ڕاستم جواب بدەوە. بەڵێنت دەدەمێ هیچت لێ نەکرێت. ئەمنیش گۆتم راست جواب دەدەمەوە.

لە کێندەر گیرای؟

لە سەیتەرەی هەولێر- شەقڵاوە.

ئیشت چ بووە؟

پێشمەرگە بووم.

ئەدی لۆ هاتیە سەیتەرەی؟

هاتم خۆم تەسلیم بکەمەوە.

لە بیرت بێت بەڵێنت داوە ڕاستیەکان بڵێیت.

سەیدی ئەمن عەرەبی نازانم، باش لە پرسیارەکانت ناگەم. باوکم عەرەبیەکی زۆر باشی دەزانی، بەڵام بە ئەنقەست وایگوتبوو. پاشان وتی ئەوەی لە تەنیشتی دانیشتبوو ئەفەندییەکی سەرگەورە بوو بە کوردی بە جواب هات وتی: بە کوردی قسە بکە.

ئەتوو کوردی؟

ئەی چۆن نامناسی؟

ناوەڵا نازانم کێی؟

ئەمن تەها محی دین مەعروفم، ئێستا زانیت؟

بەڵێ زانیم.

هەرچیت لێ دەپرسین بە ڕاستی جواب نەدەیەوە چی خراپە بەسەرت دێت.

بەڕاستی جواب دەدەمەوە.

پاشان پرسی، هێزی دەشتی هەولێر چەند کەسە؟

هەر لە خۆمەوە گۆتم ٣٢٥٠ کەسە.

چەندی چەکدارە و چەندی بێ چەکە؟

٣٠٠٠ چەکدارە و ٢٥٠ بێ چەکە.

ئەو ٢٥٠ یە لۆ بێ چەکە؟

ئەوانە چایەچی و فڕنچی و چێشتلێنەر و خزمەتچین.

چ چەکێک لەو هێزە هەیە؟

هەموو جۆرە چەکێک هەیە.

ئەتوو پلەت چ بووە؟

من پێشمەرگەیەکی سادە بووم.

درۆ دەکەی. ئەتوو ئامر مەفرەزە بووی لە ناو شار، ناوی خۆت أمیرعاضە، پێت دەڵێن کاکۆ. لە هەندێ جێگای بە (أبو زید) ناسراوی.

دیارە ئەتوو لە من باشتر دەزانی، ئەدی لۆ پرسیارم لێ دەکەیت.

زمانت درێژ مەکە جوابی پرسیارەکان بدەوە. دەڵێی لە سەیتەرەی شەقڵاوە گیرام لە کاتێکدا تۆ لە هەولێر بۆ شەقڵاوە دەچووی کە چی دەڵێی هاتبووم خۆم تەسلیم بکەمەوە.

من لە رێگای کەسێک بە ناوی (خالید حاجی ئەحمەد گەردی) کە فورسانی ماڵی هادی ئاغایە، پەیوەندییم کردبوو تەسلیم ببمەوە ئیتر لەوێ گیرام.

باوەڕت پێناکەم.

پاشان ڕووی لەویتر کرد و بە عەرەبی قسەکانی منی بۆ وەرگێڕا. کە تەماشام کرد هەموو قسەکانمی ئاوەژوو کردبۆوە، بۆیە خۆم پێ نەگیرا و بە جواب هاتم، وتم:

ألعفو سیدی. مو هیچی!

لک انت تعرف عربی؟

نعم سیدی أعرف.

لیش کذبت؟

باوکم وتی لە پشت مێزەکەی هەڵساوە و یەک زللەی لە بنی گوێمدا و پاشان بە چاو ئیشارەتی بۆ دوو نەفەرەکەی تەنیشتی کرد. هەر ئەوەندەم زانی چوومە عاسمانێ و بە عەردی کەوتمەوە. لە پشتەوە هەردوو دەستیان بەستام، بە قایشان وەرگەڕانە من و لێیان دام. پاشان یەکێکیان کە پۆستاڵی عەسکەری لەپێ بوو قوونپانی پۆستالەکەی خستە سەرە سەرم و وەک فرفرۆک لەسەر سەرم دەسووڕاوە،

خوێن هەموو دەموچاومی سوور کردبوو تا هیلاك بوون ئەشکەنجەیان دام پاشان بردمیانەوە ژووری سجن و بە پاڵێك فرێیاندامە ناو ژوورەکە. هێزم لەبەردانەمابوو. دەمهێنا پێش چاوی خۆم کە چۆن باوکمیان ئەشکەنجەداوە، زیاتر

و زیـاتر رق لـە دڵـم دروسـت دەبـوو. ئـاخر ئـەو مرۆڤـە چـی کـردووە کـە ئـاوا ئەشـکەنجەی دراوە خـۆ ئەگـەر پێشـمەرگەش بووبێـت بـۆ بـەرگری لـە خـاك و وڵاتەکەی بووە و گوناحێکی نـەکردووە. ئەوکاتـە بیـرم دەکـردەوە کـە دوژمنانمـان چەند ڕق لە دڵ و دڕندەن. باوکم هەر ئەو شەوە داستانێکی سجنی دەگێـڕایەوە خەڵکیش بەتام و حەسرەتەوە گوێبیستی دەبـوون. ئـەوەی ئـەو دەیگێرایـەوە زۆر ناخ هەژێن بوون.

ئەو دەیگوت چوارمانگ رۆژی سێ جار تەعزیب دەدراین بە سـلینك هـەڵیـان دەواسین بە قاچـەکانمان ئـەوجا بـە کێبـل تـا لـە هـۆش خۆمـان دەچـووین لێیـان دەداین.

ئەو گوتی، رۆژێکیان لە ژووری ئەشکەنجە هێنامانیانـە دەرێ و لـە ڕاڕۆیەکـە لە سەر کورسیەك دایاننام هەموو جەستەم خوێنی لێدەتکا چاوەکانم پڕی خـوێن ببوون، لەو سەری مەمەڕەکە منداڵە ئەمنێك بۆ لای من دەهات تەمـەنی هـەر لـە دەوری ۱۰-۱۲ساڵ دەبوو، دیاربوو منداڵە بەرپرس بوو، دەمانچەیـەکی لـە قـەدی بەستابوو دارێکی لەدەست بـوو کـە گەیشـتە بەرانبـەر مـن ڕاوەسـتا و سـەیرێکی کردم. دیار بوو ئەمنی بە شتەکی عەنتیکە دەزانی. هەر ئەو دارەی لە دەستی بوو بۆ دەمو چاوی منی درێژ دەکرد و دەیگوت ڤڤڤڤڤو.ڤڤڤڤڤو

..ئح.ئح.

ئـەمنیش لـە ژیـانی خـۆم بێزاربـووم ئەوەنـدە ئـازار و ئەشـکەنجە درابـووم. سـەیرێکم کـرد و خـوا خـوام بـوو بـڕوات و وازم لـێ بهێنێـت، بـەڵام هـەر وازی نەدەهێنا و شتەکەی دووبارە دەکردەوە.

ئەمنیش بەهەردوو دەستم بۆی چووم و گۆتم ها. ها. تەتەتە..تەتەتە..!

وەڵلا منداڵەکە قیژاندی و بەرەو ئەو شوێنەی لێی هاتبوو ڕایکرد.

.ابویە. ابویە. هاواری دەکرد.

هـەر ئەوەنـدەم زانـی سـێ ئـەمن هـاتن و جـارێکیتر کەوتنـە سـەرم و ئەشکەنجەیەکی زۆریان دام. تا بێ هێزیان کردم ئەوجا  وازییان لێ هێنام.

چایەچییەکەی ئەوێ هاتـە لام دیـاربوو زگـی پـێم سـوتابوو. چایـەکی دامـێ و گۆتی بۆ وات کرد تا ئەوهات لـێ بـدەن. منـیش توانـای قسەکردنیشـم نـەمابوو و تەنیا سەیرێکم کرد، دواتر لە هۆش خـۆم چـووم کـە بـە هـۆش هاتمـەوە خـۆم لـە ژوورکەی خۆم دیتەوە.

هەروها بابم گۆتی، ڕۆژەکی هەموو سـجنەکانیان هێنایـەوە دەرەوە و ڕێزیـان کردن لە ناو حەوشەی. کۆمەڵەك سجنی تریان هێنـا کـە هـەموویان تـەنیا دەرپـێ کـورت و فانیلـەی عەلاگـەیان لەبـەر بـوو. گۆتیـان ئەوانـە وەزیـر و بەرپرسـی عەسکەری و ئەمنی و پۆڵیس بوونە لـە حکوومـەت و ویسـتوویانە کۆدەتـا بکـەن بەسەر حکوومەتی بەعس و شتەکەیان لێ کەشف بووە و گیراون.

دیارە ئەو کاتە هەوڵێك هەبووە بۆ ئینقلاب کـردن بەسـەر (ئەحمـەد حەسـەن بەکر)، باوکم ناوەکانی دەهێنان، بەڵام  من لـە بیـرم نـەماوە تـەنیا (دیلەمـی)م لـە بیرە.بابم دەیگۆت ئەوە سەرۆکی ئینقلابییەکان بووە. بەڵام ئەو لە سجن نەبووە.

پاشان گۆتی،  دەبوایە ئەو سجنانە سەبەتەی زبڵ بخەنە سەر سـەریان، ئـەوجا ئەو سەبەتە پڕبوو لە پاشماوەی خواردن و شت، وەکو برنج و مەرەگـە و کۆمـەڵێ پیساییتر. دەبوایە  بە پێشەمە دابهاتبان و بەدەنگی بەرز هاواریان کردبا.

.. احنا گواوید.. احنا گواوید.

دەبوایە پێنج جار ئەو فڕەیان لێدابا.پاشان پێیان دەگۆتن بکەونە سـەر دەسـت و پێ و وەك سەگ بوەڕن و گەزە لەو سجنانە بدەن.

ئەوانیش بە هەمان شێوە دەکەوتنـە سـەر دەسـت و  بـۆلای ئێمـە دەهـاتن و وەك سەگ دەوەڕین و گازیـان لـە لاقـەکانمان دەگـرت. دواى کۆتـایی هـاتنی ئـەو

ئیهانە کردنانـەش ڕێزیـان دەکـردن بـە کێبـل وەریـان دەگـەڕانێ و دەیانبردنـەوە ژوورەکەی خۆیان.

بابم زانیبووی کە من لە قوتابخانـە دەرنـەچووم و سـاقیت بوومـە، بـەڵام دڵـی نەدەهات لەگەڵم باسی بکـات هەسـتم دەکـرد کـە لـە دووری ئێمـە چ ئـازارێکی کێشاوە منیش نەمدەویست پێی بلێم و خەفەتباری بکەم.

ڕۆژەکیان لەگەڵ برادەرێکم چووینە بن قەڵاتێ بۆ پیاسە، ئاگـام لـەخۆم نـەبوو کەسـێك لـە پشـتەوە پشـت ملـی گـرتم. زۆر ترسـام ئـاوڕم داوە دیـتم مامۆسـتا (پەترۆس) بوو کە لە قوتابخانەی کۆرەك مامۆستام بوو. گۆتی:

ئەوە چ دەکەی لێرە؟

بە ترسەوە گۆتم مامۆستا هاتیمە شتەکی بکڕم.

بە تەنێ هاتی.؟

نا لەگەڵ ئەو برادەرەم هاتیمە.

ئەدی وەزعتان کووە.؟سۆراخی بابت نەبوو.؟

مامۆستا زۆر باشین وەلا بابم بەربووە هاتیتەوە.

الحمدالله وەلاهی دڵم خۆش بوو.

ئەدی ناجح بووی.؟

یەکسەر گریان قورگی گرتم، بە زەحمەت جوابم داوە و هەموو وەزعەکەم لۆ ڕوون کردەوە کە حەوێزە فەندی چی بەسەر هینایمە. زۆر غەمبار بـوو گـۆتی: بـە داخەوە، ئەتوو هی ساقیت بوونێ نەبووی. خوا سەبەبکاری بگریت. پاشان گۆتی:

حەزت لێیە نەقلی مەکتەبی خۆمان بیەوە.؟

ئەرەوەڵا مامۆستا زۆرم حەز لێییە.

دەستی گرتم و لە قرتاسیەکەی ئەوێ فایلەکی  هێنا و پاشان بردمی ڕەسمەکی هەر  لە بن قەڵاتێ لۆ گرتم و بەیەکەوە چووینە تەربیـەی و لـەوێ گـۆتی ئـەتوو دانیشە پاشان  بەخۆی چوو هەموو ئیشەکانی تەواو کرد و هاتەوە و گۆتی. تـەواو بوو کە دەوام کراوە وەرەوە مەکتەبی خۆمان ئەتووم نەقل کردەوە. پاشـان ڕوبعـە دینـارەکی دامـێ و گـۆتی بـڕۆوە مـاڵێ و سـەلام لەبابیشـت بکـە انشـاللّە دێمـە سەردانی.

زۆر دڵـم خـۆش بـوو کـە نـەقل کرامـەوە بـە خـۆم زۆرم حـەز لێبـوو، بـەڵام نەمدەزانی چ بکەم ئەو رۆژە بۆ من زۆر خۆش بوو. یەکسەر بە غاردان چوومـەوە ماڵێ و مامۆستا پەترۆس نەقلی کردمەوە و روبعەکیشی دامێ. گۆتیشی دێمـە لای بابت.

بابم. لۆ ئەتو لە کێندەرێ بووی کە نەقل بکرێیەوە.

ئەمن نەقلی مەکتەبی  هەژار کرابووم.

یەعنی لەوێ ساقیت بووی.؟

ئا لەوێ ساقیت بووم. سەیرێکی دایکمم کرد بە پەنجە ئیشارەتی کرد کە هـیچ نەڵێم.

ئەوجا لۆ ساقیت بووی لۆ دەرست نەدەخیند خۆ ئەتوو زۆر زیرەك بوویت.!؟

خۆم بۆ ڕانەگیرا و دەستم بە گریان کرد و گۆتم بە غەدر سـاقیت کـرام، پاشـان هەموو ئەوشتانەی حەوێزە فەندی کردبـووی بەرامبـەرم هـەمووم بـۆ گێـڕاوە زۆر پێی دڵتەنگ بوو.

ئەوحەوێزە فەندییە کێیە.؟

حاجییە فەندی دەیناسیت. مدیرە لەو مەکتەبی.

پاشان ناردییە دوای حاجییە فەندی و بابەتەکەی لەگەڵی باسکرد و حاجیە فەندیش پشتڕاستی قسەکانی منی کردەوە، بابم گۆتی:

ئەگەر لە هەولێر بمێنێت دەیکوژم. وەك سەگ دەیتۆپێنم.

حاجیە فەندی ئەو خەبەرەی بۆ حەوێزە فەندی ناردبوو. پێی گۆتبوو عیلاجی خۆی بکات.

ئەویشماڵەکەی بارکردبوو چووبۆوە کۆیە. چەند مانگێك دوای ئەوە مەکتەبیش کرابۆوە من گەڕابوومەوە قوتابخانە کۆنەکەی خۆم. ماڵمان لە شەهیدانی سێتاقان بوو. من لەبەر دەرگا بووم دیم دوو سەیارە ڕایانگرت و کۆمەڵەك ئەفەندی لێی دابەزین سەیرم کرد یەکێك لەوانە حەوێزە فەندی بوو، بە ڕاکردن چوومە ژووری بە بابم گۆت بابە. بابە. حەوێزە فەندی هات. تا باوکم هەستا و ویستی بێتە دەرێ و ڕێگە نەدات بێنە ناو حەوشەی ماڵمان بەڵام ئەوان زوو خۆیان کردە ناو حەوشە.

سلام علیکم. کاك کاکۆ لە ماڵێیە.؟

دەنگی حاجییە فەندی بوو.

بابم: حاجیە فەندی ئەوانە کێنە لەگەڵتن؟

ئەوە حەوێزە فەندییە و ئەوانەش هەمووی برادەرمن.

وەلاهی هاتبووم لێ نەگەڕێم بێنە ژۆرێ بەس تازە هاتنە ماڵم فەرموون وەرنە ژوورێ.

هەموویان دانیشتن و حەوێزە فەندی سەری بەردابۆوە وهیچ قسەیەکی نەدەکرد. دایکم چایەی لۆ تێ کردن بە منی گۆت لۆیان ببە. ئەمنیش چایەکم برد و بەرێز دەستم کرد بە دانانی چا بۆیان، کە گەیشتمە حەوێزە فەندی ئەوەندە لێی پەست بووم ئەوم پازداو چام لۆ دانەنا.! باوکم ئەوەی دیت و گۆتی مامۆستا

حەوێز پیاو نابێ خۆی ئەوەندە بێ ڕێـز بکـات کـە منداڵـەك ڕێـزی لـێ نـەگرێت. پاشان بە خـۆی دەسـتی بـرد و چایـەکی لەسـەر سـینییەکـە هـەڵگرت و لـە پـێش حەوێزە فەندی دانا. ئارەقە هەموو گیانی حەوێزە فەندی تەڕ کردبوو. پاشان بـابم گۆتی بڕیارێکی خراپم دابوو لەسەرت، بەڵام تازە تەواو من هیچم نییـە لەگـەڵ تـۆ نە هیچت پێ دەڵێم نە هیچیشت لێ دەکەم. چونکە دەزانم ویژدانـت تـا هەتایـە ئازارت دەدات کە ئەو غەدرە گەورەیەت لەو منداڵە بێ گوناحە کردووە.

پاشان هەڵسان و خواحافیزیان کردوو ڕۆیشتن.

بابم گۆتی پێم خۆش نەبوو چایەت لۆ مامۆستا حەوێزی دانـەنا، ئـەو هـاتبووە ماڵی ئێمە ئەگەر دوژمنیش بێتە ماڵت پێویستە ڕێزی لێ بگری. ئەوە بکە ئەلقە و لە گوێت بکە هیچ کات بەرانبەر هیچ مرۆڤێك بـێ ڕێـزی مەنوێنـە ئەگـەر لەگـەڵ کەسێکیش کێشەت هەبوو لە بەرانبەر و ڕووبەڕوو مەردانە یەخەی بگرە.

ئەو ڕۆژە ئەو وانەیەم لە ژیان وەرگرت کە تاکوو ئێسـتاش پـەیڕەوی دەکـەم و ڕق و کینەم هەرگیز بەرانبەر مرۆڤەکان بۆ دروست نەبووە کە نیگـەران و دڵگـران بووبم، هەمیشە هەوڵم داوە مرۆڤانە چارەسەری ئەو کێشانە بکەم کـە لـە ژیانـدا ڕووبەڕووم بوونەتەوە.

# تەوەری سێیەم

## چوونم بۆ گەلاڵە و دیلمان لەگەڵ بابم

ساڵی خوێندنی ١٩٧٠-١٩٧١، کۆتایی پێهات، من بە دووەم دەرچووم لە پۆلی پێنجەم. لە مانگی ٩ی ١٩٧٠ باوکم بۆ سەردانی بارەگای بارزانی چووە گەلاڵە منیشی لەگەڵ خۆی برد. (حمید) ناوێك هەبوو سەیارەیەکی مارسێدیسی ڕەشی هەبوو چ لە پێش گیرانی باوکم چ دوای بەربوونیشی هەمیشە لەگەڵ باوکم بوو. ئەو بە سەیارەکەی باوکمی بۆ ئەولا و ئەملا دەبرد. خەڵکی (پردێ) بوو کەسێکی چاونەترس بوو لە شەستەکان ئازایانە ئەگەر باوکم ئەرکێکی هەبوایە لە (موسڵ- کەرکووك- بەغدا) بێ باکانە لەگەڵی دەچوو. لەگەڵ حەمید چووین بۆ گەلاڵە لەوێ باوکم چووە لای (فەرەنسۆ). دانیشتین و پاش بەخێرهاتن ڕووی لە من کرد و گوتی:

ناوت چییە.؟

سالار

دەچیە مەکتەبێ.؟

ئەدی کوو ناچم. ئەدی دەچم.

لە پۆلی چەندی.؟

بوومە شەش.

ئافەرین. هەستە وەرە ئێرە.

ئەمنیش چوومە لای و دەستێکی بەسەرم داهێنا و دەستی کردە گیرفانی (٥پێنج) دیناری دامێ گۆتی لۆخۆت خەرجی بکە. پاشان گۆتی ئەمن لەگەڵ بابت هەندەك ئیشم هەیە ئەتو بڕۆ حەوشەی هەتا تەواو دەبین.

ئەوکاتە شتی ئێرانی لە گەڵالە دەفرۆشرا هەندێ شتی لێ بوو هەر یەکەم جار بوو ئەمن دەمدیت کە چوومە دەرێ گۆتم بابچمە ناو دوکانان. یەکەم جار هەردوو بەرکی شەلوارم لایەك پڕ کرد لە فستق و لایەکتریشم پڕ کرد لە گوڵە بەرۆژە. ئەو جا پێداهاتم یەك کۆمەڵ لەعابە و شتی منداڵانەم کڕی نزیکەی ٣ دینارم خەرج کرد شتەکانم هەمووی لەدەستی بوو دەمویست هەندێ شتیتریش بکڕم کە (حمید) بە دوام داهات و گۆتی وەرە دەرۆین.

سواری سەیارە بووین و بابم گۆتی ئەو چییە چت کڕییە.

زۆر شتم کڕییە لۆ سەردار و چنار و بێخاڵێش کڕیتم.

هەموو پارەکەت خەرج کرد.؟

. هەندەکم مایە بە کورتەك و شەلوار دەدەم.

هههههە. لە کێندەر.؟

. با بچینەوە دەبی لەگەرم بێی لۆ کن (سابیر خەیاتی).

ئەدی لۆ منیش ناکڕی.؟

ئەتوو بابی منی خۆ ئەمن بابی تو نیمە.!

حمید دەستی کرد بە پێکەنین بە دەنگێکی بەرز و لە پاشان گۆتی وەلاهی راست دەکات. جوابەکی باشی دایەوە.

فەرەنسۆ لە پێش ئێمە دەڕۆیشت و ئێمەش لە دوای ئەو بووین تا گەیشتینە (دیلمان) بارەگای بارزانی زۆر بە پەرۆش بووم بۆ زوتر گەیشتن، حەزم دەکرد مەلا مستەفا بارزانی ببینم هەر لە فکری خۆم وێنام دەکێشا کە گەیشتمە ئەوێ ئاوا

دەکەم ئاوا دەڵێم و زۆر شتیتر کە گەیشتینە نزیك بارەگاکە سەیارەکان رایانگرت و هاتینە خوارێ.

فەرەنسۆ گۆتی کاکۆ با بڕۆین. ڕووشی لەمە کرد و گۆتی ئەنگۆ لێرەبن هەتا ئەمە دێینەوە. زۆر دڵ تەنگ بووم. لە دڵی خۆم دەمگۆت ئەمن فکرم لە چ دەکردەوە و چ دەرچوو یەعنی (بارزانی) نابینم زۆر دڵ تەنگ بووم. پاش نیو سەعاتێك بابم گەڕاوە و کەسەکی لەگەڵ بوو، لە دوورەوە هەر وامزانی مەلا مستەفایە. کە هاتنە پێش بابم بە حەمیدی گۆت ئەوە (شێخ سالحە)، وابزانم ئەو ناوە بوو ئەگەر هەڵەم نەکردبێ. پاشان گۆتی خوارزای سەرۆك بارزانییە. ئەمە ئەوشۆ لێرە دەبین کاك ئیدریس و کاك مەسعودم دیتن بارزانی میوانی تایبەتی هەبوو قەرارە شەوێ ببینم و سبەینێ دەگەڕێینەوە. ئەو شێخ سالحە ئێمەی بردە شوێنێك و گۆتی لێرە ئیسراحەت بکەن و خواردن و چای و هەموو شتی لێیە، هەتا ئیشتان تەواو دەبیت هەرلێرە بمێننەوە. نازانم ئەو شوێنە کوێ بوو، بەڵام دواتر کە بیرم لێ کردەوە پێموابێ مێوانخانەی تایبەتی بارزانی بوو. خەڵکی تریشی لێبوو یەك لەوانەی لەوێ بوو (فارس باوە) بوو لەگەڵ (سابیر شێخ جامی) فارس باوە ئامیر هێزی دەشتی هەولێر بوو کەسێکی ناسراو و ئازاش بوو کە بابمی دیت ئەو لە ساڵی ١٩٦٣وە باوکمی دەناسی لەو ساڵە فارس باوە پەیوەندی بە شۆڕش کردووە و هاتۆتە لای مامم (مەلا غەریب) و (مام وسوو دزەیی) لەو کاتەوە ئاشنایەتیان هەبوو بەیەکەوە، بەڵام فارس باوە زۆر دۆستی باوکم نەبوو چونکە ئەو دەیویست هەر کەسێك لە سنووری هەولێر چالاکی بکات دەبێت سەر بە ئەو بێت.

باوکم چاك و چۆنی لێکردن و فارس باوە گۆتی وەلاهی لەبەر مەشغولی ئیش و کار هەر مەجالم نەبوو بێمە لات ئەوە لێرە یەکترمان دیت. یاخوا بە خێر بێیەوە. کەفارەتی گوناحان بێت وەڵاهی دڵخۆش بووم کە گوێم لێبوو گوتیان کاکۆ بەربووە.

باوکیشـم گـۆتی: کـاك فـارس ئێمـە هـەردووك پێشـمەرگەی بـارزانین دەزانـم دڵگرانی کە پەیوەندییم بە تۆوە نەبووە بەس ئەمنیش و ئەتووش فەرمانی بارزانی جێبەجێ دەکەین. بارزانی بە خۆشی دەزانی چ ئەرکێك بە تۆ چ ئـەرکێك بـە مـن دەدات. من فەرمانی بارزانیم جێبەجێ کردووە و تۆش برای منی هەر کووی فکـر دەکەیەوە.

. نانـا. کـاکۆ.بـەخوای ئـەمن وەکـی برایـەکی حسـاب لۆتـو دەکـەم. پاشـان بـە پێکەنینـەوە دەلێگـەڕێ لـەو قسـانە وەرە هەنـدەك باسـی خـۆتم بـۆ بکـە. باسـی گیرانت، سجنت. ئیتر کەوتنە قسە کردن، دەمەتەقێ لەگەڵ یـەکتر ئێـوارە (بـرنج و بامییەکی) خۆشیان بۆ هێناین و ئیتر شەو داهات و دنیـا تاریـك بـوو. زۆرم خـەو دەهات بەس دەمویست نەخەوم و لەگەڵ باوکم بچم. پاشان نـازانم چـۆن خـەوم لێکەوت و کاتێك بەخەبەر هاتمەوە دنیا روناك ببۆوە و هەر لە بن جێی دەرپەڕیم چوومە دەرێ دیتم بابم لەگەڵ جەماعەت دانیشتوون و نـان و چـای دەخـۆن، بـە پەلە چوومە پێش.

ها سالار ئەوە هەستای لە خەوێ.؟

چوویە کن مەلا مستەفای.؟

ئا چووم.

ئەدی لۆ ئەمنت نەبرد.؟

کوڕم ئەتوو نوستبووی دڵم نەهات هەڵتسێنم.

چاوم پڕ ئاو بوو، ئاخر تامەزرۆی دیتنی مـەلا مسـتەفا بـووم. لـە دڵـی خۆشـم دەمگۆت وەکی چوومەوە لە کـن برادەرەکـانم خـۆم هەڵدەکێشـم و دەڵـێم مـەلا مستەفام بینیوە کەچی خەریك بوو ئەو خەونەم مایە پووچ دەردەچوو. لـەو کاتـە (مەلا سالح) لە دوورەوە بانگی کرد کاکۆ کا وەرە. بابیشم بە ڕێکەوت بۆلای منیش بە دوای داچووم کە گەیشتینە لای وتی وەرن لەگەڵم ئەو بـە ڕێکـەوت و ئێمـەش

لە دوای چووین بۆ لای سەرەوەی بارەگاکە، لە ڕێگا گۆتی بارزانی ئـەمری کـردووە چوار تفەنگی برنۆت پێبدەم. دەتبەمە مەشجەبی لـەوێ لـۆ خـۆت هـەڵبژێرە. کـە چووین ژۆرێك بوو پڕ بوو لە چەك و تەقـەمەنی. برنۆیـەکان لـە لایـەك بـە دیـوار هەڵپەسێردراوبوون. باوکم چوار برنۆی (١٧ی) دارشووشـەی نـوێی هـەڵچنی و لـە لایەك داینا پاشان مەلا سالح گۆتی وەرە لۆ هەر یـەکیان سـەد فیشـەکی قورخـانی ئەسڵی هەڵگرە پاشان سندووقەکی کردەوە گۆتی: ئەوەنە لێرەنە بۆ خـۆ ژێ بگـرە. تفەنگ و فیشەکەکانمان هێنانە دەرەوە بەلای بارەگاکە دا هاتینە خوارێ لەو کاتە دیتم کاك ئیدریس وکاك مەسعود هاتنە دەرێ و لە دوو ئەوانیش سەرۆك بـارزانی هاتە دەرێ. ئێمە تەقریبەن (١٥) مەترێك لێیان دوور بووین. کە چاوم بە سـەرۆك بارزانی و کاك ئیدریس و کاك مەسعود کەوت زۆر دڵخۆش بـووم ڕاوەسـتام و تێـر تێر سەیرم کردن، دیاربوو بارزانی هەندێ میوانی هەبوو بـە ڕێـی دەکـردن پاشـان بارزانی چۆوە ژوورێ و کاك ئیدریس گۆتی کاکۆ دوایی وەرە لام.

زۆر دڵخۆش بووم و گـۆتم ئـەمجارە ئـەمنیش دەچـم و لـە نزیکـەوە قسـەیان لەگەڵ دەکەم. چەکەکانمان خستە ناو سەیارەکەی حەمیدی و دەرگامان لێ پێوەدا. پاشان بابم گۆتی دەچم بـزانم کـاك ئیـدریس چ ئـەمرێکی هەیـە. ئـەمنیش گـۆتم ئەمنیش دێم، سەیرێکی کـردم پاشـان گـۆتی دەباشـە وەرە ئـەو ڕۆیـی و ئـەمنیش دوای کەوتم. کاك ئیدریس بە تەنیا لە ژۆرێك بـوو، بـاوکم سـڵاوی کـرد و ئـەویش سەری بڵند کرد و گۆتی:

هاتی کاکۆ.

بەڵێ ئەزبەنی.

بەخێر بێیت. ئەو کوڕە جوانە کێیە.؟

خزمەتکارتە. سالاری کوڕمە.

ئەمنیش چوومە پێش تەوقەیەکم لەگەڵیکرد ئەویش گۆتی. نا.نا. کوڕەکی زۆر سالارە. تەمەن درێژ بێت.

پاشان کاغەزەکی دەرهێنا و دایە دەست باوکم گۆتی ئەوە مەسروفاتێکی بچووکە بابە ئەمریکردووە بۆت سەرف بکرێت.

دەستتان خۆش بێت. مەمنوون.

هەر لەسەر مەوعیدی خۆمان کە دیارمان کردووە سەردانمان بکەوە.

بەڵێ ئەزبەنی. انشاالله.

سڵاوی منیش  بگەینە بە هەڤاڵانت.

پاشان خواحافیزیمان کردوو هاتینە دەرەوە دیار بوو پارەکە لە جێگایەکی تر سەرف دەکرا چووین بۆ ئەو شوێنە. باوکم کاغەزەکەی دانێ و ئیمزایەکیان بە باوکم کرد و پاشان بڕێک پارەیان ژمارد و دایانە دەست باوکم.

بۆ ئەو کاتە ئەو مەبلەغە شتێکی خراپ نەبوو باوکیشم پارەکەی خستە گیرفانی و هاتینە دەرەوە و سواری سەیارەکەی بووین و چووینەوە بۆ گەلالە.

لەوێ باوکم هەندێ کەلوپەلی کڕی  و سەماوەر و هەندێ شتیتر و ئیتر چووین خواحافیزیمان لە فەرەنسۆ کردوو بەرەو هەولێر کەوتنییە رێگا.

ئەمن زۆر دڵخۆش ببوم بەوەی کە بارزانیم دیوە و لەگەڵ کاك ئیدریس تەوقەم کردووە و وام بیر دەکردەوە کە من وەکو هیچ منداڵێك نیم خۆ ئەوان ناگەنە ئەو جێگایە. بە پەلە بووم بگەینەوە هەولێر و لە لای برادەرەکانم باسەکەیان بۆ بکەم.

لە گەلالە بە ڕێکەوتین بەرەو هەولێر لە گەلی عەلی بەگ دابەزین، نانێکمان خوارد و باوکم بە حەمیدی گۆت ئەوشۆ ناچینەوە هەولێر لە شەقلاوە لای ماڵی مامم لادەدەین. ئەو شەو لای مامم دەبم.  ئیتر بە ڕێکەوتین و ئەمنیش پێم

ناخۆش نەبوو لە شـەقڵاوە بمێننـی لەبـەر هەرسـێ ئامۆزاکـەم (عبـدالله، ئیبراهـیم، کامەران) گۆتم ئەوانیش دەبیـنم و هەنـدێك لـە نـاو باخچـان پیاسـەی دەکـەین و زۆریـش حـەزم لـە مێـوە و بـە تایبـەتی قەیسـی، سـێو، گـوێز، هـەنار و هـەرمێی شەقڵاوە بوو ئەو کاتە ئەو شتانەی شەقڵاوە بە خێر و بێر و زۆر بەتامیش بوون.

شەقڵاوە لە دوو بەشی پێکـدەهات ( گونـد- باخچـەکان). گونـد دەکەوتـە لای قشرـە و حـەریق و دەنگـارەی کـە بەشـی لای (گـردی دێـرێ) مەسـیحیەکان لێـی دەژیان لەوێ تـاکوو پشـت دەنگـارەی و نزیـك گـردی زەیتـون موسـڵمانەکان لێـی دەژیان ئەمە لە کاتی زستاناندا. لە هاوینیشدا هەر کەسـە و لـە خـوارێ باخچـەی خۆی هـەبوو ئـەوەی نەشـیبا بـەکرێی دەگـرت و بـۆ ئـەو چەنـد مانگـەی هـاوین کەپرەکی لە ناو دەکـرد و لـەوێ دەژیـان. مـاڵی مـام غـەریب لـە پشـت گەڕەکـی (زەخۆکان) بوو لە باخچەیەك بوو پێیان دەگۆت باخچـەی (کەچـەلێفێ). ئێسـتاش لەگەڵی دابێت نەمزانی بۆ ئەو ناوەی هەبوو. ئەو باخچەیە لە لای پێشەوەی نزیك جادەی دوو ژۆری تێدا دروستکرابوو لە تەنیشتی کەپرەکی گـەورەی لـێ دروسـت کرابوو، پشتەوەشی هەمووی داری مێوە بوو بە هـەموو رەنگـەکانی و جۆرەکـانی. ئێمە کە گەیشتینە ئەوێ باوکم دەرگای باخچەکەی کردەوە و گۆتی مامم لە ماڵێ نییە ئەگەر لە ماڵێ با جێبەکەی لەبـەر دەرکـەی دەبـوو پاشـان بـە دەنگـی بـەرز بانگی کرد (مامۆژن. خانزاد. شەهرەزاد). مامۆژنم (مریەم) ئافرەتێکی تا بڵێی قسە خۆش و روح سووك و بە رەحم بوو، باوکیشمی زۆر خۆش دەویست.گێم لـێ بـوو گۆتی مندارینە بەو خوایەی دەنگی کاکۆیە ئیتر هەموویان هاتنە دەرەوە و پڕیـان دایە باوکم و لە باوەشیان کـرد و ماچیـان دەکـرد. بـاوکم وەك کـوڕی مـاڵ وابـوو ئاخر لە منداڵییەوە کە باپیرم ئـەمری خـوای کردبـوو مـامم مـەلا غـەریب ئـەوانی بـەخێو کردبـوو. مـامۆژنم سـۆزی زۆری بـۆ بـاوکم هـەبوو. ئـەو لـە بنەماڵەیـەکی نیشتیمانپەروەر لە دایك ببوو لە ئەسڵ خـەڵکی گونـدی (گۆڕەشـێر) نزیـك کـوڕێ بوون. خوشکی (مستۆ بەربەر) بوو کە سەرتاشێکی بەناوبانگی شەقڵاوەیە، ئەو لـە

ساڵی ١٩٨٧، خۆی و کوڕێکی بە ناوی (گەیلان) گیران و لەگەڵ (٢١) کەسیتری خەڵکی شەقڵاوە کۆمەڵکوژ کران لە مەعمەل قیری هەولێرێ. بە گومانی ئەوەی پەیوەندی حزبیان هەیە لەگەڵ حزبەکان و شۆڕش و پێشمەرگە.

ئەمنیش گۆتم:

مامۆژن ئەدی عەبدوللا و ئەوان.!؟

وەڵا چووینە دەرێ.

نازانی لە کێندەرن.؟

ئەوجا لە کێندەرن. یان لە بێترمەینە. یان لە کن (تۆمەینە) دۆلدەرمەی دەخۆن.

دەچمە لایان. سەیرێکی بابم کرد ئەویش گۆتی.

پێ دەزانی دەتانی بچی.؟

ئا دەزانم. دەچم.

پاشان گۆتی دووره با حەمید بتبات.

گەڕەکی (بێترمە) شوێنی نیشتەجێی مەسیحیەکان بوو. بێترمە کانیاوێك بوو کە لەبناری سەفین هەڵدەقووڵا. بە جۆگەیەکی گەورە ئاوەکەی سەراوژێر دەبۆوە بە ناو باخچاندا، لە ڕووباری دەربەندی شەقڵاوەی دەکردەوە. ئەو کاتە وەك ئێستا نەبوو کە بەهار دادەهات لە هەموو ڕاستەکی لە بناری سەفین کانیاوەکان دەتەقینەوە و ئاوێکی سازگار و بە خرۆشیان لێ دەهاتە دەرێ. کانی (دەنگارە- مزگەوتی گەورە- جوت بەلوعە- شێخ سەید-بێترمە) تێنوێتی باخچەکان و خەڵکی شەقڵاوەی دەشکاند. هاژە و خوڕەی ئاوی بێترمە بە تایبەتی لە شەوان سەمفۆنیایەکی خۆشی سروشت بوو. لە هەموو ناوچەکان خەڵك بۆ سەیران ڕووی

لە شەقڵاوە دەکرد بە تایبەتی لە وەرزی هاویندا. شارێکی دلڕفێن و دڵگیر بوو. پایتەختی خۆشناوەتی و بووکی کوردستان بوو.

حەمید لەگەڵم هاتوو ئەمنی گەیاندە بێترمە لەوێ دابەزیم، مێردمناڵی زۆری لێ بوو، بەڵام ئامۆزاکانمی لێ نەبوو. پرسیارم کرد ئەوان لە کوێنە.

گوتیان چووینە (زێوەری) زێوەر پانتاییەکی سەر سەوز بوو. کەوتۆتە رۆژهەڵاتی گەڕەکی بێترمە نزیك (بانەنۆك) جاران ئاهەنگی نەورۆز لەو شوێنە دەکرا. پێم دەزانی و هەر بەناو باخچان شۆڕم کردەوە و چوومە زێوەری. ئەوان لەوێ بوون جەماعەتەکی گەنج (شەڕە کسۆکیان) دەکرد ئەوجا لەو سەردەمی زۆربەی گەنجەکان سەگیان هەبوو ناوە ناوە شەڕییان پێ دەکردن. بە مەبەستی خۆشی بردن و کات کوشتنی ئەو کارەیان دەکرد.

قەرەباڵغیەکی زۆر لەوێ بوو. لە دووەرەوە ئامۆزاکانم دیتن. چوومە نزیکیان و بانگم کردن کە ئاوڕییان داوە ئەمنیان دیت بۆ لام هاتن و تەوقەمان کرد. گوتیان لەگەل کێ هاتی؟

لەگەڵ باوکم.

ئەدی کا کاکۆ.

لە مارێیە.

. کوو زانیت ئەمە لێرەینە.

لە بێترمەی پرسیم گۆتیان ئەنگۆ هاتینە ئێرە.

ئیتر تا لای ئێوارە لەگەڵ ئەوان هەر خەریکی پیاسە کردن بووین و لە دوکانی تۆمەش دۆلدرمەمان خوارد و پاشان گوتیان با بچینە ناوچەی.

بارەگای ناوچە لە نزیك قەسابان بوو کـە دەکەوتـە بەرانبـەر فەرمانگـەی ئـاگر کوژێنەوە. بینایەی ئێستای کتێبخانەی گشتی شەقڵاوە. لـە بەرامبـەر گـردی دێـرێ. پێش باخچە وماڵی (عوسمان میران بەگ).

کە گەیشتینە ئەوێ مام غەریب لە ناو حەوشەدا بوو لەگەڵ هەنـدێك خـەڵـك ڕاوەستابوو. شەهید مامەند لە دەرگا بوو چاوی پێمان کەوت گۆتی ئـەوە (سـالار) نییە، عەبدوڵلا گۆتی با هەوە.

لەگەڵ کێ هاتی.؟

لەگەڵ بابم.

ئەدی کوا بابت.؟

وەڵڵا ئەوە لە مارێیە.

ماچی کردم و گۆتی بە خێر بێن.

پاشان ڕووی لە مام غەریب کرد و گۆتی:

مامۆستا کاکۆ هاتیە.

ئەدی کا.؟

ئەوە سالارە ئەو نەهاتییە لە مارێیە.

ئەی. سالار کەنگین هاتن.؟ وەرە ماچەکم بدێ، دەستی  لە ملی کردم و مـاچی کردم و پاشان بە جەماعەتی گۆت.

بە روخسەتتان ئەمن دەچمەوە کاکۆی برام هاتیـە. پاشـان هـەموومان سـواری جێبەکەی بووین و مام غەریب لە پێشەوە و شەهید (کەمـاڵ) شـۆفێری دەکـرد و شەهید مامەند، ئەحمەد، خدر و ئێمـەش لـە پشـتەوە سـوار بـووین و چووینـەوە مارێ.

شەهید مامەند ئـەمنی زۆر خۆشدەویسـت هـەر لـە خۆشەویسـتی مـن نـاوی کوڕەکەی نابوو (سالار) کە ئێستا پێشمەرگەیە و ئەندامی فەرماندەیی فەرمانـدەی (سەفینە). ئیتر نزیکانی مەغریب بوو مامۆژنم جێگایەکی بە تەبیعـەت و خـاوێنی لە بن کەپرەکە ڕاخستبوو. بـابم و حەمیـد لـەوێ دانیشـتبوون. هەڵسـان و بـەرەو پیری مامم هاتن تەوقە و ماچ ومـووچ و چـاك و چـۆنی خۆیـان کـردوو ئـەمنیش لەگەڵ عبدالله و ئیبراهیم و کامەران چووینە ناو باخچەی دەستمان کـرد بـە مێـوە لێکردنەوە و خواردنی مێوە. کە ئێستاش لەگەڵ دابێت هەرجارێ بـە بیـرم دێتـەوە تامی ئەومێوانە دێتەوە سەر زمانم. بەڕاستی بەتام و چێژ بوون.

دوای نانی ئێوارە بابم هەموو سەردانەکەی خۆی بۆ لای بـارزانی گێڕایـەوە بـۆ مامم و ئەویش گۆتی: وەڵاهی باش بووە زۆر کەیف خۆشم بەو سەردانەت. بـەس حەزم لێیە لە هەولێرێ نەبی ئەمن پێم خۆشە منداڵان بینییە ئێرە. هیچ لـە گـۆڕێ نەمایە و لێرە هەم لە من نزیکی هەمیش ئەوەندە دڵم پێتوە نابێت.

مامە دێم. بەس جارێ نا. هەندەك ئیشم هەیە.

چ ئیش.

دەڵێن تەسریح دەکرێین.

ئەمن ناوت دەدەمە جەماعەت داخلی لیستت بکەن.

ئەحمەد زەخۆك نوێنـەری هێـزی سـەفینە پێـی دەڵـێم نـاوت داخـل بکـات و هەرکات مووچە دەرچوو ئەتووش وەردەگری.

باشە مامە مادام بچمەوە خۆمان خڕ دەکەینەوە دێینە ئێرە.

ئـەوە نـاوت لـۆ عـاردیش دەنووسـم لـە بێترمـەی هـەر پێشـمەرگە و پارچـە عاردەکیان دەدەنێ وەکو پاداشت.

ئێ وەڵلا زۆر باشە.

دەتوانی لێرە کاسبیەکیش بکەیت ئەتوو وەستای فڕنی و نانی ئەو ئیشە لێرە زۆر بە خێرە.

ئیتر دوای گفتگۆیەکی زۆر تا درەنگانی شەو، زۆر بەسەرهاتی کۆن و ڕابردوو باس کران. هەستم دەکرد هەموو ئەو مەجلیسە تام و چێژیان لە دانیشتن و قسەکان وەرگرتووە. پاشان مامۆژنم گۆتی: ئەوە جێگام لۆ دانانە و لۆ مندارانیش لۆ هەموویان بردیتمە سەر کەپرێ.

لە ژیانمدا بۆ یەکەم جارم بوو لەسەر کەپر بخەوم. پێش هەموویان سەرکەوتم. گوتیان ئەتوو لە ناوەندێ بخەوە نەوەک شەوێ هەڵبستیتەوە بەربیتەوە خوارێ و جێیەکت بشکێ.

ئاو و هەوایەکی فێنک هاژە و خوڕەی ئاو و تریسکە تریسکی ئەستێرەکان، کزە بایەکی فێنک جوانترین کەش و دیمەنی بۆ من دروست کردبوو. هەر بە سەیری ئەستێرەکانەوە چاوم چووە خەو.

بەیانی زوو پێش ڕۆژهەڵات خوێندن و چریکە چریکی باڵندەکان بەخەبەریان هێنامەوە. سەمفۆنیای سروشت دەیژەنی، ئاوازێک بوو ناخی مرۆڤی ئارام دەکردەوە دەنگەکان تێکەڵ بەیەک دەبوون. هەندێجار ئاوازێکی غەمگین بوو هەندێ جار شادی هێنەر بوو ئەی خودایە چیە ئەو هەموو جوانییە ئەو هەموو پاکییە. لە ژیانما وەکو ئەو شەوە خەوی باشم نەکردبوو کە چاوم کردەوە هەستم دەکرد هەموو گیانم نوێ بۆتەوە دڵخۆش بووم بە ووزە بووم حەزم دەکرد ئەمنیش باڵم هەبوایە و بچوومایە سەر تۆقەرانی دارەکان و ئەمنیش لەگەڵ باڵندەکان بمخۆیندبایە کەش و هەوایەکی شاعیرانە و دڵچەسپ بوو.

دەمگۆت دەبێ کەی باوکم ماڵمان بگوازێتەوە ئێرە، دڵم زۆر خۆش بوو بیرم لەوە دەکردەوە کە لە چەند ڕۆژی داهاتوو دا ماڵمان دێتەوە ئێرە.

نانی بەیانی دانراو وەکو نەریتی هەمیشەیی خۆشناوەتی گوێز، هەنگوین، پەنیر، سەرتوو، ماست و هێلکەی کوردی سفرەیەکی رازاوە تێکەڵ بە سروشتی جوانی ئەو شارە ببوو چێژێکی نایابی هەبوو. دوای نانخواردن خواحافیزیمان کردوو گەڕاینەوە هەولێر.

باوکم لەگەڵ دایکم بابەتی ماڵ گواستنەوەی باس کرد دایکیشم گۆتی ئەمن پێم خۆشە هیچ نەبی لە نزیک مامتی، ئەمن زیاتر دڵخۆش بووم کە زانیم دایکیشم لاری لەوە نییە ماڵمان ببەینە شەقڵاوە.

لە دوای چەند رۆژێک کەسێک هاتە ماڵمان و لەگەڵ باوکم دانیشت گۆتی: ئەمن (ئەحمەد زەخۆک)م سبەینێ وەرە دائیرەی مە و رەسم و نفوسی خۆت بینە ئەتۆ تەسریح بووی. دائیرەکەیان لەگەڕەکی شۆڕش بوو لە سەر جادەی شەقڵاوە ئەو هەستا ڕۆیشت و بەیانییەکەی بابم رۆیشت بۆ ئەوێ. ئەوە بڵێم باوکم بچوویا هەر جێگایەک ئەمنی لەگەڵ خۆی دەبرد، چونکە ئەوەندەی عەزابی دووری ئێمەی دیتبوو تێر نەدەبوو لێمان. بۆیە ئەمنیشی لەگەڵ خۆی برد چووین لەوێ معامەلاتی باوکمیان کردوو (٢٠) دیناریان پێیدا، نەمزانی معاش بوو چی بوو، ئیتر ئەحمەد زەخۆک گۆتی هەموو سەرەمانگان کە معاش هات ئەتۆش وەرە وەری بگرە.

## حەزی کاسبی کردن و نەخۆشکەوتنم

ئەمن زۆر حەزم لە کاسبی بوو پێم خۆش بوو ئیشێک بکەم، بەڵام نەمدەزانی چی بکەم.

مێردمنداڵەک هەموو رۆژی دەهاتە کۆڵانێ مە، سینییەیەکی لەسەر سەری بوو هەر هاوارای دەکرد کێکی بە عەینەک. کێکی بە عەینەک) کێکەکە شێوەی لە

عەینەکی دەکرد دوو بازنەی خڕ کە بەیەک وەنوساوبوون ئاردی شەکر و شتیان بەسەروە دەکرد زۆر بە تام بوو دەنکی بە پێنج فلوس بوو.

هەموو رۆژێ لێم دەکڕی ببووە برادەرم. لێم پرسی رۆژی چەند قازانج دەکەی؟ گۆتی لە سینییەکی (١٢٥ فلس) قازانج دەکەم. گۆتم سینییەک بای چەندییە؟

بای روبعەکییە (١٥) کێک بە (٥٠ فلسیە) لە هەر ٥٠ فلسی ٢٥ فلسی قازانجە، فکرم کردەوە وەلاهی ئەو ئیشە باشە ئەمن ئەو ئیشەی دەکەم.

ئەوکاتە کارگەی دروستکردنی ئەو کێکە لە نزیک گەڕەکی (خانەقا) بوو لە پشت تەکیە (شێخ عبدالکریمی).

هێوارێ کە چوومەوە ئەو مەوزوعەم لەگەڵ دایکم باس کرد.

کوڕم ئەوە بە تو ناکرێت و نازانی.

با، پێم دەکرێت، باشیش دەزانم.

باشە دوایی بە بابت دەرێم بزانم ئەو ڕازی دەبیت. دوای نانخواردن لەگەڵ باوکم باسی کرد کە سالار شتەکی وا دەڵێت. ئەویش تەماشایەکی کردم و بزەیەکی کرد گۆتی:

دەتوانی؟

ئا. دەتوانم.

ئەمن پێویستیم بەوە نییە تو ئیشم لۆ بکەی بەس قەیدی ناکات بڕۆ ئەو ئیشەی بکە با فێرە کاسبی ببی، بەس بە ئاقڵی بکە. ئینجا دەستی کردە گیرفانی و گۆتی ها ئەوە نیو دینار لۆ دەست مایەت، بزانم چ دەکەی؟

دایکیشم سینییەکی فافۆنی لۆ دانـام لەگـەڵ پەڕۆیـەکی تـەنک گـۆتی: وەکـی کێکەکانت دانا سەر سینی ئەو پەرۆکەی بەسەر دادە  با پاک و خاوێن بێت مـێش و مەگەز و تۆز و خۆڵی لەسەر نەنیشیت.

ئەو کاتە کۆڵانەکانی هەولێر کەم شوێنی قیرتاو یـان سـەب کرابـوو، هـەمووی هەر خۆڵ بوو زێرابیش زۆر کەم هەبوو لە هەموو کۆڵانێک لە ناوەندی کۆڵانەکـە و بە درێژایی کۆڵان جۆگەیەک لێدەدرا و لـە هـەر مـاڵێکیش جۆگەیـەکی بچـووک دەهاتە ناو ئەو جۆگەیە و ئاوی پیس و زبڵ و زاری لەگەڵ خۆی دەهێنا ناو جۆگە گەورەکە و جاریش هەبوو لە شوێنێک جۆگەکە دەگیرا لە ناوەنـدی کـۆڵانێ گۆمـە ئـاوەکی پـیس کۆدەبـۆوە بـە تایبـەتی لـە گەڕەکـە میللیـەکانی وەکـو (سـێتاقان، سـەیداوە، گلکەنـد، بەسـتەپیازە. تـەیراوە) هـەر لەبـەر ئـەوەش زۆربـەی ئێـواران سـەیارەکی پیکـاپ دەهـات لـە کۆڵانـەکان دەگـەڕا و تانیکـەکی لـە پشـت بـوو دوکەڵەکی لێ دەهاتە دەرێ و دنیای سپی دەکرد، دەیانگۆت دەرمـانی پێشـکەیە. ساردکەرەوەش بەو شێوەیە نـەبوو تـەنیا پانکـە هـەبوو ئـەویش بەرگـەی گـەرمای هاوینی هەولێری نـەدەگرت، بۆیـە خـەڵکی هـەمووی لەسـەر بـانی مـاڵی خۆیـان دەنووستن هەر ماڵە و کولەیەک یان چەند کوللەیەکی تۆڕیان هـەردەدا و لـە ژێـر ئەو کوللانە دەخەوتن. ژیان سادە و ساکار بوو وەکو ئێستا ئەوەندە بـە زەحمـەت نەبوو.

بەیانی زوو  لە خەو هەڵسام هێشتا رۆژ هەڵنەهاتبوو.

چوومە مەعمەلەکی کێکی بە عەینەک و سەلامم کرد.

هاتیمە کێکم بدەنێ.

ئەتووم قەت نەدیتیە بێیە ئێرە.

ئەمن تازە دەستم پێکردییە. یەکەم جارمە دێم بۆ ئێرە.

خەرکی کێندەری لە چ گەرەکەکینە؟

خەڵکی سێتاقانم ماڵمان لەوێیە..

دەی باشە بای چەندت دەوێ؟

بای نیو دیناری.

ئەتوو یەکەمجارتە نەوەک پێت نەفرۆشرێ لۆ بای روبعەکی نابەی؟

نا پێم دەفرۆشرێ بای نیو دینارم بدێ.

ئاخر ئەگەر بمێنیتەوە کێکەکە رەق دەبیت و کەسیش لێت ناکڕیت و لێت خەسار دەبێت و دەبتە زەرەر لۆت.

خەمت نەبیت هەمووی دەفرۆشم.

ئەو کاتە لە بەینی سێتاقان و گەڕەکی پۆلیسان لە سەرەوەی باخچەی (خدرە کەڕی) ساحەی تۆپانێ هەبوو ئێواران تیپە میللیەکان لەوێ یارییان دەکرد خەڵکەکی زۆریش لەوێ کۆ دەبۆوە و سەیری یارییەکانیان دەکرد. بۆیە بیری ئەوەم کردەوە گۆتم ئەوەی فرۆشرا ئەوە فرۆشرا، ئەوەی ماوە پاش نیوڕانێ دەچمە ساحەی و هەمووی دەفرۆشم.

کابرای وەستا سینییەکەی لێ وەرگرتم و کێکەکانی لەسەر رێزکرد و پەڕۆکەکەم دایێ گۆتم ئەوەی بەسەر دادە.

وەڵلا ئەوە یەکەم جارە ببینم کێک فرۆشێک پەرۆک بەسەر سێنی دابدات.

ئاخر با مێش و تۆز و خۆری لەسەر نەنیشیت.

ئافەرین. وەلاهی انشاللە سەرکەوتوو دەبیت مادام ئەوەندە بە پاکی ئیشەکەی دەکەی.

ئەمن بە منداڵی زۆر لاواز بووم توانای جەستەییم کەم بوو، بەرگەی ماندووبوونی زۆرم نەدەگرت بە تایبەتیش بە گەرمایێ زوو تێک دەچووم بۆیە

گۆتم  با زوو بچم لە هەموو کۆڵانەکان بگەڕێم و کێکەکەم تەواو کەم دەنا گـەرما دابێت ناتانم لە کۆڵانان بگەڕێم.

بۆیە بە پەلە دەستم کرد بە کێک فرۆشتن. هـاوارم دەکـرد کێکـی بـە عەینـەک گەرم و نەرم و تازەیە وەرن کێکی بە عەینەک وەرن، یاڵلا کێک. یاڵلا کێـک. کێکـی بە عەینەک.

ئەو رۆژە لە سەر ئیشەکە زۆر بـە زەوق بـووم تـا کـاتژمێر ١١ی پـێش نیـوەڕۆ سینییە کێکێکم تەواو کردوو و روبعـەکم قـازانج کـرد زۆر کـەیفم بـە خـۆم هـات چوومەوە مارێ بە سینی بەتاڵەوە دایکم گۆتی ها چ کێکت نەهێنا.

بەرێوەڵا هەمووم فرۆشت. روبعەکیشم قازانج کردییە.

کوڕە قەت وەنەبی؟

بە خوای وەیـە ئـەوەش پارەکـانم. ئینجـا پارەکـانم بـە دایکـم پیشـاندا، پاشـان سینییەکەم دایێ و گۆتم:

ها لۆم بشۆ. پاش نیوڕانی دەچم دیسان دەینم.

کوڕم ئەوەندە بەسە. دوایی ماندی دەبی و تاقەتت نامینێ.

نا ماندی نابم ئەتو نانەکم بـدێ بخـۆم برسـیمە نـانی بەیانیشـیم نـەخواردبوو، دڵیشم نەدەهات کێکەکی بخۆم دەمگۆت جارێ یەکەم جارمە کێک دەفرۆشم بابە خۆم نەخۆم و دەوم پێ نەبێت.

نانی نیوەڕۆم خوارد و پاش نانی چوومەوە کارگەی و کابرای وەسـتا کـە چـاوی پێم کەوت. گۆتی:

ها. دەرێی هەموویت فرۆشتووە.

ئەرێوەڵلا هیچم نەمایە سەعات ١١ تەواوم کرد.

وەڵلا باشە دەست خۆش، هاتی دیسان ببەی.

ئا. دیسان لۆم دانێیەوە.

کوڕە ئێواران کەس کێک نابات، منداڵ بەیانیان رۆژانە وەردەگرن و لۆ خۆیان خەرج دەکەن باوەڕ ناکەم پێت بفرۆشی، مشتەرییەکانی مە بەس سبەینان دێن کێک دەبەن.

ئەمن حەقم لەکەس نییە لۆم دانێ، دەبەم دەفرۆشم.

کەیفی خۆتە ئەمن لۆتوومە دەرێم با زەرەر نەکەی. پاشان سینییەکەی لێ وەرگرتم و دیسان کێکەکانی لۆ ریز کردم لەسەر سینی و هاتمە دەرێ ئەو رۆژە تا سعات ٤ی ئێوارە بای (٥٠ فلس) م فرۆشتبوو واتە (١٠ کێک)م فرۆشتبوو. لە دڵی خۆم دەمگۆت وەڵاهی بریا بە قسەی وەستام بکردایە خۆ کەس نییە لێم بکڕیت. پاشان وردە وردە بەرەو ساحەکەی تۆپانێ چووم دیار بوو قەرەباڵغ ببوو یەک فەڕەم بە دەوری ساحەکەی لێدا و نیوەی کێکەکانم فرۆشرا، زۆر دڵخۆش بووم پاشان فەڕەیەکی تریشم لێدا نیوەکەی تریشم فرۆشت. ئیتر کاتژمێر نزیک ٦ی ئێوارە ببۆوە سینییەکەم لە بن باڵم ناو ئەمنیش لە دیار تۆپانێ راوەستام تا یارییەکە کۆتایی پێهات و بەرەو ماڵ بوومەوە.

کە چوومەوە، باوکم لە ماڵ بوو گۆتی:

ها وەرە بزانم کوڕی من چی کردییە.؟

وەڵلا بابە دوو سێنیم فرۆشتییە. نیو دینارم قازانج کردییە. هاتمەوە نیو دینارەکەی خۆت بدەمەوە و ئەمن بە قازانجەکەی لۆ خۆم ئیشی پێ دەکەم.

کوڕە ئەوهام لێ ڕانەدەدیتی، یەعنی نیو دینارت قازانج کردییە.

ئەرێوەڵلا، ئەوەتە نیو دینارم هەیە.

ئێ لە رۆژانەی عەمەلەی زیاترە. وەللا ئیشەکی باشە.

وابزانم ئەو کاتە عەمەلە بە (٨ درهەم)ی بوو تا نیو دینار ئیشیان پێ دەکـردن. مووچەی مامۆستایەک نەدەگەیشتە (٢٥ دینار)، پـارە زۆر کـەم و بـە بەرەکـەتیش بوو، دینار، دینار بوو.

هەموو جار سەرەمانگان لەگەڵ بابم دەچووینە دوکانەکی برادەری لەبەرانبـەر سینەما (حمراء) دوکانی ئەرزاقی هەبوو وابزانم بای (٥-٦) دیناری ئەشیای دەکڕی سەر عارەبانەیەک پڕ دەبوو، دەبوایە بە عارەبانەی بهێنیینەوە.

ئیتر تا ماوەیەک من خەریکی کێک فرۆشتن بووم، بـەڵام رۆژ لـە دوای رۆژیـش زەعیفتر و بێ هێزتر و رەنگ زەردتر دەبووم. دایک و باوکم وایان دەزانی بە هـۆی کێک فرۆشتنەوە ئەوهام لێ هاتییە. بۆیە ناوە ناوە دەیانگۆت دە واز لەو ئیشـەی بینە ئەتو تاقـەتی ئـەو ئیشـەت نییـە، بـەڵام راسـتبوو بـێ هێـز بـووم و تەنانـەت خواردنیشم باش نـەدەخوارد و بێـزم لێـی دەکـرد، بـەڵام بـۆ ئیشـەکە بـێ غیـرەت نـەبووم و زەوقـم پێـی دەهـات، چونکـە سـودێکی باشـم دەکـرد. لـە دڵـی خـۆم دەمگـۆت پـێش مەکتـەب بکرێتـەوە لەگـەڵ بـابم دەچـم لـە خـەیاتی کورتـەک و شەلوارەکی (کۆییـانی) دەدورم. کۆیـانی کورتەکەکـەی وەکـی چاکـەتی چاکـەت و پانتۆڵی دەدورێت سەرشانەکانی جوان رادەوەستێت و ئەوجا دەمگوت دەچـم لـە باتەی قۆندەرەکی باتەش دەکڕم، لەگەڵی لەپێ دەکەم. کراسەکی جوانیش دەکـڕم. زۆر فکرم لە شت کڕین دەکردەوە. تـازە جانتـای بـە قوفـڵ هـاتبوو ئـی مەکتـەبی وەکی (باولی جلکـان) بـوو، بـەڵام بچـووکتر بـوو گـۆتم ئـەوەش لـۆ خـۆم دەکـڕم. دەمگۆت ئەگەر ئەمن ئەو هەموو شتانە بکڕم دەبـێ پـارەکی بـاش کـۆ بکەمـەوە. لۆیێ زیاتر خۆم دەدا ئیشەکەی پاشان فکرەک هاتە نـاو مێشـکم، گـۆتم کێکـەکان دەفرۆشم و هەتا مایەی خۆم دەگرمەوە یەکی بە پێـنج فلـوس دەدەم کـە مایـەم گرتەوە ئەوجا دەکەمە دووی بە پێنج فلـووس کـەمتر قـازانج دەکـەم بـەڵام زۆرتـر دەفرۆشم. لە ڕاسـتیدا فکرەکەشـم خـراپ نـەبوو رۆژانـە زیـاتر لـە ٣-تـا ٤ سـینیم دەفرۆشت جار وەبو عەسران، لە ساحەی تۆپانێوە بە غار دەچووم سـینییەکی تـرم

دەهێنا. ئەویشم دەفرۆشت. وەستایەکە زۆر پێی سەیر بوو کە ئـەمـن ئـەوها زوو زوو دەچوومەوە کارگەی لۆ کێک هینانی. رۆژەکی گۆتی:

پێم نارێی ئەو کێکانە لە کێندەر دەفرۆشی..

لە کۆرانان دەگەڕێم (ئاوی گۆپاری) دواییش دەچمە ساحەی تۆپانی.

ئەو هەمووەت لێ دەکڕن.

ئەدی، ئاخر ئەمن هەرزانیان دەدەمێ.

هەرزانی کوو، کا پێم بڵێ؟

ئـەمن وەکـی مایـەی خـۆم گرتـەوە دەکەمـە دووی بـە پێـنج فلـس، یەکسـەر هەرچی ماوە دەیفرۆشم و دێمەوە سینییەکیتر دەبەم.

ها..ها.. ها، کەمخۆری دایم خۆری.

بەس نازانم ئەتو چۆن ئەو فکرەت لێ کردیتەوە.

هەر بە مێشکم داهات، ئەوها بکەم باشترە و زیاتر دەفرۆشم نـەک بمێنیتـەوە و لێم ببیتە زەرەر.

زۆر ڕاستە، دەست خۆش، دەچیە مەکتەبی؟

ئا دەچم.

دەبی قوتابیەکی زیرەک بیت.!

ئەرێوەللا زۆر زیرەکم لە یەکەم و دووەم و سێیەمی نایەمە خوارێ.

خوا لۆ داک و بابت تەمەنت درێژ بکات.

پاشان کێکەکانی لۆ ریزکردم لەسەر سینی و گۆتی ئـەوە (١٦ کـێکم) لـۆ دانـای بە پەنجا فلس مادام هەندە ئازای ئەمنیش پشتگیریت دەکەم. زۆر دڵخـۆش بـووم بای نیو دینارم بکڕیبا (١٠) کێکم زیادە وەردەگرت.

بەم شێوەیە ماوەیەک خۆمم زۆر هیلاک دەکرد وای لێهاتبوو سینییەکەم گەورەتر کردبوو. لایەکم دەکردە (گەزۆ و لەوزینە) لایەکیش کێکی بە عەینەک وەزنی سینی قورستر دەبوو. ئەمنیش زەعیفتر و بێ هێزتر دەبووم هەستم دەکرد ئیتر قاچەکانم فەرمان وەرناگرن و هەنگاوەکان بە دروستی نابڕن. بۆیە جار بە جار لە بن سێبەری دیواری ماڵێک سعاتێک دادەنیشتم و کەسیش نەدەهات لێم بکڕێت. نیوەڕۆیانیش نەدەگەیشتمەوە ماڵێ چونکە جار وابوو دوور دەکەوتمەوە، چەند کێک و چەند لەوزینە یان گەزۆم دەخوارد. گەدەم پڕ دەبوو ئیتر نانم بۆ نەدەخورا. دایک و بابیشم هەستیان کردبوو زوو زوو دەیانگۆت بەسە واز بینە، مادام تاقەتت نەماوە ئەو ئیشە مەکە.

لە ڕاستیدا حەزم دەکرد واز بینم. بەڵام غیرەتم قبوڵی نەدەکرد بە خۆم ئەو بڕیارە بدەم.

دوایی چارەم نەما مەکتەبیش نزیک بوو لە کردنەوەی بۆیە وازم لە ئیشەکە هێنا، باوکیشم بۆ ئەوەی من دڵخۆش بم، بردمی بۆ لای خەیات و کورتەک و شەلوارێکی جوانی لۆ بە ڕادان دام و بەو شێوازەی کە خۆم حەزم لێی بوو بە دورینمدا و پاشان بردمی بۆ باتەی جوتێک پێلاوی جوانی بۆ کڕیم و جانتایەکیشی بۆم کڕی، لەگەڵ کراسێک و پشتێنیش. لە ژیانمدا بۆ یەکەمجارم بوو بەو شێوەیە و بە دڵی خۆم پۆشتە بکرێم.

ئێوارانێک برادەرێکی بابم هەبوو خەڵکی بیرۆکان بوو بە ناوی (عەزیز بیرۆکەیی) هاتە ماڵمان و بە باوکمی گۆت پیرۆزە بە خوا پێمخۆش بوو. پاشان باسەکەیان درێژە پێدا و دەرکەوت باوکم کراوەتە مراقیب (چاودێر) لە ڕێگای کۆیە ئەو کاتە تازە ڕێگای (هەولێر-کۆیە) دروست دەکرا. عەزیز بیرۆکەیی دەیگۆت هەموو کۆنە سەر لقەکانیان کردۆتە مراقیب شتێکی باشە، هەر لەو سەین و بەین و ڕۆژانەدا تازە خانووەکانی شەهیدانی سێتاقان دروستکرابوون باوکیشم لەوێ خانوێکی بەکرێ گرتبوو. ماڵمان گواستەوە بۆ شەهیدان ئەو کاتە

(ئازادی) مام رەفیق سەرباز بوو لـە مەعەسـکەری هـەولێری، پاسـکیلەکی هـەبوو ئێواران دەهاتەوە ماڵێ مە، گەنجەکی سۆر و سپی و پرچ خورمـایی و جـوان بـوو. زۆریش لەگەڵ من بەینی خۆش بوو.

رۆژێکیان (سەعدی گەورە) کە ئەویش لە شۆڕش سەرلق بوو هاتـە مـاڵمان بـە بابی گۆت سبەینێ حازر بە ئەمن دێمە دوت و دەچینە دەوامێ. دیاربوو ئەویش کرابووە مراقیب.

لۆ سبەینەکەی قەلابـەکی (صـلاح دیـن) هاتـە بـەر دەرکـەی مـاڵمان ئـەمنیش چوومە دەرێ هەرچی تەماشای شۆفێرەکەم دەکرد دەمگـۆت ئـەوەی دەناسـم لـە جێگایەک دیتیتم، بەڵام نەدەهاتەوە بیرم. سەعدی گەورە بە منی گۆت کاکۆ حـازر نەبووە.؟

بەدی ئەوە دێت حازر بووە.

بابیشم هاتـە دەرێ و هـەرچاوی بـە شـۆفێرەکە کـەوت گـۆتی. کـاک محمـەد بەخێر بێیت. چما ئەتوش لەگەڵە مەی. ئەویش پێکەنی و گۆتی. ئەی چـۆن بـاوکم بۆ من چیم.؟

گۆتم: بابە ئەمن ئەو پیاوەم دیتییە لە جێیەکی بەس نازانم لە کێندەر؟

کوڕم ئەو (محەمەد جەزایە) هونەرمەند و گۆرانی بێژە دیارە ئەویش بە شۆفێر دامەزراوە.

یەکسـەر بیـرم کەوتـەوە وەلاهـی راسـت دەکـەی خـۆم بـە دەرکـەی قـەلابی هەلواسی و تەوقەیەکم لەگەل محەمەد جەزا کردوو بە گۆرانی گۆتم (کوردسـتانە. کوردستانە. هـەم گەرمێنـە و هـەم کوێسـتانە) ئـەویش دای لـە قاقـای پێکـەنین و دواتر ئەوان رۆیشتن بۆ سەرکارەکەیان و ئـەمنیش چوومـە ژوورەوە و بـە دایکمـم گۆت محەمەد جەزا هاتبوو.

محەمەد جەزای چی کوڕە؟

ئەو هاتبووە دوو بابم.

کو ئەو هاتبوو لۆ ئەو چیە؟

قەلابەی لێدەخوڕی بە قەلابی هاتبووە دووی بابم.

شەهیدانی سێتاقان گەڕەکێکی تازە و نوێ بوو لە ستارەی خانووەکانی وەکو هێمایەک بۆ خۆڕاگری کورد وێنەی خەنجەری لەسەربوو. بە نسبەت ئەو کاتی ئەو گەڕەکە سەردەمیانە و هەندەسی چاک کرابوو. لە ڕاستیشدا گەرەکێکی ناخۆش نەبوو. بەینی سێتاقان و شەهیدان چۆڵەوانی بوو مەودایەکی باشی هەبوو جادەی سێتاقان شەوانە زۆر جوان دیار دەبوو بە تایبەت کاتی دوکانەکان کراوەبوون و گلۆپەکانیان پێبوو. شێوەی لە شەمەندەفەرێک دەچوو کە گلۆپی فارگۆنەکانی هەڵکرابن. لە شەست مەترییەوە تا سیی مەتری. ئەم ماوەیە ڕووی ئەودیوی جادەکە هەمووی بازاڕ و پشتەوەش گەڕەک و ماڵ بوو، بەڵام دیوی لای شەهیدان هەمووی چۆلەوانی بوو. تەنیا قەسری (غازی بەگ) ڕووی لە شەهیدان بوو، لە سەرەوەش وەنوساو بە شەست مەتری ماڵی سەیدەکان لەوێ بوون (سەید غەریب). ئیتر ئەوەیتر هەمووی بۆشایی بوو وە ئاوەدانی تێدا نەبوو.

من جەستەم زۆر بێ هێز ببوو، ڕەنگم گۆڕابوو زۆر دکتۆریان پێ کردم چارەی نەبوو. لە بیرمە جارێکیان بردمیانە لای دکتۆر (ئاگوب). ئەو کاتە ئەو دکتۆرە زۆر بە ناوبانگ بوو.

عیادەکەی ڕێک لە شوێنی ئێستای (ئەسواق سیروان) بوو، دەرگایەکی بچووکی هەبوو لە سەر جادەکە و یەکسەر بە قالدرمە سەر دەکەوتیتە سەر عیادەکەی لەسەرەوە بوو. تەنیا دوو ژوور بوو یەکێکیان دکتۆرەکە لێی دادەنیشت ژوورەکی تریش مزەمیدێکی لێبوو بۆ دەرزی و تەداوی یەکێکیش لەبەر دەرگا کە مێزێکی بچووکی دانابوو بۆ سەڕەبڕین.

پاش یەک کاتژمێر چاوەڕوانی نۆرەی ئێمە هات. کە سەیرم دەکرد هەندێ شت لام نامۆ بوو خەڵکی دەوروبەری هەولێر کە لـە گوندەکانـەوە هـاتبوون زۆربـەیان دیارییان بۆ دختۆری پێبـوو، هـەبوو هێلکـەی هێنـابوو. هـەبوو ماسـت و پـەنیری هێنابوو. هەبوو مریشکی هێنابوو. دیارییەکان جۆراوجۆر بوون.!

بە خەیاڵم داهات بوون بە دکتۆر چ شتێکی باشە خەڵک هـەمووی رێـزت لـێ دەگری و دیاریت بۆ دەهێنێ واش بیرم دەکردەوە دیـارە ئـەو دکتـۆرە دکتـۆرێکی باشە وە چارەسەرم دەکات. ئیتر سرەکەمان هاتوو چووینە ژوورەوە. دکتۆرێکی بـە ساڵاچوو.

چاویلکەیەک لە چاوی، سەماعەیەکی فەحس بە ملیەوە.

مێزێکی لە پێش بوو پڕ بوو لە کاغەز و هەندێ دەرمان.

دختۆر بە قوربانت بم ئەو کوڕەم زۆر نەخۆشە عیلاجەکی لێ بکە.

بەسەر چاو دایە،چیتی چ نەخۆشیەکی هەیە؟

بەوخوایەی نازانم. هەر ڕەنگ زەردە. خواردنی نـاخوا بێتاقەتـە جـار وەیـە لـە مەکتەبی لە خۆ دەچێت.

ئەدی نەتانبردیتە لای هیچ دکتۆران.

بەرێوەڵلا بردیتم بەس هەر فایدەی نەبووە.

هیچ نییە ئێستا چاکی دەکەینەوە خەمت نەبێت.

ئەمن گوێم لە قسەکانیان دەگرت و سەیری ناو چاوی دکتۆرم دەکـرد، لـە دڵـی خۆم دەمگۆت ئەو دکتۆرە چاکم دەکاتەوە، هەندێ ورەم بەرز ببۆوە.

ئیتر دەستی کرد بە پرسیار کردن و فەحس کردنم ماوەیەکی باش پشـکنینی بـۆ کردم. پاشان لە کاغەزەکی هەندێ دەرمـانی نووسـی و گۆتیـە داکـم بـا ئـەو لێـرە دانیشیت ئەتو هەڕۆ ئەو دەرمانانەم لە سەیدەلیەی لۆ بینە.

لە خوارەوەی بەرانبەر عیادەکەی سەیدەلیەکی لێ بوو دوکانێکی بچووک بـوو. لە پەنجەرەی ژۆری دکتۆرەکە دیار بوو. دایکـم چـوو دەرمانـەکانی هێنـا. هەنـدێ شروب لەگەڵ ٣ دەرزی بـوو. ئـەمن زۆر لـە دەرزی دەترسـام روحـم لـێ دەچـوو. دەمویست مەجالەک وەربگرم و ڕابکەم، بـەڵام دایکـم دەیزانـی مەخسـەدم چییـە لۆیێ لای دەرکەی لێ گرتم کـە مـەجالی ڕاکـردنم نـەمێنێ. دکتۆرەکـە گـۆتی ئـەو دەرزیانـە رۆژێ دەرزییـەکی لێبـدە. ئـەو دوو شروبەشـی بـدێ. ئـەوەیان جـەمێ ملاکـەکی شـیوی پڕبکـەوە پـێش نـانی بیـدەیێ. ئەوەشـیان دوو شـیوان وەختـی نووستنی هـەر شـەوەی نیـوەی شروبەکـەی بخواتـەوە، بـەڵام کـە سـبەینێ چـووە مرافقی تەعقیبی پسایيەکەی بکە بزانە هیچـی تێدایـە، چونکـە ئـەو منـدارە هـیچ نەخۆشـیەکی خراپـی لـێ نییـە. ئـەو کرمـی هەیـە لـۆیێ زەعیفـە و خـواردنی پـێ ناخۆرێ.

زۆرم پێ سەیر بوو کوو دەبی کرم لە زگی مرۆڤ بێت.

ئەمن زانیتم کرم لە بن عەردی و لە ناو جۆگەکان هەیە لە ڕاستیدا زۆر ترسـام. یەعنی کرم لە ناو زگی منە.!!

ئیتر خواحافیزیمان لە دکتۆرەکە کرد و دایکم دەستی گرتم و وابزانم لـە ترسـی ئەوەی رانەکـەم بردمییـە ژۆری مزەمیدەکـە. دەرزییـەکی دایـێ و گـۆتی ئـی ئـەو مندارەیە ئەویش سرنجەکەی لە ناو ئاوی گەرم دەرهێنا و دەرزییـەکی درێـژی لـێ بەستاو.چـاوم بـەو دەرزییـە کـەوت هـەموو جەسـتەم دەسـتی بـە لـەرزین کـرد. مزەمیدەکە هەستی کرد کە من ترساوم. گۆتی هـیچ نییـە نایـەڵم بتهێشـێ.. قـەت دەرزیت لە خۆت نەدایە. ئەمنیش گۆتم نـاوەڵلا ئـەدی قـەت درکـت لـە دەسـتی رانەچووە

بەرێوەڵلا  زۆر جار

زۆر ئیشی هەبوو.

ناوەللا دەهێشا بەس ئەوەندە نەبوو.

ئێ هەر هەندی ئەو دڕکە ئێشت دەبێت، مەترسە هیچ نییە.

ئەوجا درێژییان کردمە سەر قەرەوێڵەکە و دەرزییەکەی لێدام و لە ڕاستیشدا ئێشی زۆر نەبوو.

هێشا.

نا. دکتۆر نەهێشا.

. ئافەرین ئەدی نەمگۆت نایەشێت. دەهەستە بڕۆ ئەمنیش هەستام و هەستم کرد سەرم دەسوڕێت.

بەسەر خۆم نەهێنا تا گەیشتمە سەر قالدرمەکان ئاگام لێ بوو چاوم تاریک بوو گۆتم. دایە. ئیتر نەمزانی چی قەوما. کاتێ چاوم کردەوە خۆم لە ژۆرێ دکتۆرەکەی دیتەوە. دکتۆرەکە و مزەمیدەکە و دایکم لەسەر سەرم راوەستابوون. دایکم چاوەکانی پڕ ببون لە فرمێسک.

سالار،کوڕم ئەوە لۆ وات لێ هات.؟

دەی قسە بکە.

پاشان بە دەستی پشت سەری گرتم و ئەمنی دانیشاند بە مزەمیدەکەی گۆت لۆم بینە. نەمزانی چی دەینێت ئەویش ڕۆیشت کە گەڕاوە. جامەکی فافۆنی لەدەست بوو ئاوەکی سپی تێدابوو. دکتۆرەکە لێی وەرگرت و نای بە دەمی منەوە و گۆتی: بیخۆوە هیچ نییە، ئەوە دەرزییەکە بە قوەتە لۆیێ وەتلێهات. هەستم دەکرد هەموو جەستەم ئێشی تێدایە. گۆتم دکتۆر قەلبم هەمووی دێشێت. ئەویش گۆتی:

کوو نایەشیت. وەللا ئەمنیش وام لێهاتبا ئێستا وەکی تو لە خۆ دەچووم.

لۆ دکتۆر چیم لێ هات.

کوره ئەتو لەسەر هەموو قالدرمەکان بە تەقلە چوویە خوارێ هەتا سەر ڕەسیفی ئەمە هەموو زراومان چوو..

دەزانم ئەتوو لە خۆ چووبووی. دەی ئەو ئاوە بخۆ با بێیەوە سەرەخۆت.

ئاوەکەم وەرگرت و دەستم کرد بە خواردنەوەی نەمزانی چی تێدایە بەس تامی شیرین بوو وەکو قەنداوەکی سارد بوو. گۆتی دەبی هەمووی بخۆی. ئەمنیش هەموویم خواردەوە پاشان بە داکمی گۆت دەرزییەکانی لێ مەدە.

ئەوە شروبەکی تری لۆ دەنووسم و برۆ ئەو دەرزیانە بدەوە سەیدەلیەی و ئەو شروبەی لۆ بکڕە.

ئیتر هاتمەوە سەرەخۆ هەموو گیانم کوترابوو هەندێ شوێنی جەستەم وەکو لاق و پشت و شان و ملم مۆر هەڵگەڕابوون.. نیو چاوانیشم شوختەکی پێ کەوتبوو گەڕاینەوە ماڵەوە و دایکم جێگایەکی لۆ ڕاخستم. خەوێکی خۆشم کرد. جەستەم زۆر هیلاک بوو. ئیتر دوای ئەوە کە بە خەبەر هاتمەوە ئێوارە بوو. دایکم شروبەکەی پێش نانخواردنی بۆ هێنام. وتی وەرە دەرمانەکەت بخۆ، ئەو زۆر بە پەرۆشم بوو. هەستم دەکرد ئەویش لەگەڵ مندا ئازار دەکێشێت لە سیمای دیار بوو ئەو هەر لە سەرەتای دەسپێکی ژیانی لەگەڵ باوکم هەمیشە لە.ڕەنج و ئازارکێشان و خەمخواردنی ئێمەدا بوو بە هۆی دووری باوکم و پێشمەرگایەتییەکەی دایکم ڕۆڵی باوکیشی دەگێڕا بۆمان هەرگیز حەزی لە ئێش و ئازاری ئێمە نەبوو، بەڵام چارەی نەبوو دەبوایە بەری هەموو ئازارەکان بگرێت و خۆڕاگریش بێت، بۆیە هەرگیز وای نیشان نەدەدا کە شەکەت و ماندووە هەمووی لە ناخی خۆی شاردبۆوە. ئافرەتێکی بە ورە و بە سەبر بوو. بۆیە بۆ دڵنەوایی من وتی: ئەمن ئەوجارە دڵنیام ئەتو زۆر باش چاک دەبییەوە و وەکی جارانت لێ دێتەوە. ئیتر دەرمانەکەی داپێم و پێش خەوتنیش نیوەی شوشە شروبەکەیتری پێدام. خواردمەوە و خەوتم لای بەیانی زگم زۆر دەهێشا پێچی دەکرد. ئێشەکەی ئەوەندە زۆر بوو. جاری واهەبوو دەگریام لەگەڵی، بەڵام هەرچی دەچوومە مرافق

هـیچم نـەدەدیت. دەوروبـەری نیـوەڕۆ تۆزێـک ژانەکـەی کـەم بـۆوە. ئـەو رۆژە دۆڵمەمان هەبوو. بۆ یەکەم جار قاپێک دۆڵمەم خوارد هەمووی دڵخۆش بوون کە نانم خواردووە بە دڵی خۆم. دوای نیوەڕۆکەی کە چوومە ئاودەست هەندێ شـتی سپی وەکو داوە دەزی سپی لە ناو پیساییەکم دیت بانگی دایکمم کرد گۆتم ئـەوە چییە. ئەویش گۆتی دختۆر ڕاستی دەکرد ئەتوو کرمت هەیە، ئەوانە کرمن.

شەو کاتی خەوتن. نیو شووشە شروبەکەی تریشم خوارد. ئەو شەوە تا بەیانی خەوم لێ نەکەوت لەبەر ئێشی زگم ئیتر رۆژهەڵات و دونیا رۆناک بوویـەوە نـانی بەیانیم خوارد ژانە زگەکەم هەندێک کەم بۆوە. دوای دانیشتن شتێکی سەیرم دیت قیژاندم و دایکم بە ڕاکردن هات بۆ لام.

چی بووە کورە لۆ دەقیژێنی.؟

ئەهاتەماشا بکە.

ئۆی.ئۆی. کوڕە ئەتوو کوو مای تا ئێستا.!؟

بابان کۆر نەبوویەوە، ئەتوو ئەو دەعبا پیسانەت لە ناو زگیدا بووە کوو ژیای تا ئێستا. هەر دەیگۆت پەکوف، پەکوف، هەک بە نەعلەت بن، ئۆخەی خۆ کوڕەکەم نـەجاتی بـوو لـە دەسـتتان. هـەر بۆڵـەبۆڵ و قسـەی بـە کرمـەکان دەگـۆت و مرافقەکەشی دەشوشت ئێوارەش کە باوکم هاتەوە بەسەر هاتەکـەی بـۆ گێـڕاوە و ئەویش دڵخۆش بوو کە ئەمن رزگارم بووە لەو نەخۆشـیە، ئیـتر وردەوردە هەسـتم دەکرد جەستەم بەرەو دۆخـی جـارانی دەچێتـەوە خـواردنم باشـتر پـێ دەخـورا و جولەشم زۆرتر دەکرد. ئیتر بـەو شـێوەیە لـەو ئەنگەلانـە رزگـارم بـووە گەڕامـەوە دۆخی جارانی جەستەییم. زۆر دڵخۆش بـووم هیـوا و ئارەزووەکـانم بـۆ ژیانـەوە، ئومێدی دووبارەی ژیـانم نـوێ بـۆوە. هـەرگیز بـاوەڕم نـەبوو وا بـە ئاسـانی چـاک دەبمەوە. تەواو نائومێد ببووم. ئەم ژیانـەوەی دووبـارەم لاپەڕەیـەکیتری ژیـانی بـۆ کردمەوە. وانەیەکی نوێی فێر کردم ئەویش ئەوەیە کە مرۆڤەکان لـە سـەختترین و

خراپترین باری ژیاندا نابێت بێ ئومێد بن. دەبێ پشــوودرێژ و خـۆڕاگر بـن. دەبـێ ئومێدییان بە باشتربوونی ژیانیان هەبێت.

ئەو کاتە کرێمستی فرۆش هەبوون مێردمنداڵان و لاوەکان ترمێزیکیان لە ملـی دەکرد و بە کۆلاناندا دەگەڕان و بانگیان دەکرد (کرێمستی.کرێمسـتی) وەرە سـارد و شیرینە کرێمستی. مەعمەل (سەباح) بە ناوبانگترین کرێمسـتی هـەبوو خـەڵکی زۆر ئەویان دەکری شیری زیـاتر بـوو بـە تـامتریش بـوو. بۆیـە هـەموو کرێمسـتی فرۆشەکان ئەگەر بانگیان بکردایە (کرێمستی  سەباح..) باشتر فرۆشیان دەکرد..

بە دایکمم گۆت حەزم لێیە کرێمستی بفرۆشم، ئەویش گۆتی:

ئەدی مەکتەبت؟

پاش دەوام دەفرۆشم.

نابی کوڕم ئەتو مەکتەبەکەت بکە، هیچمان لە تۆ ناوێ.

هەر بە خۆم حەزم لێیە، دەبە بابم بڵێ.

وازم لێ نەهێنا ناچارم کرد کە ئێوارە باوکم دەگەڕێتەوە پێی بڵێـت. ئێـوارە کـە باوکم گەڕایەوە دایکم بۆی باس کـرد کـە سـالار وا دەڵێـت. ئـەویش گـۆتی ئـەمن حەزم لێ نییە ئەو ئیش بکات تازە لە نەخۆشی چاک بۆتەوە باشترە دەرسـی خـۆی بکات و ئیستراحەت بکات.

ئەمنیش بە جواب هاتم گۆتم خەمی دەرسی منتان نەبیت. (I'm  fine) گـۆتی ئەوە چت گۆت؟

بە ئینگلیزی گۆتم (ئەمن باشم). دەستی بە پێکەنین کرد مـن زیـاتر مەبەسـتم ئەوە بوو کە بڵێم زیرەکم و دەرس دەزانم ئەوە نییـە بـە ئینگلیـزی قسـە دەکـەم. باوکم بە پێکەنینەوە گۆتی ئێ باشە ئەمن و داکیشت فێرە ئینگلیزی بکە ئیـتر بـوو بە پێکەنین.

ئەوکاتە دەبوا لە مەعمەلەکان ترمزت بە کرێ هینابا.

یەعنی بە کرێ نەبوو دەبوایە دینارەک وەک بارمتە بخەوێنی ئەوجا ترمزەکیان پێ دەدای هەرکات ترمزەکەت بە سەلامەتی بېردباوە دینارەکەت وەردەگرتەوە..

(١٦) کرێمستی بە درهەمەکی بوو واتە لە ترمزەکی ٣٠ فلست خێر بوو. ترمزەکەش هەر بای درهەمەکی دەگرت. باوکم دیناریکی دامێ لۆ ترمزی و دوو درهەمیشی دامێ لۆ دەست مایەی گۆتی: ئەگەر قازانجت کرد لۆ خۆت و دایکت بیت ئەمن هیچم ناوێت.

زۆر دڵخۆش بووم کە بابم ڕەزامەندی دا ئەو ئیشە بکەم. بەیانییەکەی چووم بۆ مەکتەب و نیوەڕۆ هەر لەوێ چووم بۆ مەعمەل (سەباح). گۆتم دەمەوێ کرێمستی بفرۆشم ترمزەکم بدەنێ. ئەوانیش گۆتیان ترمزمان نەمایە. زۆر دڵتەنگ بووم بە دڵساردی هاتمە دەرێ. پاشان گۆتم دەچم لە مەعمەلەکانیتر دەینم. دوایش دەمگۆت کوڕە سەباح کرێمستی نەبێت کەس لێم ناکڕیت. دواجار بڕیارم دا بچم لە مەعمەلەکیتر بکڕم بۆیە چوومە مەعمەلێک کە ناوەکەیم لە بیر نەمایە دەیانگۆت ئەو مەعمەلەش کرێمستی خۆش و باشی هەیە بەس وەکو مەعمەل سەباح بە ناوبانگ نەبوو. چووم ئەوان ترمزیان هەبوو ترمزەکیان لۆم هێنا و بای درهەمەکیان تێکرد گۆتیان ئەگەر زیرەک بیت و باش بفرۆشی زیاترت دەدەینێ و ترمزی گەورەتریشمان هەیە و دەتدەینێ.

ترمزەکەم وەرگرت و سەرم قەپات کرد و لە ملی خۆمم کرد و بەرەو گەڕەکی ماڵی خۆمان هاتمەوە بە دەم ڕێگاوە هەر هاوارم دەکرد کرێمستی. کرێمستی.

ترمزەکان دەرەوەی تەنەکەیەکی ڕەنگکراو بوو ژوورەکەشی شووشەیەکی تەنک بوو کە بەرگری لە گەرما دەکرد و نەیدەهێشت گەرما بگاتە دیوی ناوەوەی کە کرێمستیەکانی تێدا بوو.

دەبوایە زۆر ئاگام لێبوایە لە ملم بەر نەبێتەوە، چونکە هەر بە عـەرزی کـەوتبا شووشەکەی ورد و خاش دەبوو.

ئەو رۆژەی تا ئێوارە هەر گەڕام و هاوارم کرد ئەو ترمزەم پێ خلاس نەبوو بـای ٤٥ فلسم فرۆشتبوو ئەوەی دیکـە هـەمووی تـاوابۆوە لـە بـن دیـوارەکی دانیشـتم هەمووم بە خۆم خواردوو چوومەوە مارێ.

رۆژانەی خۆم ١٠ فلوس بوو ئەویشـم خسـتە سـەری کـەچی مایەکـەی خـۆیم هەر بەدەست نەکەوتەوە. زۆر خەمم خوارد بەس نائومێـد نـەبووم وتـم سـبەینی تۆڵەی دەکەمەوە دایکم گۆتی ها چەندت قازانج کردییە. منیش گۆتم لـە ئـاخیری حەفتـەی قـازانەجمە بـەدەر دەکـەویت جـارێ هـیچ نـاڵێم نەمدەویسـت دایکـم بزانیت زەرەرم کردووە.

شەو لە ناو جێگا هەر بیرم دەکردوە چـۆن دەتـوانم سـەر بکـەوم و ئیشـەکەم نەجاحـەت بهێنـی بیـرم لـەوە دەکـردەوە بچمـە گـەڕەکانی تـر. پاشـان دەمگـۆت وەڵاهی کەس نامناسی و لەمن ناکڕن تا خەوم لێ کەوت هەر بـە فکـر و داڵغـەوە بووم رێگا چـارەم نەدەدۆزییـەوە. بـەیانی هەڵسـام و چوومـە قوتابخانـە لـە ڕێگـا عارەبانەیەک پڕبوو لە ئەشیای مناڵانە هەر دەیگـۆت یـاڵلا یانەسـیب. وەرن بکـڕن یانەسیبتان لۆ دەردەچیت. ئەمنیش چوومە لای و پرسیم ئەوە چییـە. گـۆتی ئـەوە یانەسیبە ٥ فلس دەدەی یەک لەو مقەبا کچکانە هەڵدەگری مقەباکان ئەنـدازەیان وەکو شخارتەیەک بوو ئینجا وتی دەکەیەوە لە ناوی چ نووسرابوو ئەوە دەبەیەوە. ئـەمنیش هەنـدێک لـە دیـاری ڕاوەسـتام منـداڵان دەهـاتن دەیـانکڕی لـۆ کـەس دەرنەدەچوو دواجار منداڵێک هات و دانەیـەکی کـڕی و هـەلی پچـڕی لـە هێکـڕا هاواری کـرد ئـەروێوەڵلا لـۆم دەرچـوو. لـۆم دەرچـوو کـابرای عارەبانـەچیش لێـی وەرگرت و تەماشایەکی کردوو و گۆتی لۆت دەرچووە پاشان لە سەر عارەبانەکـەی (دەمانچەیەکی ئاوی) لە ناو نایلۆنی دەرهێنا و دای پێی. منداڵەکـەش بـە ڕاکـردن بەرەو ماڵەوەیان ڕۆیشت و هەر بە دەم ڕێگاوە هاواری دەکرد، لۆم دەرچوو، لـۆم

دەرچووو. ئیتر منداڵەکانیتر زیاتر بەرەو عارەباکە رۆیشتن و زیاترییان یانەسیب کڕی.

ئەو یانەسیبە ڕێگا چارەی قازانجی من بوو بیرم کردەوە دەکرێت ئەمنیش هەمان ئەو کارە بکەم لەهەر ترمزەک کرێمستی دوو ٥ فلوسی دەخەمە ناو کرێمستییەکە و هاوار دەکەم کرێمستی بە جایزە ئەو کاتە ئەگەر لۆ یەکێکی دەرچوو منداڵەکان پێیان زانی هەمووی دێت لە منی دەکڕێت. کە چووم کرێمستیم هێنا. کرێمستییەکان ئەوکاتە هەر یەکەو کاغەزەکیان لە دەوری دەئالاند. منیش کاغەزەکەم شل دەکردەوە و لە ناو دوو کرێمستی هەر یەکەی پێنج فلسم لە بن کاغەزەکەی دادەنا. ئینجا بە کۆلانان دا دەڕۆیشتم و دەمگۆت یالا کرێمستی بە جائیزە. وەرە بیکڕە جائیزەت لۆ دەردەچی منداڵان دەوریان دەدام. چمان لۆ دەردەچی. ئەمنیش دەمگۆت ٥ فلوستان لۆ دەرەدەچی لە ناو کرێمیستیەکەیە دەوریان دام و دەستیان کرد بە کڕین لە پڕێکا منداڵەک هاواری کرد ئەوەتە لۆ من دەرەچوو دەستی بە هەڵپەڕکێ کردن کرد. ئەمن زانیم ئیشەکەم سەری گرت. ئیتر لەماوی نیو سەعات ترمزەکەم خلاس کرد ئەو رۆژەی تا ئێوارە ٦ شەش ترمزم فرۆشت و قازانجەکی باشم کرد تەنیا ماندووبوونم رێگای هاتووچۆی مەعمەل بوو. خاوەن مەعمەلە زۆری پێ سەیری بوو ئەمن کوو ئەوها زوو زوو دەفرۆشم و دەگەڕێمەوە. من هەر جارەی دوو پێنج فلوسیم دادەنا. کاسبیەکەم باش بەرێوە دەچوو ڕاستە لە هەر ترمزێک دەبوایە ٣٠ فلس قازانج بکەم، بەڵام ئەمن ٢٠ فلسم قازانج دەکرد لە جیاتی کەمبوونەوەی قازانەجمە فرۆشتنم زۆرتر ببوو. کۆی قازانجەکانم باشتر ببوون هەر ڕەحمەتم لۆ کابرای یانەسیب فرۆش دەنارد دەمگۆت خوا ئەوەی لە کێندەر لۆ من نارد و ئەو شتەی فێر کردم ئیتر تا وەرزی کرێمستی فرۆشتن تەواو بوو من ئەو ئیشەم دەکرد و قازانجێکی باشیشم هەبوو تا دواجار خاوەن مەعمەلەکە بە فێڵەکەی منی زانی و گۆتی ئەتۆ فەنەکی باشت کردییە بە هۆی تۆوە کرێمەستی و مەعمەلەکەی من

ڕەغبەتەکی زۆری پەیداکردییە و مشتەری زۆر بووە. هەم ئەتوو قازانجت کردییە هەمیش ئێمە با ترمزەکەش لۆ خۆت بیت و دیاری ئێمە بێت بۆتۆ و ها ئەوەش دینارەکەت بتدمەوە. بەو شێوەیە وەرزی کرێمستی فرۆشیم بەکۆتا هات.

## جنۆکە چاوزەقەکان

شەوانە منداڵان لەگەڕەک چاوشارکێیان دەکرد. تا درەنگانی شەو هەر غارەغار و قاڕەقاڕ و بگرە و بەردەیان بوو ئەو زەوییانەی لە بەینی سێتاقان و شەهیدان مابوونەوە بە بەتاڵی دابەش کرابوونە سەر خەڵک. بەڵام نەکرابوون بە خانوو هەمووی بناغەکانیان هەڵکەندبوو پارچە پارچە لە یەکتر جیا کرابوونەوە هەر بناغەیەک زیاتر لە (٧٠سم) قووڵ کرابوو (٥٠سم) بەرین کرابوون. هاتووچۆ بۆ سێتاقان و بە پێچەوانەوە زۆر ئەستەم ببوو تاریکیش بوو بە شەوانە هەر زۆر زۆر ناخۆش بوو. جاران شەوانە داپیرەکان چیرۆکیان بۆ دەگێڕاینەوە باسی دێو و جن و پاڵەوان و ئەو شتانەیان بۆ دەکردین هەمو منداڵێک ترسێکی هەبوو لە تاریکی و لە شەوان. شەوێکیان برادەرەکی باوکم (عەزیز بیرۆکەیی) هاتە ماڵمان لەگەڵ باوکم دانیشتن و دەستیان بە دۆمینەکردن کرد. پاشان باوکم گۆتی سالار دەوێری بچییە سێتاقان یەک کیلۆ سێو و یەک کیلۆ پرتەقاڵ و کیلۆیەک هەناری بکڕی. ئەمنیش گۆتم ئا دەوێرم. گلۆپی دوکانەکانی سێتاقان دیار بوون لە دوەرەوە بە باشی دەبینران. دایکیشم گۆتی بەو شەوەی ئەو منداڵەی مەنێرە ئەو بەینە هەمووی قۆرت کرایە و تاریکە و نابینیت با نەکەوتە ناو قۆرتەکی و جێیەکی بشکێ.! باوکم گۆتی نا نا سالار بوویتە پیاو گەورە بووە خۆ منداڵ نییە. پاشان ڕووی لە من کرد و گۆتی خۆ ناترسی؟ ئەمنیش گۆتم ترسی چی. حەز دەکەی دەچمە بن قەڵاتی و دێمەوە. لە ڕاستیشدا نیمچە ترسێکم هەبوو بەس بە سەرە خۆم نەدەهێنا..!

عەزیز بیرۆکەییش شواربێکی شۆڕی هەبوو سمێڵی وەکی رەقەم هەشتەکی گەورە بوو ددانەکی پێشەوەی زێڕ بوو دەستی کرد بە پێکەنین ددانە زێڕەکەی بریقەی دەداوە. بە پێکەنینەوە گۆتی. کوڕە وەڵلا ئەتوو قارەمانی. هەی ئافەریم. کوری بابی خۆتی. ئەو قسەیە زۆر کاری تێکردم و زیاتر سوور بووم لەسەر ئەوەی بچم ئەو شتانە بکڕم. پارەکەم لە بابم وەرگرت و بە ڕێکەوتم. تا لە تیشکی روناکایی گلۆپی پێش ماڵان دوور کەوتمەوە تەواو داخلی تاریکایی بووم ئیتر لەوێ تۆزێ ترس دایگرتم. بیرم لە چیرۆکەکان و دێو و جنۆکە دەکردەوە. زیاتر گیانم دەلەرزی ئێستا کە بیر دەکەمەوە تێ دەگەم کە ئەو چیرۆکانە چ کاریگەرییەکی نەرێنیان لەسەر باری دەروونی منداڵان دروست دەکرد.!

ئیتر کە گەیشتمە قوڵایی تاریکیەکەوە لەیەکەوە چوارپێنج سەر مرۆڤی خڕ و لە ناو چاڵێک کەتنە پێشم و چاویان زەق کردبۆوە و سەیری منیان دەکرد. لەو تاریکییە و ئەو سەری مرۆڤانە دەبێ چ بکەن لێرە. بۆیە بیرم بۆ لای جن و شتی وا ڕۆیشت. منیش بە بیرم هاتەوە گەورەکان دەیانگۆت. ئەگەر جنی ببینی. بەس برێی بسم الله جنەکە بزر دەبێت. بۆیە یەکسەر گۆتم بسم الله چاوەکان زەقتر بوونەوە.! ئەمجارە گۆتم دیارە بە سەبری بسم الله م کردییە بە دەنگێکی بەرزتر گۆتم بسم الله. دیسان بزر نەبوون. مووەکانی جەستەم مووچڕکەی پێدا دەهات جاری سێیەم گۆتم بسم الله. بەس ئەو جارە وەکو هاوارێک بە دەنگێکی زۆر بەرز بسم الله م گۆت و بە ڕاکردن بەرەو ماڵەوە گەڕامەوە و هەر هاواریشم دەکرد. تۆ مەڵی دایکیشم هەر دڵی پێم وەبوو بۆیە لەبەر دەرگا وەستابوو تەماشای منی دەکرد. دایکم دەدیت لەبەر ڕۆشنایی گلۆپەکەی سەر دەرگای حەوشە ڕاوەستابوو. کە بۆ لای دایکم ڕام دەکرد هەستم دەکرد ڕمبە ڕمبەک لە پشتم دێت و کەسێک یان کەسانێک لە دوامەوە وەک من لە ڕاکردندان. دەڵێن رۆح لە جێیەکی قایمە و دەرناچێت. ئەگینا ئەو شەوە دەبوایە ئەمن ڕووح دەرکەم و لە ژیاندا نەمێنم، چونکە ئەوەندە ترسام و ئەوەندە هاوارم کردبوو هەناسەم بە زەحمەت

هەڵدەکێشا. گوێم لە دەنگی دایکم بوو کە دەیگۆت. ئـەوە کورەکـەت لـێ شـێت کردم، ئەوە کورەکەت فەوتاندم. ئەدی نەمگۆت با نەچێت.!؟

دایکیشم بەرەو لای من دەهات و هەر دەیگۆت کـوڕم مەترسـێ هـیچ نییـە و دڵی دەدامەوە. تـا نزیکـی کەوتمـەوە و خـۆم بـە باوەشـی دادا و دەسـتم کـرد بـە گریان.

تا لای دایکیشم رمبەڕمبەکەی پشتم هەر دەهات بەس ئەمن ئەوەندە بە تیژی غارم دەدا ئەوان نەدەگەیشتنە من. ئیتر لە باوەشی دایکـم ئـارامم گـرت. بـاوکم و عەزیزیش هاتنە دەرێ و گۆتیان ئەوە چی بووە. چی لێ هاتیە، پاشان گوێم لێبـوو یەکێک گۆتی مام کاکۆ نازانم لۆ سالار ئەوهای کرد تەماشای مـەی کـردووو گـۆتی بسم الله و بە هـاوارکردن غـاری داوە مـارێ. کـە ئـاوڕم داوە چوارکەسـەکە بـوون، منداڵانی گەڕەک بـوون هـەمووی بـرادەری خـۆم بـوون تـۆ مەزانـە چاوشـارکێیان دەکرد خۆیان لەوێ شاردبۆوە و لەوان وابێت ئەمن ئەو کەسەم ئـەوان گـڕ دەدەم و ئەوانیش لەو تاریکیە نەیانزانیبوو کە ئەمنم. وایان زانیبـوو ئـەمن بـەرەو شـاری چاوشارکێ ڕادەکەم دەیانویست لە پێش من بگەنە ئـەوێ بـەس ئـەمن لـە ترسـان ئەوەندە خێرا غارم دەدا ئـەوان نەیانـدەتوانی بـە پێشـم بکەونـەوە. بـەو شـێوەیە نەمتوانی بچم شتەکان بکڕم. منداڵەکانیش زۆر ناراحەت بوون و داوای لێبوردنیـان لێمان کرد و باوکیشم وتی هیچ نییە، "سوار هەتا نەپەڕی نابیتە سـوار" پاشـان بـوو بە پێکەنین و چووینەوە ماڵێ.

ساڵی ١٩٧٣ ئیشی باوکم لە جادەی کـۆیێ تـەواو بـوو ئیـتر ئیشـی نـەما. بۆیـە بڕیاری دا بچینەوە شەقڵاوەی باوکم چـوو لـە شـەقڵاوەی خـانوێکی بـەکرێ گـرت. پێشـتر بـاوکم زەوییـەکی نیشـتەجێبوونی لـە گـەڕەکی بێترمـە وەرگرتبـوو. بـەڵام فرۆشتبووی بە سەد دینار. ئیتر زەوی نەمابوو. بۆیە لە گەڕەکی گوندی لە تەنیشت ماڵی (تاهیرە خێل و عەزیز لوشی) خانوێکی گرتبوو. دەکەوتە بەرانبەر مـاڵی مـام غەریب. باوکم دوو فڕنی (نانەواخانەی) دانابوو یەکێک لە گونـدی پێیـان دەگـۆت

فڕنی (عاشای) کە وابزانم حکومی بوو ئارد و شتی لە حکومەت وەردەگرت و نانەکەش هەرزانتربوو. لە یادمە جێگای فڕنییەکە شوێنی ئێستای سوپەرمارکێتی (ئایە) بوو. فرنییەکیشی لە ناو بازاڕی خوارێ دانابوو بە شەڕیکی لەگەڵ کەسێک بە ناوی (محەمەد) فرنی تجاری بوو واتە ئاردییان بە خۆیان دەکڕی و دەیانکردە نان. زیاتر نانەکانی ئەو فڕنییە لۆ چێشتخانە و ناو بازاڕی  و ئەو میوانە بیانیانە بوو کە دەهاتنە  شەقڵاوە. بەس نانی ئەو فڕنییەی جوانتر و سۆر و سپیتر بوو. بە گەرمی زۆر خۆش بوو هەر حەزت دەکرد بیخۆی. بە تایبەتی ئەگەر بە دەبلی دروستی بکردبوایە. کونجی و هێلکەی لێدەدا. هەر زۆر بە تام دەبوو.

ئیتر بەو شێوەیە ئێمە گەڕاینەوە شەقڵاوە و لەوێ نیشتەجێ بووین ئەمنیش نەقلی قوتابخانەی کاوێس بووم. دواتر چونکە ئامۆزاکانم لە قوتابخانەی (زێوەر) دەیانخوێند چوومە ئەو قوتابخانەیە. خانووی ماڵی مام غەریب لە بێترمە تەواو ببوو. ئەوان ماڵیان چووبووە بێترمە لە پشت حەوزی ئاویی بێترمە. واتە پشت ئاشی بێترمەی.

بارەگای ناوچەی شەقڵاوە لە شوێنی کۆنی نەمابوو. بینایەکیان لۆ دروست کردبوو. لە نزیک فندق مەشکوری بوو. ئێستا کراوە بە ناوەندی وەرزشی لاوان. مام غەریب مودیری بەلەدییەی شەقڵاوەش بوو واتە دوو پۆستی هەبوو. مەسئولی ناوچەی پارتی بوو لەو شارە و مودیری بەلەدییەش بوو. بەڵام کەسێکی پاک  و دڵسۆزی شارەکە بوو.  تەنانەت ئەو خانووەی خۆشی تاپۆ نەکردبوو لەسەر خۆی هەر رەقەم بوو تا دوای ڕاپەڕینیش.  ئێمە موڵک و ماڵێکی زۆرمان لە گوندی (چنێران) هەبوو. ئەگەر چی مامم دەسەڵاتی تەواوی لەو ناوچەیە هەبوو کەچی هەرگیز ڕۆژێک لە ڕۆژان لەگەڵ خەڵکی ئەو گوندە کێشەی دروست نەدەکرد. ئەو کەسێکی حەق و ڕەق و ڕاستگۆ بوو. لە گوندی چنێران دوو بەرەباب هەنە. یەکیان پێیان دەگوترێت مەلازادە، ئەوەی تر پێیان دەڵێن دەنگ گەورە. لە ڕاستیدا هەردوو لاش دەگەڕێنەوە بۆ یەک پشت. ئێمە بەرەبابی مەلازادانین. ئێستا

زۆربەی باغ و باخچەکانی ئەو گوندە بە باخچەی مەلازادان ناوزەد کراوە. کەچی بەرەبابی مەلازادان یەک مەتر زەوی و باخچەشیان نییە لەو گوندە. ئەویش بە هۆی کۆچکردنی باپیرانمان بووە لەوێ و تێکەڵاویمان بە کاری سیاسی و شۆڕش و پێشمەرگایەتییەوە.!!

## تەوەری چوارەم

## چوونمان بۆ کۆیە و گوندی تۆپزاوە

مام غەریب گوازراوەیەوە بۆ لێژنەی ناوچەی کۆیە و کرا بە مەسئول ناوچەی ئەوێ و (قادر شۆڕشیش) کە مەسئول ناوچەی کۆیە بوو گوازرایەوە شەقڵاوە و کرا بە بەرپرسی ناوچەی شەقڵاوە.

بۆیە ماڵەکانمان بارکردن و چووین بۆ گوندی تۆبزاوەی کۆیێ. جێگای ئێستای پرسگەی (کۆیە، هەولێر). لەوێ چەند خانوویەکیان گرتن و ماڵەکانیان لەوێ دامەزراندن. ئەوکاتی جوت سایدی دەروازەی کۆیێ تازە دروستکرابوو. ئەمەش بۆ قوتابخانەیەکی کۆیێ گوازراینەوە. ڕۆژانە عەبدوڵلای مام غەریب بە جێبەکەی ئێمەی دەبردە مەکتەب و دەیهێنایەنەوە هەر خۆشی قوتابی بوو لەگەڵ ئێمە دەیخوێند.

ڕۆژێکیان وتیان هەموو قوتابیەکانی ناوەندی و دواناوەندی دەبێ بە هەرەوەزی یارمەتی شارەوانی بدەن، چونکە لە جوت ساید کۆیە نەمانی دار دەڕوێنن. ئەو ڕۆژە هەرەوەزی بوو زۆربەی کارمەندی فەرمانگەکانی کۆیەش بەشداربوون لە نەمام چاندن سەرتاسەری ئەو جوت سایدە نەمانی لێ ناشترا و مام غەریبیش سەرپەرشتی دەکرد. ئەوبەر و ئەوبەری جادەکە و ناوەڕاستەکەشی هەمووی نەمامیان لێچاند. ئێستا ئەو نەمامانە گەورەبوونە و دیمەنێکی جوانیان بەخشیوە بە شارەکە و جادەکەش. هەر کاتی ڕێم دەکەوێتە ئەوێندەر هەموو ئەو کاتانەم دێتەوە یاد کە لەوێ بە منداڵی بەڕێم کردوون.

کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٧٣ بوو دەنگۆی ئـەوە هـەبوو کـە حکومـەت و شـۆڕش نێوانیـان بـەرەو خراپبـوون دەچێـت. بارودۆخەکـە جێگیـر نـەبوو و وەفـدی دانوستانکار زوو زوو ئـاڵوگۆڕ دەکـرا. گـوێم لـە پێشـمەرگەکان دەبـوو دەیـانگۆت دەبێتەوە شەڕ. حکومەت پەشیمان بوویتەوە لە حـوکمی زاتـی و مـەلا مسـتەفاش ڕازی نییە دەست لە کەرکووک هـەڵبگرێت. وا هێزەکـان ڕێـک دەخەنـەوە، چـەک دابەش دەکرێـت. هـەموو ئـەو قسـانە لـە مێشـکم دووبـارە دەبوونـەوە دەبـێ چ بقەومێت.!؟

نیشانەکانی شەڕ زۆرتر دەبوون. حکومەتیش هێزەکانی بـە جـووله خسـتبوون. لە ئاداری ١٩٧٤ حکومەتی عێراق بە مەبەستی هێرش کردنە سەر کۆیە هێزەکـانی لە شوانەوە بەرەو تەقتەق بەڕێ کرد. بـە پاڵپشـتی تـۆپ و تانـک و تـەیارە. تـەنیا هێزی پێشمەرگە لەو سنووره لێژنـەی ناوچـەی کۆیـە بـوو لەگـەڵ پێشـمەرگەکانی پاسەوانی ناوچەکە و هەندێ پێشمەرگەی خۆبەخش کۆبوونەوە و چوون ڕێگایـان بەو هێزە گرت کە بەرەو تەق تەق دەهات مام غەریب فەرمانـدەیی ئـەو هێـزەی پێشمەرگەی دەکرد یەکەم شەڕی پێشمەرگە لەگـەڵ هێزەکـانی سـوپای عێـراق لـە ساڵی ١٩٧٤ لەو شوێنە دەستی پێکرد و ئیـتر دوای ئـەوەش شـەڕ لـە سەرتاسـەری کوردستان دەستی پێکردەوە.

هێز و تەقەمەنی سوپای عێراق لەگـەڵ هێـزی پێشـمەرگە زۆر نابەرابـەر بـوو. سوپای عێراق وردە وردە دەهاتنە پێش و لە کۆیە نزیکتر دەبوونـەوە. بۆیـە مـامم باوکمی ناردبوو کە ئێمە بباتە گوندی (پیرەر) چونکە ئەوێ دوورتر بوو.

ئێمەیان سـواری جێبـەکی لاندرۆڤـەر کـرد و ئێوارەیـەک بـە ڕێکـەوتین بـەرەو (پیـرەر و بـاوەقوپ) دوای ماوەیـەک ڕۆیشـتن بـەڕێگادا، لـە پڕێکـدا ڕووناکـایی کاروانێکی گەورەی ئۆتۆمبێل بەدیارکەوتن جگـە لـە شـۆفێرەکە بـەس بـاوکم وەک پیاو لەگەڵمان بوو ئەویتر هەمووی ژن ومنداڵ بوو (مامۆژنم. دایکـم. سـەعدییەی خێزانی شەهید مامەند، خـانزاد، شـەهرەزاد.) ئێمـەش منداڵـەکان (عبـدالله، خـۆم،

ئیبراهیم، کامەران، سەردار، چنار، بێخاڵ، سالاری شەهید مامەند، سامانی شەهید مامەند).

شۆفێرەکە بە باوکمی وت با بگەڕێینەوە پێ دەچی ئەو قافڵەیە سوپای عێراقی بن. باوکم وتی من باوەڕ ناکەم ئەوانە سوپای عێراقی بن، چونکە لە پێشەوەتر هێزی پێشمەرگە هەیە. ئێ خۆ شەڕیش نەبووە تا پێشمەرگە چۆلی کردبێ. شۆفێرەکە ترسا و سەیارەکەی راگرت. ژنەکان دەستیان بە گریان و رۆڕۆ کرد و بە باوکمیان دەگۆت خۆت قوتار بکە ئەتوو بڕۆ و ئێمە بەجێ بهێڵە. ئێمە ژن و منداڵین قابیلە چمان لێ دەکەن. ئەگەر پرسیاریشمان لێ بکەن، ئەوە دەڵێین دەچینەوە هەولێرێ و هەقیان بە ئێمە نامێنێ. باوکم دەیگوت مەحاڵە ئەمن ئێوە بەجێ ناهێلم. بۆیە لە سەیارەکە دابەزی و چوو لە پێش سەیارەکە راوەستا بە شۆفێرکەی وت لایتەکانت بکوژێنەوە ئەمن بە پێیان لە پێشت دەڕۆم. ئەتووش سەبرسەبر لە دوای من وەرە.

بەو شێوەیە بە ڕێکەوتین باوکم تفەنگەکەی لە ناو دەستی بوو لە ناو سەیارەش هەر هەمووی دەیقیژاند و دەگریان و دوعایان دەکرد. دیمەنێکی تۆقێنەر بوو بەرەو ڕووی هێزێک دەچووین کە لە سەر تەپۆڵکەکان وەستابوون و زیاتر لە سەد سەیارە دەبوو ئەوەی لە ئێمە دیار بوو هەموویان سەکن لایتیان هەڵکرابوو، بەڵام لایتی گەورەیان کوژاندبۆوە.

ئیتر وردەوردە لێیان نزیک دەکەوتینەوە هاوار و قیژەی ژنەکانیش زیاتر و زیاتر دەبوو. تا ئەو شوێنە نزیک کەوتبووینەوە کە گوێمان لە دەنگەدەنگیان دەبووکە قسەیان دەکرد. باوکم هاواری کرد:

کێنە ئەنگۆ.!؟

خۆمانین مەترسن.

. خۆتان کێنە، لێرە چ دەکەن؟

ئێمە مودیریەی شورتەی هەولێرینە بە هەموو شتەوە هـاتووین پەیوەنـدیمان بە شۆڕش کردووە.

ئەدی کێوە دەچن.؟

دەچینە گوندی (گۆمە شین و گۆپتەپەی) بەڵام ڕێگامان لێ بزر بووە.

لە پڕێکدا دوولایتی سەیارەیان پێکردوو و وەکو بلاجکتۆر ڕوویان لە ئێمـە کـرد و و یەکێک هاواری کرد کوڕە جەماعەت ئـەوە کـاکۆی خۆمانـە. دیـاربوو بـاوکمی دەناسی و بە ڕاکـردن هاتـە پـێش و تەوقەیـەکی لەگـەڵ کـرد و گـۆتی کـوڕە بـەو شەوەی خوا ئەتووی لە کێندەر لۆمە ناردییە.!؟ ئیتر باوکم وتی وەڵلا زراوی ئەو ژن و منداڵانەتان برد وەخت بوو هەموویان بمرن لە ترسان. پاشـان بـاوکم وتـی ئـەمن دەڕۆم ئەنگۆش لە دوای من وەرن هـەتا دەگەینـە سـەر ڕێگـای گۆمەشـین لـەوێ ئـەمن بـەجێتان دێڵـم و ئـەنگۆش بڕۆنـە گۆمەشـین. کـابراش گـۆتی کـوڕە وەڵـڵا مەمنوونی تۆین هەربەس بمانبە سەر ڕێگاکەی ئیتر حەقت لـە ئێمـە نـەبێت. بـەم شێوەیە ئەمە کەتینە پێش ئەوان و ئەوانیش لە دوامان دەهاتن تـا ڕاسـتی گونـدی گۆمەشین لەوێ باوکم گۆتی بێرە دابرۆن هەتا دەگەنە ناو گوندی. ئەوان هەرچیی مومتەلەکاتی پۆڵیس هەبوو لە سەیارە و ئیسـعاف و لـۆری و چـەک و تەقەمـەنی پۆڵیسی هەولێریان لەگەڵ خۆیان هێنابوو. ئیتر ئێمە لێیان جـودا بووینـەوە بـەرەو گونـدی پیـرەر ڕۆیشـتین. درەنگـانی شـەو بـوو گەیشـتینە گونـد. خـەڵک هاتنـە پێشوازیمان باوکم وتی کە ئێمە کێـین و ئـەوانیش دیـار بـوو مامیـان دەناسـی و پێشوازییەکی گەرمیان لێکردیین. پیرەر دەکەوتـە ئـەو دیـوەی لای هـەولێر چیـای باواجی. ئیـتر لـەو گونـدە جێگیـر بـووین. ماوەیـەک لـەوێ ماینـەوە. لـە کـۆیێ و دەوروبەری هەر شەڕ بەردەوام بوو. تۆپ و تەیارە بە چڕی دەیکوتـا. گـوێم لێبـوو هەر دەیانگۆت لـە بـاواجی شـەڕەکی قـورس بەردەوامـە. حـەزم دەکـرد ئـەمنیش پێشـمەرگە بوومایـە، بـەڵام تەمـەنم بچـووک بـوو و ڕێگـای نـەدەدا. ڕۆژێکیـان جەنازەکیان هێنایەوە (پیرەر) گۆتیان ئەوە (ئەحمەد حاجی عەلییە) شەهید بووە.

ئەحمەدی حاجی عەلی یەکێک لە فەرماندە ئازاکانی هێزی دەشتی هەولێر بـوو و ئامر بەتالیۆن بوو. ئیتر لەوێ لە مزگەوتی پیرەر شووشتیان و کفنیـان کـرد. یەکـەم جار بوو کەسێکی مردوو یان کوژراو ببینم. حەزم دەکـرد بچمـە سـەری و شـوێنی برینەکانی ببیـنم، بـەڵام گـەورەکان لـێ نەدەگـەڕان و دەریـان دەکـردم. زۆریشـم پەرۆش بوو کە دەیانگۆت کەسێکی باش و قارەمان بوو حەیف کە شەهید کرا. من وامدەزانی ئەوەی کەسێکی باش بێت و قارەمان و چاونـەترس بێـت نامرێـت یـان ناکوژرێت، بۆیە لە ناخم زۆر پەرۆش بووم و خەفـەتم دەخـوارد. ئیـتر مـاوەیـەکی باش لەو گوندە ماینەوە. شەڕی باواجیش کۆتایی پێهات و سـوپای عێـراق هـەموو ناوچەکەی خستە ژێر دەستی خۆی.

مام غەریب و هێزەکەی کشـانەوە گۆمەشـین لـەوێ بارەگایـەکیان دامەزرانـد. دواتر ئەو هێزەی پۆلیس رێکخرا لە ژێر ناوی هێزی ئازادی (خورشید شێرە) کرا بـە ئامر هێز و مام غەریب کرا بە جێگیری ئامر هێز.

# بەشی دووەم

# دەست پێکردنەوەی شەڕ

# تەوەری پێنجەم

## کۆچ بەرەو قەڵادزێ

لە دوای فەترەیەک ئـەو هێـزە هەڵوەشـێنرایەوە و دابـەش کـرا بەسـەر هێـزی دەشتی هەولێر و هێزی سەفین. مام غەریبیش کرا بە بەرپرسی لێژنـەی ئیسـتعاب لە قەڵادزێ. بۆیە دەبوایـە بچێتـە قەڵادزێ. بـانگی بـاوکمی کـرد و و گـۆتی ئـەتوو هەرِۆ لەگـەڵ (رەفیـق و شـەفیقی) کـە ئـەوانیش مـامم بـوون، مـاڵ و منداڵـەکان بگەینــە قەڵادزێ. بــاوکم چەنــد گوێــدرێژێکی هێنــا و ماڵەکــەی لــێ بــارکردوو، سەعدیەی هاوسەری شەهید مامەندیش نەخۆش بوو تازە کورێکی ببـوو (سـامان) قۆنداخ پێچ بوو باوکم ئەویشی سواری گوێـدرێژێک کـرد. پاشـان بـە ڕێکـەوتن بـۆ گوندی (قورتەلاس) کاتێ سەردەکەوتین لە رێگا (سەعدییە) منداڵە تـازە لـە دایـک بووەکەی لێ کەوتـە خـوارەوە وەکـو بـاگوردان غلـۆر بـۆوە خـواری و عاردەکـەش خۆرەکی نەرم بوو کردی بە تەپوتۆز. سەعدییە هاواری بابمی کرد گـۆتی کـاکۆ بگـە سامانی لە دەستم بەربۆوە. بابیشـم سـەیری کـردوو دەسـتی بـە پێکـەنین کـردوو دەستی کرد بە گۆرانی. تۆز دەکا، تۆز دەکا، نەختە نەختە تۆز دەکا. ئەمە دەچینـە قـەلادزێ سـامان لـۆ ئـەوها دەکـا. ئیـتر هـەمووی دەسـتیان کـرد بـە پێکـەنین و سەعدییەش تورِە ببوو دەیگۆت کورِەکەم مرد کاکۆش گـۆرانی دەڵێـت. لـەو رۆژە ئیتر کەس بە سامان بانگی سامانی نـەدەکرد. هـەر بـە (تـۆزەکـا) بانگیـان دەکـرد. کاکەی مستۆی بەربەری بەڕاکردن چوو سامانی هێناوە هیچی لێ نـەهاتبوو بـەس لە ناو تۆزێ غەرق ببوو، بەس کونە چاوی دیار بوو دەتروسکاوە. ئیتر بە ڕێکەوتین و گەیشـتینە قۆرتـەلاس. چونکـە لـەوانیتر بـە هەیکـەلتر بـووم دەسـتێک پێخـەفی

خەوتنیان بەستبۆوە کۆڵمەوە. ئەگەر چی زۆر قورس نەبوو، بەڵام تا گەیشتینە قەلادزێش ئەو بارەم هەر لە پشتی بوو. ئیتر شۆڕمانکردوە لۆلای دۆڵی شەهیدان و سماقولی لە دۆڵی شەهیدان ناوە ناوە کۆمەڵە بەردێکمان دەدیت لەسەر یەک کەڵەکە کرابوون دەیانگۆت ئەوە قەبری کافرەکانە. ئەوانە لەگەڵ ئەسحابەکان شەڕییان کردووە و کوژراون هەرکێ لێرە تێپەڕییە بەردەکی خستیتە سەر سنگیان. هەندە قەبری دوور و درێژیشی لێبوو دەیانگۆت ئەوانە ئەسحابە بووینە شەهید بووینە. ئەمن سەرم سوڕمابوو لەو بابەتەی باسیان دەکرد بۆیە لە بابم پرسی.

بابە بەڕاستی ئەوانە کێنە.!؟

ئەدی گێت لێنەبوو چیان دەگوت.

ئەو کافرانە لە کێندەر هاتینە ئێرە؟

ئەوانە هەر لێرە بووینە. ئەسحابەکان لە مەککەی هاتوونەتە ئێرە لێرە شەڕییان لەگەڵ کردوون ئەوانە نەبووینە ئیسلام.

ئەدی نارێن ئەوەی نەبوایە ئیسلام نەیاندەکوشت فیدیەیان لێوەردەگرتن.؟

ئاخر ئەوانە لە خۆمان بووینە، کەللەیان ڕەق بووە فیدیەکەشیان نەدایە و شەڕیشیان کردییە بە پێکەنینەوە.

لە خۆمان بووینە واتە چی!؟

کوڕم ئەوانە باپیرانی ئێمە بووینە، ئێ کورد بووینە شەڕییان کردییە؟

نا کوڕم ئەوە فەرقی هەیە ئەوان ئیسلام بووینە و ویستوویانە دینی ئیسلام پەرە بسێنێ.

ئێ خۆ عەرەب بووینە هاتینە ئێرە و بە ناوی ئیسلام کوردییان کوشتینە.

کوڕم وامەڵێ کافر دەبی، ها

ئەو ماوەیەمان هەر بە پێ بڕی تاکوو گەیشتینە (هیـزۆپ) لـەوێ گوێـدرێژ و خاوەنەکانیان گەڕانەوە. هێشتا هێزی سەربازی رژێم نەگەیشـتبووە ئـەوێ. بـاوکم پیکابێکی گرتوو ئێمەی سوار کرد و بەرەو قەڵادزێ بە ڕێکەوتین لەوێ مام غەریب دووسێ خانووی بەکرێ گرتبـوو بـۆ ماڵـەکان. ئیـتر لـەوێ جێگیـر بـووین. زانکـۆی سلێمانی گوێزرابـۆوە ئەوێ، مەکتەبـەکی لـە تەنیشـت بـوو بـە نـاوی قوتابخانـەی (جوت کانیان) ئێمەیان لەو قوتابخانەیە نـاونووس کـردەوە دەسـتمان کـردەوە بـە خوێندنی ئاسایی. ئەو خەڵکانەی ڕوویان لە شۆڕش دەکرد وردە وردە زیاد دەبوون قـەڵادزێ زۆر قـەرەباڵغ ببـوو. ببـوو بـە ناوەنـدێکی گـەورەی نیشـتەجێبوون و ئاکادیمی و سیاسی. رژێم هەوڵی دەدا لە رێگـای تـرس و تۆقانـدن ورەی خـەڵکی دابـەزێنێت. شـەوانە فرۆکـەکانی رژێـم لـە ئاسـمانێ دەنگیـان دەهـات. خـەڵکی پەردە و بەتانیان لە پەنجەرەکان دەدا و ڕووناکیەکانیان دادەپۆشی.

ئێوارەی ١٥ی چواری ١٩٧٤ سووڕانەوەی فرۆکە لەسەر شارەکە زۆرتـر بـوو لـە جاران. خەڵکەکە مشەوش ببوون، یەکێکیش بە بڵنـدگۆ هـەر بـە کووچـە و کـۆڵان دەسوڕاوە و ورەی خەڵکەکەی بەرزدەکردەوە و دەیگۆت مەترسن هیچ نییـە ئـەو تەیارانە ئی خۆمانن، بەڵام خەڵکەکە باوەڕییان نەدەکرد. بەیانییەکەی ٤/١٦ ئێمـە چووین بۆ قوتابخانە وەکو هەموو رۆژەکانیتر کە گەیشتینە ئەوێ دیاربوو لە نێوان بەڕێوەبەرەکـە و مامۆسـتایەکان مشـتومڕ هـەبوو، مامۆسـتاکان دەیـانگۆت بـا قوتابخانە چۆڵ بکەین بە خوای ئـەمڕۆ تـەیارە قەسـف دەکـات دوێنـێ شـەو زۆر جەولەی کـردووە! بەرێوەبەرەکـەش دەیگـۆت نابێـت دەوام فەرمییـە، ئـەوە نییـە زانکۆش دەوام دەکەن. لە بـەینی ئێمـە و زانکـۆ دیـوار نـەبوو، تـەنیا تەلبەنـدەک هەبوو زانکۆی سلێمانی لە ئێمە جیا دەکـردەوە. مامۆسـتاکان نەچوونـە ژێـر بـاری وانـە گوتنـەوە و قوتابخانـەیان بـە جێهێشـت و چوونـەوە ماڵـەکانیان. ئـەو کاتـە مامۆستا (فؤاد حمەلاو)، ئەندامی ئێستای مەکتـەبی رێخکسـتنی پـارتی مامۆسـتای

وانەبێژی ئێمە بوو. ئیتر بەڕێوەبەرەکە ناچار بوو گۆتی: دەی باشە مادام ئێوەش بچنەوە ماڵەکانتان، ئینجا هەموومان بەرەو ماڵەکانمان ڕۆیشتینەوە.

کە گەیشتمەوە ماڵەوە بینیم دایکم جلوبەرگی شۆردووە و خەریکە لە سەر بان بە تەلی هەڵدەواسێت بۆ ئەوەی ووشک ببیتەوە. بێخاڵی خوشکم تەمەنی ٥ ساڵ بوو بە دیارییەوە وەستابوو لەسەر بانەکە. ئەمنیش بە قاندرمەکە چوومە سەربانەکە و بە دایکمم گۆت. دایە مەکتەبیان بەردا گۆتیان بچنەوە ماڵێ دەڵێن تەیارە ئەوڕۆ ئێرە قەسف دەکات. ئەویش گۆتی انشاالله وانابیت مەترسێن هیچ نییە. لەو قسانە بووین گڕەی دەنگی تەیارەی هات کە سەرم بەرزکردەوە دوو تەیارە ڕەش بوون لە لای ژاراوەی دەهاتن زۆریش نزم بوون ئیتر هەر ئەوەندەم زانی دنیا تاریک بوو چاوم هیچی نەدیت بەس ئەوەندی دیتم دایکم جلەکانی فڕێدان و خۆی بەسەر بێخاڵی خوشکم دادا وەکو قەڵغانێک بۆ ئەوەی هیچی لێ نەیەت.

ئەمن هەر ئەوەندەم دیت و ئیتر نەمزانی چیم بەسەر هات. کاتێک چاوم کردەوە و دنیا ڕووناک بۆوە دیتم لە ناوەندی حەوشەکە کەوتووم و ئێستاش نەمزانی چۆن گەیشتمە ئەوێ. بەس هیچم لێ نەهاتبوو، بریندار نەببووم. بانگی دایکمم کرد وەڵامی دامەوە و گۆتی لە کوێی، هیچتان لێ نەهاتووە. ئەدی ئەنگۆ سەلامەتن؟ دیاربوو ئەوانیش سەلامەت بوون. دڕەندەیی رژێم ئەم شارە خنجیلانەیەی لە خۆێن خەڵتان کرد. (قوبادی حاجی حەسەن) جوانترین گەنجی ئەو شارەبوو کە سەری پەڕی بوو ئەو هاوسێی ئێمە بوو زۆر پەرۆشی بووم. هەر من نا هەموو خەڵکی شارەکە پەرۆشیان بوو. زۆرانیتر ناسیاو و دۆست شەهید بوون دوای بۆردوومانەکە پیاسەیەکی ناوشارەکەم کرد. چ تراژیدیایەک ڕوویدابوو، چ کارەساتێک بوو. دەرابی دوکانەکان دەرهاتبوون و بیست مەتر لەولاتر کەوتبوون. خانووەکان وێران ببوون. سەیرێکی لای قوتابخانەکەمانم دا. ئەویش هیچی بە ساغی نەمابوو زانکۆش پارێزراو نەبوو، ئەوێش (ناپالمی) بەرکەوتبوو.

کـارەبـا ناپـالمی بەرکـەوتبوو. ناپـالمێکیش لـە پشـت مـاڵی ئێمـە کـەوتبووە ڕۆخ ڕووبارەکە، بەڵام نەتەقیبۆوە. ئەگەر بتەقیباوە بە دڵنیاییەوە ئەو گەڕەکەش وێـران دەبـوو. ئیـتر سـەیری هـەر لایـەکت دەکـرد گریـان و شـین و ڕۆڕۆ بـوو، وتیـان پیاوێکمان بینیوە بێ سەر رای دەکرد بە دیوار کەوتەوە ئینجا بەربۆتەوە. دیار بـوو لە کاتی ڕاکردن دەرابی دوکان بـەر ملـی کـەوتبوو، سـەری پەڕانـدبوو. ئـەوەی لـە قەڵادزێ ڕوویدا کوشتنێکی بە کۆمەڵ بوو دوور لە هەموو بەهایەکی مرۆڤایەتی و یاساکانی پەیڕەوکراو لە جەنگە کلاسـیکیەکاندا. زۆربـەی زۆری قوربانیـان کەسـانی سـیڤیل بـوون. ئیـتر ئەوانـەی مابوونـەوە لـە شـارەکە خـەریکی بـەخاک سـپاردنی قوربانییەکان بوون تا لای ئێوارە. شارەکە بۆنی مـەرگی لێـدەهات. خـەڵکی توانـای ئەوەیان نەمابوو ژیانی تێدا بەردەوام بکەن. بۆیە بڕیار درا شارەکە چـۆل بکرێـت. شەڕ لە (کێوە ڕەش) بەردەوام بوو لەبەری (ئاسۆسیش) شـەڕبوو. دەنگـی تـۆپ و تەیارە خەڵکەکەی هەراسان کردبوو. مامم گۆتی ئەو منداڵانە دەرکەن لە نـاو شـار بـۆی هەیـە دووبـارە فڕۆکـە بێتـەوە و بۆردوومـان دەسـت پـێ بکاتـەوە. بۆیـە هەموومانیان بـە ڕێکـرد بـۆ گونـدی (ئالانـە) کـە چـووین ئـەوێش پـڕ ببـوو هـیچ جێگایەک نەمابوو. شـەوێک لـەو قوتابخانـەی ئـەوێ کـە دوو ژوور بـوو ماینـەوە، بەڵام جێگامان نەدەبوو، بۆیـە بڕیـار درا بچینـە گونـدێک کـە هەنـدێک لـەولاتری ئالانە بوو. چووین بۆ ئەوێ لەوێش جێگا نـەمابوو. هـەموو گونـدەکان پـڕ ببـوون. ئـەو دێیـە نـاوی (دێلـۆ) بـوو دەیـانگۆت (دێلوومێرتکـان). لـەوێ لـە تەنیشـت قەبرستانەکە دارستانێکی گەورە هەبوو کانیاوێکیشی تێـدابوو. باخچـەی گوندەکـە لە تەنیشت ئەو قەبرستانە بوو. باوکم گوتی لە ناو ئەو دارسـتانە بـۆ هـەر ماڵێـک کەپرێک دەکەین. ماوەیەک لێرە دەبین تاکوو چارەسەرێک دەدۆزینەوە.

ئێتر بەرەولای قەبرستانەکە بە ڕێکـەوتین بـۆ دەستنیشـانکردنی شـوێنەکان بـۆ هەر ماڵێک کەپرێک، کە بریتـی بـوو لـە مـاڵی (مـام غـەریب، مـاڵی ئێمـە، مـاڵی

شەهید مامەند، ماڵی کەماڵ حافز، ماڵی سلێمان هەنارەیی، ماڵی موحسین خۆشناو، مام رەفیق و مام شەفیق کە بێ ماڵ بوون).

کەسێکی گوندەکە هاتە لای باوکم و پێی گۆت ئەوە خەریکی چین؟ باوکیشم وتی بەتەماین لە بن ئەو دارانە کەپر دروست بکەین بۆ ماڵەکانمان.

کوڕە نەکەن ئەو ئیشەی نەکەن.

لۆ نەکەین لەبەر چی.؟

ئێرە ماری تێدایە عەزیایە نەفەری قوت دەدات.

چارەمان نییە ماوەیەک لێرە دەبین.

بەخوای ئێمە خەڵکی ئەو گووندەینە هێشتا کەسێک نەیوێراوە شەوێک لێرە بمێنێتەوە.

خوا کەریمە، حەرەسیاتیان لێ دەگرین هەرچەند رۆژێک لێرە دەبین. هەتا چارسەرێک دەدۆزینەوە.

بە کەیفی خۆتان بکەن ئەمن بۆ خوای ئەو قسانە دەکەم، دەڵێم با شتێکی خراپتان بەسەر نێت.

لە بیرم چوو باس بکەم کە لە کاتی بۆمباران کردنی قەڵادزێ باوکم چووبووە دەربەندی ڕایەت، ماڵی مام واحید لەوێ بوون بۆ سەردانیان چووبوو. لەولاش مام واحید بۆ سەردانی ئێمە هاتبووە قەڵادزێ. بەڵام لە ڕێگا یەکتریان نەدیتبوو. لە کاتی بۆمبارانەکەدا واحیدی مامم بزر ببوو هەر چەندی لێی گەڕاین نەماندەدۆزییەوە. زۆر دەترساین شتێکی لێ هاتبێت. لە لای دەرکی حەوشەی خانووەکەی ماڵی مام غەریبی تێدابوو دەنگە دەنگ دەهات. کۆریتەکی مریشکانی لێبوو. دەرگایەکی بچووکی پێوە بوو بۆ مریشکەکان. دەنگەدەنگەکە

لەوێ دەهات کە چووین بۆ ئەوێ دیتمان مام واحیدە خۆی لە ناو کۆریتەکەی نایە.

مام غەریب گۆتی:

ئەوە چ دەکەی لەوێ؟

وەڵڵا لە ترسی تەیارەی خۆم لێرە نایە

دەوەرە دەرێ ئەدی چ بۆرەبۆرتە؟

ئاخر ناتانم بێمە دەرێ دەرگاکە بچووکە.

ئەدی کوو چوویە ژوورێ ئەوهاش وەرە دەرێ!

ئیتر هەموویان دایان لە قاقای پێکەنین و دواتر پێشمەرگەکان دەرکی کۆریتەکەیان شکاند و ئەویش هاتە دەرێ. ئەوەندە ترسابوو. هەر هاتە دەرێ گۆتی ئەمن دەچمەوە دەربەندی، منداڵەکانم تەنیان و تەیارە لەوێش قەسف دەکات. ئیتر خواحافیزی کرد و ڕۆیشت. لە قەبرستانەکە لە ژێر هەر دارێک کەپرێکیان دروست کرد بە دائیری، لە ناوەندی ماڵەکانیش کونە تەیارەیان لێدا. ئەو کات زەویان هەڵدەکەند بە شێوەی پیتی ئێلی لاتینی و قولاییەکەی مەترونیوێک دەبوو بەرینییەکەشی نیو مەتر دەبوو، گەورە و بچووکی بە پێی پێویست دەبوو. ئەوە بۆ خۆ حەشاردان بوو لە کاتی کە فرۆکەکان دەهاتن. باوکم گوتی لێنەگەڕێن ئەو منداڵانە پەرتەی بکەن. هەر کات دەنگی تەیارەی هات هەموویان ببەنە ناو کوونە تەیارەکە. ئیتر لەو شوێنە بارگەمان داخست. مام رەفیقیش دەیگۆت بێ ترس بخەون ئەمن دوعام کردییە دەمی دەعباکانم بەستاوە. شەوانەش بەدەوری ئێمە گوریسێکی ڕەشبەڵەکیان دەسووڕاندەوە دەیانگۆت مار لێی دەترسێت و دەگەڕێتەوە، بێ ترس دەخەوتین و تا کوو لەو شوێنە بارمان کرد هیچ مارێک زەرەری لێ نەداین. رۆژێک دەچوومە لای کانیاوەکە بە ناو دارستانەکە رێگایەکی باریک هەبوو بۆ کانیاوەکە دەچوو،

ئەمنیش دەچووم ئاو بهێنم زۆریش دەترسام پێش بگەمە کانیاوەکە مارێکی زەردی زۆر گەورەم دیت، درێژییەکەی لە دوو مەتر زیاتر دەبوو و ئەستوورییەکەی هەندەی دەستکە پێمەڕەکی دەبوو. تەزووم بە قەلبی دادەهات و قیژاندم مام رەفیق هات گۆتی ئەوە چی بوو.؟

مامە مارەکی گەورە چووە ناو ئەو دارانە لەسەر رێگا بوو.

زۆر گەورە بوو؟

ئەرێوەڵلا لە دوو مەتریش درێژتر دەبوو.

ئەستوور بوو؟

ئا ئەستوور بوو هەندی دەستکە پێمەڕەکی دەبوو.

ئەدی رەنگی کووبوو؟

وەڵا زەرد بوو. پتک پتک بوو.

ئەو مارانە خەتەرن.

پاشان فیشەکەکی بردە بەر تفەنگەکە و هەرچەندی گەڕا و سووڕا مارەکەی نەدۆزییەوە. لەو کاتەوە من زیاتر ترس دایگرتم. هەرگیز نەدەوێرام بۆ لای کانیاو و ناو دارەکان بچم. هەمیشە لە دەرکی کوونە تەیارە دادنیشتم و خۆم دەخافڵاند.

مەلا سلێمان هەنارەیی کوڕێکی هەبوو بە ناوی (عبدالقادر) ئەو کوڕە کاتی خۆی لە قوتابخانە لەگەڵمان دابوو، بەڵام ئەو لە پۆڵی شەشەمی ئامادەیی بوو. زۆر زیرەک بوو لە دەرس خوێندن هەمیشە بە یەکەم دەردەچوو، بەڵام لە پۆڵی شەش تۆزێک عەقڵی تێکچوو. بۆیە بە عەبدولقادرە شێت ناویان دەبرد لەبیرمە رۆژێک برنجی سووریان لێنابوو. هەموو منداڵەکانیان ریز کردبوو لە نزیک کوونە تەیارەکە، یەک و قاپ برنجیان لۆ تێ کردبووین مام شەفیقیش لە بەرانبەرمان لەسەر بەردێکی دانیشتبوو. ئەمن نزیکتر لە کونە تەیارەکە دانیشتبووم. هەر

ئەوەندەم زانی هەناسەم بڕا و کەوتمە ناو  کونە تەیارەکە. نـەمزانی چـی بـوو پـێم کەوت. کە ئاوڕم داوە عبدالقادر بوو بە هەموو هێزییـەوە مسـتێکی لـە ناوەنـدی پشتم دابوو بێ ئەوەی من هیچم کردبیت. ئەو بە پشتە مندا ڕەت ببوو عـەقڵی وا بڕیبووی ئەو مستە لە من بدات.! مام شەفیق تووڕە بوو دەستی دایە تفەنگەکـەی و فیشەکێکی لێ سوار کرد و گۆتی، کوڕە هەی سەگی سەگباب ئەوە لـۆ ئـەوهات لەو منداڵەی کرد، مەگەر ئەو چی لە تۆ کردبوو لۆ خۆی دانیشتبوو نانی دەخوارد. عەبدوڵای مام غەریب بە پەلە خۆی بە مام شەفیق دادا و لێ نەگەڕا تەقـە بکـات. دەنا لەو جێی عەبدولقادری دەکوشت. عەبدولقادریش ترسا و بە ڕاکردن لە ئێمـە دوور کەوتەوە ئیتر تا لەبەر چاومان بزر بوو هەر ڕای کرد.

ئەوکاتە نەدەبوایە ئاگر و دووکەڵ و شـتی وا بـە ئاشـکرا بکەینـەوە، لـە ترسـی تەیارە دەیانگۆت دووکـەڵ هـەبێت تـەیارە وادەزانـی پێشـمەرگەنە و تەقـەی لـێ دەکات بۆیە لـە شـوێنێکی چـاڵ و نادیـار ئاگریـان هەڵـدەکرد نـازانم عەبـدولقادر هەنـدێ شووشـەی بـەتاڵی دەرزی لـە کـوێ پـەیا کردبـوو. لـە دووری ماڵـەکانمان ئـاگرێکی گـەورەی کردبـۆوە. شووشـەکانی تێخسـتن و پاشـی ماوەیـەک دەتگـۆت تفەنگە شوشەکان دەتەقین. مام رەفیق هاواری دەکرد کورە عبدالقادر ئەوە چییە؟ هیچ نییە مامە تەقەی لە تەیارەی دەکەم. کوڕە .... ئەتوو بە تەمای بەو شێتاتیەت ئەو هەموو ژن و ماڵەی بە کوشتن بدەی. بە گاشە بەردان کەوتە دوای و ڕاوی نـاو و ئاگرەکەی کوژاندەوە.

ئێوارانێک مام رەفیق گـۆتی سـبەینێ دەچمـە قـەڵادزێ سـەرەکی لـە غـەریبی دەدەم ئەگەر شتەکتان پێ دەوێت پێم بڵێن با لۆتان بینم. ئاخر هەموو ماڵەکانیان لە قەڵادزێ بە جێهێشتبوو کـەم شـتێکیان لەگـەڵ خۆیـان هێنـابوو. دەیزانـی بـابم ئەمنی خۆش دەویست و گـۆتی هەنوکـە کـاکۆش غـەریبی سـالاری دەکـات لۆیـە ئەویش لەگەڵ خۆم دەبەم با کاکۆ ببینی.

بەیانییەکـەی لەگـەڵ نـوێژی بـەیانی ئـەمنی لـە خـەو هەڵسـاند و بـە پـێ بە ڕێکەوتین بەرەو قەڵادزێ. لە نیوەی ڕێگا بووین کە دونیا ڕۆنـاک بـۆوە. لەسـەر ڕێگاکە دارێکی گەورە هەبوو جێبەکی لاندرۆڤەری لەبن ڕاگیرابوو هیچ کەسیشـی لە لا نەبوو لەولاتر مێگەلی حەیوانی گەورە دەلەوەڕان شوانێکیان لەلا بـوو. مـامم پرسی ئەو جێبە هـی کێیـە؟ شـوانەکە گـۆتی حەفتەیەکـە لێـرە ڕاگیـراوە کەسـیش نەهاتیتـە دەوروبـەری. هەنـدێ لای شـوانەکە پشـوومان دا و بـاس لـەوەکرا کـە قەڵادزێ هیچ ماڵی تێدا نەماوە تەنیا پێشمەرگەی تێدایە.

پاشان بە ڕێکەوتین بەرەو قەلادزێ لـەوێ چووینـە بارەگـا و بـاوکم و ئـەوانمان دیتن. ورەیان زۆر بـەرز دیـار بـوو. دەنگـۆی ئـەوە هـەبوو نـەقڵی هێـزی سـەفین دەبنەوە. ئەمنیش بە بابم گۆت، ئەمنیش دەبم بە پێشمەرگە. گۆتی نابێت ئـەتوو منداڵی، ڕاستە منداڵ بووم، بەڵام بە بەژن و باڵا هـیچ کـەم وکـورتیم نـەبوو وەکـو پیاوێکی کامل بـووم، بۆیـە زۆر لێـی پارامـەوە بمکـات بـە پێشـمەرگە. دواتـر ئـەو هەواڵە گەیشتە لای مام غەریب ئەویش بانگمی کرد و گۆتی:

ئەتوو تەلەبەی جارێ لۆ پێشمەرگایەتی نابیت.

ئێ کا خۆ قوتابخانە نییە ئێستا ناخوێنین.!

ئێ خۆ بارودۆخ هەر ئەوها نابێت دەبێت بچییەوە مەکتەبێ.

ئەمن دەمەوێ ببمە پێشمەرگە.

لۆ دەتەوێ ببیە پێشمەرگە.؟

ئەنگۆ لۆ بووینە پێشمەرگە.؟

تەماشایەکی کردم و بزەیەکی کرد و گۆتی ئێ خۆ تفەنگیش نییە بـە چ شـەڕێ دەکەی.

دەبی لۆم بکرِن.

پاشان مام ڕەفیق گۆتی نا کوڕم ئەمن و تـو لـە مـاڵێ دەبـین ئاگامـان لـە ژنـان دەبێت، با غەریب و کاکۆ پێشمەرگایەتی بکەن.!

پاشان گۆتم ئەمن تفەنگەکم هـەر دەوێـت. دوایـی بـاوکم گـۆتی ئـەمن لـۆت دەکرم. ئینجا ڕۆیشت و پاش کەمێک گەڕایەوە تفـەنگێکی لـە دەسـت بـوو گـۆتی ئـەوەم لـۆت کڕییـە. تفەنگەکـە کـۆن بـوو، بـەڵام خـاوێن بـوو کـە تەماشـام کـرد یەکەمجارم بوو ئەو نەوعە تفەنگە ببینم. وەزنی زۆر قورس بوو لە بڕنـۆی قورسـتر بوو. شکلیشی لەگەڵ بڕنۆی جیاوازی هەبوو باوکم گۆتی بە بیسـت و دوو دینـاری کڕیومە. پاشان مام ڕەفیق گۆتی وەڵا باشە ئەوەت لە کێ پەیا کردییە. بە خوای لـۆ ڕاوێ یەکویەکە. مام ڕەفیق ڕاوچی بوو ئەو لە (قـەرەچۆخ) هەمیشـە ڕاوە مـامزی دەکرد. وێنەکێشێکی باشیش بوو، شاعرێکی زۆر چاک بوو هونەرمەنـدێکی قەڵـەم ڕەنگـین بـوو. زۆر کـەیفی بـە سیاسـەت و پێشـمەرگایەتی نـەدەهات، بـەس کوردپەروەرێکی پاک و بێگەرد بوو.

من پرسیم ئەو تفەنگە ناوی چییە؟ مام ڕەفیق وتی ئەوە کەنەدی پێنج خـۆرە.! نیشان شکێنێکی باشە تەقەی یەک و یەکە. فیشـەکی بـە خەسـار ناچێـت. پاشـان مام غەریب گۆتی ئەگەر چووینەوە سەفینی ناوی تۆش دەنووسین و دەتکەین بـە پێشمەرگە بەس ئەتوو حەرەسی ماڵێ بە. داوای جەبهەی نەکەی باشە.؟

منیش ڕازی بووم. پاشان خواحافیزیمان کرد و گەڕاینەوە بەرەو گوندی (دێلـۆ). مام ڕەفیق تەنەکـە ڕۆنێکـی پێـنج کیلـۆیی کڕیبـوو. بـە منـی گـۆت ئـەتوو ناتـانی تفەنگەکە هەڵگری ئەمن هەڵی دەگرم، بەس ئەتوو ئـەو تەنەکـە ڕۆنـەی هـەڵگرە بەس ئەگەر لە ڕێیێ تەیارە دەنگی هات خۆت درێژ بکە و تەنەکە ڕۆنەکەش بخـە بنە خۆت با بریقەی نەداتەوە. چونکە تەیارە دەمانبینێ و تەقەمان لێ دەکات ئیتر بە ڕێکەوتین تا گەیشتینە نزیـک ئـەو دارەی جێبەکـەی لـێ ڕاوەسـتابوو. دۆڵێکـی لێبوو ئێمە لەسـەر دۆڵەکـە دەرۆیشـتین. ڕووبـارێکی بـە خـرۆش لـە نـاو دۆڵەکـە هەبوو دەوروبەری هەمووی دار داپۆشـیبوو. دوکـەڵێکی باریـک لـە نـاو دۆڵەکـە

بەرز ببۆوە بۆ ئاسمان مام رەفیق وتی کا ڕاوەستە با بزانین ئەو دوکەڵە چییە؟ پاشان گۆتی وەڵلاهی دەرێی بیاندەمە بەرتفەنگان ئەو ماکەرانە لێرە (کۆرێ) دەکەن. واتە جلوبەرگ دەشۆن. وتی برێ بێ حەیاینە ئەنگۆ ناترسێن تەیارە بێت و ڕمیتان لێ بکات. مام رەفیقیش قەسفکردنی قەڵادزێی بە چاوی خۆی دیتبوو ئەویش ترسەکی زۆری لە تەیارە لێ نیشتبوو. ئیتر گۆتی با بڕۆین لێرە دوورکەوینەوە لە دوورەوە تەیارە ناوەناوە دەنگی دەهات. هاتین تا گەیشتینەوە لای دارەکە کە جێبەکەی لە ژێر بوو.

مێگەلە مەڕەکەش هەر لە بن دارەکەی ڕاوەستابوون و شوانەکەش لە سێبەر دارەکە بە دانیشتنەوە خەوی لێ کەوتبوو. مام رەفیق گۆتی بە خەبەری ناهێنین گوناحە پاشان ملی ڕێگامان گرت و گەیشتینە گۆڕاییەک کە وەکو گۆڕەپانی تۆپی پێ بوو پان و بەرین و سەوز بوو لە پڕێکدا دەنگی تەیارە لە نزیکەوە هات مام رەفیق گۆتی کوڕە درێژ بە لە سەر عەردی و تەنەکەکە بشارەوە پاشان خۆشی درێژ بوو، تفەنگەکەی لە ژێر خۆی شاردەوە. سەیری ئاسمانم کرد دوو فڕۆکە بوون ئەوەندە نزم بوون بە ڕۆنی فرۆکەوانەکانم دەبینین. جەولەکیان کرد و گەڕانەوە لە ئاسمانەوە بە شێوەی ستوونی بۆسەر زەوی هاتن و مامم گۆتی یا ستار ڕەمی دەکەن. ئیتر لە سەر سەری ئێمە دووبارە بەرزبوونەوە ئاسمان. ئەوەندە نزم ببوونەوە هەستم بە بای فڕۆکەکە دەکرد. جاری دووەم هەم هاتنەوە بە هەمان شێوە مام رەفیق وتی نەجوولێی. دیسان نزمبووونەوە ئەمجارە کە بەرزبوونەوە ئەمنیش لەگەڵیان بەرزبوومەوە بە عەرزی کەوتم.

کوڕە نەمگۆت نەجوولێی. خۆت بە عەردی وە بنووسێنە.

مامە بە خوای ناجولێم وەم کردییە.

ئەدی لۆ برند بووی و درێژ بوویەوە؟

نازانم ئەمن نەجوولایمە. بای تەیارەکان لێی دام.

خوایە رەحم بکەیت، هەر ئایەتی قورئانی دەخوێند و دوعای دەکرد.

ئیتر سێ جار ئەم فڕۆکانە بەم شێوەیە جەولەیان دەکرد و دەهاتن لە سەر سەری ئێمە نزم دەبوونەوە و دەفڕینەوە عاسمان ئەوجا نەمزانی لەبەر ئێمە بوو ئێمەی دیتبوو یان لەبەر جێبەکە و شوانەکە بوو، بەڵام هیچ تەقەیەکیان نەکرد و لە ناوچەکە دوورکەوتنەوە.

ئێمەش هەڵساین بە ڕاکردن ئەو شوێنەمان جێهێشت تا گەیشتینە ناو دارەکان و لە دەشتایی نەجاتمان بوو پێش مەلا بانگدانی مەغریب گەیشتینەوە ماڵێ بەسەرهاتەکەمان بۆ ئەوان گێڕایەوە. ماموژنم مریەم گۆتی ئەوجا سالار ئەتوو لۆ بڵند دەبوویەوە لۆ عاسمانێ.

بە خوای ماموژن بە دەستی خۆم نەبوو نەمزانی لۆ وام لێ دەهات ئەمن درێژ ببووم بەس وەکی تەیارەکان دەهاتنە سەر سەرمان و بڵند دەبوونەوە عاسمانێ، ئەمنیش لەگەڵەوان بڵند دەبووم و بە عەردی دەکەوتمەوە.

بۆ سبەینەکەی مام رەفیق گۆتی سالار تفەنگەکەی خۆت بینە یا بچینە ڕاوێ. عەبدوڵلای مام غەریبیش لەگەڵمان هات. گەلەک گەڕاین لەو ناوە هیچمان نەدۆزییەوە بۆ ڕاوکردن. پاشان لە بن دارێک دانیشتین. مام رەفیق گۆتی با دوو سێ فیشەکان بتەقێنین بزانین تەو تفەنگە کووە؟ ئینجا وتی سەیری ئەو بەردێهێ بکەن. بەردێکی سپی خڕ لە بەرانبەرمان دیار بوو سێسەد مەترێک دوور بوو نیشانی لێ گرت و تفەنگەکەی تەقاند. هەر یەکەم فیشەک لە ناوەندی بەردەکەی دا ئەمن تا ئەوکاتە هەرگیز هیچ تفەنگێکم نەتەقاندبوو زۆر حەزم لە تەقاندنی تفەنگ هەبوو. پاشان عەبدوڵلاش فیشەکێکی پێوە نا ئەو لێی نەدا. گۆتیان وەرە ئەتووش تێی بگرە. مام رەفیق فێری کردم چۆن تفەنگەکە بگرم دەیگۆت قونداغەکەی لە شانت توند بکە ئەگەر شل بێت دەگەڕێتەوە و هێسکی شانت دەشکێنێت. ئەمنیش وام کرد و فیشەکەکم تەقاند، بەڵام هەر کەس تۆزەکەشی نەدیت. بوو بە پێکەنین. مامم وتی هەر خوا دەزانی لە کێندەر بە عاردی کەتیە،

بەو حاڵەی دەبیە پێشمەرگە، ڕۆژێکی هەتاوی گەرم بوو بەس کزەبایەک دەهات وتیان با لێرە نیو سەعاتێک پشوو بدەین پاشان هەڵدەستین دەڕۆین. ئیتر خەومان لێکەوت ئەمن لە دەنگە دەنگی مام رەفیق بە خەبەر هاتم کە دەیگۆت وەڵاهی لۆ بابی مەلا سلێمانیش دەتکەمە پیاو. تۆ مەزانە عەبدولقادر لە دوای ئێمە هاتووە کە زانیبووی خەومان لێ کەوتووە سەرکەوتبووە سەر ئەو دارەی کە ئێمەی لە ژێر نووستبووین دۆخینەکەی کردبۆوە و لەسەر دارەکە میزی بە ئێمە داکردبوو. مام رەفیقیش گۆتی کە چاوم کردەوە پڕوشکە باران دەهاتە خوارێ وتم خوایە لەو ساماڵەی ئەو بارانە چییە دەبارێ پاشان کە سەیرم کرد دیتم عەبدولقادرە لەسەر دارێ و بە ئێمە پێ دەکەنیت. ئەو بوو میزی بە ئێمە دادەکرد بۆیە مام رەفیق کە چاوی دەکاتەوە، عەبدولقادر دەزانی تووڕە بووە لەسەر دارەکەی خۆی فڕێ دەداتە خوارێ و ڕا دەکات. بە دەست ئیشارەتی لۆ کردین گۆتی تەماشاکەن کوو دەرێی تاژیە غار دەدات. پاشان تفەنگەکەی دەست داێ و فیشەکەکی هەوایی بەسەردا هاوێشت ئیتر عەبدولقادر دوو پێیکەشی قەرز کرد و وەکو ئاسک لە ملەکە ئاو دیو بوو لە ئێمە بزر بوو. مام رەفیق ئەو .... هەموو قەلبی بێ نوێژ کردیین. دەبی جلکەکانیش بشۆین. لەو قسانە دابووین کە پیاوێک لەولا ڕاهات و سڵاوی کرد. گۆتی ئەنگۆ ئاوارکانن. بەڵێ هەوین پاشان کیسەکەی لە بەر پشتی دەرهێنا و جگەرەیەکی پێچایەوە و کیسەکەی بۆ مام رەفیق درێژ کرد و گۆتی جگەرەیەک بپێچەوە.

نا سوپاس ئەمن جغارەی ناکێشم.

ئەی چۆنە لەو ناوەن؟

وەڵڵا هاتین بۆ گەڕان و گۆتمان ئەگەر شتێک ببینین ڕاوی دەکەین.

جا لێرە چی هەیە وەڵڵا ئەگەر مار راو بکەن ئێرە بەس ماری لێیە!

ئێمە هیچمان لێرە نەدیتیە، ماری زۆرە؟

ئەو شاخەی دەبینن؟

بەڵێ وادیارە.

ماری لێیە شاخی لێ هاتووە. ماری لێیە پیاوی قوت دەدات. ئەژدیهانە ئەژدیها خۆ مار نین دەڵێن دوو سەریشی لێیە.

بڵێ ئەمە نەچینە ئەو نزیکانە.

جا خۆ شێت نەبووینە چ ئیشتان بەوێدا هەیە، پاشان گۆتی با بەسەرهاتێکتان بۆ بگێڕمەوە ئەمن خەڵکی ئەو دەوروبەرەم. مام سمایلەک هەبوو دەیگێڕایەوە گۆتی. ژنم هێنابوو تازە گواستبوومەوە دوای حەفتەیەک بەرەو ماڵە باوانم بردەوە لە رێگادا ماندوو بووین و خەومان لێکەوت لە ژێر دارێک. ئەمن لە ناڵە ناڵی ژنەکەم بەخەبەر هاتم کە تەماشام کرد دیتم مارێکی گەورە نیوەی جەستەی ژنەکەمی قوت داوە. ئەمنیش هیچ دەنگم لێوە نەهات پێدەچوو ژنەکەم هەر بەخەبەر نەهاتبێتەوە. بۆیە خەنجەرەکەم دەرهێنا و بە خەنجەرەکەم هەردوولا (شەویلاکی) مارەکەم هەڵزڕاند و دەویم لێک کردەوە ژنەکەم دەرهێنا و هێشتا هەر لە خەو بوو. مارەکەم کوشت. گۆتم ژنەکەم وریای ببێتەوە ئەو مارە ببینێت دەترسێت و دەتۆقێت بۆیە بردم لە خوار ئەو جێگایە لە ژێر کەلەکە بەردێک شاردمەوە. ئیتر دوای ئەوسا ژنەکەم بەخەبەر هێنا و بەرەو ماڵی باوکی بە رێکەوتین.

من هەموو مووەکانی جەستەم لە ترسان راست ببوونەوە. زۆر بە تامەزرۆییەوە گوێم شل کردبوو بۆی پاشان (مام سمایل) گێڕایەوە گۆتی ژنەکەم بردەوە ماڵی بابی و بە جێمهێشت. دوای یەک مانگی چوومەوە شوێنی. کە گەڕاینەوە لە هەمان شوێن وتم با پشوویەک بدەین. دانیشتین و پشوویێکمان وەرگرت و مەسەلەی مارەکەم بە بیر هاتەوە گوتم (فاتم) شتێکت بۆ بگێڕمەوە. ئەویش گۆتی ئا بیگێڕەوە بزانم چییە. ئینجا سمایل گۆتی هەموو چیرۆکەکەم لۆ

گێڕاوە و پێشم وت مارەکەشم کوشتووە و ئەوەتا لە ژێر ئەو کەلەکە بەردانە حەشارم داوە وەرە با بچین ببینە. وتی کە چووین سەری مارەکەم لادا و فاتم مارەکەی بینی لە ترسان قیژاندی و بوورایەوە. هەر چەندی هەوڵمدا بۆم نەهاتەوە هۆش. فاتم گیانی دەرچوو ئەمری خودای کرد چیرۆکێکی ناخ هەژێن بوو. ئەمنیش وتم. خاڵە هەر بە ڕاستی ئەوە ڕوویداوە و ڕاستە ئەم شتە

بەڵێ.. بەڵێ. کوڕم ئەوە ڕاستە خەڵکی ئەو ناوچەیە هەمووی ئاگایان لەو بەسەرهاتە هەیە. ئێرە زۆر بە ناوبانگە بەو مارە گەورانە. شوێنێکی مەترسیدارە دوای ئەوە پیاوەکە خواحافیزی لێکردین و ئێمەش بەرەو ماڵ گەڕاینەوە. لە ڕێگا مام رەفیق هەر دەیگوت وەلاهی بەسەرهاتێکی سەیر بووە. کوو ئەو ژنە بەخەبەر نەهاتییە. بزانن ئەجەل کووە ئەو ژنە دەبوایە هەر لەوێ بمرێت. دوای مانگێک لە گەڕانەوەیدا کە مێردەکەی مارەکەی پێ نیشانداوە گیانی لەدەستداوە. خۆ ئەگەر نەیدیتبا نەدەمرد. بەس هەجەلی بەوە هاتبوو هەر دەبوایە مارکە ببینی و بە هۆی ئەو مارەوە بمرێت. (لا حول و لا قوه الا بالله العظیم). خوا هەر بە خۆی دەزانێت چ دەکات. ئەگەر هەجەلت بە شتەکی هات هیچ شتێک ناتوانێ پێشی لێ بگرێت.

گەیشتینە ماڵەوە، عەبدولقادر وەک ئەوە وابێ هیچی نەکردبێت هەر بەسەرخۆشی نەدەهێنا و سەیرێکی ئێمەی کرد و بەنەرمی ویستی دووربکەوێتەوە. مام رەفیق زوو پەلاماری داو دوو سێ شەقە زللەی باشی لە بن گوێی دا و دوایی بەرەڵای کرد ئەویش بە جوێندان سەرە و ژێر بۆ لای گوندەکە ڕای کرد.

دوای چەند رۆژێک باوکم و مامم و جەماعەت هاتنەوە لامان، وتیان ئێمە ئیشمان لێرە نەما نەقل کراوین بۆ هێزی سەفین. مام غەریب کرابوو بە ئامر بەتالیۆن و باوکیشم کرابووە (سەرلق). ئیتر دوای چەند رۆژێک مانەوەیان لە لامان بەرەو سنووری هێزی سەفین بە ڕێکەوتین، بەڵام پێشتر لە ڕێگای حەسۆ میرخان

ژاژۆکی ناوی هەموو خێزانەکانمان درابووە ئێران بۆ ئەوەی ڕەزامەندی وەربگیرێت کە بچین بۆ ئێرانێ، بەڵام هێشتا وەڵام نەگەڕابۆوە بۆیە ئەوان وتیان زۆری نەماوە ئێرە بە جێدەهێلین وتیان بەرگەی چەند رۆژێکیتریش بگرن، انشاللە وەڵامەکەی دەگەڕێتەوە و لێرە نەجاتتان دەبێت ئەوان رۆیشتن دوای ١٥ رۆژ مامم لەگەڵ باوکم گەڕانەوە تەرەکتۆرەک و عارەبانەیەکیان هێنابوو لەگەڵ خۆیان. ژن و منداڵەکانیان لە جێبەکەی مامم سوارکرد و ئەوەشی جێگای نەبۆوە لە سەر عارەبانەی (تەرکتەرەکە) سوار کران، وتیان دەچینە (بەردەپان). بەردەپان خاڵی سنووری نێوان عێراق و ئێرانە لە بەینی قەڵادزێ و سەردەشت. کە گەیشتینە ئەوێ کەش و هەوا زۆر سارد بوو داریشی لێ نەبوو ئاگر بکەنەوە. ئێمەیان لە ژێر بەردێک دانا وەکو پەناگەیەک تاکوو ڕێکارە یاساییەکان تەواو دەکران و مۆڵەتی چوونە ژوورەوەی وڵاتی ئێرانمان پێ دەدرا. مام غەریب جێبەکەی خۆی بە شەهید کەماڵ ڕەوانەی قەڵادزێ کردەوە وتی با داخلی ئێران نەبێت. هەر چەندی باوکم پێی وت ئاساییە با داخل بێت ئێمە پێویستیمان بەو سەیارە نییە. با لە ئێران لای منداڵەکان بێت و عەبدوڵلا ئاگای لێبێت. بەڵام مامم ڕازی نەبوو بۆیە ڕەوانەی کردەوە بۆ قەڵادزێ. ئێمە لەوێ ماینەوە کەشوهەوا بەرەو خراپتر دەچوو. تا دوای نیوەڕۆیەکی درەنگ ڕەزامەندییەکە وەرگیرا. (ئیڤایەکی) سەربازییان هێنا وتیان کەل و پەلەکانتان بارکەن و خۆشتان لە دواوە سواری ئیڤاکە بن. مام غەریب ویستی بچێتە پێشەوە بەڵام سەربازێک هاتوو رێگای لێ گرت و وتی برۆ دواوە ئەویش گەڕایەوە بۆ ئەوەی لە دواوە سەرکەوێت. باوکم لە سەربازەکە چووە پێش و هەندێ قسەی لەگەڵ کرد دواتر کەسێکی کورد زمان هات کە زمانی فارسی دەزانی باوکم حاڵی کرد کە ئەو پیاوە برا گەورەمانە و فەرماندەیەکی پێشمەرگەیە دەبێت لە پێشەوەی سەیارەکە سوار بکرێت. ئینجا ڕەزامەندییان داو و مام غەریب چوو لە پێشەوە سوار بوو. ئێمەش هەمووی لە دواوەی سەیارەکە کە بە رێکەوت وتیان دەمانبەن بۆ ئۆردوگایەک، خیمەیان لێ هەڵداوە و هەموو کوردی عێراقین و حکومەتی شای ئێران دروستی کردووە بۆ ئەو پەناهەندانەی کە لە

کوردستانی عێراقەوە ئاوارەی ئێران دەبن. وتیـان لـە تەنیشـت گوندێکـە بـە نـاوی (قۆڵتێ) کە گەیشتینە ئۆردوگاکە لە پانتاییەک بوو لە ڕۆخ ڕووبارێک. چـواردەوری تەلبەند کرابوو. دەرگایەکی هەبوو لـە شـێوەی دەرگـای سـەربازگەیەکی سـەربازی دەچـوو. کۆمـەڵێ سـەرباز لـەوێ بـوون. ئیـتر ئـەو دەشـتە هـەمووی چـادری لـێ هەڵدرابوو. کرابووە بلۆک بلۆک و ژمارە بەندی کرابوون. ئێمەیان برد بۆ بلۆکێک و هەر ماڵەی دوو چادریان پێداین. بۆ من شتێکی تازە بوو. من لە وڵاتێکی تر بـووم. گرمەی تۆپ و هاڕەی تەیارە نەدەهات. خەڵکەکە هەمووی خەریکی ژیانێکی تازە و ئارام بوو. ناومانیان نووسی و کۆمەڵێک دۆشـەک و بـەتانی و قـاپ و قاچاخیـان پێماندا. پاشان هاتن ناوی ئەو منداڵانەیان نووسـی کـە لـە قوتابخانـە بـوون ئێمـە پۆلی یەکی ناوەندی بووین. خوێندنی ئێرانیش بە زمانی فارسی بوو بۆیـە دەبوایـە یەکەمجار فێری زمانی فارسی ببینە ئینجا دواتر لە قوتابخانـە وەردەگیـراین. بۆیـە وتیان دەبێ یەک مانگ بچن لە سەردەشت دەرسی زمان بخـوێنن تـاکوو ئـەلف و بێی فارسی فێر دەبن. زمانی فارسی و ئـەلف و بێیەکـەی زۆر لـە کـوردی نزیـک بوو، بۆیـە فێربـوونی ئەسـتەم نـەبوو. ڕۆژێکیـان دەمویسـت بچـم لـە ڕووبارەکـە مەلـەوانی بکـەم. لـە دەرگاکـەوە ڕێگایـان پـێ نـەدەداین بچینـە سـەر ڕووبارەکـە دەترسان بخنکێین. بۆیە ویستم لە ژێـر تێلبەندەکـەوە بـە دزی بچـم. سـەربازێکی ئێرانی کە لەو شوێنە پاسەوان بوو بە منی وت (کجا میری). زانیم دەڵێت بۆ کوێ دەچیت بەس نـەمزانی وەڵامـی بدەمـەوە بۆیـە دەسـتم بـۆ لای ڕووبارەکـە درێـژ کردوو و وتم (کجا میری). بە حسابی خۆم دەڵێم دەچمە ئـەوێ. ئـەویش دەسـتی بە پێکەنین کرد و بە دەست ئاماژەی کـرد کـە بگەڕێمـەوە. نیوەڕۆیـان خـەڵکێکی زۆر چ بە دزییەوە چ بە ئاشکرا دەچوونە سەر ڕووبارەکە مەلەیـان دەکـرد. تـا وای لێهات سەربازەکان کۆنترۆڵی ئەو شتەیان لە دەست دەرچوو بۆیە بڕیاریاندا وتیـان ئەوەی بچیتە مەلەوانی و بگیرێت سەری سفر دەتاشین و بەرەڵای دەکەین. ئەوان زیاتر لەبەر پارێزگاریکردن لە گیانی ئێمە ئەو کارەیان دەکرد. (مەلا بێلکۆیی)ییەک هەبوو خەڵکی دەڤەری پشدەر بوو ئەو لـە لایـەنی کـوردە ئاوارەکانـەوە کرابـووە

بەرپرسی ئۆردوگاکە، خەڵکی هەر کەم و کوڕییەکیان هەبوایە دەچوون بەویان دەگۆت ئەویش بە ئێرانییەکانی دەگۆت، بەڵام زمانی فارسی زۆر باش نەبوو بەس بە هەر شێوەیەک بوایە حاڵی دەکردن کە چی مەبەستە. من کە ئەوم دەدیت دەمگۆ چۆن ئەوە کراوە بە مەسئوولی ئۆردوگاکە، لە کاتێکدا نازانی بە فارسی قسە بکات.

## چۆن فێرە زمانی فارسی بووم

رۆژێکیان کارمەندێکی ئۆردوگاکە هاتوو سجلێکی لە دەست بوو ماڵ بە ماڵ دەگەڕا و ناوی ئەو منداڵانەیان دەخوێندەوە کە دەبوایە ئامادە بن بچن بۆ دەورەی زمانی فارسی من یەکیک بووم لەو منداڵانە. ئیتر وتیان بەیانی کاتژمێر حەوت و نیو لە دەرگای ئۆردوگاکە ئامادە دەبن لەوێ (ماشێن) واتە سەیارە ڕاوەستاوە دەتانبات بۆ سەردەشت  و نیوەڕۆش دەتانهێنێتەوە. سەردەشت چارەگە سەعاتێک لە ئێمەوە دوور بوو ئێمە ئوردووگاکەمان کەوتبۆوە سەر جادەی (سەردەشت – مەهاباد) نزیک شاردەدێی رەبەت دەبوایە بە یەک مانگ بگەیشتباینایە ئەو ئاستەی کە بتوانین کتێبە فارسی زمانەکان بخوێنینەوە و لێی حاڵی ببین. وتیشیان ئەو کەسانەی بەو مانگە فێر نەبوون ماوەکەیان بۆ درێژ دەکەینەوە.

بەم شێوەیە دەستمان کرد بە فێربوونی زمانی فارسی، حەفتەی یەکەم پیتەکانیان فێر کردین و لە حەفتەی دووەم وشە و ڕستەکانیان فێر کردیین. لە لای من ئەو زمانە زۆر ئاسان بوو لە کۆتایی حەفتەی دووەمدا لەگەڵ مامۆستاکەم کە ئەویش کورد بوو بە فارسی قسەم کرد. ئەویش پێی سەیر بوو وتی تۆ پێشتر فارسیت دەزانی؟

.نەخێر نەمدەزانی.

. دەی باشە پێم سەیرە خۆ لە منداڵەکی سەردەشتی باشتر فارسی قسە دەکەی.

. مامۆستا ئاسانە خۆ زۆر لە زمانی کوردی نزیکە.

. ڕاستە وایە بەڵام بە دوو حەفتە فێربوونی شتێکی گرنگ و باشە.!

مامۆستاکە چوو پەرتووکێکی چیرۆکی منداڵانەی بۆ هێنام کە بە فارسی نووسرابوو، وتی لەگەڵ خۆت بیبەوە ماڵێ بەیانی بیهێنەوە. ئەو چوار لاپەرەم بۆ بکە بە کوردی بزانم چەند هەڵەی تێدا دەکەیت. لێم وەرگرت و کتێبێکی جوان بوو رەنگاوڕەنگ بوو. چیرۆکێکی وێنەداری لێ چاپ کرابوو. دیزاینەکەی لە لای من زۆر جوان بوو بۆیە زۆر دڵم خۆش بوو کە ئەو کتێبەی پێدام. وەرم گرت و بردمەوە بۆ ماڵ نەچوومە دەرەوە هەتا هەموویم کردە کوردی ئەو چوار لاپەرەی لێم ویستبوو. بەڵام من هەموویم کردە کوردی. (٢٨) لاپەڕەی رەنگاورەنگ بوو بەیانییەکەی کە چوومەوە، کتێبەکە و تەرجوومەکەیەم دا بە مامۆستاکە سەیرێکی کرد و وتی ئەو چیت کردووە ؟ من وتم چوار لاپەرە.!

. مامۆستا هەموویم وەرگێڕاوە.

. ئەی دەستەکانت خۆش بێت.

بە دەنگێکی بەرز دەستی کرد بە خوێندنەوەی و پاشان وتی تەنیا دوو هەڵەی تێدایە لە دوو ڕستەدا. بەڵام زۆر باشە و ئافەرین.

پاشان بردمی بۆ لای بەرێوەبەری شوێنەکە  و وتی قوربان ئەو منداڵە ئاوارەیە بە پانزە رۆژ زمانی فارسی بە تەواوی فێر بووە.

چۆن  شتی وا دەبێت. باوەڕم نایەت.

قوربان دەتوانی تاقی بکەیتەوە.

رۆژنامەیەکی لە دەست بوو دیار بوو پێش ئێمە بچین ئەو خەریکی خوێندنەوەی بوو. وتی وەرە ئەم رۆژنامەیەم بۆ بخوێنەوە. ئەمنیش رۆژنامەکەم

لێ وەرگرت و دەستم کرد بە خوێندنـەوەی و زۆر بـاش خوێندمـەوە. پاشـان وتـی بەسە. ئەوەی خوێندۆتەوە ماناکەیم بە زمانی کوردی پێ بڵێ. منـیش دووبـارە لـە سەرەتاوە ڕستە ڕستە دەستم کرد بە خوێندنەوە و ماناکەشم بۆی دەکرد. چەپڵەکی توندی بۆ لێدام و وتـی (بارەکـەللا) (زنـده باشـی پسرـ ایـن محشرـه) ئـەمنیش بـە فارسی وتم (خیلی ممنون اسـتاد). ئیـتر لێـرەوە بـووم بـە فارسـی زمـانێکی عـەیار بیست و چوار.

کابرایەک هەبوو ناوی (ئاغـای جـەفایی) بـوو، دەیـانگۆت ئـەوە ئـەمنی شـایە (ساواکە) ئەو بەرپرسی یەکەمی ئۆردوگاکە بوو لە لایەن ئێرانەوە لە سـەر دەشـت دادەنیشت، بەڵام ڕۆژانە دهاتە قۆڵتێ. کوردی ڕۆژهەڵات بوو بەڵام نازانم خـەڵکی کام شارە بوو کە چی هەرگیز بە کوردی قسەی نـەدەکرد تـەنیا بـە فارسـی قسـەی دەکرد. ڕۆژێکیان جەولەی لێدەدا بە ناو ئۆردوگاکەوە، مەلا بێگلۆییشی لەگەڵدابوو لە کۆتایی هەر بلۆکیک بیرێکی ئاو هەڵکەندرابوو و ترومپایەکی ئـاو هـەڵێنجانیی لەسەر بوو کە بە دەست کاری دەکرد کلکیشی هەبوو دەبوایە هەر بڵنـد و نـەوی بکەیت تا هەندێک ئاو دەهاتە ناو سەتڵێک. ترومپای بلۆکەکەی ئێمە خـراپ بـوو ئاوەکەی ڕانەدەگرت کە گەیشتنە ئەوێ ئافرەتێک بە مـەلا بێگلـۆیی وت مامۆسـتا ئەو ترومپایە تێکچووە ئاو ڕاناگرێـت و قـوتی دەداتـەوە هـەر فشـە فشـی دێـت. ئاغای جەفایی لە من باشتر لە مەبەستی ژنەکە گەیشـت هـەر وەکـوو وتـم، بـەڵام وای نیشان نەدەدا ڕووی لە مەلا بێکلۆیی کردو و وتی:

این خانم چی میگە.؟

قوربان  میگە این ترومپا فش فش آب نمیاد.

فارسییەکەی مەلا دووکەڵی دەکرد. بۆیە خۆدی ئاغای جەفایی دەستی کـرد بـە پێکەنین و کەسێکی لەگەڵ بوو دەفتەرێکی لەدەست بوو پێی وت:

درج کن ترمپای این بلوک ازکار افتاده و تعویض گردد.

واتە بنووسە کە ترومپای ئەم بلۆکە لە کـار کـەوتووە و بگۆڕدرێـت منـیش بـە فارسی لەگەڵ ئاغای جەفایی قسەم کرد. سەیرێکی کردم و وتی:

تو هم از آوارگان عراقی هستی؟

بله.

فارسی را کجا یاد گرفتید؟

رفتم دوره زبان توی سردشت.

چند روزه رفتی که به این خوبی فارسی حرف میزنی؟

قربان. ظرف دو هفته یاد گرفتم.

از طرف من ماهی ۲۰۰ تومان برای تو مثل یک مترجم هر وقت کارت داشتیم بیا پیشمون.

چشم. دستت درد نکند. خیلی ممنوون.

بەمجۆرە من لەو تەمەنەدا توانیم بگەم بە شتێک.

۲۰۰ تومەن لەو کاتەدا پارەیەکی باش بوو. ئیتر جاروبار بـۆ هەنـدێ وەرگێـڕان بانگیان دەکردم و مانگانەش پارەکەم وەردەگرت.

ڕۆژێک کۆمەڵێک گەنج و مێردمنداڵی ئۆردوگاکەیان گرتبوو لە سەر ڕووبارەکە، هێنابوونیـان بـۆ لای ئیـدارەی ئۆردوگـاکە لـە ژێـر چادرێـک کورسـیەکیان دانـابوو نەفەرێک مەکینەکی سەرتاشی لەدەست بوو منداڵەکانیان ڕیز کردبوو یـەک یـەک دەیانبردنە ناو چادرەکە کە دەهاتنە دەرەوە خەتێکی ڕاسـت و چـەپ بـە مەکینـە سەرییان هەڵپاچیبوون کە ناچار بـوون دواتـر خۆیـان بچـن سـەریان سـفر بکـەن. کامەرانی مام غەریب یەکێک بوو لـەو کەسـانەی کـە گیرابـوو لـە ریـز وەسـتابوو. چووم بۆ لای و وتم کامەران وەرە لەگەڵم.

نایەم.

کوڕە وەرە دەنا هەتکت دەکەن و سەرت دەتراشن.

ئەگەر پیاون وەدەکەن.

دەستیم گرت و ویستم رایکێشمە دەرەوە، بەڵام منی پاڵ نا و وتی.

حەدیان نییە سەری من بتراشن

ئەو وایدەزانی هەموو کەس ئەو دەناسن و دەزانن کوڕی مەلا غەریبە و ناوێرن هیچی لێ بکەن، بەڵام دواتر هەر بە قسەی نەکردم و بردیانە ژێر چادرەکە و سەری ویشیان وەکو ئەوانیتر راست و چەپێک تراشی و هێنایانە دەرەوە زۆری پێ پێکەنیم و وتم بە قسەی من ناکەی دە بیخۆ دەی دەستیان خۆش بێت. ئەویش تووڕە ببوو هەر لە بن لێوان جنێوی دەدا و بە ڕاکردن بەرەو ماڵەوە چۆوە.

پاییزێکی درەنگی ساڵی ١٩٧٤ کە کەشوهەوا بەرەو ساردی دەچوو، لە بڵندگۆی ئۆردوگاکە بانگەوازێکیان کرد و و وتیان خۆتان ئامادە بکەن و ماڵەکانتان تێک بنێن و دەگوازرێنەوە بۆ ئۆردوگای (ڕەبەت).

ئۆردوگای ڕەبەت لە تەنیشت شارەدێی ڕەبەت دروست کرابوو. هەمووی قاعەی گەورە و درێژ درێژ بوو لە تەنیشت یەکتری هەر قاعەک چوار دەرگای هەبوو دوو دەرگا لە ناوەندەکەی لەم دی و لەو دیو دوو دەرگاش یەک لەو سەر و یەکیش لە سەرەکەیتر. هەر دەرگایەک کە دەچوویتە ژوورەوە ١٢ ژووری تێدابوو. ئەوجا دابەشیان کردبوو ئەگەر خانەوادەیەک ژمارەیان کەم بوایە یەک ژووریان پێدەدا و ئەوانەی زیاتریش بوونایە دوو ژووریان پێ دەدان. قاعەکان نوێ بوون، دیاربوو تازە دروستکرابوون، بۆ ئەو مەبەستە.

لەوێ قوتابخانـە و نەخۆشـخانەش دروسـتکرابوو، گۆڕەپـانێکی گـەورەی تـۆپی پێش دروستکرابوو. من لەوێ دەستم بە خوێندن کردەوە و  قوتابخانەکە دیار بـوو شۆڕش بەڕێوەی دەبرد، چونکە مامۆستاکان ئـەو کەسـانە بـوون کـە لەگـەڵ ئێمـە ئاوارەی ئێران ببوون. ناوی قوتابخانەکەش (کوردستان) بوو، تێکەڵ بـوو لـە کـوڕ و کچ لە پۆلی یەکی ناوەندی تا شەشی ئامادەیی تێـدابوو. ئۆردوگایـەکی زۆر گـەورە بوو لەکوردستانێکی بچووک دەچوو. خەڵکی هەموو کوردستانی تێدا بوو بـە دیـن و ئایینزاکانیش (موسڵمان. مەسیحی. ئێزیدی. تورکمان. سۆرانی. بادینی) لە هەموو تیرە و عەشیرەتەکانی کوردستانی لێ بوو.

لە لایەن مانگی سووری ئێرانییـەوە هاوکـاری و خزمـەتێکی باشـیان پێشـکەش دەکـردین  لەهــەموو ڕوویەکـەوە. لـە هـیچ ڕوویەکـەوە کـەموکوڕیمان نـەبوو. ئۆردوگاکەش کراوە بوون واتە تەلبەنـد نـەکرابوو. ماوەیـەکی بـاش لـەوێ ماینـەوە خـەڵکی بووژابوونـەوە. هـەمووی دڵخـۆش و بـە ئـارامی ژیانیـان بـەڕێ دەکـرد. ئەوانــەی لــە بــەرەکانی شــەڕ مابوونــەوە و پێشــمەرگەبوون ناوەنــاوە مۆڵــەتیان وەردەگرت و دەهاتنەوە سەردانی خانەوادەکەی خۆیانیان دەکرد.

# تەوەری شەشەم

## ئەوپەڕی بەهێزی شۆڕشی ئەیلوول

شۆڕشی ئەیلوول لەو پەڕی بەهێزی دابوو. کوردانی پارچەکانیتری کوردستانیش ڕۆڵی ئەکتیڤ و باشیان هەبوو لە ناو شۆڕشدا. من لەو کاتەدا هەستم بە گرنگی خاک و نەتەوە کرد و زۆر دەچوومە ناو بابەتە نیشتیمانییەکان و حەزم دەکرد زیاتر مێژووی خاک و گەلەکەم بزانم و لێی شارەزا ببم. بۆیە زۆر جار کە پیاوە بەتەمەنەکان دادەنیشتن باسێکی ڕابردوو و شۆڕشەکانیان دەکرد زۆر بە حەزەوە گوێم بۆ رادەگرتن و چێژم لە قسەکانیان وەردەگرت. هەندێ جار زۆر رقم هەڵدەستا لە قسەکانیان بە تایبەتی لەو بابەتانەی کە باسی لە مەزلوومیەتی گەلی کورد دەکرد و باس لەو غەدر و بێ ویژدانییە دەکرا کە دەرهەق بە کورد کرابوون لەوکاتانەدا هەستی (ناسیونالیستیم) دەگەیشتە لوتکە بیرم لە تۆڵە سەندنەوە دەکردەوە، بەڵام ئەوە لە دەسەڵاتی من نەبوو، تەمەنی من گونجاو نەبوو بۆ هەندێ شت، زۆر جار لەگەڵ هەڤاڵ و هاوڕێکانم ئەم بابەتەم دەوروژاند.

## تێکەڵبوونم بە وەرزش

لەو ئۆردوگایە تیپێکی تۆپی پێی زۆر بە هێز دروستکرابوو لەهەموو ئەو یاریزانانەی ( هەولێر و دهۆک و کەرکووک و سلێمانی) کە ئاوارەی ئێران ببوون و ناویان لێنابوو (هەڵبژاردەی کوردستان). یاریزانی زۆر باش و چاکیان هەبوو. ئەمنیش زۆر حەزم لە تۆپی پێ بوو بە ئێستاشەوە کە ئەو حەزەم هەر ماوە کاتی خۆشی لە هەولێر لە قوتابخانە تیپێکمان هەبوو بۆ کێبەرکێکردن لەگەڵ

قوتابخانەکانیتر. ئەمن لەو تیپە یارییم دەکرد. پاشان مامۆستاکەمان وتی سالار تۆ باڵات بەرزە بۆ گۆڵچیاتی باشی وەرە خۆم ڕاهێنانت پێ دەکەم دڵنیام دەبێتە گۆڵچییەکی زۆر باش. منیش ڕازی بووم و بووم بە گۆڵچی قوتابخانەکەمان. ئەو ساڵە ئێمە لە هەموو قوتابخانەکانی هەولێرمان بردەوە و پلەی یەکەممان بە دەست هێنا. ئیتر بە هۆی شۆڕشەوە لە وەرزش و قوتابخانە دابڕاین تا ئاوارەی ئێران بووین.

من دەچوومە دیار ڕاهێنانی ئەو تیپە و لە دیاریان ڕادەوەستام و سەیرم دەکردن. یاریزانەکانیان زۆر باش بوون گۆڵچی یانەی هەولێر کە ناوی (زیاد) بوو گۆڵچی تیپەکە بوو گۆڵچییەکی زۆر باش و بەهێز بوو من زیاتر سەیری ڕاهێنانەکانی ئەوم دەکرد. لەگەڵ گوڵچیەکی تر ئەنجامیان دەدا کە ناوی (کەریم) بوو ئەو کەریمەش گۆڵچییەکی باش بوو گۆڵچی یانەی (کەرکووک) بوو. ڕۆژێکیان لە تەنیشت گۆڵەکە وەستابووم یاریزانێک شوتێکی لە تۆپەکەدا بۆ گۆڵ، بەڵام تۆپەکە نەچووە ناو گۆڵەکە و ویستی بۆ دەرەوە بچێت ئەمنیش هەر بە جلی ئاسایی لەوێ وەستابووم هاتە مێشکم ئەو تۆپە بگرمەوە. بۆیە وەکو مووشەک خۆمم بۆ هەڵدا و تۆپەکەم گرتەوە تەقڵەیەکیشم لەگەڵی لێدا. هەمووان سەریان سووڕما چ یاریزانەکان چ ئەوانەی لەدەرەوە سەیری ڕاهێنانەکەیان دەکرد. ڕاهێنەرەکە بانگمی کرد و وتی تۆ گۆڵچییەکی باشیت بۆ نایەتە ڕاهێنان. ئێمە تیپێکی لاوان دروست دەکەین دەتکەم بە گۆڵچی ئەو تیپە. من لە قەد و قەوارە خراپ نەبووم، بەڵام تەمەنم بچووک بوو. منیش وتم حەزیشم لێیە دێم و ڕاهێنان دەکەم ئیتر لەو ڕۆژەوە من ڕۆژانە دەچوومە ڕاهێنانەکان. دیار بوو هەندێ یاریزان گلەییان هەبوو لەبەر زۆری یاریزانەکان دەرفەتیان نییە یاری بکەن. کەریم گۆڵچی بە بەردەوام ڕاهێنانی بە من دەکرد و من و ئەو زۆر لە یەکتر نزیک بووینەوە وەکو دوو هاوڕێی باش، ئەلحەق ئەویش زۆر خۆی لەگەڵ مندا ماندوو دەکرد. من ڕۆژ لە دوای ڕۆژ متمانەم بە خۆم زیاتر دەبوو، باشتریش دەبووم

هەمووان هەستیان بەوە کردبوو. بەس هەرگیز بەشدارییان پێ نەدەکردم لە یارییەکاندا.

حەقیشیان بوو بە بوونی (زیاد و کەریم)، ئیتر من زیادە بووم و تەمەنیش ڕێگر بوو لێم. ئەو یاریزانە نارازییانەی کە هەبوون هەندێکیان لە تیپەکە بوون و هەندێکیش لە دەرەوەی تیپەکە. لە هەولێر کاتی خۆی سێ تیپی بە ناو هەبوو (هەولێر-ئەتلەس-بروسک) دواتریش (برایەتی). زۆربەی ئەو یاریزانانە لەو تیپانە یارییان کردبوو. بۆیە بڕیاریان دا تیپێکی تریش دروست بکەن. وەکو تیپی دووەمی ئۆردوگاکە. هەرواشیان کرد ناویان لە تیپەکە نا (بروسک). کەریم بوو بە گۆڵچی ئەو تیپە و ئەمنیش کرام بە یەدەگی کەریم. ئومێدم بۆ گەڕایەوە دەمزانی کەریم زۆر بڕوای پێم هەیە و مومکینە جاروبار ڕێگام پێ بدات یاری بکەم. بۆیە زۆر دڵخۆش بووم. ئیتر ئێمە بە جیا ڕاهێنانمان دەکرد. لەگەڵ تیپی هەڵبژاردەی کوردستان ڕاهێنانمان دەکرد منیش زۆر جدیتر لە جاران هەوڵم دەدا و خۆم شارەزاتر دەکرد. ڕۆڵی کەریمیش بۆ من پاڵپشت بوو. ڕۆژێک وتیان حەز دەکەین یارییەک لەگەڵ برادەرانی هەڵبژاردە بکەین. ڕاهێنەرەکەمان ناوی (ملازم خیرواللە) بوو خەڵکی کەرکووک بوو ئەو لە سوپای عێراق بوو کرابووە ئەفسەر. پاشان پەیوەندی بە شۆڕشەوە کردبوو هەرکات بگەڕاباوە واجبی پێشمەرگایەتی (کەریم) ئەرکی ڕاهێنانەکانی لە ئەستۆ دەگرت. ئەو ملازم خێروڵایە پسپۆرییەکی باشی هەبوو هەم لە ڕووی ئامادەسازی جەستەیی و هەمیش لە ڕووی تەکنیکی تۆپی پێدا. زۆر خۆی لەگەڵ ئێمەدا ماندوو دەکرد و دڵسۆزانە ئەوەی لە هەگبەیدا هەبوو لەگەڵ ئێمەدا سەرفی دەکرد. هەموومان ڕێزێکی زۆرمان لێ دەنا و هاوکاری و برایەتییەکی تەواو لە نێوانماندا هەبوو.

ئەوە بوو دواتر ئەو ڕۆژە دیاریکرا کە یارییەکەی تێدا ئەنجام دەدرا. هەر کاتی یاری هەبوایە جەماوەرێکی زۆر لە دەوری یارییەکە کۆ دەبوونەوە و سەیرییان دەکرد. ڕێزێکیش کورسی لەلایەکی یاریگەکە دادەنرا بۆ کەسایەتی و بەرپرسانی

ئەو کاتە. ئاخر یاریگاکە شوێنی دانیشتینی جـەماوەری نـەبوو. ئیـتر رۆژی بەیـەک گەیشتن هات. هەموو بڕیارماندا ئەگەر بشدۆڕێنین بـا پاڵەوانانـە بـدۆڕێنین. واتـە ئەوەی لە هەگبە و توانامان هەیە لەو یارییە بەکاری بهێنـین. بـۆ یەکـەم جـار لـە ژیانم من وەکو (یەدەگی) گۆڵچی تیپێکی بەهێز لەسەر خەت دانیشتم. هەستێکی سەرشار لە خۆشیم هەبوو. ئیتر یارییەکە دەستی پێ کرد و ڕکابەرییـەکی بـە هێـز هەبوو لە هـەردوولا. هـەردوولا وەکـو سـەربازی شـەڕگەکان بـەرگرییان لـە تیپـی خۆیان دەکرد و هێرشییان دەبرد. جەماوەرێکی زۆریش ئامـادەی یارییەکـە ببـوون هەمووی چێژییان لە یارییەکە وەردەگرت. ئەوە لـە هـات و هـاوار و حەماسـەتی خەڵکەکە دیاربوو. ئەو یارییە ئێمە دۆڕاین یەک بـە سـفر. پـاش یارییەکـە خـەڵک زۆر دەستخۆشیان کرد لە ئێمە. تاکوو تیپی بەرانبەریش بەو ئاستەی ئێمە سەرسام ببوون. ئەوانیش چەپڵەیان بۆمان لێدا، بەڵام لەم یارییە من هـەلی یـاریکردنم پـێ نەدرا. لـەم یارییـە بـە دواوە تیپـی ئێمـە نـاسراو و ناوبـانگی دەرکـرد و کۆمـەڵێک هاوکاریشمان بۆ هات لە لایەن بەرپرس و کەسایەتییەکانەوە بۆ کڕینی کەلووپەلی ورزشی و تۆپ و جلوبەرگ. ئـەوەش پاڵپشـتییەکی بـاش بـوو بـۆ ئـەوەی بتـوانین تیپەکەمان باشتر رێک بخەین..

سێ برادەرەمان چوون لە مەهاباد کۆمـەڵێ تـۆپ و پـێڵاو و دەسـتێکی کـاملی جلوبەرگیان کڕی. تیپەکەمان نوێ ببۆوە. رۆژێکیان یارییەکەمان دیاری کرد لەگـەڵ تیپی سەردەشت ئەوان هاتن بۆ لای ئێمە ئیتر دەنگـۆی ئـەوە بڵاوبـۆوە کـە تیپـی بروسک لەگەڵ سەردەشت یاری دەکات لە رۆژی هەینی. کەریم بە منی وت  لەو یارییە هەلت پێ دەدەم  خۆت بسەلمێنی. زۆر دڵخۆش بووم سوپاسـم کـرد و وتـم بەڵێن بێت هەموو هەوڵ و توانام بۆ سـەرکەوتنی تیپەکـەم بخەمـە گـەڕ. مـن لـە هەموو کەس زیاتر پەلەم بوو کە رۆژی هەینی بێت. بە دەسـت خـۆم بوایـە هـەر بەیانییەکەم دەکردە هەینی. زۆر تامەزرۆی یاری کردن بووم.

ئیتر هەینی هات و رۆژی چاوەڕوانکراو گەیشت..

کەریم وتی لە سەرەتای یاری من یاری دەکەم دواتر تۆ دەهێنینە ناو یارییەکە.

یارییەکـە دەسـتی پێکـرد، جـەماوەرێکی یـەکجار زۆر لـە دەوری گۆڕەپـانی یارییەکە کۆ ببوونـەوە بـە جۆرێـک جێگـای یـەک نەفـەریش نـەمابوو بـە پێـوەش بوەستێ. مام غەریب و باوکم و خزم و کەسەکانیش هاتبوونە دیار ئەم یارییە ئـەو کاتە مام غـەریب مۆڵـەتی وەرگرتبـوو بـە سـەردان گـەڕابۆوە ئۆردوگـا. هـەر جـار بهاتبانەوە حەفتەیەک دە رۆژ دەمانـەوە و دواتـر دەگەڕانـەوە بـەرەکانی جـەنگ. شانسی من ئەو رۆژە ئەوان لە ماڵ بوون ئەمنیش زۆر دڵخـۆش بـووم بـەوەی کـە زانیبوویان ئەمن لەو تیپە یاری دەکەم هەموویان هاتبوونە سەیری یارییەکـە. مـام غەریب لە ریزی پێشـەوە لـە تەنیشـت (عـەلی بڕنـۆ. معاوییـەی ئێزیـدی، کـەریم کابانی گۆرانیبێژ، واحیدی کێخوا عەزیز) زۆرێک لەکەسـایەتییەکانیتر کـە بـە داوای لێبووردن ناویانم لە بیر نەماوە دانیشتبوو، هاتنی ئەوانیش پاڵپشتییەکی مەعنەوی باش بوو بۆ من لە دڵی خۆم دەمگۆت دەبـی لـە پێشـەوان ئاسـتێکی بـاش نیشـان بدەم بۆ ئەوەی ئەوانیش کەیفیان بە خۆیان بێت.

یارییەکە دەستی پێکردوو هەر زوو تیپەکەی ئێمە گۆڵێکی کرد و بـەردەوامیش بوو لە هێرش بردن. ئەوانیش بەرگری چاکیان دەکرد و لـە هێرشـە هەڵگـەڕاوەکان زۆر مەترسیدار بوون. من زۆر موتابەعەی کەریمم دەکرد دەمویسـت بـزانم چـۆن دەوەستێت لە چ کاتێک دێتە دەرێ و تۆپەکان چۆن کۆنترۆل دەکات.

تایمی یەکەمی یارییەکە دوو بە سفر لە بەرژەوەندی ئێمە دابوو، ئەو تایمە بە کۆتا هات. کەریم هاتە لام و وتی خۆت گەرم بکە لە تـایمی دووەم تـۆ گۆڵچیـت. وەک ئەوە وابوو هەموو دونیام پێ ببەخشن. بـە خۆشـترین رۆژی ژیـانم دەزانـی. نزیـک بـووم لـە گەیشـتن بـە ئـارەزوویکی دێرینـەم کـە لـە هـەولێر مامۆسـتای قوتابخانەکەم پێی دەگوتم رۆژێک دێت و دەتبینم دەبیت بە یەکێک لـە باشـترین گۆڵچییەکانی ئەم شارە. ئەو قسەیەیم بە بیر هاتەوە لـە دڵـی خـۆم دەمگـۆت لـە کوێ مامۆستا من ببینی بووم بە گۆلچی بە هێز و خاوەن یاریزانی باش.

تایمی دووەمی یارییەکە دەستی پێکرد کەریم لە نزیکە من وەستابوو بۆ ئەوەی ڕێنماییەکانی لە نزیکەوە بگاتە من بەس پێش یارییەکە دەست پێبکات، وتی ئەم تیپە بە تۆپی درێژ یاری دەکات هەوڵ دەدا تۆپەکان بخاتە پشت هێڵی بەرگری ئێمە و دوو یاریزانی توندوتیژیان هەیە بە خێرایی خۆیان دەگەیننە تۆپەکە تۆ دەبێت ڕۆڵی (لیبرۆت) هەبێت هەموو ئەو تۆپانەی دەکەوتنە پشت بەرگری بلۆک بکە و لێیان خراپ بکە هەوڵیش بدە ئەو تۆپانەی بلۆک دەکەی یان بچێتە دەرەوەی گۆڕەپان یانیش بیێتەوە پاس بۆ یاریزانەکانی خۆمان. ئەوەت هەرگیز لە بیر نەچێت و کەش و هەوای یارییەکە و جەماوەریش کاریگەری خراپی لەسەرت نەبێت. ئێمە براوەین، دڵنیام بە براوەیی ئێمە یارییەکە بە کۆتا دێت. قسەکەی کەریم وابوو زۆربەی تۆپەکانی ئەوان یان لە گۆشەکان دەهات یانیش لەبەرگری خۆیان بە تۆپێکی درێژ تۆپەکەیان دەگەیاندە گۆڵی ئیمە، بەڵام ناوەڕاستیان هیچ نەبوو ئەو هێڵەیان زۆر لاواز بوو.

سێ چوار تۆپم بۆ هات و بە جوانی کۆنترۆڵم کرد جەماوەر خرۆشا و بوو بە چەپڵە لێدان و فیکە لێدان منیش زیاتر حەماس گرتمی و جووڵەکانم زیاترکردبوو جار وابوو گۆڵم جێ دەهێشت و تا نزیکەی سەنتەر دەچووم، جارێکیان من لەسەر نوقتەی پەنەلێ وەستابووم تۆپێکی درێژییان نارده پشت بەرگری ئەمنیش وەکو ئاسک بۆی چووم لە دەرەوەی هێلی سزا بوو نەدەکرا بەدەست بیگرم خەریکیش بوو هێرشبەرەکە دەگەیشت بە تۆپەکە ئەمنیش زوتر خۆم پێگەیاند و بە (کەللە) تۆپەکەم فڕێدایە دەرەوە. مام غەریب وایزانی بە ئەنقەست نایگرمەوە وتی بێ ... لۆ بەدەستی ناگرییەوە دوو چەپڵەیان لۆ لێدای لە خۆت دەرچووی. وەڵاهی یەک گۆڵی بخۆی هەموو قەلبت دەشکێنم. منیش بەرەو گۆڵەکەی خۆمان دەگەڕامەوە. نەمدەتوانی پێی بڵێم ئاخر مامە یاسای تۆپی پێ ڕێگا نادات گۆڵچی لە دەرەوەی هێلی سزا بەدەست تۆپ بگرێتەوە. بەڵام دیار بوو ئەوانەی شارەزاییان هەبوو و لە نزیک ئەو بوون حاڵیان کردبوو کە ناکرێت لەو شوێنە بە

دەست بیگرێتـەوە و ئیشـێکی باشیشـی کـرد کەبەسـەر تۆپەکـەی خسـتە دەرەوە ئەگینا بۆی هەبوو گۆڵ بخـوات. یارییەکـە بـە کۆتاهـات و بـە سـێ گـۆڵی خـاوێن بردمانەوە. ئیتر تیپەکەی ئێمە ناو و ناوبانگی زیاتری دەرکرد. چونکـە هـەمان ئـەو تیپەی ئێمە یاریمان لەگەڵ کردن پێشتر لەگەڵ هەڵبژاردەی کوردستان یاری کردبوو و بـە بەرانبـەر دەرچووبـوون. دوای یارییەکـە هـەموو یاریزانـەکان هاتنـە لام و پیرۆزباییی ئەو ئاستە بەرزەیان لێکردم و کەریمیش ئەمنی خستبووە سـەر ملـی و لە ناو جەماوەر دەهات و دەچوون. خەڵکی هەموو هاتبوونە پێش بۆ ئەوەی من لە نزیکەوە ببینن و بزانن ئەو گۆڵچییە کێیە؟

مـن دوای ئەوسـا حەڤـدە سـاڵ یـاری تـۆپی پـێم کـردوو و گـۆڵچی لـە تیپـە جۆراجۆرەکان. بەڵام هەموو ئەو حەڤدە ساڵە چێژی ئەو رۆژەی پێ نەبەخشیم کە بۆ یەکەم جار لە یارییەکی بە هێز لە چوارچێوەی گۆڵی تیپێـک بوەسـتم ئێسـتاش کە ئەو ڕۆژانەم بە بیر دێتـەوە. دوای ئـەو یارییـەش چەنـد یارییـەکی ترمـان کـرد لەگەڵ تیپە جۆراوجۆرەکانی سەردەشت و مەهاباد و بۆکان.

## نسکۆی شۆڕش

ورده ورده دەنگۆی ڕێککەوتنی شای ئێران لەگەڵ عێراق هەبـوو، کۆتـا مـانگی زستان بوو مام واحید وتی. شای ... خیانـەتی لـێ کـردووین چەنـد رۆژێکیـتر شـای ئێران و هەواری بۆمێدینی سـەرۆکی جـەزائیر و سـەدام حوسـێن کـۆ دەبنـەوە و ئێمەیان فرۆشتووە. حکومـەتی عێـراق شـەتولعەرەب دەداتـە ئێـران. لـە بەرانبـەر ئێران پاڵپشتی شۆڕش رادەگرێت و ڕێگاش نادات لە خاکی ئێران پێشمەرگە بێت و بچێت، هەر خواش دەزانێت چیمان بەسەر دێت. پاشـان دەسـتی کـرد بـە گریـان، بەڵام هێشتا کۆبوونەکە نەکرابوو و شۆڕشـیش بـەردەوامی هـەبوو. ئـەو زانیـاریی

تەواوی هەبوو. ئاخر لە بەشی پاراستنی پارتی کاری دەکرد و خۆشی کەسێکی زیرەک و سیاسی بوو و شیکردنەوەی بۆ ئەگەرەکان دەکرد.

ئاداری ساڵی١٩٧٥ گەیشت، ئەو مانگەی کە زۆربەی خۆشی و ناخۆشییەکانی گەلی کوردی تێدا ڕووی دەدا. دەنگۆی ئەوە هەبوو شای ئێران مەلا مستەفای بانگهێشتی تاران کردووە. شەڕی پێشمەرگە و حکومەتی عێراقیش زۆر بە گەرمی بەردەوامی هەبوو. ڕۆژانە رادیۆی دەنگی کوردستانمان دەکردەوە گوێمان لە هەواڵەکانی دەگرت. ئەو رادیۆیە تەنیا سەرچاوەی زانیارییەکانی بەرەی شەڕ بوو. رادیۆکە شەپۆڵەکەشی زۆر بە باشی نەدەگەیشت و تەشویشی خرابووە سەر هەر دەبوایە دەستت لە سەر مەوجەکەی بایە و ئەملا و ئەولات پێکردبایە، بەڵام خەڵکی بە تامەزرۆیی چاوەڕوانی کرانەوەی ئەو رادیۆیە بوون بۆ بیستنی هەواڵەکان. رۆژانە یەک کاتژمێر پەخشی هەبوو بۆ گەیاندنی هەواڵەکان لەکاتی ئێواران دەکرایەوە و بەیانیانیش دووبارە دەبۆوە. بە سروودەکان و پروپاگەندەکانی ورەی دەدا بە جەماوەر و هێزی پێشمەرگە رۆژانە ژنان بە کۆمەڵ لە بەر دەرگای دەرەوەی قاعەکە دادەنیشتن و کاتیان بەسەر دەبرد کە دەهاتنەوە کۆمەڵێک هەواڵی سەیر سەیریان لەلابوو، لە ماڵەوە باسیان دەکرد. ئەو هەواڵانە لە رادیۆکە پەخش نەدەبوون من نەمدەزانی سەرچاوەی ئەو هەواڵانە لە کوێ دەستی ئەو ژنانە دەکەوتن هەر یەکەی قسەیەکی پێ بوو. رۆژێکیان دایکم هاتە ماڵەوە بە مامۆژنم مریەمی گوت، دەڵێن شای ئێران مەلا مستەفای دەستبەسەرکردووە؟

منیش بە سەر سوڕمانەوە سەیری دەمی دایکم دەکرد. ئاخر مەگە شا دۆستی ئێمە نییە بۆ چی بارزانی دەستبەسەر کردووە! نەمدەتوانی باوەڕ بە خۆم بهێنم ئەم شتە وابێ بۆیە بە جواب هاتم و وتم شا ناتوانی بارزانی بگرێت ئەو سەرۆکە و پێشمەرگەی زۆرن.!

لە (١٩٧٥/٣/٦) ڕێککەوتنی خیانەتکارانەی ئێران و عێراق لە (ئەلجـەزائیر) لـە سەر دەستی (هەواری بۆمیدیێن) سەرۆک کۆماری جەزائیر دژ بە گەلی کورد ئیمزا کرا و ئێران و عێراق بوون بۆ دۆستی یـەکتری و قوربانییـەکەشـی شۆڕشـی مـەزنی ئەیلوول و ڕاپەرینە چەکدارییەکـەی گـەلی کوردسـتان بـوو. دوای ئـەم ڕێکەوتنـە، ئێمـە ڕۆژانـە رادیۆمـان هـەر دەکـردەوە. وەکـو جـاران گڕوتینـی نـەمابوو. چەنـد ڕۆژێـک دوای ڕێکەوتنەکـە (بـارزانی مـەلا خالیـد) دەنگـە زوڵالەکـەی دەنگـی کوردستانی عێراق بە دەنگێکی پڕ لە ئاهوکەسەر و پـڕ لـە گریـان بڕیـاری کۆتـایی هێنانی شۆڕشیدا. لە بیرمە کە دوا وتەی ئەوەبوو (لەم شۆڕشەوە تا شۆڕشێکیتر) بە خواتان دەسپێرم ئێستاش ئەگەر ئەوەم بە بیر دێتەوە تەزوو بەلاشـەما دێـت. ئـەو کاتـە بـڕوام هـات کـە شـۆڕش کۆتـایی پێهـات. هـەر بیـرم لـە ڕسـتەکەی بـارزانی مەلاخالید دەکردەوە. لە ڕێگای مەکتەب هەمیشە ئەو ڕستەیەم دووبارە دەکردەوە (لەم شۆڕشەوە تا شۆڕشێکتر بە خواتان دەسپێرم). هـەموو دانیشـتوانی ئۆردوگاکـە شین و ڕۆڕۆیان بـوو. بـە هـەردوو دەسـت لەسـەری خۆیـان دەدا. هـەبوو قـوڕی بەسەری خۆیدا دەکرد. دوعا و نزاکان دژی ئەو پیلانە دەگەیشـتە کەهکەشـانەکان تەنانەت منداڵی بچووک کە گاگۆلکێشی دەکرد ئـەوانیش دەیانزیڕانـد بـێ ئـەوەی بزانن چی ڕوویداوە. تراژیدییایەکی خەمناک بوو ڕۆژێکـی ڕەشـی مێـژوو و بزاڤـی گەلی کورد بـوو لـە کـاتی جـاڕدانی ئـەو هەواڵـە شـۆڕش لەهـەموو سـەردەمێکی بەهێزتر بوو و گورزی کوشـندەی لـە جەسـتەی سـەربازی رژێـم دەوەشـاند سـوپا بەزیوەکەی رژێم لە هەموو  بەرەکانی شەڕ لە شکان و بەرەودواوەچوون دابـوون. هیچ کەس نەیدەتوانی باوەڕ بە خۆی بهێنێ کە ئەم شۆڕشـە مەزنـە بـەم ئاسـانییە کۆتا بێت!

وردە وردە ئەو پێشمەرگانەی ماڵ و منداڵیان لە دیوی ئێـران بـوو دەگەڕانـەوە ناو ماڵ و منداڵەکانیان و چەکـەکانیان فـڕێ دەدا یـان تەسـلیمی سـوپای ئێرانیـان دەکرد. جاران ئێمە وەک میوان لەو وڵاتە بووین ڕێزێکی زۆرییان لێ دەنایـن، بەڵام

دوای ئەم ڕووداوە مامەڵەکردن لەگەڵمان (٣٦٠ دەرەجە) گۆڕا، تەنانەت دەتوانم بڵێم وەکو (ئەسیری جەنگ) مامەڵەیان دەکرد لەگەڵمان ڕەفتارەکانیان گۆڕابوون لە قسەی خۆش و دڵنەوایی بۆ خۆ لێ تووڕەکردن و چاو زەقکردنەوە، هەموو شتیک گۆڕا زۆر بە پەلەش گۆڕا ماڵی بارزانی لە شاری (نەغەدە) نیشتەجێبوون. خەڵکی ڕۆژانە دەچوون سەردانیان دەکردن. بارزانی دەیوت تەواو ئیتر ئەم شۆڕشە بە دژی خواستی خۆمان بە کۆتا هات، بەڵام نائومێد نین بارودۆخ هەر ئەوها نامێنێ خودای گەورە ئەم زوڵمە قبوڵ ناکات و دەرگایەکمان لێ دەکاتەوە، بەڵام ئێمە بە کەس نالێین لێرە لەگەڵمان بمێننەوە ئەوەی تەحەمولی هەموو ئەگەرەکان دەکات ژیانی لەگەڵ ژیانی ئێمە و یەک چارەنووس دەبین. ئەوەش خۆی تەسلیمی عێراق دەکاتەوە ئەوە ئازادە و دەتوانێ بچێتەوە، چونکە حکومەت لێبووردنی گشتی داوە، بەڵام من بە باشیشی نازانم ئەوانەی بەرپرسیارێتییان هەبووە و ناویان دیار بووە ئەم مغامەرەیە بکەن و خۆیان تەسلیمی رژێمی عێراق بکەنەوە، چونکە هیچ متمانە و باوەڕییەک نییە کە دڵنیامان بکاتەوە رژێم دەست لەو کەسانە نادات و ژیانیان پارێزراو دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا من بە هیچ کەس ناڵێم مەڕۆ، چونکە ئەو بڕیارە تەنیا بۆ خۆتانە و بە خۆتان دەتوانن بیدەن. من خۆم بە مەسئول دەزانم لە ژیانی هەموو گەلی کورد، بەڵام شتەکە لە دەسەڵاتی من نییە و دەکرا شۆڕش بەردەوام بێت، بەڵام بە نرخی سوتانی هەموو کوردستان و جینۆسایدکردنی گەلی کورد و ئەو کاتە کارەساتەکە زۆر لەوەی ئێستا مەزنتر دەبوو. بۆیە بۆ پاراستنی خاک و وڵات و نەتەوە من چوومە ژێرباری ئەو زوڵمە و لێشی پەشیمان نیم!

ئیتر پۆڵ پۆڵ خەڵکی ئەوانەی نائومێد بوون دەگەڕانەوە عێراق و خۆیان تەسلیمی رژێم دەکردەوە. هەر خەڵکی سادە تەسلیم نەدەبۆوە. کۆمەڵێک فەرماندە و بەرپرسی پلە باڵاش خۆیان تەسلیم دەکردەوە و دیانگۆت ئیتر بۆ لە ئێران بمێنین تازە تا هەتایە ناتوانین جارێکیتر شۆڕش بکەینەوە و حکومەتی ئێران

ئیڤـای سـەربازییان دەهێنـا و ماڵـەکانیان بـاردەکرد و بـەرەو سـنوور دەیـانبردن و لەوێش لێژنەیەکەی عێراقی وەری دەگرتنەوە. دوو حاڵەت هەرگیز لە بیرم ناچێـت کە ناچارم باسیان بکەم، چونکە ئەمە مێژووە دەبێ وەک خۆی بنووسرێتـەوە، ئـەم دووحاڵەتە ئێستاشی لەگەڵ دابێـت رۆژ نییـە نەیەتـەوە بیـرم. یەکـەمیان رۆژێـک چوومە دیار قافڵەیەک کە دەگەڕانەوە عێراق لە پشتەوەی ئیڤایەک مـاڵی (کـەریم کابان) بارکرابوو کەریم کابانیش لە پشتەوەی ئیڤاکە دانیشتبوو لەگـەڵ کۆمـەڵێک ژن و منداڵیتر. فرمێسک لە چاوەکانی دەهاتە خـوارێ و بـە گریانـەوە بـە دەنگـی زولالەکەی دەیگۆت (یاران وەسیەتم ئاوا بێ لاتـان. هـەر چەنـد کەوتوومـە دوورە وڵاتان). هەموو ئەو خەڵکەی بە دیارییەوە وەستابوون و گوێیان لە گۆڕانییەکـەی دەگرت لەگەڵ کەریم کابان دەگریان بە کـوڵ. ئـەو دیمەنـە تـا رۆژی قیامـەت لـە پێش چاوم قەت ون نابێت و هەموو ڕۆژ وا دەزانم ئـەمڕۆ ڕووی داوە. دووەمیـان (واحێدی کوێخا عەزیز) کە قارەمـانێکی نـاوداری سـنووری دۆڵـی خۆشـناوەتییە و خەڵکی گوندی گەرۆتەیە. لە هێزی سەفین ئامر بـەتالیۆن بـوو. فەرماندەیـەکی تـا بڵێی چاو نەترس و قارەمان بوو. هیچ شـەڕێک نـەبوو کـە لـە دۆڵـی خۆشـناوەتی ڕوویدابێت ئەو بەشداری نەکردبێت. ئـەم قارەمانـە وورەی نـەمابوو و بـێ ئومێـد ببوو. رۆژێک وتیان واحیدی کوێخا عەزیزی ماڵی بارکردووە و ئـەویش دەچێتـەوە خەڵکی باوەڕییان نەدەکرد. پۆڵ پۆڵ دەچوون بۆ لای قافڵەکە و بـۆ دڵنیـابوون لـە ڕاستی هەواڵەکە. منیش زۆر سەرسام بووم بەو ناوە چونکە باسیان کردبوو کە ئەو مرۆڤە چەند قارەمان بووە. بۆیە ئەمنیش چـووم بـزانم وایـە کـە گەیشـتمە ئـەوێ خەڵکی دەورەی ئیڤاکەیان دابوو. (عمر مەلازادە) کۆڕێ، کـە شـاعیرێکی میللـی و سەرلقێکی باشی شۆڕش بوو، یەکیک بوو لە پێشمەرگە قارەمانەکانی شۆڕش و نـاو و ناوبانگی هەبوو. ئەویش لـەوێ وەسـتابوو هـەر دەیگـۆت واحێـد وەرە خـوارێ مەچۆوە. کوڕە ئەتۆ پێشمەرگەی مەلا مستەفای بووی کوو دەچییەوە. شەڕ نەمایە ئـەتوو بەشـدارییت نـەکردبێت. حکومـەت ئـەتووی بـاش دەناسـیت، وەڵاهــی ئیعدامت دەکات. کوڕە پیاوی بـاش بـە بـە قسـەم بکـە لـە کـەلـی شـەیتانی وەرە

خوارێ. لەگەڵ قسەکانی دەشگریا. هەر دەپاڕاوە لـە واحیـدی. بـەڵام خـاڵ واحیـد نەدەچووە ژێر باری قسـەکانی. هـەر دەیگـۆت عومـەر دەزانـم قسـەکانت ڕاسـتن ئەمن مردنم لۆ خۆم دانایـە بـەس هـەر دەچمـەوە لێـرە نـاتوانم بمێـنم. ئەوپـەڕی دەمکوژن، منەتیان نەبێت.

من بیرم لە قسەی هەردوولا دەکردەوە، دەمگوت ئەو واحیدە ئەگەر دەزانیت دەکوژرێت لۆ دەچیتەوە ئەگەریش لە مردن ناترسـێت بـۆ لێـرە نامێنێتـەوە. ئەمـە پرسیار بوو. بەڵام وەڵامەکەیم نەدەزانی. ئیتر دوای ڕجا و تکایەکی زۆری عومـەری مەلازادە لە واحیدی کێخوا عەزیزی سوودی نەبوو. واحیـد بڕیـاری خـۆی یـەکلایی کردبۆوە و ڕۆیشتەوە. قافلەکە بەرێ کەوت بـەرەو سەردەشـتی. هـەموو خـەڵکی ڕۆیشتنەوە ماڵەکانیان، تەنیا عومـەری مـەلازادە هـەر لەسـەر جادەکـە وەسـتابوو تەماشای قافلەکەی دەکردو دەگریا. چوار پێنج کەسیتریش لەوێ مابوون لە دەوری عومەر کۆببوونەوە. ئێستاکە بیر دەکەمەوە پێموابێ عومەر هـەر ئومێـدەوار بـوو واحید کوێخا عەزیز دەگەڕێتەوە.

تا کۆتایی ماوەی لێبووردنەکەی حکومەتی عێـراق، نـاوە نـاوە هەنـدێ خـەڵک هـەر دەرۆیشـتنەوە بـۆ عێـراق، بـەڵام تـاکوتوک بـوو. دوای کۆتـایی لێبووردنەکـە دەسـتیان کـرد بـە سـەرژمێریکردنی ئەوانـەی ماونەتـەوە بـۆ ئـەوەی بـزانن کـێن ئەوانەی ماونەتەوە و هەر خێزانێک چەند کەسن. پاشان پێمانیـان ڕاگەیانـد کەبـە بڕیاری (سـاواکی) شاهنشـاهی قەدەغەیـە ئێـوە لـە نزیـک سـنوورەکاندا بمێـنن و ناشبێ لە خاکی کوردستانی ڕۆژهەڵات دابن، واتە دوورخرانەوەمان لـە کوردسـتان. ماڵی بارزانیان برد بۆ شاری (کەرج) لە نزیک تاران. چەند خێـزانێکیتریش بـەرپرس و نزیکەکانی بارزانیشیان بردن بۆ ئەوێ. مەبەست لەو کارە ئـەوە بـوو بتـوانن لـە نزیک پایتەخت بە چڕی چاودێری بارزانی و کەسە نزیکـەکانیان بکـەن و نـەهێڵن جوولەی سیاسی بکەن و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ پەنابەرەکانیتر سـنووردارب‌کەن و ڕێگە نەدەن هەستی کوردایەتی بمێنێت و پەرە بسێنێت گـەرچی زۆر خۆیـان بـەو

شتە گیرۆدە کردبـوو، بـەڵام هـەرگیز نـەیانتوانی پـێش بـەو پەیوەندییانـە بگـرن و پەیوەندی پتەوی بارزانی و پەنابەرەکان بپچڕێنن.

ئەوەش بەلای حکومەتی ئێران و بە تایبەتی (ساواک) زۆر گرنگ بوو کـە پـێش بەو پەیوەندییانە بگرێت کە هەرگیز نەیتوانی ئـەو شـتە بکـات و کـاک ئیدریسـی ڕەحمـەتی بـەرپرس بـوو لـە بەسـەرکردنەوەی ئاوارەکـان و جێبـەجێکردنی ئـەو کەمووکووڕییانە کە هەیانبوو.

# بەشی سێیەم

# ژیانی ئاوارەیی

# تەوەری حەوتەم

## دوورخستنەوەمان لە کوردستانی رۆژهەڵات

ماڵی مام غەریب و مام واحید ڕەوانەی شاری (قـەزوین) کـران. مـام رەفیـق و مام شەفیقیش منداڵەکانیان لـە عێـراق مابوونـەوە بۆیـە ئـەوان گەڕانـەوە عێـراق. ئێمەش لەگەڵ کۆمەڵێک خێـزانیتر ڕەوانـەی (مازەنـدەران) کـراین شـاری (ئـامول) نزیکەی پەنجا خێزان دەبووین کە ئێمەیان بردە ئەو شوێنە هیچ جێگایـەک نـەبوو ئێمەی لێ دابنێن. لە پێش باڵەخانەی (فەرمانداری) واتە قائیمقامییەتی ئەو شـارە سەیارەکانیان ڕاگرتن و لە هەر سـەیارەیەکدا سـەربازێکی لـە پێشـەوە دانیشـتبوو، لیسـتی ناوەکـانی نـاو ئـەو سـەیارەیەی تێـدابوو. سـەیارەکان بـە دوای یەکتریـدا دەرۆیشتن و لێک دانەبڕان. نزیکەی شانزە کاتژمێر لە ڕێگا بووین. تابلۆیەکم دیـت لە سەری نووسراو بوو (کەرەج ٥ کیلۆمەتر)، یەکسـەر بـە بـاوکمم وت بابـە مـاڵی مەلا مستەفای لێرەیە ئێرە کەرەجە. خۆزگـە ئێمـەش لێـرە دەبـووین. بـاوکم گـۆتی ئەمە دەچینە جێگای لە دایکبوونی (رۆستەمی). رۆستەم ئەو ئەفسانەیەی کـە لـە چیرۆکەکان باسیان لێوە دەکرد. دەیانگۆت لە مازەندەران لە دایک بووە.

بابم هەمیشە کەسێکی قسـە خـۆش و مـەجلیس خـۆش بـوو لـە تەنگانـەترین کاتدا قسەیەکی خۆشی دەکرد و هەمووانی دەهێنایە پێکەنین. هـەر بۆیـەش ئـەو قسەیەی کرد کە من بیر لەو شـتانە نەکەمـەوە. لـە کـەرەج دەرچـووین تابلۆیـەک نووسرابـوو (هـەراز- چـالووس)، ئیـتر گەیشـتینە نـاو دارسـتانێکی چـڕ جادەکـە جادەیەکی زۆر باریک و ترسناک بوو بە کێوەکە هەڵدەگەڕا و هـەمووی پـێچ پـێچ بوو چەندین  تونێلی تێیدا بوو هەر بە ڕاسـتی تـرس دامـانی گرتبـوو، هـەرگیز بـە

ڕێگای ئەوهادا نەرۆیشتبووین ئیتر سەرکەوتینە سەر کێوەکە و دواتریش بە هەمان شێوە ڕێگاکە دابەزییە خوارەوە لە خوارەوەش چووینە ناو شاری (چالووس) کە شارێکی جوان و خنجیلانە بوو لە نزیک دەریای قەزوین بوو هەموو جادەکانی تژی بوون لە داری (نارگیل و پرتەقاڵ)، دیمەنێکی سیحراوی هەبوو، بەڵام ئەو پارێزگایە کە ناوەندەکەی شاری (ساری) بوو هەمووی دارستان داپۆشیبوو زەوییەکەش هەمووی سەوزایی بوو یەک بستیش خۆڵت نەدەدیت زۆر شوێنێکی خۆش بوو. شۆفێرەکە وتی ئێرە شوێنی گەشتیارییە خەڵکی لە وڵاتان و لە سەرتاسەری ئێران لە وەرزی هاوین دێن بۆ ئێرە و گەشت دەکەن لە چالووس نانی ئێوارەمان خوارد و بەڕێکەوتین بۆ (ئامول) دەرنگانی شەو گەیشتینە ئەو شارە. ئەو شارەش بە هەمان شێوەی چالووس شارێکی جوان و گەشتیاری بوو، بەڵام ئامول گەورەتر بوو لە چالووس. پانتایی شارەکە وای دەردەخست. ئێمەیان بردە بەر دەرکی (فەرمانداری). هیچ کەس لەوێ نەبوو تەنیا چەند پۆلیسێک لەوێ بوون. سەربازەکەی کە لەگەڵ ئێمە بوو لەگەڵ پۆلیسەکان کەوتە گفتگۆ.

. اینا پناهندگان کرد عراقن، به اینجا منتقل شدند.

.. الان هیچ کس اینجا نیست. باید منتظر بمانید تا فردا.

. ىمیشه منتظر بمونیم همشون زن و بچه همراهشونه، خسته‌اند. باید جایی براشوون پیدا بشه که استراحت کنن.

. خب ما چکار باید بکنیم؟ ما اینجا فقط نگهبانیم.

. میتونید به یکی از مسؤولین این شهر خبر بدهید، تا بیایند و چاره‌ای کنند براشون.

. پاشان پۆلیسێکیان چووە ژوورەوە و دوایی ماوەیەک هاتە دەرەوە وتی: ئێستا قائیمقام دێتە ئێرە. ئەوەندی نەبرد بە سەیارەیەک سێ چوار ئەفەندی هاتن دیاربوو یەکێکیان قائیمقامی شارەکە بوو، هاتە لامان و بەخێر هاتنی کردین. وتی

ئەمانـە فارسـی دەزانـن. سـەربازەکە وتـی نـەخێر قوربـان، تـەنیا ئـەو کوڕەیـان فارسیەکی باش دەزانێت. بانگی کردم لێی پرسیم:

. له کوێوه هاتوون؟

.. له سەردەشت له ئۆردوگای رەبەت.

. زۆر له رێگا مانەوە؟

. ئەرێوەللا زۆر دوور بوو.

. دەزانم. من دەمزانی ئێوە دێن بۆ ئێرە، بـەڵام نەمـدەزانی ئـەمشـەو دەگـەن. بۆیـە ئامادەکـاری تـەواومان بـۆ نـەکراوە ئێسـتاش پێیـان بڵـێ خـەم مـەخۆن چارەسەرێکیان بۆ دەکەم. ئەو قایمقامە کەسایەتییەکی بـاش دیـار بـوو زۆر زگـی پـێمان سـوتابوو. بـە دیتنـی ئـەو هـەموو ژن و منـداڵە لەوبارودۆخـە خراپـەی کاریگەری کردبووە سەر ناخی. ئیتر رۆیشت و چووە ناو بینایەی قایمقامییەت بـە نزیکەی دووکاژێر نەهاتە دەرەوە ئێمەش هەر چاوەڕوانیمان دەکـرد. تـەواو بێـزار بووین. رێگاشیان نـەدەدا لـە ئۆتۆمبێلـەکان دابەزینـە خـوارەوە. تـەنیا ئەگـەر بـۆ مەبەستی (تەوالێت) کەسێک پێویستی پێبایە دەیانبردە خـوارەوە تـا ئیشـی خـۆی بکات. بەڵام تاک تاک، چونکە بە کۆمەڵ رێگایان نەدەدا.

قایمقامەکە هاتە دەرەوە وتی تا کاژێر ٩ی بەیانی ناتوانین هیچتان بۆ بکـەین. بـەڵام دەتـوانن دابـەزن لـە سـەیارەکان و لـە نـاو حەوشـە و حەدیقـەی بینایـەی قائیمقامیەت بۆ خۆتـان ماندوویـەتی و شـەکەتی جەسـتەتان دەربکـەن. ئـەوەش خراپ نەبوو چەند ئافرەتێک دووگیان بوون و باری تەندروستیان باش نـەبوو. ئیـتر هەموو دابەزیین و هەر خێزانـەی لـە گۆشـەیەک جێگـای گـرت  و لێـی ڕاکشـاین تـاکوو رۆژهەڵات و دنیـا ڕوونـاک بـۆوە. وردە وردە کارمەنـدەکانی قایمقامیـەت دەهاتن و کە چاویان بە ئێمە دەکەوت دەبووە مقۆمقۆ کە ئەمانە چین و کێن و لە کوێ هاتوون؟

کاتژمێر ٩ی بەیانی قایمقام لەگەڵ کۆمەڵێک ئەفسەری پۆلیس و سوپای ئێران هاتن. وتیان خۆتان کۆبکەنەوە دەتانبەین بۆ شوێنی خۆتان. ئەوان بە پێشمان کەوتن و ئێمەش بە دوایانەوە. بەرەو جادەی تاران گەڕاینەوە لە تابلۆی جادەکە دیاربوو نووسرابوو (تهران)، بەڵام نەک بە ئاڕاستەی چالووس، بەڵکو بە ئاڕاستەی (آبعلی-دماوند) دە کیلۆ مەترێک ڕۆیشتین چووینە ناو دارستانێکی چڕ و لە دەروازەی جادەی دارستانەکە نوسرابوو(شگون ٥٠٠م) دیاربوو شوێنێک بوو نەمانزانی گوندە، شارە، کارگەیە! ئیتر گەیشتینە شگون، شوێنێکی تەختایی بوو وەک گۆڕەپانی تۆپی پێ هەمووی فریز بوو هەر چوار دەوری دارستانێکی چڕو پڕ دەوری دابوو. ڕیزڕیز خێوەتی گەورەی لێ هەڵدرابوو و چوار دەوری بە تەڵبەندی بەرز تەڵبەند کرابوو، دەرگاکەیان کردەوە و چووینە ناوەوەی تەڵبەندەکە سەیارەکانیان وەستاندن لە حەوشەکە. هەموو ئیمکانییەتێکی ژیان لە ناو ئەو تەڵبەندە شاهانە بوو لە هیچ شتێک کەموکورتی نەبوو، تەنانەت مەلەوانگەشی تێدابوو. ئیتر لەوێ هەموومانیان دابەزاند و قایمقامەکە وتی ئێرە شوێنی کاتیی ئێوەیە تاکوو جێگاکانی بۆتان دانراون ئامادە دەبێت ئینجا کە ئامادە بوو دەتانگوازینەوە ئەوێ.

پێویستە ئێرە لە هەموو ڕوویەکەوە پارێزراو بێت بە تایبەتی لە پاک و خاوێنی و پاراستی کەلوپەلەکانی ناوی. بە درێژایی تەمەنم شوێنی ئاوا پاک و جوان و خۆشم نەدیتبوو، داری دارستانەکان ئەوەندە بەرزبوون نەتدەتوانی کۆتایی دارەکەی ببینی. لەبەر ئەوەی ئەوەندە چڕ بوو هەمووی تێکەڵاوی یەکتر ببوون. لە دەوری ئەو شوێنە هیج ڕێگایەکی پیادەش نەبوو بۆ ناو دارستانەکە. بۆیە وتیان وریای منداڵەکانیشتان بن نەچنە ناو ئەو دارستانە، چونکە پڕییەتی لە ئاژەڵی دڕندە و کێوی. لە چوار گۆشەی تەڵبەندەکە قەڵای پاسەوانی بەرزی لێبوو. چەند سەربازێکی لێبوون دیار بوو پێشتریش هەر لەوێ بوون بۆ پاسەوانی کردن. شوێنی حەوانەوەشیان هەر لەوێ بوو. لە مابەینی ئەو شوێنە و جادەکەی تاران دوو

گۆڕەپانی زۆر گەورەی لێبوو کە داری تێدانەبوو، بەڵام هەمووی سەوز بـوو، فریـز بـوو هـەر گۆڕەپانـەی چـوار ئەوەنـدەی گۆڕەپـانی تـۆپی پـێ دەبـوون دیـار بـوو یەکێکیان بۆ یاری گۆلف بوو و ئەوەی تریان بۆ ئەسپ سواری بوو. لـە دڵـی خـۆم دەمگۆت لەو گۆڕەپانانە تۆپێنێ دەکەین و خۆشی دنیا دەبەین. قایمقامەکـە وتـی ئێستا دابەشتان دەکەینـە نـاو ئـەو خێوەتانـە. هـەر ماڵـە و لـە خێوەتێـک دەبـن. بەیانیش پیاوەکانتان بێنە (فەرمانداری) بۆ ئـەوەی رێکـارە یاسـاییەکان بگێردرێنـە بەر و دۆسیەی نیشتەجێ بوونتان بۆ دروست بکرێت. دوایی وتـی کامتـان فارسـی دەزانن؟ هەمووی خۆیان بێدەنگ کـرد و سـەیری یـەکتریان کـرد. هـیچ یـەکێکیان فارسییەکی ئەوتۆیان نەدەزانی بتوانن قسـەی پـێ بکـەن. مـن بـە جـواب هـاتم و گۆتم ئەمن دەزانم. هەندێ قسەی لەگەڵدا کردم و وەک تاقیکردنەوەیـەک پاشـان وتی هەر زۆر باشە من دەمویست وەرگێڕێـک پەیـدا بکـەم بـۆ ئـەوەی لـە نێـوان ئێمەدا کار بکات بۆ لێک تێگەیشتن، بەڵام ئیـتر پێویسـت بـەو وەرگێـڕە ناکـات تـۆ لەگـەڵیان وەرە و وەرگێـریمان بـۆ بکـە. دوایـیش وتـی ئێـرە یەکێکـە لـە شـوێنە گەشتیارییەکانی ئەم پارێزگایە تایبەتە بۆ حەوانـەوەی هاوینـەی (ڕەزا پەهلـەوی). کە دەکاتە کوڕی شاهەنشا (محەمەد ڕەزا پەهلەوی) بۆیـە دەبێـت زۆر بـە باشـی پارێزراو بێت لەو ماوەیەی لێرە دەمێننەوە. مـن هەسـتم دەکـرد ئـەم شـوێنە بـەو هـەموو ئیمکانیاتـە شـوێنێکی ئاسـاییی نییـە، بـەڵام بیـرم لـەوە نـەدەکرد هاوینـە هەواری کوڕی شای ئێران بێت.

ئیـتر ئـەوان خواحافیزییـان کـرد و ڕۆیشـتن و ئێمـەش لـەو شـوێنە ماینـەوە و دەستمان کرد بە رێکخستنی ناو ماڵەکانمان و ئەوەندە هیلاک بووین هـەر یەکـەی بەلایەکدا لێی ڕاکشا و پشووی خۆی وەرگرت. نیوەڕۆ سـەیارەیەکی پیکـاب هـاتوو هەندێ خواردنی بۆمان هێنابوو کە دابەشیان کردە سەر ماڵەکان.

ئەو شەوە شـەوێکی تایبـەت بـوو لـە لام، تاریکییـەکی موتلـەق ئـەو شـوێنەی داگرتبوو کە سەیرم دەکرد دیمەنەکە زۆر ترسێنەر و تۆقێنەر بوو بە چوار دەورمان

دارەکـان ببوونـە دیـوارێکی زۆر بـەرز و ڕەش دەچوونـەوە. ڕووناکییـەکانی نـاو کەمپەکـە وەکـو ئەڵماسـێکی درەوشـاوەی ئەنگوسـتیلەیەک لـەو نـاو دارسـتانە دەدرەوشانەوە. بە ڕاستی دیمەنەکە هەم جوان بوو هـەمیش تۆقێنـەر. سەرسـامی دایگرتبووم بیرم لە لای ناو دارستانەکە بوو. ئاخۆ دەبێ چ جۆرە گیانلەبەرێکی تێدا بێت. شەو ڕاکشاو و بەرەو قووڵایی هەنگاوی نا. ئیتر دەنگی ئاژەڵەکان بـە ڕوونـی دەبیستران لەلایەک چریکە و قاڕەی باڵندەکان لە بەرزایی دارەکانـەوە و لەلایـەک لورە و قیژەی ئاژەڵەکان لە ناو دارستانەکە کە تێکەڵ بە یەکتری دەبـوون، دەبـوون بە سەمفۆنیایەکی دەگمەن و تەنیا لە توانای یەزدانی مەزندایە بەو شێوەیە ڕێکـی بخات، شوێنەکە لە دیمەنی فیلمە ترسناکەکانی (ئالفرێد هیچکۆک) دەچوو، بـەڵام چێژیشی هەبوو. ئەو شەوە بۆ من شەوێکی لەبیر نـەکراوە. بەیانییـەکـەی کـە لـە خەو هەڵساین تەمومژ ئەو ناوەی داگرتبوو، تیشکی خۆر تەمoomژەکەی دەبـڕی و دەیـدا لـە زەوی. وێنەیـەکی جـوانی دەسـکردی خـودای نیشـان دەدایـن. کـەش وهەوایـەکی فێنـک بـو (خونـاو). هـەموو ئـەو نـاوەی تـەڕ کردبـوو. سـەربازەکان وەرزشیان دەکردوو و ڕاکـە ڕاکـەیان بـوو. ئـەمنیش چـووم تێکـەڵ بـەوان بـووم و دەستم کرد بە ڕاکردن. پرسیان تۆ وەرزش دەکەیت. وتم بەڵێ مـن یـاریزانی تـۆپی پێم. (دروازەبانم- گۆڵچیم). زۆرییان پێ خۆش بوو. وتیان لێـرە تیپێکـی تـۆپی پـێ هەیە زەوی یاریکردنییان لـەو تەنیشـتەیە ڕۆژانـە لـەوێ ڕاهێنـان و یـاری دەکـەن ئەگەر پێت خۆش بێت دەتبەینە لای ئەوان لەگەڵ ئەوان بۆ خۆت بەردەوام بە لـە یاری کردن. زۆر زۆر پێم خۆش بوو. ئەوە بـۆ مـن هـەواڵێکی گرنـگ بـوو، چونکـە هەرگیز لە گۆڕەپانی ئاوا خۆش یاریم نەکردبوو.

دوای نـانخواردنی بـەیانی سـەرۆک خێزانـەکان کۆبوونـەوە، ئەوانـەی مــن دەمناسـین کـە لەگـەڵمان بـوون مـاڵی (کـەمـاڵ حـافز، عومـەر مـەلازادە) بـوون ئەوانیتریش هەر ناسیاو بوون. بەڵام ئەم دوو خانەوادەیـە دەمێـک بـوو یـەکترمان دەناسی و تێکەڵاویمان هەبوو، لەگەڵ یەکتری بە تایبەتی (کەمـاڵ و عومـەر) کـە

لەگەڵ باوکم لە پێشمەرگایەتیش هەر بە یەکەوە بوون ئیتر بەڕێکەوتین بەرەو فەرمانداری ئاموول کە گەیشتینە ئەوێ، منیان بانگ کردە ژوورەوە لە تەنیشت فەرماندار کورسییەکیان داناو و ئەمن لە سەری دانیشتم. ئیتر یەک یەک سەرۆک خێزانەکان دەهاتنە ژووری و پرسیار و وەڵامیان لێ دەکرا و فۆرمێکیان پڕ دەکردەوە کە :

. تەمەنت چەندە؟

. چەند منداڵت هەیە؟

.. چ ئیشێک دەزانیت؟

. پلەی خوێندەواریت چەندە؟

. لە شۆڕش پلەت چی بووە؟

هەروەها کۆمەڵێک پرسیاریتر دەبوایە من بۆ هەر خێزانێک بە جیا ئەو فۆرمە پڕ بکەمەوە و بیخمە ناو فایلێکی تەنیا.

کۆتا ناو ناوی باوکمیان خوێندەوە.

کە هاتە ژوورەوە، فەرماندارەکە لەبەری هەڵسایەوە و تەوقەی لەگەڵی کرد و وتی:

. بهت تبریک میگم، پسر خوب وفهمیدەای دارین، خدا براتوون نگهش دارە.

واتە، پیرۆزباییت لێدەکەم کوڕێکی باش و تێگەیشتوت هەیە. خودا بۆتی بهێلێت.

باوکم نەیدەزانی جواب بداتەوە بۆیە ئەمن بە قسە هاتم و وتم.

. خیلی ممنون. این نظر لطف شماست از طرف پدرم از جناب عالی تشکر میکنم.

واتە، زۆر سوپاس ئەمـە ڕا و لـوتفی بەرێزتانـە، لـە لایـەن باوکمـەوە سوپاسـی جەنابتان دەکەم.

پاشان وتی، تا من لێرە فەرماندارم تۆ وەکـو کارمەنـدێکی ئێـرەی ئـەو کاتانـەی ئەو خەڵکە بۆ کارێک دێ بۆ ئێرە تۆ لەگەڵیان وەرە وەکو وەرگێـڕ. مانگانـەش مـن (٦٠٠ شەشسەد تومەن)ت بۆ دادەنێم وەکوو مووچـە. بـۆ ئـەوەش زۆر هـاتووچۆ نەکەیت هەوڵ دەدەم هەر لە ناو شار خانووێکتان بۆ دابین بکەم، نزیک بێت لـە ئێمە.

ئیتر ئەو رۆژە وەرەقەیەکی بۆ نووسیم وتی بچۆ لای ژمێریارەکە، کە چووم بڕی (٥٠٠ تومەن)ی بۆم نووسیبوو ئەوەیان مووچە نەبوو هەر هاوکارییەک بوو.

پارەکەم وەرگرتوو دامە دەست باوکم، ئەو پارەیـە لـەوکات بڕێکـی بـاش بـوو. کرێکارێک یەک مانگ کاری دەکرد بری مووچەکەی (٤٠٠ تومـەن) بـوو. لـەوە بـە دواوە پیشەی رۆژانەی من ئەوە بوو لەگـەڵ ئـەو خەڵکـە بچـم و وەرگێڕییـان بـۆ بکـەم. رۆژ لـە رۆژیـش زیـاتر بـە هـۆی گفتگـۆوە فارسـییەکەم باشـتر دەبـوو. هەڵسـوکەوت و ئیشوکاریشـم لەگـەڵ خـەڵکانی لـە خـۆم بـە تەمـەن گـەورەتر و کارئیدارییەکان و پسپۆرییەکان وای لێکردبووم زۆر زیاتر باوەڕم بە خۆم هەبێت و بیر لە شتی باشتر و گرنگتر بکەمەوە. ئەو کاتـە پـۆلی سـێی ناوەنـدی بـووم. بـەڵام تەواوم نـەکردبوو و ماوەیـەک بـوو لـە خوێنـدن دابڕابـووم. فەرماندارەکـەش پێـی گۆتبووم هـەوڵ دەدەم بتخەمـە قوتابخانەیـەکی بـاش بـۆ ئـەوەی دەرسـەکانت و خوێندنت تەواو بکەیت. ئەو دەیگۆت من شتێک لە تۆ دەبینم کە خەڵکیتر تووانای بینینی ئەو شتەیان نییە. دەیگۆت زیرەکی و بیلیمەتی تۆ هەموو کەس درکـی پـێ ناکات. حەیفە ئەو بیلیمەتییەی تۆ نەگاتە قۆناغی کۆتایی. مـن ئێستاشـی لەگەڵـدا بێت لەو نەگەیشتم کە ئایا ئەو کەسە مرۆڤێکی بە ڕەحم بوو، دڵی بە حاڵی ئێمـە دەسوتا، یان خود کەسێکی ڕاسپێردراو بوو کە بـەو شـێوەیەی لەگـەڵمان مامەڵـەی بکات. ئەو شارانەی کە کوردەکانیان بەسـەردا دابـەش کرابـوون جیـاوازی هـەبوو.

هەندێ لە بەرپرسەکان باش بوون و هەندێکیشیان ڕق لـە دڵ و خـراپ بـوون لـە کاتی مامەڵەکردنیاندا لەگەڵ ئاوارە کوردەکان. ئەم شتە بە ڕوونی هەستی پێدەکرا.

دوای نزیکەی دە ڕۆژێک مانەوە لەو شوێنەی لێی بـووین، ڕۆژێـک فەرمانـدار هات و وتی ئێوەمان دابەش کردووە بەسەر سێ شوێن لەو شوێنانە ئێوە دەخرێنە سەرکار و بۆ خۆتان ژیانی خۆتان دەکەن. شوێنەکان لەدەوروبەری شـاری ئـامولن، بەڵام زۆر دوور نین لە شار.

ماڵی ئێمە و حەوت ماڵی تریبیان برد بۆ گوندێک کـە دەکـرا بڵێـین گـەڕەکێکی شارەکە بوو، زۆر نزیک بوو لە شار و هەر بە پێ بڕۆشتباین بە چارەگـە سـەعاتێک دەگەیشتینە ناو شارەکە. ئەو شوێنە کورەخانەیەکی خشتی سووری لێبوو، ڕێزێـک خانووش هەبوو کە بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی کرێکارەکان کرابوون. هەر خانووەی دوو ژوور و ڕاڕۆیـەکی بـاریکی هـەبوو، بـەڵام خانووەکـان هـەمووی بەیەکـەوە نووسـابوون و لەیـەکتری جیـا نەکرابوونـەوە. کورەخانـەکانیش دیـار بـوو کـە کرێکارەکـان کارییـان دەکـرد وەکـو شـاخێکی بـەرز بـە شـۆفەڵ خـۆڵی سـووریان هەڵدابۆوە و بە عارەبانە دەیانبرد لە کونێکیان دەکرد کە لەسەر زەوی بـوو. وەکـو ئەوەی گەنم لە ئاش بکەیت. لەولاتر لەسەر قایشێک خشـتی خـاو دەهاتـە دەرێ دەبوایە کرێکارەکان ئەو خشـتانە بخەنـە سـەر یـەک بـە شـێوازێکی تایبـەت بـەو پیشەیە، تاکوو لەبەر خۆر وشک دەبوونەوە، دواتـر دەیـانبردن و دەیانخسـتنە نـاو کورەکە و بە ئـاگرێکی بـەتین سـوور دەکرانـەوە و دەیانبرژانـدن پاشـان ڕەنگێکـی زەردی جوانیان لێ دەردەچوو کە سارد دەبۆوە بە قەلابان دەیانبردن بۆ ناو شـار و بۆ فرۆشتنیان. لـەکۆی ئـەو هەشـت ماڵـەی ئێمـە ١٤ کەسـیان لـەو شـوێنە بـوون بەکرێکار. ڕۆژانە دەبوایە زوو لە خەو هەڵسن و بچنە سەرکارەکانیان. ناوە ناوەش ئەمن لەگەڵیان دەچووم. ئەوان هـەر کارێکیـان لـە شـار هەبوایـە دەبوایـە ئـەمن لەگەڵیاندا بچم بە هۆی زمان زانینەوە. هەندێ جار کـە دەچووینـە قایمقامییـەتی شارەکە، قایمقام بە منی دەگوت هەموو یەکی مانگێک واتە سەرەتای هەر مانـگ

بچم بۆ لای و مووچەم پێ بدات. ئەو دەیگۆت بە بەردەوام تۆم لە بیرە. لە هەوڵدام بە هەر شێوەیەک بێت ماڵتان بهێنمەوە ناو شار و تۆ بەردەوامی بدەیت بە خوێندن. ماوەی پانزە رۆژ بوو لەو کورەخانەیە بووین بە بەردەوام لە گوندەکانی ئەولای ئێمەوە بەگوێدرێژ و عارەبانە جۆرەها سەوزەی تازەیان دەبردە شارەکە هەر عارەبانەیەک کە رەت دەبوو هەندێ لە سەوزەی بۆ ئێمە دادەگرت. جاریش وابوو بە عارەبانەی تەراکتۆری کودی زەرد و گێزەرییان دەبرد بۆ شار. ئەو ناوچەیە زۆر پڕ ئاو بوو. زەویوزارەکەی بە پیت و بەرەکەت بوو خاکەکەی نەرم بوو وەکو لم وابوو. بۆیە هەموو شتێکی لێ دەڕوا، چونکە کەش و هەواکەشی لە بار بوو بۆ کشتوکاڵ. رۆژێکیان بەودیوی کورەخانەکە پیاوێک بە پیادە دەرۆیشت بۆ لای گوندێک کە ئەویش کەوتبووە ئەو دیوی کورەخانەکە ئەو پیاوە جلوبەرگی کوردی لەبەردابوو. هەورییەکی ڕەشی پێچابۆوە سەری و پەستەکەکێکی لەبەر بوو کلاشێکی پەرۆیشی لەپێ بووم کەسێکی لە تەمەن دەوری ٥٠-٦٠ ساڵێک دەبوو. باوکم وتی ئەو پیاوەم لۆ بانگ بکە بزانم ئەوە کێوە دەچێت؟ منیش بەڕاکردن تۆزێ لێی نزیک کەوتمەوە تاکوو گوێی لێم بێت ئینجا بانگم کرد خاڵە، خاڵە. ڕاوەستە. ئەویش لە جێگای خۆی ڕاوەستا چوومە پێش لێی بەکوردی ماندوونەبوونم لێی کرد و وەڵامی دامەوە. پاشان وتم باوکم ئەمنی نارد وتی تۆ بچیتە لای. پاشان بە دەست ئاماژەم کرد بۆ لای باوکم و وتم ئەوەتا لە بن دیواری دانیشتووە. وتی:

. ئێوە کوردن؟

. بەڵێ کوردین.

. کوردی کوێن؟ کوردی کام شارن؟

. ئێمە کوردی عێراقین، خەڵکی هەولێرین.

. ئەی لێرە چی دەکەن؟

.. پەناهەندەین. لە دوای نسکۆی شۆڕش هاتووین بۆ ئێرە

. ئێ. ئێ. داخ. شۆڕشی مەلا مستەفا!

. چەند ماڵ لێرەن؟

. هەشت ماڵین.

پاشان بەیەکەوە بەڕێکەوتین بۆ لای باوکم. گەیشتینە لای کابرای ڕێبوار سڵاوی کرد و تەوقەیەکیان کرد بەیەکەوە و باوکم وتی با بچینە ژوورەوە، بەڵام هەر لە ژێر دیوارەکە دانیشتین و دەستکرا بە گفتگۆ.

. ئەوە چەند وەختە لێرەن؟

. باوکم. وەڵلا دەوری مانگێک دەبێت بەس دوو هەفتەیە لێرەین.

. ئێشیش دەکەن لەم کوورەخانەیە؟

. بەڵێ ئیش دەکەین.

. هەموتان خەڵکی هەولێرن؟

. وەڵا زۆربەی خەڵکی هەولێر و دەوروبەریەتی.

. هەر ئەو هەشت ماڵەن؟

. نەخێر ئێمە هەشت ماڵ لێرەین ئەوانیتریش دابەش کراون لە شوێنیترن.

.. منیش بە ئەسڵ عێراقیم. دانیشتووی (سەرپێل زەهاوم)، بەڵام بە ڕەگەزنامە ئێرانیم.

.. ئەدی لێرە چی دەکەیت؟

.. ئەو گوندەی لە بەرامبەرتانە قەت نەچوون بۆی؟

. ناوهڵلا نەچووین. بۆ؟

. ئێمە (هەمەوەندیین) ئەم دێیە هەمووی کوردن. هەمەوەندن. هەمووی خزم و کەسوکار و نزیکی منن، بەڵام زۆر لـە مێـژە دوور خراونەتـەوە بـۆ ئێـرە و هـەتا کوردییەکەشیان زۆر باش نازانن بە تایبەت گەنج و منداڵەکانیان. ساڵانێکی دوور و پێش لـە ئێسـتا ئێمـە لـە دەوروبـەری خانـەقین بووینـە بـەهۆی شـەڕ و کێشـەی عەشایری ئێمـەیان دوورخسـتۆتەوە بـۆ ئێـران و پاشـانیش لـە ئێـرانیش دابەشـیان کردووین بەسەر چەندین شار و لێنەگەڕاون لەگەڵ یـەک و لـە نزیـک یـەکتر بـین. ئێستاش هەندێک لەو خزمانەم بزرن و نازانم کەوتوونەتە کوێ، بەڵام بۆ ئەم دێیـە ساڵی دوو جار سەردانیان دەکەم و بەسەریان دەکەمەوە.

پاشـان وتـی ئـەوانیش نـەیـانزانیوە ئێـوە کـوردن و لێـرەن، ئـەگینا دەهاتنـە سەردانتان. کورد لە غەریبی هەستی هەدەجوولێت بۆ یەکتری.

من هەر سەیری دەمی کابرام دەکرد و لـە ناخمـەوە گـوێم بـۆ قسـەکانی شـل کردبوو. ئەڵبەتـە هـەموو ئـەو قسانەی ئـەو کردبـوونی مـن لـە ئێسـتادا لـە بیـرم نەماون. بەڵام ئەوەندە دەزانم کوردێکی نیشـتیمانپەروەر و داخ لـە دڵ بـوو هـەر ئاهی هەڵدەکێشا لە کاتی قسـەی دەکـردن. ئـەو باسـی دوور خرانـەوە و دابـەش بوونی دەکرد لە شارەکانی ئێران. ئێ خۆ ئێمەش هەر ئاوامان لێکرابوو. بیـرم لـەوە دەکردەوە ئایـا ئێمـە تـا هەتایـە لـەو شـوێنە دەمێنێـین و زمـانی کـوردیش لـەبیر دەکـەین؟ ئـەو باسـی هۆکـاری دوورخرانـەوەیانی بـە شـەڕ وەسـف کـرد لەگـەڵ عەشایریتر. من بیرم دەکردەوە کـە کـێ دەڵـێ ئـەوانیش شۆڕشـێکیان نـەکردووە و دوای وەکو ئێمە شکسـتیان پێهێنـاون و ئاوایـان بەسـەر هێنـاون. بـە جۆرێـک لـە جۆرەکان چیرۆکی هەر دوولا لە یەکتری دەچوون.

باوکم پرسی بۆ بە پیادە دەڕوات و بە سواری ئۆتۆمبێـل ناچێتـە دێیەکـە. کـابرا وتی من بە قاچاغ دەچمە سـەردانیان. ئەڵبەتـە ئـەوانیش بـە هـەمان شـێوە دێنـە سـەردانمان. چونکـە کـاتی خـۆی کـە ئێمـەیان پـەرت و بـڵاو کـردووە، پێیـان راگەیاندووین کە بە هیچ شێوەیەک نابی پەیوەندیمان لەگەڵ یەکتری هەبێت. من

هەر بیرم لە قسەکانی دەکردنەوە. ئایا ئێمەش بە هەمان شێوە دەبین. ئایا ئیتر ناتوانین خزم و دۆستەکانمان ببینینەوە. لەگەڵ کۆمەڵێ پرسیاریتر کە لە مێشکم دەخوولانەوە. بێ وەڵام بوون. من هەستم دەکرد کە بیر و هەستی نەتەوایەتیم ڕوو لە هەڵکشانە. زیاتر ڕق دایدەگرتم دژی دوژمنانی کورد. بەڵام توانام نەبووە دەسەڵاتیشم نەبوو کە دەریان ببڕم. پاشان کابرا هەڵسا و وتی دەبێ بڕۆم و تەنیا ئەمشەو دەتوانم لێرە بمێنم. بۆیە خواحافیزی کردوو بەرەو گوندەکە کەوتەڕێ. ئێوارە دوای نانخواردن ئەم کابرایە هاتەوە لامان و کۆمەڵێک پیاویتری لەگەڵدابوون کە خەڵکی گوندەکە بوون. لە لای باوکم دانیشتن و دەستیان کرد بە گفتگۆکردن هەندێکیان کوردییان زۆر باش دەزانی و قسەیان پێ دەکرد، بەڵام هەندێکیان تێکەڵ یەک بوو لە زمانی (کوردی- گیلەکی). گیلەکی زمانی قسەپێکردنی خەڵکی باکووری ئێرانە هەردوو پارێزگای (مازەندەران- گیلان) کە زمانێکی تایبەتە بە خەڵکی ئەو ناوچەیە، بەڵام ئەوانیش تەنیا بۆ قسەکردن لە نێوان خۆیان بەکاریان دەهێنا ئەگینا زمانی فەرمی حکومەت و ئێران زمانی (فارسی) بوو کە ئێستاش هەر ئاوایە!. گەرچی بەڕای من لە ئێران فارس نەتەوەی یەکەم نییە. خۆی شای ئێرانیش خەڵکی ئەو ناوچەیە بوو کە دەڵێن (محەمەد رضا شای پەهلەوی)، پەهلەوی شارێکە لە پارێزگای مازەندەران کە لە ئێستادا ناوەکەی گۆڕدراوە. ئیتر ئەو میوانانە تا درەنگانی شەو لە لای ئێمە مانەوە و پاشان کە هەڵسان بڕۆن یەکێکیان وتی بەیانی بۆ ئێوارەکەی هەر هەموتان دەعوەتی ئێمەن و لە لای ئێمە دەبن. دەمانەوێت لەگەڵ یەکتری ئاشنایی دروست بکەین و هاتووچۆمان هەبێت. ئاخر ئێمە ئەگەر خزمی یەکتریش نەبین هاوخوێنی کۆمان دەکاتەوە. بۆیەش دەڵێم ئێوارە، لەبەر ئەوەی هەم ئێوە و هەمیش ئێمە ڕۆژانە لەکارکردن داین. دەشبێ بمانبوورن ئێمە نەمانزانیبوو ئێوە کوردن و لێرە نیشتەجێکراون، ئەگەر نا ئێوەمان دەبینی ڕۆژانە. بەیانیش کەهاتن هیچ کەسێکتان جێ نەمێنێت و ژن و منداڵەکانیشتان لەگەڵ خۆتان بهێنن. با ئەوانیش لەگەڵ ژن و منداڵی ئێمە ئاشنایەتی دروست بکەن. من هەستم کرد کە ئەم

خەڵکانـەی لـەو گوندانـەن هێشـتا هەسـتی نەتـەوەییـان دەجووڵێـت و دڵسـۆزی نەتەوەن. ئەمە بە لای من شتێکی ئەرێنی بوو. باشە کەسێک یان کەسانێک ئەگەر دووریـــش لـــە نەتـــەوە و خاکەکـــەیان ژیـــان بەســـەر بـــەرن، بـــەڵام هەســـتی نەتەوەییەکەیان لا بمێنـێ. ئیـتر بـۆ بەیانییـەکـەی هـەمووومان چووینـە گونـدەکـە. دیاربوو ئەوەی شەو دەعوەتی کردبووین براگەورەی گوندەکە بوو. هەموو پیاوانی گوندەکەش لە مـاڵی ئـەوان کۆببوونـەوە. ئیـتر خـواردنێکی زۆر باشیشـیان ئامـادە کردبـوو. هـەموو لـەوێ نانمـان خـوارد تـا درەنگـانی شـەو لـەوێ ماینـەوە پاشـان گەڕاینەوە ئیتر لەوە بەدواوە هامووشـۆمان بـەردەوام بـوو تـا لـەو شـوێنە بـووین. مانگێک لەو شـوێنە ماینـەوە ڕۆژێکیـان قایمقامەکـە وتـی بـەیانی باوکـت لەگـەڵ خۆت بهێنە وەرنە لام. ئێمەش بەیانییەکەی چووین بۆ ئـەوێ. ئـەو وتـی خـانوێکم بۆتـان دابـین کـردووە بـۆ ئـەوەی سـالار لـە نزیـک مـن بێـت و هـەمیش بچێتـە قوتابخانە، ماڵەکەتان بگوازنەوە ئەم خانووە، کرێیەکەشـی ئێمـە دەیـدەین، ئێـوە حەقتان بەسەر کرێیەکە نەبێت. باوکم ڕازی نەبوو بەوە ئەو گوتی، ئێمە کۆمەڵێک خزم و دۆستین، بەیەکەوەین من پێم خۆش نییە خـۆم لـەوان جیـا بکەمـەوە بۆیـە سوپاسی بەرێزتان دەکەین، بەڵام من ناتوانم ئەو کارە بکەم دەمەوێت هەر لەگەڵ ئەواندابم. هەرچەندی قایمقام شێر و ڕێوی بۆ هێناوە هیچ سوودێکی نەبوو. ئـەو وتی بەڵێن دەدەم ئەوانیتریش لەو شوێنە بگوازمەوە ناو شار، بەڵام لە ئێسـتادا نـا. لە داهاتوویێکی نزیک ئەو کارە دەکەم، بەڵام باوکم هەر ڕازی نـەبوو. پاشـان وتـی بچۆرەوە ماڵەوە تا یەک هەفتەش کات هەیە باش بیری لێ بکـەوە ئـەوجا بڕیـاری کۆتایی خۆت بدە. ئیتر خواحافیزی و گەڕاینەوە ماڵ. لە ڕێگا بە باوکمم وت:

باشە لۆ ڕازی نەبووی؟

نەدەکرا کوڕم، نەدەکرا.

لۆ نەدەکرا. لەوەی باشتر دەستمان ناکەوێت.

کورِم ئێمە غەریبین لەم شارە و لەو وڵاتە کەس ناناسین، زمانەکەشیان بە باشی نازانین.

ئێ زمانیش فێر دەبین و تێکەڵ خەڵکیش دەبین و دۆست وئاشناش پەیدا دەکەین.

نا کورِم ئێمە چەند خێزانێکین بەیەوەکەوە هەڵمان کردووە و خەڵکی یەک وڵاتین و یەک زمانین و یەک دەردمان هەیە لە یەکتری تێ دەگەین و هەست بە ئێش و ئازاری یەکتری دەکەین و سەبریشمان دێت بە یەکتری و دوایی بۆ من عەیبەیە لەوان خۆم جیا بکەمەوە. ئەوان رێزی تایبەتییان هەیە بۆ من، منیش نابێت جێیان بهێڵم. ئەتووش رۆژانە دەتوانی بۆ کارەکان و هەتا ئەگەر مەکتەبیش بێت هاتوچۆ بکەیت. خۆ شار ئەوەندە لە ئێمە دوور نییە. ئیتر باوکم هەر رِەزامەندی نەدا و لەو شوێنە ماینەوە ماوەی سێ مانگی رێک لەوێ بووین.

## گواستنەوەمان بۆ ئۆردوگای جەهروم

رِۆژێک لێژنەیەک هاتنە لامان و وتیان هاتووین سەرژمێریتان بکەین و ناو نووستان بکەین. هەموو ئەو کوردانەی لێرەن دەبێ بچنە ئۆردوگایەک لە (شیراز). ئەو ئۆردوگایە فێرکارییە. واتە فێری ئیشتان دەکەن هەر کەسە و بە مەیلی خۆی رِەغبەتی لە چ ئیشێک هەبێت فێری ئەو ئیشەی دەکەن. پاشان دووبارە دابەش دەکرێنەوە سەر شارەکان و کارتان پێ دەدرێت. ئەوەش بە زۆری نییە. ئەگەر کەسێک رِەغبەتی مانەوەی هەبێت ئێمە رێگر نین و نابین. یەکەم شوێن لای ئێمە بوو کە بۆی هاتبوون ئەویش لەبەر ئەوەی منیش لەگەڵیان بگەرِێم بۆ شوێنەکانیتر وەکو وەرگێرِ لەگەڵیان دابم. باوکم وتی باشە، بەڵام یەکەم جار بچن شوێنەکانتر ناونووس بکەن ئینجا بگەرِێنەوە بۆ ئێرە. من نەمزانی مەبەستی باوکم چیە؟

ئیتر لەگەڵ ئەواندا من بە ڕێکەوتم بـۆ ئـەو شـوێنانەی تـر کـە ئاوارەکـانی لـێ نیشتەجێبوون. دەستکرا بە ناو نووسکردن. هەر هەمووی نـاوی خۆیـان نووسـی و ڕەزامەندییاندا بە چوونیان بۆ ئەو کەمپە فێرکارییە. دواجار نۆرەی ئێمە هـات لای ئێمەش تەنیا باوکم دواجار بە تەنیا مابۆوە کە بڕیار بدات. ئەویش سەیرێکی منـی کرد و وتی بۆیە وتم یەکەمجار بچن لە شـوێنەکانیتر دەسـت پـێ بکـەن و دواجـار بگەڕێنەوە ئێرە، مەبەستم هەبوو، دەمویسـت بـزانم چەنـد خێـزان بڕیـاری ئـەوە دەدەن لێرە بمێننەوە. ئەگەر تەنیا یەک خێـزانیش مابـاوە مـن دووەم دەبـووم کـە بڕیاری مانەوە بدەم. هەم شوێنەکەم پێ خۆشـە هـەمیش دەزانـم تـۆ لێـرە بمێنـی سوودی دەبێـت بـۆت. بـەس خـۆ دەبینـی کـەس بڕیـاری مانـەوەی نـەداوە بۆیـە ئەمنیش بنووسن. منیش لەگەڵ ئەواندا دەچم بۆ ئەو ئۆردوگایە. منیش بێ دەنـگ بووم و ناوی ئێمەش داخلی لیستەکە کرا. ڕۆژی دواتـر قـایقمام هاتـە لامـان وتـی، ئێوە بۆخۆتان نووسیوە. باوکم وتی هیچ کەسێک لە برادەرەکانم لێرە نەماون بۆیـە منیش بە تەنیا ناتوانم لێرە بم.

ئێ خۆ ئێرە زیندان نییە. خەڵک پارە سەرف دەکات بۆ ئەوەی بێتە ئێرە و ئـەو شوێنە ببینێت و کاتی لێ بەسەربەرێت.

ئێمـە بـۆ کـات بەسـەربردن نـەهاتووین. چارەنووسـی هـەمووومان بەیەکـەوە بەستراوەتەوە.

دەزانم وایە، بەڵام خۆ تەنیا شـەش مانـگ لـەو کەمپـە دەمێـنن دواتـر دابـەش دەکرێنەوە خوا دەزانێت دەکەونە کوێ. کەواتە هەر لێرە بمێنن باشترە بۆتان.

من ناتوانم بە تەنیا لەم شارە بژیم، چونکـە دوو جـار غـەریب دەبـم، جارێـک وەکو پەناهەندەیەک لەو شارە، جارێکیش وەکو بێ کەسێک.

دەزانی چی، من هێشتا خانووەکەم نەداوەتەوە بە خاوەنەکەی، پیاوی باش بـە با ئەوان بڕۆن تۆ وەرە ناو ئەو خانووە و بەڵێن بێـت تـا سـالار قوتابخانـەی تـەواو

دەکـات مووچەکـەی دەدەم. تـۆش دەخەمـە سـەرکارێکی بـاش و سـووک کـە ماندووبوونی تێدا نەبێت. دڵنیام ژیانێکی خۆشتان دەبێت و لێی ڕازی دەبن. دوای کێ دەڵێت کۆمەڵێ لـە هاووڵاتیانـت نانێردرێنـەوە ئێـرە. بـەڵام بـاوکم هـەر ڕازی نەبوو بۆیە ئەویش بە دڵێکی شکاوەوە خواحافیزی لێ کردین و لە ڕۆیشتن ئـاوڕی دایەوە و وتی (شانس هەموو ڕۆژێک ڕوو لە مرۆڤ ناکات)! بەم شـێوەیە کۆتـایی بە مانەوەی ئێمە هـات لـەو شـارە و بەیانییەکـەی سـەیارەی بارهـەڵگر و پاسـیان هێنان و هەموو کەلوپەلەکانیان لە سەیارەی بارهەڵگر بار کرد و ئێمەشیان سواری پاسەکان کرد و بە ڕێکەوتین بە ناو بۆ (شیراز). ئێمە نەماندەزانی شیراز لە کوێیـە؟ چەند لە ئێمە دوورە. بەس ئەوەندە دەزانم بە تاراندا تێپەڕین و چووین بۆ (قـوم) لــەوێش بــۆ (ئەســفەهان) کــاتژمێر شەشــی بــەیانی گەیشــتینە ئەســفەهان. سەربازێکیش لەگەڵ ئێمەدابوو لە پێشەوەی پاسەکە دانیشـتبوو بـۆ ئـەوەی ئێمـە تەسلیم بە شوێنی مەبەسـت و دیـاریکراو بکـات. نـانی بـەیانیمان لـە ئەسـفەهان خوارد و بە ڕێکەوتینەوە بەرەو شیراز. ئەو ڕێگایـە زۆر چـۆل و دوور و درێـژ بـوو هیچ ئاوەدانییەکمان نەدەدیت، باوکم وتی ئێرە زۆر لـە باشـووری عێـراق دەکـات هــەمووی دەشــت و ســەحرایە. نــاوە نــاوە گونــدێک یــان شــارەدێیەکی بچــووک دەکەوتنـە سـەر ڕێگـا کـە بـەراوردم دەکـرد لەگـەڵ ئـەو شـارەی ئێمـە لێیبـووین. جیاوازییەکـەی وەک ئاسـمان و زەوی وابـوو. ئێـرە دەشـتێکی ڕوت و گـەرم و بـێ زەوق. ئەوێ بەهەشتێکی سەوز و پاک و ئەفسووناوی. لە دڵی خۆم دەمگوت ئای بابە، لۆ ئەوهات کرد لەو جێیە خۆشە هاتووینە کوێ! لە تابلۆی جادەکە بینیم کـە نووسرابوو، شیراز (٧٥ کم)، وتم نزیک بووینەوە زۆری نەماوە یەک کاتژمێری دیکە دەگەینە جێگا. وردە وردە ئاوەدانی زۆرتر دەبوون و باخ و باخات زیاتر دەبیـنران. تـا گەیشـتین بـە شـوێنێک وەکـو قەڵایـەکی ڕووخـاو دەهاتـە پێشـچاو. هـەمووی دینگەی نەخشێنراوی لێ قیت کرابـۆوە بـۆ ئاسـمان و قالدرمـەی بـەردی دووروو درێژی لێبوو بۆ سەرکەوتن. منیش پرسیم ئەمە چیە؟ ئێرە کوێیـە؟ شـۆفێرەکە وتـی ئێرە (تـەختی جەمشـیدە) پایتـەختی (ساسـانی و هەخامەنشـینەکانە)، (کوروشـی

کەبیر) لێرە فەرمانڕەوایی ئیمپراتۆری ئێرانی کردووە لەکۆندا ئێرە پایتەختی ئێران بووە. ئێمە نزیک بووینەتەوە لە شیراز، نیو سەعاتیتر دەگەینە شیراز و (دەروازەی قورئان).

دەروازەی قورئان کوێیە؟

تاقی چوونە ژوورەوەی شاری شیرازە، ئەویش ئاسەوارێکی مێژووییە.

وەکو تەختی جەمشیدە؟

نا. نا. ئەو تەنیا دەرگایەکە بۆ چوونە ژوورەوەی ناو شیراز. رێگاکە بە ناو ئەو دەرگایەدا دەڕوات، بەڵام یەکێکە لەو شوێنەوارەکانی ئێران.

دیارە ئێرە شوێنەواری زۆرە؟

خەڵک لە هەموو شوێنێ دێن بۆ ئێرە بۆ سەیرکردنی شوێنەوارەکان و وێنەی لەگەڵدا دەگرن. ئەتوو گوێت لە ناوی سەعدی شیرازی بووە؟

ناوەڵلا.

ئەدی حافزی شیرازی؟

ناوەڵا ، نازانم ئەمانە چین؟

ئارامگای سەعدی شیرازی لێرەیە ئەو فەیلەسوف و شاعیری ناوداری ئێران بوو. ئێستا کراوە بە شوێنی گەشتیاری و رۆژانە خەڵک سەردانی دەکەن. لەو قسانەدابووین کە گەیشتینە دەروازەی قورئان، هەر بە ڕاستیش زۆر سەرنج راکێش بوو دەروازەیەکی بەرزبوو بە بەردی گەورەی نەخشێنراو دروستکرابوو. پێیەوە دیاربوو کە هونەرێکی زۆری میعماری لێ بەکار هاتبوو. بە ژێر دەروازەکەدا داخلی ناو شاری شیراز بووین شارێکی تا بڵێی پاک و خاوێن و جوان و گەورە بوو. لە بەرزایی دەروازە قورئان کە دەتڕوانییە شارەکە دیمەنی سەرنجڕاکێش و دڵڕفێنی

هـەبوو. بـەناو شـارەکەدا تێپـەڕیین و تـا گەیشـتینە ئەوپـەڕی شـارەکە. لـەوێ لـە چێشتخانەیەک دابەزین بۆ خواردنی نانی نیوەڕۆ.

من لە سـەربازەکەم پرسـی مەگـەر بڕیـار نییـە ئێمـە لـە شـیراز بـین؟ وتـی نـا ئۆردوگاکە لە دەرەوەی شارە خۆ لە ناو شار نییە. منیش ئەوەم بە هەموویان گۆت کـە ئێمـە دەبەنـە دەرەوەی شـار و ئۆردوگاکـە لـە دەرەوەیـە. مـاوەی نیوکـاتژمێر پاسەکە ڕۆیشت، جەماعەت دڵیان توند ببوو وتیان بپرسـە کـەی دەگـەین؟ ئـاخر شیراز لەمە وون ببوو ئەوەندە دوور کەوتبووینەوە. دیسان ڕێگاکە بە سەحرایەکی پان و بەرین و ترسناکدا دەرۆیشت تا چاو حوکمی دەکرد هیچ ئاوەدانییـەک دیـار نەبوو کاتژمێرێک تێپەڕی هەر نەگەیشتین جەماعـەت زیـاتر و زیـاتر دڵیـان تونـد دەبوو. بەمنیان گۆت بپرسە بۆ کوێمان دەبەن. منیش چووم لە سەربازەکەم پرسـی وتی دەچین بۆ (جەهروم). وتم جەهروم کوێیـە؟ وتـی شـارێکە سـەر بـە شـیرازە، تۆزێکیدی دەگەین.

پاشان سەیرێکی شۆفێرەکەم کرد ئەویش بە سەر جولاندن قسەی سەربازەکەی پشتڕاست کردەوە. گەڕامەوە لای باوکم و پێیانم وت شتێکی وایان باس کـردووە و تـۆزێ ئـارام بوونـەوە. پاسـەکـە هـەر بـە تیژییـەکی بـێ وێنـە ڕێگاکـەی دەبـڕی نەدەگەیشتینە کۆتایی. بۆیـە بـوو بـە مقـۆ مقـۆ لـە نـاو پاسـەکەدا و سـەیرم کـرد ئافرەتەکان دەگرییێن. پاشان باوکم لەگەڵ ئـەوانیتر دەسـتیان کـرد بـە قسـەکردن و گوتیـان، درۆمـان لەگـەڵ دەکـەن ئێـرە باشـوری ئێرانـە و ئێمـە لـە بەرانبـەر (بەسرا)داین. ئەوانـە دەیانـەوێت ئێمـە تەسـلیمی رژێمـی عێـراق بکەنـەوە. بۆیـە بڕیاریاندا هێرش بکەنە سەر سەربازەکە و شـۆفێرەکە کـە پاسـەکە ڕابگـرن و بێنـە خوارەوە و ڕابکەن. هەستم کرد بڕیارەکەیان زۆر جدییە. لـە دڵـی خـۆم گـوتم ئـێ باشە کردم ڕاشیان کرد ئێ خۆ ئێـرە سـەحرایە لـە تێنیوێتیـان دەخنکێن. بـۆ کـوی ڕادەکەن. بۆیە هەستامەوە لەسەر کورسیەکەم و وتم سەبرتان هەبێت مـن دەچـم لەگەڵ سەربازەکە و شۆفێرەکە قسە دەکەم بزانم دەمانبەن بۆ کوێ؟

دیاربوو شۆفێرەکە و سەربازەکە بەمەیان زانیبوو کە شتێک هەیە.

بۆیە لایاندا لە رێگاکە و پاسەکەیان راگرت و وتیان چی رِوویداوە. بۆ چی هەموتان هەڵساونەتەوە سەر پێ؟ منیش پێم وتن، یەکەمجار وتتان شوێنەکە لە دەرەوەی شیرازە کە چی زیاتر لە دوو سەعاتە رێ دەکەین تەنیا سەحرا دەبینین، هیچ جوولە و ئاوەدانییەک نییە. ئەمانەش ترساون دەڵێن دەمانبەن لە جنوبی عێراق تەسلیمی عێراقمان دەکەنەوە. بۆیە دەیانەوێت رِا بکەن.

هەردووکیان دەستیان کرد بە پێکەنین، وتیان شتی وا نییە، ئەگەر مەبەستمان ئەوە بوایە بە دەست بەستراوەیی تەسلیم دەکرانەوە. بە خوا، بە ئیمام عەلی زۆری نەماوە دەگەینە ئەو شوێنەی مەبەست شارێکە ناوی (جەهرومە). کەمپەکە لەوێیە ئەوەتا لەسەر کاغەزەکانیشتان نووسراوە. پاشان کاغەزەکانی بەرزکردەوە و نیشانی داین. من خوێندمەوە نووسرابوو (اردوگای آموزشی جهرم) واتە کەمپی فێرکاری جەهروم. قەناعەتمان هات و دانیشتینەوە سەر کورسیەکانمان و پاسەکە بە رِێ کەوتەوە. ماوەیەکی تریش رِۆیشت تابلۆیەک نووسرابوو (جهرم ١٥کم). منیش وتم تەواو خەمتان نەبێت، دە دەقەیتر دەگەین. ئیتر هەرواش بوو دوای دە خوولەکێک گەیشتینە دەروازەی شارەکە کە پاسەکە بە ناو شارەکە رێی دەکرد خەڵکی کوردمان دیتن جلوبەرگی کوردییان لەبەردابوو هەموو دڵخۆش بوون کە تەواوە ئێرە ئەو شوێنەیە کە بۆی هاتووین لە شارەکە دەرچوو لە رۆژهەڵاتی باشووری شارەکە کەمپەکە لێمان بەدەرکەوت. زیاتر لە دوو هەزار هەتا سێ هەزار خێوەت هەڵدرابوون. ئەوەشی تازە دەگەیشتە ئەوێ خێوەتەکیان پێدەدان و لەو شوێنەی بۆیان دیاری دەکرا خێوەتەکەیان هەڵدەدا. لە دەرگای کەمپەکە دابەزین و هەمووەمانیان هێنانە خوارێ. دەیانپرسی خەڵکی کوێن و ناوەکان چییە؟ پاشان لە بڵندگۆکەی کەمپەکە بانگیان دەکرد کە فلانە کەس هاتووە. ناسیاو و خزمی ئەوەی لێرەن بێن بیانبەنە لای خۆتان.

ناوی باوکمیان خوێندەوە و ئەوەندەی نەبرد کە (ئەحمەد زەخۆک و محمەدی عـەلی عومـەری) بەدەرکـەوتن لەگـەڵ بـاوکم باوەشـیان لـە یەکتریـدا و ئێمـەیان بردەوەلای خۆیان. ئەوان لە بلۆکی (٦) ڕیزی (٨)دابوون. تەنیشتەکانیان چۆڵ بـوو لێنەدەگـەڕان کـەس لـەوێ خێـوەت هەڵبـدات. وتووبوویـان نایـەڵین بێگانـە بێنـە دەورووبەرمان بۆ خزمانی خۆمان ئەو شوێنانەمان هێڵاوەتەوە. ئیـتر مـاڵی ئێمـە و کەماڵ حافیزیان بردەوە ئەوێ. دوای ئێمەش ماڵی شـەهید مامەنـد و موحسـین و شـەهید قـادر هاتنـە ئـەوێ و ئیـتر لـەو ئۆردوگایـە نیشـتەجێ بـووین. وەکـو کوردسـتانێکی بچـووک وابـوو. بـۆ هـەرلا دەچـووین هـەر بـەکوردی قسـە دەکـرا. تێکەڵییەک بوو لە خەڵکی هەموو کوردستان. چوار دەوری کەمپەکـە دەوردرابـوو بە باخی پرتەقاڵ. لە دووری کەمپەکەش کێوێکی بەرزی لێبـوو. شـوێنەکە نـاخۆش نەبوو، بەڵام ئاووهەواکەی تا بڵێی گەرم بوو. ئەو خێوەتانەش کە رۆژی پێدەکەوت بە تایبـەتی لـەکاتی نیوەڕۆیـان هـەر چیـەکی لـەژێر بوایـە دەکـولا. بـە بـەردەوام دەبوایە ئاو بکەین بەسەر خێوەتـەکان و ژێرەکـەیی و دەوروبـەری تـاکوو تۆزێـک فێنـک ببێتـەوە. دوای ناونووسـین و پێـدانی کـارتی نیشـتەجێبوونی کەمپەکـە و وەرگرتنی برێ خۆراک و کەلوپەل ئیتر چاوەڕوانی ئەوە بـووین بـزانین چـیمان پـێ دەڵێن. لەو پەڕی ماڵی ئێمە لەکەمپەکە دیار بـوو کـە خێـوەتی گـەورە گـەورەیان هەڵدەدا. وەکو قاعە وابوون وتیان ئەوە لەو شوێنە دەورەمان پێ دەکـەن بـۆ فێـر بوونی ئیش، بەڵام هێشتا تەواو نەکراون هەرکات تەواو کران دەمانبـەن بۆئـەوەی فێری ئیشمان بکـەن و دواجـاریش بڕوانامـەی فێربـوونی ئیشـەکەیان پێـدەدەن و بچین بۆ هەر شـوێنێک یەکسـەر ئیشـمان پـێ دەدەن. دوای ماوەیـەک لێژنەیـەک گەڕان بە ناو ماڵەکان و ناونووسی خەڵکەکەیان دەکرد بۆ ئەو ئیشەی کە ڕەغبەتی خۆیانی لەسەر بـوو ناویـان دەنووسـین، هەرکەسـە و بـۆ فێربـوونی شـتێک نـاوی دەنووسی. ئیشەکان ئەمانە بوون (میکانیکی، فیتـەری ، شـۆفێری سـەیارە، شـۆفێر ئامێرەکانی ڕێگاوبان و کشتوکاڵ، کارەباچیەتی، بەنائی، بۆڕیچی، نـەجاری دەرگـا و پەنجەرە، ئاسنگەری دەرگا و پەنجـەرە و نەخشەکێشـی سـاختمان، مەسـاحی) کـە

ئەمەی ئاخیری دەبوایە خوێندەوارییەکی باشت هەبوایە ئەگینا وەریان نەدەگرتن. (محەمەدی عەلی عومەر) لەگەڵ بە رەحمەت بێت (محەمەد هەرکی) کە ماڵیان لە پشت ماڵی ئێمەدا بوو خۆیان نووسی بۆ نەخشەکێشی منیش وتم ناوی منیش بنووسن دیار بوو ئەو پارەی دەدرا بە خەڵکەکە بڕی پارەی ئەوانەی لە نەخشەکێشی وەردەگیران زیاتر بوو لەوانیتر. لێژنەکە ڕازی نەبوو ناوی من تۆمار بکەن بە هۆی ئەوەی تەمەنم یاسایی نەبوو و منداڵم. منیش بە فارسییەکی زۆر باش لەگەڵیان کەوتمە گفتگۆ بە شێوەیەک کە ئەو وەرگێڕەی لەگەڵیاندابوو سەری سووڕمابوو، چونکە من زۆر باشتر لەو بە فارسی قسەم دەکرد. لێژنەکەش واقیان وڕمابوو وتیان تۆ ئەم فارسیە لە کوێ فێر بوویتە ئیتر بۆم باس کردن کە دەورەم کردووە لە شاری ئامولیش وەکو وەرگێڕ کارم کردووە بۆیە وتیان ئێ باشە بۆ نایەیت بە وەرگێڕ ناوت بنووسین و لەگەڵ ئێمەدا کار بکەیت. منیش وتم نا، دەمەوێ پیشەیەک فێر ببم کە لە دوا ڕۆژ سوودی لێ وەربگرم. بۆیە تکا دەکەم ناوی منیش بنووسن بۆ نەخشەکێشی ساختمان. ئەوانیش ڕازی بوون و ناوەکەی منییان تۆمارکرد بۆ ئەو شوێنە. چەند رۆژێک دوای ئەوەی لێژنەکە تەواوبوو ئێوارانێک بە بڵندگۆکە بانگیان ڕاهێشت کە لە بەیانییەوە ئەوانەی خۆیان ناونووس کردووە بۆ دەورەکە سەردانی شوێنەکانی خۆیان بکەن بۆ دەست بەکار بوونیان.

بەو شێوەیە بووم بە قوتابییەکی نەخشەکێش و ماوەی شەش مانگ بە بەردەوامی دەمانخوێند و زانیارییەکی باشمان لە پیشەکە بە دەست هێنابوو دواجاریش بڕوانامەی بەشداری و دەرچوونمان لە دەورکە پێی بەخشرا.

لە ئاوارەیی خەڵکەکە زۆر پەرۆشی یەکتریان هەبوو لەگەڵ یەک زۆر تەبا و برایانە بوون هەمووی گیانیان لەسەر دەست بوو بۆ یەکتری بەبێ جیاوازی ناوچەگەری. دوژمنیش ئەوەی لاپەسند نەبوو حەزی بە یەکڕیزی ئاوارەکان نەدەکرد بۆیە ناوە ناوە کێشە و گرفتیان دروست دەکرد کە ببێتە هۆی دووبەرەکی

و ڕق ئەستووری. شەهید (حەسۆ میرخان ژاژۆکی) وەکی پیاوێکی بە تەمەن و بە ئەزموون و فەرماندەیەکی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول برا گەورایەتی خەڵکەکانی بارزانی و بادینی دەکرد و لەولاش (مام وسوو دزەیی) وەکو ریش سپی و کەسایەتی و فەرماندەیەکی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بە برا گەورەی خەڵکی ناوچەی سۆرانەتی دانرابوو. هەردووکیشیان لە شۆڕش لە یەک هێز پێشمەرگە بوون، حەسۆ میرخان ئامر هێزی کاوە بوو مام وسوش ئامر بەتالیون بوو لە هەمان هێز. یەکترییان زۆر بە باشی دەناسی و هەوڵی زیاتری برایەتیان دەدا، ئەوکاتە تازە جەلالیەکان کەوتبوونە خۆیان و خۆیان بە بەدیلی شۆڕش و پارتی دەزانی چونکە وایان بیر دەکردەوە کە ئیتر پارتی و مەلا مستەفا تەواو بوون و ناتوانن جارێکیتر سەرهەڵبدەنەوە بۆیە هەر لەوکاتە هەڵسان بە بوختان دروستکردن بۆ سەرکردایەتی پارتی و نانەوەی دووبەرەکی و ناوچەگەری و کێشە نانەوە. بۆیە ڕاسپێرادراویان هەبوو لە ناوکەمپەکە کە کاری ئەوەبوو تەلە بنێتەوە بۆ ئەوەی کێشە و گرفت لە نێوان خەڵکەکە دروست بکرێت تا رادەیەکیش سەرکەوتوو بوون لەو کارەیان تا ئەو سنووورە کە توانیان شەڕێکی گەورە لەو کەمپە بنێتەوە و رەنگی سۆرانی و بادینی پێ بدەن. ئەمە کارەسات بوو لەوکاتە ناسکەدا کە زامی نۆسکۆی شۆڕش هێشتا خوێنی لێ دەتکا ئەم کێشەیە دروست ببێت لە ناو ئاوارەکاندا، مەترسییەکی گەورە بوو. باوکم و کۆمەڵێک پیاویتر سەردانی هەردوولایان کرد بۆ مەبەستی ئەوەی ئاوێک بکەنە ئەو ئاگرە و تەشەنە نەکات. تۆزێ ئارام ببوونەوە و وەزعەکە بەرەو باشی دەچوو لە ناکاو جارێکیتر تەقییەوە و لە دەست دەرچوو. ئەم هەواڵە گەیشتبووە خوالێخۆشبوو کاک (ئیدریسی بارزانی)، ئەویش هەندێ خەڵکی راسپاردبوو و لە کەرەجەوە رەوانەی ئۆردوگاکەی کردن. بۆ هەریەک لە حەسۆ میرخان و وسوو دزەیی نامەیەکی تایبەتی ناردبوو. ئەو کەسانە لەگەڵ ئەم دوو پیاوە کۆبوونەوە و دوای مانەوەیان بۆ ماوەی یەک هەفتە لە ئۆردوگاکە کێشەکەیان بە کۆتا هێنا و چارەسەرییان کرد، ئیتر بوونەوە بە برای یەکتری. شەوانە باوکم باسی ئەو بابەتەی دەکرد و دەیگۆت دوژمن لێرەش بە

دوامانەوەیـە نایـەڵێت بحەسـێینەوە ئـەوەتا تـۆوی دووبـەرەکی دەڕوێـنن و لـەو خەڵکە ڕەش و ڕوتە و لێقەوماوە ناگـەڕێن بـە ئـارامی لەگـەڵ خەمـەکانیان ژیـان بکەن. ئەمە بێویژدانییە و دژ بە مرۆڤایەتییە. دەبێ ئێمە عاقڵ و ژیر بـین و ڕێگـە نەدەین دوژمنەکانمان بە ئاواتی بۆگەنی خۆیان بگەن. من زۆر بیرم دەکـردەوە کـە کێن ئەو دوژمنانە؟ بۆ دوژمنن؟ چیان مەبەستە؟ گەلێ پرسـیاریتر، بـەڵام گەیشـتنم بە وەڵامێکی راست و دروست ئەستەم بوو! تەنیا ئەوەم لە گوێ دەزرینگایەوە کە باوکم دەیگۆت دوژمنەکانمان سەریان دەدەن لە بەرد ڕۆژێک دێت و دەگەڕێینەوە و شۆڕش بەردەوامی دەبینێتەوە ئەو ناحەزانەشمان هیچیان بۆ نامێنێـت جگـە لـە ڕووڕەشی و شەرمەزاری. من بیرم لەو ڕۆژەی گەڕانەوەیە دەکرد. ئاخۆ دەبێ کـەی بێت ئایا ڕاستە شۆڕشی هەڵدەستێتەوە. ئێمـە دەگەڕێینـەوە وڵاتمـان؟! بـاوکم زۆر هانی خەڵکەکەی دەدا بۆ خۆڕاگرییان بەرانبەر ئەو پیلانە گڵاوانەی بـە ئەنقەسـت و بـە مەبەسـت دارێژرابـوون. ئـەو لـە دەورەی (بیناسـازی) بـوو. ڕۆژانـە لەگـەڵ خەڵکەکە قسەی دەکرد و ئامۆژگاری دەکردن کە بە فیتی دوژمنانمـان هەڵنەپـەڕن و کێشە نەنێنەوە ڕۆژێکیان لە کاتی قسە کردن دیـارە پیـاوێکی ئـەو ناحەزانـە لـە مەجلیسەکەدا دەبێت بەرانبەر لە باوکم دەگرێت و دەڵێت تۆ کێیـت و چیـت کـە ئامۆژگاری خەڵک دەکەیت بەدوای ماڵی مەلا مستەفا بکەون؟ بـاوکم دەڵـێن مـن نەمگوتووە بە دوای ماڵی مەلا مستەفا بکەون مەلا مستەفاش کوردێکە وەکـو مـن و تۆ، جیاوازییەکەی ئەوەیە ئەو سەرکردەی شـۆڕش بـووە و ڕێزگرتنـی بـە واجـب دەزانم. بەڵام دەڵێم با تەبا بین و نەکەوینە شوێن ئەوانەی هەر لە کۆنەوە تـۆوی دووبەرەکی و ئاژاوەگێڕییان چاندووە. ئیتر لـە دەمەتـەقێوە دەبێتـە شـەڕە زلـلە و باوکم زۆر باش ئـەو کەسـە دەکـوتێ و خـەڵکی دەکەونـە نێوانیـان و لێکیـان جیـا دەکەونەوە. ئەو کەسە ناوی (دەروێش) بوو پێم وایە ئەگـەر بـە هەڵـە نـەچووبم خەڵکی دەورووبەری هەولێر بوو. بەڵام دیاربوو بە فیتی خەڵکانێک دەیویست لە ناو کەمپەکە ئاژاوە بنێتەوە. هەموو خـەڵکی ئـەوها باسـیان دەرکـرد بـە پیـاوێکی خـراپ ناویـان دەهێنـا. بـەڵام زۆر دۆسـتی بەرپرسـی ئۆردوگاکـە و (سـاواک) بـوو

هەمیشە لەگەڵ ئەواندا دەبینرا. هەر بۆیەش خەڵکەکە لە ترس ساواک نەیاندەوێرا زۆر خـۆی لـە قـەرەی بـدەن، بـەڵام بـاوکم ئـەو ترسـەی شـکاند و زۆر بـە باشـی کۆتابووی!

ئێمە ئەوەمان نەزانیبوو کـە بـاوکم لەگـەڵ ئـەو کەسـە شـەڕییان بـووە. شـەو خەوتبووین من لەگەڵ شەقەی شکانی شتێک وریـام بوویـەوە. وەک ئـەوە وابـوو بەردێک لە بەردێک بدرێ و شەقەی بێت لەگەڵ هاواری باوکم وریامان بۆوە. کـە سەیرم کرد باوکم خوێن بە باڵای دێتـە خـوارەوە. لای چـەپی سـەری لـە سـەروەی گوێچکەی وەکو کانیاو خوێن هەڵدەقوڵا سەری باوکم شەق ببوو. بـە جۆرێـک کـە ئێسـکەکەی دیـاربوو دەوی برینەکـە کرابـۆوە دواتـر وتیـان (١٠سـم) درێـژی برینەکەیەوە قوڵاییەکەشی (١ سم)ە. وەک وتم چوار دەوری ئـەم کەمپـە گـەمارۆ درابوو بە باخی پرتـەقاڵ. هەنـدێ خـەڵکی خۆمانیـان کردبـوون بـە (چـاودێر) بـۆ پاسەوانی شەوانەی کەمپەکە کە پەڕۆیەکی سپیان لە قۆڵیـان دەبەسـتا بـۆ ئـەوەی خەڵکی بزانن کە ئەمانە چاودێرن. ئەو شەوە ئەو چاودێرانە کەسێکیان گرتبـوو لـە ناو ئەو باخچانە کە لەسەر چوار دەست و پێ ویسـتبووی ڕابکـات. بۆیـەش چـوار دەستوپێ رۆیشـتبوو تـاکوو کـەس نـەیبینێ و نەیناسـێ. ئیـتر ئەحمـەد زەخـۆک و مـحەمەد عـەلی ئۆمـەر و شـەهید مامەنـد و موحسـین خۆشـناو کـەمـاڵ حـافز و شەهید قادر و کۆمەڵێک دۆستی تری باوکم هاتنە لای باوکم و وتیـان چـی بـووە؟ کـە باوکمیـان دیـت زۆر ترسـان و وتیـان بەپەلـە بچینـە بنکـەی تەندروسـتی. خاولیەکیان هێنا و لە سەر شوێنە شکاوەکەیان دانا. خەریک بوو بـە ڕێبکـەون بـۆ بنکە تەندروستیەکە کە ئەو چاودێرانە هاتن و قۆڵی کەسێکیان بەسـتابۆوە لەگـەڵ خۆیـان هێنابوویـان. ئـەوان نەیانـدەزانی چـی ڕوویـداوە کاتێـک باوکمیـان دیـت. یەکسەر وتیان ئەوەتە ئـەو کەسـەمان گرتـووە ئەمـەبووە لێیـداوە. هـاتن سـەیری خێوەتەکەیان کرد ئێمە لەبەر مشەوەشی تا ئەو کاتە ئەوەمان نەدیتبوو کـە نـاوبرا بە (مووس) پشت سەری باوکمی هەڵدڕانبوو و بە (ساتوور) ئەو چەقۆ گەورەیـەی

کە قەسابەکان بۆ ئێسک شکاندن بە کاری دەهێنن بە مەبەستی سەربڕینی باوکم دەستی کردبووە ژوورێ و ساتوورەکەی وەشاندبوو، بەڵام لە شانسی ئێمە و باوکم نەگەیشبووە ملی و بەر سەری کەوتبوو. باوکم سەیرێکی کابراکەی کرد و وتی نامەرد ئەگەر پیاو بوویتایە و غیرەتت هەبوایە ئەورۆ دەستوەکەریت دەکرد و بەم شێوە نامەردییە شەو لە خەو زەبرەت نەدەوەشاند. بە چاودێرەکانی وت ئەمڕۆ دەمەقاڵێمان بووە و ئەو کەسە غەڵەتی گەورەی کرد و منیش لێم داوە ئەوە لە تۆڵەی ئەوەبووە هاتووە بە نامەردی دەستی وەشاندووە. ئیتر باوکمیان برد بۆ بنکە تەندروستییەکەوە کابراشیان برد بە حسابی بۆ دەستەبەسەرکردن. هەر لە رۆژی دواتر لێکۆڵینەوە دەستی پێکردوو دوو ئەفەندی هاتنە ماڵمان کە فارس بوون لەگەڵ باوکم قسەیان کرد و وتیان وا باشە ئاشت ببنەوە با شتەکە گەورە نەبێت. باوکم وتی ئەو بۆ کوشتن لە منی داوە چۆن داوای ئاشتبوونەوە دەکەن. نەخێر دەبێت بە سزای خۆی بگات من لێی خۆش نابم. پاشان ئەوان هەڵسان رۆیشتن و لە خواحافیزیە وتیان، بە سوودی خۆت و خانەوادەکەتە لێی ببووری. پاشان ڕۆیشتن و ئاوڕییان نەدایەوە. دواتر باوکم وتی ئەمانەش دەستیان هەبووە لەو ئیشە. پێدەچێت ساواک بن و ئەو کەسەش پیاوی ئەوان بێت. دوای هەفتەیەک تەبلیغێک هات بۆ باوکم کە سەردانی دادگای (جهرم) بکات لە فڵان رۆژدا. ئەوە بوو ئەو رۆژە باوکم و شاهیدەکان چوونە دادگاکە منیش لەگەڵیاندا چووم، دادوەرەکە لە باوکمی پرسی:

تۆ کاکۆ عەزیز مەحمودی؟

بەڵێ هەوم.

لە سەر چی شەڕتان کردووە؟

ئەو لە خەودا لە منی داوە شەڕمان نەکردووە.

هەر ئەو رۆژە شەڕتان بوو لە ناو دەورەکە.

بەڵێ وایە بەس کۆتایی بە شەڕەکە هاتبوو.

حکومەت پێی رانەگەیاندوون کە نابێ چالاکی سیاسیتان هەبێت؟

بەڵی رایگەیاندووە. من چالاکی سیاسیم نەبووە.

ئێ شەڕەکەتان لەسەر بابەتی سیاسی بووە؟

نەخێر قوربان. بابەتی سیاسی نەبووە. بابەتی سیاسی زۆر جیاوازە لەوەی کە ئێمە شەڕمان لە سەری کردووە.

بەڵام تۆ لە سەر مەلا مستەفا لەو کابرایەت داوە.

ئەوە ڕاستە.

ئەی ئەوە سیاسی نییە؟

نەخێر سیاسی نییە. مەلا مستەفا سەرکردەی ئێمە بووە. خۆشەویستی هەیە لای خەڵک دوور لە سیاسەت وەکوو سەرکردەی خۆمان دەبێت رێزی لێ بگیردرێت. نەک سووکایەتی پێ بکرێت. ئەو کابرایە سووکایەتی بە بارزانی کرد بۆیە منیش تەمێم کرد.

پەشیمان نیت لەوکارەت؟

نەخێر پەشیمان نیم.

ئێوە قەدەغە کراون لە چالاکی سیاسی.

من چالاکی سیاسیم نەکردووە.

بەرگری لە سەرکردەیەکی سیاسی کاری سیاسی نییە.

ئەو هێمای نەتەوەیەکە. ئەمە پەیوەندی بە سیاسەتەوە نییە.

بەڵام سەرۆکی پارتێکی سیاسیە.

ئەوە وایە، بەڵام خەڵک ئەوەیان ویستووە و دەیانەوێت.

کەواتە بە جۆرێک لە جۆرەکان تۆ چالاکی سیاسیت هەیە.

من نکۆڵی ناکەم ئەندامی پارتێکی سیاسی بوویمە، بەڵام لە ئێستادا هیچ جۆرە چالاکییەک ناکەم و پەیوەندییم نییە لەگەڵ هیچ پارتێکی سیاسی.

بەڵام ڕای من پێچەوانەی وتەکانتە.

ئەوەیان دەگەڕێتەوە بۆ ویژدانی تۆ. ئەو کابرایە لەکاتی من لەو خەودابوومە ویستوویەتی من بکوژێت.

پێشتریش تۆ لە پێش چاوی خەڵک لەوت داوە.

پەشیمان نیم لە لێدانی با ئەویش پیاو باو و دەستی بکردایەوە و لە منی بدایە.

تۆ تاوانباری.

بە چ تاوانێک. ئەو لە منی داوە. هێشتا تاوانبارم.

تاوانباری بە تۆمەتی ئەوەی کار و چالاکی سیاسی لە ناو کەمپەکە دەکەیت و لەگەڵ خەڵک کۆڕ و کۆبوونەوە دەکەیت.

جەنابی حاکم هیچ کار و چالاکییەکی سیاسیم نییە و ئەو خەڵکەی تۆش باسی لێوە دەکەیت هاوڕێیەکانمن، ڕۆژانە لەکاتی بێکاری لەگەڵ یەک کۆدەبینەوە و باسی یادگارییەکانی ڕابردوومان دەکەین لەگەڵ یەکتری.

جگە لە یادگاری پێشمەرگایەتی و سیاسی هیچ یادگارییەکی ترتان هەیە.

جەنابی حاکم بەرێزت دەتەوێت بە هەر شێوەیەک بێت من تاوانبار بکرێم. من لە مەبەستی تۆ تێ ناگەم.

لە سەر تۆ پێویستە داوای لێبووردن لەو کەسە بکەیت و عەفووش بکەیت.

سەرەڕای تاوانباربوونی!؟

ئەوە دادگایە بڕیار دەدات کێ تاوانبارە و کێش بێ تاوانە. تۆ ئەو مافەت نییە بڕیاری لەسەر بدەیت.

ئەگەر داوای لێبووردن نەکەم و عەفووی نەکەم؟

بە دڵنیاییەوە تا بیست و چوار کاتژمێریتر قۆڵ بەستت دەکەین و تەسلیم بە عێراقت دەکەینەوە و خۆت و خانەوادەکەشت.

سەیرم کرد باوکم ڕەنگی زەرد هەڵبزڕکا و بە قووڵی لە حاکمەکەی دەڕوانی و هەستم دەکرد خەریکە زوڵمێک لە باوکم دەکرێت، بەڵام هۆکارەکەم نەدەزانی. تا دواجار باوکم وتی: جەنابی حاکم ئەگەر چی بڕوام بەم قسانەی خۆم نییە و پێموایە لەگەڵ ویژدانی خۆم درۆ دەکەم. بەڵام باشە با بە پێی ئەو یاسایە بێت کە تۆ باسی لێوەدەکەیت خۆ من ناتوانم و لە توانام دانییە و ناشمەوێت بەرانبەر وڵاتێکی وەکو ئێران و حاکمێکی وەک بەڕێزت و یاسایەکی ئەوەندە عادل! بوەستمەوە. بۆیە داوای لێبوردن دەکەم و هیچ داوایەکیشم لەسەر ناوبراو نییە!

ئێستا عاقڵ بوویت؟

وایە. پیاو ئەگەر عاقلیش نەبێت دادگا عاقڵی دەکات؟

شتێکی تریش ماوە.

چی؟

پێویست دەکات بەڵێننامەیەک پڕ بکەیتەوە ئیتر لەمەودوا چالاکی سیاسی نەکەیت.

من چالاکیم نەکردووە، بەڵام سەرەڕای ئەوە باشە ئەوەش دەکەم.

ئێستا تەواو عاقڵ بوویت.

بەم شێوەیە کاغەزەکانیان هێنان و بە باوکم پەنجە مۆریان لەسەر کردن و پاشان وتیان تۆ ئازادی دەتوانی بڕۆیت. لە دادگاکە هاتبنە دەرەوە. من هەر بیرم لەو قسانە دەکردن کە وترابوون. باوکم وتی، ئەو کەسە بۆتە (ساواکی) ئێران و کارییان لەگەڵدا دەکات. بۆیەش بەو شێوەیە لەگەڵ مندا مامەڵەیان کرد ئەگەر زیاتر درێژەم بدایە و وەڵامی زیاترم داباوە، دەیانگرتم و بە قۆڵبەستراوەیی تەسلیمی عێراقیان دەکردمەوە و ئەو کاتەش بە دڵنیایی لە سێدارە دەدرام. بارودۆخ هەر ئاوا نامێنێت. دڵنیام ئەوانەی ویژدانی خۆیان دەفرۆشن لە پێناو بڕێک پارە یان پۆست. ڕۆژێک دادێت ئەنجامی ئەو بێویژدانییەیان دەبینن و تۆڵەی هەزارانی وەکو منیان لێ دەبێتەوە. من لە پێناو ئێوە ئەم سووکایەتی پێکردنەم قبووڵ کرد ئەگینا هەرگیز لە مەرگ نەترساوم و ڕووبەڕووی مەرگ بوومەتەوە. بەڵام ئەوەت لە بیربێت هەرگیز نەکەی مرۆڤایەتی و ویژدانت لە پێناو هیچ شتێک بفرۆشی. مرۆڤ بوون گەورەترین ومەزنترین سەرمایەیە کە هەموو کەس ناتوانێت خاوەنی بێت.

هەستم دەکرد غەدرێکی گەورە لە باوکم کراوە و دەکرێت، بۆیە بۆ ئەوەی وەڵامێکم بۆ قسەکانی هەبێت و تۆزێک دڵنەواییی بدەمەوە، وتم: دڵنیام ڕۆژێک دێت ئەوانەی غەدر لە خەڵک دەکەن لە بەرامبەر دادگای خودای مەزن چۆک دادەدن و داوای لێبوردن لەو کەسانە دەکەن کە غەدرییان لێکردوون. خودا حەقی هیچ کەس لەسەرهیچ کەسێک ناهێڵێت. خۆ ئەمە یەکەم جار نییە غەدر لە کوردێک دەکرێت! دواجاریش نابێت، دڵنیاشم ئەوەی کردت بە خواستی دڵی خۆت نەبوو، بۆیە سەرکۆنەی خۆت مەکە، ئەمڕۆ ئەوان باڵادەستن، دەبێت هەموو شتێک بە خواست و ویستی ئەوان بێت. ئیتر گەڕاینەوە کەمپەکە و باوکم بابەتەکەی بۆ دۆست و برادەرانی گێڕایەوە و ئەوانیش ڕایان وابوو کە باوکم ئیشێکی باشی کردووە و دڵیان دەدایەوە کە خەفەتبار نەبێت. دوای ئەو ڕووداوە

باوکم بە درێژایی ژیانی تا ڕۆژی شەهید بوونی تووشی سـەر ئێشـەیەک ببـوو کـە جاری وا هەبوو لە تاو ئێشی زۆر سەری  بە دیواری ژوورەکان دەکێشا.

لەو ئۆردوگایە تیپێکی زۆر بەهێزی تۆپی پێ دروسـتکرا لـە یاریزانـە باشـەکانی کوردسـتان، ئەوانـەی لـەوێ نیشـتەجێبوون بـۆ ناوەکـەی کێشـەیان هـەبوو هـەر ناوێکیان دادەنا بەرپرسی ئۆردوگاکە ڕازی نەدەبوو، تا دواجـار خـودی بەرپرسـەکە وتی ناوی بنێن (کوروش) کوروش کەبیر واتە کوروشی گەورە، پاشای بـە ناوبـانگی ئیمپراتۆرییەتی فارس. ئەوانیش ناچاربوون ئەوە بکەن و ناوەکەیان وا دانا. گەرچی بە دڵ و خواستی خۆیان نەبوو یاریزانی بە ناوبـانگی کوردسـتانیان تێـدابوو وەکـو (جەلعود- سمە گۆڵێ، خالید عەرەب، عەبدولا شێروانی، زیاد، مەحمود) کـە داوای لێبوردن دەکەم ناوی تەواوی تیپەکەم لە یـادم نـەماوە و لـە بیـرم کـردوون، بـەڵام تیپێکی زۆر بە هێز بوو. منیان قبووڵ نەکرد بە هۆی بچووکی تەمەنمـەوە. زۆر لـە دڵم گرانبوو. کۆمەڵێک یاریزانی تریش هەبوون کە لە منیش گـەورەتربوون، بـەڵام ئەوانیش وەلا نرابوون. ڕۆژێک کە لەگەڵ وەلانراوەکان ڕاهێنمان دەکرد، بڕیارماندا بە پێکهێنانی تیپێک. (سەباح صدیق ئەحمەد هورموزیار) کـە گـەنجێکی بـە توانـا بوو و یاریزانی هێلی بەرگریش بوو یاریزانێکی زۆر باش بـوو کـە چـی لە کـوروش وەرنەگیرابوو، ئەو سەرپەرشتی ئێمەی دەکرد و ڕاهێنانیشی پێ دەکردین. وتی بـۆ تیپێکی تایبەت بە خۆمان دروست نەکەین؟ ئێمەش هەموو وتمـان زۆر باشـە و بـا دروست بکەین، بەڵام کێشەی ڕەزامەندبوونی بەرپرسانی کەمپەکەی پێویست بوو. من وتم من دەچم ڕەزامەندی وەردەگرم، بەڵام ئێوەش پاڵپشتم بن.

بۆ ڕۆژی دوایی بلـوزێکی وەرزشـیم پۆشـی کـە ڕەنگـی زەرد بـوو سـێ خـەتی ڕەشی بەسەر شانیدا هـاتبووە خـوارێ. لای خـەتاتێکی (خۆشـنووس) وتـم لەسـەر سینگی ئەم بلووزە بۆم بنووسە (داریوش). ئەویش وایکـرد، بلوزەکـەم لەبـەرکرد و چوومە بەردەرکی بەرپرسی کەمپەکە، وامکرد بەرپرسەکە من ببینێت. کەمنی دیت یەکسەر بانگمی کرد وتی: داریوش، داریوش، وەرە ئێرە

چوومە پێش و سڵاوێکم لێکرد  و وتم فەرموو:

ئەو بلوزە چیە لەبەرت کردووە لە کوێت هێناوە؟

ئەمە ناوی داریوشە لەسەر سینگم.

ئەزانی داریوش کێیە؟

بەڵێ دەزانم پاشایەکی فارس بووە.

ئافەرین دیارە مێژوو دەخوێنیتەوە؟

بەڵێ دەخوێنمەوە.

جا بۆ تۆ چ سوودێکی هەیە ئەو ناوە لەسەر بلوزەکەت بنووسی؟

قوربان سوودی زۆرە.

ئادەی پێم بڵێ بزانم.

داریوش پاڵپشتی کوروشە.

مەبەستت چییە؟

لێرە تیپێک هەیە بە ناوی کوروش.

بەڵێ هەیە.

ئێ خۆم ئەم کەمپە هەر ئەوەندە یاریزانەی نییە، یاریزانی زیاتر لێرە هەن، بۆیە ئێمە کۆمەڵێک گەنجین داواکاریین ڕەزامەندی بدرێت تیپێکیترمان بۆ دروست بکرێت و ناوەکەشی بکرێتە (داریوش).

ئەوە زۆر ڕاستە. منیش لەسەر ناوەکەی هەڵتان بژاردووە ڕازیم. دوایی لیستەکەم بۆ بهێنە من کەلوپەل و تۆپتان پێ دەدەم.

قوربان (داریوش) دەبێت بە پاڵپشتی کوروش و سەردەکەوین بەسەر هەموو تیپەکانیتر.

ئەی قسە زل دەبڕۆ دەی دوایی لیستەکەم بۆ بهێنە تاکوو بزانم چیم پێ دەکرێ بۆتان. بەم شێوەیە رێکخستنی تیپێکیتر لەو کەمپە شکلی گرت. سەباح کاتی خۆی پێشمەرگە بوو لە (مەدرەسە مەدفەعی) لە چۆمان و گەلاڵە زۆر داوای دەکرد دەیگۆت با ناوی تیپەکەمان (مەدفەعی) بێت. منیش وتم وەڵلا قۆڵبەستمان دەکەن و تەسلیمی عێراقمان دەکەنەوە، ناکرێت ئەو ناوەمان هەبێت. ئەویش دەیگۆت با لەسەر درێسەکان هەر داریوش بێت، بەڵام لە ناو خۆمان ناوی دەنێین (مەدفەعی) ئێمەش هەمووومان ڕازی بووین. بەو شێوەیەی تیپەکە دەستی کرد بە چالاکی وەرزشی خۆی و ناوە ناوەش لەگەڵ تیپێکی (جەهروم یان جیرۆفت و یان شیراز) یارییەکمان رێکدەخست و جلوبەرگی وەرزشی و تۆپ لە لایەن بەرپرسانی کەمپەکە بۆمان دابین دەکراو و هەندێ جاریش بە پارەی خۆمان دەمانکڕین تا کۆتایی بەو خوولەی فێرکاری هێنرا و خولەکە داخرا و بڕوانامەکانمان پێدران لەگەڵ ئەو تیپە بەشداری و بەردەوامیمان هەبوو.

# تەوەری هەشتەم

## دابەشکردنەوەمان بەسەر شارەکانی ئێراندا

ئیتر دەستکرا بە ناونووسین بۆ دابەشکردنمان بۆ شارەکانیتری ئێران. باوکم ناوی خۆی نووسیبوو بۆ قەزوێن، لەبەر ئەوەی مامەکانم لەوێ بوون. کە چی ئەو رۆژەی ناوی ئەوانە خوێنرانەوە کە بۆ قەزوین دەرچووبوون، ناوی ئێمەی تێدانەبوو. باوکم نیگەران بوو چوو بۆ لای بەرپرسەکە. ئەویش وتی ئێمە بڕیار دەدەین کێ بۆ کێ دەنێرین، باوکیشم بە دڵڕەنجاوی گەڕایەوە ماڵەوە و وسوو دزەیی بەمەی زانیبوو، هاتەلای باوکم و وتی خۆت ناراحەت مەکە. من لیستێکم داونەتێ بۆ (هەمەدان) دەچین منیش لەگەڵدام ناوی تۆش دەنووسم و لەگەڵ خۆم دەتبەم بۆهەمەدان. ئەویش لە قەزوێن زۆر دوور نییە، بەڵام باوکم وتی من ناچمە ئەوێ. زۆر تووڕە ببوو، دواجاریش ناویشی دەرچوو، بەڵام نەچووین بۆ ئەو شارە. بۆیە بەرپرسانی کەمپەکە لە باوکم لە ڕق ڕاچوون، هەر وەجبەیەک بۆ هەر شارێک دەچوو ناوی ئێمەی تێدا نەبوو. تا دواجار تەنیا ئێمە پێنج شەش ماڵێک لە کەمپەکەماینەوە و کەسیتری تێدا نەمابوو، هەمووی بردرابوون بۆ شارەکانیتر کە ناوییان بۆ ئەوێ گەڕابۆوە (ماڵی ئێمە، شەهید مامەند، شەهید قادر، موحسین خۆشناو، کەماڵ حافز، مەولوود جەعفەر، سەباح صدیق) کە ئەم دووانەی دوایی سەڵت بوون، عائیلەیان لەگەڵ نەبوو، بەڵام ئەوانیش خۆیان بەستبۆوە بە باوکم و وتیان تۆ بۆ هەر کوێ بچیت ئێمەش لەگەڵ تۆ دێین. تا بەیانییەک هەر ئەوەندەم زانی پاسێکی گەورە و لۆرییەکیان هێنا و وتیان کەلوپەلەکانتان بخەنە ناو ئەو لۆرییە و سواری ئەو پاسەش بن. باوکم وتی بۆ کوێمان دەبەن؟

بێ دەنگ بە دەتانبەین بۆ جەهەننەم.

دایکم وتی کاکۆ تۆ بێ دەنگ بە، ئەوانە لە خۆڕایی ڕقیان لێتە. با نەشتگرن.

ئیتر کابرای بەرپرس وتی پەلە بکەن و سوار بن.

هەر بە پەلەپەل کەلوپەلەکانیان بارکردوو و ئێمەشیان بە پاڵنان سواری پاسەکە کرد. بەرپرسەکە لەخوارەوە خەریکی ئیمزا و مۆرکردنی لیستی ناوەکانمان بوو کە بیداتە دەست ئەو سەربازەی لەگەڵمان دەهات، ئەویش بیداتە ئەو شوێنەی کە ئێمەی بۆ دەبرد و هیچکەس لە ئێمەش نەماندەزانی دەمانبەنە کوێ!

سەباح خۆی بۆ نەگیراو لەسەر کورسیەکەی هەڵسا و چووە لای دەرگای پاسەکە و سەری خۆی بردە دەرەوە وتی، ئێ پێمان بڵێن دەمانبەنە کوێ خۆ ئێمە تازە سواری سەیارەکە بووینە.

بەرپرسەکەش هەتا هێزی هەبوو زللەیەکی لە بنی گوێیدا وتی: خفە شو پدر سوختە، برو بشین سر جات.

واتە بێ دەنگ بە باوک سوتاو بڕۆ دانیشە لە جێگەکەت. سەباح چاوی پڕ ببوو لە ئاو، ئەو چاوەڕوانی ئەو زللەیەی نەدەکرد. گەڕایەوە سەر جێگاکەیی و دەستی کرد بە گریان. من تا دەهات هەستی کوردانەم گڕی زیاتری دەگرت. ئاخر چۆن دەبێت مرۆڤێک هیچی نەکردبێ ئاوا ئیهانە بکرێت. گوناحی ئێمە تەنیا ئەوە بوو کە کوردیین و شۆڕشمان کردووە. بۆ دەبێ بەم شێوەیە مامەڵەمان لەگەڵ بکرێت. خۆ ئێمە دیلی شەڕ نین و کۆیلەش نین. ئەمانە هەمووی لە مێشکم پنگی دەخواردەوە هیچ دەسەلاتێکیشم نەبوو. تا دواجار سەربازەکەش هاتە ناو پاسەکە و ئیتر پاسەکە بە ڕێکەوت. ماوەیەک ڕووی رێڕەوەکەی بەرەو شیراز بوو منیش هەڵسام و چوومە لای سەربازەکە و بە فارسییەکی باش قسەم لەگەڵی کرد و ئەویش زۆر بە نەرمی وەلامی منی دەدایەوە. لیستەکەی لە پێش خۆی لەسەر دەشبۆلی پاسەکە دانابوو، بەڵام دەمەوڕوو سەیرم کرد هیچی لێ دیار نەبوو و ویستم بیخوێنەمە بزانم نوسراوە بۆ کوێ بەڵام نەمتوانی. بۆیە بە سەربازەکەم وت

ئێمە دەبەن بۆ کوێ. ئەویش وتی دەتانبەینە (تاران). کاتژمێر (١٠)ی بەیانی ڕۆژی دواتر گەیشتینە تاران. ئێمەیان برد بۆ فەرمانداری ، قایمقامیەتی، تاران دیار بوو لە پێش ئێمەش خەڵکیتری ئێمەیان بردبووە ئەو شارە و نیشتەجێ کرابوون، بەڵام ئەو شوێنەی ئێمە هێشتا پاک نەکرابۆوە. کۆنە قوتابخانەیەکی دوو نهۆمی بوو حەوشەیەکەی گەورەی هەبوو. ئێمەیان برد بۆ ئەو شوێنە کە گەیشتینە ئەوێ دیار بوو هێشتا مێز و کورسی و رەحلەی پۆلەکانیان نەگواستبۆوە بۆیە وتیان جارێ ناکرێت لێرە بمێننەوە، واباشترە دوو سێ ڕۆژەک لە شوێنێکیتر داتان بنێین تاکوو ئێرە چۆڵ دەکرێت. ئیتر ئێمەیان برد بۆ شوێنێک لە دووری تاران بوو باخێک بوو لە تەنیشت قوتابخانەیەکەی گەورە بوو ئێمەیان لە ناو باخەکە دابەزاند و وتیان لێرە بمێننەوە تاکوو ئێمە دێینەوە شوێنتان. لەسەر تابلۆی قوتابخانەکە نووسرابوو (آموزش و پرورش شهرستان کرج)، (بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی کەرەج). منیش ڕووم لە باوکم کرد و وتم ئێرە کەرەجە. ماڵی بارزانی لێرەن وانییە؟

بەڵێ لێرەن، ئەگەر ئێرە کەرەج بێت.

نا.نا. کەرەج لەو تابلۆیەی ئەو قوتابخانەیە نوسراوە.

ئێ کەواتە ڕاستە ئەوانیش لێرەن.

ماوەی یەک هەفتە لەو شوێنە ماینەوە. ڕۆژێکیان پیاوەکان وتیان پیاسەیەکی ناو بازاڕ دەکەین سالار تۆش لەگەڵمان وەرە، بەیەکەوە بە ڕێکەوتین بۆ ناو بازاڕی کەرەج. دوای گەڕان و سووڕانێکی زۆر ماندوو بووین و گەیشتینە بەردەرکی دوکانێکی (ساندەویچ) فرۆشی. دوکانێکی زۆر گەورە نەبوو، بەڵام لە بەرانبەرەکەی هەمووی ئاوێنە بوو. ئەو خەڵکەی لەوێ دانیشتبوون نانیان دەخوارد لە ناو ئاوێنەکەش دیار بوون (کەماڵ حافز) خۆی بە شارەزا و زمانزان دەزانی وتیان با لێرە پشووەک بدەین و نانێکیش بخۆین. کەماڵ بە پێشکەوت و نەیزانی ئەوەی دیارە ئاوێنەیەکە درزێک لە ناوەڕاستی ئاوێنەکە هەبوو دیار بوو

ئاوێنەکە دوو پارچەیە کەماڵ وابزانی ئەوە دەرگایـە پـاڵی نـا بـە ئاوێنەکـە و وتـی وەرن لەو دیوی نان دەخۆن هەرچی کردی بۆی نەکرایەوە ئاخر ئاوێنەکە کەپسـی دیوارکرابوو، پشتی دیوار بوو. خەڵکەکەش کە لـەوێ دانیشـتبوون بـە پێکەنینـەوە سەیرێکی ئێمەیان کـرد. بـاوکم قـۆڵی کـەمـاڵی گـرت و وتـی کـوڕە وازبێنـە ئـەوە ئاوێنەیە دەرگا نییە ئەو خەڵکەش هەمان ئەو خەڵکەن کە لێـرە دانیشـتوون و لـە ئاوێنەکە دیارن. ئیتر ئەوانەی ئێمەش دەسـتیان کـرد بـە پێکـەنی. لەسـەر مێزێـک دانیشتین و سەروو لەفەیان بۆ هێناین و خواردمـان لـە تەنیشـت لەفـە فرۆشـەکە دوکانێکی جلوبەرگ فرۆشی پیاوان هەبوو کەماڵ پێش ئێمـە لەفەکـەی خواردبـوو وتی دەچم سەیرێکی ئەو دوکانە دەکەم. چاکەتی جوانی هەبوو بزانم دانەیەک بۆ خۆم ناکڕم. ئیتر هەڵسا و چووە دەرەوە. ئێمە خەریکی لەفە خواردنەکەی خۆمـان بووین لە دەرەوە دەنگە دەنگێک دەهات. نەمانزانی چیـە، دوایـی شـاگردی لەفـە فرۆشەکە هاتە لای ئێمە وتی: بگەنـە فریـای خەریکـە هاوشـارییەکەتان دەکـوژن. منیش نیوە لەفەیـەک لـە دەسـتم بـوو دامنـا سـەر مێزەکـە و بـە ڕاکـردن چوومـە دەرەوە کە چووم دیتم کەماڵ حافزە لەگەڵ خاوەن دوکانەکەی جل فرۆشـی بـووە بە شەڕییان. کابرای دوکاندار دارێکی لـە دەسـت بـوو کـە دوو قـولابی ئاسـنی بـە سەرەوە بوو پێیان دەگۆت (چـوپر) بـەو دارە ئـەو جلوبەرگانـەیان هەڵدەواسـی و دەیانهێنانە خوارێ بۆ کڕیارەکانیان. دوکاندارەکە ئەو دارەی بـەرز کردبـۆوە تـاکوو لەسەری کەماڵی بدات، بۆیە بە پەلە خۆم فڕێدا پێش کەماڵ و دارەکەم لە دەست کابرا دەرهێنا. کابراش هەر بێ دەنگ نەدەبوو هـەرچی جـوونی پـیس هـەبوو بـە کەماڵی دەگوت. کەماڵیش هەر دەیگۆت آقا، آرام باش، من نمی جنگم. واتـە کاکـە ئارام بە من شەڕ ناکەم.

توند کابرای دوکاندارم لە باوەش گرت و نەمهێشـت جـوولە بکـات. وتـم بـەس تێم گەیێنە مەسەلەکە چیە وتی، ئەم کابرایە ئیهانەی منـی کـردووە وادەزانـی مـن دەیووسم. وتم بۆ چی بووە؟ وتی هاتۆتە ناو دوکانەکەم پێم وتووە چیت دەوێـت

فەرمووو، ئەو بە من دەڵێت منداڵێکی جوانم دەوێت. وەڵڵاهی دەیتۆپێنم. منیش وتم ئارام بگرە با بزانین چیە. دوایە ڕووم لە کەماڵ کرد و وتم چیت داوا کردووە لەم پیاوە؟ ئەویش وتی ئەو سەگبابە لە خۆیەوە دەیەوێت لێم بدات بە زمانی خۆیان داوای چاکەتەکم لێ کردووە کە چی تووڕە بووە. من دەمزانی کەماڵ حافز فارسیەکەی زۆر باش نییە بۆی هەیە وشەیەکی بە هەڵە وتبێ و کابراش خراپ لێکی دابێتەوە. بۆیە وتم کوا بە فارسی پێم بڵێ بزانم چیت بەو کابرایە وتووە. ئەویش وتی وتوومە (آقا یک کودک خوشکل میخوام). منیش بە خۆم نەبوو پێکەنین دایگرتم، ئێ وەڵاهی ئەمنیش بام لێی تووڕە دەبووم. لە فارسی بە منداڵ دەڵێن (کودک)، بە چاکەتیش دەڵێن (کۆت). کەماڵ کودک و کۆتی لێ تێکەڵ ببوو. بۆیە دەستی کابرای دوکاندارم گرت و وتم لێرە دانیشە لەسەر ئەم کورسییە، پاشان وتم، ببوورە ئێمە خەڵکیی ئەو وڵاتە نین و پەناهەندەین و کەسیشمان زمانی فارسی بە پاراوی نازانێت. ئەم برایەی ئێمە وشەکەی بە هەڵە وتووە. کابرا کە زانی ئێمە خەڵکی ئێران نینە و فارسی نازانین زۆر پەشیمان بۆوە و کە زانیشی کەماڵ فارسی نازانیت و مەبەستی هیچ نەبووە دەستی کرد بە گریان و وتی (استغفرالله)، هەر دووبارەی دەکردەوە. دواتر کابرا هەڵسا و چوو دەستی لە ملی کەماڵ کرد و ماچی کرد و وتی دەبێ ببووری بەو خوایەی ئەو گەنجە نەگەیشتبا بڕیارم دابوو ئەو قولابە لە تەوقی سەرت بدەم و بتکوژم. دەبوومە پیاوکووژ و دەکەوتمە زیندانیش و ماڵ و منداڵیشم سەرگەردان دەبوون. پاشان وتی راوەستە من خۆم چاکەتێکی مارکە و جوانت بۆ هەڵدەبژێرم ئیتر چاکەتێکی بۆکەماڵ حافز هێنا و سایزەکەشی تەواو بوو زۆریش جوان بوو، بەڵام هەرگیز نەمانزانی نرخەکەی چەند بوو، چونکە وتی ئەوە دیاری منە بۆ ئەو برایەم کە خەریک بوو بیکوژم. بەم شێوەیە کۆتایی بە گرژییەکە هات و لەمرۆڤ کوشتنەوە بووین بە دۆستی یەک و کابراش وتی تاکوو ئێوە لێرە بن هەر شتێکتان پێویست بێت من برای بچووکتانم. ئیتر لەو کاتە بەدواوە هەر کاتێک باوکم و ئەوان کەماڵیان

دەدیت بە پێکەنین و بۆ خۆشی بانگیان دەکردوو و دەیانگۆت (آقا یک کودک خوشکل میخوام)، هههههە.

## نیشتەجێبوونمان لە تاران

دوای هەفتەیەک هاتن و ئێمەیان گواستەوە بۆ جێگای خۆمان. ئەو قوتابخانەیە لە سەنتەری تاران بوو لە کۆڵانێک بووکە بە ناو (بازاڕ بزرگ - بازاڕی گەورەی تاران) دا دەچوویتە ناوی. ئەدرێسەکەی بەم شێوەیە بوو (چهارراه مولوی- بازاڕ حضرتی- کوچە أرامنە- پلاک ٢٠٦-دبستان دولتی فرهنگ)، قوتابخانەیەکی کۆن بوو بە کەرپووچ چاکرابوو. وەکو گوتم گەورە و دوو نهۆم بوو بە ئێمەوە بیست و دوو ماڵی تێدا نیشتەجێکرابوو. ئەوانەی ئەندامانی خێزانیان زۆر بوو دوو ژوور و ئەوانیتریش یەک ژووریان پێدرابوو.

ئەوەی لە بیرم مابێت ماڵەکان ئەوانە بوون جگە لە خۆمان (ماڵی شەهید مامەند، موحسین خۆشناو، شەهید قادر، کەماڵ حافز، حەمەد عەلی حاجی رەسول کۆلکە ڕەش، حەمەد عوزێر پونگینەیی، ئیبراهیم قشقوری کە دوو ژن و ماڵی هەبوو، ڕەشید کە زاخۆیی بوو، حوسێن مزوری لەگەڵ ئەحمەدی زاوای، مەلا عەبدوڵا رەسوول قەڵادزەیی، شێخ عومەر پێنجوێنی، جەلال کەچەڵ، بە ناو بانگ بوو وابزانم خەڵکی پاش سەفین بوو خۆران و ئەو ناوە، ئەبو سەردار کە فەیلی بوو، شەهیدان قادر ئەبو شوارب وابزانم خەڵکی دوکان بوو و شەهید سەلیم کەندالی کە خەڵکی دەڤەری مەخموور بوو، ئەوانی سەڵتەکانیش لە دوو ژوور بوون ، مام چەتۆ دوکانی، کەماڵ شێخ کەریم دوکانی، ئاراس خۆشناو شەقڵاوەیی، عومەر برای ئاراز، مەولوود جەعفەر و سەباح ئەحمەد). ئەگەر کەسێکم لە بیر کردبێت داوای لێبوردنیان لێ دەکەم. ئێمەیان لەوێ دابەش کردە سەر ژوورەکان. ماڵێکی فارسیش لە حەوشەکە بوون، بە ناوی فەڕاشی لە مەکتەبەکە مابوونەوە.

ئەگـەر چـی خـاوەن ماڵەکـە پیـاوێکی بـاش بـوو نـاوی (مـحەمەد ئاغـا) بـوو زۆر ڕووخۆش و قسەخۆش بوو لەگەڵمان. بەڵام گومانی ئـەوەی لێـدەکرا ئـەو ماڵـە بـە مەبەستی چـاودێری ئێمـە و جاسوسـی کردنیـان لەسـەرمان لـەو شـوێنە دانـرابن.! چونکە شای ئێران بەڵێنی بـە حکومـەتی عێـراق دابـوو ناهێڵێـت ئـەو کوردانـەی عێراق کە لە ئێران پەنا دەگرن کار و چالاکی سیاسی و سـەربازییان هـەبێت. هـەر بۆیەش لە فەرمانگەی کاروباری پەنابەران پێمان ڕاگەیەندرابوو بۆمان نییە بـە بـێ وەرگرتنی مۆڵەتی یاسـایی لـە پـۆلیس لـە چوارچێـوەی سـنووری شـارەوانی تـاران دەربچین. ئەوەی بیویستایە بچێتە سەردانی خزم و کەس و دۆست و برادەرانی لە شارەکانیتر دەبوایە ڕەزامەندی وەربگرێت و ئادرەس و ناوونیشـانی ئـەو کەسـەش بـدات کـە دەچێتـە سـەردانی و پسوولەیەکیشـیان پـێ دەدایـت بـە نـاوی (برگـە مرخصی)، واتە پسوولەی مۆڵـەت، دەبوایـە کـە چوویتـە هـەر شـارێک خـۆت بـۆ پۆلیسی ئەو شارە ناساندبا و لەسەر پسوولەکەت مۆری چوونە ئەو شارەت لێدابای و لـە گەڕانـەوەت دەبوایـە ئـەو پسـوولەیە تەسـلیمی پۆلیسـت بکردبایـەوە.! بـە جۆرێک لە جۆرەکان لە زیندانێکی گـەورەدابووین بـە نـاوی (تـاران). ئەمـە حـاڵی هەموو ئەو پەنابەرانەی تریش بـوو کـە لـە شـارەکانیتری ئێـران نیشـتەجێکرابوون. هەر هەموومان چاودێری چڕ دەکـراین لـە لایـەن سـاواکی ئێرانـەوە، لـەو شـوێنە دانرابوون، چونکە کە یەکەم جار چووین بۆ ئەوێ و هێشـتا بـەتاڵ نـەکرابوو، ئـەم ماڵەی لێنەبوو. خۆشی دەیگوت من تازە نەقلی ئێرە کراوم بۆیـە گومانەکـە زۆرتـر بوو کە جاسوسی حکومەت و ساواک بێت و، جموجۆڵییـەکانی ئێمـە تۆمـار بکـات بۆ ئەوان. هەر واش پێ دەچوو.!!

هەموو ئەوانەی توانای کارکردنیان هەبوو و تەمـەنی یاسـاییان تـەواو کردبـوو دەبردارن بۆ سەر ئـیش و لـە کارخانەکانـدا ئیشـیان پـێ دەدرا. ئەوکاتـە ڕۆژانـەی کرێکار سـێزدە تمـەن و یـەک قـڕان بـوو. ئـەو منـداڵ و مێردمنـداڵ و گەنجانـەش دەرسیان دەخوێند، لە قوتابخانەکاندا دایان دەنان و درێژەیان بە خوێندنیان دەدا.

شەهید سەرداری برام لە پۆلی شەشەمی سەرەتایی بوو دەبوایە بچێتە پۆلی یەکی ناوەندی، چونکە لە ئێران نیزامەکەی وابوو لە بنەڕەتی پۆلی شەش نەبوو لە پێنجەوە دەچووینە یەکی ناوەندی منیش لە پۆلی سێی ناوەندی بووم.

هەروەکو باسم کرد باوکم تووشی سەرئێشەیەک بوو کە ناوە ناوە دەیگرت و لە تاو ئێش و ئازاری سەری هەندێ جار سەری خۆی لە دیوار و دەرگا دەدا. هیچ حەب و دەرمانێک کاریگەری ئەوتۆی نەبوو لەسەر بەکۆتاهێنانی ئەو سەرئێشەیە. بۆیە پێمان ناخۆش بوو کە دەچێتە کارکردن ئەو ئیشی (بەنایی) بوو لەوە دەترسیان بکەوێتە خوارەوە و شتێکی لێ بێت. ئەو کاتە بینایەی بەرزبەرز لە تاران دروست دەکران و ئەویش لەو ئەپارتمانانە کاری دەکرد.

جارێکیان هەر بۆ خۆشی لەگەڵی چووم کاتی لە بەرزی ٣٠ سی نهۆم سەیری خوارەوەم دەکرد زۆر ترسم لێ نیشت و تووشی سەر سوڕانیش بووم لە دڵی خۆم داگوتم خۆ ئەگەر باوکم سەر ئێشە بگرێت و ئاگای لە خۆی نەمێنێت لێرە بەربێتەوە پارچە پارچە دەبێت. حکومەتی ئێرانیش لێ نەدەگەڕا خەڵکەکە لە ماڵ بێ ئیش بن زیاتریش مەرامی سیاسی لە پشت دابوو. مەبەستیان ئەوە بوو خەڵکەکە هەمووی سەرقاڵی ئیش بن و بواری ئەوەیان نەبێت لەگەڵ یەکتریدا کۆ ببنەوە و باس و خواسی سیاسی بکەن. چونکە ئەو کاتانەی دەگەیشتنەوە ماڵیش تاکوو خۆیان پاک دەکردەوە و نانێکیان دەخوارد ئیتر ماندوو شەکەت هەرکەس لەماڵی خۆی دەکەوت و دەبوایە بەیانییەکەش لە کاتژمێر پێنجی بەیانییەوە لە خەو هەڵسن و خۆیان ئامادە بکەن بۆ رۆژێکی نوێی کارکردن. بۆیە زۆربەی ئێوارەکان هەموویان زوو دەخەوتن، توانای دانیشتن و شەونشینی دورودرێژییان نەبوو. هەمیشە باوکمم بە هیلاکی و شەکەتی دەبینی، بەڵام چارەیش نەبوو دەبوایە کار بکات و بژێوی ژیانی ئێمە دابین  بکات. زۆر بیرم دەکردەوە کە من واز لە قوتابخانە بهێنم و ئەمنیش بچم کارێک بکەم هەر هیچ نەبێت تۆزێ لە مەینەتییەکانی باوکم کەم بکەمەوە.

نەمدەزانی بە چ ڕێگایەک ئەوە دەکرێت ئاخر من تەمـەنـی یاسـاییم (هـەژدە ساڵ) تەواو نەکردبوو لە هیچ شـوێنێک ئیشـیان نـەدەدا بـە مـن وەکـو (کرێکـار). جارێکیان منیان برد بۆ کارخانەیەکی پێلاو دروست کردن کە ناوی (کفش بلا) بـوو، سەر کرێکارەکە  منـی لەسـەر کـارتۆنی پێڵاوەکـان دانـا وتـی پێڵاوەکـان بکـە ئـەم کارتۆنە بچووکانـە و پاشـان بیانکـە ئـەم کارتۆنـە گەورانـە کـە پـڕ بـوون بـە تێـپ کارتۆنەکە قەپات بکە و لەو ژێر ئەم دیوارەش ڕیزیان بکە. ئـەوە بـۆ مـن کـارێکی زۆر ئاسـان بـوو هـیچ جـۆرە پاڵەپەسـتۆیەک نـەدەخرا سـەرم هێـزی فیزیکیشـی نەدەویست. زۆر لە ئێشـەکە ڕازی بـووم. ڕۆژێکیـان ئەنـدازیاری بەشـەکەی ئێمـە هاتە شوێنی کارکردنمان چاوی بە من کەوت وتی تـۆ لێـرە چـی دەکـەیت؟ منـیش وتم کرێکارم. وتی کێ تۆی هێناوە؟ وتم لە ڕێگای ناسیاوێکم هاتووم ئەویش وتـی دوای یەک کاتژمێریتر وەرە دەفتەر (ئۆفێس). منـیش دوای یـەک کـاتژمێر چوومـە ئۆفیسەکەی، وتی:

چەند ڕۆژە لێرەیت؟

. لە ئیشەکەت ڕازیت و پێت دەکرێت.

بەڵێ ڕازیم و بە جوانیش ئیشەکەم دەکەم.

تەمەنت چەندە؟

من تەمەنم ١٥ ساڵە.

خەڵکی کوێیت؟

من عێراقیم کوردی عێراقیم، لێرە ئاوارەین.

کەواتە خەڵکی ئێرانیش نیت.

بەڵێ وایە، خەڵکی ئێران نیم.

من زۆر لە ئیشەکانت ڕازیم زۆر بە پاکی و باشی ئـەنجامیان دەدەیـت، بـەڵام یاسا ڕێگا نادات تۆ لێرە بمێنییەوە و کار بکەیت بە هۆی بچـووکی تەمەنەکەتـەوە. بۆیە لە بەیانییەوە مەیەوە بۆ ئێرە و پاشان وەرەقەیەکیدا پێم و وتـی بچـۆ لـە لای ژمێریار کرێی ئەو چەند ڕۆژەشت وەربگرە کە لێرە کارت کـردووە. زۆر دڵتـەنگ و نارەحەت بووم ئیشەکەمم زۆر خۆش دەویسـت دڵـم خـۆش بـوو کـە لـەو شـوێنە وەرگیراوم و دەبمە هۆی هاوکاری ماڵەوەم بە تایبەتیش باوکم. زۆر بە دڵگرانییەوە چووم پارکەمم وەرگرت و گەڕامەوە ماڵەوە. باوکم هەر دەیگۆت تـۆ واز لـە ئـیش کردن بهێنە و بڕۆ مەکتەبێ، بەڵام من نەمدەتوانی پێویستی بـەوە دەکـرد ئیشـێک بکەم و دەستم لێی گیـر بێـت تـاکوو دواتـر بـاوکم ناچـار بکـەم واز لـە ئیشـکردن بهێنێت بەهۆی نەخۆشیەکەیەوە، بۆیە زۆر هەوڵیترم دا لە زۆر شوێنیتر، بـەڵام بـێ ئاکام بوو. لە هیچ کوێیەک ئیشیان نەدەدا بە من. هۆکارەکەشی بچـووکی تەمـەنم بوو، بەڵام کۆڵم نەدەدا بەردەوام بە دوای شوێنێک دەگەڕام کە ئیشی تێـدا بکـەم، ماوەیەک (موحسین خۆشـناو) کـە ئیشـی راکێشـانی تـەلی هێلـی کارەبـا بـوو لـە ئەپارتمانەکان منی لەگەڵ خۆیدا برد بۆ ئیش، بەڵام دواجار کە پێیان زانـی لـەوێش بێ ئیش کرام. ئەو شوێنەشم پێ خۆش بوو، چونکە باوکیشم لەوێ ئیشی دەکـرد و دەمتـوانی لێـی ئاگـاداربم و لـە نزیکـی بـم. کـەچی لـەوێش نـەمتوانی درێـژە بەکارەکەم بدەم بە بێ ئەوەی ویستی من بێت، دەریان کردم!

هاتمەوە ماڵەوە و لەگەڵ سەرداری برام کەوتینـە قسـەکردن لەگـەڵ یـەکتری و دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەک دواجار من وتـم بـۆچی بیـرم لـەوە نەکردۆتـەوە. ئێمـە ماڵمان لە ناو بازاڕی گەورەی تارانە بە هەزاران دوکانی لێیە. خۆ کاری حکومەتیش نییە و تەمەن کاریگەری لەسەر ئیشەکانی ئەو بازاڕە نییە. چونکە ڕۆژانە دەمدیت خەڵکانی هاوتەمەنی خۆم لە دوکانـەکان کارییـان دەکـرد. بۆیـە وتـم بـەیانی زوو هەڵدەستم و بە نـاو بـازاڕدا دەگـەڕێم بـە دڵنیـایی کارێـک بـۆ خـۆم دەدۆزمـەوە قەیسەری تاران درێژییەکەی زیاتر لە پێنج کیلۆمەترە و کۆڵان کـۆڵانی جیاجیاشـی

لێ دەبێتەوە. لە (چوارڕیانی مەولەوی) دەست پێ دەکات لە (چوارڕیانی گەلوبەندەک) کۆتایی پێ دێت. هەر بەشێکیشی ناوێکی لێیە وەکو (بازاڕی حەزرەتی- بازاڕی سەید اسماعیل- بازاڕی چل تەن- بازاڕی ئاسنگەران- بازاڕی کوێتی- بازاڕی چوار سوو بچووک- بازاڕی چوار سوو گەورە- بازاڕی مسگەران- بازاڕی زەرەنگەران- بازاڕی خەڕازییەکان- بازاڕی کوتاڵ فرۆشان- و بازاڕی فەرش فرۆشان). بۆی هەیە ناوی هەندێکیانم بە بیر نەمابێت. پان و بەرینی و پانتایی بازاڕەکە بەم شێوەیەی بوو لە چوارڕیانی مەولەوی بۆ چوارڕیانی سیروس و لەوێشەوە بۆ سێ ڕیانی ناسر خەسرۆ و لەوێش بۆ (مەیدانی ئەرک) و سەوزە مەیدان و (مزگەوتی شا)، کە دواتر ناوی کرا بە (مزگەوتی خومەینی). لەوێشەوە بۆ چوارڕیانی پامنار و بەرەو خوار بۆ لای منیرییە و (گۆڕەپانی ئیعدام) واتە بە پانتایی شارێکی وەکو (شەقڵاوە) دەبوو هەموو ئەو دوکانانەی لە ناو ئەو بازاڕەش بوون ئیشی کۆفرۆشیان هەبوو واتە تاکفرۆش و وردەفرۆش نەبوون هەر دوکانەی بریکاری کۆمپانیایەک بوو کەلوپەلی دروستکراوی ئەو کۆمپانیایەی دابەش دەکردەوە سەر سەرانسەری ئێران و بگرە وڵاتانی دەوروبەریش. بازاڕێکی بە جموجۆڵ و تا درەنگانی شەو لرمەی لێوە دەهات سەنتەری ئابووری هەموو ئێران بوو جگە لە پیشەسازی نەوت. بازاڕەکەش وەکو شوێنەواری مێژوویی تۆمارکرابوو کۆڵانەکان و دوکانەکانی بە خشتی گلی دروست کرابوون و سەرەبانەکانیش هەمووی گومبەد بوون. زۆر لە دیمەنەکانی فیلمە سینەماییەکانی ئەو کاتە لەسەر بانی ئەو بازاڕە دەگیران. شوێنەوارێکی زیندوو بوو هەم لە بواری ئابووری و هەمیش لە بواری هونەری بە هەموو بەشەکانییەوە. لە دڵی خۆم نییەتم هێنا کە بەیانی لە خەو هەڵدەستم و دەست بە گەڕان دەکەم لە ناو ئەو بازاڕە بۆ دۆزینەوەی کارێک. بە لای ڕاستی بازاڕەکە دەڕۆم و دوکان بە دوکان دەپرسم کە شاگردییان ناوێت؟ ئەگەر ویستیان ئەوەیە هەر پارەیەک بێت دەیکەم و ئەگەریش دەستم نەکەوت لەو سەر بەلای چەپدا دەگەڕێمەوە و دڵنیام لەو بازاڕە

گەورە ئیشێک بۆ من هەر دەبێت! ئەمە ژیانە زۆر جار پێویست بەوە دەکات لە پێناو هەندێ شتدا قوربانی گەورە بدەیت!

لە ساڵی ١٩٧٧ لە ویترینی کتێب فرۆشیەک کتێبەکم کەوتە بەرچاو بە ناوی (فوتبۆل و توندوتیژی) کتێبەکەم لێ وون بووە، ناوی نووسەرەکەیم لە بیر نەماوە، بەڵام ئەوە دەزانم خەڵکی (ئێرلەندا) بوو. لە بەشێکی کتێبەکەی وادەڵێت: لە ساڵی (١٨٨٢) ئەگەر هەڵە نەبم، یارییەکی تۆپی پێ لە نێوان دوو زانکۆی شاری لەندەن ئەنجامدرا. ئەو کاتە تیپەکانی تۆپی پێ ئەشرافەکانی ئینگەلتەرا ئەنجامیان دەدا. تیپەکان لە قوتابخانە و زانکۆکان هەڵدەقوڵان لەو دوو تیپە دوو برا هەبوون هەریەکەیان لە تیپێک یارییان دەکرد. یارییەکە بە کۆتا هات و زانکۆیەک براوەی یارییەکە بوو و هەموو یاریزان و زانکۆکە و ڕاهێنەرەکەشیان زۆر دڵشاد بوون و ئاهەنگیان دەگێڕا. تەنیا یەک قوتابی بە دڵێکی پڕ و خەماوی لە گۆشەیەک سەری کز کردبوو و ئەژنۆکانی لە باوەش گرتبوو! ڕاهێنەرەکە چوو بۆ لای و لێی پرسی کە بۆ ئەوها خەمبارە لە کاتێک ئێمە براوە بووینە و هاوەڵەکانی لە کاتی دەربڕینی شادی و ئاهەنگ گێڕانن. قوتابیەکە وتی برا بچووکەکەم لە تیپی بەرانبەر یاری دەکرد کە یارییەکە تەواو بوو ئەو بە گریانەوە گۆڕەپانەکەی بە جێ هێشت! لە وەڵامدا ڕاهێنەرەکە پێی وت ئەمە شتێکی ئاساییە. لە یارییدا براوە و دۆڕاو دەبێت، تۆش دەبێت هەوڵەکانت دوو ئەوەندە بکەیت و تاکوو زیاتر سەرکەوتن بە دەستبهێنی و براکەشت زیاتر بگریەنی بۆ ئەوەی ئەویش هەوڵەکانی دووچەندان بکاتەوە و بگات بە ئاستی تۆ و تاکوو هەمیشە سەرکەوتووو و شادمان بێت. بە پێکەنین گۆڕەپانەکە بە جێ بهێڵێت!

ئەمە وانەیەکی گرنگی ژیان بوو بۆ منیش منی گەیاندبووە ئەو بڕوایەی کە دەبێت هەوڵبدەم ئەگەر باشم باشتر ببم. ئومێدم بە دوارۆژ گەش بێت و ڕەشبین نەبم. هەستم دەکرد لە بڕیار و هزرەکانم بە هێزم و کۆڵم نەداوە. ئەمە سەرمایەیەکی باش بوو بۆ درێژەدان بە ژیانم. بۆیە بەیانییەکەی لە خەو هەڵسام

و  نان و چایم خوارد و ناوی خـوام لـێ هێنـا و و دەسـتم کـرد بـە گـەڕان بـە نـاو بازاڕەکەدا. تەنانەت یـەک دوکانیشـم پازنـەدەدا و لەدەسـتی لای ڕاسـتی بازاڕەکـە دوکان دوکان پرسیارم دەکرد کە ئایا شاگردتان ناوێت. تا گەیشتمە کۆتایی بازاڕەکـە زۆر هــیلاک بــووم نزیــک نیــوەڕۆ ببــوو تەنانــەت یــەک دوکــانیش شــاگردییان نەدەویست لـە کۆتـایی بازاڕەکـە چێشـتخانەیەک هـەبوو کـە خـەڵکی نانیـان لـێ دەخوارد ئەو چێشتخانەیە تەنیا (ئاب گۆشت) و (ئـۆملێتی) هـەبوو. ئـاب گوشـت پێکهاتەکـەی گۆشـتی حـەیوان و نـۆک و فاسـولیا و پەتاتـە و پیـاز و تەماتـە بـوو. چێشـتێکی بـە تـام بـوو نانێکیـان دەگووشـیە نـاو ئاوەکـەی دەیـانخوارد و پاشـان دانەوێلەکەیان بە کوتکێک کە شێوەی لە دەسکە (ئاون) دەچوو دەکوتـا و تێکـەڵ بە یەک دەبوون و بە نان دەیانخوارد. ئۆملێتیش بریتی بوو لە تەماتـە و هێلکـە و بیبەر. ئەویش بێ تام نەبوو و هەرزانتریش بوو لـە ئـاب گۆشـتەکە. منـیش برسـی ببووم بۆیە چووم دانیشتم و داوای ئوملێتێکم کرد بۆیان هێنام و نانەکەم خوارد و هەم دیسان دەستم کرد بـە گـەڕان و پرسـیار کـردن. ئـەمجارە بـە دەسـتی چـەپی بازاڕەکەدا گەڕامـەوە. تـاکوو ناوەڕاسـتی بازاڕەکـە هـاتم هـیچ دوکانێـک شـاگردی نەدەویست من نائومێد نەبووبووم، بەڵام زۆر هیلاک بـووم، وردە وردە دەهـاتم و نـزیکتر دەبوومـەوە لـە ماڵـەوە لـە دڵـی خـۆم دەمگـۆت ئەگـەر هـەر ئیشـم دەستنەکەوێت عارەبانەیەک دەکـڕم لـە نـاو بـازاڕ، عـەمباری دەکـەم و پارەیـەکی چاکیشم دەست دەکەوێت. لەم فکرانە بووم  خۆم لە پێش دوکانێک بینییـەوە کـە سەرم هەڵبڕی ئەم دوکانە چۆڵ و هۆل بوو هیچ شـتێکی تێـدا نـەبوو بـۆ فرۆشـتن تەنیا مێزێک و کورسیەکی تێدابوو، پیرەمێردێک کە تەمەنی لـە سـەرووی شەسـت ساڵیدا بوو لەوێ دانیشتبوو زۆر پۆشتە و پاک و خاوێن بوو (چبوق)ێکی لەدەست بوو. چبووق، واتە (سبیل- قەنە) قوومی لێدەدا و دەیمژی و دووکەڵەکەی بـە نـاو دوکانەکەدا بڵاو دەکردەوە و پەرداخێک چاییشی لە پێشە خـۆی دانـابوو ناوەنـاوە قومێکی لێ دەدا. دیمەنەکە لە لام سەیر بوو سەرنجی راکێشابووم بۆیـە وتـم خـۆ من هیلاک بوویمە و هیچ تاقەتم نەماوە.

با سوعبەتەکی لەگەڵ ئەو پیرەمێردەی بکـەم. چوومـەلای و سـڵاوێکم لێکـرد. وتم:

عەمۆ شاگردت ناوێت؟

سەری بڵند کرد و سەیرێکی کردم و وتی دەتەوێ ئیش بکەیت؟

بەڵێ دەمەوێ ئیش بکەم.

ئەی دەرس و قوتابخانەت نییە؟

نەخێر نیمە، من وازم هێناوە.

بۆچی وازت هێناوە، هۆکارەکەی چی بوو؟

من باوکم نەخۆشە ناتوانی کار بکات خوشک و براکانیشم وردن و مناڵن دەبێ بەخێویان بکەم.

خەڵکی کوێیت؟

من کوردم.

کام شاری کوردستان؟

حاجی من ئێرانی نیم خەڵکی کوردستانی عێراقم.

ئەها. مەلا مستەفا بارزانی

بەڵێ. بەڵێ. خۆیەتی.

ماڵتان لە کوێیە؟

ئەوەتا لەو کۆڵانەی پشت ئەم بازاڕەیە.

ئاوڕێکی دواوەی دا کورسیەک لە دواوەی دوکانەکە بوو وتی ئەم کورسیە بێنـە و لێرە لە تەنیشت من دانیشە.

منیش کورسیەکەم هێنا. لەو کورسییە فلزیانە بوو کە دەق دەکران و بە دیوار هەڵدەپەسێران کورسیەکم کردەوە و لە تەنیشتی دامنا و لەسەر کورسیەکە دانیشتم، ئەویش چەکمەجەی مێزەکەی کردەوە و دەفتەر و قەڵەمێکی دەرهێنا و قەڵەمەکەی دایە دەست من و وتی:

بینووسە.

چی بنووسم؟

هەر چیەک بێت خۆشە.

ئاخر چۆن چی؟ نازانم چی بنووسم تۆ بڵێ من دەینووسم.

ناوی خۆت و باوکت و شۆرەتت بنووسە لەگەڵ ئەدرێسی ماڵەکەتان.

منیش دەستم کرد بە نووسین، سەیرێکی نووسینەکەی منی کردوو وتی:

نا.نا. خەتوو قەڵەمێکی باشت هەیە خەتیشت خۆشە.

بەڵێ وایە.

دەترسم ئیشی ئێرەت پێ نەکرێت!

هەر چی سەیرم دەکرد ئەو دوکانە هیچی تێدا نەبوو ئاخۆ بۆ دەبێ ئیشم پێ نەکرێت لە دڵی خۆم دەمگوت بە خوا من ویستم گاڵتە لەگەڵ ئەو پیرەمێردە بکەم تۆزێ ڕابوێرم، بەڵام دیارە ئەو دەیەوێت بە من ڕابوێرێ. بۆیە وتم:

خەمت نەبێت لە تۆش باشتر دەتوانم ئیش بکەم.

نا. نا لە قسەکردنیش پەکت ناکەوێت پێ دەچێت منداڵێکی (زبر و زرەنگ) بێت.

باوەڕم بە خۆم هەیە کە بتوانم هەموو کارێک بە باشی ئەنجام بدەم.

ئەوە شتێکی باشە بڕوا بە خۆبوون سەرکەوتنی لە دوایە.

بەڵێ وایە.

من ناتوانم کرێی کرێکارێکی تەواو بدەم بە تۆ من قبوڵت دەکەم بە شاگرد، بەڵام ڕۆژانەکەت تەنیا پێنج تومەن دەبێت.

ئەو پارەیە لە نیوە کەمتریش کرێی ڕۆژانەی کرێکارێک بوو. چونکە نرخی کرێکاری سادە بە پێی یاسا سێزدە تومەن بوو، بەڵام من خوداخودام بوو کارێک بدۆزمەوە بۆیە بەو نرخەشی وتم ڕازیم. ئەوەندە دڵخۆش ببووم کە کارم دۆزیوەتەوە، بۆیە کرێی کارەکە لە لام گرنگ نەبوو. پێشی وتم شاگردانەشت دەبێت بۆی هەیە دوو ئەوەندەی مووچەکەت بێت. پاشان حاجیەکە هەڵسا و وتی بە شوێنمدا وەرە. منیش بە دوای داچووم چووە ناو (کاروانسەرایەک) کە هەمووی کۆگا بوون هەر دوکانەی کە لە ناو بازاڕ بوو (کۆگایەکی) هەبوو واتە (مەخزەن) بۆ بە عەنبارکردنی کەلوپەلەکانی دوکانەکانیان. چووینە کۆتایی ئەو (کاروانسەرایە) ڕیزێک کۆگابوون. زیاتر لە بیست کرێکار کارییان تێدا دەکرد ئەو کۆگایانە پڕاوپڕبوون لە مەوادی پلاستیکی لە یاری منداڵان بگرە تاکوو سفرە و سۆندە و قاپ و قاچاخ و هەر شتێک کە لە نایلۆن دروست کرابێت. ئەو کرێکارانە خەریک بوون ئەو شتانەی فرۆشرابوون، دەیانخستە ناو کارتۆن و گوونیە و بە ماجیکێک شوێن و ناوی خاوەنەکەیان لەسەر دەنووسی و دەیانناردە گەراجی لۆرییان و بۆ خاوەنەکانیان دەناردن. حاجیەکە بانگی کەسێکی کرد. (ڕەزا)ی ناو بوو ئەویش هەر لە تەمەنی ئەو بگرە گەورەتریش بوو، پێی وت ڕەزا ئەمە کرێکاری تازەی ئێمەیە. لە بەیانییەوە دێتە لات کارەکانی فێربکە. ئەویش وتی بە سەرچاو حاجی خەمت نەبێت. هێشتا باوەڕم نەدەکرد کە کارم دۆزییوەتەوە! لەگەڵ حاجیەکە گەڕاینەوە دوکانەکە تابلۆیەک لەسەر دوکانەکەی درابوو کە سەرم بڵند کرد نووسرابوو (پلاستیک فرۆشی حاجی عەلی أصغر نایبی و برادەرانی مفتخری) واتە (نایلۆن فرۆشی حاجی عەلی ئەسغەری نایبی و برایانی موفتەخەری) سەیرم پێ دەهات. چووینەوە ناو دوکانەکە. حاجی وتی ئێمە

بریکاری کۆمپانیاکانی (تەولیدی تاران- پلاسکۆکار- درەخشانی تـاران)ین. کاڵاکـانی ئـەو سـێ کارخانەیـە دابەشـی دەکـەین، ئێمـە لـە تـاران بریکـاری سـێیەمی ئـەم کۆمپانیایانەین کە ناوم بردن ئـەرکت ئاسـان نییـە دەبـێ ئاگـادار بیـت. دوای دوو حەفتەش ئەگەر بە دڵی ئێمـە بوویـت و توانـات هـەبوو جێگـای ڕەزامەنـدی ڕەزا بوویت، ئەوا رۆژانەکەت دەکەمە دە توومـەن. هـەر لـە خۆشـیان دەوم تەتەلـەی دەکرد. خواحافیزم لێ کردوو وتی دەبێ بەیانیان کاتژمێر حەوت و نیـو لێـرە بیـت تـاکوو بـازاڕ دادەخرێـت. نیـوەڕۆش یـەک کـاتژمێر پشـوو دەدەن بـۆ نـانخواردن. گەیشتمەوەماڵەوە بە ڕاکردن چوومە لای دایکم و وتم کارم دۆزییەوە بەیانی زوو دەچمە سەرکار بۆیم بـاس کـرد کـە چ کارێکـە و ڕۆژانەکـەی چەنـدە. دوای نـانی ئێوارە باوکم وتی دایکت دەڵێت ئیشت دۆزیوەتەوە؟

بەڵێ ڕاستە.

چ ئیشێکە؟

هەموویم بۆ باس کرد کە ئەو رۆژە ڕوویدابوو.

پێویستە زۆر ئاگادار بیت.

وا دەکەم.

هەرگیز بیر لـە تەمـەڵی و زەغـەلی مەکـەوە هـەوڵ بـدە جێگـای خـۆت قـایم بکەیت.

دڵنیا بە وا دەبم.

دەسـتپاکیش مـەرجە لـەم جـۆرە شـوێنانە دەبـێ دەسـتپاک بیـت. بـۆی هەیـە خاوەنکارەکە بە مەبەست بڕێک پارە فڕێداتە شوێنێک بزانێت تۆ ئەمینی یان نا بە هیچ شێوەیەک دەست بۆ پارە نەبەیت و ئەگەر لە عەرزیش کەوتبێت هەڵیبگرە و بیدەرەوە خاوەن کارەکە.

بەڵێ وا دەکەم.

ئەم جۆرە کەسانە هەر تا ئەو شوێنە سەختن کە متمانەیان پێت دەبێت، هەر کاتێکیش متمانەیان پێت بوو، ئەوە ئازادت دەکەن و هەموو ئیشێک دەدەنە دەستت.

دڵنیا بە من ئەو کەسە دەبم کە ئەو خاوەن کارە بە دوایدا دەگەڕێت.

کەواتە من دڵنیابم لێت؟

بێ خەم بە. کانیاوێک ئاوی لێ بخۆمەوە بەردی تێ ناخەم.

ئافەرین. ئەمینداری و وەفاداری و راستگۆیی مەرجی سەرکەوتنی هەموو کەسێکە لەو ئەرک و کارەی پێی رادەسپێردرێت.

دەزانم، هەموو ئەو شتانە ڕەچاو دەکەم بەیانییەکەی من کاتژمێر حەوت لە پێش دوکانەکە ئامادە بووم هێشتا بازاڕەکە تاک و تووک دەرگای دوکانەکانیان کردبۆوە. خاوەن کارەکە هات کە چاوی بە من کەوت وتی کەی هاتووی. وتم دەمێکە لێرەم کلیلەکانی لە گیرفانی دەرهێنا و وتی دەرگای دوکانەکە بکەرەوە. منیش وام کرد. پاشان وتی بچۆرە کۆگاکە، ڕەزا هەر کارێکی پێ راسپاردی جێبەجێی بکە. منیش چوومە کۆگاکە، ڕەزا هەر لەوێ دەخەوت کە چووم خەریکی دابەشکردنی وەسڵەکان بوو بەسەر کرێکارکان بۆ ئەوەی ئامادی بکەن و بنێرین بۆ گەراج. هەر بە دوو سێ کرێکار خەریکی ئامادەکردنی وسلێک دەبوون. چوار هۆڵی زۆر گەورە بوو. بەرزییان زیاتر لە پێنج مەتر دەبوو هەموو دابەش کرابوو بەسەر مەوادەکان تاکوو ژێر سەقفەکە لەسەر یەک چنرابوون. هەر بەشەی کۆدێکی لەسەر نووسرابوو، هیچ مەوادێک ناوی نەدەنوسرا هەمووی کۆد، کۆد بوو. ژمارەیەک لەسەر مەوادەکان هەبوو لە وەسلەکانیش بۆ نموونە دەنووسرا کۆدی (١٨،٧٧٥) چوار کارتۆن. بەم شێوەیەیە مەوادەکان ئامادە دەکران. ڕەزا گۆتی ئەگەر دەتەوێت سەرکەوتوو بێت لە کارەکەت پێویستە تۆ بزانی هەر

کۆدێک کەوتۆتە کوێی کۆگاکە بۆ ئەوەی بە دوایدا وێڵ نەبێت. من سێ ڕۆژ لەو شوێنە بووم ناوە ئیشێکم دەکرد یارمەتی ئەوانیترم دەدا، بەڵام زۆربەی کاتەکان بە دوای کۆدەکان رادەگەڕام کە شارەزا ببم و بزانم لە کوێ چنراون و دانراون. بە سێ ڕۆژ هەموویم لەبەرکرد. هەر کۆدێک بگوترایە یەکسەر دەمگوت لە فلان شوێنەیە تەنانەت کرێکارەکان و ڕەزاش سەریان سووڕمابوو. ڕۆژی چوارەم، ڕەزا وەسڵێکی دایە دەستم و وتی بچۆ کرێکارێک لەگەڵ خۆت ببە و تۆ ئەم وەسلە ئامادە بکە و حازری بکە بۆ بارکردن بۆ گەراج. وەسلەکە هەندێ دووردرێژ بوو دیاربوو مەوادەکان زۆربوون. ئەمنیش وتم بۆ کەنگینتە، وتی تاکوو ئێوارە ئامادە بێت. وەسلەکەم وەرگرتوو ڕۆیشتمە ناو کۆگاکە هیچ کرێکارێکشم لەگەڵ خۆمدا نەبرد بە تەنیا لە ماوەی دووکاتژمێر هەموو مەوادەکانم بەستان و بە ماژیکیش لە سەریم نووسی و چوومەوە لای ڕەزا و وتم.

ئاغا ڕەزا ئامادەیە.

چی ئامادەیە؟

وەسلەکەم پێچاوە و لەسەریشم نووسیوە و ئامادەیە بۆ گەراج.

چۆن وایە، ئەمە هەرگیز ناکرێت، با بێم سەیری بکەم، لەگەڵمدا هات و سەیرێکی کردوو و وردبینییەکی لەسەر کرد، هەمووی تەواو بوو پاشان وتی چەند کەست لەگەڵدا بوو؟ وتم هیچ خۆم بە تەنیا ئامادەم کردووە. وتی هەرگیز باوەڕ بەوە ناکەم. سەری لە ئیشەکە سوڕمابوو منێکی کە هەمووی چوار ڕۆژە لەو شوێنەم بەو دیقەتییە بتوانم ئەو شتە بکەم، ئاخر ئەوانەی چەندین ساڵ لەو شوێنە بوون، ئەمەیان بۆ نەدەکرا بە تایبەتی ئەگەر بە تەنیایی بوونایە. بۆیە سەرجەم کرێکارەکانی بانگ کرد و ئیشەکەی منی نیشانیاندا و ئەوانیش بووە جێگای سەرسووڕمانیان. ڕەزا بە پەلە چووە دوای خاوەن کارەکە و لەگەڵ خۆی هێنای. ئەویش کە سەیری کرد ئیشەکە بەو پەلەیەیی و بەو خاوێنییەی کراوە دەستخۆشی لێکردم و وتی ئێوارە بە بێ ئامۆژگاری من مەچۆرەوە ماڵ وەرە بۆلام

ئینجا بڕۆرەوە. منیش وتم زۆر باشە و تا ئێوارە کارەکانی خۆم کرد و لە کۆتایی کارەکان چوومە لای (عەلی ئاغا)ی خاوەن کار و وتی تۆ بلیمەتی من زۆر دڵخۆشم بە تۆ، دەتوانی کارێ بکەیت؟

وەستا چ کارێک؟

دەتوانی ئەو کارەی ڕەزا دەیکات تۆ بیکەیت؟

بەڵێ دەتوانم. ئەدی ڕەزای چی ئەو لەوێ نییە مەگەر؟

با، بەڵام ڕەزا زۆر بە تەمەنە، زۆریش ماندووە زیاتر لە بیست وپێنج ساڵە لەگەڵ من کار دەکات کەسێکی ئەمین و دەستپاکە. دەمەوێت مۆڵەتی پێ بدەم بچێتەوە ماڵەکەی و بۆ خۆی ئەو تەمەنەی ماوەیەتی پشووی بۆ بدات و مووچەکەشی هەر پێ دەدەم. ئەو کەسێکی بەوەفا بووە بۆ من. منیش وتم ئەگەر بەو شێوەیە بێت و ئاغا ڕەزاش ڕەزامەندی لەسەر بێت من لاریم نییە، بەڵام هەرگیز من ڕێگا بەوە نادەم بە هۆکاری من ئاغا ڕەزا بێ ئیش بێت. وتی دڵنیا بە ئەوە وانییە کە تۆ بیری لێ دەکەیتەوە. ڕەزا زۆر ماندووە هەقی خۆیەتی ئەو تەمەنەی ماوییەتی بۆ خۆی ئیستراحەت بکات. بەیانیش دێم و پێی دەڵێم. بەیانییەکەی پێنج شەممە بوو. ڕەزا پێنج شەممە و جومعە دەچۆوە ماڵەکەی خۆی. شەممە بەیانییەکەی دەگەڕایەوە. ئێوارەی پێنج شەمووان ئاغای نایبی ڕۆژانەی کرێکارەکانی دەدا. واتە حەفتانە پارەی پێ دەدان بۆ هەریەکەمان پارەی خۆمانی پێدابن. دوایی وتی ئاغا ڕەزا دەمەوێ بابەتێکت لەگەڵ باس بکەم. تۆ کەسێکی دڵسۆزی منی و زۆر بە منەوە ماندوو بوویت بەشێک لە سەرکەوتنەکانم لە ئیشەکەمدا دەگەڕێتەوە بۆ دڵسۆزی تۆ و باشتر ڕایی کردنی کارەکانم بووە. شوکر تاکوو ئێستاش ڕۆژێ لە ڕۆژان نە من گلەییم هەبووە لە تۆ نە تۆش لە من. ئێمە تەواوکاری یەکتری بووینە دەمێکە بیرم لەوە دەکردەوە ئیتر ماندوت نەکەم، بەڵام شوێنگرەوەی تۆم نەبوو. ئێستا ئەم کوڕە کوردە ڕێک لە خۆت و لە گەنجێتی تۆ دەکات هەموو کارەکانی بە هەمان شێوەی تۆ ئەنجام دەدات

کەسێکی شیاو و جێگای متمانەشە، بۆیە پێشنیار دەکەم بەڕێزتان ئیتر لەوە زیاتر خۆتان ماندوو نەکەن و نەیەن بۆ ئیش هەر لە ماڵەوە بمێننەوە و ئەو تەمەنەی ماوتانە لە پشوودان بن. مووچەکەشت لە لای منەوە پێ دەدرێت، ئەگەر بێتاقەت بوویت  و حەزت لەوە بوو کەش و هەوایەک بگۆڕیت ئەوا ناوەناوە سەردانێکمان بکە و چایەکمان لەگەڵ بخۆرەوە. ڕەزا سەیرێکی منی کردوو دەستی بە گریان کرد و فرمێسک بە چاوەکانیدا دەهاتنە خوارێ. پاشان دەستی کرد بە قسە، وتی: خۆزگە تەمەن دەگەڕایەوە دواوە بۆ ئەوەی منیش بمتوانیایە زیاتر خزمەتت بکەم. منیش بڕوام بەو کوڕە کوردە هەیە، بەڵام زۆر منداڵە. دەترسم ئەو بارە قورسە نەتوانێ هەڵبگرێت گەرچی بە توانایی خۆی سەلماندووە. ئەو تەنیا بە سێ ڕۆژ شوێنی هەموو کۆدەکانی کۆگای لەبەر کردووە کە من ئێستاشی لەگەڵدا بێت هەندێ جار لێم تێک دەچێت و کۆدێکم لێ ون دەبێت. ئەوەش دەزانم کە ئەو شوێنە پێویستی بە خوێنێکی نوێ هەیە کە بزۆزتر بێت لە من بۆ بەرژەوەندی تۆش من هەموو شتێک قبووڵ دەکەم، بۆیە ئەگەر تۆ ئەوەت لەلا باش بێت گومانت نەبێت لە لای منیش حسابی باشەی بۆ دەکرێت.

بە بەردەوام فرمێسکی وەفاداری لە چاوەکانی دەهاتنە خوارێ، ئاغای نایبیش دەستی کرد بە گریان و دەستی لە ملی ئاغای ڕەزا کرد. بە پچڕپچڕ هەر دەیگۆت ڕەزا حەڵاڵم بکە. گەردنم ئازاد بکە. تۆ لێم نەبووری خوداش لێم نابووری. ئیتر ماڵئاواییەکی تاڵ لە ئێوارەیەکەی تەماوییدا. من لە لایەک دڵتەنگ بووم بە ڕۆیشتنی ئاغا ڕەزا، چونکە کەسێکی سادە و قسە خۆش و بە ئەمەک بوو لە لایەکیش دڵخۆش بووم بەوەی کە ئیتر دەچمە شوێنی ئەو کار دەکەم و دەبم بە سەرکاری کرێکارەکان. ئەگەر چی ئەوان لە من بە تەمەنتر و بە ئەزموونتریش بوون، بەڵام وا دیار بوو توانای کارکردنیان وەکو من نییە. ڕۆژی شەممە گەڕاینەوە سەر کارەکانمان، ئاغای نایبی هاتە کۆگاکە و بە هەموو کرێکارەکانی وت لە ئێستا بە دواوە (ساڵح) ئەو بە منی دەوت ساڵح، لە جێگای ئاغا ڕەزایە و هەر کەسێک

لە قسەکانی دەربچێت و بە گوێی نەکات، واتە لە قسەی من دەرچووە و بە گوێی منی نەکردووە، بۆیە لە ئێستاوە ئەوەی دژی ئەو کارەیە و پێی قبوڵ ناکرێت خواحافیزی بێت و لێرە نەمێنێتەوە. هەموویان سەیرێکی یەکترییان کردوو لەسەر و سیمای هەندێکیان دەمخوێندەوە کە لە دڵا ناڕازیین، بەڵام ناوێرن دەری ببڕن. بۆیە منیش وتم مەبەست ئەوە نییە من فەرز بکرێم بەسەر ئێوەدا. ئێووە هەموتان برای گەورەی منن. لە من بە ئەزموونترن، بەڵام نووسین و رایی کردنی وەسڵەکان پێویستی بە خوێندنەوە و نووسینی باش هەیە. ئەوان زۆربەیان خوێندەوارییان یان نەبوو یان زۆر کەم بوو. زیاتریش تورکەکان ناڕازی دیار بوون ئەگینا کرێکارە لۆڕەکان دڵخۆش دیار بوون، چونکە ئەو چەند رۆژەی من لەوێ بووم بە منیان دەگۆت تۆش لە ئێمەی، کورد و لۆڕ یەک ڕیشەیان هەیە ئێمە تۆ بە یەکێک لە خۆمان دەزانین. بۆیە تورکەکانیش کە کەمتر بوون لە لۆڕەکان نەیانتوانی هیچ دژایەتییەک بکەن و ئیتر بووم بە (سەرکاری) ئەو کۆگایانە. ئێوارە کە لە کار تەواو بووین بۆ خواحافیزی چوومە لای ئاغای نایبی. وتی ساڵح لەو ڕۆوە رۆژانەکەت دەکەم بە دە تومەن. بەس پێم خۆشە ئەمڕۆ نا رۆژێکیتر هەر لەو حەفتەیە لەگەڵتا بێم بۆ ماڵتان و چاوم بە باوکت بکەوێت. منیش وتم هە رۆژێک جەنابت ئەمر بکەیت من لە خزمەتت دام. ئیتر رۆژانە کارەکانم زۆر بە جوانی ئەنجام دەدان ئاغای نایبی تەلەفۆنی کردبوو بۆ شەڕیکەکانی کە کوڕێکی ئاوای دامەزراندووە لای خۆی ئەوانیش رۆژێک هاتن بۆ دوکانەکە و منیشیان بانگ کردە لای خۆیان یەک لە شەریکەکان هاوڵ زاوای ئاغای نایبی بوو. ڕووی لە ئاغای نایبی کردوو و وتی پیرۆزباییت لێ دەکەم بۆئەم هەڵبژاردنەت. ئەم کوڕە زۆر بە توانا دیارە، هەر کات لێی وەرز بووی بینێرە با لای من کار بکات. ئەو قسەیەش بۆ من خراپ نەبوو، چونکە نرخی منی لای ئاغای نایبی زیاتر دەکرد و باوەڕ بە خۆ بوونی منیشی زێدەتر دەکرد. چارەنووس وابوو من لەو شوێنە بگیرسێمەوە. بۆیە دەبوایە بە باشترین شێوەی مومکین خۆم لەگەڵ کەشوهەوای کارەکە بگونجێنم و متمانەی باشتر و زیاترم پێ بکرێت. هەر ئەو رۆژە پێشنیارم

کرد کە نابێت ئەو دوکانە بەم شێوەیە بەتاڵ بێ. داوام کرد ڕەزامەندی بدرێت کە چەند رەفەیەک بە قەبارەی مادەکان دروست بکرێت و لە هەر بابەتێک نموونەیەک بخرێتە ناو دوکانەکە. ئەم پێشنیارەم بووە جێگای ڕەزامەندییان و وتیان هەرچیەکت پێ باش بێت، تۆ ئازادی بیکەیت بە مەرجێک سوودی هەبێت و بۆ باشتر بوونی فرۆشی مادەکانمان. بۆیە بە پەلە دەستم کرد بە دروستکردنی رەفەکان و گواستنەوەی نموونەکی مادەکان بۆ ناو دوکانەکە. بە تەواوی دیکۆری دوکانەکە گۆڕا. جاران لەبەر بەتاڵی دوکانەکە دڵت لێی توند دەبوو، بەڵام ئیتر بە جۆرێک دیکۆرەکەم دانا، حەزت دەکرد لە ناو دوکانەکە دابنیشیت. ئاغای نایبی زۆر دڵخۆش بوو. ناوە ناوە دیگۆت نازانم خوا لە کوێ تۆی بۆ من نارد. چاکەی خوای خۆمم بۆ نادرێتەوە. من خەمی لەدەستدانی ڕەزام بوو بە هۆی تەمەن و نەخۆشی و چۆن بتوانم کەسێک بدۆزمەوە وەکو ئەو بێت بۆ من، کە چی خودای مەزن تۆی بە پێی خۆت بۆ من نارد هەر دەیگۆت. (خدای بزرگ شکرت)، ئیتر رۆژی کۆتایی هەفتە هات و حاجی وتی ئەمڕۆ زوتر کارەکان تەواو بکە دەمەوێت لەگەڵتا بێم بۆماڵتان چاییەک لە لای باوکت بخۆمەوە. ئێمەش یەک ژوورمان هەبوو ئەیوانێکی بچووکیشی هەبوو. ئەو شوێنە هەموو ماڵی ئێمە بوو و شوێنی خەوتن و میوان و چێشت لێنان و هەمووی هەر ئەوەندە بوو. کەلوپەلەکانیش نارێک و تێکەڵ. ئاخر هەر ئەوەندەمان دەسەڵات هەبوو. ئیمە ئاوارەی ئەو وڵاتە بووین هیچ دەرامەتێکمان نەبوو توانای کڕینی شتمان نەبوو ئەگەر تواناش هەبوایە جێگامان نەبوو. شاگردانە و بەخشیش لە رۆژانەی کرێکاریمان زیاتر بوو، بۆ نموونە ئەگەر رۆژانەی حەفتەیەکمان (٧٠ تومەن) بوایە ئەوا شاگردانەکەمان خۆی لە ١٠٠ تا ١٥٠ تومەن دەدا و جاریش هەبوو زۆر زیاتر دەبوو. ئەو رۆژە دوای عەسر کارەکانم تەواو کردن و دوکانەکەمان داخست و لەگەڵ ئاغای نایبی چووینەوە بۆ ماڵی ئێمە. لە پێش ژوورەکەی خۆمان باوکم بە بۆڕی و دار و گونی بەن کەپرێکی چاک کردبوو، ئێواران لەوێ دادەنیشتن و شەونشینیمان دەکرد. هەر لەوێش دانیشتین و باوکم و ئاغای نایبیم بە یەکتر ناساندن.

ئـەو وتـی مـن هەسـت بـە ئـێش و ئـازار و مەینەتییـەکانتان دەکـەم هەنـدێ زانیاریشـم هەیـە لەسـەر دۆزی ئێـوە. ئێـوە خـەڵکانێکی بـاش و مـەزڵومن بـە داخـەوەم کـە دەتـانبینم بـەم شـێوەیە ژیـان بـەڕێ دەکـەن. سـاڵح بـۆ منـی بـاس نەکردووە کە ئێوە ئاوان! ئەوە چۆن ژیانێکە!؟ باوکم وتـی حـاجی ئاغـا ئـەم ژیانـە خۆمان هەڵمان نەبژاردووە بـە ناچـاری دەبێـت وا بـژین تـاکوو دەرگایـەکمان لـێ دەکرێتەوە. ئێمە لێرە میوانین لە وڵاتـی خۆمـان خـاوەنی هـەموو شـتێک بـووین، بەڵام لێرە هیچمان نییە نە سەرمایەمان هەیە و نە موڵکوماڵ بۆیە دەبێ شـوکربین کـە ژوورێکـمان هەیـە و لەگـەڵ منداڵـەکانم لـێ دەحەسـێینەوە. ئـەویش وتـی مرۆڤەکان مافی ژیـانێکی ئابڕوومەندانـەیان هەیـە، حورمـەت ڕاگرتنـی مرۆڤـەکان ئەرکی سەرۆکەکانە، حکومەتەکان دەبێت ڕەچاوی هـەموو پێداویسـتیەکانی ژیـان بکەن بۆ خەڵکەکەی ژێردەستیان بە تایبەتی ئێوە کە میوانن و لەم وڵاتە هیچ شک نابەن جگـە لـە حکومەتەکـەی. ڕووی ئـەو بەرپرسـەش ڕەش بێـت کـەوا هەسـت دەکات شوێنێکی گونجاوی ژیانی بۆ ئێوە داناوە ئاخر ئەو دەتوانێ بـۆ تـەنیا یـەک شـەویش لـەم شـوێنە لەگـەڵ منداڵـەکانی رۆژ بکاتـەوە. ئەمـە چ ویژدانێکـە چ مرۆڤایەتییەکە. ئێوە چەند ماڵن.؟ باوکم وتی بیسـت و دوو مـاڵین. دەتـوانم بڵـێم وەک دەستبەسەر واین. ئەوان بۆ ئەوەی بتوانن چاودێریمان بکەن نایەڵن پەرت و بڵاوبین و هەر یەکە و لە شوێنێک بین!

ئیتر کۆمەڵێک قسە و باس و خواسییان کرد و وتیشی من لـە جـەنگی جیهـانی دووەم ئەفسەری ئەرتەشی ئێران بووم، بەڵام دواتر وازم هێنا و بووم بە کاسبکار و بازرگان، شوکری خـودا دەکـەم کـە هاوکـاری کـردم و لـە پیشـەکەم سـەرکەوتووی کردووم. من جگە لەوەی کە خاوەنکاری ساڵحم حەز دەکەم بە برای خـۆتم بزانـی و هەر کەمووکوڕییەکیش هەبێت من لە خزمەتم. ئیتر خواحافیزی کردوو ئێمـەش بەڕێمان کرد، بـەڵام هـەر بۆڵـە بـۆڵی بـوو بـە دەم ڕێگـاوە و دوعـای دەکـرد لـەو کەسانەی ئێمەیان ئاوا لێ بەسەر هێناوە. کەسێکی بە رەحـم بـوو دڵپـاک بـوو بـە

ویژدان بوو مرۆڤێک بوو بە مانای مرۆڤایەتی ئەم خەڵکی (شەهریار) بوو کە دەکەوێتە خوارووی کەرەج و رۆژئاوای تاران. شەهریار تێکەڵە لەگەڵ کەرەج و تاران وەکو گەرەکێکە. بەڵام خۆی هەر لە منداڵییەوە لە تاران ژیابوو دەرسی خوێندبوو هەر لەوێش لە خیابانی (ئەبوسعید) خانووێکی گەورە و جوانی هەبوو کە ژیانی تێدا بەسەر دەبرد ئەو هاوسەر و دوو کچ و کوڕێکی هەبوو بە ناوەکانی لەیلاخانی هاوسەری، زەینەب و فاتمەی کچی و موحسینی کوڕی. موحسین منداڵی بچووکیان بوو ئەو کاتە لە پۆلی دووی ناوەندی بوو. ئەو موسڵمانێکی توندڕۆ نەبوو، بەڵام لە ماڵەکەیان هەموو شتێک هەبوو جگە لە تەلەفزیۆن. ئەو دەیگوت ئەو بەرنامانەی کە لە تەلەفزیۆن پەخش دەکرێن و ئەو فیلمانەی دادەبەزێنرێن، دەبن مایەی شڵەژانی کۆمەڵگا و دوورن لە بەها و نەریتەکانی کۆمەڵگاکە و کۆمەڵگا بەرەو هەڵدێر دەبەن. کەسێکی میانەڕۆ و کراوەبوو زانیاری باشی هەبوو لەسەر ڕووداوەکانی کە لە جیهان ڕوودەدەن و ڕەنج و زەحمەتێکی باشیشی کێشابوو تاکوو گەیشتبووە ئەو سەرمایە و ماڵ و موڵکە.

بەیانییەکەی شەممە کە چووم بۆ سەر کارەکەم ئەو لەوێ بوو بەیانی باشم لێکرد و کەوتینە گفتگۆ، وتی دوێنێ شەو باسی ئێوەم بۆ ماڵەوە کردووە هەموویان گریاون و دوعایان بۆتان کردووە و لە خوا پاڕاونەتەوە کە لەو مەینەتییە ڕزگارتان بکات. دیار بوو کەسێکی هەست ناسک بوو زوو زوو دەڕەنجا ، ئەوەندەی ئەو پەرۆشی ئێمە بوو ئێمە خۆمان ئەوەندە بە پەرۆش نەبووین بۆ خۆمان. وتی ساڵح هەر ئەوەندەی تۆ هاتیتە لای من، یەکێکە لەو دەرگایانەی خودا بەڕووی مرۆڤەکانی دەکاتەوە. من ئەوەی لە توانام بێت درێغی ناکەم بۆتان. باوکت پیاوێکی ماندوو و عاقڵ و تێگەیشتووە. شیاوی ئەو جۆرە ژیانە نییە خوا هاوکارم بێت بۆ ئەوەی بتوانم منیش هاوکاری باوکت بکەم.

ئیتر دەستکرا بە ئیشووکاری رۆژانە و ئەو حەفتەیەش بە کۆتا هات و ئێوارەی پێنج شەممە جگە لە بەخشیش دەبوایە ٧٠ تومەن وەربگرم، بەڵام کە ژماردم

پارەکە ١٤٠ تومەن بوو. ئەمنیش وتم حاجی هەڵەت کردووە پارەکەم ١٤٠ تومەنە. وتـی هەڵـەم نـەکردووە بڕیـارم داوە ڕۆژانەکـەت ڕۆژی ٢٠ تومـەن بێـت. بیخـە گیرفانت تەواوە. زۆر دڵخۆش بووم ئەو هەفتەیە فرۆشی زۆرمـان کردبوو(فـاکتۆر-وەسل)، زۆر کرابـوون لـە ژێـر هـەر وەسـڵێک بـە گـوێرەی بـڕی پـارەی وەسـڵەکە مەبلەغێک دەنووسرا بە ناوی (أنعام) واتـە بەخشـیش ئـەو کاتـە سیسـتەمی بـازاڕ ئەوهابوو. شاگرد خۆی داوای هیچی نەدەکرد، خاوەنکـار لەگـەڵ وەسـڵەکە بەشـە بەخشیشی شاگردەکانیشی دادەنا. لەو حەفتە من ٣٨٠ سێسـەد و هەشـتا تومـەنم بەخشیش بەرکەوتبوو لەگەڵ پارەیی حەفتانەی مووچەم دەیکـرد بـە ٤٢٠ تومـەن. ئەمە پارەیەکی باش بوو. یەک فەردە برنجی ئەمریکی بە ٥٠ تومەن بوو یەک کیلۆ گۆشت بە پێنج تومەن بوو. کارتۆنێک قەندی شکاوی ١٠ کیلۆیی بە ٢٠ تومەن بوو یەک تەنەکە ڕۆن بە ٤٠ تومەن بوو. هەرزانییـەکی بـاش هـەبوو لـەو وڵاتـە هـەر کەسێک کارێکی هەبوایە بە دڵنیـایی مووچەکـەی بەشـی بژێـوی ژیـانی دەکـرد و زیادەشی لێ دەمایەوە.

کاری ژمێریاری و حساباتی دوکانەکە خودی ئاغـای نـاییی دەیکـرد، سـێ چـوار دەفتەرێکی هەبوو حسابەکانی لێ داخل دەکردن و دوو دەستە چـەکی بانکیشـی هەبوو یەکیان هی بانکی (سپە)بوو ئەوەیترییان بانکی (ملی) بوو، بەڵام حسابەکە زۆرەکەی لە بانکی (سپە) بوو ئەم بانکە بەستراوەبوو بە ئەرتەشی ئێران و دیاربوو ئەوان سەرپەرشتیان دەکرد. بانکێکی ئەکتیڤ و باش بوو. زۆربەی بازرگانەکان لەو بانکە ژمارە حسابیان هەبوو. ڕۆژانە ئاغای نایبی دەفتەرەکانی دەردەهێنا و ئەمنی بانـگ دەکـرد و شـێوازی کـارکردنی ژمێریـاری فێـر دەکـردم مـن لـە مەبەسـتی نەدەگەیشتم کە بۆچی فێری ئەو کارەم دەکـات، بـەڵام هـەوڵ وکۆششـیکی زۆری دەدا تاکوو من فێری ئەو ئیشـە بـبم. منـیش بـە باشـی گـوێم بـۆ ڕادەدێـرا و ئـەو شتانەی دەیگوتن بە باشی لە مێشکم چاپ دەبوون و لە بیرم نـەدەکردن. ڕۆژێـک وتی وەرە بڕۆ و ئەو ئەدرەسە هەندێ شت لەوێ هەن بیبە بۆ ماڵەوە.

منیش هەرواو زانی بۆ ماڵی خۆیان دەڵێت. چوومە ئەو شوێنە و کۆگایەکی فرۆشتنی ئامێرەکانی ناو ماڵ بوو. خاوەن کۆگاکە وتی بڕۆ پیکابێک بێنە و بارییان بکە و ببیە. منیش چووم پیکابەکم بەکرێگرت و هێنام بۆکۆگاکە، ئیتر دەستیان کرد بە بارکردنی کەلوپەلەکان کە ئەمانە بوون (سەلاجەیەک، تەباخێکی غازی، سەماوەرێک، مەکینەیەکی خەیاتی، دوو بتڵی غازی بەتاڵ، تەلەفزیۆنێک، کۆمەڵێک کەلوپەلی تری ناو ماڵ)، پیکابەکە پڕ ببوو بۆیە بە خاوەن کۆگاکەم وت بۆ کوێ ببەم وتی من چووزانم، ئاغای نایبی پێتی نەگوتووە؟ بە خوا دوو دڵم ئەی بۆچی تەلەفۆنێکی بۆ ناکەیت و لێی بپرسیت بۆ کوێی ببەم. ئەویش بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ کرد و دیار بوو پێی وتبوو تەلەفۆنەکە بدە دەست ساڵح ئەویش دای بە من و وتی قسە بکە. پرسیاری کرد شتەکانت وەرگرت، وتم بەڵێ، وتی زۆر باشە بیبەوە بۆ ماڵی خۆتان و مەیەوە دوکان منیش کە تەواو بووم دێم بۆ ئەوێ. بەڵام فاکتۆرەکە بزر نەکەیت بیدە بە خۆم. ئەو کەسێکی بیرمەند و ژیر بوو بۆیە کە هاتە ماڵمان شتەکان هێشتا لە حەوشەدا بوون ئاخر جێگا نەبوو بیانبەینە ژوورەوە، خەڵکی حەوشەکە هەمووی بە دیارییەوە وەستابوون چونکە کەسیان ئەو شتانەیان نەبوو. ئاغای نایبی هاتوو سەیرێکی شتەکانی کرد و وتی تەواوە. باوکم پرسی:

حاجی ئەمانە چین؟

ئەمانە پێویستن بۆ ماڵ، بەڵام تەلەفزیۆنەکە بە دڵی من نییە، چونکە لە ماڵیش نیمە بەس لەبەر خاتری (ستار) بە شەهید سەرداری دەگوت (ستار) تەلەفزیۆنیشم کڕیووە.

حاجی من ناتوانم لە ئێستادا ئەم پارەیە بدەم بارێکی قورسە.

مـن پارەکەیم داوە، مانگانەش بڕێک پارە لە ساڵح دەگێڕمەوە تاکوو قەرزەکەتان تەواو دەبێت.

باوکیشم ڕەزامەندی دا و وتی ئەگەر ئاوا بێت منیش لاریم نییە ئیتر شوێنی سەلاجە و تەباخ و تەلەفزیۆنەکەی دیاریکرد و لێیدا رۆیشت. ئەو شەوە تاکوو درەنگانی شەو خەڵکی حەوشەکە ورد و درشت لەماڵی ئێمە بوون بۆ سەیرکردنی تەلەفزیۆنەکە. باوکیشم ڕووی لە حەوشەکە کردبوو تاکوو هەمووان ببینن. پاشان وردە وردە ئەوانیتریش ئەم کەلوپەلانەیان بۆ خۆیان کڕی. حەفتانەی ئاغای نایبی هەموو ئەو رۆژانەی لای ئەو وەرم دەگرت لێی دەگێڕامەوە منیش لاریم نەبوو، چونکە ئەوەی لە بەخشیشی کڕیارەکان دەهاتە دەستم چوار تا پێنج ئەوەندەی رۆژانەکەم بوو. هیچ پێویستییەکم بەو رۆژانەیە نەدەبوو. کۆی مووچەی مانگانەی من زۆر زیاتر بوو لەو مووچەیەی کە ئەوانیتر وەریان دەگرت لەسەر کارەکانیان و لە کۆمپانیا و کارخانەکاندا. هەموو دەیانگۆت خۆزگە ئێمەش شاگرد دوکانێک بواینایە. شەهید سەردار کەسایەتییەکی تایبەتی هەبوو هەر لە منداڵی کە تەمەنی زۆر بچووک بوو هەستی بە بەرپرسیارەتی دەکرد. ئەو یاریزانی (کۆنگ فۆ) بوو لە ئۆردوگای جەهروم. خوولی کۆنگفۆی دیبوو، بە پلەی باش دەرچووبوو، پێشوەچوونی تاکوو وەرگرتنی پشتێنی ڕەش چووبوو. چاپووکی و مەهارەتێکی باشی لەو وەرزشە هەبوو. جارێکیان لە ئۆردوگاکە لەگەڵ منداڵێکی خزم بوو بە شەڕییان ماڵی کاک (تاهیر عەلی سووسەیی) کۆمەڵێ گەنج و پیاوییان هاتبوون سەردار بگرن یان لێی بدەن نازانم چۆن بوو! ئەویش رایکردبوو بۆڕییەکی خێوەتەکەی دەرهێنابوو پەلاماری هەمووانی دابوو لەوکاتەش دکتۆر شەهید (کاکە ڕەش) لەو ناوە ڕەت دەبێت، دەوستێ و دەڵێت ئەم منداڵە منالّی کێیە؟ دواتر پێی دەڵین هی فڵانەکەسە. بەدیار شەڕەکەوە دەوەستێ و سەیری پێ دێت منداڵێک لەو تەمەنە ئەوەندە بە غیرەت بێت. دوای کۆتایی هێنانی کێشەکە و ئاشتبوونەوە، ئێوارانێک د. کاکە ڕەش هاتە ماڵمان، وتی هاتووم ئەو کوڕە بە غیرەتە ببینم. پاشان تەوقەی لەگەڵ کرد و ماچی کرد و وتی قوربانی ئەو غیرەتەت بم، وەڵاهی چاوەڕوان بووم ئەگەر گەورەکان لە تۆیان بدایایە منیش

دەهاتمە ناو شەڕەکە. خۆ من ئێوە ناناسم بەس مرۆڤی ئازا و بە غیرەتم خۆش دەوێت.

لەمەودوا ناڵێم شەڕانگێزبە، بەڵام هەر کەسێ غەدری لێکردی تا حەدی کوشتن لێی بدە و من جێگای تۆ تاوانەکەی دەکێشم. بەڵام هەرگیز نامەوێ بتبینم سەرت کز کردبێت و لێدانت خواردبێت. ئیتر ئەو لە تارانیش هەمیشە دەچووە ئەو سینەمایانەی کە فلیمی کاراتە و کۆنگفۆیان لێدەدا. بە تایبەتی ئەگەر فلیمەکە (بروس لی) تێدا بوایە. شێوەی چەناگە و دەم و لوتی و شان و ملی زۆر لە بروسلی دەکرد جوولەکانیشی لاسایی ئەوی دەکردەوە. هەمیشەش (لانچۆکا)ی پێ بوو. لانچۆکا زنجیرێکی نیو مەتری بوو دوو دەسکی داری بە سەرەکانی وەبوو. بە جوولەی خێرا لە دەوری خۆی دەیسوڕاندەوە و لە ژێر باڵەکانی رەتی دەکردن و بە باڵی خۆی لایەکی رادەگرت و هاوشێوەی بروسلی دەستکێشی درێژ دەکرد و پەنجەکانی لێک دەکردنەوە، ئەویش حەزی بە خوێندن نەمابوو. بۆیە وازی لە خوێندن هێنا و لە دوکانێکی نزیک لە ئێمە (علی کفشچی) بوو بە شاگرد ئەو کابرایەش مەوادی پلاستیکی دەفرۆشت، بەڵام مەوادەکانی تەنیا داوی تەسبیح و شریتی نایلۆن و جوانکاری پایسیکل و ماتۆر و ئەو شتانە بوون. سەردار لای ئەو کابرایە بوو بە شاگرد هەر زوو لە ناو بازاڕەکە ناوی دەرکرد خەڵکی بە (ستار کوردە) ناویان دەبرد لە هەر کوێ بتپرسیبایە (سەتار کوردە) دەیانزانی مەبەست کێیە و دەیانگوت لە فلان شوێنە. ئەو برادەرێکی خۆشی بردبووە ئەوێ و لەگەڵیدا بوو کاک (محمەد) برای کاک (مەلا عەبدوللا رەسول) کە خەڵکی دەڤەری پشدەربوون بە یەکەوە لەگەڵ محەمەد لەو دوکانە کاریان دەکرد. سێ مانگی تێپەڕی رۆژێک ئاغای نایبی وتی دەمەوێت تۆ کاری ژمێرکارییەکەشم بۆ بکەیت. من بە خوا توانای فکریم زۆر باش نەماوە زۆر جار هەڵە دەکەم بۆیە تۆشم فێری ئەو کارە دەکرد کە دەتوانم متمانەت پێ بکەم کە توانای ئەوکارەت هەیە. ئێستا من دڵنیام کە دەتوانی بۆیە ها ئەوە حساب و کتابەکە و ئەوەش دەفتەرەکان لە

بەیانییەوە من حەقی هیچم نییە و ئەو دوکانە دەبێت تۆ بەڕێوەی بەری. من زۆریش دڵنیا نەبووم کە ئایا دەتوانم ئەو کارە بکەم یان نا، بەڵام کە دیتم ئەو متمانەی تەواوی بە من هەیە وتم حاجی دڵنیا بە وا بزانە هەر خۆت ئەو کارە دەکەیت، چونکە هەر بە شێوازی خۆت ئەنجامی دەدەم بۆ ئەوەی ئەگەر رۆژێک لە رۆژان چاوخشانێکت پێی کرد بۆت ئاسان بێت، بەڵام چەکەکان و ئیمزای بانک هەر لای خۆی بوو بیویستایە پارەیەک لە بانک دەربکات لە چەکێک دەینووسی و ئیمزای دەکرد و منیش دەچووم لە بانک وەرم دەگرت. رۆژێک ئۆفیسی کارخانەکە تەلەفۆنیان کرد وتیان بڕی پارەی نەقدی یەک میلیۆن و دوو سەد و شەست هەزار تومەنمان پێویستە ئەگەر بۆمان ڕەوانە بکەن. ئەو مەبلەغە بڕێکی زۆر بوو دەتوانرا بەو پارەیە چوار تا پێنج خانوت لە تاران کڕیبایە.

ئاغای نایبی وتی وەرە ئەو پارە ببە بۆ ئۆفیسی کارخانەکە ئۆفیسەکە لە سەر (شەقامی سیروس) بوو بەرانبەر بازاڕی(سید ئیسماعیل) ئەو شوێنەش هەندێک مەترسیدار بوو پێگە و جێگای دز و چەقوکێش و دەرمان خۆرەکان بوو بۆیە دەبوایە لەو شوێنە زۆر ئاگات لە خۆت بایە، بە تایبەتی ئەگەر پارەیەکت پێ بوایە. من پارەکەم لە حاجی وەرگرت بەرە و ئۆفیسەکە چووم. پارەکەم لە هەردووگیرفانی چاکەتەکەم لە دیوی ناوەوەی دانا. میلیۆنەکە هەمووی هەزار تومەنی بوو دە شەدە بوو دابەشم کردبووە هەردوولا. چاکەتەکەم هەندێ لە سینگم بەرزببۆوە هەر کەس بیدیبایە دەیزانی شتێکم لە گیرفانانەیە. باقی پارەکەشم لە گیرفانی پانتۆڵەکەم دانابوو. دیارە دوو دز هەر لە ناو بازاڕەکەوە چاودێری منیان کردبوو. من بە ناو بازاڕی سید ئیسماعیلدا چوومە دەرەوە و دەبوایە لە شەقامی سیروس پەڕیبامەوە ئەو بەر شەقامەکەش هەندێ پان و بەرین بوو سەیارەی زۆری پێدا دەهات هەندێ وەستام تاکوو تۆزێک سەیارەکان کەم ببنەوە دواتر دەستم کرد بە هەنگاو هاوێشتن بۆ پەڕینەوە لە جادەکە. لە پڕێکا هەستم کرد شتێک وەک گوڵلە بە تیژی لە پێشم رەت بوو کە سەرم بڵند کرد

ماتۆڕێک بوو شتێک درا لە سنگم نەمزانی چی بوو بەس ئەوەم دیت کە پارەکانم کەوتنە سەر زەوی و بڵاو بوونەوە. منیش وەکو ئەوەی خۆم فڕێ بدەمە ناو حەوزی ئاو خۆم بەسەر پارەکانی دادا. هەرچی ئۆتۆمبێلی ناو شەقامەکە هەبوو ڕاوەستان. من هەر هەڵنەستامەوە لە شوێنی خۆم. هیچم لێ نەهاتبوو، بەڵام پارەکان کەوتبوونە سەر زەوی و بڵاوببوون دەترسام لەگەڵ بای سەیارەکان بڕۆن و نەیاندۆزمەوە. دواجار دووکەسی بە تەمەن هاتن و دەستی منیان گرت و هەڵیان سەندمەوە. یەکێکیان دەستی هەر بەرنەدام و ئەوەی تریش ئەو پارانە چین لە لای تۆ!؟ منیش وتیم من شاگردی دوکانی فڵانەکەسم ئەو پارەیە دەبەم بۆ ئۆفیسی کارخانەی (تولیدی تاران) دیار بوو لەو بەر شەقامەکە دوکانی کەلوپەلی ئاو ڕاکێشانیان هەبوو وتیان ئێمە ئەو ڕووداوەی تۆمان بینی. ئەو ماتۆڕە دز بوون کاتێک سەیری چاکەتەکەمم کرد بە کەتەر لە ژێر باڵی چەپم هەڵزرابوو تاکوو ژێر باری ڕاستم. ویستووبوویان بەو شێوەیە بیدزن، بەڵام من تۆزێک خۆمم کێشابۆوە دواوە و بۆیە نەیانتوانی بیدزن و پارەکان کەوتنە سەر زەوییەکە. کابرای دەستی منی گرتبوو وتی ئەو پارەیە چەندە؟ وتم یەک میلیۆن و دوو سەد وشەست هەزار دینارە. پارەکە لە دەست نەفەرەکەیتر دابوو. منیان بردە ناو دوکانەکەیان و دەرگاکەیان داخست. دەستیان کرد بە ژماردنی پارەکان لەگەڵ ئەو بڕەی لە ناو پانتۆڵەکەمدا بوو لێکیاندا تەواو بوو هیچی کەم نەبوو. پاشان وتیان ژمارەی خاوەن کارەکەمان پێ بدە. منیش ژمارەی تەلەفۆنەکەم پێدان. قسەیان لەگەڵ ئاغای نایبی کرد و ڕووداوەکەیان بۆ باس کرد و وتیان دڵت هیچ نەکات پارەکانت وەکو خۆی ماوە و بۆیان نەدزراوە. پاشان دەستیان کرد بە پرسیار و جوابکردن لەگەڵ مندا.

تۆ چی ئەو پیاوەیت؟

هیچی نیم تەنیا شاگردم.

خەڵکی کوێیت؟

کوردم.

کام شاری کوردستان؟

من خەڵکی کوردستانی عێراقم. ئێرانی نیم.

ئێرانیش نیت!؟

نەخێر، ئێرانی نیم.

ئەی چۆن ئەو کابرایە ئـەو متمانەیـەی بـە تـۆ کـردووە ئـەو هـەموو پارەیـەی داوەتە دەست تۆ؟

متمانە هەموو سەرمایەی دونیا دێنێت ئەو متمانەی پێمە منیش پاکم لەگەڵیدا و کارەکانی بۆ دەکەم.

رۆژانەت چەندە؟

خۆمم نەشکاند وتم ٤٠ تومەن وەردەگرم، جگە لە ئەنعام.

حازری بە ٨٠ تومەن بێیتە لای ئێمە کار بکەیت؟

نەخێر نایەم.

بۆ خۆ ئەو پارەیەی دوو ئەوەندەی مووچەکەتە؟

بەرد لە جێی خۆی بە نرخە. مـن ئـەو کەسـە بـە پـارە ناگۆڕمـەوە. ئـەو وەکـو باوکێک وایە بۆ من.

پاشان تەلەفۆنێکیان بۆ ئاغای نایبی کردەوە. وتیان نرخی ئەو کوڕە بزانە. ئێمـە تەماحی رۆژانەی ٨٠ تومەمان پێیدا ئەو ڕازی نـەبوو تـۆ بـە جـێ بهێڵێـت. پاشـان لەگەڵم هاتن تاکوو دەرکی ئۆفیسەکە کە لەوان زۆر دوور نەبوو ئـەمنیش چوومـە ژوورەوە و پارەکەم تەسلیم کردن کـە گەڕامـەوە دوکانەکـەی خۆمـان سـەیرم کـرد حاجی رەنگی هـەڵبزرکابوو زۆر ترسـابوو لێمـی پرسـی کـە چـی ڕوویـداوە منـیش

هەموویم بۆ گێرایەوە و چی بووە و چۆن بووە. من چیم کردووە و ئەو دوو کەسە چۆن بوونە لەگەڵ مندا. ئەو دەیگوت ڕاستە لە خەمی پارەکانـدا بـووم، بـەڵام دوو ئەوەندەش لە خەمی تۆدابووم، ئەگەر شتێکت لێ بهاتبایە من جوابی باوکتم چۆن بداباوە. شەش مانگ بوو لەو دوکانە بووم، ڕۆژێـک حـاجی وتـی بـا بچیـین تـاکوو بانک بەیەکەوە چووین بۆ بانکەکە لـەوێ چـووین بـۆ لای بەڕێوەبـەری بانکەکـە. وتی ئەم کوڕەم هێناوە، ژمێریاری منە نموونەی ئیمزاکەی وەربگرن، لەمڕۆ بەدواوە بۆی هەیە لەسەر چـەکی بـانکیم ئیمـزا بکـات و هـەر مەبلـەغێکی نووسـی بـۆی سەرف بکرێت. من مات ببووم. نەمدەزانی ئەم مرۆڤە چۆن تا ئەو سنووره باوەڕی بە من کردووە. ئاخر ئەمە خەڵک بۆ کوڕی خۆشـی نەیـدەکرد. بەڕێوەبەرەکـە زۆر هەوڵیدا کە ئەو کارە نەکات، بەڵام ئەو موکڕ بوو کە دەبێ ئاوا بێت. بۆیە نموونەی ئیمزاکەی وەرگرت و بەڵێننامەی خەتی و ئیمزاکراوی لـە ئاغـای نـایبی وەرگـرت و هەر لەوێش دەستەچەکەکانی تەسلیمی بە من کرد و گەڕاینـەوە دوکـان. لـەوێش هەرچی کلیلی دوکان و قاسـە و مـەخزەن هـەبوو دایـە دەسـتم و وتـی ئیـتر مـن پێویستیم بەوە نییە ئەمانە لای من بن. پاشان لە ناو جانتاکەی دوو کلیلی دەرهێنا و وتی ئەمانەش کلیلی دەرگای ماڵی ئێمەن ئەمە لـە لات بێـت تـۆ بـۆ مـن وەکـو (محسین) وایت هەر کات هاتبیت بۆ ماڵمان پێویست ناکات لە دەرگا بدەیت بەو کلیلە دەرگا بکەرەوە و وەرە ژوورەوە!

ئەمە سەرەتای گۆڕانکارییەکی گەورە بوو لە ژیانی مندا خۆمم زۆر بـە گـەورە دەهاتـە بـەرچاو بـاوەڕم نـەدەهات ئـەو هـەموو متمانەیـەم پـێ ببەخشرـێت. بازرگانێکی تارانی هەموو سـەرمایە و سـەروەت و سـامان و ژیـانی خـۆی دابـووە دەست منداڵێکی کوردی ئاوارە. هەرگیز ئەوەم بۆ ڕوون نەدەبۆوە کە ئـەو کەسـە چۆن ئەو هەموو باوەڕ و متمانەی بە من هەیە خۆ مـن جگـە لـە کـاری ڕۆژانـەی خۆم لەو شوێنە هیچی ترم بۆی نەدەکرد. دواتر زانیم ئەو دەیویست من دروسـت بکات کە لە درێژەی ئەو باسە دێینە سەری و باسی لێوە دەکەین. ئاغای نایبی لـە

مامەڵەکردن لەگەڵ موشتەرییەکانی هەندێک بە حەزەر بوو نەیدەوێرا بە قەرز کەلوپەل بدات بە هەموو کەسێک. ئێمە لە تاران بریکاری سێیەم بووین. سێ بریکار هەبوون بۆ دابەش کردنی مەوادەکانی ئەو کارخانانە. (ئاغای کولاهی) کەسێکی تورک بوو خەڵکی (تەورێز) بوو ئەو بریکاری ژمارە یەک بوو. (عەباس تاهیری) تارانی بوو ئەویش بریکاری دووەم بوو. پێوەر بۆ بریکاری یەک و دوو و سێ بڕی فرۆشی ئەو بریکارانە بوو و بڕی داخوازی ئەو بریکارانە بوو لە کارخانەکاندا. بریکاری یەکەم هەندێ مەوادی پێ دەدرا کە نەدەدرا بەوانیتر، تەنیا لای ئەو دەست دەکەوت، ئەویش وای دابەش دەکرد دەبوایە مشتەرییەکە هەموو شتەکان لە لای ئەو بکڕێت ئینجا لەو مەوادە تایبەتانەی پێ دەدان. ڕۆژانە دوو ئەوەندەی ئێمە فرۆشی هەبوو، ملیۆنێرێکی بە ناوبانگی بازاڕ بوو. من بیری ئەوەم دەکردەوە ئیشی پێویستی لە سەر بکەین. بە خەیاڵم داهات ئەو مشتەرییانەی لە شارەکانیتر هەمانن داشکاندنیان بۆ بکەم و چەکی ماوە درێژییان لێ وەربگرم بۆ نموونە ئەگەر چەکێکمان بۆ دەنووسن ماوەی سپی کردنەوەی چەکەکە یەک مانگ بێت پێم دەگوتن بۆ ٤٥ ڕۆژ بینووسن با پاڵەپەستۆی داراییتان نەیەتە سەر. دڵیان زۆر خۆش ببوو. دواتر پێم وتن بەو کەسانە بڵێین کە لە شارەکانتان ئەو ئیشە دەکەن با بێن لە لای ئێمە مەواد بکڕن و ببەن، بە هەمان مامەڵەی کە لەگەڵ ئێوە دەیکەین لەگەڵ ئەوانیش دەیکەین. ساڵانەش سوپرایزتان بۆ دەکەین و دیارییتان پێ دەبەخشین. ئاغای نایبی دەیگۆت ئەوە تۆ چی دەکەیت خۆ لە ساڵێکدا هەموو سەرمایەکەمان دەچێتە قەرز و ئیفلاس دەکەین. منیش دەمگۆت تۆ حەقت نەبێت من لێی بەرپرسیارم ئەویش دەیگۆت یاخودا (ئەو عومەرییە) چی دەکات. ئەڵبەتە دەیزانی من (موسڵمانی سوونیم). ناوە ناوە بە سوعبەت پێی دەگۆتم (عومەری عیناد). بۆیە وتی باشە ئەگەر پارەکانم نەگەڕانەوە تۆچی دەکەیت. منیش بە سوعبەت دەمگوت بە شمشێرەکەی ئیمامی عومەر سەرت پەل دەدەم، پیاوی بێ پارە بۆ چی باشە با هەر بمرێت.

نێوانمان لەو پەڕی خۆشـی و متمانـە بەیـەکتری بـوو. ئـەو منـی ئـازاد کـرد کـە دەتوانم هـەر چـی بمـەوێت ئـەنجامی بـدەم. منـیش هـەوڵم دەدا ئـەو متمانەیـە نەدۆڕێنم و لە پرۆژەکەم سەرکەوتووبم.

رۆژێکیان کەسێک هاتـە لامـان داوای هەنـدێ مـادەی کـرد کـە بـڕە پارەکـەی جیاواز بوو. لە مشتەرییەکی ئاسایی نەدەچوو. ئەو وتی ئەوەنـدەم شـت دەوێـت، بەڵام چەکێکی ٣ مانگە دەدەم منیش لێکم دایەوە زیاتر لە ٧٠ تۆن دەبوو ئەو بڕە مادەیە بۆ شارێک زۆر بوو بۆیە کەوتمە گومان، وتم:

بۆ کام شارت دەوێت؟

بەندەری بوشەهر.

ئێ خۆ ئەوەندە شتە بە ٧٠ ساڵیش بۆت ساغ نابێتەوە.

تۆ لەسەر سێ مانگەکەی خۆت بە و پارەی خۆت وەربگرە.

چۆن بتوانم متمانەت پێ بکەم؟

لە ئاغای کولاهی بپرسە.

یەکسـەر بیـرم بـۆ لای ئـەوە چـوو ئەمـە تەلەیـەک بێـت و ئاغـای کـولاهی دایناببێتەوە بۆ ئەوەی تووشی گرفتمان بکات، چونکە ئەو دەیزانـی مشـتەرییەکانی کەمیان کردووە و لە لای ئێمە شت دەکڕن. بۆیە وتم ئەوەم قبووڵ نییە.

من لە هەموو بازاڕ شت دەبەم، کێت دەوێت دەیکەمە کەفیل.

ناوێکی موعتەبەرم پێ بڵێ.

ئاغای وەزیری. فەرش فرۆشە من بە ترێلە لای ئـەو فـەرش دەبـەم. بـە چـەکی دوومانگە و سێ مانگە مـاوەی چوارساڵیشـە لەگـەڵی کـار دەکـەم. ئـەوەش ژمـارە تەلەفۆنەکەی من. دووراودوور ئاغای وەزیریم دەناسی بازرگـانێکی بـاوەڕپێکراوی ناو بازاڕەکە بوو. هەر خۆشمان ژماری تەلەفۆنەکەیمان هەبوو. بۆیە یەکسەر وەرم

گرت و وتم من ئاغای نایبیم. نایبیش گوێی لە قسەکانم راگرتبوو، وتـم فڵانەکـەس هاتۆتە لامان داوای مەوادمان لێ دەکات. دەڵێت چەکی سێ مانگە دەدەم بـڕوای پێبکەین و کێشەی نابێت. ئەو وتی: لە دەرگای دوکانەکەتانەوە هەرچی تێدایـە تـا کۆتایی ئەنبارەکانتان ئەگەر هەمووی بارکرد و لە کـاتی خـۆی چەکەکـەی نـەبووە پـارە مـن کـەفیلم و وەرن پارەکـەی لـە مـن وەربگـرن. ئاغـای وەزیـری ئەنـدامی دەستەی کارگێڕی سەندیکای بازرگانی تاران بـوو. هـەموو بـازاڕ ڕێـزی لـێ دەنـا و ناسراو بوو بۆیە وتم قوربان ئەگەر جەنابتان ئەو متمانەیـەتان پێـی هـەبێت ئێمـە کێین کە نەتوانین متمانەی پێ بکەین.

ئەم کابرایە تەمـەنی لـە دەوری ٤٠ تـا ٤٥ سـاڵ دەبـوو کەسێکی بـاڵا بـەرز و ئەسمەر بوو بەڵام لە قسەکانیڕا دیـار بـوو کەسـێکی بـە شەخسـیەت و شـەرم بـە خۆیە. بۆیە وتی ئێوە حەقی خۆتانە پرسیار بکەن، بەڵام من ئەوکەسە نیم ئابڕووی خۆم بخەمە خانـەی گومانـەوە. مـن لـە عـوممان و کوێـت و بـەحرین و قەتـەر و ئیمارات بازرگانیم هەیە و ئیعتبارێکی باشیشـم لـەوێ هەیـە و خـەڵـک رێـزم لـێ دەگرن. زانیم کە ئەو کەسە مامەڵەی لەگەڵ وڵاتانی کەنداو هەیـە. بـۆیە وتـم تـۆ ئەو مادانە بە قاچاق دەنێرییە کەنداو؟

هەمووی نا، بەڵام  هەندێ شت هەیە دەبـێ بـە قاچـاخ بـە ڕێ بکـەم چونکـە گومرگی زۆرە و سوودی نابێت بۆ من. ئەوانەی ئێوە ئازادن و گـومرکێکی واشـییان نییە.

تۆ تا ئێستا لەگەڵ کولاهی مامەڵەت دەکـرد و کڕیـاری ئـەو بوویـت. دەتـوانم بزانم بۆچی وازت لێی هێناوە؟

من لە مانگێکا دوو جـار ئەشـیام لـە لای بـردووە، بـەڵام شـێوازی گوفتـاری بـە شێوەیەکە وا دەزانی ئێمە مرۆڤ نین. ئەگەر ئەو تـورکێکی تـەورێزە، مـن نـەوەی (شـێر عـەلی) تەنگسـتانیم. شـێرعەلی تەنگسـتانی گـوێم لـە نـاوی ببـوو ئـەو کەسایەتییەکی شۆڕشگێڕی خوارووی ئێران بوو. فلیمی دیکومینتاری و سینەمایشی

لەسەر دروستکرابوو. ململانێیەکی زۆری ئینگلیزەکانی کردبوو. مـن بـە کەسـایەتی ئەو مرۆڤە سەرسام بووم. بۆیە وتم هەر بە ڕاستی نەوەی ئەوی؟

بەڵێ بەڕاستی نەوەی ئەوم.

هونەرمەنـدی ئێرانـی ئـەو سـەردەم (شـەهرۆز رامتـین) لـە فیلمـی (دلێرانـی تەکنستان) رۆڵی شێر عەلی گێڕابوو وا بە پرۆفیشناڵی رۆڵەکەی دەگێڕا کە ئێستاش هەر لە بیرم ماوە. دیالۆگی فیلمەکە و بە تایبەتی شـێر عـەلی زۆر سـەرنجی منـی راکێشابوو.

شۆڕشەکەی ئەویش وەکو شۆڕشـەکەی ئێمـە وابـوو، بـەڵام لـە جوگرافیایـەکی بچووکتر و خەڵکێکی کەمتر. کۆتاییەکەشی هەمان تراژیدییای ئێمە بوو، بە هەمان تـام و بـۆن، باڵادەسـت و خـاوەن هێـز. چەوسـاوەکان و بـێ دەسـەڵاتەکان هەڵدەلوشێ بۆ ئـەوەی بیانکـەن بـە سـوتەمەنی درێـژە پێـدانی ژیـانی زاڵمانـە و داگیرکارانە و نامرۆڤانەیان.

بۆ من شـتێکی چـاوەڕوان نـەکراوبوو کـە لەگـەڵ نـەوەی کەسـایەتییەکی ئـاوا بەیەک بگەین. بۆیـە پـێم وت چیرۆکـی ژیـانی منـیش هاوشـێوەی ژیـانی بـاوک و باپیرانتە. هەندێ باسی کێشەی کوردم بۆی کرد. دیار بوو هەندێک زانیاری لەسـەر هـەبوو. ئـەو زیـاتر کەسـێکی بازرگـان بـوو نـەک سیاسـی. رێچکـەی بازرگـانی هەڵبژاردبوو دوور لە سیاسەت کـاری خـۆی دەکـرد. کەسـێکی نیشـتیمانپەروەر و نەتەوەپەرست دیار بوو.

ئەو شتانەی ئەو داوای کردبوون هەندێکی لە دوکانەکەی ئێمە نەبوو، چونکـە شتی تایبەت بوون و کڕیاری تایبەتی هـەبوو. دەبوایـە کەسـێک داوا بکـات ئینجـا تۆش لە کارخانە داوات بکردایە. بۆیە بە تەلەفۆن پەیوەنـدییمان بـە کارخانەکـەوە کرد و ئەوانیش وتیـان پێـنج رۆژیـتر بۆتـان ڕەوانـە دەکـەین. بـەم شـێوەیە یەکـەم گرێبەسـتی کـڕین و فرۆشـتن لەگـەڵ ئـەم کەسـە دەسـتی پێکـرد. دوایـی بۆمـان

دەرکەوت کە کەلوپەلەکانی ئێمە دەنێرێتـە ئـەودیو ئاوەکـانی (کەنـداو) و لـەوێ دەیانکاتەوە بە پارە. بڕی داواکارییەکانی ئەو دە ئەوەندەی کڕیارێکی ئاسایی بوو. بێگومان سوودەکەشی زیاتر بوو.

وردە وردە داخوازییەکانمان لە کارخانەکە زیـاتری دەکـرد خـاوەنی کارخانەکـە (ئەرمەنی) بوو، خەڵکی شاری (ئەسفەهان) بوو. جارێکیـان داوای کـرد کـە ئاغـای نایبی سەردانی لای بەڕێوەبەری گشتی کار (مدیر عامل) بکـات بـۆ هەنـدێ کـاری پێویست. ئاغای نایبی وتی تۆ بچۆ من تاقەتی ئەم سەین و بەینـەم نییـە. تـۆ یـان سەری من و خۆت دەخۆیت یان دەچیتە لوتکە. دڵنیام لە بەینە نامێنێتەوە چونکە شـتێک بـە نـاوی بازنـەی ئـەمان لـەو نێوەنـدەدا نییـە. منـیش هـەر بـە پێکـەنین دەمگۆت، ئەوە ئارەزووی خۆت بووە کە ببیتە بریکاری یەکەم، بەڵام خۆت بـوێری ئەوەت نەبووە هەنگاو بنێی و من لە جیاتی تۆ ئـەو هـەنگاوە دەنـێم. دڵنیـام لـە کۆتایی تۆ براوەیت خۆ من بەشم نییە لەو سوودەی تۆ دەیکەیت تەنیا ڕۆژانەکەم نـەبێت. وتـی دەزانـی بڕیـارم داوە ڕۆژانەکـەت بکـەم بـە هەشـتا تومـەن ، ئەمـە پارەیەکی زۆر بوو، چونکە وەستای بـەنایی ڕۆژانەکـەی شەسـت تومـەن بـوو، کـە ئەمە بەرزترین ڕێژەی مووچەی کەسێک بوو لە ڕۆژێکدا.

بەیانی ئەو ڕۆژە من چـووم بـۆ کارخانەکـە کـە کـەوتبووە سـەر ڕێگـای کـۆنی (تاران- کەرەج) گەیشتمە دەرگای کارخانەکە، پاسەوانی دەرگاکە وتی فەرموو، وتم دەمـەوێت بچـم بـۆ لای مودیرعامـل. وتـی مەوعیـدت هەیـە؟ بـەڵێ هەمـە. بـە تەلەفۆنەکەی پەیوەنـدی کـرد و وتـی گـەورەم ئاغـای نـایبی هـاتووە، دیـار بـووی ئەویش وتبووی با بفەرموێت.

چوومە ژوورەوە بینایەکی گەورەی سێ نهۆمی لە پێشەوەی کارگەکـە بـوو. لـە پرسگەکە پرسیم بۆ لای مودیر عامل دەچم، وتـی تەبەقـەی سـێهەم، ژووری ژمـارە (٣٠١). ئیتر بەرەو ئەو شوێنە چووم کە چووم دەرگاکە کرابـۆوە. ژوورێکـی گـەورە بوو مێزێکی درێژی تێدابوو لەگەڵ کۆمـەڵێک دۆڵاب و تـاخم قەنەفەیـەکی جـوان

کە تا ئەو کاتە لە شێوەی ئەوم نەدیتبوو. پیاوێک لە پشت مێزەکە دانیشتبوو هەر خەریکی نووسینی شت بوو. لە دەرگاکەمدا سەری بەرزکردەوە و سەیریکی کردم. هیچی نەگوت و دووبارە خەریکی نووسین بۆوە دووبارە لە دەرگام داوە. وتی بەڵێ چیت دەوێت؟

من جلی کارم لەبەردابوو، زیاتر لە کرێکارێک دەچووم نەک ئاغای نایبی بازرگان. وابزانم ئەوەیش وای زانی من کرێکارم و بۆ کارێک چوومەتە لای. بۆیە وتم:

جەناب من ئاغای نایبیم.

یەکسەر قەڵەمەکەی داناو لە پشت  مێزەکە هەڵساو بەرەو ڕووم هاتوو و وتی:

بفەرما. بفەرما. ئاغای نایبی من وام دەزانی تۆ دەبێ کەسێکی بە تەمەن بیت و چاوەڕوانی دەم و چاوێکی ترم دەکرد نەک تۆ.

نەخێر من هاتووم ئەو نەیتوانی بێت گرفتاری کار بوو.

دڵنیام تۆ ئاغازادەی؟

مەبەستی لە ئاغازادە، واتە کوڕی ئەو بم.

نەخێر من ئاغا زادەنیم.

ئەی چی ئەوێت؟

من شاگردی ئەوم.

دەبوایە خۆی لێرە بوایە. لەگەڵ ئەودا قسەمان بکردایە.

هەر قسەیەکت هەیە بیکە وابزانە لەگەڵ ئەودا دەیکەیت.

پاشان داینیشاندم و وتی من لە خزمەتدام فەرمووو داینیشاندم، فەرمووو دانیشە و بە پەلە جەرەسی لێدا و چایچیەکە هاتوو وتی دوو چـایمان بـۆ بهێنـە. لـە چـای خواردنەوە وتی دەبێت تەلەفۆن بۆ ئاغای نـایبی بکـەم، پشتڕاسـتی بکەمـەوە کـە جەنابت لە جیاتی ئەو هاتوویت؟ وتم ئاساییە، تەلەفۆن بکـە، دواتـر بـە تەلـەفۆن قسەی لەگەڵ ئاغای نایبی کرد و دیار بوو ئەویش پێی وتبوو ئەو هـەر قسـەیەک بکات و هەر بڕیارێک بـدات ئـەوە ڕای منیشـە، بۆیـە هەرچییـەک هەیـە لەگـەڵ ئەودا باس بکەن. تەلەفۆنەکەی دانا و سەیرێکی کردم، وتی:

لە خزمانی ئاغای نایبیت؟

نەخێر.

ئەی چی ئەویت؟

هیچ تەنیا شاگردم.

ئەوە ناچێتە مێشکمەوە.

بۆچی؟

شاگردێک دەسەڵاتی میلیۆنان تومەنی بازرگانێکیتری هەبێت.

دەفتەری چەکی بانکەکان لە گیرفانم دابوو دەرم هێنـان و نیشـانم دان و وتـم هەر ئەوە نییە، من لە جیاتی ئەو چەکی بانکیش ئیمزا دەکەم.

خوایە گیان چی دەبینم، ئەمە ڕاستیە؟

تۆ خەڵکی کوێیت؟

کوردم.

ها.ها.ها.. منیش کوردم. خەڵکی کرماشانم. ئێمە هاوزمان و هاونەتەوەین.

بەڵێ وایە بەس من ئێرانی نیم.

ئەوەچی دەڵێی چۆن ئێرانی نیت؟

من کوردی کوردستانی عێراقم.

ئەی وای تۆ جەماعەتی بارزانیت!

بەڵێ وایە من جەماعەتی بارزانیم.

بە کوردییەک قسەی دەکرد باش لێی حاڵی نەدەبووم بۆیە پێم وت تکایە بە فارسی قسەم لەگەڵ بکە. ئەویش وای کرد و وتی ڕاستە زاراوەکەمان فەرقی هەیە. پاشان وتی، با بچینە سەر باسەکانی خۆمان و شێوازی کارکردنمان. ئاغای نایبی بە ڕێژەیەکی بەرچاو تەلەب و داخوازییەکانی زۆری کردووە هەست دەکەین دەبێ ئێمەش وەڵامی ئەو داخوازییانە بدەینەوە بۆیە بڕیارمانداوە لەسەدا پێنج داشکاندن بکەین بۆ ئەو شتانەی کە داوای دەکات. وەکو پشتگیرییەک، هەروەها پێدانی هەرچی جۆرە ماوەیەک لەو کارخانەیە هەیە بە بێ مەرج. ئەوە خۆشترین هەواڵ بوو نسبەت بە ئێمە. فرۆشتنی ئێمە لە سەر بڕیاری سەندیکای پلاستیک و نایلۆن فرۆشانی تاران بوو. دەبوایە لەسەدا پێنج سوود بخەینە سەرکاڵاکانمان. ئەگەر تەنیا یەک قڕانمان زیاتر بکردایە و شکاتمان لێ کرابا ١٥ ڕۆژ دوکانەکەیان بە هۆی گرانفرۆش دادەخست و مەبلەغەکیش سزای ماڵی دەکراین. ئەنجامی ئەو جۆرە سزایانەش دەبووە هۆی دوورکەوتنەوەی مشتەرییەکان و کەم بوونەوەی فرۆشتن و نەمانی متمانەی مشتەری و بازرگانەکان. بۆیە زۆر بە ئاگا لێبوونەوە کاڵاکانمان دەفرۆشتن. پرسیارم کرد، ئەو لەسەدا پێنجە لە فاکتۆری ئێوەش دادەبەزێت یا خود هەر نرخی جاران تۆمار دەکرێت.

نەخێر هەر داوایەکتان، بگاتە پێنج ملیۆن تومان ئێمە هەمان نرخی کۆن دەنووسین بەڵام لە کوێ پارەکە لە سەدا پێنج لێتان وەرناگرین. واتە لە پێنج ملیۆن، چوار میلیۆن و حەوسەد و پەنا هەزار تومانتان لێ وەردەگرین. ئەمە

باشترین و یەکەم هەنگاومان بوو بۆ بەرەو پێشچوون، چونکە سوودمان دەبووە لەسەدا دە!

وتی من ناوم (سیاوش جەعفەرییە) ئەمرۆ بۆ من رۆژێکی خۆش بوو کە تۆم ناسی هیوادارم لە پەیوەندییەکانمان بەردەوام بین، خۆشحاڵیشم کە کوڕە کوردێک لەو ئاستە دەبینم. ئیتر تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و بە کەسێکی وت وەرە ئێرە. کەسەکە دوای چەند خولەکێک هات بە منی وت ئەمە (ئاغای سلیمیە) بەرپرسە لە بە فاکتۆر کردن و کۆگا و دابەشکردنە. بە ویشی وت ئەمە ئاغای نایبییە. منیش وتم نەخێر من نوێنەری ئاغای نایبییم، ناوم سالارە، پێم دەڵێن ساڵح، نازناوم خۆشناوە.

وتی: ئاغای سەلیمی ئەم بەڕێزە لەگەڵ خۆت دەبەیت، تەواوی ئەو کۆگایانەی هەمانە بە تایبەت و غەیرە تایبەت نیشانی دەدەیت. هەرچی کاڵای هەمانە بە تایبەتەکانیشەوە پێی نیشان بدە. هەرکات هاتوو داوای هەرچییەکی کرد لە لایەن ئێمە ڕێگە پێدراوە و بۆی دەکەیت بە فاکتۆر و پاشان وتی: ئاغا سالار، یەک هەنگاوتان ماوە کە بکرێن بە بریکاری یەکەمی ئێمە لە تاران و ئێران. لە خۆشیان قاچم ئەرزی نەدەگرت. نەمدەزانی چۆن بگەمەوە لای ئاغای نایبی و ئەو هەواڵە دڵخۆشکەرەی پێ بدەم. هۆکاریش ئەوە بوو فرۆشی ئێمە لە چاو ساڵی پێشوتر لە هەمان مانگ دە ئەوەندەی زیادی کردبوو. سروشتیە ئەگەر فرۆشی ئێمە زیاد بکات تەولید و وەربەرهێنانی کارخانەکەش زیادی دەکرد لە ئەنجام ئەویش قازانجی زۆرتری دەکرد. هەموو شتەکان وەکو ئەلقەی زنجیرێک بەیەکەوە بەسترابوونەوە. مرۆڤەکان هەموویان بیر دەکەنەوە بەڵام مەرج نییە بیرکردنەوەکانیان وەکو یەکتر بێت. هەروەها تواناکانیش ناتوانن وەک یەک بن. بیرکردنەوەکان دەکرێ درێژەیان هەبێت، بەڵام تواناکان و بە توانایی مانەوە قەت مومکین نابێت. بەربەستەکان زۆر شتن و بابەتی هەمە جۆرن کە رێگری لە پێشوەچوونی تاکێک یان کۆمەڵگایەک دەکەن بۆ نموونە ( دایک، باوک، نەریتی

کۆمەڵگا، ئایین و مەزهەب، گەمەی سیاسی، نەبوونی ئازادی ڕادەربـڕین و ئـازادی ژیان،. هتد). منیش لەو هۆکارانەی ڕێگریکردن بێ بەش نەبوویمە!

من ناڵێم بیردۆزی من وایکرد ئەم بازرگانـە هەڵبسـتێت و بـازاڕ گـەرمتر بێـت. بۆی هەیە ئەویش هەمان بیرکردنەوەی منی هەبووبێت، بەڵام جیاوازییەکەی بـەم شێوەیە بوو، ئەو هەر لە منداڵیەوە کاری بازرگانی کردبوو بە ڕەنج و مانـدووبوون و ئارەقەیەکی زۆر ئەو سامانەی کۆکردبۆوە و تەمەنیشی تـێ پەڕیبـوو ئەگـەر لـە دەستی بدایە دووبارە بۆی کۆ نەدەکرایەوە بۆیە مومکینە جورئەتی ئـەوەی پەیـدا نەکردبێت بڕیارێکی لەو شێوازە کارکردنە بدات.

من کەسێک بووم جیاواز لەو نە سەرمایەکم هەبوو نـە خـاوەن سـەرمایەکەش بووم لە ئەگەری دۆڕانیش هیچم لە دەست نەدەدا کەواتە زەرەرمەنـد نـەدەبووم، بەڵام تەنیا بیـرم لـە سـەرکەوتن دەکـردەوە نـەک دۆڕان، بڕواشـم بـە شـێوازەکەی کارکردنم هەبوو، پاڵنەرێکیش وای دەکرد کە موکڕ بم لە سەر ئـەم ئیشـە. ئـەویش دڵسۆزی ئەو مرۆڤە و ئەو متمانەیە بوو کە بە منـی کردبـوو بۆیـە دەمویسـت لـە ڕێگای منەوە کارێک  بکەم ئەو زیاتر سوود بکات و سەرکەوتوو بێت لـە بەرانبـەر ئەو هەموو چاکە و دڵسۆزییە و هاوکارییەی بە منی دەکرد.

هەر بۆیەش ئەوەندە هەوڵمدا و خـۆم مانـدوو کـرد لـە دوای هەشـت مانـگ کارکردنم نازناوی بریکاری ژمارە یەکی تارانمان پێ بەخشرا. ئەمە ئەو ئاواتە بوو کە من بۆیم هەوڵدەدا و ئاغای نایبیش بە درێژایی (٣٠ ساڵ)، ئارەزووی دەکرد، بـەڵام نەدەوێرا بچێتە ناو ئەو یارییەی کە کۆتاییەکەی نەدەزانرا براوە دەبێت یان دۆڕاو، چونکـە لـە ئەگـەری دۆڕانـدن واتـە ئـیفلاس کـردن و بـوون بـە خـاوەنی هـیچ و دەگەڕایتەوە خاڵی سفر. ئا ئەم خاڵی سفرە ترسێکی گەورە بوو کە هەمیشە ئاغای نایبی وەکو سێبەر بە دوای خۆیدا رایدەکێشا!

# بەشی چوارەم

# هەڵگیرسانی شۆڕشی گوڵان

ناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٦ مقۆمقۆی ئەوە بوو کە شۆڕشی کورد دەست پێکراوەتەوە لە ژێر ناوی (شۆڕشی گوڵان) کە پارتی دیموکراتی کوردستان ڕابەرایەتی دەکات بە ناوی (سەرکردایەتی کاتی)، لە لایەکیتریش دەیانگۆت (مام جەلال) لە سوریا ئیعلانی شۆڕشێکی تری راگەیاندووە جارێکیان کەسێک هاتە ماڵمان لە شێوازی قسەکردنی دیاربوو کە خەڵکی سنووری پارێزگای سلێمانییە. لەگەڵ باوکم کەوتبوونە گفتگۆ. ئەو بە ناوی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی شۆڕشگێری کوردستان) قسەی دەکرد. زۆریش دادەبەزییە سەر پارتی و ماڵی بارزانی. باوکیشم جوابی دەدایەوە بە (خاڵە حاجی) ناوی دەهێنا دواجار پێی وت تۆ کە ئەوەندی زەمی پارتی و بارزانی دەکەیت خۆ ئێستا زگت هەڵدڕم نانی پارتی و بارزانیت لە زگی دێتە دەرێ. ئەو لەو قسەیە تورەبوو هەڵسا رۆیشت و خواحافیزی کرد. لە باوکم پرسی ئەمە کێ بوو. وتی ئەمە پێی دەڵێن (هەڤاڵە جوجەلە) کادیری پارتی بوو ئێستا گۆڕاوە و دژی پارتی قسە دەکات خەڵکی سلێمانییە. لە کۆنەوە دیناسم جاران کادیرێکی باش بوو، بەڵام دیارە چۆتە ژێر کاریگەری نەیارانی پارتی و لای داوە لە بیرو باوەڕی پێشووی. لە ڕۆیشتی هەڤاڵ جووجەلە کە پێڵاوەکانی دەکردە قاچی، باوکم پێی وت ئێمە بڕیاری ئەوەمان نەداوە دووبارە تێکەڵ بە کاری سیاسی ببین بۆیە ئەگەر جارێکیتر ویستت بێیتەوە بۆ ماڵی ئێمە دوور بە لە هەموو ئەو قسانە. ئێستا ئێمە بۆ خۆمان لەماڵی خۆمان دانیشتووین و کاسبی دەکەین. نامانەوێت ژیانی ماڵ و منداڵانمان بکەوێتە مەترسی و لێمان تێک بچێت کە ئەو رۆیشت دایکم وتی نەدەبوایە بەم شێوەیە قسەت لەگەڵی کردبا، نەوەک لە دڵی گران بێت. باوکم وتی من دەزانم بۆ وا قسەم لەگەڵی کرد. دوورنییە ئەو ڕاسپێردراوی ساواک بێت بۆ ئەوەی بزانن کە ئایا ئێمە چالاکی سیاسیمان هەیە و مەیلمان لێیەتی. ئەگەر ئەوە بێت ئەوە ڕێگام لێگرت بۆ ئەوەی بە تاوانی کاری سیاسی ئازارمان نەدەن.

ئەو خەڵکەی کە ئاوارە ببوون هەمووی خەریکی کارو کاسبی خۆیان بـوون تازە دەهات باری گوزەرانی خەڵکی باش ببێـت. فێـری ژیـانی شارسـتانی ببـووین. ڕاستە جێگا و ڕێگا وشوێنی نیشتەجێ بووڼمان لەو ئاستە نەبوو، بـەڵام بیرکردنـەوە لە ژیانێکی شارستانی ڕەونەقی وەرگرتبوو لە نێوان ئاوارەکاندا.

خەڵکی ناو مەکتەبەکە کە ئێمەی تێدا نیشتەجێکرابوو وەکو گوندێکی بچـووک وابوو. هەرکەس هەر چیەکی بکردایـە ئەوەکـەیتر دەیزانـی. تەنانـەت خـواردنیش دەزانرا ئەمرۆ بۆ ئێوارە ماڵی کێ چی لێناوە. باری ژیانی ئێمـە تـا رادەیـەکی بـاش لەوانیتر باشتر بوو. ئەوانیش خراپ نەبوون، بەڵام ئێمە دەسکەوتی مادیمان زۆرتـر بوو لەوان. شەهید قادر کە خەڵکی دەشتی هەولێر بوو بە عەشیرەتیش (گـەردی) بوو ئامۆزای مامۆستای شەهید (سەعد عەبدوللا) بوو. ئەم پیاوە تا بڵێـی پیـاوێکی بـاش و ڕوح سـووک بـوو. کوڕێـک و کچێکـی هـەبوو بـە نـاوی (هیـوا و شـادیە)، هاوسەرەکەشی ناوی (فەخریە خان) هەر ئامۆزای خۆی بوو کـە دەکاتـە خوشـکی برا و هەڤاڵ و هاوڕێم کاک ( سابیر ئەحمەد) ئەم پیاوە زۆر لە بـاوکم نزیـک بـوو لە کۆمپانیایەکی بیناسازی بەناوی (شاهگوڵی) لەگـەڵ بـاوکم و شـەهید مامەنـد و موحسین خۆشناو و کۆمەڵێ خەڵکیتر ئیشی دەکرد، بەڵام تەمەڵ بوو زۆر هیلاکـی خەو بوو دەبوایە بـەیانیان کـاتژمێر ٥ لـە خەو هەڵسـێت بۆیـە زۆربـەی بـەیانیان دەبووە دەنگەدەنگ و هاوار هاوار تاکوو قـادر لـە خـەو هەڵبسـتێت. ئێوارەیـەک قادر وتی من لە کاژیر پێنجی بەیانی لە خـەو هەڵدەسـتم ڕۆژانەشـم پـانزە ڨەنـە توخوا ئەوە ژیانە من دەبێ ١٢ سەعات لە کـار و ڕێگـا بـم بـە خـوای مـن نـاتوانم تەحەمول بکەم لە بەیانییەوە نایەمە سەرکار هەرچەنـدی جەماعـەت هـەوڵیان دا لەگەڵی نەچووە ژێر بـاری. بـەیانیش کـەس بـانگی مـن نـەکات ئیـتر هـەر کەسـە بڵاوەیان کرد بـۆ ماڵـەکانی خۆیـان مـاڵی ئێمـە وەکـو دیوەخـان وابـوو. پیاوەکـان شەوانە هەمووی لەوێ لە لای باوکم کۆ دەبوونەوە. کـاتی جێگـا داخسـتنمان بـوو کە باوکم وتی سالار ناتوانی قادر ببەیتە لای خـۆت و لـەوێ ئـیش بکـات. بـە خـوا

عیناده نایەت بۆ ئیش ئەگەر ئیشیش نەکات منداڵەکانی رەزیل دەبن چاویان لەم و لەو دەبێت. منیش وتم بەیانی لەگەڵ ئاغای نایبی قسە دەکەم و وەڵامت دەدەمەوە. ئەوە بوو بەیانییەکەی بە حاجیم وت ئەویش وتی: خۆت خاوەن بڕیاری ئەگەر دەزانی بە کەڵکی ئیشی ئێمە دێت بەیانی لەگەڵ خۆت بیهێنە. ئیتر ئەوەبوو لە بەیانییەکەی دوای ئەو رۆژە شەهید قادرم لەگەڵ خۆمدا برد بۆ ئەوەی لە لای ئیمە دەست بە ئیش کردن بکات. لەوێ بە حاجیم ناساند و وتی بیبە عەنبار با لەگەڵ ئەوانیتر ئیش بکات. شەهید قادر کەسێکی باڵا بەرز نەبوو، بەڵام لەش و لارێکی پتەو و هێزێکی باشی هەبوو تەنیا خاڵی لاوازی ئەوە بوو کە بەیانییان حەزی دەکرد درەنگ لە خەو هەڵبستێت. لە عەنبار کاڵامان هەبوو کێشی هەشتا تا سەد کیلۆ بوو، شەهید قادر دەیخستنە سەر یەک تاکوو دەنووسا بە سەقفی ئەنبارەکە بێ ئەوەی یارمەتی لە کەس وەربگرێت هێزێکی جیاوازی هەبوو.!

بەم شێوەیە ئیشمان بەردەوام بوو لەو دوکانە. ئاغای نایبی وتی چەند منداڵی هەیە؟ وتم دووان، وتی رۆژانە سی تومەنی بۆ حساب بکە، لەبەر ئەوەی دەزانم ژیانی ئێوە چۆنە و ئەویش خاوەن ژن و منداڵە، ئەگینا زیاتر لە ١٥ تومەن نادەم بە شاگرد. منیش سوپاسم کرد و وتم زۆر باشە، ئەویش کە زانی رۆژانەکەی ئەوەندەیە زیاتر خۆی ماندوو دەکرد و جوانتر ئیشەکانی دەکرد، چونکە ئەم پارەیە دوو ئەوەندەی ئەو پارەیە بوو کە لە ئیشی پێشووی وەری دەگرت.

خواردنگەیەک نزیک دوکانەکەمان هەبوو کە نیوەڕۆیان دەچووین لەوێ نانمان دەخوارد من جگەرەم نەدەکێشا، بەڵام شەهید قادر جگەرەی (زەڕ)ی ئێرانی دەکێشا کە خراپترین و هەرزانترین جگەرەی ئەو کات بوو. نیوەڕۆیان کە نانمان تەواو دەبوو جگەرەیەکی دەردەهێنا و دایدەگیرساند و دووکەڵەکەی دەکردە دەمووچاوم و دەیگۆت هیچ شتێک تامی جگەرە نادات لە دوای سگی تێر و خواردنی خۆش. جگەرەیەکی بۆ دەهێنامە پێش و دەیگۆت دانەیەک داگیرسێنە

لەدوای خواردن خۆشە منیش بڵێم حەزم لێ نەبوو، راست نییە، بەڵام زۆریش نا، هەم لە ترسی باوکم دەمگۆت لێم تووڕە دەبێت، هەمیش بیرم دەکردەوە هێشتا بچووکم. رۆژێکیان بە ناچار لێم وەرگرت درۆ نەکەم زۆر زەوقم لێیکرد. تا وای لێهات رۆژانە دوای نانی نیوەڕۆ جگەرەیەکم لێ وەرگرت و تەنیا هەر ئەو رۆژە ئەو جگەرەیەم دەکێشا تا وای لێهات من پێشی ئەو خواردنم تەواو دەکرد و دەستم دەبرد بۆ گیرفانی و جگەرەیەکم دەردەهێنا. بەم شێوەیە من ئاڵوودەی جگەرەکێشان بووم تا دەگاتە ئەمرۆش.

رۆژێکیان برادەرێکی باوکم هاتە ماڵمان (رەسول فەقێ) کە لە کەرەج دادەنیشت بە باوکمی وت کاک ئیدریس وتوویەتی سەردانم بکات و بیبینم. ئەو نەیگۆت چ ئیشێکی هەیە، بەڵام لە باوکمی پرسی دەبێ چ ئیشێکی پێت هەبێت؟ باوکم وتی تۆ لای ئەو هاتووی من دەبوایە ئەم پرسیارە لە تۆ بکەم بە فێڵی چوونە قەزوین بۆ سەردانی مام غەریب باوکم چووە کەرەج لەوێ چاوی بە کاک ئیدریس کەوتبوو. ئەو پێی وتبوو لە شارەکان هەندێ خەڵکمان راسپاردووە کە پەیوەندی بە (سەرکردایەتی کاتی) بکەن. ئەوان دێنە تاران لای تۆ لە جیاتی من. تۆ ئەوەی پێویست بێت بۆیان دابین دەکەیت، رەوانەی ڕەزائیەیان دەکەیت. هەرکەسێکت نارد ئەم عینوانە و ئەم ژمارە تەلەفۆنەی پێ بدە با کە گەیشتە ڕەزائیە پەیوەندی بەو کەسە بکات. ئەو دەیگەیەنێتە لای هەڤالان. تکیتی پاسیشی بۆ ببڕە و تا گەراج بیبە و بە ڕێی بکە. باوکیشم نەیدەتوانی بە ئاشکرا ئەم کارە بکات، چونکە لە ژێر چاودێری ساواک دا بوو. بۆیە هەموو ئەو کارانەی بە من رادەسپارد. دەبوایە بچم فلکەیەک هەبوو لە تاران ناوی (مەیدانی گومرگ) بوو لەم فلکەیە چەند دوکانیکی لێبوو کە کەلوپەلی سەربازییان دەفرۆشت دەبوایە من بچم ئەوەی پێویست بوایە بۆ ئەو کەسەی کە لە رێگەی باوکمەوە پەیوەندی بە سەرکردایەتی کاتی دەکرد بۆی دابین بکەم بۆی بهێنمەوە ماڵ دەبوایە بیبەمە گەراج و بەڕێشی بکەم.

لە هەفتەیەکدا سێ تا چوار حاڵەتی ئـەوها دەهاتنـە پـێش، کـە ئـەو خەڵکـەم دەدیت بە چ جۆش و خرۆشێک و پەلە پەلێکەوە تامەزرۆی ئەوەن زوتر بگەن بـە هەڤاڵانیان لە سەرکردایەتی کاتی، من هەستی کوردایەتی و پێشمەرگایەتییم زیاتر دەجولا، ئـەو چیـرۆک و داسـتان و بەسـەرهاتانەی کـە شـەوانە دەیانگێڕایـەوە لـە ڕابردوویان جێگای سەرنج و هەڵوێسته لەسەرکردنی مـن بـوو. زۆر جـار لەگـەڵیان دەکەوتمە گفتگۆکردن. ئەوان بە پرسیار و قسەکانی مـن سەرسـووڕمای دەبـوون و دەیانگۆت وەڵا هەقە تۆ لەگەڵ ئێمە بێیت بـۆ پێشـمەرگایەتی. بـەڵام دایکـم ئـەو جۆرە قسانەی لا خۆش نەبوو لە بەر ئەوەی من هەم تەمەنم بچووک بوو هەمیش پەیوەست بووم بە کارێک نەمدەتوانی دەسبەرداری ببم.

نەتـەوەپەرسـتی و هەسـتی نەتەوایـەتی دوو شـتی لەیـەک جیـاوازن. نەتـەوە پەرستێک ناتوانێ خۆشەویستی بۆ نەتەوەکانیتر دەرببڕێـت و لەگـەڵیان هەڵبکـات بۆ نموونە (نازییەکانی ئەلمانیا، فاشیەکانی ئیتالیـا، نەتـەوە پـەرسـتەکانی فەرەنسـا) ئەمانە هیچ نەتەوەیەکیتریان قبووڵ نەدەکرد و نایکەن، بەڵام هەستی نەتەوایـەتی جیـاوازە تـۆ دەتـوانی شـانازی بـە کوردبـوونی خـۆت بکـەیت و بـەرگری لـە مافەکانیشت بکەیت لە هەمان کات دەتوانی دۆستی نەتەوەکانیتریش بیت و هاو سۆز و هاوخەمی یەکتر بن.

مـن زیـاتر بـەم لایەنـەدا دەشـکامەوە. بـڕوام بـەوە هـەبوو کـە هەسـتی نەتەوایەتییم بەهێز بکەم باشترە لەوەی نەتەوەپەرستێکی وشک بم. فێـری قسـەی گەورە گەورە و مەجلیسی گەوران ببووم. لە موناقەشە و گفتگۆکان هەڵم دەدایـێ و ڕای خۆم دەردەبڕی هەمیشەش دەوروبەرەکەم گوێیان بۆ ڕادەدێـرام و ڕێزییـان لە قسەکانم دەگرت بۆیە سوورتر دەبووم لە سەر ئەو بیروڕایانەی کـە هـەمبوون. ژیـان بـەردەوام بـوو، ڕۆژانـەش دەچوومـە کارەکـەی خـۆم زۆر داڵغـەم لـەکڕینی پایسکیلێک دابوو. ئەو پایسکیلە ئاسایی نەبوو نرخێکی زۆریشی هەبوو. ئەو کات ماتۆر سیکلێک نرخەکەی (١٥٠٠) تومەن بوو لە کۆمپانیا وەرت دەگرت، بەڵام ئەو

پایسکیلە نرخەکەی (١٦٦٦) تومەن بوو مارکەی جەگواری ئەلمانی بوو، هی سیباقات بوو. هۆکاری ئارەزووبوونیشم بۆ پایسکیل ئەوە بوو کە من زۆر دەگەڕام لە تاران مەوداکانیش دوور و درێژ بوون دەبوایە بڕە پارەیەکی زۆر بدەمە پاس یان تەکسی. بیرم لەوە دەکردەوە کە ئەگەر پایسکیلێکم هەبێت ئەم پارەیە بۆ خۆم دەگەڕێتەوە و بۆ شتێکیتر سوودی لێ دەبینم. بەڵام لە ترسی ماڵەوە بە تایبەتی باوکم نەمدەزانی چۆن بیکڕم لەبەر دوو هۆکار: یەکەمیان لەوە دەترسان بچمە ژێر ئۆتۆمبێلێک، دووەم، بڕە پارەی کڕینی پایسکیلەکە زۆر بوو. چونکە باشترین  پایسکیلی ئەو کات نەدەگەیشتە (٥٠٠) تومەن. من ئەو جۆرە پایسکیلە تایبەتەم دەویست کە سووک بوو لە کێش، تیژ بوو لە ڕۆیشتن، برێکێکی باشی هەبوو بۆ وەستان. تایەکانیشی باریک و گەورە بوون کە دەبووە هۆکاری تیژتر ڕۆیشتنی بە تایبەتی لەسەر هەورازەکاندا.

ئێوارانێک هاتمەوە ماڵ قەرەباڵغیەکی زۆر لەبەر دەرگای حەوشەمان هەبوو ترسام شتێک ڕووی دابێت کە گەیشتمەوە ئەوێ دیتم چاڵێکیان لێداوە زیاتر لە مەترونیوێک قوڵە و بازنەیی هەڵکەندراوە بە پانتایی دوو مەتر، وتم ئەمە چیە؟ وتیان بۆری مەزرا گیراوە شارەوانی هاتووە هەلی کەندووە و وتویانە بەیانی دێین چاکی دەکەینەوە.

بۆنێکی پیسی لێ دەهات کۆڵانی ئێمە (بن بست) بوو. واتە کۆتایی کراوە نەبوو کۆتایی کۆڵانەکە دەبووە دەرگای حەوشەی ئەو قوتابخانەیەی کە ماڵی ئێمەی لێبوو. هەشت ماڵیش لەولاو لەولای کۆڵانەکە هەبوون کە فارس بوون خەڵکی باش بوون و زۆر دۆستی ئێمە بوون کوڕی ماڵێکیان بە ناوی (سیاوش) پاڵەوانی لەشجوانی بوو  لە کێشی ٨٠ کیلۆ لەسەر ئاستی تاران و لە هەڵبژاردەی ئێران یاری دەکرد. ئەو زۆر دۆستی ئەو گەنجانەی ئێمە بوو کە لەگەڵ ئێمە ماڵیان لەو شوێنە بوو. کەسێکی قسە خۆش و روح سووک بوو و هەمیشەش هانی دەداین وەرزش بکەین. ئێمەش تیپێکمان هەبوو بۆ تۆپی پێ لە تاران، وەکو

پـەیامێکی سیاسـی سـەرتاپای جلوبەرگـەکانمان ڕەش بـوون. ئەسـتێرەیەکی سـوور لەسەر لای ڕاستی درێسەکانمان لەسەر سـنگمان هـەبوو تـەنیا جلـەکانی مـن زەرد بوو لەسەر پشتی نووسیبوومان (اتحاد جوانان کردستان عراق) واتە یەکێتی لاوانـی کوردستانی عێراق. زۆر جار کە یارییمان دەکـرد خـەڵکی ئێـران وایـان دەزانـی لـە عێراقەوە هاتووین نەیاندەزانی کە دانیشتووی شـاری تـارانین. لـە تـاران بیسـت و یەک قوتابخانەی لێبوو کە ماڵی کوردە ئاوارەکانی عێراقی لێبوو. کۆمەڵە گەنجێکی باش و وەرزش دۆست هـەبوون لـە ناویـان (شـوانی مـام حەمیـد) کـە ماڵیـان لـە قوتابخانەی (بەهار) بوو سەرۆکی تیپەکەمان بوو. (زیـادی گـۆلچیش) ڕاهێنـەرمان بوو. ئێمە بەیانیان کاتژمێر (٥) دەچووینە پارکی (لالە) کە لە (بلوار الیزابـت) بـوو کە ئێستا ناوەکەی گۆڕاوە بۆ (بلـواری کشـاورز) زەوی چیمـەنی لێبـوو ڕاهێنانمـان دەکرد تاکوو کاتژمێر (٧) دواتـر هـەر کەسـە دەگەڕایـەوە ماڵەکـەی خـۆی یـاخود دەچووە سەر ئیشەکەی. ئەمـە بەرنامـەی هـەموو بـەیانیانی ئێمـە بـوو جگـە لـە ڕۆژانی هەینی.

بەیانییەکەی کە لە خەو هەڵسام نییـەتم هێنـا وتـم ئـەمرۆ پایسـکیلەک هـەر دەکڕم. دوکانەکە لە شەقامی (ناصر خسرو) بوو ڕۆژانـە زۆر جـار ڕێگـام دەکەوتـە ئەوێ. بەینێکی باش بە دیار پایسکیلەکان ڕادەوەستام و سەیرم دەکردن. ئەو ڕۆژە بڕیارم دا کە چیتر سەیر نەکەم و دانەیەک بکڕم پێویستیشم بەوە نەبوو داوای پارە لە کەس بکەم خۆم پارەیەکەم هەبوو.

ئـەو ڕۆژە ئـەو پایسـکیلەم کـڕی، ئارەزووەکـەم هاتـە دی. ئێـوارە بـەرەو مـاڵ بوومەوە سەیرم کرد دیسان قەرەباڵغیەکە هەر لەوێ هەیە منیش وتم بـە خێرایـی دەچـم لەسـەر لێـوی چاڵەکـە ئیسـتۆپێک دەکـەم و دەچـەقم. ئـاخر ئیسـتۆپی پایسکیلەکە لە ناو بۆلبەرینگەکە بـوو وەکـو ئسـتۆپی مـاتۆر بـوو. سووکانەکەشـی گۆچانی چەماوە بوو کاتی لێ خوڕین کوڕ دەبوویەوە و قورسـایی دەکەوتـە سـەر تایەی پێشەوەی. من هێشتا زۆر باش شارەزاییم لێ پەیدا نەکردبوو. کـە گەیشـتمە

سەر لێوی چاڵەکە لە جیاتی ئیستۆپی دواوە بگرم لێم تێکچوو ئیستۆپی پێشـەوەم گرت، پایسکیلەکە یەکسەر چەقی و دواوەی بەرز بۆوە و منیش وەکو مەلـەوانێک سەراوسەر بۆ ناو چاڵەکە چووم و پایسکیلەکەش بـەربۆوە سـەرم. هـەموو دەس و قاچ و شان وملم زامار ببوون، بەڵام مـن خـەمی پایسـکیلەکەم بـوو. هـەموو ئـەو خەڵکەی لەوێ بوون دەستیان کرد بە پێکەنین و ئەیڕۆ ئەیڕۆ. هـەموویان ئـافرەت بوون. بـە ڕەحمـەت بێـت سـەعدییەی هاوسـەری شـەهید مامەنـدی وتـی "ئـەی کۆرەبم ئەوە لۆ ئەوهات لە خۆت کـرد." سـەیرم کـرد دوو تێلـی تایـەی پشـتەوەم پساون هەستم کرد رینگەکەش تـۆزێ خـوار بووبێـت پایسـکیل چیـەک لـە نزیـک ماڵمان هەبوو بردمە لای تێلەکانی بۆ گۆڕیم و ڕینگەکەشی بۆ ڕاسـت کردمـەوە و وتی حەیف ئەو های لێهاتووە ئەوە سەیارە لێیداوی؟ وتم ناوەڵلا بەربوویمەوە ناو چاڵ، ئەویش زۆر پێم پێکەنی و وتی نرخی ئەم پایسکیلە بزانە تا بیست ساڵیتریش هیچی لێ نایەت ئەگەر ئاگات لێی هەبێت.

پایسکیلێکی زۆر باش بوو ئەو کاتانەی کاتم هەبوایە لە چوار ڕیـانی مەولـەوی پەیدانم لێدەدا و تاکوو جەماران زیاتر لە بیست و پێنج کیلۆمـەتر دەبـوو رێگاکـە ئەو سەریشی دەچوومە تەجریش و بە (ولی عهد) کە ئێستا (ولی عصر) پێ دەڵێن دەهاتمەوە خوارێ، تاکوو (فلکەی منیرییە) و لـەوێش دەهاتمـەوە بـەرەو مـاڵ بـۆ چوارڕیانی گەلوبەندەک و ناو بازاڕی تاران و ماڵەوە. هەمووی ئەو مەودایە ئەگەر هەژمار بکەین خۆی لە شەست کیلۆمەتر دەدا. لایـەنی کـەم لـە هەفتەیـەک مـن یەکجار بەم ئاڕاستەیەدا دەچووم و دەهاتمەوە.

## بەزمەکەی شەهید قادر

رۆژانە لە سەر ئیشەکەم سەرقاڵ بووم. شەهید قادریش ناوە ناوە کە بێ ئـیش دەبوو دەهات لە لای من دادەنیشت. ئەو لەگەڵ ئەوەی کـە هێزێکـی جەسـتەیی

باشی هەبوو بەڵام قالب قورس بوو حـەزی بـە کـاری قـورس نـەدەکرد بۆیـە هـەر بۆڵەی دەهات. رۆژێک هاتـە لام مـن خـەریکی رۆژنامـە خوێندنـەوە بـووم، ئـەو خوێندەواری نەبوو، وتی ئەوە چی نـووسراوە؟ منـیش لاپـەرەی رێکلامـەکان بـووم دەمخوێندەوە. وتـم ئـەوە هـەمووی ئیشـە و کۆمپانیایـەکان بڵاوییـان کردۆتـەوە. هەریەکەیان کرێکارییان دەوێت بۆ ئیشێک. وتی، کەس حەرەسی ناوێت؟ مـن لـە مەبەستی گەیشتم. ئەو دەیویست ئیشێکی هەبێت دانیشێت و هێز بەکار نـەبات و مووچەشی هەبێت. لە گۆشەیەکی رۆژنامەکە نووسرابوو (بە یک دوشیزە ماشین نویس احتیاج داریم) واتە (پێویستیمان بە کچێکە بزانێت تایپ بکات) منیش وتـم با تۆزێک جەو بگۆڕین بە قادرم وت ئەوەتا لێرە داوا دەکەن بۆیم خوێندەوە ئـەو فارسی نەدەزانی وتی یانی چـی؟ وتـم دەڵێـت کەسـێکمان دەوێـت بـۆ حەرەسـی دەرگای کارخانە، وتی وەڵا ئەوە بۆ مـن باشـە دە تەلـەفۆنی بـۆ بکـە. منـیش وتـم ژمارەکەت بۆ وەردەگرم، بەڵام دەبێت خۆت قسەی لەگـەڵ بکـەیت، وتـی فارسـی نازانم. وتم دوو کەلیمەیە من فێرت دەکـەم تـۆش پێـی بڵـێ. ئەوەنـدە تامـەزرۆی تەمەڵی بوو، وتی باشە پێم بڵێ چی بڵێم؟ وتم بڵێ ئاغا من میخوام دوشیزە بشـم، واتە بەڕێز من دەمەوێ ببمە کچ!  وتی ئەمە مانای چییە؟ وتم واتە مـن دەمـەوێ ببمـە حـەرەس. ئـەویش بـڕوای هـات و دوو سـێ جارێـک ئـەم ڕستەیەی وتـەوە لەبەری کرد وەکو شیعر، پاشان وتی بۆمی وەرگرە با قسـەی لەگـەڵ بکـەم. منـیش تەلەفۆنەکەم بۆ وەرگرت و دامە دەستی:

ئەلۆ. ئەلۆ.

فەرموو

سڵاو

فەرموو

بە فارسییەکەی (ئاغا من میخوام دوشیزە بشم)

تۆ دەتەوێ ببیتە چی؟

دوشیزە

مگر مرد بودنت اشکالی برات دارە؟

واتە مەگە پیاوبوونت کێشەیەکی بۆت دروست کردووە. ئەویش نەیدەزانی جوابی بداتەوە. هەر دەیگوت دوشیزە میشم، دوشیزە میشم، منیش خۆم بۆ ڕانەگیرا، پێکەنین گرتبوومی دیار بوو ئەو کەسە گوێی لە پێکەنینەکەم ببوو وتی ئەوە کێیە لە تەنیشتت پێ دەکەنی؟ وتی ڕەفیقمە.

دەباشە تەلەفۆنەکەی بدە ئەو. ئەویش تەلەفۆنەکەی بۆ لام ڕەوان کردوو وتی ئیشی بە تۆیە، نەمگۆت من نازانم قسە بکەم. تەلەفۆنەکەم وەرگرت.

بلی. بفرمایید.

سلام علیکم.

سلام عزیزم بفرمائید.

میشە معرفی کنید خودتونو

من یک همشهری هستم شما امرتون؟

وللا پیداست آدمهای شوخ طبعی باشین ازتون خوشم اومدە. اون رفیقت فارسی بلد نبود. شما بچە کجائید؟

ما کردیم.

ای وای جدی میگی؟ چۆنی باشی؟

ئەوە تۆش کوردی؟

بەڵێ من سنەییم ،ئەی ئێوە کوێیین؟

ئێمە کوردی عێراقین. لێرە ئاوارەین.

عەجەب رێکەوتێکی سەیرە. ژمارەی منتان لە کوێ هیناوە؟

لە رۆژنامە نووسرابـوو. ئـەو رەفیقـەم ئیشـی هەیـە، بـەڵام هەنـدێ زەغەلـە و ویستم هەندێک پێبکەنین.

بـەخوا زانـیم کەسـێک بـۆ کـات کوشـتنی وای پـێ دەکـات. ئـەوە ژمـارە و ئەدرێسەکەم لەلاتانە پـێم خـۆش دەبێـت بـێن بـۆلام و لـە خزمـەتتان دابـم. بـەو برادەرەش بڵێ با ئیتر هەوڵی ئەوە نەدات ببێتـە (دوشـیزە) دوایـی ئـەرکمان گـران دەبێت! ئەو رۆژە تا درەنگانی شەویش هەر کەسێک دەگەیشتە شەهید قادر پێی دەگـوت (سـلام، مـن میخـوام دوشـیزە بشـم). جـا خۆشـیەکەی لـەوە دابـوو ئـەو خەڵکەی خۆمان کە لەوێ بوون بۆ هەر ئیشەک بچوویان دەبوایە ئەمن لەگـەڵیان بچم، چونکە شارەزاییەکی باشـم لـە تـاران هـەبوو. بـرادەرێکم هـەبوو لـە شـاری ئەسفەهان دەژیا (مەغدیدی عومەر لالی مەخموری) ئێستا لـە ئـەمریکا دەژیـت، ئەو برادەرە لە شۆڕش فێری ئەوە ببوو دەرزی لێبدات و تەداوی بکات لە ئێرانیش وەکو مزەمید دامەزرابوو. تەلەفۆنی بۆکردم وتی بەیانی دێمە تاران ئەمن شارەزای تاران نیم. لە مانگی سووری ئێرانی ئیشم هەیە و مامەڵەی دامەزراندنم هەیـە بـە منیان وتـووە بێمـە ئـەوێ لـە نهـۆمی ٨ دەبـێ بچمـە لای کەسـیک نـاوی (ئاغـای کەریمیە) دەبێ لەگەڵم بێیت. منـیش وتـم باشـە وەرە انشـاالله لەگـەڵت دێـم. بـۆ بەیانی کاتژمێر ٥ی بەیانی گەیشتە ماڵمان. ئـەو مرۆڤـە بـە هـەتیوی گـەورە ببـوو کەسێکی زۆر سادە و راستگۆ و رۆح سووک بوو.

لـە هەمانکاتـدا کاسـب بـوو حـەزی لـە ئـیش دەکـرد، دەبوایـە لـەو شـوێنە ڕەزامەندی ئیشکردنی وەرگرتایە. کاتژمێر (٧:٣٠) بەیانی لە ماڵ دەرچووین بـەلای ئاغای نایبی داچووم و مۆڵەتم لێی وەرگرت، ئەو دەیزانی مـن دەبـێ لەگـەڵ ئـەو ئاوارانە بچم بۆ ڕایی کردنی کارەکانیان بۆیـە زۆر جـاریتر مۆڵـەتم لێـی وەرگرتبـوو هیچ کات نارەزایەتی خۆی دەرنەدەبڕی دەیگۆت ئەوەی پێت دەکرێـت هاوکـاری هاوڵاتیانت بکە، ئەگەر پێویستیان پێت هەبوو. لەوێوە بە ڕێکەوتین بۆ باڵەخانەی

مانگی سووری ئێرانی سیانزە نهۆم بوو دەرگـای دەروازەکەی (بـەکرەیی)بـوو واتـە چوارشەق بوو و لە دوەری خۆی دەسووڕایەوە و دەبوایـە یـەک کـەس بچێتـە نـاو بەشـێکی، بـە مەغدیـدم وت مـن دەرۆم تـۆش لـە دوای مـن وەرە. نـەمزانی لـە مەبەستم نەگەیشتووە هەر ئەمن داخلی یەکێک لە بەشەکان بـووم، دەبوایـە ئـەو لە دوای مـن بچێتـە بەشـەکەیتر کـەچی خـۆی تێخزانـد و قیـت هاتـە پشـتی مـن دەرگاکە دەبوایە تەنیا یەک کەس تیا چووبایە بۆیە گیری خوارد و لەولا بە مەغدید دەکەوت و لە پێشەوەش بە من دەکەوت. ئەو خەڵکە سەیری دەکردین وتم کـوڕە ئەدی نەمگۆت تۆ لەدوای من وەرە بۆ هاتیە نـاو ئـەو بەشـە. وتـی وەڵا وەمزانـی دەڵێی لەگـەڵ مـن وەرە. دواجـار بـە پـاڵ دەرگاکـەمان سـووڕاند و خـەریک بـوو هەردووکمان بە دەمدا بکەوین خەڵکەکەی ئەوێش تێر پێمان پێکەنین. دەبوایە بە (ئەسانسۆر) سەرکەوین. وتم مەغدید من لێی نازانم قـەت بـە کـارم نـەهێناوە تـۆ لێی دەزانی. وتی ئا.ئا. ئاسانە خەمت نەبێت ئەو عایدی من. پاشان پەنجەی نا بـە دوگمەیەکەوە کاتێک کرایەوە ئێمە لە نهۆمی (١٣) بووین واتە کۆتایی باڵەخانەکە وتی بە خوای هەڵەم کرد دەچینەوە خوارێ ئـەمجارە، دوگمەیـەکی تـری لێـدا کـە ئەسانسۆرەکە وەستا تەبەقەی دووەم بـوو. وتـم مەغدیـد لێـی نـازانی وەرە بـا بـە قالدرمـەی سـەرکەوین. قبـوڵی نـەکرد وتـی ئـەمجارەش دەچینـەوە نـاوی و فێـری بوویمە وتم بۆ ئەدی نەتگۆت لێی دەزانم، وتی ئاخر ئەمـە فـەرقی هەیـە لەگـەڵ ئەوەی ئەمن بەکارم هێناوە. جارێکیتر چووینەوە ناو ئەسانسۆرەکە ، دیسان هەڵـە بوو لە نهۆمی (١٠) دەرگاکـە بـۆوە هاتینـە دەرەوە، وتـم مەغدیـد وەرە وازی لـێ بهێنـە، دوو نهـۆم بـە قالدرمـە دەچینـە خـوارەوە مانـدووش نـابین، بـەم شـێوەیە گەیشـتینە نهـۆمی (٨) لـەوێش چەنـد ژوورێکیـان پـێ کـردین و نـوسراوێکی ڕەزامەنـدییان دا بـە مەغدیـد. لـە باڵەخانەکـە هاتینـە دەرەوە هـەر بـە خۆمـان دووبەدوو سەیری یەکترمان دەکرد و پێ دەکەنین لە ڕاستیدا ئەو شتە بەکارهێنانی زۆر زەحمـەت نـەبوو، بـەڵام مەغدیـد دەیویسـت بـۆ منـی بسـەلمێنێت کـە ئـەوە یەکەمجار نییە ئەو ئامێرە بەکار دەهێنێت. چ سەلماندێک وەڵا بووین بە فیلم!

## بەسەرکردنەوەی لەیلای خوشکم لە نەخۆشخانە

هەر لە ساڵی ١٩٧٨ خوای مەزن خوشک و برایەکی دوانەی(جمکە) پێ بەخشین ناویان نرا (لەیلا و فەرهاد)، ئێستا لەیلا دکتۆرای هەیە لە بەشی کۆمەڵناسی و پەرلەمانتاری خوولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان بووە و فەرهادیش ئەفسەر بوو لە وەزارەتی پێشمەرگە بە پلەی (رائید)، دواتر وازی لە پیشەکەی هێنا و گەڕایەوە سەر پیشەی باپیرانمان بوو بە مەلای مزگەوت و پێش نوێژ و وتار خوێنی مزگەوتی (أنبیاء) ی پشت ماجیدی مۆڵ.

لە مناڵیەوە لەیلا سەرەڕای کێشەیەک لە قاچی کە لە ئەنجامی وەرگرتنی داودەرەمان لە لایەن دایکمەوە کە زگی پێیان هەبوو، مناڵیکی بزۆز و زۆر بە جووڵە بوو بە پێچەوانەوە فەرهاد مناڵێکی بێ دەنگ و مات و دوورە پەرێز بوو لە رەفتار و کردار و جووڵەیان جیاوازی زۆر دەبینرا. دەڵێن دوانەکان هەموو شتیان لەیەک دەچێت، بەڵام من ئەوەم لەوان بەدی نەدەکرد. ناڵێم شتی هاوبەشیان نەبوو، بەڵام ئەوە نەبوو کە بۆ نموونە یەکێکیان بگرییێت ئەوەی تریش بگریت و زۆر شتیتریش.

لەیلامان برد بۆ لای پزیشکێکی ئێسک و دەمار، پزیشکەکە وتی پێویستی بە نەشتەرگەری هەیە، دوای سێ مانگی دەبێت بۆی بکرێت. کە سێ مانگ تەمەنی تەواو کرد سەردانی دکتۆرەکەیمان کردەوە. ئەو وتی ئەم نەشتەرگەرییە لە هەموو نەخۆشخانەیەک ناکرێت بە هۆی ئەوەی کەرەستەی پێویست بەو نەشتەرگەرییە زۆر کەمە. بۆیە نامەیەکی بۆ نووسین وتی بچنە (نیاوەران، جماڵ آباد) نەخۆشخانەی جماڵ آباد. دەکەوێتە پشت ماڵی شاهنشای ئێران لەوێ بیخەوێنن منیش تەلەفۆنیان بۆ دەکەم کە ئاسانکاریتان بۆ بکەن، ئەم نەخۆشخانەیە تایبەت بوو بە ماڵی شای ئێران و بەرپرسان و دەوروبەرەکەیان. کەسانی ئاسایی ئەستەم

بوو بتوانن بگەنە ئەو شوێنە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیەکانیان. نەخۆشخانەیەکی زۆر جـوان و پـاک و گـەورە بـوو، کـەوتبووە نـاو دارسـتانیکی چـڕ و پـڕ لەگـەڵ حەوشەی ماڵی شای ئێران تەنیا دیوارێکی گلی ئەستوور لێکـی جیـا دەکردنـەوە و شەقامێکی باریک لە نێوانیـان دا بـوو. شـوێنەکە زۆر دڵگیـر بـوو. لـەیلایان لـەوێ خەواند، دایکیشم لەگەڵی داخیل بوو، ئەوەی مەغدوور بوو فـەرهاد بـوو، چونکـە دەبوایە دایکی شیری پێ بدایە. بە هۆی ئەوەی دایکم لەگەڵ لەیلا بوو و مـەودا و دووری نەخۆشخانەکەش وایکردبوو فەرهاد برسی ببێت و بە ناچار پەنامان برد بـۆ شیری وشک.

لە سەرەتای (پێچی شمیران) تاکوو نیاوران و جەماڵ آباد رێک (٢٨) کیلۆمـەتر بوو. دەبوایە بە دوو تاکسی یان پاس ئەو مەسیە ببڕیت یا خود بە سەیارەی خۆت یان سەیارەیەکی خسوسی بگریت بۆ ئەوەی بتگەیەنەتـە ئـەو شـوێنە. عـەسرانێک دوای ئەوەی ئیشم لە دوکان نەمابوو، وتم با بچم سەرێک بدەم لە لەیلا و دایکـم. بە پاس چووم تا گەیشتمە ئـەوێ. هەنـدێ شـتم لەگـەڵ خـۆم بۆیـان کڕیبـوو، کـە گەیشتمە ئەوێش دایکم وتی پارەت پێیە؟ وتم بەڵێ. ئـەویش هەنـدێ شـتی تـری داوا کرد من تەنیا بیست تومـەنم پێبـوو، چـووم شـتەکانم کـڕی بـۆ دایکـم و دوو تمەنم بۆماوە. پێیم نەوت پارەم پێ نەماوە. یان کەمم پێیـە. ئـەگینا داوام بکردایـە دایکم پارەی لە لا هـەبوو. بـەڵام وتـم نـەوەک دواتـر پێویسـتیەکی هـەبێت بۆیـە پارەی لێ وەرناگرم تاکوو دوای نوێژی مەغریب لە لایان بـووم. بارانێـک بـە لێزمـە دەستی بە بارین کردبوو. خواحافیزم لێیان کرد و بەرەو ماڵ بوومەوە. رێگاکـە زۆر دوور بوو. باران بوو. پارەم پێ نەبوو، برسیم بوو. تـەنیا یـەک ئومێـدم هـەبوو کـە بـەرەو مـاڵ دەبوویـەوە لـەو شـوێنە رێگاکـە سـەراوژێربوو بـە ئاسـانی و بـە بـێ ماندوون دەتبڕی. بۆیە وتم بە ڕاکردن دەڕۆم لە کوێش ماندوو بـووم جگەرەیـەکی بۆ دادەگیرسێنم پێشتر باسی سەرکێشیم کـرد. ئەمـەش یـەکێک لـە سەرکێشـیەکان بوو. هێشتا ئەوەندە دوور نەکەوتبوومەوە باران تەنگی پـێ هـەڵچنیبووم. سـەیرم

کرد جگەرەشم تەواو بووە بۆیە یەک تومەنیشم دا بە سێ جگەرەی (ڤێنستۆنی) ئەمریکی و شخارتەیەک، وردە وردە بە ڕاکردن هاتم تا گەیشتمە سەرەتای شەقامی شمیران. لەوێ پشووەکم وەرگرت و ئەو تۆمەنەی ماشمبوو دامە لەفەیەک و خواردم. دواتر دەستم کردەوە بە ڕاکردن، بەڵام باران بە لێزمە دەباری تەنگی پێ هەڵچنیبووم توانای راکردنم نەمابوو، ماندوو نەبووم بارانەکە تەنگاوی کردبووم بۆیە وتم دەست لە سەیارە ڕادەگرم ئەوەی رایگرت سوار دەبم تاکوو پێچی شمیران دوایش دەڵێم پارەم پێ نییە، ئێ خۆ نامکوژی! بەو شەوە سەیارەکان بەو بارانە کەمتر ڕایاندەگرت، هەر سەیارەیەک هاتبا من بە دەست ئیشارەی ڕاوەستانم بۆی دەکرد، ئەوان ئەوەندە تیژ دەڕۆیشتن نەیاندەتوانی ئیستۆپ بگرن و من سوار بکەن. تا دواجار سەیارەیەک ئیستۆپی گرت و لە دووری من وەستا. بە ڕاکردن بۆ لای چووم بینیم شۆفێرەکە تەنیایە و ئافرەتیشە. هەنگاوێک کشامەوە دواوە، جامی سەیارەکەی داگرتوو وتی بۆ کوێ؟

تاکوو پێچی شەمیران.

وەرە سوار بە.

تۆ تەکسی نیت.

مەرجە هەر سەیارەیەک سواری بیت تاکسی بێت؟

ئاخر موزاحمت نابم.

کوڕی باش وەرە سەرکەوە بەو بارانە هیچ سەیارەیەک ناوەستێ.

تۆزێکیش هەستم دەکرد خەریکە سەرمام دەبێت بۆیە بە نابەدڵی سواری سەیارەکە بووم کە جۆری (هێلمەن) بوو. لە ناو سەیارەکە کەوتینە گفتگۆ:

ناوت چییە؟

من ناوم سالارە.

سالا. سالار ، ناوێکی خۆشە.

منیش ناوم (دلارام)ە. خۆشبەختم بە ناسینت.

سوپاس منیش هەروا.

خەڵکی کوێیت؟

من کوردم، بەڵام خەڵکی کوردستانی عێراقم.

ئەی لێرە چی دەکەیت؟

ئێمە ئاوارەین. لە تاران دەژین.

ماڵتان لە کوێیە؟

چوارڕیانی مەولەوی.

وای. وای. ئێوە لە باشووری تارانن.

بەڵێ وایە.

منیش منداڵی شەقامی (رەی)م نزیکە لە ئێوە.

بەڵام ئێستا ماڵم لە شەقامی (پاریسە) نزیک لە باڵوێزخانەی فەرەنسا.

بەڵێ ئەو شوێنەی پێ دەزانم.

من ناگەمە لای ماڵی ئێوە، بەڵام تاکوو گۆرەپانی تۆپخانە دەتبەم لەوێ نزیک دەبیتەوە لە ماڵتان.

سوپاس تائەو شوێنە بمگەینی بۆ من زۆر باشە.

هەر دەهاتوو بارانەکە بەهێزتر دەبوو تەنانەت فلچەی سەیارەکەش بەوە ڕانەدەگەیشت جامی سەیارەکە پاک بکاتەوە. ڕۆیشتن زۆر بە زەحمەت ببوو. بۆیە وتی:

ئەگەر دابەزی سەیارەت دەست ناکەوێت بەو درەنگە و بەو بارانەی من خۆم دەتگەیەنمە چوارڕیانی مەولەوی هەرچەند هەوڵمدا کە ئەو ماندوو بوونە نەکێشێت، بەڵام بێسوود بوو ئەو وتی هەر دەتگەینم. پاشان وتی پارەت پێیە؟

پێم بوو، بەڵام بۆ دایکم و خوشکم خەرجم کرد ئەوان لە نەخۆشخانەی جەماڵ ئابادن.

بۆم باس کرد کە خوشکەکەم چیەتی و چۆن لەوێ چارەسەر دەکرێت ئەویش وتی، ئەو نەخۆشخانەیە زۆر پێشکەوتووە، پزیشکی باش و کەرەسەی چاکیان هەیە. دڵنیام خوشکەکەت لەوێ چارەسەر دەبێت. پاشان دەستی برد بۆ جانتاکەی و زنجیرەکەی کردەوە و دوو شەدە پارەی سەد تومەنی تێدابوو، وتی هەڵگرە چەندت پێویستە بۆ خۆت ببە.

سوپاس من پارەم هەیە. بەڵام ئێستا پێم نییە.

هەڵگرە من پێویستیم پێی نییە.

سوپاس ناتوانم داوای لێبوردن دەکەم.

زۆر عینادی من هیچ مەبەستێکم نییە. من مێردم هەیە. مێردەکەم ئەفسەرە و لە هێزی دەریایی ئێرانە کە بۆ تۆشم ڕاگرت هۆکارەکەی ئەو بارانە بوو زانیم تەنگی پێ هەڵچنیوی. قسمەتیش وابوو من لەگەڵ توو ئاشنا بم. من وەکو خوشکێکی خۆت بزانە. منیش سوپاسم کردوو وتم تۆ خوشکی گەورەی منی ڕێزت هەیە تۆ خانمێکی باشی. پاشان ژمارەی تەلەفۆنەکەی داپێم و وتی هەرکات کارێکت هەبوو پێویستیت بە من بوو تەلەفۆنم بۆ بکە زۆر ئاساییە و دێم بۆ هاوکاریت.

هەرگیز تەلەفۆنم بۆی نەکردەوە، ئاخر خۆم بە شەرمەزاری دەزانی. دەشترسام من تەلەفۆنی بۆ بکەم تووشی کێشە و گرفت ببێت. بۆیە ئەو شتەم لە بیر کرد. خانمێکی زۆر بەڕێز و ڕۆشنبیر بوو. درەنگانی شەو گەیشتمەوە ماڵەوە چیم

بەسەر هاتبوو بۆ باوکم گێڕاوە. ئەویش وتی کە پارەت کەم بوو بۆ چوویت ئەگەر شتیشت بۆ دایکت دەکڕی پارەکەت لێی وەربگرتایە خۆ پارەی پێ بوو. ئیتر شتەکە وای لێهات تازە تێپەریوە.

# تەوەری نۆیەم

## دۆستە فێلبازەکەی ئاغای نایبی

لە دوای جەژنی نەورۆز رۆژێک ئاغای نایبی گەنجێکی هینا وتـی ئەمـە نـاوی ڕەزایە کوڕی پیاوێکە زیاتر لە سی ساڵە لەگەڵ یەک دۆست و رەفیقین. پۆلی ١٢ی تەواو کردووە ئەو لە من بە تەمەنتر بوو. وتی حەز دەکەم لەگەڵ خـۆت و لـە لای خۆت ئیشی پێ بکەیت و فێری بکەیت. خاڵی ئەو ڕەزایە (سـتۆدیۆی فیلمسـازی ) هەبوو. جاروبار بەیەکەوە دەچووین بۆ ستۆدیۆکە و سەیری ئـەوەمان دەکـرد کـە چۆن فیلمەکان مۆنتاژ دەکرێن. تەنیا فیلمی سینەمایی ئێرانـی لـەو شـوێنە مۆنتـاژ دەکرا. جاروبار هونەرمەندە ئێرانییەکانمان دەدیـتن. ئـەو ئەکتەرانـەی لـە زەمـان و سـەردەمی شاهەنشـاهی ئەسـتێرەی سـینەمای ئێـران بـوون وەکـو (ایـرج قـادری، فەردین بهروز وسوقی، ناصر ملک مطیعی، بیـک ئیمانـوردی، پـوری بنـائی، شـاناز تارانی) و زۆریتر لەو هونەرمەندانە لەو شـوێنە یانەیـەک یـان کافتریایـەک هـەبوو شوێنی حەسانەوەی ئەم هونەرمەندانە بوو. بۆیە دیتنیان ئاسان بوو. ئەڵبەتـە بـۆ ئێمە ئەگینا خەڵکی ئاسایی بە ئاسانی نەیاندەتوانی ئـەم کەسـایەتییە هونەرییانـە ببینن. ئەمانە پاشای سینەمای ئێران بوون زۆر مەحبوب و خۆشەویست بوون.

ڕەزا رۆژانە لەگەڵ من ئیشی دەکرد، منیش لەسەر راسپاردەی ئاغای نایبی زۆر ڕێزم لێ دەگرت و هەوڵم دەدا ئیشەکەی فێر بکەم. ڕەزا خـۆی بـە کـوڕێکی بـاش ناساندبوو، تەنانەت وایلێهاتبوو دوای تەواوبوونی کارەکانیش ئێـواران یـان شـەوان دەچووینە لای یـەکتری. ببـووین بـە هـاوڕێی نزیـک لـە یـەکتر. بـە شـکل و سـیما کوڕێکی مەحجوب و مەحبووب بوو. زوو تێکەڵ بە دڵـی خـەڵک دەبـوو. جێگـای خۆی دەکردەوە. دەشیدیت کە من لەو دوکانە هەموو کارەم و هەموو شتێک مـن

بەڕێوەی دەبەم حەسوود نەبوو، بەڵام ببوومە جێگای سەرسووڕمانی، ئـەویش زۆر جار دەیگوت دەبێ چیت بۆ حاجی کردبێ ئەو ئـەوها گرنگـی بـە تـۆوە داوە کـە خەڵک بەکوڕی خۆی نادات. بەم شـێوەیە، منـیش دەمگـۆت شـەرت نییـە ئـەوەی کوڕت بێت بتوانی متمانـەی ئـەوەی پـێ بـدەیت هـەموو کارێکـت بـە باشـی بـۆ ئـەنجام بـدات. بـە دووریشـی مەزانـە رۆژێـک تـۆ ئـەم ئیشـانەی مـن بـۆ حـاجی دەکەیت. دڵنیام سەرکەوتوو دەبیت. مـن هـیچ ئاگـاداریم لـە نـاخی ئـەو کـوڕە و بیرکردنەوەی ناو مێشکی نەبوو. دەبوایە لـە سـەدا سـی پـارەی ئـەو کاڵایانـەی لـە کارخانەکانەوە بۆمان دەهاتن بە نەقدی بۆ ژمێرکاری کارخانەکە ببـەین، جارێکیـان چووم بۆکارخانەی درەخشانی تاران بڕی یەک میلیۆن و هەشـت سـەد و شەسـت هەزار دینارم پێبوو لە جانتایەکی بچووک دامنابوو، ڕەزا وتی منیش لەگـەڵ خـۆت ببە حەز دەکەم کارخانەکە ببینم، ئەو بۆ زۆر شوێن منی لەگەڵ خۆی بردبوو، بۆیە خۆم بە قەرزارباری دەزانی، وتم باشە تۆش وەرە. جانتاکـەم هـەڵگرت بـۆ ئـەوەی بچینە سەر شەقامەکە و بـە تەکسـیەک بچـین بـۆ کارخانەکـە. لـە ڕێگـا ڕەزا وتـی پێشنیارێکم هەیە. وتم بڵێ. وتی:

بۆ نایەی ڕابکەین.

بۆ چی ڕا بکەین؟

ڕابکەین و پارەکە بۆ خۆمان ببەین بەشی حەوت پشتمان دەکات!

گشت گیانم تەزووی پێداهات، هەرگیز چاوەڕوانی ئەوەم نەدەکرد لەو کەسـە، چونکە باوکی ئەو برادەرێکی نزیک و سی سـاڵەی ئاغـای نـایبی بـوو. نەمـدەزانی چۆن وەڵامی بدەمەوە و ئەمەی لە بیر ببەمەوە. وتم:

بۆکوێ بچین. بچینە هەر کوێ دەمانگرن.

تۆ کوردی دەچین بۆ کوردستان بەو پارەیە بۆ هەر کوێ کە بمانەوێت دەگەین!

ئەی ئەو متمانەی کە پێمان کراوە چی بەسەر دێت.

کوڕی باش نابێ لە فرسەت باز بدەین هەلێکە و با لە دەستی نەدەین. ئەو کەسە پارەی هەموو دونیای هەیە هیچ گوێی لەمە نییە کە ئەو بڕە پارە کەمە لە دەست بدات. ئێمە بەو پارەیە هەموو ژیانمان دابین و پارێزراو دەبێت.

بەڵام من تەماعی زیاترم هەیە.

چۆن؟

هەموو سەرمایەی ئەو پیاوە لە دەستی منە خۆت دەزانی بە ئیمزایەک دەتوانم دەیان ملیۆن پارە لە بانک ڕابکێشم ئەگەر بڕیارە کارێکی وا بکەین با پەلە نەکەین بۆ ئەوەی بتوانین مەبلەغێکی زۆر لەوە زیاتر ببەین و بڕۆین.

خۆ ئەوەش فکرەیەکی باشە، بەڵام کەی؟

کەی کاتی هات خۆم ئاگادارت دەکەمەوە.

کەواتە ڕێککەوتین.

تەواو ڕێککەوتین خەمت نەبێت.

وەڵا بۆ تا هەتایە دەبین بە پیاو.

من مەبەستم ئەوە بوو ئەوکوڕە بخافڵێنم و دەترسام زەربەیەکم لێ بدات و پارەکە بفڕێنێ و من تێیدا شەرمەزار ببم. چونکە من بەرپرس بووم لەو پارەیە. لە لایەکیش لە دڵی خۆم دەمگۆت، بۆی هەیە ئەم کەسە ڕاسپێردراوی ئاغای نایبی بێت بۆ ئەوەی من تاقی بکاتەوە، لێم دڵنیا بێتەوە. پاشان هەر بە خۆم دەمگوت کوڕە تاقیکردنەوەی چی؟ ئەو ئەگەر لە من دڵنیا نەبایە چۆن ئیمزای منی دەدا بە بانک. نەخێر ئەو کوڕە قۆڵبڕە. پاشان قسەکانی ئاغای نایبیم دەهاتەوە بیر کە دەیگۆت ڕەزا وەکو برازای منە، باوکی ئەو ڕەفیقی گیانی بە گیانی منە و ئاگات لێی بێت و ئیشەکانی فێر بکە. خەریک بوو مێشکم جامی دەکرد. خوا خوام بوو زوتر بگەینە کارخانەکە و پارەکە لە کۆڵ خۆم بکەمەوە.

گەیشتینە کارخانەکە و پارەکەمان تەسلیم کرد. لـە گەڕانـەوە ڕەزا دیسـان ئـەم بابەتەی دەست پێکردەوە و دەیگۆت زوو بڕیار بدە و کەی دەست بەکار دەبین و منیش هەر دەمگۆت لـەم رۆژانـە ئاگـادارت دەکەمـەوە. ئـەوەم هاتـەوە بیـر کـە رۆژێک لە کۆتایی ئیش کردنمان کە هەژماری فرۆشی ئەو رۆژەم دەکرد سێجار بـە دەفتەر و فاکتۆرکاندا چوومەوە بری (١٤٠٠) تومەن کەمی دەکرد. نەمدەزانی ئەو پارەیە لە کوێیە و چی لێهاتووە؟ لێی نەگەڕام ئاغای نایبی هەستی پـێ بکـات ئـەم پارەیەم لە گیرفانی خۆم خستەوە سەر حسابەکە. بۆیە گومانم بۆ ڕەزا چوو کە ئەو دەستکاری ئەو پارەیەی کردبێت، بەڵام بە ڕووم دانـەهێنا کـە گەیشـتینەوە دوکـان نەمهێلا شتەکە کۆن بێت بۆیە هەر لە پێش خۆی بۆ ئاغای نـایبیم باسـکرد، پاشـان وتم ئاغای نایبی من سوپاسی جـەنابت دەکـەم، بـەڵام پێویسـت بـەوە نـەبوو مـن تاقی بکەیتەوە. فەرموو ئەو کلیلەکان و ئیتر مـن بـۆ لێـرە بـم کـە گومـانم لەسـەر بێـت. رەنگـی زەرد هەڵگـەڕا. ڕەزاش سـەری خـۆی داخسـتبوو. تـا هێـزی هـەبوو زللەیەکی لەبنا گوێی ڕەزا داو تفێکی لێکرد و وتی تۆ شیر حەرامی باوکت پیاوێکی بەڕێزە و هاوڕێیەکی دڵسۆزی منە. تۆ چۆن ڕێگات بە خۆت داوە ئـەو هەڵوێسـتە بگرییە بەر من شەو دێم بۆ لای باوکت. تـۆش بـۆت نییـە لـەمـەولا لـەم بـازاڕەت ببینمەوە! ساڵح کـوڕی ڕاسـتەقینەمە لـە موحسـین زیـاتر بـڕوام پێـی هەیـە. ئـەو پێویستی بـە پـارەی مـن نییـە، چونکـە هـەموو سـامانەکەم لـە بـەر دەسـتیەتی و زۆریش تاقیم کردۆتەوە ، ئەو سەرکەتوو بووە، بەڵام تۆ هەرگیز سەرکەوتوو نابیت قەتیش نابیت بە خاوەنی هیچ. لەبەر ئەوەی ناخ و بیرکردنەوەت بۆگەنە. خیانەت لە ئەمانەت تاوانێکی گەورەیە. بڕۆ هەی بە نەعلەت بیت. بڕۆ نەتبینمەوە. ڕەزاش چـاوی پـر فرمێسـک بـوو، پاشـان وتـی، حـاجی هـەموو ژیـانم نۆکـەریت دەکـەم هەڵەیەکم کرد و تازە ناتوانم لێرە بمێنم، بەڵام تکایە با باوکم بەمە نەزانێت، تکایە.

دەبی پێی بزانێت، با بزانێت ئاغا زادە چ چەپکە گوڵێکی ئاو داوە.

پاشان ڕووی لە من کرد و وتی سوپاس بۆ هـەموو شـتێک پێویسـت ناکـات تـۆ نیگەران بیت. من تۆ لە خۆت باشتر دەناسم. بۆیە پێویستم بـە تاقیکردنـەوەی تـۆ نییە. ئیتر ئەو ڕۆژە دوایین ڕۆژ و کۆتا ڕۆژی دیتنی ڕەزا بـوو بـۆ مـن. نـازانم چـی بەسەر هات بـەس دواتـر حـاجی پێـی وتـم کـە ئـەم بابەتـەی لەگـەڵ بـاوکی ڕەزا باسکردووە.

هاوینی ساڵی ١٩٧٨ بۆ من بیرەوەرییەکی لە بیر نـەکراوە. بـۆ یەکـەم جـار لـە ژیانم دەمتوانی کۆتایی یارییەکانی جامی جیهانی ١٩٧٨ ئارژانتین ببیـنم. ئەوکاتـە من هاندەری سەرسەختی هەڵبژاردەی هۆڵەندا بـووم. بـە تایبـەتی یـاریزانی (آری هان) بە حـەز و ئارەزوویـەکی زۆر و بـەردەوام سـەیری یارییـەکانم دەکـرد. سـەر شـێتانە هانـدەری هۆڵەنـدا بـووم. یارییەکانیتریشـم دەبینـی بـەس حـەزم دەکـرد هۆڵەندە جامەکە ببات. ڕۆژێک لەگەڵ باوکم و کۆمەڵێک لە برادەرەکانی چـووین بۆ قەزوین بۆ سەردانی ماڵی مامم مەلا غەریب. ئەو ڕۆژە یارییەکی خۆش هەبوو. ئەوەم لە بیرە یەک لە تیپەکان هەڵبژاردەی ئسـکۆتلەندە بـوو یـاریزانێکی تونـد و چاپوک  و چالاکیان هەبوو بە ناوی (جۆ جۆردەن) باوکم نەیدەزانی نـاوی بهێنێـت هەر جاری یاری هەبوایە دەیگۆت (جۆ و جۆدانی) تێدایە. ئەگەر ئـەو بایـە ئـەوە ئەویش متابعەی یارییەکەی دەکرد. بـاوکم لەگـەڵ مـامم و جەماعـەت تامـەزرۆی قسەکردن بوون و ئاگایان لە تەلـەفزیۆن نـەبوو منـیش پشـتم لـەوان بـوو سـەیری یاریم دەکرد. چووبوومە ناو یاریگا و یارییەکە لەگـەڵ هـەر جوولەیـەکی یـاریزان منیش جولەیەکم دەکرد لە پڕێکا گۆڵ کرا من وامدەزانی لە ناو یاریگاکەم بۆیە بـە هەموو هێزم هەڵبەزیمەوە و هاوارم کرد گۆۆۆڵ، هەموویان زراویان چوو، وتیان کوڕە چی بوو چی ڕوویدا، وتم هیچ گـۆڵ بـوو. مـامم وتـی عـەمرت نـەمێنێ خـۆ زراوت بردین، وەڵاهی گۆتم شتێکی لێهـات. هـەموو دەسـتیان کـرد بـە پێکـەنین. لەکۆتایی یارییەکان هۆڵەندا گەیشتە یاری کۆتایی بەرامبەر بە ئەرژەنتین. خـەڵکی هەمووی دەیگۆت جامەکە بۆ هۆڵەندایە. بەڵام بە پێچەوانە لە کۆتاییدا ئەرژەنتین

بووە خاوەنی جامەکە. من زۆر دڵم گیـرا. مـن لـە یانـە جیهـانی و ئەوڕووپیـەکان هاندەری سەر سەختی میلان بووم و ئێستاش هەر وام بۆیە لـە دوای سـاڵی ١٩٧٨ بڕیارم دا کە هاندەری هەڵبژاردەی ئیتالیاش بم، تا کوو ئێستا.

## وانەیەکی ئابووری بۆ من و ڕەتکردنەوەی چانسێک

سەرەتای ساڵی ١٩٧٨ ڕۆژێک ئاغای نایبی وتی ئێوارە دێمە ماڵتان چاییەک لای باوکـت دەخـۆم و ئێـوارە بەیەکـەوە چووینـەوە مـاڵی ئێمـە، دوای چـا خـواردن و گفتولفت ئاغای نایبی دەستی برد بۆ جانتاکەی و زەرفێکـی دەرهێنـا. دیـاربوو کـە پارەی تێدایە خستیە پێش باوکم وتی ئەم ئەمانەت بوو لەلام هی ئێوەیە و بۆتانی دەگێڕمەوە!

باوکم زەرفەکەی کردەوە و سەیرێکی منی کرد! منیش وتـم نـازانم چییـە ئـەو هیچ باسێکی بۆ من نەکردووە، بۆیە باوکم وتی:

سوپاس حاجی ببوورە ناتوانم قبووڵی بکەم.

پارەی من نییە هی خۆتانە لای من بو بە ئەمانەت.

کەی پارەی ئێمە لای تۆ بووە تۆ پێویستت بەوە نەبووە پارەی خەڵکت لابێت!

بە دڵنیایی هی ئێوەیە، حەرامی هەموو کەسێکە.

تاکوو نەزانم ئەم پارەیە چۆن هی ئێمەیە قبوڵی ناکەم.

من کەسێکی خوا پێداوم. ساڵانە خێر و زەکاتێکی زۆر ئـەدەم وەکـو ئـەرکێکی موسلمان بوونم. ئەو ساڵەی ئێوە هـاتن بـۆ ئێـرە بـاری گـوزەران و پێویسـتیەکانی ژیانتان باش نەبوو. بۆیە بڕیارم دا بەشێک لەو خێر و زەکاتەم ببخەشمە ئێوە. ئێوە لە هەموو کەس پێویستتر و مستەحەقتر بوون. لە بیرتە هەندێکـە کەلوپـەلم بۆتـان کڕی و وتم پارەکەی لە ڕۆژانەی ساڵح دەگێڕمەوە. من لەبەر دووهۆکار ئەم کـارەم کرد، یەکەمیان دەترسـام قبـووڵ نەکـەن وەکـوو خێـر پێکـردن شـت وەربگـرن لـە

خەڵکێک، دووهەمیان دەمویست وانەیەکی ژیان بدەم بە ساڵح. ئەو هـەرزەکار و لەتەمەن بچووکە نازانێت چۆن دەتـوانێ وبـە چ ڕێگایـەک دەگـات بـە ویسـت و ئارەزووەکانی. ئەو پارانەی بە نـاوی حـەقی کەلوپەلـەکان لـە سـاڵح دەمگێڕایـەوە تەنیا سیناریۆیەک بوو بۆ ئەوەی ئـەو هەسـت بـەوە بکـات کەلـەم جیهانـە هـیچ شتێک بە خۆڕا و بەلاش نایەتە دەست خەڵکی. بۆیە پێویستە مرۆڤ هەوڵ بـدات و خۆی ماندوو بکات و بە ماندوو بوون و پێدانی نرخەکانی بگاتە ئەو شتانەی کە ئارەزووی دەکات. ئەمە ئەو بڕە پارەیەیە کە من لەم ماوەیە لە ساڵحم گێڕاوەتەوە. ئەوە نرخی هەموو ئـەو شـتانە بـوو کـە دەیکـردە ئەوەنـدە پـارە، ئـەوە حەرامـی هەموو کەسێکە و تەنیا حەڵالی ئێوەیە. بۆیە پێویستە هەڵیبگری و بۆ شتێکیتر لـە منداڵەکانتی سەرف بکە. لە ڕاستیشدا هەر وابوو ئەمە وانەیەکی باشـی ژیـان بـوو بۆ من گەرچی من هەسـتم بـەوە دەکـرد کـە مـرۆڤ دەبێـت لـە هـەوڵ وکۆشـش دابێت بۆ گەیشتن بە ئارەزووکانیان. سەرەڕای ئەو هەستەش کە من هەمبوو ئەمـە وانەیەکی پراکتیکی بوو بۆ من و بۆ داهاتووی ژیانم. پاشان ئاغای نایبی وتـی پـێم خۆشە تا شوێنێک لەگەڵم دابێیت.

باوکم وتی: کوێ، ئەو شوێنە کوێیە؟

وتی تۆ هەڵسە با بڕۆین لەوێ دەزانی کوێیە؟

بە یەکەوە لەگەڵ بـاوکم کەوتینـە ڕێگـا لەگـەڵ ئاغـای نـایبی چـووین بـۆ دوو کـۆڵان ئـەولاتر لـە پـێش خانوویـەک وەسـتاین کـە بـە خشـتی سـوور (کـەرپوچ) دروستکرابوو شوێنەکە واتە گەڕەکەکە گـەرەکێکی کـۆن بـوو، بـەڵام دیـاربوو ئـەم خانووە نوێیە یـان نـۆژەن کراوتـەوە. حـاجی تۆپێـک کلیلـی لـە باخـەڵی دەرهێنـا دەرگای حەوشەی خانووەکـەی کـردەوە. چووینـە نـاوەوە حەوشـەیەکی گـەورەی هەبوو. پاشان چووینە ناو خانووەکە خانوێکی خۆش و گەورە و تـازە و نـوێ بـوو. دیار بوو کە تا ئێستا کەسی تێدا نەبووە، چونکە هـەمووی نـوێ بـوو حـاجی وتـی ئـەم خـانووەم کڕیـوە بـۆ ئێـوە. سێسـەد و حـەفتاو پێـنج مـەترە و نۆژەنیشـم

کردتۆتەوە. بە تایبەتی بۆ ئێوەم کڕیوە و تاپۆکەشی دەکەمە ناوتان. ئێوە لەو شوێنە مەمێنن و ماڵتان بگوازنەوە ئێرە و لێرە ژیان بکەن. من لە خۆشیان خەریک بوو باڵم دەگرت لە دڵی خۆم دەمگوت یەعنی ئێمە ئیتر لەم خانووە خۆشە دەژین! هەرگیز بە بیرما نەهاتبوو کە ڕۆژێ لە ڕۆژان ئێمە دەتوانین لە خانوێکی ئاوادا بژین! باوکم وتی:

حاجی سوپاست دەکەم من ئێستا ناتوانم بڕیار بدەم بچمەوە ماڵ، هەندێ بیری لێدەکەمەوە و دواتر وەڵامت دەدەمەوە. حاجی وتی ئەمە بیرکردنەوەی بۆ چییە؟ خۆ تۆ نەخشەی جەنگ ناکێشیت! لەو شوێنە ماڵەکەت دەگوازیەوە ئێرە. باوکم وتی بەیانی بە سالار جوابەکەت بۆ دەنێرمەوە من پێم خۆش بوو هەر لەوێ باوکم ڕەزامەندی بدایە. شەو لەگەڵ دایکم لەم بارەیەوە قسەیان کرد. باوکم دەیوت من ناتوانم ئەم خزم و هەڤاڵانەم جێ بهێڵم و خۆم لەژیانێکی خۆش و باشدا دابم و ئەوانیش بەم شێوەیە بژین. بۆیە منیش لەگەڵ ئەوان و بەیەکەوە دەژین چارەنووسمان بەستراوەتەوە بەیەکەوە. بۆ من هیچ سوودی نەبوو ئەو هەر نەچووە ژێر ئەو بارە کە ئێمە بچین لەو خانووە بژین. تەنانەت خەڵکی ناو مەکتەبەکەش زۆر هەوڵیاندا باوکم ڕازی بکەن بەو کارە، بەڵام ئەو هەر ڕازی نەبوو. بۆیە بەیانییەکەی بە دڵێکی شکاو و ڕەنجاو وەڵامی حاجیم دایەوە کە باوکم بەو شتە ڕازینەبووە و داوای لێبووردنی لێکردووە. ئەو وتی من ئەو خانووە دەهێڵمەوە. لە هەوڵیشم بەردەوام دەبم تاکوو باوکت ڕازی دەکەم.

# تەوەری دەیەم

## سەردانم بۆ کەرەج و ماڵی خورشید شێرە

ڕۆژێک بە سەردان چـووم بـۆ کـەرەج لـەوێ دەنگـۆی ئـەوە هـەبوو زەماڵـەی خوێنـدن دەدەن بـە قوتابیـانی کـوردی ئـاوارە، لـە مـاڵی کـاک خورشـید شـێرە دانیشتبووم مەجلیسـەکە باسـی ئـەو باسـە بـوو هەنـدێ دەیـانگوت ئـەورووپا زۆر خۆشـە و ژیـانی پێشـکەوتووی هەیـە. هەنـدێ دەیـانگۆت ئـەوجا بەدەسـت کـێ دەکەوێ منداڵەکەی بنێریتـە ئـەورووپا و دەرس بخـوێنێ و بڕوانامەیـەکی بـاوەڕ پێکراو وەربگرێت. من دڵم کەوتـە دڵـە ڕاوکـێ حـەزم لـە خوێنـدن دەکـرد، بـەڵام ئیشەکەشم خراپ نەبوو لە نێوەندە بیرم دەکردەوە کە لایـەکیان هـەڵبژێرم، بـەڵام بڕیار وەرگرتن هەندێ قورس بوو، وا بە ئاسانی نەبوو. ڕێبواری کاک خورشید شێرە کە هاوتەمەنی خۆمە و منداڵی یەک مانگین وتی من دەچم. ئێمـە خوێندنیشـمان لە یەک ئاست دابوو، ئەو دانەبڕابوو دەیخوێند من دوو ساڵ بـوو دابڕابـووم بـەڵام ئەمە کێشە نەبوو کە زانیم ڕێبوار بڕیاری داوە ناوی بنووسێت منیش زیـاتر حـەزم لەو ڕۆیشتنە بوو. ئەوان دەیانگۆت مەسروفات و شوێنی نیشتەجێبوون و هـەموو ئەو ئەرک و پێویستیانە دەکەوێتە سەر ئەستۆی ئـەو وڵاتـەی کـە زەماڵەکـەی لـێ وەردەگرێـت. بـۆ بیرهێنانـەوە ئـەوکات ئـەو زەماڵانـە لـە ڕێگـای حزبـی شـیوعی وەردەگیران و دەدران بە خەڵکی. دیاربوو کاک ئیدریس لە ڕێی پەیوەندییە گـەرم و گوڕ و باشەکانی خۆی ساڵانە هەنـدێ زەماڵـەی دابـین دەکـرد بـۆ ئەوکەسـانەی ئارەزووی خوێندیان هەبوو لـە دەرەوەی وڵات. منـیش دڵنیـا بـووم ئەگـەر بـاوکم نامەیەکی بۆ بنووسێت زەماڵەیەک دەدات بە مـن، چونکـە پەیوەندییـەکی باشـی لەگەڵ باوکم هەبوو و ڕێزی لـە بـاوکم دەگـرت. هاتمـەوە مـاڵ و مەزوعـەکەم بـۆ

باوکم باسکرد. هەرچۆنێک بوو ڕازیم کرد کە نامەیەک بنووسی. ئـەویش نامەکـەی بۆ نووسـیم چـووم لـە مەیـدانی شـەهیاد کـە گۆڕەپـانی ئـازادی ئێسـتایە. سـواری سەیارەی کەرەج ببم و بچمە ئـەوێ. لـە ڕێگـا لـە نـاو پاسـی مەسـلەحە بـووم بـۆ مەیدان ئازادی- بەبەردەمی زانکۆی تاران ڕەت دەبووین دیتم قەرەباڵغیەک هەیـە و دوو پۆلیسیش لەوێ وەستاوون. کە باش لێ وورد بوومـەوە سـەیرم کـرد لەسـەر دیواری زانکۆکە نووسرابوو (مرگ بر شاە) واتە (مردن بۆ شاە). لە ترسان هـەر زوو ڕووم وەرگێڕا دەمگۆت دەبێ کێ دژی ئەم دەوڵەتە بێت وڵاتێکی پێشکەوتووە بـە نسـبەت بـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت. بژێـوی خەڵکەکـە و کـار و کاسـبی باشـە ئاسایشێکی باش بەرقەرارە. دەبێ چ هۆکارێک هەبێت شتێکی لەو بابەتـە لەسـەر دیوارەکان بنووسرێن، ئەوکاتە نە تەمەنم نە زانیارییەکانم لە ئاستەدا نەبوو بتـوانم بارودۆخەک شیبکەمەوە، بەڵام هەستم بـە گۆڕانکارییـەک دەکـرد. ئـەو ڕۆژە مـن چوومە کەرەج چوومە ماڵی کاک (ڕەسول فـەقێ) دواتـر لەگـەڵ ئـەو چـووین بـۆ دیوەخانی ماڵی بارزانی. لە ڕاستیدا ئەوێ مەقەڕ بوو، بـەڵام چونکـە نەیانـدەتوانی بڵێن بارەگامان هەیە ناویان لێنابوو دیوەخانی ماڵی بارزانی کـە چووینـە ژوورەوە ئەو کەسانە دانیشتبوون (شـێخ محەمـەد خالیـد، کـاک ئیـدریس، عەبـدوڵهەیمەن بارزانی، فەرەنسۆ حەریری) و سڵاومان کرد و نامەکـەی بـاوکم دایـە دەسـت کـاک ئیدریس و هەواڵ پرسی لێکردم و وتی باوکت چۆنە، بـەڵام نـاوی بـاوکمی نـەهێنا فەرنسۆ سەیریکی کردم وتی تۆ کوڕی کاکۆ نیت؟ وتم بەڵێ هەوم وتی هەر هاتنە ژوورەوە هەستم کرد کوڕی ئەو بێت ئەو لە ساڵانی ٧٢-٧٣ منی دیتبوو لە گەڵالـە بەس ئەو کاتە زۆر منداڵ بووم ڕەنـگ و ڕوخسـارم گۆڕابـوو. بـەس ئـەو ئەوەنـدە بیری بە هێزبوو منی ناسیەوە. ئیتر هەواڵپرسی باوکمی لێکردم و هەندێ قسـەمان بەیەکەوە کـرد، کـاک ئیـدریس نامەکـەی بـاوکمی کـردەوە و خوێندییـەوە، پاشـان ڕووی تێکردم و وتی

بۆچی دەتەوێ بچییە دەرەوە؟

قوربان خەڵک بۆ دەچن؟

خەڵک بۆ زۆر شت دەچن، زۆربەیان سێ مەبەستیان هەیە لە چوونیان.

مەبەستەکان چین؟

هەندێکیان بەس بۆ ئەوە دەچن کە خەڵکیتر بڵێن فڵان کەس چـوو بـۆ خـارج، هەندێک بە نییەتی ئەوە دەچن ئازادی زیاتر و کات گـوزەرانی و خـۆش ڕابـواردن لە ئەورووپا ، بەشێکی کەمیش دەچن دوارۆژێک بۆ خۆیان دابـین بکـەن و دەبـن بـە شـتێک و بڕوانامەیـەکی بـاش لـە بـوارێکی بـاش وەردەگـرن بـۆ خزمـەتکردنی میللەتەکەیان.

قوربان من لەو بەشەی سێیەمم.

هەموویان دەستیان کرد بە پێکەنین جگە لە شێخ مـحەمەد خالیـد کە تـا ئـەو کاتە هیچ قسەیەکی نەکردبوو. لە پڕێکا وتی کوڕە ئەوە قسـەی زۆر گەورەیـە، لـە قەدەر خۆی نییە. فەرەنسۆ وەڵامـی دایـەوە و وتـی ئەمانـە بـە بنەماڵـە هـەر وان حازر بە جوابن، بـەڵام دەروێشـی رێبـازی بـارزانین خـەڵکی بـە وەفـان شایسـتەن هەرچیەکیان بۆ بکرێت. پاشان کاک ئیدریس وتی نامەیەکت بۆ دەنووسم بیبە بـۆ لای دکتۆر (جەرجیس فەتحوللا). ئەو ماڵی لە کەرەج بوو نوێنەری (U.N) بوو بـۆ ناونووسکردنی خەڵکی. نووسەریش بوو واتە چەند پەرتووکێکی هەبوو. بـە زمـانی عـەرەبی. نامەکـەم بـرد بـۆ لای ئـەویش لێـی وەرگـرتم و فـۆرمێکی پـڕ کـردەوە و ئـەدرێس و ناوونیشـانی وەرگـرتم وتـی دوای چـل ڕۆژ تـا دوومـانگیتر سـەردانی بارەگای (U.N) بکەم لە تـاران ئەگـەر ناوەکـەت گەڕابێتـەوە لـەوێ بـە شوشـەکە هەڵیدەواسن و ئاگادار دەبیت.

## دەسپێکی شۆڕشی ئیسلامی ئێران

دوای ئەوە گەڕامەوە ماڵەوە و لە لای حاجی نەموت بـە تـەمای ئیشـێکی وام ئەو دوو مانگەی کە دیاریکرابوو نەگەیشتبووە کۆتا کە بـاری ئـەمنی ئێـران و بـە تایبەت تاران شلەژا. خـۆ پیشـاندانەکان دەسـتیان پێکـرد. ئیـتر هـەر ڕۆژەی هـەوا هـەواڵێکی تازەمـان دەبیسـت بـۆ یەکـەمجار نـاوی کەسـێکم بیسـت بـە نـاوی (خومەینی) دەیانگوت ئەمـە (ئیمامـە) شـوێن گـرەوەی ئـیمام (حوسـێنە) ڕابـەری شۆرشی ئێمەیە. ئیتر جۆرەهـا پروپاگەنـدەی سـەیر و سـەمەرەیان دەربـارەی بـڵاو دەکردەوە. ڕۆژێک دەیانگۆت سیمای لە ناو مانگ دەرکەوتووە ڕۆژیک دەیانگۆت ئەو لە ئاسمانی تاران چاوی لە ئێوەیـە و شمشـێری عەدالـەتی دەسـتدایە. ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ وەزعەکە توندتر دەبوو پـۆلیس و سـوپا و ئاسـایش کەوتبوونـە حاڵـەتی ئامادەباشی باری نائاسایی ڕاگەیەنـدرابوو. لـە هـەموو کوچـە و کۆڵانێـک دەنگـی تەقە دەبیسترا. شەوانە تـاکوو بەرەبـەیان لەسـەر بانەکانـدا دەنگـی (الله اکـبر) بـە بڵندگۆ پەخش دەکرا. خەڵکی هەراسان ببوون مان گرتنـەکان دەسـتیان پێکردبـوو. تاران لە شارێکی پڕ جموجۆڵ گۆڕا بۆ شاری تارماییەکان، بـۆنی خـوێن لـە هـەموو شوێنێکی دەهات بڕبڕەی پشتی ئابووری ئێران کە بازاڕی تاران بوو، دەسـتیان کـرد بە مانگرتن و داخستنی دوکانەکان، بڕیاردرا هەر دوکانێک بکرێتەوە ئاگری تێ بەر دەدرێت. ڕۆژانە خۆنیشاندانەکان درێژەیان دەبـوو هـەر ڕۆژە و لـە ڕۆژی پێشـوو چڕتر و قوربانی دەرتـر دەبـوو. دەوڵـەت هـەرچی دەیکـرد نەیـدەتوانی پـێش بـە پێشهاتەکان بگرێت. ئێمەش بێبەش نەبووین لەو ڕووداوانە دوکانەکانمان داخست، بـەڵام مـن ڕۆژانـە دەچـووم لـە پـێش دوکانەکـە رادەوەسـتام تـاکوو ئەگـەر مشتەریەکمان بهاتایە بـە دزییـەوە کـەلو پەلـەکانم پـێ دەدا. تـا وای لێهـات ئیـتر مشـتەریش هـەر نـەدەهاتن، چونکـە مانگرتنـەکان سەرتاسـەری ئێرانـی گرتبـۆوە ئەوانیش دوکانەکانیان داخستبوو. ئەو کات لە تاران جگەرە زۆر کەم بـوو دەسـت نەدەکـەوت یـەک پاکـەت جگـەرە بـە چەنـد بەرانبـەری نرخەکـەی دەفرۆشرا بـە

تایبەتی جگەرە ئەمریکیەکان وەکو (وینسۆن و مارل بـۆرۆ) بـە ئاغـای نـاییبیم وت ئەگەر ڕێگام پێ بدەیت بڕیک پارە دەبەم دەچم لە سنوور لـە کوردسـتان جگـەرە دێنم لە تاران دەیفرۆشم ئەوجا چ حەز بکەیت دەبین بە شەڕیک یا خود بە قەرز پارەکەم پێ بدە. ئەویش وتی من نابم بە شەریک، بەڵام چەندی لازمتە بیبە و خۆ ئێمە هەر بێ ئیشین تاکوو بزانین بارودۆخ چی بەسەر دێت بۆ خۆت کاسـبی پـێ بکە. منیش پەنجا هەزار تومەنم لە دوکانەکە هەڵگرت و دەستم کـرد بـەو ئیشـە. خەڵکی ناو مەکتەبەکەی ئێمە دەمێک بوو ئەو ئیشەیان دەکـرد. ئـەوان دەچـوون لە سنووری عێراق لە شارەکانی سـەقز و سەردەشـت و بانـە جگـەرەیان دەکـڕی و دەیانهێنا لە تاران هەر بە جوملـە دەیانـداوە بـە دوکانـدارەکان. زۆربـەی کاتـەکان بەیانیان دەگەیشتمەوە ماڵ. هەموو بـەیانیان دوکانـدارەکانی تـاران دەهاتنـە بـەر دەرکـی مەکتەبەکـەی ئێمـە و ریزیـان دەگـرت بـۆ جگـەرە کـڕین هـەر کەسـە و کۆمەڵێک موشتەری تایبەتی خۆی هەبوو. یەکەم سەفەر من چووم بۆ شاری سەقز و لەوێش بۆ بانە (١٦) کارتۆن جگەرەی ئەمریکیم کڕی و هێنامـەوە بـۆ تـاران لـە فرۆشتنیدا دوو ئەوەندەی دەستمایەکەی خێرم کرد. خێرەکە سەرسـووڕهێنەر بـوو. خۆپیشاندەرەکان هاواراییان دەکرد (نە شەرقی نە غـەربی، جمهـوری اسـلامی) لـە بانە لەگەڵ هەندێ دوکاندار ئاشناییم پەیدا کردبـوو. بانـە لـە دەسـت (کۆمەڵـەی ئێران) بوو دیموکراتیشی لێ بوو، بەڵام کۆمەڵە باڵادەست بوو. بۆ جاری دووەم کە گەڕامەوە سەقز (سید مینەی دلال) ببووە ئاشنام ئەو کەسێکی باش و کوردپەروەر بوو.  تەمەنێکی کردبوو برایەکی هەبوو ناوی سەید مـحەمەد بـوو لـە نـاو بـازاڕی سەقز تەسبیحی دەفرۆشت جامخانەیەکەی بچـووکی لـە پـێش دوکانێـک دانـابوو. کورد هەمووی چەکی لە شـان بـوو کـەس نەیـدەزانی ئـەوەیتر کێیـە، سـەربازگەی سەقز تەسلیمی خەڵکەکـە ببـوو. هـەموو چـەک و تەقەمـەنییـەکانی لـە دەسـت خەڵک بوو. ئیوا هەبوو تۆپێکی سەد و شەشی لەسەر پیکابەکـەی یـان جێبەکـەی خـۆی بەسـتبوو و حسـابی بـۆ کـەس نـەدەکرد. مامەڵەیـەکی گـەرم بـە چەکـەکان دەکران من عەقڵم وەزعەکەی نەدەگرت. سەید محەمەدیش دەیگۆت ئەگەر حزبە

کوردییەکان عاقڵ نەبن و خەڵکی بەم عەقڵیەتە مامەڵە بکەن ئەوا ئێمە زەرەرێکی گەورە دەکەین، بەڵام وێ نەدەچوو کەس بیر لەو شتانە بکاتەوە. جارناجار دەبوو بەشەڕ و لێکدان لە سەر مامەڵەیەک. کەس نەیدەتوانی باری ئاسایشی ئەوێ رێک بخات. سەقز خاڵی پەیوەندی نێوان بۆکان و بانە و سنە بوو. شارێکی قەرەباڵغ بوو هەموو جۆرە خەڵکێکی تێدا دەژیا. بۆ بازرگانیش باش بوو لەو سەردەمانەدا!

من ئەگەر لە سەقز بمابایامەوە شەوانە دەچوومە ماڵی سەید محەمەد، ئەو دەیگۆت لەکۆماری کوردستان لە مەهاباد پێشمەرگە بوومە. خاوەن یاد و بیرەوەرییەکی زۆری ئەو سەردەم بوو کە زۆر جار بۆی باس دەکردم. ئەو باسی شەڕی بەرگری بارزانییەکانی بۆ دەکردم لە سەقز و ئەو شوێنانەی نیشان دەدام کە بارزانییەکان جەبهەیان لێ بەستابوو. زۆر سەرسام بوو بە مەلا مستەفای بارزانی. دەیگۆت سەرکردیەکی زانا و بوێر بوو. ئەو کاتە لە ئێران جگەرەیەک هەبوو بە ناوی (هما) ئەو جگەرەیە چل دانەی لە ناو پاکەتێکی چوارگۆشە بوو جگەرەکان فیلتەرییان نەبوو هاوشێوەی جگەرەی جمهوری عێراق بوو. شەوێک سەید محەمەد گوتی برادەرێکم ١٠ کارتۆن جگەرەی جمهوری هەیە کەس لێی ناکڕێت بە نیوەی نرخەکەی ئامادەیە بیفرۆشێتەوە. من یەکسەر ئەو شیعارەی خۆ پیشاندەرانم بیرهاتەوە کە دەیانگۆت (نەشەرقی، نەغەربی، جمهوری اسلامی) و جگەرەی همای ئێرانیم بیرکەوتەوە. بۆیە بەیانییەکەی چووم هەموویم لەو کەسە کڕی و لەگەڵ هەندێ جگەرەیتر هێنامنەوە بۆ تاران. لەوێ دەستم کرد بە پڕوپاگەندە بۆ جگەرەکانم وتم بەیانی جگەرەیەکی نوێم بۆ دێت هەمان جگەرەی (همای) کۆنە، بەڵام ناوەکەی گۆڕاوە بۆ (جمهوری) خەڵکەکە باوەڕی کرد، ئەوکاتە بۆم دەرکەوت و لە دڵی خۆم وتم بە خوای ڕابەرانی ئەو ئینقلابە سوودیان لە سادەیی ئەم خەڵکەوە وەرگرتووە. ئەمانە کراون بە ئامراز بۆ ئەوەی ئەوان بگەن بە ئاواتیان، دواتر ئەو جگەرانەم بە دە بەرانبەری نرخی کڕینەکەی فرۆشتەوە خێرێکی زۆر باشی کرد. هەموو هەر وایان زانی ئەوە ڕاستی جگەرەی همایە و

ناوەکەی کراوە بە (جمهوری) بەڵام رەخنەیان هەبوو دەیانگوت دەبوایە لەسـەری بنووسـن (جمهـوری ئیسـلامی). هـەر بـە ڕاسـتی وا تێگەیشـتبوون لـە دوای ئـەو وەجبەیە جارێکیتر ئەم جۆرە جگەرەیەم دەسـت نەکەوتـەوە ئەگـەر چـی ویسـتی زۆری لەسەربوو. کۆتا جاری ئـەم ئیشـەی مـن ئـەوە بـوو کـە لە پرسـگەی (سـنە-هەمەدان) من و چەند کەسێکیتریش گیراین بە بیانووی ئەوەی ئـەم ئیشـە ئیشـی (قاچاخە) من سێیەم کەس بووم کە گیرام بیرم نەچێت لەم سەفەرە باوکم لەگـەڵم بوو ئێمە بەیەکەوە چووین بۆ بانە (گەردەنەی کـەلیخان) مـەتریک بـەفری لێبـوو (یادی بە خێر حەسەن زیرەک دەیگۆت بەفری کەلیخانە) بە ڕاسـتی بـەفری لێبـوو ناو بانەش هەمووی بەستابووی وەکو شووشە لووس ببوو. چەکدارەکان بە سـەیارە دەهاتن و دەچوون. باوکم وتی ئەمانە کـوردی عێـراقن، ئـەو سـەیارەیەی تێپـەری (سەید مجید)بوو، ئەوکەسە فەرماندەی یەکەی یەکێتی بوو ئەو کاتەش یەکێتی لە سەرەتای ڕکابەراییەکانیدا بوو لەگـەڵ پـارتی، بێگومـان ئـەو کـە بـاوکمی نـەدیت. باوکم وتی با بچینە هۆتێل با ئەوانە من نەبینن دڵنیـام مـن ببیـنن کێشـەیەکم بـۆ دروست دەکەن. هەندێ جگەرەشمان کڕیبـوو لـە دوکانێـک دامـان نـابوو. بـەرەو هۆتێلەکە چووین. ئـەم هۆتێلـە لەسـەر شـەقامی سـەرەکیدا بـوو. ژوورەکـانی لـە سەرەوە بەیەک ریز دەیانڕوانییە سەر شەقامەکە ئێمە ژووریکـمان لـەوێ گرتبـوو. کە بەرەو هۆتێلەکە چـووین کەسـێک بەرانبـەرمان دەهـات بـە نـاوی (ح.پ) کـە پێشتر ئەو کەسەمان دەناسی لە یەکێک لە شارەکانی ئێران ئـەویش پەنابـەر بـوو. هەر لە دوورەوە زەردەخەنەیەکی هاتێ، نزیک ئێمە بوو وتی:

سڵاو کاک کاکۆ ئەوە لێرە چی دەکەیت؟

سڵاو (ح)، تۆ چۆنی لێرە چی دەکەیت؟

پەڕۆیەکی سپی لە قۆڵی بەسـتابوو یەکەمجـار مـن وامزانـی برینـدارە یـان لە شتێکی داوە و بەستاویەتەوە، پاشان ئیشارەتی بۆ قۆڵی خۆی کرد و وتی:

من لێرە چاودێرم. ئێستاش ئەمن لەگەڵ کۆمەڵەم.

ئێ پیرۆزە سەرکەوتووبیت.

نەتگۆت لێرە چ دەکەن کاکۆ..؟

وەڵا ئێمە هاتووین لێرە جگەرە دەکڕین دەیبەین بۆ تاران دەیفرۆشین.!

ئیشێکی باش دەکەن. قەت تۆم نەدیوە لێرە.

من یەکەمجارە هاتووم.. هەر جار سالار بە تەنیا دەهات.

دەڵێم قەت تۆم نەدیوە.!

ئەی لە کوێ دەمێننەوە.؟

وەڵلا لەم هۆتێلە. باوکم بەدەستی ئیشارەتی بە هۆتێلەکە کرد.

دەباشە من لێرە هەموویان دەناسم، لەگەڵتان دێم پێیان دەڵێم کە ئێوە دۆستی منن و ئاگایان لێتان بێت.

کاک (ح) پێویست ناکات، ئەوان خەڵکی باشن.

نا. نا. هەردێم.. چۆن دەبێ.؟

ئیتر لەگەڵمان هات تا ناو هۆتێلەکە. لەگەڵ خاوەنەکەی قسەی کرد و پاشان وتی هەر ئیشێکتان هەبێت من لە بارەگای (دژبانیم) واتە (چاودێری - ئینزیبات) خەبەرم بکەن من لە خزمەتم، پاشان خواحافیزی کرد و ڕۆیشت. کاتەکە کاتی عەسر بوو تەمومژ هەموو بانەی داپۆشیبوو، سەرمایەکی بێ ئەمان بوو نەتدەتوانی تەنانەت دوو خولەکیش لە دەرەوە بوەستی لەرزت لێ دەهات، چووینەوە ژوورەکەی خۆمان، باوکم وتی من دەگیرێم، ئەوکەسە ئیخباریم لێ دەکات، بەڵام من خۆم نادەمە دەست، یان دەکوژرێم یان ڕادەکەم.

لە هەر دوو حاڵەتەکەدا تۆ بچۆرەوە ماڵ و ئاگاداری دایکت و مندالّەکان بە. ئەوان ئیشیان بە تۆ نییە تۆ منداڵیت، بەڵام دەزانن من کێم و منیش دەزانم ئەگەر بگیرێم چیم لێ بەسەر دێت.

لەو قسانە بووین دەرگای ژوورەکە کرایەوە. دوو کەس بوون هاوشێوەی (ح) پەڕۆی سپیان لە باڵیان بەستابوو، سڵاویان کردن و وتیان ئێوە میوانە عێراقیەکانن. باوکم وتی بەڵێ (شێخ جەلال) داواتان دەکات. فەرموون با بچین شێخ جەلال برای ( شێخ عزەدینی حسێنی) بوو ئەو کاتە ئەم جووتە برایە پاشای بانە بوون. ئەوان هەر ئەمریکیان بکردایە وا دەبوو. ئەو لە مزگەوتێکدا بوو کە حەوش و دەرگای نەبوو، تەنیا بینایەی مزگەوتەکە بوو. پێنج قالدرمە سەردەکەوتی ئینجا داخلی مزگەوتەکە دەبوویت کە چووین شێخ جەلال لە سەر قالدرمەکان ڕاوەستابوو. کەوا و سەڵتەیەکی لەبەردابوو، ڕەنگەکەی قاوەیی بوو. تاخمێکی مەخزەنی کلاشینکۆفی لەسەر کەواکە بەستابوو، بەڵام هیچ تفەنگێکی پێ نەبوو.

دەفتەرێکی گەورەی نووسینی لەدەستبوو، لەگەڵ قەڵەمێک دەوروبەری گەمارۆدرابوو بە خەڵکێکی زۆری چەک بەدەست و بەشان! باوکم سڵاوی کردوو، ئەو جوابی نەدایەوە، بەڵام خەڵکەکەی دەوری وەڵامی سەلامەکەیان دایەوە. زەق زەق سەیری ئێمەی دەکرد، وتی:

ئێوە میوانەکانن.؟

بەڵێ.

لە کوێوە هاتوون؟

لە تاران

بۆچی هاتوون.؟

یا شێخ خۆت دەزانی خۆ پیشاندانه و کاروکاسبی نەماوە. ئێمەس هاتووین لێرەوە جگەرە دەکڕین و دەیبەینە تاران و دەیفرۆشین.

درۆ دەکەیت.

یا شێخ عەیبە. ئەم وشەیە مەڵێ من بۆ درۆ دەکەم.

خەڵکی کام شاری کوردستانی عێراقی؟

خەڵکی هەولێرم.

لەگەڵ کام لایەن پەیوەندیت هەیە؟

مەبەستت لە لایەن چیە؟

ئینجا دەستی کرد بە ژماردن و کۆمەڵێک ناوی هێنا وەکو (یەکێتی، بزووتنەوەی سۆسیالیستی، شیوعی، کۆمەڵە، دیموکرات، قیادەی موەقەتە،.؟)

باوکم وتی وەڵا ئێمە چەند ساڵە لەو غەریبیە کەوتووین کەس لە ئێمەی نەپێچاوەتەوە تا ئێمە پەیوەندیمان بە لایەنێک هەبێت. بۆ خۆمان کاسبی خۆمانمان کردووە و ئێستاش هەر کاسبی دەکەین.!

وەڵاهی ... درۆ دەکەیت. ئێستا تەنگاوت بکەم قیادەی موەقەتە دەردەچیت! بەس چونکە میوانی هیچت پێ ناڵێم. بەڵام (وەڵاهی. وەڵاهی. وەڵاهی) بەیانی رۆژ ببێتەوە تۆ لە بانە مابیت لەم فلکەیە ئیعدامت دەکەم. پاشان بە دەستی فلکەکەی پێمان نیشاندا. ئێستاش بچنەوە هۆتێلەکە تا بەیانی لەوێ بمێننەوە. ئێمەش گەڕاینەوە هۆتێلەکە. باوکم وتی نەمگوت ئەم سەگە ئێمەی دیت ئیخباریمان دەکات ئێستاش بڕوام نییە. من لەسەر ئەم پەنجەرەیە دادەنیشم تۆ بۆ خۆت بخەوە. من سەیری پێش دەرگاکە دەکەم ئەگەر کەسانێک بێن بۆ مەبەستی گرتنم من لەو پەنجەریە خۆم داوێمە خوارێ و ڕادەکەم ئیتر من خەوم پیا کەوت، کاتێکم زانی باوکم بانگمی کرد. وتی هەستە با بڕۆین. وتم سەعات چەندە؟

ئەویش وتی سەعات سێ و چارەگێکە. وتم ئێستا زەحمەتە سەیارە هەبێت بۆ سەقز خۆ گەردەنەی کەلێمان ئێستا فیلیش ناتوانی پێیدا تێپەڕی! وتی دەچینە گەراجەکە. بەڵکو سەیارەیەک هەبێت. منیش هەڵسام و بەیەکەوە هۆتێلەکەمان بە جێهێشت. لە ڕێگا وتم ئەی جگەرەکان؟ وتی ژیانی خۆمان گرنگترە لە جگەرەکان با بگەینە سەقز عیلاجێکی بۆ دەکەین. ئیتر گەیشتینە گەراجەکە تەنیا یەک مینی پاسی بچووک و کۆن لەوێ وەستابوو. شۆفێرەکە و کەسێکیتر لە دەرەوەی پاسەکە لە ژێر دیواری گەراجەکە ئاگرێکیان کردبۆوە بە دیارییەوە بوون. وتمان دەمانەوێ بچین بۆ سەقز. ئەوانیش وتیان ئەم پاسە دەچێت، سڕەی ئێمەیە، بەڵام تاکوو پڕ نەبێت ناڕۆین. سەیری پاسەکەم کرد تەنیا یەک کەسی تێدابوو. دەبوایە ٢١ نەفەریتر بێت تاکوو حەرەکە بکات. کابراکە وتی بۆ خۆتان بچنە ناو پاسەکە دانیشن ئێرە زۆر ساردە. هەرواش بوو ئەوێ زۆر سارد بوو. گڕەگڕێک دەهات، من وامدەزانی سەیارەکەیە ئیش دەکات بۆ ئەوەی گەرم دابێت، بەڵام کە چووینە ناو پاسەکە سەیرم کرد لە ڕاڕۆی پاسەکە (پرێمزەک) پێکراوە بۆ ئەوەی ناو پاسەکە نەیبەستێت. ئەوەندە سارد بوو، بەڵام ناو پاسەکە گەرم داهاتبوو هەر گەیشتمە ناو پاسەکە من ئەوەندەم خەو دەهات گەرمیش بوومەوە بۆیە یەکسەر خەوم لێکەوت. دوایی لە دەنگە دەنگی باوکم بەخەبەر هاتم دونیا بەرەو ڕووناکی دەچوو باوکم بە شۆفێرەکەی دەگوت بڕۆ بۆ ناڕۆیت. شۆفێرەکە نەیدەزانی ئێمە چیمان لێقەوماوە. هەر دەیگوت یەک نەفەر کەم بێت ناڕۆم بۆمی دەرناهێنێت. سەیرم کرد بە ئێمەوە نۆ نەفەر لە ناو پاسەکە بووین. دەبوایە ١١ نەفەری تر بێن. کێ دەڵێ تا ئەو یانزە نەفەرە دێن دونیا ڕووناک نابێتەوە و باوکم ناگرن. بۆیە ڕووم کردە شۆفێرەکە و وتم تۆ حەرەکەت بکە. من پارەی ئەو یانزە نەفەرەت پێدەدەم، بەڵام لە ڕێگا هەر (مسافرێک) سواربوو من پارەکەی بۆ خۆم لێوەردەگرم. وتی ئەمە (حەرفی حسابیە- ئەوە قسەیەکی تەواوە).

یالّا با برۆین. ئیـتر بە رێکەوتـین بەرەو سـەقز پاسـەکە زنجیـر لە لاسـتیکەکانی بەسترابوون. شەقەشەقی دەهات کە دەڕۆیشت وات دەزانی شەمەندەفەرە لەسەر سکەی ئاسن ڕێدەکات. لە گەردەنەی کەلیخان چەنـدین سـەیارەی بچـووک وەکـو پیکاب و جێب لە رێگادا لایـان دابـوو کەوتبـوونە نـاو بەفـر. کـاژێر حەوت و نیـو گەیشتینە سەقز کە چی ئەگەر رێگاکە ئاسایی بوایە تەنیا کاژێرێک یان کاژێرێک و نیــو بــوو. هێشــتا میــنەی دەلال لە خەو هەڵ نەســتابوو. لە پەنجەرەکەیــم دا هەڵمستاند دەرگاکەی کردەوە و وتی چی بووە؟ هەمـوویم بـۆ بـاس کـرد ، لە بـن لێوان وتی ئەمانە دین و ئیمانیان نییە، دەک بە نەعلەت بن وەرن بـخەون، جـارێ ئیسراحەت بکەن خەمی جگەرەکانیشتان نەبێت من بۆتانی دەهێنمەوە.

ئەوەندە ماندوو و هیلاک و شـەکەت بـووین هەر کە چـووینە ژوورەوە میـنە جێگاکەی خۆی دا بە باوکم و منیش لە پاڵ سۆپاکە تا کاژێر نۆی بەیـانی خەوێکـی خۆشـمان کـرد. لە خەو هەڵسـاین نـان و چـایەکمان خـوارد و میـنە چـوو بـۆ لای کارەکەی و بەڕێوە وتی بەیـانی کـاتژمێر (٧-٨) جگەرەکانتـان لێـرەن. ئەو هەمـوو خەڵکی دەناسی و ئاشنایی لەگەڵیان هەبوو. ئێمەش لە دوای ئەو چـووین بـۆ نـاو بازاڕی سەقز و هەندێ جگەرەی ترمان کـڕی و هێنامـاننە ژوورەکەی میـنە دامـان نـان. ئەو شــەوە لە مــاڵی ســەید مـحەمەد مـاینەوە تـا بەیـانییەکەی کە لە خەو هەڵساین نانی بەیـانیمان خـوارد چـووینە لای میـنە. هەر لە دوورەوە وتـی وەرن جگەرەکانتان بـۆ هـاتووە، بەڵام دەبێـت کرێـی ٢١ نەفەر بـدەن بەو مینـی پاسـە، چـونکە شـەوانە بە دزیـیەوە هـاتووە و نەفەری هەڵنەگرتـووە تەنیـا جگەرەکـانی ئێوەی هێناوە. لە بیرم نییە چەند بوو، بەڵام پارەکەیمان پێدا. نیـوەڕۆ لەگەڵ میـنە لە سەر نانخواردن دەستمان کرد بە قسەکردن. ئەو بە باوکمی وت پێویست ناکات تـۆ بچیـتەوە تـاران جگەرەکـان بفرۆشـێت و دوو بەیـانی بگەڕێـتەوە. تـاکوو ئەو دێتەوە لێرە کاروانێکی تری بۆ ئامادە دەکەیـن. منـیش ئەو فکـرەم پـێ بـاش بـوو. ئاخر ئیتر ئێمە نەماندەتوانی بچینەوە بانە. ناوەندی جگەرە کـڕینەکە لە بـانە بـوو

بەڵام دەشـتوانرا لە سـەقز دابینـی بکەیـن، بەڵام بە نرخێکـی زیـاتر لە بـانە. بـۆیە بڕیارماندا وابکەین و هەر ئەو ئێوارەیە من بارەکەم لەسەر پشتی پاسێک بـارکرد و بەرەو تاران بە ڕێکەوتم و باوکم لە سەقز مایەوە. کە گەیشـتینە (پـۆلیس ڕێگـای) هەمەدان بازگەی توند دانرابوو، یەکسەر وتیان خاوەنی ئەو جگەرانە کێیە؟ منیش وتم منم، وتیان دابەزە. مـن دابەزیـم و هەمـوو جگەرەکانیـان داگـرتە خـوارەوە و ژمارديیان چەند کارتۆنن. ئەوەی من گەر بە هەڵە نەیلـێم هەژدە کـارتۆن بـوو. لە پیکاپێکیـان بـارکردوو منیشـیان سـواری پیکـابەکە کـردوو بەرەو سـەنتەری شـاری هەمەدان بە ڕێکەوتـین سـەیارەکە چـووە نـاو حەوشـەیەک لەسـەر دەرگـاکەی تابلۆیەک نووسرابوو (کۆمیتەی ئینقلابی ئیسلامی) هەمەدان.

سەیارەکەیان راگرت و دەرگای هۆلێکیان کردەوە دوو کۆمەڵێتر کارتۆن جـگەرە لە پێش مـن گیرابـوون لە تەنیشـتی یەکـتری دایـان نـابوون و نـاوی خاوەنەکەیـان لەسەر نووسیبوو. ئەوەی منیشیان لەولاتر دانابوو و نـاوی منیـان لەسـەر نووسـی. تاکوو مەلا بانگدانی بەیانی پێنج کۆمەڵی تریان هێنـا، واتە ئـێمە گیـراو بـووین بە هەشت کەس لەم هەشت کەسە پێنەجمەان کوردی عێراق بووین. بەیانییەکەی لە مەمەڕی کۆمیتەکە پیاسەم دەکرد. دەمویست بزانم بەرپرسەکەیان کـامەیە و بچـم تکای لێ بکەم ئازادمان بکات. گەنجێـک لەبەر دەرگـایەک وەسـتابوو بە بەردەوام بزەی لەسەر لێـو بـوو گەنجێکـی ڕوح سـووک بـوو هەر جـارێ مـن ڕەت بوومـایە سەیرێکی دەکردم. دواجار چووم لەلای وەستام و سـڵاوێکم لێکـرد. وتـی فەرمـوو، وتم دەمەوێت لەگەڵ بەرپرسی ئێرە قسە بکەم.

بۆچی دەتەوێت قسەی بکەیت. چیت دەوێت؟

سەمەوێت داوای لێ بکەم هاوکاریمان بکات و ئازادمان بکات.

ئەمە زۆر زەحمەتە. ناکرێت!

بۆچی ناکرێت؟

ئاخر بڕیاریان داوە ئەمڕۆ ئەم جگەرانە لە ناو بازاڕی هەمەدان هەراج بکەن.

ئەمە چۆن دەبێت؟

بڕیارەکە ئەوهایە. تازە هیچ ناکرێت؟

ئاخر بەم شێوەیە بێت ئێمە زۆر زەرەرمەند دەبین.

من نازانم، بەڵام بە نرخی دەوڵەتی حەراج دەکرێت فەرمانگەی دوخانیات (توتن) نرخەکەی بۆ دادەنێت.

ئەگەر ئێمە ڕازی نەبین؟

ئەو کاتە فەرمانگەی دوخانیات دەستی بەسەردا دەگرێت و پارەکەیتان پێ دەدات دیسانەوە بەو نرخەی کە ئەوان دیاری دەکەن.

پاشان وتی تۆ کوردی؟

بەڵێ کوردم.

.ئێ باشە، بەرپرسی ئەم کۆمیتەیەش کوردە. لێرە بوەستە دەتنێرمە ژووەرەوە لای خۆت بناسێنە و بڵێ کوردم. بەڵکو هاوکاریەکت بکات. لێرە بوەستە کە لای چۆڵ بوو خۆم بانگت دەکەم. دوای چەند خولەکێک وتی وەرە بڕۆ ژوورەوە، بەڵام کەسێکی تووڕەیە بە ئارامی قسەی لەگەڵ بکە، بەڵکو یارمەتیت بدات. ئەو کوردی شاری (بیجارە)،

چوومە ژوورەوە، سڵاوێکم لێکرد، هەر سەری خۆشی بەرز نەکردەوە کە بزانێ من کێم و چیم. دوبارە سڵاوم لێی کرد ئەمجارە زۆر بە تووڕەیی وتی، سڵاو. فەرموو. منیش هەر بە کوردی قسەم لەگەڵی دەکرد و ئەو بە فارسی وەڵامی دەدامەوە.

قوربان من کوردم، پەناهەندەشم لێرە لە بێکاری جگەرە دەفرۆشم ئەمڕۆ جگەرەکەم لێ گیراوە ئەگەر یارمەتیم بدەیت پێمی بدەنەوە.

داری چی میگی فارسی حرف بزن!

ئـێمه لەم وڵاته میـوانین. کاسـبی دەکەیـن بـۆ خۆمـان خـۆ غەدرمـان له کەس نەکردووه. تاکوو بمانگرن!؟

اصلا متوجه نمیشم که تو چی میگی برو بیرون.

من دەزانم تۆ کوردی. وەکو کوردێک داوای یارمەتیت لێ دەکەم.

اینجا اسلام حکم میکند. کرد، لر، ترک، فارس فرقی ندارد.

کەواته کوردی و له مەبەستم گەیشتی!؟

به تـووڕەیی ئەمجـاره به کـوردی وتـی بچـۆ دەرەوه ئەگینـا ئێسـتا خۆشـت دەخەمەوه زیندانەوه.

خۆزگە فارسێک له شوێنی تۆ با. دڵنیام رێزی لێ دەنام و یارمەتی دەدام.

دەڵێم بچۆره دەرەوه ئەمه جاری دووەممه و نایکەم به سـێ جـار و دەتنێـرمه زیندان. بەتەڵاقم لێتی هەراج دەکەم یان دەیدەم به دوخانیات. بۆ دەرەوه و هیچ قسەیەک مەکە.

زانیم کەسایەتییەکی ئاست نزمه و له پڕێک بووه به کوڕێک، بۆیه هیچ قسـەم نەکرد و به بێ خواحافیزی هـاتمه دەرەوه. زۆر دڵگـران بـووم بەو قسـانەی. ئـاخر چۆن دەبێت کوردێک کاربەدەست بێت لەم شاره و یارمەتی هاوزمـانەکەی خـۆی نەدات!؟ بەم شـێوەیەش دابەزێـته سـەری. بـۆم هەزم نەدەکـرا. هەر نەفـرەتم له خـۆفرۆش و چڵکـاوخۆران دەکـرد. ئەو کەسـه بـۆ تونـدتر کردنـی پـێگەی خـۆی دڵنیابووم براکەی خۆشی دەکرد به پرد و پێی لەسەر پشـتی دادەنـا و دەپەڕیـیەوه لەسـەری بـۆ ئەوەی بگـات به ئـارەزووه گڵاوەکـانی، بەڵام دەسـەڵات نەبـوو مـن نەمدەتوانی هیچی لەگەڵ بڵێم و بـکەم. هـاتمه نـاو ڕاڕۆیەکە، کـوڕه گەنـجەکە به پەله هات بۆ لام و وتی چی بوو؟ وتم وەڵا هیچ کەسێکی زۆر بـێ ڕێـز بـوو دەری

کردمە دەرەوە  و هیچی بۆ نەکردم. ئەو ڕۆژە ئەو دوو کۆمەڵەی کە لە پێش من گیرابوون بردنیان بۆ بازاڕ و هەریەکە کاژێر و نیوێکی پێ نەچوو لێیان هەراج کردن و سرەی من هات. کاژێر یانزە بوو بردیان بۆ بازاڕ تا نیوەڕۆ وەستاین تەنیا یەک پاکەت جگەرەش کەس لێمانی نەکڕی!

هاتینەوە کۆمیتەکە. لای عەسر دووبارە بردیان بۆ بازاڕ دیسان کەس هیچی لێمان نەکڕی. پێم سەیر بوو دوو کۆمەڵی پێش ئێمە چوار کاژێری کەمتر برد و هەمووی هەراج کرا و فرۆشرا، کەچی ئەوەی من کەس هیچی پێ نەدەدا و هۆکارەکەشم نەدەزانی تا ئێوارە گەڕاینەوە کۆمیتەکە. کوڕە گەنجەگە وتی بچۆوە لای بەرپرسەکە پێی بڵێ جگەرەکەم کەس هیچی پێ نادات و نافرۆشرێت، بەڵکو ئازادت بکات. منیش چوومەوە بۆ لای. وتی دیسان بۆ چی هاتوویت؟ وتم پیاوەتی خۆت بسەلمێنە، ئەمە لە بەیانییەوە سێ کەڕەت جگەرەکەمیان برد بۆ هەراج کەس لێمان ناکڕێت. چاوێکی لێم زەق کردەوە وتی بەیانی زوو دەینێرمەوە بازاڕ ئەگەر هەر نەفرۆشرا دەیدەم بە فەرمانگەی دوخانیات. بەیانییەکەش دیسان نەفرۆشرا زۆرم لا سەیر بوو تەنانەت یەک کەسیش بەلای دانەدەهات. هاتینەوە کۆمیتە، کوڕە گەنجەکە وتی چی بوو؟ وتم دیسان نەفرۆشران، وتی شانسێکی باشت هەیە، هەر لە خۆمەوە زۆر دوعام بۆت کردووە کە زەرەر نەکەیت. وەرە شتێکت پێ بڵێم.

وتم بڵێ فەرموو. بچۆرە لای ئاغای (مەدەنی). وتم ئەو کێیە؟

بۆ تۆ ئەو ناناسی؟

. نەخێر نایناسم.

ایت الە مدنی ئیمام جومعەی هەمەدانە.

ئەو هیچی پێ دەکرێت.

ئەو حاکمی ئێرەیە هەرچیەک بڵێت ئەوە دەکرێ بچۆ لە لای ئەو کاغەزێکی بچووک بۆ ئەم بەرپرسە بهێنە دڵنیا بە ئازادت دەکات.

چۆن دەتوانم بچمە ئەوێ؟

سواری تەکسیەک بەو بڵێ بمبە ماڵی ئیمام جومعەی

منیش بە قسەیم کردوو و وام کرد. کە گەیشتمە بەردەرکی ماڵەکەی کەسێکی مەدەنی چەکێکی لەدەست بوو لەوێ وەستابوو.

وتی فەرموو. وتم دەمەوێت بچمە لای (ئاغای مەدەنی). وتی چ ئیشێکت پێیەتی؟ وتم تۆ حەرەسی یان سکرتێری ئەویت حەقت چیە چ ئیشم پێیەتی. تۆزێ سەیری کردم و وتی وەرە ژوورەوە. لە دەرگای حەوشەکە چوومە ژوورەوە، لەوێ زۆر باش تەفتیشی کردم. پاشان وتی وەرە لە دوام تا بەر دەرگایەک بردمی و وتی حاجی ئاغا لێرەیە. بچۆرە ژوورەوە کە چوومە ژووەرەوە، ژوورێکی درێژ و گەورە بوو. پڕاوپڕی خەڵک بوو. سڵاوم کردوو لە لای خوارەوە شوێنێک چۆڵ بوو لێی دانیشتم، بەخێر هاتنیان کردم. ئاغای مەدەنی لە لای سەرەوە دانیشتبوو یەک یەک جوابی خەڵکەکەی دەدایەوە، نۆرەی من هات، وتی:

فەرموو کوڕەکەم. تۆ چیت دەوێت. ئیشت چییە؟

حاجی ئاغا من کاسبم. بۆ خۆم کاسبی دەکەم لە بازگەی (هەمەدان- سنە) منیان گرتووە. دەڵێن کاسبی قەدەغەیە.

چ کاسبیەک دەکەیت؟

من لە سەقز و بانە جگەرە دەکڕم و دەیبەم لە تاران دەیفرۆشم ئەگەر خێرێکم دەسکەوتێت بۆ بژێوی ژیانم کە چی پێم دەڵێن ئەم کارە (قاچاغە)!

دیارە قاچاغە، بۆیە گرتوویانی.

قوربان ئەمە جاری سێیەمە مـن بەم ڕێگـایەدا دێـم و هەر ئەو بارەشـم پێـیە، کەسێک پێمی نەگوتووە ئەم کارە مەکە و قاچاغە تاکوو منیش نەیکەم!

سـەیرێکی کـردم و وتـی وەڵاهـی خـۆ ڕاسـتیش دەڵێـت. پێویسـتە خەڵکـی یەکەمجار ئاگادار بکەینەوە کە ئەو کارانە نەکەن. ئەگەر دووبارەیان کردەوە ئینجا بیانگرن و سزایان بدەن.

حـاجی ئاغـا ئـێمە تـابعی یاسـاین. ئـێ ئەگەر کاسـبی نەکەیـن بچـین لەسـەر جادەکان گیرفانی خەڵک ببڕین و دزی بکەین.

نا.نا. قەت شتی وا مەڵێ تۆ تەمەنت کەمە و زیرەک دیاریت خەڵکی کوێیت؟

قوربان من پەناهەندەی عێراقیم. کوردم. لە تاران نیشتەجێم.

بە دەنگێکـی بەرز دەسـتی کـرد بە پێکەنـین و پاشـان وتـی ئـێ کـوڕی خـۆم پەناهەنداتی و قاچاخچیاتی کوجا مەرحەبا.!

قوربان من وەکو کاسبی ئەم کـارەم کـردووە نەک قاچـاخ، ئێسـتاش ئەگەر ئەم کارە قاچاخە و من پێیم نەزانیوە ئەمجارە ببوورن و یارمەتیم بدەن بەڵـێن دەدەم ئیتر لەمەودوا ئەم کارە نەکەم.

نا نا من باشم ناسیوی. تـۆ زۆر زیـرەکتری لەوەی کەمـن بیـرم لێـی دەکـردەوە. باشە تۆ فەرموو بچۆرەوە کۆمیتە، منیش دوایی دێم و پێیان دەڵێم ئازادت بکەن.

ئاخر حاجی ئاغا. هەر من نیم ئێمە کۆمەڵێکین گیراوین.

لەبەر خاتری دڵی تۆ ئەوانیش ئازاد دەکەین.

من باوەڕم نەدەکرد. ئەم کەسە فارسێک بوو، هاوزمان نەبووین. کەسێکی نەرم و نیان و قسە خۆش و ڕووخۆش بوو کەچی ئەو کوردەی کە دواتـر بـۆم دەرکەوت تەنیا جێبەجێکارە و هیچ دەسەڵاتێکی نییە و مشەخۆرێکی بچـووکە کە زۆر لـوت بەرزانە و بێ ڕێز قسەی لەگەڵ دەکردم. بێزم لەخۆم دەکردەوە جارجار دەمگـوت

خۆزگە کورد نەبایت. ئەمە کەی ڕەوشتی کوردە. ئیتر گەڕامەوە کۆمیتەکە. کوڕە لێو بە خەندەکە هەر لەوێ بوو بۆ من ببووە فرشتەیەک بۆ لام هات و وتی ها چیت کرد. وتم حاجی ئاغا ئەوهای پێم وت. وتی هەر لێرە چاوەڕوان بە دوای تۆزێکیتر دێت کە ئەو هات چووە ژوورەوە منیش تۆ دەکەمە ژوورەوە لە دوای ئەو. دەوری کاژێر چواری ئێوارە حاجی ئاغا کە هات و چووە ژووری بەرپرسەکە و کوڕە گەنجەکەش لە دوای ئەو منی کردە ژوورێ. هەر دەرگام کردەوە بەرپرسی کۆمیتەکە کە منی دیت وتی بڕۆ دەرەوە، بۆ هاتویتە ژوورەوە.

ئاغای مەدەنی کە سەیری کرد منم، وتی بوەستە مەچۆرە دەرەوە، پاشان پرسی کێشەی ئەم گەنجە چیە؟

ئەویش هەموو شتەکانی بۆ باس کرد. وتی ئازادییان بکە و با بچنەوە ماڵەکانی خۆیان بەڵام بەڵێننامەیەکیان لێ وەبگرە کە ئیتر لەو کارانە نەکەن. بەرپرسەکە نەیوێرا هیچ بڵێت وتی بەڵێ حاجی ئاغا جەنابتان ئەمر دەکەن، بەڵام من هی دوو کەسیانم هەڕاج کردووە. چی لەوان بکەم؟ وتی، ئەمە کێشەی خۆتە. تۆ بە ئەمری کێ ئەو کارەت کردووە؟ هەر خۆشت چارەسەری بکە. پاشان هەڵسا و خواحافیزی کرد و ئێمەی جێ هێشت. من لە ژوورەکە مامەوە کابرا سەیرێکی کردم وتی بۆ چوویت شکاتت لێم کردووە.

لێت پاڕامەوە کە ئازادمان بکەیت ئەوەت نەکرد تا بە ئەمر پێتیان کرد. پیاوەتیەکە هی خۆت بوایە باشتر دەبوو. وتی بچۆ هاوڕێیەکانتانم بۆ بانگ بکە. منیش چووم هەموویانم بانگ کرد. وتی ئەو زەرەرەی ئەم دووکەسەتان کردوویانە دابەشی هەشتی دەکەم هەریەکەتان چەندتان بەرکەوت بیدەن بەوانەی زەرەرییان کردووە. ئازادتان دەکەم. هەندێک ناڕازی بوون. منیش وتم برایان پێویست ناکات لەوە زیاتر لێرە بمێننەوە. تازە ئیشەکە هاتووە خۆ ئێمە بای ئەوەندە زیاتر قازانج دەکەین. باهەموومان شەریک بین لەو زەرەرە و هەر یەکە و کەمێکمان بەردەکەوێت و با نەجاتمان ببێت و بچینەوە ماڵەکانی خۆمان تا

بەیانی خەریکیان بووم و هەوڵمدا لەگەڵیان تاکوو ڕازیـم کـردن. بەیـانییەکەی کە ڕۆژی چوارەم بوو هەریەکە و بەشە زەرەری خۆی بژارد و و بەڵێننامەیەکیان لێمان وەرگـرت و هەر کەسـە و کـاغەزێکی مۆرکراویـان پێمانـدا کە تـاکو تـاران کەس ڕێگامان پێ نەگرێت. بەم شێوەیە رزگارمان بوو لەو کێشەیە. لەولاش باوکم کە من تاخیر بووم لە گەڕانەوە نیگەران ببوو گەڕابۆوە تـاران لەوێـش دایکـم پێـی وتبـوو سالار نەهاتۆتەوە. ئەویش وتبووی ئەوە چوار ڕۆژە گەڕاوەتەوە چۆن نەگەیشتووە. ئیتر دەستیان کردبوو بە گەڕان بە دوای منـدا. منـیش پیکـابێکم گرتبـوو بەکـرێ و جگەرەکـانم بـردنە مـاڵی مـامم غەریـب لە شـاری قەزویـن، لەوێ دامنـان و چیـرۆکەکەم بـۆ مـامم گێـڕایەوە، ئەویـش وتـی کەواتە لێـرە خـۆت تـاخیر مەکە بچۆرەوە ماڵ ئێستا بە دواتدا دەگەڕێن و نیگەرانتن. بۆیە بە بـێ دواکەوتـن هـاتمە گەراج و گەڕامەوە تاران کە چوومەوە ماڵەوە ماڵی ئێمە وەک تازیە وابوو هەمـوو خەڵکەکە لەوێ کۆببوونەوە ژنەکان دەگریان. هەموو وایان دانابوو من نەمـاوم کە چاویان بە من کەوت هەموو بۆ لای من ڕایان کرد. پرسیان لە کـوێ بـوومە منـیش هەموو چیرۆکەکەم سەرلەبەر بۆیان گێڕایەوە و ئیتر باوکیشم وتی لەمەودوا ڕێگـا نادەم ئەو کارە بکەیت و وازی لێ بهێنە. خۆشم هەر ئەوە ڕام بـوو. بـۆیە ئیـتر لە دوای فرۆشتنی جگەرەکانم کە لە قەزوین دامنابوون وازم لە کارەکە هێنـا. رژێمـی شاهەنشاهی لە داڕوخـانی کامڵـدابوو. شـای ئێـران وڵاتـی جـێ هێشـتبوو. شـاپور بەختیار سەرۆک وەزیرانی ئێران حوکمی دەکرد. سـەرەڕای دروسـتکردنی چەنـدین کۆسـپ و تەگەرە سـەرئەنجام (خـومەینی) گەڕایەوە ئێـران بە ملیۆنـان خەڵـک لە تاران لە پێشـوازی دابـوون کەرنەڤـاڵێکی مەزن بـوو وەکـو پـاڵەوانێکی جەنـگ لە خومێنی پێشوازی کرا. گەرچی خەڵکی بـێ ئاگـابوون لە دەرئەنجـام و ئاکـامی ئەم شۆڕشە، هەمووی مەستی ڕووخانی شای ئێران و هەڵاتنی بوون!

بەم شـێوەیە بەردی بنـاغەی (کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران) دانـراو و خەڵکـیش چـاوەڕوانی کۆمەڵێـک بەڵـێن بـوون کە هەرگیـز بۆیـان نەهـاتنە دی و دواتـریش تووشی گێژاوی شەڕێکی هەشت ساڵە بوون لەگەڵ عێراقدا.

هەمیشە وابووە رژێمەکان و نیزامە دەسەڵاتدارەکان گۆڕانکێیان پـێ دەکرێـت و خۆراکی ئەم سیناریۆیەش گەلان و خەڵکی بێ دەسەڵات و ڕەش و ڕوتن.

# تەوەری یازدەم

## گەڕاندنەوەی تەرمی بارزانی نەمر

دەنگۆی ئەوە بڵاو بۆوە کە بارزانی لە ئەمریکا دەگەڕێتەوە. خەڵکی دڵشاد و دڵخۆش بوون هەمووان لە چاوەڕوانی دابوون، بەڵام تەنیا حەفتەیەک دوای گەڕانەوەی خومێنی هەواڵی کۆچی دوایی سەرۆک مستەفا بارزانی ڕاگەیەندرا کە هەرگیز خەڵک چاوەڕوانی ئەم هەواڵەیان نەدەکرد خەڵکی بە کۆمەڵ ڕوویان لە شاری کەرەج دەکرد. هەمووی لەوێ شین و گریان و ڕۆڕۆیان بوو. تا لەبەرەبەیانێک تەرمی بارزانی گەیشتە فرۆکەخانەی مهرآبادی تاران و لەوێش بردرا بۆ کەرەج و پاشانیش بە ڕێوڕەسمێکی شکۆدار لە شنۆی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە خاک سپێردرا.

چەند حەفتەیەک دواتر باوکم سەفەری کوردستانی کرد، دواتر گەڕایەوە و وتی دەبێ بگەڕێینەوە کوردستان. خەڵکی ناو مەکتەبەکەش هەموویان وتیان ئێمەش دەگەڕێینەوە کوردستان هەموویان یەکڕا بوون. نەمزانی بۆ ئاغای نایبی زۆر درەنگ فریا کەوت. ئەو ئێوارەیەی دەگەڕاینەوە بۆ بەیانییەکەی ، ئەو ئێوارەیە هاتە ماڵمان. من ئەو ڕۆژە پێم وتبوو کە بەیانی دەڕۆین منیش دەبێ بڕۆم. شڵەژابوو، نەیدەزانی چی دەکات و چی دەڵێت کە هاتە ماڵمان، ڕووی لە باوکم کرد وتی ، تۆ ئەگەر خۆشت دەڕۆیت ئاساییە، بەڵام ئەم منداڵانە مەبە، با هەر لێرە بن. هەرچی کردی و گۆتی باوکم ڕازی نەبوو بۆیە دواجار باوکم بە منی وت کلیلەکان بدەرەوە حاجی سوپاسیشی دەکەین کە لەو ماوەیە باوکانە یارمەتی ئێمەی داوە. حاجی وتی (کاکۆ) قسەیەکم هەیە دەیکەم ئیتر دەبێ پەشیمان ببیتەوە لە ڕۆیشتن. پاشان وتی دوو کچم هەیە، ساڵح هەر یەکیانی بوێت دەیدەم

پێی، دایکم وتی، کاکۆ با نەڕۆین ئەم پیاوە پێویستی بە ئێمەیە و دەڵێت کچی خۆم دەدەم بە سالار ئەوە چاوەڕوان نەکراوە. باوکم وتی تۆ بێ دەنگ بە من ناتوانم بمێنم و ناشتوانم سالار لێرە بە تەنیا جێ بهێڵم. پاشان حاجی وتی ئەگەر سالار بە کچی من ڕازی نەبێت دەیبەم لە (شەهریار) لە ناو کەس و کارەکەم دەیگێڕم، هەمووان کچیان هەیە ئەو بە هەریەکێکیان ڕازی بێت بەڵێن دەدەم لێی مارە دەکەم. بەس مەڕۆن. باوکم هەر وتی نابێ ناکرێ دەڕۆین.

دواجار ئاغای نایبی وەکو منداڵ دەستی کرد بە گریان و پچڕپچڕ دەیگوت (ئاخر من چ خراپەیەکم هەبووە کە ئێوە من بە جێ دەهێڵن). مرۆڤەکان لە ژیاندا یەک دووجار بەخت ڕوویان تێ دەکات، پێویستە عاقڵانە مامەڵەی لەگەڵ بکەن. ئێمە گەڕاینەوە کوردستان و لە شاری (مەهاباد) لە دێیەک بە ناوی (قوش قەڵا یان قون قەڵا) کە دەکەوتە سەر ڕێگای مەهاباد – مياندواو نیشتەجێ بووین. ئەم دێیە ڕووبارێکی گەورەی بەلای رۆژهەڵاتیدا دەهات دێیەکە هەمووی کەوتبووە ئەوبەری رۆژئاوی ڕووبارەکە. لەم بەرەی کورەخانەیەکی کۆنی خشتی سووری لێ بوو کە کاری نەدەکرد، هەندێ خانووی بەتاڵی تێدابوو کەسێک لەوێ پاسەوان بوو و بە تەنیا دەژیا ناوی (قەرەنی) بوو ئەو لە باوکم زۆر بە تەمەنتر بوو، بەڵام کەسێکی پاک و پوخت بوو، کوردپەروەر و زانا بوو. قسەخۆش و مەجلیس گەرم بوو. ئەو شوێنی بۆ ئێمە لەو جێگایە کردەوە. ئەگەر چی هەندێ دوورە شار بووین، بەڵام شوێنەکە دڵنشین بوو، دیاربوو خەڵکی دێیەکە خۆشحاڵ نەبوون بە چوونی ئێمە بۆ ئەوێ چونکە تۆوی دووبەرەکی گەیشتبووە ئەوێش.

ئێمەش چەند ماڵێک بووین لەوێ کە بریتی بووین لە ماڵی ئێمە، ماڵی شەهید مامەند، موحسین خۆشناو، سەباح صديق، کماڵ حافز) ئەگەر کەسیترم لە بیر نەچووبێت! رۆژانە ئافرەتەکان دەچوونە سەر ڕووبارەکە بۆ جل شۆردن و قاپ و قاچاخ شۆردن، خەڵکی دێیەکە لەوبەر ئاوەکە بەردییان تێ دەگرتن و وشەی نەشیاوییان بە کار دەبرد. دەیانگۆت لێرە بڕۆن و ئێرە چۆل کەن. رۆژێک و دوان

و سیان نەبوو، هەموو رۆژێـک هەر وایـان دەکـرد ئـێمە تەنـانەت نەدەوێـراین لە ڕووبـــارەکەش بپەڕیـــنەوە. مـــن پایســـکلەکەم هەرمـــابوو رۆژانە بـــۆ کڕینـــی پێداویستیەکانمان بە پایسکلەکەم دەچوومە مەهاباد و کەل و پەلەکـانم دەکـڕین. رۆژێـک لە رێگـا شـوانێک بە دیـار ئاژەڵەکـانی وەسـتابوو. ئەو جێگـایەش ئاقـاری قووش قەڵا بوو، گەیشتمە لای ڕامگـرت و سـڵاوێکم لێـی کـرد. بە ڕووێکـی خـۆش وەڵامی دامەوە، وتم خەڵکی کێی؟ وتی قووش قەڵا. وتم:

قەت میوان هاتۆتە دێیەکەی ئێوە؟!

ماڵتە ئەوە چ پرسیارێکە ئەدی چلۆن نەهاتووە!

ئەی بۆ چی نازانن ڕێزی میوان بگرن؟

ماڵتە بۆ نازانین کێ میوان بووە و ڕیزمان نەگرتبێ؟!

ئەوە نییە ئێمە لێرە میوانین، ئێوە بە بەرد و جنێو پێشوازیمان لێ دەکەن!

ئەمە وانییە، هەمووی وانییە کۆمەڵێک خەڵک هەن کە باڵا دەستن و لەو دێـیە دەژین ئەوانن خەڵکەکە هان دەدەن ئاوا بە ناشرینی رەفتار بکەن!

باشە ئەمانە مەتلەبیان چیە لەم کارەیان؟!

ئەوان دەڵـێن ئێـوە جاشـی ئێـرانن بـۆ جاسوسـی و کـورد کوشـتن هـاتوون بـۆ ناوچەکـانی ئـێمە، خەڵکەکەیـان وا تـێ گەیانـدووە. ئاشـکرایە ئەو کـاتە لە سـەدا نەوەدی کوردستانی رۆژهەڵات لە ژێـر دەسـەڵاتی لایەنە کوردییەکـانی رۆژهەڵات دابوون بە تایبەتی (حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران) لەو دێـیەش بارەگـایەکی حزب هەبـوو، ئەوان بەرپرسـی ئەو سـنووورە بـوون. دێـیەکە دێیەکـی گەورە بـوو، خەڵکەکەی بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری خەریک بوون. بە کابرای شـوانم وت بە خـوا برام بە هەڵە حاڵی کراون ئێمە ئاوانین و هیچ پەیوەنـدییەکمان بە ئێـرانەوە نیـیە. ئێمە لەم وڵاتە دەژین و ناچـارین بە پێـی یاسـاکانی ئەو وڵاتە کارەکانمـان بکەیـن.

ئێمە میوانی ئەو وڵاتەین نەک خاوەن. بۆیە بە بیـرم داهـات لە گەڕانەوەم داوا لە قەرەنی بکەم لەگەڵ باوکم و ئەوانیتر سەردانێکی ناو دێیەکە بکەن و بۆ خەڵکەکە ڕوونی بکەنەوە کە هەڵەن لەو جۆرە ڕەفتـارانەی کە بەرامـبەر بە ئـێمە دەیـکەن. گەر چی قەرەنی جارجـار هەر لەو بەر ئـاوێ هـاواری دەکـردە سـەر خەڵـکەکە و دەیگۆت ئێوە بۆ حەیا ناکەن، ئەوانە ژن و منداڵن و لەسـەر ئـاوەکە جـل و بەرگ دەشۆن بۆ بەردییان تێ دەگرن و قسەی نەشـیاو دەکەن. ئەم کـردەوانە دوورن لە ڕەوشتی کوردان و کوردایەتی. دوای گەڕانەوە چوومە لای کاک قەرەنی و پـێم وت ئەگەر  لەگەڵ بـاوکم و ئەوان بچێـتە لای خەڵکـی ئەو دێـیە مـومکینە کێشــەکە چارەسەر بکرێت. ئەویش ئەوەی پێ  بـاش بـوو، بەڵام دەترسـا بە گـوێی نەکەن و شتی نەخوازراو ڕوو بدات شـەو لەگەڵ بـاوکم و ئەوان ئەم بـابەتەی بـاس کـردن، ئەوانیش لارییان نەبوو چارەسـەرێک بکریـت، چـونکە هەنـدێکیان چەنـدین جـار دەیانویست وەڵامی خەڵکەکە بدەنەوە. باوکم ڕازی نەدەبوو ڕێگـای پـێ دەگـرتن، دەیگوت دوژمنیش هەر چاوەڕێی ئەمەمان لێ دەکات، ئـێمە تێـک بەربـین نـابێ ئەو شتە بکەیت و نەیدەهێشت کێشەکە گەورەتر ببێـت. بـاوکم بە قەرەنـی وت. برا گەورە و ڕیش سپی ئەو دێیە دەناسێت؟ ئەویش وتی بەڵـێ دەیناسـم، دەباشـە بەیانی بچۆرە لای و پێی بڵێ ئێمە بۆ خوانی نیوەڕۆ میوانی ئەوین!

ئەمەیانم بەدڵ بوو. دەبوایە چارەسەرێکی ئاشتیانە بکرایە، بەیـانییەکەی کـاک قەرەنی چوو بۆ دێیەکە دوای کاژێرێک گەڕایەوە. وتی برا گەورەکەیـان وتـوویەتی بۆ نیوەڕۆ مەیەن، من دەبێت ماڵ بە ماڵ بگەڕێـم و ئەم خەڵـکە حـاڵی بـکەم کە کاردانەوەیان نەبێت، بۆ ئێوارە ئامادە دەبین و لە خزمەتیـان دا دەبـین. ئیـتر ئەوە بوو ئێوارەکەی چووینە ئەو ماڵە و زۆربەی پیـاوانی گونـدیش لەوێ بـوون، لەگەڵ یەکتری تەوقەمان کردوو و چاک و چۆنییەکی گەرم، باوکم خۆی و ئەوانیتریشی بە خەڵکەکە ناساند و برا گەورەکەیان دیاربوو کەسێکی باش بـوو، کە قسـەی دەکـرد ناوە ناوە سەیری لای چەپی خۆی دەکرد. ئەمە بۆمن جێی پرسیار بوو، کاتێک مـن

تەرکیزم لە لای چەپی ئەو کردەوە، سێ چوار چەکدار لەوێ وەستابوون. دیار بوو هەر قسەیەکی دەکرد ڕووی لەوان دەکرد بزانێت کە ئایا بە دڵی ئەوان بووە یان نا!!

لە ئێمە تەنیا من هەستم بەو شتە کردبوو، بۆیە خۆم بۆ نەگیرا و بە کابرای برا گەورەکەیانم وت، خاڵۆ گیان بەو چەکدارانەش بڵێ بێنە ناو مەجلیسەکە، خۆ ئێمە بۆ شەڕ نەهاتووین، ئەوان ئەگەر قسەیەکیان هەیە با بێن و خۆیان بیکەن نەک بە تۆی بکەن!

باوکم و ئەوان سەیرێکیان کردم و ئەوان ئاگاداری ئەم شتە نەبوون بۆیە وتیان چەکداری چی؟ منیش بە سەر ئیشارەتم بۆ ئەو شوێنە کرد کە چەکدارەکانی لێ بوون باوکم هەڵسایەوە و وتی، ئەمانە کێن؟

برا گەورەکە وتی پێشمەرگەنە جەماعەتی بارەگاکەی ئێرەن.

ئەی بۆ نایەنە ناو مەجلیسەکە.

پێیان خۆش نییە دیارە!

باوکم چوو بۆ لایان و هەندێ قسەی لەگەڵ کردن و لەگەڵ باوکم هاتنەوە ناو مەجلیسەکە. من نەمزانی باوکم چی پێیان وتبوو، بەڵام ئەمەم دیت کە ڕازی کردبوون بێنە مەجلیسەکە، کۆمەڵێک گەنج بوون لە تەمەنی ٣٠ بۆ ٤٠ساڵی پێنج یان شەش پێشمەرگە بوون. یەکێکیان بەرپرسەکەیان بوو. لە تەنیشت باوکم و برا گەورەی دێیەکە دانیشتن. باوکم باسێکی کورت و پوختی شۆڕشی کوردی لە عێراق بۆ کردن و باسی لەو نەهامەتیانە کرد کە بەسەر پەنابەرە کوردەکان هاتبوون و باسی بێ سیفەتی و پیلانی شای ئێرانی بۆ کردن کە دژ بە شۆڕشی کورد لە ساڵی ١٩٧٥ گێڕدرابوو، باسی بەشداری بارزانی و هەڤاڵەکانی کرد لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد و گەلێ شتیتریش. خەڵکەکە هەمووی گوێیان بۆ ڕادێرابوو دواتریش براگەورەی دێیەکە هەندێ قسەیتری کرد و پاشانیش خەڵکی دێیەکە وتیان ئێمە بە

هەڵە حاڵی کراوین. بە ئێمەیان وتووە ئێوە هاوکار و بەشێکن لە ئێران و سوپای ئێران، ئەو کاردانەوانەی کە کراویشن دەرهەق بە ئێوە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە. بۆیە ئێستا ئێمە بۆمان ڕوون بۆوە کە بە هەڵە ئێمەیان حاڵی کردووە. داوای لێبوردنتان لێ دەکەین و ئێوە برا و کەسی ئێمەن و هەر ئیشێک و پێویستیەکتان هەبێت ئەم گوندە بە گوندی خۆتان بزانن و ئێمە لە خزمەتی ئێوەین. من زۆر دڵخۆش بووم بەم ڕێککەوتنە نوێیە. ئاخر هەر بیرم دەکردەوە و دەموت چۆن دەبێ و دەکرێ کورد دژ بەیەکتری هەڵوێستیان هەبێت ئەو شەوە لە قسەکانی ئەوان ئەوەم بۆ سەلمێندرا کە دوژمنانمان جگە لە شەڕی راستەوخۆ ژێر بە ژێریش لە هەوڵی ئەوەدان بەرەیەک لە ناو کورد دروست بکەن کە ڕق هەڵگرتن و دژایەتی کردن بوو. بۆ ئەوەی ئەوان (دوژمنان)مان لە ئاوی لێل ماسی بگرن!

لەو شەوە بە دواوە ئیتر خەڵکی ئەو دێیە بوون بە دۆست و کەسوکاری ئێمە. بەیانیان لە ڕووبارەکە دەپەڕینەوە و ماست و پەنیر و پێخۆرییان بۆ دەهێنایین. بە شەو و رۆژ دەهاتنە لامان و بە قسەی خۆش و سادەییان دڵی ئێمەیان دەدایەوە. ئەوان دەیانگۆت نابێ لێرە ئێوە هەست بە غەریبی بکەن، ئێرە ماڵی خۆتانە و موڵکی ئێوەیە.

# بەشی پێنجەم

# بوون بە پێشمەرگە

## بەستنی کۆنگرەی ٩ پارتی و بوونم بە پێشمەرگە

سەروبەندی بەستنی کۆنگرەی نۆیەمی پارتیمان بوو لە ناوچەی مەرگەوەڕ (زێوە). مامم مەلاغەریب ئەندامی لێژنەی ئامادەکاری (تحضیری) کۆنگرەکە بوو. ماڵی کاک خورشید شێرە لە گوندێک بوون لە ئێمە نزیک بوو بە ناوی (گۆپتەپە)، من چوومە ماڵی ئەوان بۆ سەردانی ڕێبواری کوڕی کاک خورشید کە هاوڕێی یەکتری بووین. لەوێ دیاربوو کاک خورشید خۆی ئامادە دەکرد بچێت بەشداری ئەو کۆنگرەیە بکات. بڕیار بوو رزگاری کوڕی لەگەڵ خۆی ببات، بۆیە منیش حەزم کرد لەگەڵیان بچم و وتم منیش دێمە لای مامم. کاک خورشید بەیانییەکەی حەڕەکەی دەکرد بۆ مەرگەوەڕ، منیش هاتمەوە ماڵەوە و روخسەتم لە دایکم و باوکم وەرگرت و بەیانییەکەی چوومە مەرگەوەڕ. لەوێ چاوم بە مامم کەوت وتم هاتوومەتەوە لای تۆ بۆ ئەوەی لێرە لەگەڵتان بم. ئەگەر پێویستیەکت هەبێت من بۆتی جێبەجێ بکەم. ئەویش وتی ئیشێکی باشت کردووە کە هاتووی، جموجۆڵێکی زۆر لەو ناوە و دەوری هۆڵی کۆنگرە هەبوو. مقۆمقۆی ئەوە هەبوو کە هەندێ لە برادەرانی ئەندامانی سەرکردایەتی کاتی دژی هەندێک بڕیار و ئامادەکاری کۆنگرەکەن. من وام هەست دەکرد هەر واش بوو، چونکە هەندێکیان ئەو کاتە کۆنگرە و پارتیان بەجێهێشوو و رۆیشتن! لە بەر ئەوەی من پێشینەی کاری سیاسیم نەبوو نەمدەتوانی دەرک بەوە بکەم کامە بیروڕا لەوەکەیتر راستترە ئەمە سەرەتای بەشداریکردنی من بوو لە ژیانی پێشمەرگایەتی و سیاسی لە ناو پارتێکی کوردستانیدا. راستە لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول کرابوومە پێشمەرگە، بەڵام بە شێوەیەکی کردەنی نەبوو من زیاتر لەگەڵ ماڵەوە و پاسەوانی ماڵ بووم، کەمتر تێکەڵ بە بارەگاکانی حزب و پێشمەرگە دەبووم، تەنیا جارجار سەرێکم لێیان دەدا.

ئەمجارە هەستم دەکرد کە بیرکردنەوەکانم جیاوازییان هەیە شتەکان وەکو خۆی دەبینم، دەشمتوانی ڕا دەرببڕم لە سەر هەندێ شت. مامم تفەنگێکی دا پێم کە وەکو پاسەوانی ئەو لەگەڵی دابم. وەرگرتنی ئەو تفەنگە کاریگەرییەکی دەروونی بەهێزی لێ کردم. خۆم بە پیاو و پێشمەرگە دەزانی ڕۆژانە لە دەوروبەری هۆڵی کۆنگرە لەگەڵ پێشمەرگەکانیتر پاسەوانیان دەکرد تێکەڵ بە خەڵکێکی نوێتر بووم. ئەو کاتە من گەنجێکی باریک و باڵا بەرز و پڕ جووڵە بووم. تازە لە دەموچاوم موو دەڕوا. هێشتا ڕیش و سمێڵم بە تەواوەتی دەرنەهاتبوون. ڕۆژانە کاک ئیدریس و کاک مەسعودم دەبینی کە دەهاتن و دەچوون هەندێ جار سوتفەی دەکرد و کاک ئیدریس بەلای مندا رەت دەبوو سڵاوێکی لێدەکردم و ئەو ئەمنی دەناسی بزەیەکی دەکرد و پێمی دەگوت (تەشقەڵەچی) چۆنی. دەنگۆی ئەوە بڵاو بۆوە کە کاک ئیدریس گەرچی بە تەمەن لە کاک مەسعود گەورەتر بوو، ئەو کاک مەسعودی پێشنیار کردووە بۆ بوون بە سەرۆکی حزب. دیارە زۆربەی ئەندامانی کۆنگرەکەش پشتگیرییان لەو ڕایەی کاک ئیدریس دەکرد، هۆکارکەشی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە لێکترازان لە نێوان ئەندامانی پلە بەرز و بەشداربووانی کۆنگرەکە دروست نەبێت! تا رادەیەک ئەم ڕایە کۆنترۆڵی کۆنگرەکەی کرد و سەرکەوتووانە بە کۆتا هات. مامم مەلا غەریب دەنگی پێویستی نەهێنا ببێت بە ئەندامی سەرکردایەتی، بەڵام کاک خورشید شێرە بوو بە ئەندامی سەرکردایەتی. دەستکرا بە دووبارە ڕێکخستنەوەی لقەکانی پارتیمان. بڕیارەکان دەرچوون. کاک خورشید شێرە کرا بە بەرپرسی لقی ٢ی پارتی و ئەو کاتە سیستەمەکە بەم شێوەیە بوو کە بەرپرسی لق دوو جێگیری هەبوو کە یەکێکیان بەرپرسی ڕێکخستنی لق و ئەویتر بەرپرسی عەسکەری لق بوو. مامم کرا بە جێگری ڕێکخستنی لق و کاک ڕەسوڵ فەقێش کرا بە جێگری عەسکەری. لەماڵی تۆفیق شێرە لە زێوە دانیشتبووین ئەمر کرابوو کاک خورشید لەگەڵ مامم و کاک ڕەسوڵ فەقێ بچن بارەگای لق لە یەکێک لەم دوو گوندانەی نزیک لە سنووری عێراق کە دەکەوتنە سەر ڕێگای (خانە- پیرانشهر) و (سەردەشت)

بارەگای لق بکەنەوە گوندەکان (کەوپەڕ یان تل کیش) من یەکسەر بە بیستنی ئەم ناوانە گۆرانی یالاّ شۆفێری (حەسەن زیرەکم) وەبیر هاتەوە کە دەڵێت (یالاّ شۆفێر یالاّ ماشێن دەچێتە کەوپەڕێ). جاران هەر بیرم لەو ناوە دەکردەوە دەمگۆت دەبێ ئەو شوێنە کوێ بێت و لە کوێ بێت. دیار بوو ئاغای ئەم گوندانە پەیوەندییەکی باشیان هەبوو لەگەڵ ماڵی بارزانی ئەو کاتە ئەو شوێنانە هەمووی بارەگاکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی لێبوو. پاییزی ساڵی ١٩٧٩ بوو، بڕیاریاندا بەیانییەکەی بچنە ئەو شوێنەی بارەگای لق دابمەزرێنن. بەیانی لە خەو هەڵساین و کاک خورشید جێبێکی لاندرۆڤەری هەبوو. خۆی لێی دەخوڕی سواری جێبەکە بوو، مام غەریب و کاک ڕەسوڵ فەقێش لە پێشەوە لە تەنیشتی دانیشتن. من و رزگاری کاک خورشید شێرە لە دواوە دانیشتین و بەرەو ئەو گوندانە بە ڕێکەوتین. یەکەم جارم بوو ئەم شوێنانە ببینم سەرنجیان زۆر ڕاکێشابووم. گەیشتینە گوندی (کەوپەڕ) گوندێکی گەورە بوو دەکەوتە دەستە چەپی ڕێگای (پیرانشهر- سردشت).

چووینە ناو گوندەکە هەندێ چەکدارمان دیتن. من یەکێکیانم ناسی لە کاتی کۆنگرە لەوێ دەمدیت، دەیگۆت من پێشمەرگەم لەگەڵ (ملازم عەلی) کە دەکاتە (فەریق عەلی ئێستا) و ناوە ڕاستیەکەی (عمر عوسمان) نانەکەلییە و ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتیە لە ئێستادا. ئەو وتی لێرە بارەگامان داناوە. چووین بۆ بارەگاکەیان دوای هەندێ مانەوە ملازم عەلی وتی پێم باشە ئێوە بچن لە (تل کیش) بارەگای لق دابنێین تل کیش کەوتبووە بەرانبەر کەوپەر لە لای رۆژهەلاّتی بە ئیتیجاهی سەردەشت ئەم دوو گوندە ئەوەندە بەینینان نەبوو تەنیا کەندێکی قوڵ لە نێوانیان دا هەبوو ئەگەر هەندێک بە دەنگی بەرز بانگت بکردایە کەسی بەرانبەر لە دێیەکەیتر گوێی لە دەنگت دەبوو. چووین بۆ گوندی تل کێش کاک خورشید لەگەڵ ئاغای گوندەکە قسەی کرد بە ناوی کاک مەسعودەوە سلاّوی لێکردوو و داوای جێگایەکی لێکرد بۆ بارەگای لق. ئەویش وتی تەنیا خانووی مەلا

و مزگەوتی گوندەکە گەورەن و بۆ ئەم کارە دەشێن هیچ شوێنێکیتر لێرە چۆڵ نییە کە بکرێت بە بارەگا. ئێمەی برد بۆ ئەوێ خانووەکەی مەلا پێکهاتبوو لە دوو ژوور ژوورێکی گەورە لە دواوە و ژوورێکی بچووکیش لە پێشەوە هەیوانێکی گەورەی هەبوو مزگەوتەکەش کەوتبۆوە خوارەوەی خانووەکە. ئەوێ پانتایەکی باش هەبوو سێسەد مەتری چوارگۆشە دەبوو. خانوێکی کۆن بوو لە خشتی گلی دروستکرابوون، بەڵام دەرگا و پەنجەرەیان هەبوو. ناو مزگەوتەکەش ڕاخرابوو. دیاربوو جەماعەت شوێنەکەیان بەدڵ بوو و پەسندییان کرد. بڕیارياندا لەو شوێنە بارەگای لقی ٢ دابمەزرێنن بۆ بەیانییەکەی چووینە (خانە) هەندێ کەلوپەل و شتی پێویستمان کڕی خانووی مەلا ژێرزەمینێکی هەبوو کردییان بە (مەخزەن و مەشجەب) بەڵام ئێمە کەم بووین هێشتا کەس پەیوەندی بە لق نەکردبوو. کاک (عەبدولڕەحمان حاجی عەلی) کە لە سەرکردایەتی کاتی پێشمەرگە و فەرماندە بوو کوڕێکیشی لەو سەردەم بە ناوی (سیروان) شەهید ببوو، چەند پێشمەرگەیەکی لەگەڵدابوو لە گوندێک لەو نزیکانە بارەگایەکی بچووکی هەبوو ناردییان بە شوێنی ئەودا و هێنایان بۆ لق. (زیاد خۆرانیش) کە هەر لە سەرکردایەتی کاتی پێشمەرگەبوو ئەویش چەند کەسێکی لەگەڵدابوو. ئەویشیان هێنا بۆ ئەوێ. تل کیش لە دوو بەش پێکهاتبوو و بچووک و گەورە، بچووک دەکەوتە سەر ڕێگای سەردەشت خانە، کە چەند ماڵێک و چایخانەیەکی لێبوو گەورەش دەکەوتە لای دەستە ڕاستی جادەکە و نزیکەی پەنجا ماڵێک دەبوون.

وردە وردە لق قەرەباڵغ دەبوو. خەڵک دەوری لێدەدا و دەبوون بە پێشمەرگە. دواتر (گلوباخ) کۆیی خۆی و چەند کەسێکی لەگەڵدابوو هاتن بارەگای ئەویان لە تل کێشی بچووک دانا، بەم شێوەیەی ئەم گوندە پڕ بوو لە پێشمەرگە. وردە وردەش لە شارەکانی ئێران و لە عێراقیش خەڵک پەیوەندییان بە شۆڕشەوە دەکرد و تا وای لێهات لە تل کێش جێگا نەمابوو بۆ پێشمەرگە و بارەگا بۆیە لق بڕیاریدا هەر کۆمەڵەیەک بنێرێتە گوندێک جەماعەتی لێژنەی ناوچەی ڕانییە و قەڵادزە

ڕەوانەی گوندەکانی (خدراوا و چەکۆ) کران کە نزیک بوو لە گونـدی (میـراوا) ئەو شوێنە ڕێگای پەیوەندییەکانی لق بـوو لەگەڵ دەڤەری پشـدەر و بێتـوێن. (فەقـێ ئەحمەد پشدەری و بـابەکر پشـدەری و قـادر مـام عەلـی و فەقـێ وسـوو حـاجی دێلوەیی) ئەمانە کادیر و فەرماندە بوون لەگەڵ هێزێکی پێشـمەرگە لەو گونـدانە جێگرکران. (شەهید نەجمەدین گۆرۆنی، عبدلرحمان مەلا ڕەسـول، مامەنـد مەمـی خەلـــی، ئەحـــمەد کەشـــخە، عەولا ڕەش و ئەحـــمەد خەلانـــی) و کۆمەڵێـــک پێشمەرگەش لە گوندەکانی (کۆنە لاجان و زێوە و گەسک گەسـک) جێگیـر کـران. دوو بارەگاش لە دەوری لق لە ناو گوندەکە دامەزران بە ناوی (دەشـتی هەولێـر و سەفین) بەم شێوەیە بەردی بناغەی لقی دوو لە دوای کۆنگرەی نۆیەمی پارتی لەو شوێنانەی ناویان برا دانراو و دەستکرا بە شـێوازی چەسـپاندنی لێـژنە ناوچەکـان و ڕێکخستنەوەیان. کۆمەڵێک نامە نێردران بۆ ناوەوەی عێراق و شارەکانی ئێـران بـۆ ئەو فەرماندە و بەرپرس و کادیرانەی شۆڕشی ئەیلوول کە هێشـتا پەیوەنـدییان بە لقــی ٢ نەکردبـوو. داوایـان لێکرابـوو کە ئەوانەی لە توانایـان دامـاوە پەیوەنـدی بکەنەوە بە لقی ٢ی پارتی لە گونـدی (تـل کـێش). ئەو کـاتە لەسـەر ئەمـری مـام غەریب من کرابووم بە چایچی لق. سەرەڕای ئەوەش دەبوایە شەوانە پاسەوانیشـم بکردایە.

# تەوەری دوازدەم

## سەردانی سەرۆک بارزانی بۆ لقی دوو لە تلکێش

کۆتایی پاییزی ساڵی ١٩٧٩ سەرۆک بارزانی سەردانی کردین کۆمەڵێک چەک و تەقەمەنی لەگەڵ خۆیدا بۆ هێنابووین. چەکەکان هەمووی کۆن بوون. هەموویان چەکی بڕنۆ و دێمۆقرات و سەمینۆف بوون بەڵام زۆر کۆن بوون تەقەمەنییەکانیش بریتی بوون لە فیشەکی کلاشینکۆف و بڕنەوە و سەمینۆف و نارنجۆکی دەستی و هەندێ هاوەنی ٦٠ ملم و گوڵلە هاوەنەکان و دوو ڕەشاش (ژێ-سێ). من بۆ یەکەمجار بوو چەکی بە کۆمەڵ بەم شێوەیە ببینیم. لە پشتەوەی پیکابێک کارتۆنێکی گەورە دانرابوو، دەیانگۆت ئەوە جیهازی بێتەلە (تۆمسۆنە) و جفرەیە. زۆر زەبەلاح بوو لە دوو پارچە پێکهاتبوو. ئێمە هێشتا عەدەد جیهازمان نەبوو، دەبوایە کەسێکی شارەزا هەبوایە کە بیتوانیبایە جیهازەکە بە گەڕبخات، پێمانیان وت لە حەفتەی داهاتوو (جفرەکەتان) لۆ دەنێرین،! ئەو کاتە کەسێک لەگەڵ ئێمە لە لقی ٢ بوو ناوی (ناوخۆش حەدۆ قویتاس) بوو دەیانگۆت لەگەڵ بارزانی چۆتە روسیا، برادەرانی بەرپرسیش ئەویان کرد بە بەرپرسی (مەخزەنی ئەرزاق و چەک و تەقەمەنی) مام ناوخۆش خوێندەوارییەکەی باش نەبوو. ڕوسی دەنووسی بەڵام کوردی سۆرانی نەدەزانی بنووسێت بۆیە بە منیان وت تۆ هاوکاری مام ناوخۆش دەکەیت لە جەرد و سەرفکردنی ئەم کەل و پەلانە هەمووی لە دەفتەر تۆمار دەکەن و ئیمزای لەسەر دەکەن. هەرشتێک کەم بێت ئێوە لێی بەرپرسیار دەبن.

بەم شێوەیە من دەبوایە چایچیاتیشم بکردایە و لەگەڵ مام ناوخۆشیش لە مەنجەبی چەک و تەقەمەنی کارم بکردایە و خزمەتی مام غەریبیشم بکردایە.!

ئەرکێکی یەکجار زۆر کەوتبووە ئەستۆی مـن. بەڵام هەرگیـز خـۆم لـێ لانەدەدا و دەمویست لە هەمـوو شـتێک سـەر دەربیـنم. ڕۆژێـک مـام نـاوخۆش وتـی سـالار ئەمریان کردووە کە تفەنگێکی بڕنۆت پـێ بـدەم. دانەیەکـی پـاک و خـاوێنی بڕنـۆ (ڕەقەم ١٢)مان هەیە زۆر نـوێیە ئەوە بـۆ خـۆت هەڵگـرە و سـەد فیشـەکیش بـۆ خۆت ببە و لە دەفتەرەکە تۆمارییان بکە. وام دەزانی هەمـوو دونیایـان داوە پـێم. من دەبووم بە خاوەنی تفەنگی خۆم زۆر کەیفم بە خۆم دەهات.!.

ڕۆژێک کاک خورشید وتی دەبێ کەسێک بنێـرین بە دوای (مەلا حەمەدەمـین مەلا خەلیل سنجاوی) ئەم مەلا حەمەدەمینە بێتەلی کۆنی شۆڕش بـوو، وابـزانم لە مازەندەران نیشتەجێ بوو لەگەڵ ڕەحمەتی (مەحەمەد بەربەیار) بۆیە کەسـێکیان ڕاسپارد بچێتە شوێنی و ئەو بێـت پەیوەنـدی بە لـق بکـات دوای پێـنج ڕۆژ هـاتە لامان وتی دەیکەم، بەڵام بە مەرجێک بکرێم بە ئەندامی لق، ئەوە بوو ڕەزامەندی لەسەر دراو و کاک مەلا حەمەدەمین جیهازە بێتەلەکەی دابەستا و شـتێکی سـەیر بو هەموو مۆرسی بوو (توت.توت.توت.تتتوت.تا.تـوت) بەم شـێوازە کـاری دەکـرد دواتـر بە خشـتەی شـفرەکە ئەو پەیامـانەی کە دەهـاتن حەلـی دەکـردن و لێکـی دەداوە و دەبوون بە وشە و ڕستە. من یەکەمجارم بوو ئـامێری لەو چەشـنە ببیـنم زۆر پێی سەرسام بووم. ئـامێرەکەش لەچایخـانەکە واتە ژوورە بچـووکەکەی لـق لە تەنیشت من دانرابوو. جێگای خەوتنی (مەلا حەمەدەمـین) یـش هەر لەو شـوێنە بوو. بەمجۆرە لقی ٢ بوو بە خاوەنی بێتەلی خۆی لە کۆتایی پایزی ساڵی ١٩٧٩.!

## کۆبوونەوەکانی ڕێکخستنەوەی لقی دوو

ڕۆژانە کۆبوونەوەکان لە ژووری لق بەردەوامیان هەبوو، تەنیا منیش دەمتوانی بچمە ژوورەوە، ئەویش بۆ ئاو و چای بردن.! ناوە ناوە گوێم لە قسەکانیان دەبوو، هەندێ جار هەڵدەچوون و بۆ یەکتریان نەدەسەلماند و نەدەگەیشتنە هیچ ئەنجامێک زیاتر لە شەڕە قسە دەچوو تاکوو لە کۆبوونەوە. یەک حەفتە بەم شێوەیە کۆبوونەوەکان بەردەوامیان هەبوو بەبێ ئەوەی بگەنە هیچ دەرئەنجامێک. ڕۆژی کە کۆتایی بە کۆبوونەوەکان هات بەم شێوەیە بوو کە من چوومە ژوورەوە دەمەقاڵێیەکی زۆر هەبوو کاک خورشید لە گۆشەیەکی ژوورەکە دانیشتبوو تەسبیحێکی لەدەست بوو هەر دەیگوت تکایە ئارام ببنەوە. با لەیەکتری بگەین، مام غەریب زۆر تووڕە ببوو لە سەر چۆک دانیشتبوو کە قسەی دەکرد پەنجەکانی دەجوولاندن چاوی لە ناو عەینەکەکەی زەق ببوونەوە توڕەییەکی تەواوی بە سیمایەوە دیاربوو، ئەو زیاتر مەبەستی ئەوەبوو پەیڕەو و پرۆگرامی حزب ڕەچاو بکرێت و بە پێی پەیڕەو وپرۆگرام کارەکان بکرێت، بەڵام هەندێک لە برادەران ڕای جیاوازییان هەبوو. ئەوان دەیانگوت با بنێرینە دوای فڵان کەس کە لە فڵان شوێنی عێراقە. ئەو کەسە لە شۆڕشی ئەیلوول بۆ نموونە دەیانگوت ئامر بەتالیۆن بووە، یان سەرلق بووە. یان بەرپرسی ناوچە بووە یان ئەندامی لق بووە. با بیکەین بە فڵان شت و فڵان بەرپرسیارێتی پێ بدەین. مام غەریب دژی ئەم بۆچوونە بوو، ئەو دەیگوت ئەم کەسانە لە حزب دابڕاون و خۆڕاگرنەبوون لەگەڵ ئێمە بمێنن، هەر خوا دەزانێ ئاخۆ ئێستا گۆڕانکارییان بەسەردانەهاتبێ. نابێ ئەم خەڵکە بەم ئاسانییە کاری بەرپرسیارێتیان پێ بسپێردرێتەوە. هەندێک هاوڕابوون هەندێکیش دژەڕا. کاک خورشید بۆ ئەوەی جەماعەت سارد بکاتەوە وتی بوەستن. دەڵێن حەق و ڕاستی یان لە شێت یان لە منداڵ. سالاریش گوێی لە هەموو قسەکانی ئێمە بووە و دەزانێ بابەتی گفتوگۆمان لەسەر چییە، ڕاوەستن با لەویش بپرسین، بزانین ئەو چی دەڵێت. من

ڕەنگم زەرد هەڵگەڕا سەیرێکی مامم کرد لە ژێر عەینەکەکەی سەیری دەکردم ڕۆحم لێی چووبوو چونکە زۆر تووڕە ببوو. کاک خورشید زانی لە ترسی ئەو ناوێرم دەنگ بکەم. وتی مامۆستا تۆ چەند ڕۆژە هەزار قسەت پێ کردووین ئێمە وەڵاممان نەداوەتەوە و تۆمان بە برا گەورە زانیوە. با سالار قسەی خۆی بکات و وەڵاهی لێی تووڕە بیت برایەتیمان نامێنێت. ئەویش بزەیەکی کرد زانیم کە دەتوانم وەڵامی کاک خورشید بدەمەوە بە بێ ترس بۆیە ڕووم لە کاک خورشید کردوو و وتم. کاک خورشید ئێمە ئێستا وەکو حزب لە چ مەرحەلەیەکین.

ئێمە لەسەردەمی شۆڕش داین و شۆڕش دەکەین.

کەواتە ئێمە پێویستیمان بە شۆڕشێکە لە ناو ئەم شۆڕشە.

کوڕە هەتیم ئەو قسەیە زۆر گەورە بوو. مەبەستت چیە؟

ئێوە چەند ڕۆژە بۆ یەکتر ناسەلمێنن هەمووشتان بۆ یەک ئامانج دەدوێن، بەڵام ڕێگاکانتان جیاوازە.

ئەمە ڕاستە و وایە.

دەبێ ڕێگایەکی سێیەم بدۆزنەوە و هەموو لا لەسەری کۆک بن.

ئەو قسە گەورانە لە کوێ فێربووی وەڵاهی راست دەکەی.!

قسەکەی مام غەریب راستە کە دەڵێت نابێ لە دوای کەس بنێرین و پێی بڵێین تۆ کراوی بە فڵانە شت. قسەکەی ئێوەش راستە کە دەڵێن دەبێ بە دوای فڵان و فڵان بنێرین و پەیوەندی بە شۆڕش بکەن و بەرپرسیارێتیان پێ بدرێت. ئەم بەرپرسیارێتیان پێ بدرێت لا بدرێت شتەکە کۆتایی پێ دێت.!

چۆن.!؟

ڕەوایە لە دوایان بنێرین و داوایان لێ بکەین کە پەیوەندی بە حزب و شۆڕشەوە بکەن. با ئەم کادیر و فەرماندانە بێن و خەڵکی تریشمان هەیە لێرە

هەر کەسەیان پەیوەندی بە خەڵکی سنوورەکانی خۆیان بکەن. دواتـر لە سـنووری هەر ناوچەیەک هەڵبژاردن بکرێت بۆ بەرپرس و ئەندامانی ئەو سـنووره و بـا ئەو برادەرانەی ئێوەش کە دەڵێن لە دوایان بنێرین ئەوانیش ئەو کاتە خۆیان بپاڵێون و بەشدار بن ئەگەر دەنگیان هێنا پیرۆزییان بێت، ئەگەریش نا بـاوەکو کادیرێـک لە بارەگای لق ئەرکی خۆیان جێبەجێ بکەن یان هەر لە سنووری ناوچەکەی خۆیـان. هەموو ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە سەیری دەمی منیان دەکـرد، هەمـوو بێـدەنگ ببوون لەو چەند رۆژەی کە کۆبوونەوە هەبوو ئەو ساتەوەختە بێ دەنگترین ساتە وەختیی کۆبوونەوەکان بوو. کاک خورشید تەسبیحەکەی دەستی لە پێشە خـۆی بە عارزی دادا و وتی: دەوەڵا ئەوەی ئەو منداڵە وتی هەمووی تەواوە من لەگەڵ ئەو رەئیەم. ئەمە گونجاوترین ڕێگایە و کەسیش لێمان تورە نابێت وەکو کۆنفرانسێکی محەلیە و چارەی هەموو کێشەکانە ئەی ئافەرین.

پاشان هەموو جەماعەتەکەش وتیان ئێمەش ئەو ڕایەمان پێباشە و سەیرم کـرد مام غەریب هەر تەماشام دەکات و لێوی خۆی دەمشت و نـاوە نـاوەش بزەیەکـی دەهاتێ، ئەویش هاتە دەنگ و وتی منیش بەوە ڕازیم. کاک خورشـید وتـی، تەواو ئیتر کۆتـایی بە کۆبوونەوەکـان دەهێنـین. کـاک مەلا غەریـب ئەمە بـکە بە خـاڵی کارکردمان بۆ دووبـارە ڕێکخسـتنەوەی لێـژنە ناوچەکـان و دواتـریش بە منـی وت دەسـت خـۆش بـابە نەجاتمـان بـوو لەو (چەقەچەقەی). منـیش هـاتمە دەرەوە و لەسەر دەرگای ژوورەکەی لق دانیشـتبووم کاتێـک هەسـتم کـرد یەکێـک لە دواوە گوێی گرتم و بەرزی کردمەوە کە هەڵسامەوە دیتم مام غەریبە وتی:

ئەوە لە کەنگیوە ئەتوو بوویە ...

... چی مامە. ئەدی ئەمن هەر لەگەڵە توو نیمە.

ئەدی ئەو قسە گەورانە لە کوێ فێر بوویتە.

هەر دەمزانی بەس نەدەوێرام باس بکەم.

کتاب  و متابان دەخینییەوە.!؟

ناوەڵڵا هیچ ناخینمەوە. بەس تاریک و ڕوونی مام هێمن دەخوێنمەوە.

کوڕە کتابی سیاسی دەرێم.

ناوەڵا هیچم نییە بخوێنمەوە.

وەڵـڵا پـێم عەنتـیکەیە ئەو قسـە گەورانەی تـۆ لە نەهجـی دیموکراسـی و مارکسیدا دەکرێن، تۆ لە کێ فێربووی من نازانم بەس گەنجێکی لە تەمەن بچووک وەکو تۆ و ئەم قسانە تێک ناکەنەوە. پاشان وتی دەبڕۆ چایەکم لۆ بینە و دەسـتی کرد بە پێکەنین، من یەکەمجار زۆر ترسام، چونکە ئەو ئەگەر تـووڕە بـوایە داخـی خۆی بە من دەڕژاند و ئارام دەبۆوە.! بۆیە هەرگیـز ئـێمە منـداڵەکان نەدەوێـراین راسـتەوخۆ لەگەڵ ئەو قسـە بکەیـن یـان وەڵامـی بـدەینەوە. هەمیشـە شـەرم و ترسێکمان لێی هەبوو.!!

رۆژێک کاک ملا مەحەمەدەمین پێمی وت تۆ خوێندەوارییەکەت باشە منـیش رۆژانە زۆر ماندوو دەبم دەبـێ بروسـکەکان بە خـۆم بە جفـرە حەلیـان بـکەم بـۆ نایەیت فێری جفرەت بکەم و ببیە کاتب جفرە؟ منیش وتم مـن لاریـم نیـیە، بەڵام دەبێ رەزامەندی لقی لەسەر بێت زیاتریش مەبەستم مامم غەریب بـوو. ئەویـش وتی ئەمەیان لەسەر من. من ڕەزامەندی وەردەگرم. ئەوە بوو مامم بانگی کـردم و وتی لەگەڵ کاک مەلا حەمەدەمین ئیش بکە با فێری جفرەت بکات، بەڵام وریـا بە شتی نهێنی زۆری تێدایە هەرگیز نابێت لای کەس باسیان لێوە بکەیت. منیش وتـم باشە وا دەکەم خۆشحاڵ بووم کە ئیتر چای تـێ نـاکەم، بەڵام ئەو وتـی چـایەکەش هەر عایدی تۆیە دەبێ ئەویش بکەیت، لە گوندەکە لە هەر گەڕەکێک یـان باشـتر بڵێـین لە پـێش هەر پێـنج شـەش ماڵێـک بـۆڕییەکی ئـاوی خـواردنەوە هەبـوو، شێرەیەکی پێوە بوو دەبوایە بچم بە تەنەکە ئاو بۆ سـەماوەر و شـۆڕدنی پیاڵەکـان بهێنم.

## بەزمەکەی من و برازاکەی ڕەسوڵی نادری

لە پشت بارەگای لق بۆڕییە ئاوێک لە پێش ماڵێک بوو، ئەگەر لەبیرم مابێت ناوی خاوەن ماڵەکە (علی) بوو، ئەو برای هونەرمەندی میللی (ڕەسوڵ نادری) بوو. بۆڕییەکە ڕێک لە پێش دەرگای ماڵی ئەوان بوو. ئەو ساڵە زستانێکی سەخت بوو بەفر و باران و بەستەڵەکەکی بەهێز بوو هەموو زەوەی بەستابووی و نزیکەی ٦٠ تا ٧٠ سانتیمەتر بەفر لەسەر ئەرزبوو، من دەبوایە دوو تەنەکە لە دەست بگرم کە دەستی دارییان بۆ کرابوو بچم لەو بۆڕییە ئاو بۆ چای دروستکردن و لێنان بهێنم، هیچ کەس هاوکاری نەدەکردم، مامیشم هەرگیز نەیدەگۆت با کەسێکیتر بیێتە چایچی یان کەسێک وەکو یاریدەدەری ئەو دیاری بکەین. منیش نەدەوێرام ناڕازی بوونم ڕابگەینم، بەوەی باشبوو من تەنیا چایەم بۆ ژووری لق لێ دەنا واتە پێشمەرگەکان بۆ خۆیان بە جیا لێیان دەنا. ڕۆژێک چووم ئاو بهێنم، ئەڵبەتە ئەو کاتانە دەچووم کە لای بۆڕییەکە چۆڵ دەبوو، چونکە جگە لە من کە بۆ لق ئاوم دەهێنا هەموو ئەوانەی لەوێ دەبوون خەڵکی ئاواییەکە بوون هەمووشیان ژن یان کچ بوون بۆیە شەرمم دەکرد کاتێ ئەوان لەوێ دەبوون بچم بۆ ئەو شوێنە هەمیشە چاودێریم دەکرد چۆڵ بایە بە پەلە دەچووم و دەهاتمەوە. تەنەکەیەکم پڕ کردبوو یەکێک لە دواوە وتی (بە خوڵای جوانی) واتە (بە خوا جوانیت) لە ناوکم ڕاپسام کە ئاوڕم دایەوە کچی ماڵەکە بوو واتە برازای ڕەسوڵ نادری بوو، وتم لەگەڵ منتە؟

ئەدی ماڵتە لە تۆ زیاتر کێ لێرەیە.؟

ئەو قسانە مەکە.!

بۆچی؟ عورزەت نییە هەتیوە.!؟

بۆم خراپ دەبیت بزانن ئەم کارانە دەکەم.

بۆ چی چیت لێ دەکەن؟

مامم لێم تورە دەبیت و لێم دەدات.!

جا ماڵتە چۆن دڵی دێت لێت بدات.!؟

هەمیشە بە بزەیەکەوە قسەکانی دەکرد ئەو هەر شەرمی نەدەکرد منیش خەریک بوو بچمە ژێر بەفرەکە دەمم تەتەڵەی دەکرد لە کاتی قسە کردندا. وتم

بۆ تۆش خراپ دەبێت دایک و باوکت پێ بزانن.

خەمی ئەوەت نەبێت ئەوان هیچ ناڵێن.!

ئێ خۆ من هیچ پەیوەندی و هیچ شتێکم نییە لەگەڵ تۆ.!؟

من لە جیاتی تۆش بڕیارم داوە و دەبێ من بخوازی.

زۆر شەیتان و لە هەمان کات جوانیش بوو باڵایەکی مام ناوەندی کراسێکی کوردی و پشدبێنێکی بەستابوو، شاڵ و قژی ئاوەڵە کردبووۆوە سەر شانەکانی و چاوێکی رەنگ هەنگوێنی گەورەی هەبوو بە ڕاستی دڵگیر بوو، بەڵام من نەدەوێرام خوا خوام بوو بڕۆم.

سەربانی مزگەوتەکە دەبووە حەوشەی خانووی لق ئەگەر رۆژ دەرکەوتبایە ئەوا بەفرەکەیان ڕادەماڵی و باگردانێکیان لێ دەدا و جەماعەت لەوێ کۆ دەبوونەوە دەبوو بە قەرەباڵغییەکی زۆر. منیش بیرم لە قسەکانی ئەو کچە دەکردەوە بەڕاستیش خۆشەویستی چووبووە دڵم، بەڵام نەدەوێرام بیدرکێنم. تەنەکە ئاوەکانم نیوە دەبوون ئاوەکەم بەتاڵ دەکرد و تا بچم ئاو بهێنم بەم بیانوویە ئەو ببینم، بەڵام جورئەتم نەبوو یەک قسەشی لەگەڵدا بکەم شەرم و ترس ڕێگریان لێ دەکردم. ئەگەر ئەو قسەی نەکردبا من هەرگیز نەدەوێرام سڵاویشی لێ بکەم.! تەنیا سەیرم دەکرد.!

برایەکی ئەو کچە زۆر دەهاتە پێش لق و خۆمم لێی نزیک دەکردەوە و ببووین بە هاوڕێ. رۆژێک وتی ئیشێکم پێتە. دڵم لەرزی وامزانی ئەو بەو شتەی

زانیوە یان خوشکەکەی شتێکی باس کردووە، من بیرم لە شتیتر دەکردەوە، کەچی ئەو وتی دەزانم خوشکەکەم حەزی لە تۆیە بۆ نایەیت (ڕەدوتی بخەم).!؟ وتم واتە چۆن؟ وتی من دەیهێنم بۆ (پیرانشار) تۆش وەرە بۆ ئەوێ لەوێ (ڕەگەڵت دێخم) و یەک دوو ڕۆژ بچنە نەغەدەی و دوایی وەرنەوە، ئەو دەیزانی ماڵمان لە (نەغەدەیە). وتم

ئەمە ناکرێت. نابێت. دوژمنکاری دروست دەکات.!

لێرە ئەو شتە ئاساییە هیچ نابێت کە هاتنەوە یەکسەر وەرنەوە ماڵی خۆمان.!

ئاخر ماڵەوە و مامم ئەوە لە من قبوڵ ناکەن حەیام دەبەن.

بۆچی ژن هێنان حەیا بردنە؟

بەم شێوازە لە لای ئێمە بەڵێ.!

ئەوە ڕاست نییە دڵی خوشکی من تۆی دەوێت، ئەو داوای لە من کردووە تۆ ڕازی بکەم و هاوکاریتان بکەم. کچی چاکە لە دەست خۆتی مەدە!

من تەمەنم بچووکە هێشتا کاتی ژن هێنانم نییە!

ئەی چۆن بوویت بە پێشمەرگە ئەگەر تەمەنت بچووکە.

نەمدەزانی چۆن حاڵی بکەم من ناوێرم ئەم کارە بکەم، پێم خۆش بوو ئەو کچە ببێتە هاوسەرم، بەڵام نەک بەم شێوەیە. ئەم شێوە ژن هێنانە لە لای خۆمان کارەساتی گەورەی لێ دەکەوێتەوە، بەڵام لای ئەوان ئاسایی بوو. هیچ کێشەیەکیان دروست نەدەکرد.

ترسی من لە مامم و باوکم بوو. بۆ ئەوەی هەندێ کات وەربگرم پێم وت جارێ نا تاکو بەهار ڕاوەستن ئەو کاتە خۆم ئاگادارتان دەکەمەوە، لەگەڵ برادەرە نزیکەکانم ئەم بابەتەم باس کرد، ئەوانیش پێیان ناخۆش نەبوو، بەڵام دەیانگۆت بۆ (هەڵی بگری) بە مامت و کاک خورشید بڵێ ئەوان لەگەڵ باوکی قسە بکەن و بە

خۆشی ئیشەکەت بۆ بکەن. ئەم شتە من هەرگیز نەمدەتوانی بەوان بڵـێم، چـونکە شەرمم لێیان دەکرد، لەو رۆژە بە دواوە پەیوەندییەکانم لەگەڵ ئەو کچە بەردەوام بـوو، بەڵام تەنیـا بە قسـە و گفتگـۆ، رۆژان رۆیشـتن و وەرز گـۆڕا و بەرەو بەهـار دەچووین، رۆژێک کچەکە وتی:

دەزانی بەرەو بەهارە.!

بەڵێ دەزانم.

خۆ بەڵێنەکەت هەر ماوە؟

بەڵێ هەر ماوە، بەڵام من نەمگوتووە سەرەتای بەهار.

ئەگەر وەعدەکەت جێبەجێ نەکەیت خۆم دێم بۆ لای مامت!

نا.نا. کچێ ئەوە نەکەیت، بەخوا هەردووکمان دەکوژێت.

جا چیە، بکوژرێین باشترە لەوەی بۆ یەک نەبین.

بابەتەکەی زۆر بە جیدی وەرگرتبوو، منیش دەمویست بە جۆرێک کۆتایی پـێ بهێنم، چونکە دڵنیا بووم لە ماڵەوە رەزامەندی نەدەدرا من هاوسەرگیری بـکەم بە هۆی کەمـی تەمەنـم. بـۆیە دەمویسـت بە جۆرێـک خـۆم لەو بـابەتە بـدزمەوە و کۆتایی بە ئەو مەسەلەیە بێنم.

## تەوەری سێزدەم

## چوونم بۆ خولی برینپێچی

کاک خورشید رۆژێک وتی هەر دەورەیەک لە مەکتەبی سیاسی بکرێتەوە بۆ پێگەیاندنی کادری حزبی تۆ دەنێرم دەزانم ئاستێکی باشی فێربوونت هەیە دەمەوێت بۆ خۆت ببیت بە شتێک. زۆر بەو قسەیە دڵم خۆش بوو ماڵی ئێمە و ماڵی کاک خورشید لە نەغەدە لە کۆڵانێک بووین و خانووەکانمان بەرانبەر یەکتری بوو، ئەوەش بڵێم تێکەڵی ئێمە لەگەڵ کاک خورشید و مامز خانی هاوسەری لە باوک و باپیرانەوە بوو. زۆر باش یەکتریمان دەناسی بە کورتی و بە کوردی (یەک ماڵ) بووین. رۆژێک لە کاتی ئیجازە دابووم لە ماڵەوە بووم. رزگاری کوڕی کاک خورشید لەبارەگا هاتەوە وتی باوکم ناوی من و تۆ و برایمی برازای کاک عەبدولڕەحمان حاجی عەلی و مەغدیدی برای مەلا عەزیزی نووسیوە بە بروسکە داویەتی بە مەکتەبی سیاسی دەورەی (برین پێچی) دەکرێتەوە. هەر لقە و چەند کەسێکی بۆ دەنێرێت ئێمەش دەبێت رۆژی شەممە بچینە بارەگای مەکتەبی سیاسی کە ئەو کاتە بارەگای مەکتەبی سیاسی لە گوندی (راژان) بوو لە مەرگەوەڕی ورمێ. وتی مامت وتوویەتی پێویست ناکات بگەڕێتەوە ئێرە هەر لەوێ بەیەکەوە بچن بۆ ڕاژان. زۆر دڵم خۆش بوو بەم شتە، چونکە لە دوو شت رزگارم دەبوو، یەکەمیان لە چایچیەتی و دووهەمیش لەو کچە.! سەرەڕای ئەوەی خۆشم دەویست و نەمدەتوانی لای کەس و بە تایبەتی ماڵەوە ئەوە بڵێم. رۆژی شەممە ئەو چوارکەسەی ناوم بردن بە قەمەرەکەی برایمی برازای کاک عەبدولڕەحمان حاجی عەلی کە قەمەرەیەکی (پەیکانی) نوێی هەبوو، چووین بۆ ڕاژان و بارەگای مەکتەبی سیاسی. لەوێ وتیان بچن بۆ ئۆردوگای (زێوە) لەوێ

چاوپێکەوتنتان لەگەڵ دەکەن. ئێمەش چووین بۆ ئەوێ، لەوێ دووکەسی لێبوو دیاربوو یەکێکیان عەرەب بوو بە ڕەچەڵەک ئەم عەرەبە کۆن شیوعی بوو لە ساڵی ١٩٦٣ پەیوەندی بە پارتی کردبوو. ئەو دکتۆر بوو ناوی (أبو قیس) بوو. سەیرەکەی لەوەدابوو لە ساڵی ١٩٦٣ تاکو ١٩٧٩ کە دەیکرد شانزە ساڵ ئەو لە ناو کورد ژیابوو، بەڵام یەک وشەی کوردیش فێر نەببوو. ئەو دەیگوت من (بەیاتیم) بە ڕەچەڵەک کوردین ئێمە!! ئەوەکەی تریش کەسێکی ڕەش ئەسمەری باڵا بەرز و تۆزێ قەڵەو بوو بە ناوی (ئەمیر) خەڵکی کەرکووک یان دەوروبەری بوو. ئەوەیان یاریدەدەری پزیشک بوو. دەنگۆی ئەوەش هەبوو کە پزیشکێک لە دەرەوەی وڵات بگەڕێتەوە ئەم سێیانە دەورەکە بەڕێوە دەبەن. ئێمە وەرگیراین و شوێنی حەوانەوەیان بۆ دەستنیشانکردین. هەر پێنج کەسمان لە ژوورێک ماینەوە (من، رزگاری خورشید شێرە، برایمی حاجی عەلی، مەغدید مەحمود برای مەلا عەزیز و رێبەری خەلیل دەسکۆ)، پاشان وتیان بچنەوە ماڵ و سەرەتای هەفتەی داهاتوو وەرنەوە و ئەو کەلوپەلەی کە لێرە بۆ مانەوەتان پێویستە لەگەڵ خۆتان بهێنن و بگەڕێنەوە، چونکە لە سەرەتای هەفتەی داهاتوو دەورەکەتان بە فەرمی دەست پێدەکات.

ئەو پەڕی خۆشحاڵی من بوو هەر لە منداڵیم پیشەی پزیشکیم زۆر پێخۆش بوو. لە دوای یەک حەفتە ئێمە گەڕاینەوە (زێوە). دەورەکە دەستی پێکرد زیاتر لە ٨٠ قوتابی بووین لە زاخۆ تا کوو خانەقین خەڵکی تێدابوو لە هەر لق و ناوچەیەک هەندێکیان ناردبوو ئەمە لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٠ بوو شەش مانگ بەسەر بوونم بە پێشمەرگە تێپەڕیبوو. من شەش مانگی ڕابردووم بە بێ پشوودان خزمەتی لقم کردبوو. زۆر هیلاک و بێ تاقەت ببووم، بەڵام چارم ناچار بوو دەبوایە بەرگەی بگرم. دەورەکەمان دەستی پێکرد رۆژانە وانەیان پێ دەوتین و جارجارەش بە کردار هەندێ شتی سەرەتاییان فێر دەکردین بالیفیان دەدڕاند و شێوازی دوورینەوەیان فێردەکردین یان فێری دەرزی لێدانیان دەکردین. هەندێ

جاریش ناوی ئەو دەرمانانەی  کە پێویست بوو بە ئێمەیان دەوت کە بۆ چی بەکاردێن و رێژەی پێدانیان بە نەخۆش یان بریندار چۆنە و چەندە و کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی ئەو دەرمانانەشیان پێ دەگوتین. پانزە رۆژ تێپەڕی نەکردبوو کە رۆژێکیان سەیارەیەکی مەکتەبی سیاسی هاتە لامان، پێموایە ئەگەر لە بیرم مابێت کاک عزەدین بەرواری لەگەڵدابوو کە ئەو کاتە ئەندامی بەشی رێکخستنی م.س. بوو. کەسێکی لەگەڵ بوو وتی ئەمە دکتۆرە بۆ ئەو دەورەیە لە دەرەوە گەڕاوەتەوە کوردستان و ئەو لە وڵاتی (کەنەدا) دەژیت ناوی (د. حسین نعمەتە)، ئەو دکتۆرە کە کوردییەکی زۆر قورسی کرمانجی قسەی دەکرد زۆر بە ئەستەم لە مەبەستەکانی دەگەیشتین ئێمە خەڵکی بادینامان زۆر لەگەڵ بوون، بەڵام زۆر بە باشی لەوان تێ دەگەیشتین کەچی لەم حاڵی نەدەبووین دوایی بۆمان دەرکەوت کە ئەو خەڵکی کوردستانی رۆژئاوایە و لەگەڵ پارتی کار دەکات  و ئەندامی ئەو حزبەیە و سەرکردایەتیش رێزێکی زۆریان لێ دەنا، بە هۆی ئەو هەڵوێستە جوانەی کە هەیبوو بۆ گەڕانەوەی بۆ کوردستان و بەشداری کردنی لە پێگەیاندنی کادری تەندروستی کە ئەو کات  زۆر پێویست بوو بۆ هێزی پێشمەرگە. ماوەی مانگێک تا دوو مانگ دەبوو ئێمە لە ئۆردوگای زێوە کە خەریکی دەورە دیتنەکە بووین. بەرەبەیانێک چوار فرۆکەی عێراق هاتنە سەر ئۆردوگاکە و بە  (شەست تیر) دەستڕێژێکیان کرد بەسەر ئۆردوگاکە هەندێ خەڵکی سڤیل شەهید و بریندار بوون. ئەمە جاری یەکەمی بۆمبارانی ئۆردوگای زێوە بوو، چونکە جاری دووەمیش بۆردوومان کرا لە ساڵی ١٩٨٥ و ئەو ئۆردوگایەی خەڵتانی خوێن کرد و خەڵکێکی زۆر شەهید و بریندار بوون. دوای تیربارانکردنەکەی فڕۆکەکان، بۆ پاراستنی سەلامەتی ژیانی ئێمە لەسەر فەرمانی مەکتەبی سیاسی شوێنی دەورکەی ئێمەیان گواستەوە بۆ گوندی (دزێ) بە فارسیەکەی (دیزج) کە کەوتبووە باکووری رۆژهەڵاتی ئۆردوگاکە و لە دەوری ٣ تا ٥ کیلۆمەترێک لە ئۆردوگاکە دوور بوو. دەورەکەمان ماوەکەی شەش مانگ بوو لە مەکتەبی سیاسی هەمیشە بە بەرێوەبەرانی دەوەرەکەیان دەگوت هەوڵ بدەن زوتر کۆتایی پێ بێت لەبەر

هۆکاری ئەمنـی و پێویسـتی بە کـادری تەندروسـتی، بەڵام ئەمە نەدەکـرا، چـونکە دەبوایە فێری هەموو ئەو شتانە بکراینایە کە پێویست بوون بـۆ بەرەکـانی شـەڕ و لەگەڵ پێشمەرگە. چوار مانگی کۆتـایی دەورەکەمـان لە گونـدی دزێ خوێنـد و بە کۆتا هات و بڕوانامەی دەرچوونیان پێ بەخشین و هەر کەسە و دیارییەکی پێـدرا و ڕەوانەی ئەو شوێنانەیان کردینەوە کە لێی هاتبووین. وابزانم کۆتایی مانگی نۆی ساڵی ١٩٨٠ بوو.

## چوونمان بۆ قەڵاتۆکان

لقی ٢ بە ڕێکەوتبوو بۆ (قەڵاتۆکان و پشـت ئاشـان) لە بنـاری قەنـدیل چەنـد ڕۆژێک لە ماڵەوە ماینەوە و پشوومان وەرگرت، دواتر بە ڕێکەوتـین بـۆ (ئاڵواتـان) کە گونـدێک بـوو لە نزیـک (میـراوای) سەردەشـت بـوو کـاک (عەبـدولمهەیمەن بـارزانی) لەوێ وەکـو ئیـدارەی هێـزی پێشـمەرگە بارەگـایەکی هەبـوو ئەوانەی دەچوونە دیوی عێراق دەبوایە لەلای ئەوەوە بـڕۆن بـۆیە ئـێمەش چـووینە ئەوێ، وتیان چـاوەڕوان بـن مەفرەزەیەکـی پێشـمەرگە بێـت و بچێـت بـۆ ئەو دیـو ئێـوە لەگەڵ ئەوان دەنێـرین. شـەو لەوێ مـاینەوە بەیـانییەکەی کۆمەڵێـک پێشـمەرگە هـاتبوون کە بچـن بـۆ ئەودیـو. هێزێکـی زۆری پـارتی چووبـووە ئەو ناوچـانە کە پێکهاتبوون لە هێزەکانی لقی ٢ و لقی ٣ و لقی ١ و هێزی بارەگـای سـەرکردایەتی ئەو کاتەی شەڕی ناوەخۆ لە لوتکە بوو هێزەکانی پارتی ئەو سنوورانەیان بە شـەڕ کەوتبـووە دەسـت. هێزەکـانی یەکێتـی پەڕیبـوونەوە لای وەرتـێ و دۆڵـی خانەقـا هەندێکیشیان خۆیان گەیاندبوو بارەگای سەرکردایەتی یەکێتی لە (شێنێ و خڕێـی ناوزەنـگ) کە هێزەکـانی پـارتی بەسـەر ئەو شـوێنانەش بـاڵا دەسـت ببـوون. ئەو مەفرەزەی کە ئامادە بوو بچێتە دیوی عێراق (ونس خدر زاهیر) گەردی کە ناسراوە بە (هەڵگورد) لە گەڵیاندا بوو. ئەو کادری لقی ٢ ی پارتی بوو، عەدەد تۆپی هاون ٦٠ ملم، ٨١ملم و هەروەها تۆپی ٥٧ ملم بوو، یەکتریمان باش دەناسی. مـامم زۆر

بایەخی پێدەدا هەمیشە دەیگوت ئەو دەبێتە کادر و پێشـمەرگەیەکی بـاش، بەڵام یەک کێشەی هەبوو هەندێک گوێچکی قورس بوو. باش لە قسەکان نەدەگەیشـت دەبوایە بەدەنگی بەرز قسەی لەگەڵدا بکەیت. لەگەڵ هەڵگورد بە سـەیارە تـا دوا خاڵی ڕێگای سەیارە دەچووین، چووینە گوندی (کونە مشکە و دەشتی وازنێ). کە ئیتر لەوێ خـاڵی سـنوور دیـاریکرابوو. هەرچەنـد دەرۆیشـتین هەر بە نـاو هێـزی پێشمەرگەی پارتی تێ دەپەڕیـن، بەڵام دەیـانگۆت لقـی ٢ لە پێشـی پێشـەوەیە لە گونـدی قەلاتۆکـانە. ئـێمە دەبـوایە هەمـوو ئەو ڕێگـایە دووڕە ببـڕین تـاکوو دەگەیشتینە قەڵاتۆکان. درەنگانی ئێوارە گەیشتینەوە لق، تەنیا خێوەتێکی بچووکی سەربازی لە ژێر چەند دارێک هەڵدرابوو ئەمە بارەگای لق بوو بـاقی ناوچەکـان و پێشمەرگەکانیتر دابەش ببوون بەسەر رەبایەکـان و ژێردارەکـان. هـیچ خـانوو یـان خێـوەتێکتری لـێ نەبـوو. هەواش شـەوانە زۆر ساردبوو بەفـری سـاڵی پێشـوو کە بـاریبوو لە شـاخەکان مـابوونەوە ئەوەنـدە لە ئـێمە دوور نەبـوون. جەمـاعەتی خۆمامان دۆزییەوە و ئەو شەوە لای ئەوان ماینەوە هیچ بەتانییە و پێخەومان پـێ نەبـوو تەنیـا عەقیـبەیەکم پێبـوو هەنـدێ جلـوبەرگی تێـدابوو لەگەڵ جانتـایەکی دیپلۆماسـی کە لە دەورەکە بە دیـاری وەرم گرتبـوو ئەویـش پڕبـوو لە دەرمـان و دەرزی. بەیـانی کە رۆژ بـوویەوە ئێمەیـان بانـگ کـردە ژێـر خێـوەتەکە و بەخێـر هاتنەوە و پیرۆزباییان لێ کردین. من چەکم نەبوو، تفەنگێکی (ژ-٣) یـان داپـێم زۆر وەزنی قورس بوو شەش مەخزەنیشی لەگەڵ بـوو. لە ژێـر دارێـک جەمـاعەت شوێنێکیان خۆش کردبوو بۆ حەسانەوەیان منیش چوومە لای ئەوان هـیچ ڕاخەر و پێخەف نەبوو دەبوایە یـان عەقیـبەکەت یـان تـاخم تفەنـگەکەت وەکـو (بـالیف) بخەیـتە ژێـر سـەرت تـا خەوت پیـا کەوتبـایە. ژیـانێکی پـڕ لە چەرمەسـەری و ناخۆشـبوو. بەڵام بیروباوەڕێـک پـاڵنەربوو بـۆ بەرگەگرتنـی هەمـوو ئێشـو ئـازار و مەینەتیانە. دیارە گۆڕەپانی خەباتی سیاسی و چەکداری کوردستان موڵک و تـاپۆی کەس نییە. موڵکی هەموو ئەو شۆڕشگێڕە ڕاسـتەقینانەیە کە بەسـەروماڵ ئامـادەن قوربانی بۆ ببەخشـن. پـارتی هەرگیـز بە نییەتـی پـاوان کردنـی خـاکی کوردسـتان

نەچووبـووە ئەو شـوێنانە. چـونکە پـارتیش و پارتیەکـانیش کـوڕانی ئەم خـاک و میللەتەن مافی خۆیانە لە هەر کوێیەک کە بۆیان بلوێ دژی دوژمنانی کـورد و بـۆ خاکی کوردستان خەبات بکەن، بەڵام دیارە ئەو سـەردەم و پێشـتریش و دواتـریش هەنـدێ لایەن بە جیـاواز لە پـارتی بیریـان دەکـردەوە. ئەوانەی دژایەتـی پارتیـان دەکرد بەو میتۆدە ئیشیان دەکرد کە لە دوای نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ ئەوان بە دیل و جێگرەوەی پارتین بۆ سەرکردایەتی کردنی بزاڤـی شۆڕشـگێڕی گەلـی کوردسـتان و دیاریش بوو ئەمە جـگە لە پڕوپاگەنـدە و خـۆڵ لە چـاوی خەڵـک کـردن شـتێکیتر نەبوو، ئەوان مەرامێکیتریان هەبوو بـۆ ڕەشـکردنەوەی پـارتی و مـاڵی بـارزانی کە دیارە ئەمە نە لە توانای وڵاتانی زلهێزی ناوچەکەدابوو نە ئەوانیش دەیانتوانی ئەم کارە بکەن، بەڵام هەوڵێک بوو دەیانـدا بـۆ ئەوەی خۆیـان بسـەپێنن و ئەگەریـش بکرێت ڕێگربن لە خەباتی پارتی و گۆڕەپانەکەی پێ چـۆڵ بـکەن کە هەرگیـز ئەو ئاواتەیان نەهاتەدی. دیارە لێرە من نامەوێ پڕوپاگەندە بۆ پارتی بکەم. بەڵام پارتی بەشی هەرە زۆری مێژووی ژیانی منی داگیرکردووە و نـاتوانم ڕاسـتیەکان ئـاوەژوو بکەمەوە. دێینەوە سەر بابەتی باسی خۆمان. ئەو کاتە لە قەڵاتۆکان پـارتی هێشـتا جێگیـر نەببـوو، هەر لەو دۆڵ و لەو بەرزی و لەم ژێـردار و لەو پەنـا بەرد و لەو ئەشـکەوت و لە ژێـر ئەو تەڕاش لە جـولە و چـالاکی خـۆی بـوو. خواردنمـان هەر نەبوو. دەبوایە نان دروست بکەین سێلی نانمان نەبوو تەنیا شتێک کە هەمـانبوون قـۆری و کتریەکـی گەورە و دوو مەنجەڵـی گەورەبـوو ئەرزاقـیش چەنـد فەردە ئاردێک و بڕێک ساوار و برنەجمەان هەبوو کە نەدەبوو هەموو ڕۆژێک برنج یـان ساوار لێبنێین، چونکە کە تەواو بوایە ئیتر بە زەحمەت دەگەیشتەوە دەسـتمان. لە نزیک قەڵاتۆکان فڕۆکەیەکی (هەلیکـۆپتەر) کەوتبـووە خـوارەوە لە کـۆنەوە لەوێ بوو پێشمەرگەیەکیان نارد دەرگاکەی کە شەتووخوار ببوو لێـی کـردەوە و هێنـای هەندێ دەسکاریان کرد و ڕاسـتیان کـردەوە وتیـان لە جیـاتی سـێلی نـان بە کـاری بهێـنن و نـانی لەسـەر دروسـت بـکەن. بەیانیـان یەک نـان و نیوکـوپ چایـان پـێ دەدراین. ئەویش چ نانێک وەکو کولێرە بوو ناوەکەی هەر هەویربوو قەبارەکەشـی

زۆر بچووک بوو بە دوو پاروو تەواو دەبوو. ئیتر تەواو تـا رۆژی دواتـر چاومـان بە نان نەدەکەوت. (ئەحمەد خدر باشووری) نانەکەی دروست دەکرد. نیوەڕۆیـانیش مەنجەڵێک ساوار یان برنج بە وشکی لێ دەنرا. بـۆ ئەو هەمـوو پێشـمەرگەیە هەر یەکەی کەوگیرێکـی بچووکیـان پـێ دەدایـن لەو بـرنجە یـان سـاوارەکە ئیـتر ئەوە هەموو خواردنی ئـێمە بـوو. شـەوانەش تـاکوو بەیـانی لەسـەرمان هەڵـدەلەرزیین تاکوو رۆژ هەڵدەهات ئینجا تۆزێک گەرم دەبووینەوە، چـونکە بە شـەو لە ترسـی تۆپبارانی سوپای عێراق نەدەوێراین ئـاگر هەڵـبکەین ئەگەر چـی دارێکـی وشـکی زۆریشی لێبوو.

ئەو کاتە عادەتی پێشمەرگەی پـارتی وابـوو میـدالیایەکی بچووکیـان بە دەرزی لەسەر سنگی خۆیان دەبەستا کە وێنەیەکی بچووکی سەرۆک بـارزانی لە نـاودابوو زۆربەی هەرە زۆری پشمەرگەکان ئەو مەدالیەیان پێوەبوو. خواردنمان بەرەو کۆتـا دەچوو جگەرە بۆ پێشمەرگە نەمابوو بەیانییەک دوای نان و چای خواردن شـەهید جەماڵ جگەرەی پێ نەمابوو هەر چەندی گەڕا دانەیەک جگەرەی بۆ پەیدا نەبوو، پەڕەی جگەرە پێچانەوەی هەبوو ئاگام لێبوو چەند گەڵایەکـی وشـکی داربەڕووی هێنا و وردی کردن، پاشان لە جیاتی توتن خستیە ناو پەڕی جـگەرەکە و پێچـایەوە و دایگیرساند و دووسێ مژی بە قووەتی لێـدا. ئەگەر چـی مـن پـێم وت ئەو کـارە نەکات، بەڵام ئەو تەحەمولی نەمابوو. من لە تەنیشتی دانیشتبووم. سەیرێکم کـرد ئاگام لێبوو چاوەکانی سوور هەڵگەڕابوون، لە دوای سێ چوار مژ وتی سالار سەرم دەسووڕێت و چاوم ڕەشـکە و پێشـکە دەکـات منـیش دەسـتم بـردوو جـگەرەکەم لەدەسـتی دەرهێنـا. ئەوان دەیـانگۆت مـام غەریـب جـگەرەی هەیە و نامانـداتێ. منیش وتم چۆن شتی وا هەیە. وتیان لە کاتی هاتنمان بـۆ ئێـرە گلۆسـێک پـاکەتی (رۆسمەنی) کڕیبوو یەک پاکەتی لێ دەرهینا کاتی گەیشتینە سـنوور و لە سـەیارە دابەزین ئەو پاکەت و چەرخەی هەڵگرت و وتـی تـا نەگەمە سـەر جـادەی قیـڕ و سواری سەیارە نەبم جگەرە ناکێشمەوە. مـن سـەرم سـوڕما لەوەی کەمـامم چـۆن

توانیـوەتی کـاری وا بکـات ئەو رۆژانە زیـاتر لە سـێ پـاکەت جـگەرەی دەکێشـا ئەسـلّەن پێویسـتی بە شـخارتە و چەرخ نەدەبـوو، جـگەرەی بە جـگەرە دادەگیرساندەوە باوەڕم نەدەهات جـگەرەی تەرک داوە، بەڵام وابـوو نەیدەکێشـا. پاشان وتیان توتنیشی هەیە لە کاتی هاتنمان لە (کـونە مشـکە) توتنیـان دا پـێمان لەوێ دابەش کرا بە سەر هەمووان ئەویش بەشی خۆی وەرگـرت، بەڵام لای خـۆی هەڵی گرتووە و نەیکێشاوە. پێش نانی نیوەرۆ  مامم وتی سالار خـۆت حـازر بـکە بەیەکەوە دەچین سەردانی بارەگانیتری دەکەین بە کەماڵ و قادریش بڵی ئەوانیش با بێن کە لە بارەگای لق دەرکەوتین وتم مامە دەزانی چی بووە؟

وتی چی؟ وتم جەماڵ جگەرەی نەماوە ئەمڕۆ پەلکە بەڕووی وشکی کێشاوە و ماوەیەکی زۆر تووشی سەرسووڕان بووا وتی ئەی بۆ چی بە منی نەگۆتیە؟

نازانم دیارە شەرمی کردووە.

ئێ با جگەرەیەکی لە یەکێک وەربگرتایە.

زۆر گەڕا بەدەستی نەکەوت کەس نەیبوو پێی بدات.

تۆ بگەڕێوە لە ناو گونییەکەی من کە لە پشت سەرم دامناوە کەلوپەلی خـۆمی تێـدایە کیسـەیەکی نـایلۆنی تێـدایە کە پـڕە لە تـوتن بیـبە و بە یەکسـان لەسـەر جەماعەتی دابەش بکە بەشی منیش بدە بە جەمـاڵ. منـیش یەکسـەر گەڕامەوە و هەمان ئەو کارەم ئەنجام دا کە ئەو پێمی وتبوو. باوەڕ بکەن ئەو کاتەی توتنەکەم دایە دەست شەهید جەمـاڵ چـاوی پـڕی ئـاو ببـوو لە خۆشـیان بـزەی دەهـاتێ و دەیگۆت وەڵاهی وا دەزانم (حوکمی زاتیم) وەرگرتیە! ئەویش جگەرکێشێکی بـاش بوو لە هەمـان کـات خـۆڕاگری ئەوەی نەبـوو بە بـێ جـگەرە هەڵ بکـات، پاشـان بەشی ئەوانیتریشم داو بەشێکم بۆ خـۆم دانـا. بەیـانی رۆژی دواتـر لەگەڵ دەنـگە دەنگێک وریامان بۆوە کە سەیرم کـرد چـوار هێسـتر و کـابرایەک بـوون کە بـانگی دەکرد وەرن کەلوپەلەکانتان داگرن. ئێمەش دەورماندا، سەیرێکی ئێمەی کـردوو و

وتی تەڵاقم کەوتبێ ئێوە (قیادەی موەقەتەن) ئەو وێنەی کاک مەسعودی لەسەر سنگمان دیبوو، دیاربوو ئەو شتانە بۆ جەماعەتی (ینک) هێنابووی. وتی ئەی کوانێ جەماعەتەکەیتر؟ وتمان ئێمە بەدل بووینە ئەوان رۆیشتن و ئێمە لە جێگای ئەوانین. دیاربوو هەندێک ترسا وتی من پارەی خۆمم وەرگرتووە هەقم چیە کێ لێرەیە وەرن شتەکان داگرن با من بگەڕێمەوە. ئەو لە (سەنگەسەر) هاتبوو دیار بوو پێش ئێمە جەماعەتی (ینک) هەندێ شتیان داوا کردبوو کە بۆیان بهێنێ بە گۆتەی کابراکە ئەو پارەی ئەو شتانەی لەوان وەرگرتبوو. شتەکان بریتیبوون لە نزیکەی (یەک کارتۆن جگەرە بە هەموو جۆرەکانییەوە، گۆشتی قوتی سەرکەگا، قاوە، چوکلێت، شیر، موس، گۆرەوی، فانیلەی ژێرەوە و شۆرت، جەمەدانی، هەندێ کەلوپەل و پێداویستی ئافرەتان). ئاخر هەندێ عائلەی لێبوون کە لە دوای رۆیشتنی جەماعەتی (ینک) لەو شوێنە ئەوان نەیانتوانیبوو دەرباز بن دواتر مام غەریب ڕەوانەی لای خاوەنەکانیانی کردنەوە. ئەم شتانەی کە هێنابووی لە لای ئێمە نامۆ بوو هەرگیز ئێمە لە بارەگاکانمان ئەو شتانمان نەدیبوو. هەمووی دابەشکرا بە سەر پێشمەرگەکان. هەر پێشمەرگەی چوار پاکەت جگەرەی بەرکەوت، بۆ ئەوانەی کە جگەرکێش بوون. شتەکانی تریش بە یەکسانی بەسەر هەمواندا دابەشکرا هەندێک بووژاینەوە. چەند رۆژێک دوای ئەوە دیسانەوە خواردنمان تەواو بوو تەنیا شتێک کە لێمان نەدەبڕاو بە بەردەوام بۆمان دەهات ئارد بوو لەگەڵ ڕۆن. مام غەریب بانگی (خورشید تۆفیق ساڵەیی) کرد وتی بچۆرە سەر رێگای ئەو ڕەشماڵ نشینانە ئەوانە بە گوێدرێژ پەنیر و ژاژی دەبەن بۆ سەنگەسەر دەیفرۆشن بزانە دەتوانی دوو پێستە پەنیریان لێ بکڕێت ئەگەر نەیاندا هەمان ئەو نرخەیان پێ بدە کە لە سەنگەسەر دەیفرۆشن، (خورشید تۆفیق) کەسێکی قسەخۆش جوێن فرۆش بوو کەسیش لێ تورە نەدەبوو باڵایەکی کورتی هەبوو. ئەو کادیر و فەرماندەیەکی باشبوو دەکاتە باوکی (دکتۆر محەمەد خورشید) بەرپرس لقی سێی پارتی لە ساڵانی (٢٠١٧-٢٠١٨-٢٠١٩) کە ئێستا خورشید تۆفیق ئەندامی دەزگای باڵای ئەیلوولە. ئەو کوڕێکی لەگەڵدا بوو ناوی

ئەرسەلان بوو ئەو ئەرسەلانە برای هاوژینەکەی بوو کە خەڵکی دەڤەری پشدەر بوون خورشید ئەرسەلانی لەگەڵ خۆی بردوو، چوون بۆ کڕینی پەنیر دوای چەند کاژێرێک گەڕانەوە، کەسێکی لەگەڵ خۆی هێنابوو لەگەڵ هێسترێک کە پڕی سەرپشتی بوو لە پێستە پەنیر. وتی ماموستا مەلا غەریب لە ترسی تۆ ئەم ... نەکوشتووە داوای پەنیرم لێ کردووە ئەو بە پارەش ئامادە نەبووە پێم بفرۆشێت ئەوە هێناومە بۆ لای تۆ، تۆش کەیفی خۆتە چی لێ دەکەی بیکە با مام غەریب ڕووی لە کابراکە کردوو و وتی:

بۆچی پێت نەفرۆشتووە.

لەبەر ئەوەی مشتەریم لە سەنگەسەر چاوەڕوانمە.

ئێ خۆ ئەمیش مشتەریت بوو پارەی پێدەدای.

پارەی ئێوەم ناوێت!

بۆ چی. پارەی ئێمە چ عەیبی هەیە.

ئێوە قیادەن.

ئێ خۆ کافر نین، کوردیشن. ئەوە نییە بە کوردی قسە دەکەین.

دیاربوو کابرا باش مێشکی شۆردرابۆوە دوای ئەوەی مام زۆر بە نەرمی هەندێ قسەی لەگەڵ کرد کابراکە وتی:

ئەوە بە ڕاستی ئێوە (قیادەن)؟

قیادە نین، ئێمە پارتین. پارتی دیموکراتی کوردستان.

.ئەدی چۆن ئەمنتان نەکوشت؟

بۆ بتکوژین چیت کردوووە؟

ئاخر من سوکایەتم بە ئێوە کردووە. پەنیریشم بەپارە پێ نەفرۆشتن.

جا ئەوە کەی کێشەیە ئەوە ماڵی خۆتە ئێستاش ئەگەر پـێمان نەفرۆشـن هەر ئینزت دەدەین و بڕۆ.

دە وەڵا مادام ئێوە ئەوەندە پیاون هەمـووی دادەگـرم و یەک فلسیشـتان لـێ وەرناگرم. مـن زۆر بە هەڵە لە ئێـوە تێگەیشـتبووم. ئێسـتا دەزانـم ئێـوەن کـوردی راستەقینە.

هەموومـان کـوردی راسـتەقینەین، بەڵام ئەوە دوژمـنە تـۆی دووبەرەکـی لە نێوانمان دا چاندووە. چ پارتیەک بکوژرێت یان یەکێتیەک هەر کوردەکەیە زەرمەند دەبێ و دوژمنیش لەو دووره سەیرمان دەکات و پـێمان پێـدەکەنێت. ئێسـتاس تـۆ دەتـوانی بڕۆیـت ئەگەر دوو پێسـتە پەنیرمـان پـێ بـدەیت بە مەرجـی ئەوەی پارەکەی وەربگریـت. خزمەتێکـی پێشـمەرگەت کـردووە. هەر چـۆنێ بـوو بە زۆر پارەکەیـان دا بە کـابراکە و دوو پێسـت پەنیـری داگـرت و بەدەم رێگـاوە وتـی، پیاوەتییتان لە بیر ناکرێت. ناوە ناوە جیهازەکانی بێتەلی ئێمە لەگەڵ جیهازەکـانی ینک تێکەڵـی دەکـرد. ئەوان جنێـوی پـیس و خراپیـان بە ئـێمە دەدا جیهازێکیـان هەبـوو بە نـاوی (کـۆدۆ) عەدەدەکەی هەنـدێ دەنـگەکەی لە دەنگـی ئـافرەت دەچوو، سـەرەتا وامانـدەزانی ئـافرەتە، بەڵام دواتـر زانـیمان کە پیـاوە. ئەو کەسـە عەدەد جیهازێکی دەمشڕ و جنێوفرۆش بوو، لە هیچ جنێوێک سـلی نەدەکـردەوە. دیارە کاک مەسعود ئەمەی زانیبۆوە. کۆبـوونەوەیەکی لەگەڵ بەرپرسـی لقەکـان و فەرماندەکانی پێشمەرگە کردبوو و داوای کـرد کە جیهازەکـانی ئـێمە وەڵامـی ئەم جنێـوانە نەدەنەوە. (نەسرەدیـن هەورامـی) کە ئەنـدامی لقـی ٤ بـوو خـۆی بـۆ رانەدەگیرا جیهازێکی بردبووە پشت بەردێکـی گەورە و لە پشـتەوە گـوایە بە دزی کاک مەسعود وەڵامی جنێوەکان دەداتەوە. کاک مەسعود گوێی لێ دەبێت لە کاک (نادر هەورامی) دەپرسێت ئەمە کێیە؟ ئەویـش دەڵێـت کـاک نەسرەدینـە، بـانگی دەکەن و دەڵێن ئەی نەمانوت جنێـو مەدەن. ئەویـش وتـی (ئەی بـاوکەڕۆ نەکەم من لە پەنا ئەو بەردە زلە خۆم شاردبۆوە و جنێـوم دەدا تـۆ چـۆن گوێـت لێبـووە؟)

هەموویان دەستیان کرد بە پێکەنـین ئەو وای دەزانـی ئەگەر لە پشـت ئەو بەردە خۆی حەشار بدات و جنێو بدات کاک مەسعود گوێی لێ نابێت!

ناوەڕاستی مـانگی ١٠ی ١٩٨٠ بـوو کە ناردیـان بە دوای بەرپرسـی لقەکـان بـۆ کۆبوونەوەیەکی بەپەلە، کاک خورشید چووە ئەو کۆبوونەوەیە کە گەڕایەوە، وتـی پێوستە بە پەلە پاشەکشە بکەیـن. لقـی ٣ و ٤ دەچـنەوە (ئالواتـان) و ئـێمەش بە قەندیل دەگەڕێینەوە (بادیناوە). بادیناوە دێیەک بوو کەوتۆتە ئەودیوی قەندیل لە ڕووی ئێرانەوە نـزیکەی چـوار پێـنج کاژێرێـک لە قەنـدیل دوورە، پێشـتر ئـێمە لە (تلکێش) بارەگای لقمان گواستبۆوە ئەوێ ماوەیەک لەوێ بووین هەندێ دۆستمان لەوێ هەبوون لەناوەڕاستی بەهاری ١٩٨٠ بارەگای لقی ٢ لەو گوندە بوو هەنـدێ بەسەرهاتی خۆشی لێ ڕوودا، پێم خۆشە ئێوەش بیزانن. ئـێمە بارەگامـان لە کـۆنە (پاسگایەکی ژاندارمری) ئێران بوو، دیـوێکی ئـێمە بـووین و دیـوەکەیتری بارەگـای حزبـی دیمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران بـوو، ئەو کـاتە ئـێمە زۆر لە یەکـتری نزیـک بووین. ئەو بارەگایە بچـووک بـوو بـۆیە لە پێشـەوە دوو خیوەتیـان هەڵـدابوو بـۆ پاسەوانانی بەرپرسەکان (مـن و مـحەمەدی علـی ئـۆمەر و حەمەد عەلـی حـاجی ڕەسوڵ کاموسەکی و حەمەد حوزێر پونگینەیی و کامەرانی مـام غەریـب) لە ژێـر خێوەتێک دەخەوتین. خێوەتەکەیتریش بۆ پاسەوانەکانی تربوو. دوو خیـوەتیش لە تەنیشت بارەگاکە هەڵدرابوون یەکێکیان حەمـامی خۆشـۆڕدن بـوو ئەوەی تـریش مەتـبەخ بـوو بـۆ چێشـت لێنـان. دوو کەس چێشـتیان لـێ دەنـا ( ئەحـمەد خـدر باشووری) و کەسێکیتر بە ناوی (پاشا) کە لە سەیدەکانی ڕەواندوز بوو ئەم پاشـایە لە کۆن شۆفێری لۆری بوو لەگەڵی عەلی بەگ وەرگەڕابوو هەمـوو گیـانی شـکابوو چاوێکیشی لە دەستدابوو، بۆیە ناویان نابوو (پاشای کۆرە)!

هەمیشە جانتا دبلۆماسیەکەی مامم لە لای من بوو هەندێ شتی تایبەتی لقـی تێدابوو لەوانە مۆری لق. ڕۆژێک لە ژێر خێوەتەکە دانیشتبووین جانتاکەم لە پێش خۆم دانابوو چونکە هەرکات مامم داوای کردبا دەبوایە بەپەلە بـۆی بـبەم کـاتێکم

زانی کەسێک وتی سلام و علیکم. کە سەرم بەرز کردەوە (توفیق شێرەیی) بوو. ئەو باڵایەکی بەرز و هەیکەلێکی گەورەی هەبوو لە شۆڕشی ئەیلوول لە ناوپردان دیفاع مەدەنی بوو. هەندێ جاریش لە بازگەکان ڕادەوەستا، ئاوایان بۆ من گێڕابۆوە. ئەو هیچ کات پێشمەرگەی بەرەی شەڕ نەببوو. من وئەو یەکترمان نەدەناسی، واتە تێکەڵیمان نەبوو لەگەڵ یەکتر ئەگینا دەمزانی ئەوە کێیە و چۆنە. ئەو لە تەمەنی من نەبوو، دوو ژنیشی هەبوو یەکێکیان کوردی خۆمان بوو، ئەویتر ئێرانی و فارس بوو. محەمەد عەلی ئۆمەر لێی پرسی خێرە تۆفیق بۆچی هاتووی؟ ئەویش وتی هاتووم ببم بە پێشمەرگە، محەمەد سەیرێکی منی کردوو بە چاو ئیشارەیەکی لۆ کردم و پاشان وتی، وەڵا ئەوجا تۆفیق ئەو برادەرە مەسئولی ئێمەیە و هەموو شت لەبەر دەستی ویدایە. سەیرێکی منی کردوو دیتی جانتاکەم لە پێشە چووە عەقڵی کە من شتێک بم بۆیە وتی، ئەمن بە خزمەتی مامۆستا نەگەیشتووم و نایناسم، بەڵام ئەو دەبێ ئەمن بناسیت، مومکینە لە شۆڕشی ئەیلوول زۆر جار بە لای من تێ پەڕێنێت. محەمەدیش وتی ئەدی کووا!؟ ئەو هەر لە گەڵالە و چۆمان پێشمەرگایەتی کردییە. ئەمن ماتم بردبۆوە سەیرم پێ دەهات محەمەد ئەو قسانەی دەکرد ئاخر ئەو کاتەی ئەوان باسیان لێ دەکرد ئەمن منداڵ بووم و پێشمەرگە نەبووم. پاشان تۆفیق وتی ئەوجا مامۆستا ئەتوو بە خۆت هەر لێرە لە ناو لق ئیشەکم لۆ دابنێ ئەمن حەزم لە ناوچەکان نییە. محەمەدیش هەر بە سەروچاو ئیشارەتی بۆ دەکردم کە خۆم ئاشکرا نەکەم و بەزمەکی دروست بکەین. ئاخر ئەو تۆفیقە بەرپرس و ئەندامانی لقی هەموو بە باشی دەناسین نازانم چۆن باوەڕی هاتبوو کە من لێرە هەموو شتێکم. ئەو کاتیس ئەوانەی تازە پەیوەندییان بە شۆڕشەوە دەکرد دەبوایە تێکەڵ بە پێشمەرگە نەبونایە ماوەی سێ مانگ لە ژێر چاودێری دابونایە و لە دووری بارەگا شوێنێکیان بۆ دیاری دەکرا و رۆژانەش دەبوایە خزمەتی بارەگایان بکردایە لە ڕووی پاککردنەوە و قاپوقاچاخ شۆردنەوە. هاتە مێشکم بەزمێک دروست بکەم. بۆیە وتم:

کاک تۆفیق جەنابت کەسێکی بەڕێزی و باوەڕپێکراوی

بەڵێ قوربان، گەورەیی خۆتە ئەمن مەمنوونم.

لە ئێستاوە جەنابت مەسئولی لەو ملتەحەقانە کە تازە هاتوون بە هیچ شێوەیەک نایەڵی نزیک بارەگا ببنەوە (٤-٥ ملتەحەقمان هەبوون) خۆشت بە بێ پرسی من نەچیتە ژووری لقەوە.

بەرێ مامۆستا جەنابت ئەمر دەکەیت.

جەماعەتی خۆشمان هەمووی دەستیان بە دەمیانەوە گرتبوو خەریک بوو جەرگیان دەبڕا لە پێکەنین و نەدەوێران خۆشیان ئاشکرا بکەن.

دەی باشە ئەوە ئیشەکەی خۆتت زانی لە ئێستاوە دەتوانی دەست بەکاربیت. خوا خوام بوو هەڵسێت و بڕوات. ئاخر ئەگەر برادەرانی بەرپرس لە لق بەوەیان بزانیایە بۆ من ناخۆش بوو. بە تایبەتی مامم بۆی هەبوو لێم تووڕە بێت. بە محەمەدم وت کاک تۆفیق ببە با شوێنی ئەو ملتەحەقانە پێ بزانێت. ئەویش لەگەڵ خۆی برد و رۆیشت نازانم لە دەرەوە کێ پێی وتبوو کە گەڕایەوە گۆتی وەڵا فیلمەکی خۆشمان دروست کرد. وتم محەمەد مام غەریب بزانێ تووڕە دەبێت ها. ئەمن حەقم نییە دەرێم محەمەد ئەوهای کردییە. ئەوجا مام بە محەمەدی گۆتبوو زۆر ئاگات لە سالار و کامەرانی دەبیت لە ناو بارەگا لەگەڵ کەس سوحبەت و فشقیات نەکەن و بە بێ ئاگاداری تۆش نەچنە هیچ شوێنێک. ئەو باوەڕی بە محەمەد هەبوو بۆیە ئەوی کردبووە چاودێر بەسەرمانەوە. دەیگۆت ئەوانە منداڵن نەوەک قسەیەکی خراپ یان مامەڵەیەکی نەشیاو لەگەڵ خەڵک بکەن. بە هۆی ئەوەی یەکێکیان کوڕی بوو منیش برازای بووم نەیدەویست ئێمە ئەو شتە بقۆزینەوە کە ئەو جێگری لقە و ئێمە لە سەرووی پێشمەرگەکانیتر دابین. دەیویست ئێمەش وەکو ئەوان بین و هەر ئەرکێک دەدرێت بە پێشمەرگەکانیتر هەمان ئەرکیش بدرێت بە ئێمە لە ڕووی خەفارەت

لە بارەگا و حەرەسیات و کەمین دەرچوون. ئەویش وتی خەمی ئەوەتان نەبێت ئەمن نایەڵم مام غەریب توڕە بێت ئەگەر پرسیاری کرد دەڵێم ئەمن بوویمە ئەوهام کردییە. سالار گوناحی نییە.

هەر ئەو رۆژە دیتم تۆفیق سینییەکی لە دەستە و نان و چێشتی لە سەرە و بەرەولای ژووری ملتەحەقەکان دەچێت. چووم لە باشووریم پرسی ئەوە چی بوو لە دەست تۆفیق؟ ئەویش وتی تۆفیق گۆتیتی لە ڕووی ئەمنی باش نییە ئەو ملتەحەقانە بێنە ناو بارەگا. پێم گۆتینە نەیەنە ئەو ناوە ئەمن بە خۆم نان و چایان لۆ دەبەم. لە دڵی خۆم گۆتم کوڕە ئەوە زۆر بە جدی وەرگرتیە وەڵاهی مامم بزانێت سەرم دەپەڕێنێ. چۆن عیلاجەکی بکەم جەماعەتیش ناوە ناوە دەیانگۆت مەسئولی ملتەحەقەکانتان دیت کوو بە خۆی خزمەتیان دەکات. مەسئول دەبی ئەوها بیت!! بە تەعلیقەوە ئەو قسانەیان دەکرد. دوو رۆژ تۆفیق بەم شێوەیە ئیشی دەکرد، جارێک مامم لە پەنجەرەکە دیتبووی پرسیاری کردبوو ئەوە تۆفیق چ دەکات؟ (سلێمان پەسیرەش) نەماوە بەرەحمەت بێت هەموو شتەکەی بۆ باس کردبوو، ئەویش بە سلێمانی گۆتبوو سالارم لۆ بانگ بکە بێتە ئێرە کە سلێمان گۆتی مامت بانگت دەکات و مەسەلەی تۆفیق شێرەییە، لە ناوقەدم ڕاپسام. گۆتم وەڵا کەشف بووین ئەوجا خوا دەزانێ چیمان لێ بەسەردێت. چووم بە محەمەدم گۆت ئەویش لەگەڵمدا هات بۆ لای مامم. چووینە ژوورەوە مامم یەکسەر پرسیاری کرد مەوزوعی تۆفیقی چیە؟ محەمەد بە جواب هات وتی لە من بپرسە سالار هیچ نازانێت. پاشان گۆتی ئەو ئەوەندە نەزان بێت بە منداڵێکی ئەوها باوەڕ بکات کە ئەو بەرپرسە لێرە وەڵاهی مستەحەقە. ئەو هەموتان دەناسێت لە کاک خورشید و هەتا دەگاتە من توخوا لۆ نایەتە لای ئێوە داوای ئیش بکات لۆ دێت لە بن خیوەتێ لە ئێمە داوا دەکات. ئەمە بە خۆمان چ هەینە هەتا ئیش بدەین بەو؟ خورشید شێرە بە پێکەنینەوە بە جواب هات و وتی وەڵا راست دەکەن. تۆفیق لۆ نایەتە لای من یان لای تۆ یان لای مام ڕەسوڵ. دەک دەستتان

خۆش بێت. وەڵا لە جێی ئێوە بام خراتریشم بەسەر دەهێنا. ئیتر بوو بە پێکەنین. (مەلا عەزیزیش) کە ئەندامی لق بوو کاتی قسەکردنی فول عەشایری قسەکانی دەکرد گۆتی بە خوای ئەو تۆفیقەش (گێلە پیاوە) دەلێی گەڕێن مستەحەقی بێت. پاشان بانگی تۆفیقیان کرد و نەیانهێشت هەست بەوە بکات کە ئێمە بۆ خۆشی ئەو کارەمان لەگەڵیدا کردووە. پێیان وت کە ئیتر ئەو کارە نەکات و وەکو پێشمەرگەیەک لە بارەگای لق بمێنێتەوە. جارێکیان محەمەد بە مامی گۆت دەچمە بناری قەندیل ناو ڕەشماڵان هەندێک پەنیر و شت دێنم، با سالار و کامەرانیش لەگەڵمدا بێن. ئێمە هەرەتی لاوێتیمان بوو زۆر حەزمان لە جموجۆڵ و گەشت دەکرد، پێمان خۆش بوو بچین ئەوەبوو مامم ڕازی بوو. لە بادیناوە سەرکەوتین بەرەو بناری قەندیل ماوەیەک کە رۆیشتین مێرگێکمان لێ بەدەرکەوت سەرتاپا سپی بوو تۆزێک لە ئێمە دوور بوو دیمەنێکی زۆر جوانی هەبوو هەر چوار دەوری سەوز بوو محەمەد گۆتی ئەوانە کوریکەی بەهارێنە، پاشان گۆتی کوا ئەو دووربینەم بدەنێ با بزانم ئەوانە چین؟ دووربینەکەی بە چاوییەوە بوو وتی وەڵا بە کوریک ناچن! با بچین بزانین چیە کاتێ چووین  و سەیرمان کرد هەمووی (کوارک – قارچک) بوون بە قەبارەی گەورە گەورە بە یەکتری وەنووسابوون بۆن و بەرامەیەکی خۆشی لێ دەهات هەرگیز بەو شێوە زۆرە کوارگم نەبینیبوو. دوو گونییەی بەتاڵمان پێبوو کە بۆ پەنیر و ژاژی لەگەڵ خۆمان بردبوومان. وازمان لە پەنیر و ژاژی هێنا و هەردوو گونییەکەمان پڕ کردن لە کوارگ و گەڕاینەوە لق کە جەماعەت ئەوەیان دیت سەرسام ببوون لەو هەموو کوارگە. سروشتی کوردستان خوا پێداوە ئەگەر پارێزگاری لێ بکرێت! ئەو خواردنە تام و لەزەتێکی هەبوو گۆشتی بەرخیش ئەم تامەی نەبوو. ئەو دیمەنەی ئێمە دیتمان هیچ وێنەکێشێک بە خەیاڵی دا نەدەهات. بەڕاستی (شام شەکرە و وڵات شیرینترە). ئیتر بەیانییەکەی هەر پێشمەرگە بوو  گونییەکی لەگەڵ خۆی دەبرد و دەچوونە ئەو شوێنە و پڕیان دەکرد لە کوارگ و دەیانهێنانەوە.

قەبرستانێکی کۆن و گەورە بەرانبەر ئێمە بوو وەزعی ئێمە لەگەڵ حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەندێ ساردی تێکەوتبوو. ئەوان بارەگای خۆیان لە لای ئێمە لابرد. ئەگەر چی ئێمە هیچ کێشەیەکمان لەگەڵیاندا نەبوو، بەڵام دیاربوو لە سەرکردایەتییان ئەمرییان پێکرابوو ئەو شوێنە چۆڵ بکەن برادەرانی لقیش وایان لا پەسند بوو کە شەوانە کەمینێک بچێتە سەر ئەو قەبرستانە بە دوو پۆست لە کاژێر ٨ ی ئێوارە تا کوو ١٢ ی شەو دوو نەفەر بچن. لە ١٢ی شەو تاکوو چواری بەیانی دوویتر بچن ئەوان بەدل بکەن. ئێوارەکەی پێش مەغریب بەرەحمەت بێت کاک (محەمەد بەربەیار) کە ئەندامی لق بوو لیستی حەرەسیاتی دەردەکرد مامم پێی وت بۆ کەمینیش چوار کەس دیاری بکە شەوانە. ئەم قەبرستانە زۆر بە ترس بوو کێڵی قەبرەکانی لە بەژنی زەلام بەرزتر بوو داربەڕووەکانی لەوپەڕی بەرزی و ئەستووری دابوون بەرۆژ ئەگەر دەچوویتە ئەوێ ترست لێ دەنیشت چ بگات شەوانە بچیە ئەوێ. بەربەیار هەر چەندی کردی نەیدەتوانی چوارکەس دیاری بکات بۆ کەمین. مام غەریب بەوەی زانی و زۆر تووڕە بوو هاتە لای بەربەیار و وتی سالار و کامەران بنووسە بۆ سەعات (٨-١٢) و (سلێمان پەسیرە) و ئەوەی دیکەم لە بیر نەماوە کێ بوو بۆ سەعات (٤-١٢). ئەم چوارەمان حمایەی تایبەتی خۆی بووین و بۆیەش وایکرد کە ئیتر هەر کەسێک بنێرن بۆ کەمین گلەیی نەکات! ئەوە نییە مامۆستا مەلا غەریب کوڕ و برازای خۆی دەنێرێت! من و کامەران زۆر دەترساین لەو شوێنە، چونکە بە منداڵی ئەوەندە باسی ئەوەیان بۆمان کردبوو کە قەبرستان بە ترسە و شەوانە دەنگە دەنگی تێدا دێت و تارمایی لێیە، بەڵام لە ترسی مامم نەمانتوانی بڵێین ناچین بۆیە ئێوارە بە پەلە نانێنکمان خواردوو بە ڕووناکایی چووین بۆ ئەو شوێنەی لەسەر قەبرستانەکە دیارییان کردبوو بە رۆژ بۆ کەمین دانان، تاکوو ڕووناک بوو دەوروبەرمان دەدیت هیچ کێشەیەکمان نەبوو، بەڵام کە تاریک داهات هەستمان بە ترسێک کرد، لە پێش چاومان کێڵی قەبرەکان دەجوولان کزەبایەکیش دەهات گەڵای دارەکانی دەجوولاندن هاشەی بایەکە دەهات ئێمە وامان دەزانی کە

شتێک لە ناو قەبرستانەکە لە جـولەدایە لە ترسـان لە ژێـر دارێـک مـن و کـامەران پشتمان بەیەکتری وەناو هەریەکەمان ڕوومان لە لایەک کرد.

ئەوەندە ترسابووین نە ئەمن قسەم دەکرد نە کـامەران مـاوەی دوو کـاژێر بەم شێوەیە مـاینەوە. پاشـان گـوێم لە خشـە خشـێکی نزیـک لە خۆمـان بـوو، زۆر بە ئەسپایی و بە هێواشی کە کەس گوێی لێ نەبێت وتـم، کـامەران تـۆش گوێـت لەو دەنـگەیە، وتـی ئـا گـوێم لێـیە، شـوێنەکەی ئـێمە سـەرگردێک بـوو لای خـواری گردەکەمان لێ دیار نەبوو. کـامەرانیش ڕووی کەوتبـووە دارە بەڕووە گەورەکە کە لە ژێـری دانیشـتبووین. پـێم وت کـامەران لە شـوێنی خـۆت بە ئـارامی بچـۆرە سەردارەکە و بزانە لە خوارەوە هیچ دیارە؟ ئەویش وایکرد و دواتر دابەزی و وتـی هیچم نەدیت، دیسانەوە لە شوێنی خۆمان وەکو جاران دانیشتینەوە دەنگەدەنـگ و خشەخشەکە هەر دەهات و زیادی دەکرد، نەدەکرا ڕابکەین یەکەم جارمان بوو. بچینە کەمین زۆر دەترساین ئەوەی ڕاستی بێت! وتم کامەران هەردووکمان لەسەر زگ دەخشێین بۆ لێواری گردەکە ئەگەر شتێکمان دیت بەیەکەوە دەنگی دەدەیـن تفەنگی لێ سوار دەکەین چەند مەترێک بەم شێوەیە چووینە پـێش بە جـوتە مـن تارماییەکم دیت وتم کامەران هیچ دەبینی؟ وتی شتێک دەجولێت نازانم چیە بۆیە دڵنیا بووم شتێک لەوێ هەیە وتم تا سێ دەژمێرم وتم سێ بەیەکەوە تفەنگ سوار دەکەین و دەنگی دەدەین، ئەویش وتی زۆر باشـە وامـان کـرد. کێـی زەلام خـۆت بناسێنە ئەگینـا کـوژراوی؟ کێـی زەلام؟ لە پرێکـا دوودوانە هێسـتر و مـایین بـوون لەوێ بۆ خۆیان لەناو ئەو کژوگیـا دەلەوەڕان. لەگەڵ دەنگـی ئـێمە سـەریان بەرز کـردەوە و دەسـتی کـرد بە (حیلانـدن)! ئـێمەش لەگەڵ ئەوان دەسـتمان کـرد بە پێکەنین وتم کامەران، وتی چیە؟ پـێم وت تـرس شـتێکی درۆیە دەچێـتە مێشـکی خەڵکی و دڵ تووشی لەرزین و دڵەڕاوکێ دەکات هەڵسە بـا لە نـاو قەبرسـتانەکە پیاسەیەک بکەین. ئیتر بە یەکەوە دەسـتمان کـرد بە پیاسـەکردن. کـاتەکەی ئـێمە نزیک تەواوبوون بوو. دەمانزانی ڕەحمەتی سلێمان پەسیرە دێت ئێمە دەگۆڕێـت،

وتم کامەران بۆ نایەی بەزمێـک دروسـت بکەیـن. وتـی چـی؟ سـلێمان پەسـیرە لە ڕێوی و لە فیکە تورە دەبوو، منیش وتم تۆ بچـۆرە ئەو پەڕی قەبرسـتانەکە منـیش لێرە دەبم. کە سلێمان هاتوو گەیشتە ناو قەبرستانەکە ئەو هەڵوێستەیەک دەکـات تاکوو بزانێت ئێمە لە کوێین کە ڕاوەستا تۆ فیکەیەکی بـۆ لێبـدە. ئەگەر هـات بـۆ لای تۆ منیش فیکەیەکی بۆ لێدەدەم. ئەویش بەو ئیشـە ڕازی بـوو و تفەنـگەکەی هەڵگرت و چووە ئەوپەڕ، منیش لە جێگای خۆم، خۆم لە پەنای کێلێـک شـاردەوە، کاژێر بوو بە ١٢ی شەو ئاگامان لێبوو سلێمان بەرەو قەبرستانەکە هات، هەر وەک چۆن پێش بینیمان کردبوو، سلێمان لە قەراخی قەبرستانەکە وەستا. ئەو تفەنگێکی (بڕنۆی وەسەتی) پێبوو، تۆزێک قۆڵاخ بوو بۆ ئەوەی بزانن ئێمە لە کوێین کامەران لەو پەڕ فیکەیەکی لێدا. ئەویش وتی: قوزەلقورت. جارێکیتر فیکەیەکـی تـری لێـدا ئەمجـارە جوێنێکیتریـدا (...)،بـۆ لای ئەو چـوو ئەمجـارە مـن فـیکەیەکم لێـدا. تفەنگەکەی لە شانی داگرتە خوارێ و فیشەکێکی سوار کردوو و وتی هەی (...) بە بەوخوایەی هەر ئێستا خۆتـان کەشـف نەکەن و نیشـان نەدەن دەسـت دەکەم بە تەقەکردن و هەموو لق دەهێنمە ئێرە. ئێمەش لە ترسـی ئەو هەریەکە بەلایەکـدا بەرەو بارەگا دەستمان کرد بە ڕاکردن. ئەحـمەد زەخـۆک لە سـەربانی بارەگـا بـوو جگە لە حەرەس خەڵکەکەی تر هەموویان خەوتبوون. ئەو بەزمەی ئێمەی دیتبوو و گوێی لە دەنگە دەنگی سلێمان ببوو وتی ئەوە چی بوو، چی ڕوویدابوو؟ منـیش وتم وەڵا حاڵ و مەسەلە بەم شـێوەیە بـوو. هەمـوویم بـۆ باسـکرد. ئەویـش وتـی ئیشێکی باشتان نەکـردووە. نەدەبـوایە وابـکەن ئـاخر ئەو هـاوتەمەنی ئێـوە نیـیە ئەگەر لەگەڵ مانان سوعبەتێک دەکات جیایە ئێمە یەک تەمەنین لە ئـێمە قبـوڵی دەکات. وەڵا بەیانی بە مام غەریب بڵێت ئەو چی خراپە پێتانی دەکـات. ڕوحـمان چوو گەلێکی لێ پاڕاینەوە کە لە سـلێمان تکامـان بـۆ بکـات شـکاتمان لـێ نەکـات پەیمان بێت جارێکیتر ئەو ڕەفتارە لەگەڵ ئەو ناکەین. ئەویش وتـی بچـن بـخەون من ناخەوم تـاکو ئەو لە کەمـین دەگەڕێـتەوە. پێـی دەڵـێم مـن خـۆم لێیـان تـوڕە کردووە و قسەم پێ کردوون. ئەوان وەعدیان داوە ئیتر ئەو شتە دووبارە نەبێـتەوە

و تۆش ئەمجارە بیانبوورە و شکاتیان لێ مەکە. ئیتر بە تـرس و لەرز چـووینە سـەر جێگاکانمان و لێی کەوتیـنە خەو بەیـانی کـاژێر حەوت لە خەو هەڵسـاین سـەیری جێگای سلێمانمان کرد ئەو لە شیرین خەودابوو. مامم خەریکـی ڕدێـن تاشـین بـوو چووین بۆ لای ئەویش وتی ها، لە کەمین چۆن بـوون. منـیش وتـم وەڵا زۆر بـاش بووین.

ئەدی نەترسان خۆ؟

ترسی چی مامە ئێمە ناترسین، خۆ منداڵ نین!

ئافەرین، پێشمەرگە نابێت بترسێت.

وایە، ئێمەش ناترسین.

پاشان وتم مامە هەڵەیەکمان کردووە!

هەڵەی چی؟

بۆم باس کرد کە فیکەمان بۆ سلێمان لێداوە، بەڵام بـردمە ئەو بـارەی کە ئـێمە نەماندەزانی ئەو لە فیکە تووڕە دەبێت ئەویـش وتـی، جـارێکیتر شـتی وا مەکەن. ئەو لە تەمەنـی ئێـوەدا نیـیە. ئەمجـارە چـونکە خۆتـان دانتـان بە هەڵەتـان نـاوە دەنگتان لەگەڵ ناکەم دوایی خۆشم دڵی سلێمان چاک دەکەمەوە. بەس دووبارەی نەکەنەوە! ئێمەش بەڵێنماندا کە دووبارە نابێتەوە. جا تەبعـی مـام غەریـب وابـوو ئەگەر هەڵەکەیت بکردایە خۆت بچووبایت دانت بە هەڵەکەت نابا، ئەوا هەنـدێ ئامۆژگاری دەکردی و خۆی تووڕە نەدەکرد، بەڵام ئەگەر بێ دەنگیت هەڵبـژاردایە و کەسێک شکاتی لێت بکردایە ئەوا لێت خۆش نەدەبوو تەمێی دەکـردین. منـیش لەوە دڵنیـا نەبـووم کە ئەحـمەد زەخـۆک بتـوانێ سـلێمان پەسـیرە ڕازی بکـات کە شکاتمان لێ نەکات بۆیە وام بە باش زانی خۆم شتەکە باس بـکەم. گەرچـی دوایـی بۆم دەرکەوت کە ئەحمەد قسەی لەگەڵ سلێمان کردبوو و ڕازی کردبـوو شـکاتمان

لێ نەکات! بەڵام هەر نەدەوێراین سەیری سلێمان بکەین و بەلایدا بچین ئەو زۆر بە توورەیی و مۆڕی سەیری دەکردین!

چەند رۆژێک دوای ئەوە ڕەسول فەقێ ویستی سەردانێکی قەندیل بکات، منیش وتم لەگەڵتان دێم ئەوان بریتیبوون لە (کاک ڕەسوڵ فەقێ، حەمەد عەلی حاجی ڕەسوڵ کاموسەکی، حەمەد عوزێر پونگینەیی، خەتاب ئەحمەد بەرەکە (عەلی ئاغا) و محەمەد عەلی ئۆمەر). منیش لەگەڵ مەلا بانگدانی بەیانی بە ڕێکەوتین نزیک نیوەرۆ گەیشتینە ناو ڕەشماڵەکانی (شێخ ئایش) بناری قەندیل لە مێرگێک چوار پێنج ڕەشماڵێک هەڵیاندابوو. لە خوار مێرگەکە کانیاوێکی لێبوو ئێمە لەسەر کانیاوەکە دانیشتین و پشووێکمان دا پاشان کاک ڕەسوڵ، حەمەد عەلی نارد وتی بچۆ بزانە ئەم ڕەشماڵەی پێشەوە ئەگەر پیاویان لە ماڵ بێت پێی بڵێ ئێمە میوانی ئەوانین. حەمەد عەلی چوو بۆ لای ڕەشماڵەکە ئێمە هیچ پیاومان نەدەدیتن. پاش کەمێک گەڕایەوە ئافرەتێکی بە تەمەنی لەگەڵدا بوو. تەمەنی لە دەوری پەنجا ساڵێک دەبوو، بەڵام ئافرەتێکی پتەو و بەهێز بوو لە ڕووی جەستەییەوە کە هاتە پێش سڵاوی کردوو وتی ئەگەر پیاویش لەماڵ نەبن خۆماڵ ئاوەدانە. عەیب ناکەن لێرە وەستاون فەرموون با بچینە ماڵ ئێستاش پیاوەکان دێنەوە. لە قسەکردنیش ئەم ئافرەتە زۆر پیاوانە هەڵکەوتبوو وەک پیاوێک قسەی دەکرد. ئێمەی ناچار کردین لەگەڵیدا بڕۆینە لای ڕەشماڵەکە. بەدەم ڕێوە هەر دەیگوت ڕەبی بە قوربانی پێشمەرگە بم. پێشمەرگە نەمێنێ ئێمەش نرخمان نابێت. دیاربوو ئافرەتێکی چاوتێر بوو کە گەیشتینە لای ڕەشماڵەکە دوو مەنجەڵی گەورە لە سەر ئاگردانێک بوون دەکوڵان من نەمزانی چییە؟

بۆنێکی جیاوازی هەبوو لەگەڵ خواردنەکانیتر، لە ژێر ڕەشماڵەکە دانیشتین چایەکی بەتام و بۆیان بۆ هێنایین هێشتا چایەکەمان تەواو نەکردبوو، دوو پیاو بەدەرکەوتن و هاتن بۆ لای ئێمە. دیار بوو خاوەنی ئەو ماڵەن، یەکێکیان (٥٥ – ٦٠) ساڵ دەبوو ئەوەی تریش لە دەوری ٤٠ ساڵێک دەبوو. ئەمانە برای یەکتر

بوون ڕەشماڵەکەش ماڵی ئەوان بوو، بەخێرهاتنێکی گەرمیان کردین. ئەوەندە بە گەرمی بەخێرهاتنیان کردین شەرممان لە خۆمان دەکردەوە لە دڵی خۆم دەمگۆت ژنی ئاوا مەرد بێ دەبێ پیاوێکی مەردی هەبێت. هەرواش بوو. کاتی نانخواردنی نیوەڕۆ هات خواردنیان لەسەر سنیان هێنایە ژێر ڕەشماڵەکە  هەمووی لە قاپی قووڵ کرابوون. شتێک بوو کە لە شۆربا و نیسک و شلە ساوار دەچوو سەری پڕکرابوو لە ڕۆن و گیایەکی سەوز من نەمدەزانی چیە بۆنێکی خۆشی لێ دەهات، بەڵام هەرچی سەیرم دەکرد هەر لە ئاو و ڕۆن دەچوو. تەشتێک نانی وشکیان بۆمان هێنا خاوەنی ماڵەکە وتی فەرموون، نەمدەزانی ئەم خواردنە چۆن دەخورێت؟ بە محەمەد عەلی ئۆمەرم وت:

ئەوە چیە؟

سندان، قوڕاوە، بخۆ؟

محەمەد عەلی ئۆمەر لە قسەکردن سوحبەت و جیدی دیار نییە ئێستاشی لەگەڵدا بێت هەروایە! نەمدەزانی چۆن دەخورێت هەر سەیرم دەکرد بزانم ئەوان چۆنی دەخۆن تاکو منیش وەک ئەوان بخۆم. پاشان واشم زانی محەمەد لێم تووڕە بووە و قوڕاو جوێنە پێمی دەدات. ئاخر قوڕاو بە ئاوو گلی پیس دەگوترێت. ئەو شوێنەی ئاوی لێ کۆ دەبێتەوە دەبێت بە قوڕاو. من هەر وام دەزانی دەڵێت ئەگەر قوڕاویش بێت هەر بیخۆ. بۆیە بێ دەنگ بووم. نەمزانی ئەوە ناوی خواردنێکی تایبەتی کوێستانەکانە. بە گۆشتی  بەرخ دروست دەکرێت و ماستی مەڕ و جۆرە گیایەکی تایبەتی کوێستان کە شێوەی لە (قوڕادە)ی شاخی دەچوو. پاشان محەمەد بە کەوچکەکەی خۆی لە بنی قاپەکەی پێش منی هەڵێنا و پارچە گۆشت و ئێسکی حەیوانی لێ دەرهێنا و وتی دەرێی قەتت نەخواردییە؟

ناوەڵلا ئەوە یەکەمجارمە.

هەتیم دەبخۆ ئەوە خواردنی مەلیکانە.

تێکوشە بکەم؟

کەیفی خۆتە هەتیم کوی سندان دەکەی بکە لێگەڕێ نانەکەی بخۆم!

ئەمنیش هەر وەکی وانم کرد و نانەکەم تێ دەکرد و بە کەوچک دەمخـوارد و گۆشتەکانیشم لەگەڵی دەخوارد. بە ڕاستی لە ژیانمدا قەت خواردنی ئەوها بە تامم نەخواردبوو. ئێستاش ئەگەر ناوە ناوە دێتەوە یادم تـاموبۆی ئەو خـواردنە دێـتەوە سەر زمـانم ئەگەر چـی دوای ئەوە گەلـێ جـاریتر خـواردنی قـوڕاوم خـوارد، بەڵام هەرگیز تام و چێژی ئەوەی قەندیل نادەنەوە و وەک ئەو نابن!

نانەکەمان خوارد و پاشان هەستاین سەردانێکی ئەو چەند ڕەشماڵەی ئەوێـمان کردن و هەندێ قسە و باسمان لەگەڵ کردن پێموایە ئەوان عەشیرەتی (بۆڵی یـان بابۆڵی) بوون ئەگەر هەڵەم نەکردبـێ ئەو قەدپـاڵەی ئەوان لـێ نیشـتەجێ ببـوون دیمەنەکەی سحراوی دەکرد، دیمەنەکان سیحراویتر خۆیان نیشـان دەدا. بەڕاسـتی وڵاتێکـی جیاوازمـان هەیە لەگەڵ وڵاتـانیتر ئەوەی بە کوێسـتانەکانی کوردسـتاندا نەگەڕێت نازانێت ئێمە خاوەنی چ بە هەشتێکین، لە دڵی خۆم دەمگوت خـودایە، دەبێت رۆژێک بێت ئێمە ببین بە خاوەنی وڵاتـی خۆمـان. ئـێ خـۆ ئێسـتا نەهـی عەرەبە نەهی تورکە نەهی فارسە!؟ باشە کەوایە خێرە نایەڵن ئێمە خاوەنی بین!

ئەو رۆژە دەمە و عەسر خواحـافیزیمان کـردوو و گەڕایـنەوە بارەگـای لـق ئێوارانێکی درەنگ گەیشتینەوە بارەگا و کیسەیەکیش پـڕ پەنیرمـان لەگەڵ خۆمـان هێنابۆوە کە لە ڕەشماڵەکان بۆمانیان دانـابوو. دەچیـنەوە سـەر باسـەکەی خۆمـان ئەو رۆژە کاک خورشید لە کۆبوونەوەکە گەڕابۆوە. بە دورودرێـژی باسـی هۆکـاری پاشە کشـەکەی بـۆ نەکـردین، بەڵام دواتـر بۆمـان ڕوون بـۆوە کە برایـانی (حزبـی سۆسیالیستی کوردستان و حزبی شیوعی عێراقی) لەم نێوانە لە هاتووچۆدا بوون و قەناعەتیان بە کاک مەسعود و کاک ئیدریس هێنابوو کە ئەوان دەستپێشـخەریەک بکەن و کۆتایی بە شەڕی براکـوژی بێـت. ئەوانـیش ئەم داواکـارییەی ئەوانیـان بە هەند وەرگرتبوو. بۆیە بڕیارییان دابوو هەموو ئەو شوێنانە چۆڵ بکرێن کە بە هێز

لە ژێر دەستی (ینک) دەرهێنرابوون. کەچی لە جوابی چاکەی ئەو حزبانە (ینک) لەساڵی ١٩٨٢ ئەوەی بەسەر هێنان کە چاوەڕوانییان لێی نەدەکرد لە (قرناقە و پشت ئاشان)!

بڕیاردرا نیوەڕۆ جولە بکەین بەرەو قەندیل کۆتایی مانگی ١٩٨٠/١٠ بوو، لە بیرم نەماوە لە چ رۆژێک و چ بەروارێک بوو، بەڵام لە ١٩٨٠/١٠/١٥ تاکوو ١٩٨٠/١٠/٢٥ لەم نێوانەدا بوو. حەرەکەمان کرد و وتیان شەو لە بناری قەندیل دەمێنین و بەیانی لەگەڵ رۆژهەڵاتن لە قەندیل سەردەکەوین. ئەمن بە کارتۆن دەرزی (سپاسلەر)م پێ بوو کە ژان شکێن بوو بۆ ئیشی گورچیلە هەر دانەی پێنج سی سی تێدابوو کارتۆنەکەش سەد دەرزی تێدابوو. ئەم دەرزیانە لە کاتی بەکارهێنان جگە لە کەمکردنەوەی ئازاری گورچیلە، جەستەی مرۆڤ گەرم دەکات و عارەقەی پێ دەکات. رۆژئاوا ببوو گەیشتنە بناری قەندیل تەختاییەک بوو کە کۆنە هەواری ڕەشماڵ نشینان بوو وتیان لێرە پشوو دەدەین تاکوو خۆر هەڵدێت. ئەو شوێنە هیچ داروباری لێ نەبوو تەنیا جۆرە ڕووەکێکی لێبوو کە لە کوێستانەکان زۆرن پێیان دەگوت (گوێنی) ئەم ڕووەکە دەسوتا، بەڵام گڕی نەدەگرت تەنیا دووکەڵێکی ڕەشی لێ دەردەچوو و گەرماییەکی کەمیشی دەبەخشی. کەش و هەوا ئەوەندە سارد بوو کە ئەم ڕووەکە نەیدەتوانی گەرمت بکاتەوە. پێش پاشەکشێکە ئێمە زیاتر لە یەک حەفتە لەبەر باران بووین سەرمایەکی زۆرمان تەحەمول کردبوو و هەندێک لە پێشمەرگەکانیش تووشی سەرمابوون و سکچوون ببوون. شەو کە ڕاکشا تەزووی سەرماکە زیادی کرد. جەستەی هەموومان دەستی کرد بە لەرزین. هەرچەندی دەهاتین و دەچووین هیچ سوودێکی نەبو و کەسمان بەرگەی ئەو سەرمایەمان نەدەگرت. نەشدەکرا حەرەکە بکەین قەندیل ببڕین بەو شەوە، چونکە بەفری تازە کەوتبوو. بەفرە کۆنەکە و ئەو شاخە وەکو هەسان لووس ببوو. کڕێوە و زریانیش بەردەوام بوو. ناچار بووین چاوەڕوان بین و بەرگەی ئەو سەرمایەی بگرین بە هەر نرخێک بێ،

من بە خەیاڵم داهات کە ئەو دەرزییە (سپاسلەرانە) بەکار بهێنم بیرم کـردەوە کە جەستە گەرم دەکات، بەڵام بەشـی هەمووومـانی نەدەکـرد ئـێمە نـزیکەی هەشـت سەد پێشمەرگە بووین. نەدەکرا بۆ هەندێ بەکاری بهێنم و بۆ هەندێکیش نەبێت، بۆیە بیرم لەوە کردەوە کە هەر دەرزییەک بـۆ دوو کەس بەکـار بێـنم واتە نیـوەی بدەم لە پێشمەرگەیەک و نیوەکەی تریش لە یەکێکیتر، بەم شێوە وتـم ئەوەی پـێ ڕاگەیشت لێ دەدەم، بەڵام بڕیارمدا لە بەرپرسەکان نەدەم. دەستم کـرد بە دەرزی لێـدانیان تـا حەدێـک ئـارامی گەڕایەوە نـاو هێـزەکە، بەڵام ئەمە تـا کـاژێر سـێی بەرەبەیـان بـوو. لەرزیـن و  دەنـگە دەنـگ دەسـتی پێکـردەوە و برادەرانـی لـق بڕیاریاندا حەرەکە بکەین باشترە لەوەی دابنیشـین. دەوری کـاژێر چـواری بەیـانی فەرمـانی جولەکردنـدرا هەمـووی بەڕێـز ملـی ڕێگەمـان گـرت. بە برسـێتی و لەو سەرمایە بە قەندیلدا سـەرکەوتن پیـاوی خـۆی دەوێـت! دوو هێسـترمان پێبـوو کە دوو تـۆپی ٦٠ ملـم و ٨١ ملـم و ٥٧ ملمێکـی لـێ بـار کـرا بـوون وردە وردە سەرکەوتین. ئەگەری مردنمان زۆر زیاتر بوو لە ژیان. کەسمان باوەڕمان بەوە نەبوو کە دەتـوانین لە قەنـدیل بپەڕیـنەوە، بەڵام (ئومێـد) بـۆ ژیـان ورەی هێشـتا نەڕووخاندبووین! لە قەد پاڵی قەندیل تووشی زریان و کڕێوەیەکی بەهێز بـووین. وتیان بگەینە لوتکە ئەم زریانە نامێنێت، نەمزانی بۆ ورە بەرزکردنەوەبوو یان هەر وابوو لە لوتکە زریانەکە نەدەما! هێشتا هەر لە ناو کڕێوە و زریانەکە بـووین ئەو هێسترەی تۆپە (٥٧) پەنجا و حەوتەکەی لە سەر پشـتی بـوو لە شـاخ هەڵـدێرا بە تەقڵە بەرەو خـوارەوە چـوو. هەمووومـان وەسـتاین ، مـام غەریـب وتـی پیـاوێکم دەوێـت بچێـت ئەو تـۆپە بهێنێـتەوە. ئەگەر هێسـترەکەش تـۆپی بـوو ئەوە هـیچ ئەگەر دەست و قاچی شکابوو و مـابوو گـوڵەیەکی لـێ بـدات و بیکـوژێ! (قـادرە فیل) هەبوو کە لەم دواییەدا شەهید کـرا. ئەو ڕەشاشـێکی (بـی کەی سـی) پێبـوو پێشمەرگەی (ل.ن. باڵەک) بوو وتی ئەگەر کەسێک ئەم ڕەشاشەم لـێ وەربگرێـت من دەچم، ئەوە بـوو ڕەشاشـەکەیان لێـی وەرگـرت. دەمـانچەیەکی چواردەخـۆری پێبوو لەگەڵ خۆی بردی ئێمە حەرەکەمان کرد و گەیشـتینە لـوتکەی قەنـدیل و لە

زریان و کڕێوەکە نەجاتمان بـوو. هەرواش دەرچـوو لە لـوتکە کڕێـوە نەمـا. وتیـان پشـوییێک بـدەن، بەڵام بە بـێ وتنـیش هەر نەمانـدەتوانی ڕێـبکەین دوو ڕۆژ بـوو هیچمان نەخواردبوو، سەرەڕای ئەوەش ئەو هەموو سـەرمابوونە و مانـدوو بـوونە هیچ تاقەت و هێزێکی بۆمـان نەهێشـتبۆوە، نـا ئومێـدییەکم لە دەموچـاوی تـاک تاکی پێشمەرگەکان دەدەیت. نەمدەزانی ئاخۆ هۆکار برسـێتییە یـان مـادووبوونە. مقۆمقۆیەک کەوتبووە. ناویان (مەلا عەزیز لەسەر پشت درێژ ببـوو قاچەکـانی بە بەردێک هەڵپەساردبوو. وتم ئەوە بۆ وات کـردووە مامۆسـتا؟ وتـی خـوێن لە ژێـر پێیەکانم نەگەڕاوەتەوە دەمەوێ بگەڕێـتەوە مێشـکم ئـیش ناکـات نـازانم چـیمان بەسەر هاتووە؟

وتم بۆ چی بووە؟ ئەو وتی:

پێشمەرگەکان وەدەزانن دیسان شۆڕش نەکسەی بە سـەردا هـاتووە ئەوان لەو ئینسحابە بە پەلەیە کەوتوونەتە گومـان، مـن و بـرادەرانیش هـیچ وەڵامـمان نیـیە بۆیان، وەزعەکە باش نابینم! لەو قسانە دابووین قـادرە فیـل گەیشـتە لای ئـێمە و تـۆپە پەنجـا و حەوتەکەی لەسـەر شـانی بـوو و هێنـایەوە و وتـی هێسـترەکەش سکەت ببوو، ئێ راستە دەبوایە سـکەت بووبێـت ئەو لە نـاو قەدی قەنـدیلەوە بە تەقڵەلێدان ڕۆیی تـا ئەو شـوێنەی لێـی گیـر ببـوو. هەر دەبـوایە بمرێـت! سـەیری خوارەوەم کرد هەر دەتگۆت هێلکەیە، یان فەرشێکی سپیە و داخراوە تاکوو چـاو حـوکم دەکـات. هـیچ ڕەشـاتیەک دیـار نەبـوو. ئەمنـیش قاچەکـانم لە مێشـکم فەرمانیـان نەدەبـرد. لاونیـو هەنگـاوم دەنـا بە هـزرم داهـات بە خشـۆکە بچـمە خوارەوە. وام دەزانی هەمووی ئەو سـپیاتیە لەیەک ئاسـت دایە و بەرزی و نزمـی نییە. وتم دەخلیسکێم تـا دەگەمە سـەر ڕووبـارەکە. ڕووی دیـوی ئێرانـی قەنـدیل شارەزا بووم چەندجار لەودیوڕا بۆی هاتبووم بە تایبەتی لە (شـێخ ئـایش)وە بـۆیە تفەنـگە ژێ سـێکەم خسـتە سـەر عەقیـبەکەم و قایشـەکەیم لە ملـم کـرد.

قەمسەلەیەکم هەبوو لە ژێر خۆم ڕامخست و کڵاوی قەمسەڵەکەم بە دەستەکانم توند گرت وەکو سووکانی ماتۆر سیکل!

وتیان چی دەکەیت؟ وتم بە خلیسکانێ دەچمە خوارێ. نا نەکەی کوڕە زۆر مەترسیدارە ئەوە نەکەی! بەڵام من هەر گوێم پێ نەدان. هەر ئەوەندەم خۆش بوو خۆم شل کردوو لەسەر بەفرەکە خۆم خلیسکاند. کاکە چاوتان ڕۆژی ڕەش نەبینێت. بووم بە تەیارە گوێم لێبوو مام غەریب هاواری دەکرد دەیگۆت بۆ لێی گەڕان وا بکات، بەڵام من بەخێرایی تەیارە بەرەو خوار دەچووم خۆشم هەر لە ترسان هاوارم دەکرد. لە شوێن هەبوو کە هەڵدێڕ بوو، بەڵام لەبەر بەفری زۆر دیار نەبوو، من نزیکەی دە مەتر زیاتر لە ئاسمان دەفڕیم و بەسەر بەفرەکە بەردەبوومەوە. شانسم هەبوو بەرد و شاخ نەدەهاتنە سەر ڕێگام ئەگەر نا بە دڵنیایی من لە ناو دەچووم. بە نیو کاژێر گەیشتمە سەر ڕووبارەکە ئیتر دەشتایی بوو. کە هەڵسامەوە سەیرێکی قەندیلم کرد، باوەڕم نەدەهات من لەو شوێنەوە هاتووم نەشمدەزانی جەماعەت چیان لێ بەسەر هاتووە. پێڵاو و پشتێن و گۆرەوی و تاخم تفەنگەکەم لە خۆم کردەوە و هەندێ ئاوم بە دەم و چاوم داکرد و لە کەنار ڕووبارەکە ڕووەو قەندیل لەسەر بەردێک دانیشتم بەو هیوایەی ئەگەر لە دوورەوە جەماعەت ببینم، بەڵام هەر کەسم نەدەدیت. دوای سێ کاژێر گوێم لە دەنگی (ئەحمەد باشووری) بوو کە نازدارە حەیرانی دەگۆت!

لەوان وابێت من مردووم، من خۆمم نەدەدیت لە کاتی هاتنە خوارەوە، بەڵام ئەوان ئەمنیان دیتبوو، هەموویان هاوڕابوون کە من لە ژیاندا نەماوم و مردووم. ئەوان دیتبوویان کە من چۆن بەو شاخانەدا دەفڕم و دەکەومە سەر ئەرزی بۆیە قەناعەتیان بە نەمانی من هاتبوو. من لەسەر بەردەکە هەڵسامە سەرپێ، ویستم ئەحمەد ببینم. کاتێ لێم بەدەرکەوت کە تەنەکە ڕۆنێکی پێنج کیلۆیی لە دەست بوو. ئەو لە قەڵاتۆکانەوە ئەو ڕۆنەی هەر لە دەستبوو، دەیگۆت لە ڕێگا بە کەڵکمان دێت کە چاوم پێکەوت پڕ بە دەنگ بانگم کرد: (باشووری) لە جێگای

خۆی وەستا لە تاوان نەیزانی چی بڵێت وتی (وراغ) ئەمەت هەموو پساندن، ئەوە لۆ ئەوهات کرد؟ وەڵاهی مامت هەر دەیگۆت چ بە کاکۆی بڵێم؟ ئەوە ئەتوو نەترسای بمری لۆ ئەوهات کرد هەی وراغ؟ پاشان ورده ورده جەماعەت وەدەرکەوتن ئەوان سێ کاژێر دوای من گەیشتنە ئەو شوێنە. مام غەریب کە ئەمنی دیت لە سەرەتا لە تاوان ویستی لێم تووڕە بێت و لێم بدات، بەڵام کە دیتی سەلامەتم و جەماعەتیش قەبوڵیان نەکرد خۆی لێم تووڕە بکات، ئیتر تۆزێک سارد بۆوە و بە هێمنی وتی وەڵاهی پێم سەیرە سەلامەتیت!؟

لەوێ چایەکیان بۆمان لێنا بە سکی برسی چایەکمان خواردەوە هەر یەکە کەربە قەندی بچووکیان پێداین بۆ ئەوەی بەشی هەمووان بکات. هەندێ دانیشتن و ئیسراحەتێکیان کرد. پاشان وتیان دەبێت لە ڕووبارەکە بپەڕینەوە ئەوبەر ئەوجا ورده ورده بڕۆین. من شارەزاییەکم هەبوو، وتم ئەوها بڕۆین هەڵەیە کە چووینە ئەوبەر دەبێت سەرکەوینە سەر ئەو ملە بەرزەی بەرانبەرمان پاشان بەسەر ملەکەوە ورده ورده دەڕۆین تا دەگەینە سەر گوندی بادیناوە. ئەوان زۆر هیلاک بوون و وتیان تاقەتی ئەو بەرزییەمان نەماوە دەم ڕووبار و دەم ڕووبار دەڕۆین تا دەگەینە بادیناوە. ئەم ڕووبارە ڕاستە دەچووە بادیناوە، بەڵام زۆر ڕێڕەوی خۆی دەگۆڕی تا دەگەیشتە ئەوێ، ئەوان بە قسەی منیان نەکرد بۆیە پەڕینەوە ئەوبەر و بە دەم ڕووبارکە درێژەمان بە ڕۆیشتندا. ماوەیەک رۆیشتین گەیشتینە شوێنێک کە هەمووی داری گێوژ بوو. جەماعەت ئەوەندە برسی بوون هەمووی ڕایکرد بۆ گوێژ خواردن. هەر چەندی وتیان کوڕە بە برسێتی خراپە ئەمە بخۆین، بەڵام زیاتر لە دوو رۆژ بوو هیچ نەچووبووە ناو گەدەمان بۆیە هەمووی بە مست گێوژی لە دەمی دەکرد. دوای تەنیا یەک کاژێر هەمووی تووشی سکچوون بوون کەس بەپەنا بەردان ڕانەدەگەیشت هەر بە ڕێوە دەیانتەقاند و دادەنیشتن. بارێکی نەخوازراو تووشمان ببوو. هیچ چارەیەکمان نەبوو. ئەمنیش خواردبووم، بەڵام کەمتر لەوانیتر. بۆیە تووشی سکچوون نەبووم، بەڵام زۆر بێ هێز ببووم. دەبوایە هەموومان ئەو

ڕێگایە ببڕین تاکوو زیندوو بمێنینییەوە! بۆیە بە هەر شێوەیەک بـوو درێژەمـان بە ڕێگاکەدا و تـاکوو گەیشـتینە شـوێنێک کە ئیـتر ڕێگـا نەمـا، بـوو بە دوو دیـوار و ڕووبارەکە بە ناوی دا تێدەپەڕی. دەبوایە یان بەو شوێنەدا بچین بە ناو ڕووبـارەکە یان سـێ کـاژێر ڕێگـا بگەڕابـاینەوە دواوە و لە مـلەکە سـەرکەوتباین کە ئەمەیـان هەرگیز نەدەکرا، چونکە هیچمان ئەو تواناییەمان نەمابوو. بۆیە شـەڵوارەکانمان لە پـێمان داکەنـد و ملـمان نـا لە نـاو ڕووبـارەکە! پێـنج کـاژێر بە نـاو ئەو ڕووبـارەدا ڕۆیشتین هەر نەچووینە سەر ڕێگای وشکایی هەمـووی دیـواری بەرز و شـاخاوی بوو وەکو گەلی عەلی بەگ وابوو، ئەڵبەتە بەرتەسـکتر! لە نـاو جەمـاعەت بـوو بە هەراو هۆریا، هەنـدێک تفەنگیـان فـڕێ دەدا، هەنـدێ بە سـلیە تەقەیـان دەکـرد هەموو دەیـانگۆت دیسـان نسـکۆی شۆڕشـە دەبـێ ئەو چەکـانە بـدەین بە ئێـران باشتر وایە فڕێیان بدەین نەک بیاندەین بەوان. هەرچی برادەرانی بەرپـرس لە لـق هاواریبان دەکـرد تەقە مەکەن چەکەکانتـان بپـارێزن، بەڵام سـوودی نەبـوو. دوای پێنج کاژێر لەو شوێنە ترسناکە رزگارمان بوو کە دەرچووین لەوێ مـن وتـم دەبـێ سـەرکەوین ئەگینـا دیسـان بە هەڵە دەڕۆیـن و کێشـەمان بـۆ دروسـت دەبێـت. ئەمجارەیان بە قسەی منیان کرد. سەرکەوتینە سەر شاخەکە، رێگـاکەم لـێ بەدیـار کەوت وتم دەبێ لەوێوە بڕۆین. پیادەرێیەک بوو کە من پێشتر پێیدا رۆیشتبووم بۆ قەندیل. ئێمە گەیشتینە سەر ڕێگـاکە دوو قاچـاخچی ئێـرانیمان دیـتن بە وڵاخەوە، پرسیان بادیناوە زۆری ماوە، وتیان نا لەو ملە سـەرکەوون لێتـان وەدەر دەکەوێـت! ئێمە لە چوار ملـیش سـەرکەوتین ئەوجـا گەیشـتینە سـەر بەرزاییەکـانی بادینـاوە. لەوێڕا دەشتی لاجان و خانە و گوندەکانمان لێ بەدەرکەوتن. هەمووی بـووژایەوە، بەڵام ئیتر من ئەژنۆکانم فەرمانیان لێ وەرنەدەگرتم و لابەلا دەڕۆیشـتم بـۆیە هەر لەسەر شاخەکە بە خشکەخشکە و بە دانیشتنەوە تا ناو گوندەکە چـووم، ئەڵـبەتە جانتاکەم و تفەنگەکەم و تاخمەکەشم کـامەرانی ئـامۆزام لێـی وەرگرتبـووم و ئەو بـۆمی هەڵـدەگرت. بەم شـێوەیە لە عەسرێکـی درەنـگ گەیشـتینە بادینـاوە. مـام غەریب ئەحمەد باشووری لە پێشدا ڕەوانەی لای ماڵێکی ناسیاوی خۆمـان کردبـوو

کە خانەخێمان بوون بۆ ئەوەی خواردنمان بـۆ ئامـادە بـکەن. ئەویـش چووبـوو بـۆ ئەوێ و شتەکانی پێیان ئامادە کردبوو کە گەیشـتین، سـفرەیەکی گەورە داخرابـوو. پڕی سەری هێلکە و پەنیـر و ماسـت و قەیـماخ و ژاژی بـوو. دوو تەشـتە نـانیش یەک لەو سەر ئەویتر لەم سەر دانرابوون. سەماوەرێکی گەورە پێکرابوو، قۆرییەکی چـای لەسـەربوو. یەکسـەر هەمووـمـان وەکـو شـێت پەلامـاری خواردنەکەمانـدا. ئەوەندە برسیمان بوو هیچ شتێکمان ڕەچـاو نەکـرد، تـا ئاوڕمـان داوە نـانەکە تەوا ببوو کابرای خاوەن ماڵ بانگی کرد تەشتێ نانی تریان بۆ هێناین ئەویشـمان تەواو کرد! وابزانم ئیتر بۆ خواردنی خۆیان نانیان لە ماڵدا نەما! نان و چایەکەمان خـوارد و هەندێ هاتینەوە سـەرەخۆ. مـن چـوومە دەرەوە کە بە دزی مـامم جـگەرەیەک بکێشم. گوێم لێ بوو لە ناو گوندەکە یەکێک هاواری دەکرد، دەیگۆت جەمـاعەتی مامۆستا مەلاغەریب لە کوێن؟ منیش بانگم کرد وتم لێرەین. وتـی مـن هـاتووم بە دوای ئێوەدا، پیکابم هێناوە. پیکابی بارەگای مەکتەبی سیاسی بوو. منیش بە مامم وت کە بە دواماندا هاتوون هەڵسـاین و خواحـافیزی و دەستخۆشـیمان لە مـاڵەکە کردوو و سواری پشتەوەی پیکابەکە بووین و بە ڕێکەوت بۆ گوندی (چیانە) کە بە شێوەیەکی کاتی برادەرانی مەکتەبی سیاسی و کـاک مەسـعود و کـاک ئیـدریس و کاک عەلـی عەبـدوڵلا لەوێ بـوون. سـەیارەکە لە دووری سـی مەترێـک لە دووری ئەوان وەسـتا ئـێمە دابەزیـن لە سـەیارەکە، بەڵام پـێش دابەزیـنمان مـامم کە لە پێشـەوە دانیشـتبوو سـەری دەر هێنـا و وتـی سـالار ئەو گوشـەی مـن بـکەوە و پاکەتەکم بدێ لەگەڵ چەرخەکەم! منـیش پێمـدا و جگەرەیەکـی داگیرسـاند. ئەمە ئەو بەڵێنە بوو کە تا دەگاتە سەر جادە و سواری سەیارە نەبێت جگەرە نەکێشێت. لەوێ جگەرەیەکی داگیرساند!

ئیتر کە دابەزین ئەو بەرەو لای کاک مەسعود و جەماعەت ڕۆیشت و ئێمەش لە دوورەوە ڕاوەستاین و سەیرمان دەکردن. مام غەریـب هەنـدێ نیگەرانبـوو لەو شێوازە پاشەکشەکردنە بە دەنگی بەرز قسەی دەکرد.

کاك مەسعودیش بە هێمنی دەیویست ئارامی بکاتەوە..! مـامم لەوە نـیگەران بـوو کە پێشـمەرگە ورەیـان دابەزیـوو بەوەی کە وایـان دەزانی کارەسـاتێکی هاوشـێوەی سـاڵی ١٩٧٥ڕوویـداوە، هەروەهـا ئەو کـۆمەڵە پێشـمەرگەیە زۆر ماندووکران و خرابونە مەترسییەوە،! پاشـان هەنـدێ قسـەیان کـردوو ئـێمە لێیـان حـاڵی نەبـووین مـامم هـاتە لامـان بە شـەهید کەمـاڵی وت بچـن لە نـاو گونـدی (چیانە) شوێنێك بۆ بارەگا دابین بکەن، هەر لێرە دەمێنینەوە دابەزینـی ئیجـازەش قەدەغەیە، تاکو خۆم پێتان دەڵیم،.

ماوەی سێ ڕۆژ لەوێ مـاینەوە لە هەمـوو بارەگاەکـان پێشـمەرگە مـۆڵەتی پـێ دەدرا کە شەوێك یان دوو شـەو بچـنە ماڵەکانیـان و خۆیـان پـاك بـکەنەوەو جلـو بەرگەکانیان بشۆن، بەڵام مـامم ڕێـگەی نەدا هـیچ کەس بـڕوات ئەو دەیگـوت کە کاك ئیـدریس وتـویەتی بـا پێشـمەرگە بـڵاوەی پـێ نەکرێـت کـارێکی گـرینگمان لە بەردەستە (جەبار میکائیل)کە زاوای مامم غەریـبە خـانزادی کچـی مـاممی لە لایە گەڵابەیەکی (داڤی) هەبوو لە خەتی (خانە- سەردەشت) کاری دەکرد ڕۆژێـك لەسـەر جادەکە تووشی بووم وتی ئەوە بۆ ئێوە نـایێنەوە مـاڵ ئیسراحەت وەرنـاگرن؟ وتـم مامم قبوڵ ناکات وتی دایکت زۆر نیگەرانتە. وەرەوە لەگەڵ مـن بچیـنەوە نەغەدە بەیانی خۆم لەگەڵ خوَم دەتهێنمەوە. وتم ئەدی مامم؟ وتی بڕۆ بە کەماڵ یـان هەر کەسێك بلێ و من لێرە چاوەڕێتم وەرەوە دەڕۆین مام غەریب هیچ ناڵێت، منـیش وام کرد چووم تفەنگەکەم لە لای کەمـاڵ دانـاو وتـم دەچـمەوە بـۆ مـاڵ و بەیـانی دێمەوە. وتی بە مامت وتووە؟ منیش وتم ئا پێم وتوە، بەڵام وا نەبوو پـێم نەوتبـوو هەر دەمویست زوو بڕۆم هەتا مامم نەگەڕاوەتەوە بارەگا، ئەوە بوو لەگەڵ جەبار ڕۆیشتم مامم کە گەڕابۆوە شەو پرسی بووی ئەدی سالار لە کێ یە؟.شەهید کەماڵ پێ وتبوو مەگەر ئەتوو ئیزنت نەدایە کە بچیتەوە مـاڵ؟ نـاوەڵا ئاگـام لێـی نیـیە..! پێیان وتبوو کە لەگەڵ جەبار چویتەوە و بەیـانی دەگەڕێـتەوە ئەویـش بە تـوورەی وتبوی هەر پێی بلێن با نەیەتەوە مادام بە بێ ئیجـازە ڕۆیشـتوە.؟ مـاوەی دە ڕۆژ

کەسی ئیزن نەدا، پاشان بە کۆمەڵ هەموویان بۆ دوو ڕۆژ هاتنەوە ماڵ لەوێ منـی دیت وتی بۆ ڕۆیشتی.؟ منیش پێم وت هەموو خەڵك پێشمەرگەی خۆی ئیزنـدا بـۆ پشوودان.

ئێمەش ماندوو بووین دەبوایە ڕۆژی یەك دوانـێکمان ئیـزن بـدرێین سـەردانی ماڵەوەیان بکەن جل و بەرگیان بشۆن و ئیسراحەتێك بکەن وتی.

ــ ئەرێ ئەتوو لۆ نایێە جێی من..؟

ــ مامە مەسەلە جێی تۆ نییە بەس تۆ زۆر بە توندی گرتوتە.!

ــ من پێشمەرگەم بە هەموان ئەمرکراوە کە پێشـمەرگە ئیـزن نەدەیـن جـارێ، ئەگەر خەڵکێـك ئەمـر جێبەجـێ ناکـات مـن هەقـم نیـیە، بەڵام مـن ئەمـری سەرکردایەتی ناشکێنم. من کادیری حزبم.

ــ مامە ئەگەر تەندروستیت باش نەبێت  ناتوانی کادیرێکی باش و بەجموجـۆڵ بیت.

ــ ئەوە دەتەوێت ئەمن تەسقیف بکەیت.!؟

ــــ نەخێـر مـن ئەو کەسـە نـیم، بەڵام تـۆ غەدر لە خـۆت و لە جەمـاعەتیش دەکەیت ئێمەش مرۆڤین پێویستمان بە ئاسوودەییە.!

ــ دەزانی پارتی یانی چی.؟

ــ بەلێ دەزانم..

ــ نەخێر.نازانی.!

ــ  تۆ منت فێری پارتایەتی کردووە من هەر ئەوەندەش دەزانم.

ــ کوڕم پارتی بوون واتا پارتی بە لەسەر بەردی بە.!

ــ ئەدی ئەگەر لەسەر ئەو بەردە ڕەق بویەوە.!؟

ــ ئەو کاتە ئیتر کەس گلەیت لێ ناکات.!

ــ مامە دەزانم تۆ زۆر پابەندی فەرمانەکانی، بەڵام پێشمەرگە ئاسن نییە پێویستی بە پشوو دانە.

ــ پێشمەرگە ناوی بە خۆیەوەیە. دەبێ لە پێش هەموان بمرێت.!

ــ ئەوە ڕاستە، بەڵام بە مەرجێك مردنێکی بە سوود بێت بۆ نیشتیمانەکەی،

ــ دەزانی ئەتوو زمانت زۆر درێژ بووە.

ــ من داوای لێبوردن دەکەم، بەڵام مامە بەخوای ئەوەی تۆ دەیکەیت هیچ کەس نایکات تۆ لە ئێمەش مەغرورتری خۆشت ئازار دەدەیت و جەماعەتیش پێیان عەیبە قسەی تۆ بشکێنن منیش کە هاتمەوە خەتای جەبار بوو ئەو وتی دایکت زۆر نیگەرانە ئەمشەو وەرەوە بەیانی لەگەڵ خۆم دەتهێنمەوە.

منیش لەگەڵی هاتمەوە کە بەیانییەکەی بگەڕێمەوە بارەگا، بەڵام تۆ ڕاتسپاردبوو کە نەگەڕێمەوە. من داوای لێبوردن دەکەم کە بە بێ پرسی تۆ هاتمەوە، بەڵام هیچ مەبەستێکم نەبووە.! پاشان باوکم هاتە ژورەوە ئەویش هەندێ قسەی لەگەڵ کردوو دواجار مامم وتی.لە ژیانمدا هەرگیز بەبێ ئەمری سەرکردایەتیم هەنگاوم نەناوە تا دوا هەناسەشم ئیلتیزامم دەبێت بە بڕیارەکانی سەرەوەی خۆم، ئێمە خۆمان ئەوەمان هەڵبژاردووە و متمانەش نادۆڕینین.!پاشان وتی ئەمە دواین جارت بێت بە بێ پرس بارەگا بەجێ بێڵیت، تۆ کە برازامی بڕۆیت من چۆن بتوانم بەوانی تر بڵێم نابێت بڕۆن.! لەگەڵ ئەم قسەیەی دابووم بۆیە وتم مامە تۆ ڕاست دەکەیت من هەڵەم کرد بۆیە جارێکی تر داوای لێبوردن دەکەم. ئیتر کێشەکە بە کۆتا هات.

# تەوەری چواردەم

## هێرشی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ حاجی ئۆمەران و دەوروبەری

پاشان مامم وتی بڕیارە هێرش بکەین حاجی ئۆمەران ڕزگار بکەین. هەر ئەو هۆکارەش بوو کە وتی نابێت پێشمەرگە بڵاوەیان پێ بکرێت، بەڵام نەدەکرا پێیان بڵێین کە پلانێکی ئاوا هەییە.

لەبەر پاراستنی ئاسایشی پلانەکە ئیتر ئەوە بوو لە مانگی ١١ی/١٩٨٠ بە چڕوپڕی هێرشی پێشمەرگە لە(تەمەرچیان)دەستی پێکرد بۆ بنکە و بارەگا و ڕەبایەکانی سوپای عێراق لە حاجی ئۆمەران و دەوروبەری، کاك ئیدریس لە (کۆنە لاجان) لە گەلی (حاجی برایم) و (بەردەسێبەر) سەرپەرشتیاری شەڕەکەی دەکرد ئەو ڕۆژەی دەستکرا بە هێرشەکە بارانێك دەستی پێکرد کە هەرگیز شتی وا نەبینراوە هاڕەو تەقینەوەی تۆپ و هاژەی گوڵلە و شریقەی هەورە برووسکە و وشە وشی باران و وژەی با تێکەڵی یەکتری ببون هەرگیز نەتدەتوانی دەنگەکان لە یەکتری جیا بکەیتەوە ئەو ناوە هەمووی ببووە قوڕو لیتە، پێشمەرگە تا گۆزینگی پێیەکانییان دەکەوتە ناو لیتاوو قوڕاو و بارانی بە لێزمە ئەنجامدانی پلانەکەی سەخت کردبوو، بەڵام هێزی پێشمەرگە موکڕبوو لەسەر ئەنجامدانی ئەم چالاکییە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ دووشت:

یەکەم: بەهۆی شەڕی براکوژیەوە ئەستەم بوو بارەگاکانی پارتی لە سنووری پارێزگای سلیمانی و کەرکووک بە ئاشکراو بە دائیمی هەبن.

دووەم: بۆیە ئەو شوێنە هەڵبژێردرا، بەو ئومێدەی پانتاییەك لە خاکی کوردستانی عێراق ئازاد بکرێت و ئەگەر ئەمە سەری گرت ئەوا ئەو پانتاییە بکرێت

بە بارەگاکـانی پـارتی بە مەکـتەب سیاسیشــەوە ئەم نـاوچە جـوگرافیەش شـوێنێکی گونجاو بـوو، چـونکە سـەنتەری لێـك جیـاکردنەوەی هەردوو نـاوچەی (بادینـان و سـۆران )بــوو لە کوردســتانی باشــوور و بە ئاســانی لە هەردوو نــاوچەکە دەکــرا پەیوەندی بە قیادە و هێزەکانەوە هەبوایە، هاوشێوەی شۆڕشی مەزنی ئەیلـوول کە سـەرکردایەتی پـارتی لەو ناوچـانە بـوون، بەڵام بە هـۆی شـەڕی ئێـران و عێـراقەوە ژمارەیەکی زۆری سەربازی عێراقی بڕێکی باشی لە چەك و تەقەمەنی پێشکەوتوو لەم شـــوێنانە جێگیـــر کرابـــوون بەهـــۆی (ســـتراتیژی)ناوچەکە باڵادەســـتبوو تـــا دەیگەیشتە(چۆمان و حەوزی سۆران).!

لە پێش دەسـتپێکردنی شـەڕەکە ئـێمە زیـانێکی کوشـندەمان بەرکەوت بەهـۆی تەقینەوەی مینێك لە ژێر سەیارەیەکی جێـب کە کـۆمەڵێ پێشـمەرگەو فەرمانـدەی تێدا بوو، هەر هەمویان شەهیدکران بە ناهەق، لەوانە شەهیدان(فەیزۆ زێبـاری و عەلی سورچی)بۆیە دەڵێن بە ناهەق، چونکە ئەم مینـە لەلایەن هێزەکـانی پـارتێکی سیاسی کوردستانی ڕۆژهەڵات چێنرابـوو، جـا بە چ مەبەسـتێك بوبێـت گرنـگ نیـیە، بەڵام جێگـای داخ بـوو کە لە ژێـر ئۆتـۆمبێلی ئەو کـۆمەڵە پێشـمەرگەیە تەقـیەوە هەموویان شەهید کـران، ئەم هەواڵە دڵ تەزێـنە زۆر زوو بە نـاو هێزەکانـدا بـڵاو بــوۆوە، بەڵام نەبــووە هۆکــاری تــرس و دڵەڕاوکــێ، بــۆیە پێشــمەرگە بڕیــاری دا کاردانەوە و وەڵامی خێرای هەبێت لە تۆڵەی ئەم پۆڵە شەهیدە، ئەگەر هەڵە نەبم لە ١٩٨٠/١١/١٦ فەرمــانی هێــرشی پێشــمەرگە دەرچــوو، دوای شــەڕێکی کــورت پێشمەرگە گەیشتە نـاو ئەو (خەنـدەقەی)تەمەرچیان کە لە نێـوان ئێـران و عێـراق لێدرابوو، ئەم خەندەقە لە باکوری ڕۆژئاوای حاجی ئۆمەران لێدرابوو درێژ دەبۆوە تـاکو بـاکوری ڕۆژ هەڵاتی شـارۆچکەکە و تـا ژێـر بەرزاییەکـانی (کـۆدۆ) ئەو بەری خەندەقەکە هێزەکانی عێراقی لێ بوو، خاڵی ئێستای دەرباز بوون لە سـنوور بەلای بەرزایی (کانی خوا) بارگایەکی سریەی سەربازی لێ بـوو.کـانی خـوا ئەو بەرزایـیە کە دەکەوێتە بەرانبەر هەڵگورد لە لوتکەی ئەم بەرزایـیە کانیـاوێکی سـازگاری لێـیە بە

ناوی (کانی خـوا) هۆکـاری ئەو نـاوەش بـۆ ئەوە دەگەڕێـتەوە  کە ئەو شـوێنە زۆر بەرزە و تەنیا لـوتکەی هەڵگـورد لەگەڵـی بەرابەی دەکـات، ئەو شـوێنە لە چـلەی هاوینیش بۆی بچیت سەرمات دەبێت، چونکە ئەوەندە سارده مـانەوە لەو شـوێنە ئەستەم دەبێت و دەبێت پێویستیەکانی مانەوەت لەلا هەبێت ئەگینا بگەیتە شـەو لە سەرمادا ڕەق هەڵدێت هێزەکانیش ڕەتل ڕەتل دابەشکرابوون.

ڕەتلی لقی چوار.

ڕەتلی کەرکووک لقی سێ.

ڕەتلی هەولێر لقی دوو دابەش کرابووە سەر دوو رەتل لە بەرەکانی شەڕ و شان بە شانی ڕەتلەکانی کەرکووک و سلێمانی مـامم و کـاك ڕەسـوڵ فقـێ سەرپەرشـتیان دەکرد.

ڕەتلـێکی تـری هەولێـر کە شـان بە شـانی هێـزێکی تـری بارەگـای سـەرکردایەتی سوڕابونەوە پشت هێزەکانی سوپای عێـراق بە تەئکیـدی بـۆ (لۆفەکـانی ئـازادی) بە مەبەستی ڕێگەگرتنرتن لەو هێزانەی کە لە کاتی بەردەوامی شەڕ دەچـنە یـارمەتی و هاواری هێزە جێگیرەکەی سوپای عێراق.

ئەم ڕەتـلەش کـاك (مـلازم عەلی)سەرپەرشـتی دەکـردن ڕەتلەکـانی بادینـان و بارزانیش بە حاڵەتی ئامادە وەك هێزی یەدەك ئامادە کرابوون بـۆ جێگـرەوەی ئەو هێزانەی کە لە دەستپێکی شەڕەکەدا بەشدار دەبن، شەڕێکی سەخت دەستی پێکرد پێشمەرگە لە سەرکەوتن دابوو، بەڵام هەر وەکو ئاماژەم پێکرد ئەو بـاران بـارینەی بەلێـزمە ئەرکەکەی قـوڕس کردبـوو، چوونەپێشـەکان هەنگـاو هەنگـاو بـوون نە هیچیان لێ دیار بوو نە ئامانجەکان دە بینران تەنیا ئاڕاستەی هێزەکـانی دوژمـنمان دەزانی هەورە برووسکە و گڕی ئاگری تۆپ و ڕاجیمەی دوژمن هەراسانی کردبـوین نەمان دەزانی ئەو گڕانەی دەوروبەرمان لە هەورە برووسکەیە یان تەقینەوەی تۆپ و ڕاجیمەیە. سوپای ئێرانیش لەو ناوچەیە هەبوون، بەڵام ئەوان هیچ بەشدارییەکی

(پراکتیکی) ئەوتۆیان نەبوو، هەماهەنگیەك هەبـوو کە ئەوان بە تـۆپی دوورهـاوێژ پشتیوانیمان بکەن، بەڵام ئەمەش نەکرا، ئێمە لە ناو خەندەق بـووین نەمانـدەتوانی سەرمان هەڵێنـین لەبەر ڕێـژنەی گـوللەی دۆشـکە و بی کەیسیـ کـاك فەتـاح ئاغـا لەسەر لێواری خەندەقەکە لەسەر پێ وەستابوو، مامم وتی کاك فەتـاح ئاغـا دابەزە خـوارەوە خـۆ تـۆ نـاتوانی ببینـی بەم شـەوە تـاریکەوە بەم بـارانە بـا شـتێکت بەر نەکەوێت و خوای نەکـردە شـتێکت لـێ بێـت، بەڵام ئەو هەر دانەبەزیە خـوارەوە جارێکی تـر مـامم داوای لـێ کـردەوە، ئەو وتی ئەگەر بڕیـارە شـتێك ڕوبـدات هەر ڕودەدات چ لێرە چ لەناو خەندەقەکە، مامم وتی ئەمە ڕاسـتە، بەڵام خۆپاراسـتنیش زەرورە  لەم قسانە دابوون فەتاح ئاغا دەنگێکی لێوە هاتوو بەسـەر بەربـوۆوە نـاو خەندەقەکە، بە باوەش گرتمانەوە لای ڕاستی شانی کونێکی گەورەی لێ ببوو خوێنی لـێ دەهـات بە گـوڕ، بەڵام زینـدووبوو و قسـەی دەکـرد، مـامم بە لایـت سـەیری برینەکەی کردو وتی گوللەی دۆشـکەیە، کـاك فەتـاح ئاغـا وتی تەواو مـن دەمـرم و شەهید دەبم.! کاك مەلا غەریب ئەو پیاوەتیەم لەگەڵ بکە تەرمەکەم دەرباز بکەو نەکەومە دەستی دوژمن.! ئەوە چ قسەیەکە کاك فەتاح.!؟ تۆ نامری تەنیـا برینـدار بویتە، شوێنی برینەکە ئەوەندە شـوێنێکی خـراپ بـوو هەڵبەسـتان و بەسـتانەوەی زۆر بە زەحمەت بوو، دەبوایە بە پەلە بگەیەندرابایە پشتەوەی بەرەی شەڕ لە وێ تیمی پزیشکی هەبوون، بەڵام بە سـیمای کـاك فەتـاح ئاغـا دیـاربوو کە وردە وردە ڕەنگی دەگۆڕا بێ هێزتر دەبوو. هۆکارەکەشی خوێن بەربوونی زۆر بـوو لە شـوێنی برینەکەی مامم وتی دوو بڕنۆم بۆ بینن، پێشمەرگەکان دوو بڕنۆیان هێنان، مامیشم بە (پشتیێن یان پژدێن) نەقـالەیەکی لەو دوو بـڕنەوە دروسـت کـرد و کـاك فەتـاح ئاغایـان خستەسـەری، بەڵام ئـێمە پێشـتر بە دوو جەمەدانی هەر دوو دیـوی شـانی ڕاستیمان هەڵپێچا بـوو، بـۆ ڕێـگە گـرتن لە خـوێن بەربـوونەکەی، بەڵام دیـار بـوو ئەوەش سودێکی ئەوتۆی نەبوو، چونکە خوێنەکەی هەر لێ دەهـات.! بە دارەبـازە دروست کراوەکە بە دوو پێشمەرگە فەتاح ئاغایان برد بۆ ڕەتلەکەی پشت ئێمە کە کاك ڕەسـول فەقـێ سـەر پەرشـتی دەکـرد لەوێ  تەسـمیلی ئەوانیـان کردبـوو، بـۆ

ئەوەی ئەوانیش بیگەیەنـنە لای ئۆتۆمبێلەکـان و بیـبەن بـۆ نەخۆشـخانە، ئەوانەی کـاك فەتـاح ئاغایـان بـرد بـۆ دواوە هەردوو شـەهید(کەماڵ هەمـزە و مامەنـد وەیسی_)بوون کە بە تفەنگەکـانی ئەم دوانە دارەبـازەکە دروسـت کرابـوو.! تـاکو درابووە دەست جەماعەتی مام ڕەسول فەقێش کاك فەتاح هەر زیندوو بوو، بەڵام تەنیا نەفەسی دەهات و لە قسەش کەوتبوو. ئەوەندە بێ هێز ببوو، لە وێش ئەوان دەیبەن بۆ خەتی دواوە، پاش کۆتـای شـەڕەکە بەداخەوە هەواڵـمان پێگەیشـت کە کاك فەتاح ئاغا شەهید بووە. دوای نزیکەی چوار ڕۆژ لە شـەڕێکی قـوڕس ئامـانجە سەرەتاییەکانی خۆمان پێکاو بە دەستمان هێنـان یەك لەو شـوێنانەی کە مەبەسـت بوو بارەگای سریەی سەربازی حاجی ئۆمەران بـوو، کۆمەڵـێك شـەهیدو بریـنداری تریشـمان دان. ئـێمەش زیـانێکی زۆری مـادی و گیـانیمان لە هێزەکـانی دوژمـن دا، ئەوانەی کەوتبوونە بەر ئامانجەکانمان و کۆمەڵی دەستکەوتی سەربازیشمان هەبوو لەوانە چەك و تەقەمەنییەکی زۆری هێزی سوپای عێراق، کە ئەو کاتـانە ئەم شـتانە پێویسترین شت بوون بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان..

لە ڕەتلی ئێمەش شەش سەربازی عێراقی بە دیلگیران کە یەکیـان عەریـف بـوو بە ناوی (سامی) خەڵکی شاری بەسرا بوو.

پێش کۆتایی شەڕەکە بۆ شـتێك مـن ناردرام بـۆ لای کـاك ئیـدریس کە لە گەڵی حاجی برایم بارەگایەکی کاتی دانابوو بۆ سەرپەرشتی کـردنی بەرەکەی جەنـگ. دیـار بوو کاك ئیدریس توشی دەمە قاڵی ببوو لەگەڵ (سەرهەنگ ئەمینی) کە ئەو کـاتە فەرماندەی لەشکری ٦٤ی ورمێ بوو لە سوپای ئێران ئەوان وەعدی ئەوەیان دابوو کە لە کاژێریکدا هەشتا گوڵە تۆپ بتەقێنن بەرەو سەنگەرەکانی سوپای عێراق و بۆ ماوەی دوو کاژێر بەردەوام بێت ئەم تـۆپ بـارانکردنە، بەڵام ئەوان ئەو بەڵێنەیـان بە جێنەگەیاند بوو بۆیە کاك ئیدریس بڕیاری کشانەوەی بە هێزەکانی پێشمەرگەدا، بەوە دەچوو وەك تۆڵە کردنەوەیەك بێت لە سـەرهەنگ ئەمینـی کە بـێ بەڵێنێـك دەرچوو، هەروەها بۆ کەمکردنەوەی زیانەکانی هێزی پێشـمەرگە و بـۆ ئەوەش کە

لە دوای کشانەوەی ئێمە مەترسیەکانی سوپای عێراق بـۆ سـەر ئێـران زیـاتر ببێـت، ئەم هەواڵە گەیشتبووە ڕەفسەنجانی کە ئەو کاتە سەرۆك کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران بـــوو و فەرمانـــدەی گشـــتی هێـــزە چەکـــدارەکانی ئێـــرانیش بـــوو، ئەویـــش سەرهەنگ(سەیادی شـیرازی) ڕاسـپاردبوو کە بێـتە لای کـاك ئیـدریس چارەسـەری کێشەکانی بکات ئەو کاتە سـەیادی شـیرازی فەرمانـدەی بەرەکـانی شـەڕی ئێـران و عێراق بوو لە ڕۆژئاوای سنووری ئێران واتە لە (ئیلام و کرماشانەوە تاکو ورمێ).

بە هەلىکۆپتەرێك هـاتە لای کـاك ئیـدریس چەنـد مەترێـك دوورتـر نیشـتەوە سەیادی شیرازی لێ هاتە خوارەوە، ئەو باڵا و جەستەیەکی بەرز و بەهێـزی نەبـوو، بە پێچەوانە کەسێکی کورتە باڵاو جەستەیەکی لاوازی هەبوو، بەڵام فەرماندەیەکی بە ئەزمـوون و زیـرەك بـوو، کـاك ئیـدریس هەر لە دورەوە زانی ئەو کێـیە.! بەڵام لەو شوێنەی لێی دانیشتبوو هەڵنەسا فەرماندە ئێرانییەکە هاتە پـێش لە دەوری چـوار پێنج مەترێك سڵاوێکی سەربازی بۆ کاك ئیدریس کردو، وتی جەنـابی کـاك ئیـدریس من نێردراوی جەنـابی سـەرۆك کۆمـارم ئەم وتـانەی مـن پەیـامی بەڕێزیـانە. ئـێمە هەموومان پێشمەرگەی بارزانین جەنابت ئەمر بکەو ئێمە جێبەجێـی بکەیـن. ئەو کەسێکی زیرەك بوو پێیان وتبوو کە کاك ئیدریس کەسـێکی زۆر تـوڕەیە دەیویسـت بەم قسانە ئارامی بکـاتەوە هیچـی لە دڵ نەمێنێـت، کـاك ئیـدریس هەسـتی بەوە کردبـوو، بـۆیە وتی فەرمـوو وەرە دانیشـە، پاشـان پـێ وت، ئـێمە دوو دۆسـتین دوژمنێکی هاوبەشمان هەیە و ئامانجەکانیشـمان جیـان لە یەکـتری ئـێمە لە پێنـاو مـافی مـیللەتی خۆمـان دەجەنگـین ئێـوە بـۆ مەرامـێکی تـر شـەڕ دەکەن، ئەگەر هەماهەنگی و هاوسەنگەریتان پێ ناکرێت ئـێمە مـانع نـین و هەڵوێسـتی ترمـان دەبێــت، ئەمەی ئێــوە کردوتــانە دەچێــتە قــاڵبی خیــانەتەوە، ئــێمە کۆمەڵێــك فەرمانــدەی پێشــمەرگەمان شــەهید بــوون و هۆکــارەکەشی ئەنجــام نەدانی ئەو هەماهەنگییە بوو کە لە نێوانماندا هەبوو، لایەنی بەرپرسیش ئێوەن لەو شتە.

بۆیە تەواوی هێزەکانم دەکشێنمەوە ئەو سنورە چۆڵ دەکەین ئێوە بـۆ خۆتـان لەگەڵ عێـراق چـی دەکەن بیکەن،چـونکە ئـێمە سـەربازی هـیچ کەسـێك نـین و پێشمەرگەی کوردستانین.! ئەم هەڵویستە بوێرانەی کاك ئیدریس سەرنجی ڕاکێشام هەستم کرد کە بەڕاستی فەرماندەیەکی ئازا و لێهاتوەو لە هەمان کـات هەسـت بە بەرپرسیارێتی خۆی دەکـات لە ڕوداوە ناخۆشـەکاندا. ئەو هەر واشی کـرد لە ڕۆژی دواتر فەرمانی دا هێزەکانی پێشمەرگە پاشەکشە بکەن و بگەڕێـنەوە دیـوی سـنوری ئێـران، دواتـریش بـڵاوەی بە هێزەکـان کـردوو هەر لـقەی بـۆ نـاوچەی خـۆی گەڕانـدەوە، لقـی دووش لە گونـدەکانی (زێـوەو گـوڵاوەو کاسـورەدێ کۆنەلاجـان) بارەگاکانیان دامەزراندەوە.

## دووبارە ڕێکخستنەوەی پەیکەری لقی دوو

لە زسـتانی سـاڵی ١٩٨١ لە لقـی ٢ مقۆمقـۆی ئەوە هەبـوو کە کۆنفرانسـێکی مەحەلی ببەسـترێت بـۆ هەڵبـژاردنەوەی دەسـتەی کـارگێری لـق. ئەم هەواڵە لە مێژبوو هەبوو لە لایەك ئەو کادیرانەی دوای نسـکۆی شـۆڕش تەسـلیم بە ڕژێمـی عێراق ببونەوە و لە سـاڵی ١٩٧٩ دووبـارە پەیوەنـدیان بە شـۆڕش کردبـۆوە ئەوان توانیان چەند کوتلەیەك لە ناو لق دروست بکەن و هاوڕا بوون بۆ لێـدان و لە نـاو بردنی ئەو کەسانەی کە بە ڕێگـڕی خۆیانیـان دەزانی لە ڕووی بەرپرسـیارێتیەوە، بە تـایبەتی مـامم غەریـب، چـونکە مـامم زۆر ڕاسـتگۆو پـاك و ڕەقەکـار بـوو، ئەو دەیویست پەیڕەو پڕۆگرامی حزب وەکو خۆی خاڵ بە خاڵ جێبەجێ بکرێت، واشی دەزانی ئەو کەسەی ئیهماڵی بکات یـان جێبەجێـی نەکـات بە هەر هۆکارێـك ئەو کەسـە خـائینە.؟ ئەو شـێوازە خەبـات و بیرکـردنەوەیەش لە لایەن ئەو کەسـانەوە قابلی قبـوڵ نەبـوو، بـۆیە بەرنامەیەکیـان داڕشـت کە لە هەڵبـژاردن مـامم دەنـگ نەهێنێ.! هەمووان هەستیان بەم شتە کردبوو، بۆیە باوکم داوای لە مـامم کـرد کە خۆی نەپاڵێوێتە چونکە دەنگی پێ نادەن.

لەولاش بەرەکەی تـر پێیـان وتبـوو تـۆ بـرا گەورەی و ئـێمە هەر دەنگـت پـێ دەدەین. کەچی وا نەبوو، چونکە مامم خۆی پاڵاوت دەنگی پێویسـتی نە هێنـا و دەرنەچـوو، ئەمە بـووە هـۆی نـاڕازی بـوونی مـامم و گەڕایەوە مـاڵەوە لە مـاڵ دانیشت وەکو کەسێکی زویر لەو کـرداره، بەڵام ئەمە سروشـتی هەڵبژاردنەکـانە بە دڵنیایی (قوت نەدەی قوتت دەدەن) مامم هەرگیز چاوەڕوانی ئەو شتەی نەدەکـرد ئەو بڕوای وابوو کە ئەوان بەڵێنەکەیان دەبەنە سەرو دەنگی پێ دەدەن کەچی وا دەرنەچوو.! مامم لەگەڵ هەموو ئەو پێشمەرگانەی لەگەڵی دابوون هـاتنەوە مـاڵ و دانیشتین، سەرکردایەتی بەمەی زانیبوو، دەشیان زانی کە غەدری لێ کـراوە، بـۆیە ملازم عەلی کە ئامر هێزی سەرکردایەتی بوو.

لە گوندی (شیناوە)ی نزیك خانەی بارەگاکەی دانابوو ئێوارانێك هـاتە لای مـام غەریـب، وتی لە مەکـتەب سـیاسی دێـمەوە، جەنـابی سـەرۆك سـڵاوی هەبـوو، وتی دەزانم کاك مەلا غەریب توڕەیە و هەقی خۆشیەتی. بچۆ قەناعەتی پێ بکە با بێـتە لای تۆو ببێتە جێگری تۆ لە بارەگای هێزی سەرکردایەتی..

ئەو کاتە هێزی سەرکردایەتی پێکدەهات لەو هێزانە

أ ـ هێزی عەلی شەعبان

ب ـ هێزی حەسۆمیرخان ژاژوکی

ج ـ هێزی سەعید بۆسەلی و چەند هێزێکی بچووک بچووک.

سەرەتا مام غەریب ڕەزامەندی نەبوو بەم کارە، بەڵام کاك ملازم عەلی پێی وت ئەمە لەسەر داوای جەنابی سەرۆکە، دەبێتە عەیبە گەر قبوڵی نەکەیت.! بـاوکم وتی دەبێ قبوڵی بکات جەنابـت نێـردراوی سـەرۆکی ئـێمەش داوای لـێ دەکەیـن ڕازی بێت بەم کارە و ئەرکە. ئەوە بوو ڕەزامەندی خۆی نیشـاندا، مـلازم عەلـی دەسـتی بردە ناو پژدێنەکەی و جانتایەکی بچووکی دەرهێناو لە پێش مـامم غەریـب دانـاو وتی ئەمە مـۆری هێـزە، لە ئێسـتاوە تـۆ بـرا گەورە و مـن بـرا بچـووك بە کامـل

دەسەڵاتەوە بگەڕێوە، ئێمە مانان قوتابی ئێوەین لەوە ڕاهاتوین ئەمسالی بەرێزتان ماموستای ئێمەبن. بەم شێوەیە لە بەهاری ساڵی ١٩٨١ مامم غەریب دەستبەکار بوو لە بارەگای هێزی سەرکردایەتی لە گوندی(شیناوە) هەر لە وێش خانوێك دەست نیشان کرا بۆ شوێنی حەسانەوەی خۆی و ئەو کەسانەی لەگەڵی دابوون..!

## شەڕەکەی من و کاک عەلی عەبدوڵلا

تا کۆتایی هاوینی ساڵی ١٩٨١ ئێمە لە گوندی شیناوە ماینەوە، ڕۆژێك من گەڕابومەوە ئیجازە لە ماڵ بووم، لە دەرگا درا خوای لێ خۆش بێت کاك عبدالخالق دێلزی بوو ئەندامی ناوچەی خەبات لە نەغەدە بوو، برووسکەیەکی پێ بوو لە م.س هاتبوو کە ئاگاداری من بکەن سەردانی بارەگای مەکتەب سیاسی بکەم لە گوندی (ڕاژان) بە چ مەبەست؟ ئەوەیان دیاری نەکرابوو، منیش بەیانییەکەی چوومە ڕاژان، لە دەورەی برین پێچی وتیان ڕێنماییەکان وایە کە ئەو کەسەی تەخەروج دەکات دەبێت کەفیلێکی هەبێت کە دوای تەخەروج کردن بۆ شۆڕش کار بکات، لەبەر ئەوەی ئەوانەی لە دەورەکە بوون هەرکەسەو خەڵکی ناوچەیەك بوو کەفیلیان دەست نەدەکەوت بۆیە وتیان ئەمە ڕۆتینیاتە قوتابییەکان دەتوانن بن بە کەفیلی یەکتری، کەسێك بوو بە کەفیلی من، منیش بووم بە کەفیلی کەسێك کە خوشکەزای بە ڕەحمەت بێت(ئەحمەد شرینقە) بوو کە لە عەشیرەتی گۆران بوو، ئەو کەسەش پەیوەندی کردبوو بە (عباس شەبەك) کە گروپێکی ئیسلامی پێك هێنابوو، ئەو کەسە ماڵەکەی لە ئۆردوگای زێوە بوو ڕۆژانە هاتوو چۆی ورمێی دەکرد، لە ماڵی ئەحمەد شرینقە دەمایەوە لە ئۆردوگای زێوە، ئەو شوێنەش لە ژێر دەسەڵاتی پارتی دابوو، پرسگەکانیشی هەر پارتی بوون دەکرا هەر کەسێکیان ویستبا دەستگیریان بکردایە، کە چووم بۆ ڕاژان کاك ملازم یونس وتی کاك عەلی داوای کردووی، منیش چووم بۆ لای کاك عەلی عەبدوڵلا کە ئەو کاتی سکرتێری حزب بوو، سڵاوم لێ کردوو وڵامی دامەوە.

وتم فەرموو قوربان من هاتووم ئەمر کەن.

ــ ئێ.ئێ. ئەوە ئەتوو سالاری.؟

ــ بەڵێ ئەمنم ئەمر کەن.

ــ ئەتوو لە دەورەی مزەمیدی بووی.؟

ــ بەلێ لەوێ بووم.

ــ بووی بە کەفیلی کەسێك لە دەورەکە.؟

ــ بەڵێ. ئێمە هەموو قوتابیەکان بوین بەکەفیلی یەکتری

ــ بەڵام ئەوەی تۆ بوویتە کەفیلی بۆتە ئیسلامی عەباس شەبەك

ــ ئەوجا ئەمن چ بکەم.؟

ــ ئەی تۆ کەفیلی نیت.!؟

ــ بەڵێ کەفیلیم، بەڵام وتیان ئەمە ڕۆتینیاتە کێشەیەکی نییە

ــ کێ ئەو شەکرەی شکاند.؟

ــ ئەوانەی لەلای ئێوە و مەکتەب سیاسی هاتبوون لە کاتی تەخەروج

ــ یان دەبیت ئەو کەسەمان بۆ بهێنیتەوە یان سزات دەدەین

ــ ئەوجا ئێوە حزبێکن و دەسەڵاتدار بۆ خۆتان نایگرن؟

ــ بەڵام تۆ کەفیلی.!

ــ وەڵا ئەوە شەڕ فرۆشتنە. ئاخر من چۆن دەتوانم کەسێك بگرم کە حزبێك نەتوانێ ئەوە بکات.؟

ــ تا سێ ڕۆژی تر نەیهێنیتەوە تۆ سزا دەدرێیت

ــ منیش وتم من محاوەلەی خـۆم دەکەم، بەڵام دڵنیـام ئەوە بە مـن ناکرێـت، دوو پێشمەرگەم لەگەڵ بنێرن من لە پرسگە دایدەگرم و دەیهێنم.

ــ ئێمە ئەو شتە ناکەین، خـۆت چـۆن بۆمـانی دەهێنـی بیهێـنە، بەڵام دڵنیـابە ئەگەر ئەو نەهێنی تۆ خۆت بەرپرسیاری.

ــ خوا حافیزێم لێ کردوو، دەمزانی ئەوە بە من ناکرێـت، بەڵام وتـم بـا بچـمە لای ئەحـمەد شریـقە و پێـی بڵـێم، چـوومە مـاڵەکەی ئەوم دەنـاسی، بـابەتەکەم لەگەڵی باس کـرد، ئەویـش وتی توخـوا کەی ڕەوایە لـۆ بەخۆیـان نـایگرن، ئەتـووی فەقیر چت پێ دەکرێت، ئەحمەد شەڕیقە کەسێکی ناسراو و قسە خۆش بوو گـۆتی، کاك عەلی بە کەرێ ناوێری پڕی دایتە کورتانی.!

پاشان گۆتی، نە بە من دەکرێ نە بە تووش دەکرێت بچۆرە لای کاك عەلی پێـی بڵێ با ئەو پارچە وەرەقەیەکی بچووک بنوسێ لۆ سەیتەرەی وەکـو ئەمـر قەبـزیەك ئەوان دەیگـرن و لـۆی دەبەن، ئەوجـا ئەویـش بـا لە نـاو جامخـانەیەکی دابنـێ و هەموو ڕۆژێك جارێك تەمەشای بکات، ئاخر پێم نارێن پـارتی ئەو مەیمـوونەی لـۆ چیە.؟

لە لای ئەویـش نـا ئومێـد بـووم گەڕامەوە مەکـتەب سـیاسی چـوومە لای کـاك عەلی. وتی ها چیت کرد.

ــ وەڵا هیچ.

ــ سجنت دەکەم.

ــ لۆ چم کردیە سجنم دەکەی.خۆ بەردم لە کەعبەی نەگرتییە.

ــ زمانت زۆر درێژە.!

ــ زمانم درێژ نییە بەس ئەتوو دەتەوێ غەدرەکم لێ بکەی یەك پارچە کاغەزم پێ بدە مۆرەکی مەکتەب سیاسی لێ بدە کە ئەو کوڕە بگیرێت، من خـۆم دەچـم لە سەیتەرە دەیگرم و بۆتی دەهێنم و وەکی مەیمونی زنجیرەکی لە ملی بکە.

ــ زۆر بێ ئەدەبی.!

ــ بێ ئەدەب نیم، بەڵام ناچارم ئەو قسانە بکەم ئاخر پێم نارێی ئەمـن چـم و چۆن دەتوانم کەسێك بگرم کامە یاسا ئەو ڕێگـایەم پـێ دەدات مـن نە حـاکمم نە پۆلیسم، بەڵام ئەتوو هەم حاکمی هەمـیش پۆلیسـیت هەنە.! کەچـی شـەڕ بەمـن دەفرۆشی.؟

ــ کوڕە ئەتوو زۆر زمانت درێژە؟ ئەتوو خەڵکی کوێی.؟

ــ جا بە تۆ چی ئەمن خەڵکی کوێم.؟ ئەمن کـوردم، خـۆ عـارەب نـیم.!؟.تـۆش سکرتێری حزبێکی نوێنەرایەتی هەموو کورد دەکات، عەیبە بپرسی خەڵکی کوێی.!؟

ــ زمانت زۆر درێژە پێم بلێ خەڵکی کوێی.؟

ــ حەڵکی(..کەپرانم).

ــ هەی بێ ... ونس بینێرە سجن با ببێتە پیاو.

ــ ونس مەبەستی کاك ملازم یونس بوو ئەویش هەستی بەو نا حەقیە کردبـوو کە کاك عەلی بەرانبەر بە منی دەکرد، بەڵام دەسـتمی گـرت و وتی وەرە بـا بـڕۆین، نەدەبوایە بەم شێوەیە جوابی کاك عەلی بدەیتەوە، زۆر لێت توڕە بووە.

بە هێمنی دەهاتینە دەرێ پاشان ئەمن کێشەکەم چارەسەر دەکرد، بەڵام ئەتوو تێکتدا. پاشـان چـووینە ژوری بەشی عەسـکەری لەوێ کـاك یـونس وتی وەڵا نـازانم چـۆن ئەو شـتە بـکەم، حەزم لەوە نەبـوو، بەڵام دەسـەڵات نیـیە نامەیەکـت بـۆ دەنوسم بۆ ناوچەی ئازادی لە زێوە بچۆرە ئەوێ کەست لەگەڵ نـانێرم هەر خـۆت نوسراوەکە ببە، بەرپرسی ناوچەی ئازادی کـاك (تەیـب ئـاکرەی) بـوو بە ڕەحـمەت

بێت یەکتریمان دەناسی ئەو کەسێکی ڕوح سوك و زۆر هاوڕێ بوین لەگەڵ یەکتری، نوسراوەکەم وەرگرت و بردم بۆ لای کاك تەیب دامە دەستی و ئەویش کـردیەوە و خوێندیەوە سەیرێکی کردم و بە پێکەنینەوە وتی دەزانی چی نوسراوە.؟

وتم.بەڵێ نوسراوە سجنی بکەن.

ــ ئەرێ وەڵا وا نوسراوە. ئەوە چی بووە.؟

ــ ها.ها.ها.لەسەر چی کا بۆم باس بکە.

ــ منیش هەموویم بۆی گێڕایەوە وتم بەخـوا شـەڕی پـێ فرۆشـتم منـیش بەم شێوەیە جوابم دایەوە وتم خەڵکی (کەپـرانم). ئەویـش تـوڕەتر بـوو وە وتی بیـبەنە سجن.

ــ ها.ها.ها.چۆن ئەوهات پێ گۆتییە.!؟

ــ ئەدی چ بکەم وازی لێ نەدەهێنام.

ــ ئێ با هەر نووسراوەکی ئاڕاستەی ئێمە بکردایە ئێمە دەمانگرت و دەمـانبردە مەکتەب سیاسی، ئەو کێشەی نەدەویست.

ــ ئەوجا ئەو ئەوەی نەکرد ئەمنیش هەمان داوام لێ کرد

ــ وەڵا سالار ئەمن ئەگەر دەریش بکـرێم ئەتـوو نـانێرمە سـجن بەس هەر لە ناوچەی بمێـنەوە ڕۆژانە ئـازادی بـۆ هەر کـوێ دەچـی بەس شـەوانە وەرەوە ئێـرە ژوری یەکێتی قوتابی و لاوان چۆڵە شەوانە بۆ خۆت لێرە بـخەوە، خـواردنیش سـێ ژەمە هەیە تاکو بزانین چۆن دەتوانین چارەسەری بکەین دیـارە کـاك عەلی زۆرت لێ توڕەیە لەسەر ئەو قسەیە.

ئیتر لەو شوێنە مامەوە بە ڕۆژ ژوورەکەی لاوان و قوتابیانم چۆڵ دەکرد، ئەوان ئیشی ڕۆژانەی خۆیان لێ ئەنجام دەدا ڕۆژێك ئەو ژوورە زۆر قەرەبـاڵغ بـوو، وتـم ئەمە چیە.؟

وتیان کۆبونەوەیە تیپی تۆپی پێ دروست دەکەن، دەنگی عەبدوڵلا شێروانی کە یاریزانێکی کۆنی شاری هەولێر بوو دەهات مـن و ئەو بە یەکەوە یـاریمان کردبـوو. یەکـتریمان بـاش دەنـاسی منـیش چـوومە ژوورەوە، عەبــدوڵلا وتی دە وەرە بــرام ئەتووش ڕەئی خۆت بدە.

ــ لەسەر چی ڕەئی بدەم.

ــ ناوی تیپەکە. کاپیتەن.سەرۆك تیپ هەموو ئەو شتانە.

ــ تیپەکە با ناوی ٢٦ گوڵان بێت.

ــ هەموان لەسەر ئەوە ڕازی بوون

ــ کاپیتەنیش بە خۆت بە

ــ هەموان دیسان ڕازی بوون

ــ سەرۆك تیپیشی ناوێت با ناوچەی قوتابیان و لاوان سەرپەرشتی بکات.

ــ هەموان ڕازی بوون

ــ ئەدی ئەتوو بە خۆت.

ــ ئەمنیش ئەگەر قبوڵم بکەن وەك گۆڵچی لەگەڵتان دەبم.

ــ بەس عەبدوڵلا دەیزانی ئەمن گۆڵچیەکی باشم ئەوانەی تر ئەمنیان نە دەناسی جگە لە یەك دووەکیان نەبێت، بۆیە عەبدوڵلا گۆتی، ئەوجا ئەتوومان هەبێت وەك ئەوە وایە دیوارەکمان لە ناو گۆڵی دروست کـردووە، وەڵا ئەمـن زۆر دڵخۆشـم کە ئەتوو لێرەیـت، بەم شـێوەیە تـێکەڵ بە تیـپ و قوتـابی و لاوان بـووم، ڕۆژانە هەر خەریکی ڕاهێنان و یاری کردن بوین، تیپێکی زۆر بە هێز و باشـمان هەبـوو، زۆر بە زەحمەت دەدۆڕاین هەمیشە یاریەکانمـان دەبـردەوە تیپەکەمـان دەنگـی دابـۆوە، هەرکـات یـاریمان هەبـوایە نـزیکەی دە هەزار کەس دەهـاتنە سـەیری یـاریەکە، ئەگەر یاریگـاکە شـوێنی دانیشـتنی هەبـوایە دڵنیـام زیـاتریش دەهـاتنە سـەیری

یاریەکانمان، پاڵپشتیەکی باشمان لێ دەکرا و ئێمەش یاری جوانمان پێشکەش دەکرد و خەڵکی تام و چێژیان لێ وەر دەگرت.

لە هەڵبژاردنی ناوچەی قوتابی و لاوان من دەنگی پێویستم هێنا بۆ بەرپرسیارێتی ئەمە لە کاتێك دابوو کە من وەکو بەندکراو لەو شوێنە دابووم، دواتریش دەنگەکانم دا بە شەهید (عەلی سالّح دۆسکی) بۆ ئەوەی ئەو ببێتە بەرپرس ئەو گەنجێکی باش و بە توانا و دڵسۆز بوو، پاشان جەماعەت وتیان چۆن دەبێت ناوی بەندکراو لەسەر سالار بێت.؟ بۆیە دەوری هەشتا ئەندامێکیان چونە بارەگای مەکتەب سیاسی، لەوێ داوایان کردبوو ئەم ناوە لەسەرم هەڵبگیرێت کە وەکو بەندییەك لە وێ بم. کاك عەلی پرسی بووی ئەمە چیە ئەم قەرەباڵغیە.؟ ئەوانیش وتبویان قوتابی و لاوانن.

ــ ئێ چییان و ئەوێ بۆچی هاتوون.؟

ــ داوا دەکەن سالار ئازاد بکەن

ــ سالار کێیە.؟

ــ ئەو کەسەی تۆ بڕیاری بەندکردنت لەسەر داوە

ــ ئێ باشە بە مان چی ئەمان بۆ تەنگاو بوونە.

ــ ئاخر لە هەڵبژاردن دەنگی هێناوە.

ــ بۆ ئەمن ئەوم سجن کردبوو یان ناردبوومە هەڵبژاردن ئێوە لە پەیڕەو و پڕۆگرام لادەدەن.

ــ ئێمە چی بکەین ئەو خۆی پاڵاوتوە و دەنگی هێناوە و دەرچووە.

ــ بچن نووسراوێك بکەن با ئازاد بکرێت ئەگەرچی من خۆم لەم ئیشەتان ڕازی نیم.!

## ساردی نێوان زەعیم عەلی و مەلا غەریبی مامم

بەم شێوەیە ئەم ناوە لەسەر من هەڵگیراو و ئازاد بووم مام غەریبیش نێوانی لەگەڵ ملازم عەلی ساردی تیا کەوتبوو بە هۆکاری دەمەقاڵەی چەند پێشمەرگەیەك لەگەڵ ملازم عەلی کە نەدەبوایە بەم شێوەیە بێت.! بەڵام ڕوی دابوو ئەو بارەگاکەی بردە (کاسورە دێ) وەکو هێزێکی سەربەخۆ لەوێ مایەوە. هاوینی ساڵی ١٩٨١ بوو، چەند هێزێکی تریش لە وێ بوون، هێزی عەبدوڵلا ئامێدی و سەعید بۆسەلی و حەسۆ میرخان ژاژۆکی. نێوانی پارتی و دیموکراتی ئیران ساردی تێ کەوتبوو بە هۆی دەرهێنانی تەرمی بارزانی لە گۆڕستانی شنۆ.

حکومەتی ئێرانیش گەمارۆی ئابووری خستبووە سەر ناوچە کوردییەکانی ئێران لە هەموو ڕویەکەوە قەدەغە بوو هیچ شتێك دەربازی ناوچە کوردیەکان ببێت. لەسەر چۆمی کۆنەخانێ سوپای ئێران شەوانە کەمینی دادەناوە، بۆ ئەوەی نەهێڵیت کەلوپەل دەرباز ببێت، شتە پێویستیەکانیش بریتبوون لە شەکرو قەندو ڕۆن و چای و برنج و نەوت و بەنزین، ئەم کارە خەڵکەکەی هەراسان کردبوو، شەوانە پشیلەیەك بجوڵایە ئەو ناوچەیە ئاگری باران دەکرا کە چاومان بەو خەڵکە دەکەوت جەرگمان ئاگری تێبەردەبوو، تەنانەت خۆراکی ڕۆژانەی منداڵەکانیشیان لێ قەدەغە کرا بوو، دوژمنانی کورد سەرەڕای هەموو پڕوپاگەندەیەکی درۆزنانەی مرۆڤ دۆستی، ئەوان تاوانبارانی مرۆڤایەتین، کورد لە هەر وڵاتێك بێت ئەو بەشێکە لە خەڵکی ئەو وڵاتە، ئەگەر داوای مافە خوراوەکانی خۆی دەکاتەوە ئەوە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە کەسێکی شەڕانگێزو گێرەشێوێنە، سەرەڕای هەموو ئەو بەڵێنانەی کە لە سەردەمی شۆڕشی ئیسلامی دا بە کوردی پارچەکەی ئێران درابوو، بەڵام بە پێچەوانە بە هەموو شێوەیەك دەچەوسێنرانەوە. من پێموایە هەرگیز کوردێك ناتوانێ خۆی بێ دەنگ بکات لە کاتێکدا برا هاو زمانەکەی دەچەوسێنرێتەوە، دەکرێ لە بیر و ڕاو هەڵوێستی ئێمە جیاوازی بیرکردنەوەمان هەبێت و هەندێ جار تا ئاست و ئاقاری شەڕ لێکەوتنەوە چووبینە پێش کە

ئەمەشیان هەر بە فیتنەو نەخشەی دوژمنانە بە دڵنیای، بەڵام بە دڵنیـایی نـاتوانێ قبوڵی ئەوە بکات کە هاو زمان و هاو نیشـتیمانەکەی غەدری لـێ دەکرێـت، ڕێـك ئەم هەڵوێستە لە بارەگاکەی ئێمە بەرجەستە بوو ئێمە لە نـاو خـانووی (ئەحـمەد ئاغای) کاسورە دێ بووین زستانێکی سەخت بوو، لەسەر زەوی لە ئاسـمانیش کـورد گەمارۆی درابوو دەبـوایە بـێ دەنگـی نە نـوێنین ژیـانی خەڵکـێکی زۆر لە مەتـرسی دابوو، ئەم گەمارۆیەش بۆ دوو مەبەست بوو:

یەکەمیـان: خەڵـکی ئەو ناوچـانە ناچـار بکـات بچـنەوە ژێـر دەسـتی سـوپای پاسدارانی ئێران و بکـرێنە جـاش و کـار لەگەڵ ئەوان بـکەن، وەکـو چـۆن لەگەڵـێ ناوچە ئەو شتە سەری گرتبوو بۆیان.

دووەم:ئەم کەلوپەلانە نەگەنە دەستی پێشمەرگە و بارەگاکانی حزبی دیمـوکراتی کوردستانی ئێران، کە ئەو ناوچەیە لە پیران شارەوە تاکو سەردەشت بە دەستیانەوە بوو، شەوێك لە بارەگاکەی ئێمە ئەم بـابەتە بـوو بـابەتی گفتوگـۆی نێوانمـان، ئـاخر کەمینی ئـێمەش لە نزیـك کەمینـی سـوپای ئێـران بـوو، بەڵام ئـێمە بـۆ پارێزگـاری خۆمـان لە وێ بـووین هـیچ پەیوەنـدیەکی بە ئەرکی سـوپای ئیـرانەوە نەبـوو، بەڵام دەماندیتن چۆن بێ ویژدانانە ژن و منداڵ و گەنج و پیـری کـورد ئاگربـاران دەکەن هەستی نەتەوایەتی پاڵی پێوە دەناین کە کارێك بکەین ئەم ڕێگایە بکرێتەوە، بـۆیە پەیوەندی کرا بە کاك ملازم عەلی بابەتەکە لەگەڵ ئەویـش باسـکرا، ئـێمە هەرگیـز لەگەڵ دیموکرات تەقەمان لە یەکتر نەدەکرد، بەڵام هەندێ کەسی شـەڕخوازی نـاو دیمـوکرات هەمیشـە لە هەوڵـی ئەوە دابـوو رق و کیـنە دروسـت بـکەن و کـورد بنێـنەوە گـژ کـوردەوە، بە دڵنیـایی ئەوەش دەسـتی دەرەکی تێـدابوو، بـۆ مەرامـی تـایبەتی دوژمنانمــان کە هەمیشــە لە دووبەرەکی ئـێمەدا لە ئـاوی لێـڵ ماســیان ڕاوکردووە.!

شەوێکیان هێزێکی دیموکرات هێـرشی کـردە سـەر ئەو کەمیـنەی کە لە چـۆمی کۆنەخـانی دادەنـرا، ئەقەیەکی زۆر کـرا، هەنـدێ هاوەنیشـیان لە ئـێمە گـرت بەو

ئامانجەی ئێمەش وەڵام بدەینەوە شەڕ لە نێوانمان دروست ببێت، ئێمە لەگەڵ دیموکرات لە حوکمی مەودای کلاشینکۆفێك دور بوین، بەڵام هەرگیز تەقەمان نەدەکرد، کەندێك لە نێوانمان هەبوو، خەڵکی کاسورە دێ بە تایبەتی ژن و منداڵەکانیان ڕایانکردە بارەگاکەی ئێمە وابزانم وا هەستیان دەکرد گوڵلە هاوەنەکان ئێمە نابڕێت، ژنێکی بە ساڵا چوو ڕوی دەمی لە باوکم کردوو وتی، کاك کاکۆ:

ــ ماڵتە ئەوە چی قەوماوە.!؟

ــ نەتزانییە چی قەوماوە.؟

ــ ناوەڵا نەمزانییە ئەوە دنیا خراپ بونە.؟

ــ نا.نا. ئەوە خود موختاری لەو کەندەی گیری خواردوە ئێمە دەڵێین هی ئێمەیە و دیموکراتیش دەڵێن هی ئێمەیە.

ــ ئێ باشە بە قوربانت بم بۆ لە بەینی خۆتان دابەشی ناکەن ئەو ژن و منداڵانەتان هەراسان کردووە.

ــ خەمت نەبێت چارەسەری دەکەین نایەڵین جارێکی تر تەقە بکرێتەوە.

ــ هەی بە قوربانت بم، دەبەرت گەڕێم، عەجەلەی لێ بکەن.

دیار بوو زۆر ترسا بوو باوکم ئەو قسانەی بۆ سوعبەت دەکرد، بەڵام ئەو ئەوەندە سادە بوو بەڕاستی وەری گرتبوو، من ناحەقی دیموکراتەکانیش ناگرم، ئەو تاقمەی شەڕانگێزەی ناو دیموکرات پڕوپاگەندەیان دەکرد کە جەماعەتی بارزانی و پارتی پیاوی ئێرانن دەبێ بکوژرێن و لێیان بدرێت ئەوان کاریگەری باشیان هەبوو بۆ سەپاندنی مەرامەکانیان.

دیموکرات لەبەر هەر هۆکارێك بوبێت شەڕی پارتی پێ نەدەکرا و هێزەکانیان بەرگەی هێزەکانی پارتیان نەدەگرت، ئەمە باشترین هەل بوو کە لەم ڕێگایە

بتوانرابا خزمەتی خەڵکی ناوچەکە بکرێت بـۆیە قەنـاعەت بە ئێرانییەکـان هێـنرا کە ئیتر ئەوان کەمین دا نەنێن و ئێمە خۆمان شوێنی ئەوان پـڕ دەکەیـنەوە ئەوانـیش لە خوایان دەویست ئەو شەڕەی مەبەسـتیانە بە کـوردی بـکەن، بە هەوای ئەوەی کە دیموکراتەکان ناتوانن بەرگەی شەڕی هێزی پێشمەرگەی پارتی بگرن ڕازی بـوون ئەو شوێنە بە جێبهێڵن بۆ ئێمە، ئێمەش هەر ئەوامان مەبەست بوو.

ئەو شــوێنە تەســمیلی ئـێمە کـرا، ئیـتر پەیوەنـدی کـرا بەو کەسـانەی ئەو کەلوپەلانەیان دەکڕی و دەیانبردنە سنوورەکانی ژێر دەسـەڵاتی دیمـوکرات، ئاگـادار کران کە لە دوای دوانزەی شەو دەتوانن کاروانەکانیان دەربـاز بـکەن بە بـێ هـیچ گرفتێك، بەم شێوەیە ناوچەکە دەستی کرد بە بوژانەوە ئەگەر جاران نەفەرێك یـان دوو نەفەر بە دوو هێسترەوە کەمێك پێداویستیان دەگواسـتەوە ئـێمە لەو کـاتەوە شەوانە چوار پێنج کاروان کە هەر یەکەیـان دە تـا پـانزە هێسـتریان پـێ بـوو، ئەو کارەیـان دەکـرد، هەلی کـاری زیـاتریش بـۆ خەڵـکەکە ڕەخسـا بـوو، هەمـوو ئەو خەڵکانە کە دەگەڕانەوە ناو دیموکرات باسیان لە هەڵوێستی جوان و جـوامێرانەی ئێمەیان دەکرد، بۆیەش هەڵوێستی خەڵکی ئەو نـاوچەیە گۆڕانکـاری بـاشی بەسـەر داهات سەبارەت بە ئێمە، ئەوان پێشتر وا فێرکرابـوون کە ئـێمە دوژمنـی ئەوانـین، بەڵام بۆیان دەرکەوت کە هەڵەیان کردوە ئێمە نەك دوژمن بگـرە دۆسـت و بـرای ئەوانین، لە بیرمە جارێکیان کەسێکی ئەو ناوچەیە لە لایەن هێزەکانی ئێران گیرابوو تەنیا لەسەر ئەوەی ویستبوی هەشت قوتی شیری منـداڵان ببـاتە ئەو نـاوچەیە، کە لە جیهاندا منداڵ بەهای تـایبەتی خـۆی هەیە و ڕێـزی لـێ دەگیرێـت، کەچـی ئەو کەسەیان لەسەر جادە دایە بەر شەق و تێهەڵدان و بەرەو زیندانیان ڕاپێچ کرد.!

بە بیانووی ئەوەی شت بە قاچاخی دەباتە ئەو شـوێنەی بە زمـانی ئەوان (زدی ئینقلابی) لێیە.!؟ ڕێکخراوە جیهانییە منـداڵ پـارێز و مـرۆڤ پارێزەکـان لەو شـوێنە هـیچ بونێکیـان نەبـوو. سـوپای پاسـداران دەسـەڵاتی ڕەهـای هەبـوو لە هەمـوو بوارەکانـدا. تەنـانەت دەسـتیان لە ژیـانی تـایبەتی خەڵکـیش وەردەدا.! مەیـنەتی و

کارەساتەکان زۆر بوون، دژایەتی لە نێوان دوو نەتەوەی کوردو ئازەری دروست کرابوو، ئازەرییەکان (تورکەکان) لە سەر تاسەری کوردستانی ڕۆژ هەڵات دەسەڵاتیان پێ درا بوو ئەوەی لە بەرژەوەندی دەسەڵاتی ناوەند دایە ئەنجامی بدەن بە بێ گەڕانەوە بۆ هیچ یاسایەك، دژایەتی لەو پەڕی دابوو، هەموو جومگەکانی ئیداری و سەربازی و ناوەخۆی ئەو ناوچانە لە دەست تورکەکان بوون.! کورد ئەوەندە بێ دەسەڵات کرابوو، تەنانەت بۆ نانی ڕۆژانەشی موحتاجی ئەوانکرابوون، نا تەبایی ناو ماڵی کوردیش هاوکاریان بوو بۆ جێبەجێ کردنی مەرامە گڵاوەکانیان ئەو ڕێگایەی ئێمە کردمانەوە وەکو دەرگایەك بۆ ئەو سنورە تا ڕادەیەك باش بوو باری ئابووری ناوچەکەی بوژاندبۆوە خەڵکێکی زۆر دەهاتن و سوپاسیان دەکردین، خۆشەویستیەکمان دروست کردبوو لەگەڵ ئەو خەڵکەی ئەوێ، هەرگیز ڕێگایان نە دەدا هیچ کەسێك هیچ بڕە پارە یان دیارییەك لەو کەسانە وەربگیرێت، چونکە هەڵوێستەکەمان لە سۆنگەی بەر پرسیارێتی و هەستی نەتەوایەتی دابوو ئەو زستان زۆر سەخت بوو.

ئێمە لە ژوورێکی هەشت بە پێنج دابوین کە هەیوانێکی هەبوو، کەوتبوە پێش ماڵی ئاغای دێیەکە، ئەو ژوورە پێشتر دیوەخانی ئاغای بوو، کەسێکمان لەگەڵ بوو ناوی مەلا محمود بوو کە بە مەلا (موشەك) ناوبانگی دەرکردبوو ئەو پێشتر لە هەولێر حەمباڵی ڕەژوو و گەنم و جۆی کردبوو جەستەی بە تایبەتی پشتی زۆر بە هێز بوو، بەڵام قاچەکانت بگرتایە دەکەوتە سەر زەوی، خەڵکی گوندی (ڕۆستێ) بوو بێ ژن و منداڵ بوو لە هەمان کاتدا بە تەمەنیش بوو، مامم لەگەڵ باوکم دەیانگۆت دڵی مەشکێنن لە ناو ئێمە غەریبە و ڕێزی لێ بگرن سێ گاسنێکی تەراکتۆرە گەورەکان لە پێش بارەگا دانرابوو هی ماڵی ئاغاکە بوو بەفر داپۆشی بوو ڕۆژێك شەهید کەماڵ لەگەڵ مەلا موشەك کەوتە مناقەشە مەلا وتی جاری وا هەبووە دوو فەردە گەنم لەسەر پشتم دانایە بردیتمە ناو لۆری.! شەهید کەماڵ باوەڕی نەدەهات بۆیە وتی ئەگەر ڕاست دەکەیت بڕۆ ئەو گاسنەی لە ناو بەفری

فڕێدرایە بڵند بکە سەر سەرت ئەوجە باوەڕت پێ دەکەم. ئەویش وتی ئەگەر کردم چی.؟ شەهید کەماڵ وتی من ئەمشەو حەرەسیاتی لە جیاتی تۆ دەگرم ئەویش چـوو گاسنەکەی بڵند کردە سەر سەری هـاواری کـرد گـۆتی کـاکۆ تەواوە.؟ باوکیشـم وتی ئەرێوەڵا تەواوە کەماڵ دۆڕاندی، بۆی هەیە ئەو گاسنە بە لایەنی کەم سەدو پەنجا کیلۆ دەبوو، هەی لە زیـاتریش، مـامم غەریـب لە بارەگـا نەبـوو شـەوانە ئەوانەی حەرەسیاتیان نەبـوایە خۆیـان بە دۆمیـنە کـردن مەشـغوڵ دەکـرد. ئەوشـەوە مەلا موشەك بوە لای باوکم و (شەهید جەماڵ و کـاکەی مسـتۆ بەربەری) بـونە لایەک، لەو دێیە قاز گەلێك زۆر بوو هەر ماڵەی سی تا چل قازیان هەبوو هەمووی قەڵەو قەڵەو و گەورە بوون ئـێمەش لە بارەگـا هـیچ پـارەیەکمان نەبـوو کە گۆشـتی پـێ بکـڕین هەیـوانی بارەگـاکە کرابـووە نانـدین کـاکەی مسـتۆ بەربەری و ئەحـمەد باشووری بە نۆرە لە وێ چێشتیان ئامادە دەکرد لۆ بارەگای، تەنیـا پـارەی کە ئـێمە هەمان بوو ئەو پارەیە بوو کە هەر دوو مانگ یان سێ مانگ جـارەك (ئبراهیمـی) مام غەریب کە لە قەزوێنی کرێکاری دەکرد لە کارگەیەك موچەکەی کۆ دەکردەوە و بۆ ئێمەی دەهێنا مام غەریب دەیکردە مەسروفاتی بارەگا.! پرێمـزەکی گەورەمـان هەبوو کە کوونی مەمەکەی گەورە ببوو هەرجاری پەمپمان لێ بدایە هەڵ دەچـوو ئاگر دەگەیشتە کاریتەی خانوەکە دەبوایە زوو قەپاغەکەی شل بکەیـنەوە تـا ئـاگر لە خانوەکە بەر نەبێت ئاخر سەری خانوەکە حەسیر و دار بـوو.! ئەو شـەوە دوای نان خواردن دۆمینە دەستی پێکرد. شەهید جەماڵ وتی خەڵـکی ئەم ئـاوایە زۆر بـێ ویژدانن ئەو هەموو قاز و مریشکەیان هەیە خۆ جارێك نارێن دەبا قازەکی لـۆ ئەو پێشـمەرگانە بـبەین.! ئەمە ئەو هەمـووە بە کەڵکیـان هـاتووین لـێ نەگەڕاویـن غەدریان لێ بکرێت ئێ خۆ بە قازەکی یان مریشکەکی ماڵیان وێران نابیـت وەڵاهـی زۆر ڕەزیلن.! پاشان وتی با دۆمینە لەسەر (قاز) بکەین. ئەوانیش وتیان ئەوجە کـێ پـارەی هەیە قـازی پـێ بکرێـت. شـەهید جەمـاڵ وتی نـاکڕین ئەوەی دۆڕا بچێـت قازێکی گەورە لە کۆریتی ماڵێـك بهێنـێ و سـەری دەبـڕین و دەیخـۆین. ئەوە بـوو دۆمینەکەیان کرد، باوکم و مەلا موشەك دۆڕاندیان، هیچ یەکەکیان نەدەچوون ئەو

کاره بکەن سەرەڕای ئەوەی کە لەسەری ڕێك کەوتبوون، بۆیە شـەهید جەمـاڵ وتی من لە جێگای مەلا موشەك دەچـم، کـاکەی مسـتۆ بەربەریـش وتی مـن لە جێگـای کاکۆ دەچم، ئەوە بوو چوون قازێکی زۆر گەورەیان هێنا حەوت هەشـت کیلـۆیەك دەبوو نازانم چۆن توانیبویان بیهێنن ئاخر قاز قیژە قیژی زۆرە و بە ئاسـانی نـاتوانی بیگریـت، هەر لە وێ سـەریان بڕیبـوو، بـۆ ئەوەی بە دەم ڕێگـاوە دەنگـی لێـوە نەیەت و ئاشکرا نەبن. کاژێر نزیك دوانزەی شەو بوو، قازەکەیان کەوڵ کرد لە نـاو تەشتێك وردیان کردوو شـۆردیانەوە و بە ئەحـمەد باشـوریان وت. بچـۆ لێـی بنـێ هەرکات کوڵا بانگمان بکە و دەیخۆین، بۆیە بەیانییەکەی مام غەریـب دەهـاتەوە دەیانویست پێش ئەو بێتەوە بیخۆین و لە بەر دەست هەڵگیرێت.کاکە پێستەکەی برد لەولای گاسنەکە بەفرەکەی لاداو هەندێ زەویشی هەڵکۆڵی خستیە ژێـر گـڵ و بەفر بۆ ئەوەی کەس نەبینێ و ئاشکرا نەبن، ئیتر هەرکەسە و لە لای خۆی ڕاکشـاو پشیە خەوێکیان شکاند.کـاژێر دوونیـوی بەرەبەیـان ئەحـمەد باشـوور گۆشـتەکەی حازر کردبوو. هەموانی بانگ کرد هەڵیساندین کاتێ هەڵسـاین سـفرەکەش داخـرا بوو. قاپی بەتاڵی لەسەر ڕێزکرا بوو بە ئەحمەدیان وت مەنجەڵەکە بێـنە، شـەهید جەماڵ وتی جارێ تێ مەکە. بـا پـێچە شـاییەکی لە دیـار بکەیـن ئەوجـا دەیخـۆین. دەستیان کرد بە گۆرانی وتن و شایی کردن تاکو ماندوو بوون ئەوجا دانیشتنە سـەر سفرەکە بۆ خواردنی گۆشتی قاز. ئەحمەد وتی من نایخۆم حەرامە، شـەهید جەمـاڵ وتی نابێت دەبێ هەموان بیخۆن، تۆ ناخۆی لەبەر ئەوەی بەیـانی لای مـام غەریـب بڵێی ئەمن نەم خواردیە بەو خوایە ئەتووش هەنـدێ مە دەبی بخۆیـت، ئەحـمەت وتی من بەس ئاوەکەی دەخۆم.! جەماعەت هەموو وتیان شـتی وا هەرگیـز نابێـت تۆش وەکو ئێمە و لەگەڵ ئێمە دەیخویـت، ئیـتر ئەویـش ناچـار بـوو لەگەڵ ئـێمە دەستی کرد بە قاز خـواردن. دوای ئەوە خەوتـین بەیـانییەکەی لە خەو هەڵسـاین شتێکی سەیر ڕوی دابوو، چەرم و کورکی قازەکە کە شاردرابۆوە هێنرا بـووە دەرەوە لە پێش دەرکەی بارەگا لەسەر بەفرەکە بڵاو کرابۆوە.

تۆ مەڵێ شەو سەگ بۆنی کردوە و بەفرەکەی هەڵداوەتەوەو ئەو پێست و پەڕو باڵەی هەموو دەرهێناوەتەوە و لە وێ بڵاوەی پێکردووە. ئێمەش دووبارە هەڵساین بە شاردنەوەی کورکەکانی، کاژێر دەی بەیانی مام غەریب هاتەوە، هەموو ڕێکەوتبوون کە لە لای ئەو هیچ دەربارەی ئەو شتە باس نەکەن دوای دانیشتن و چایەکیان بۆ هێناو، دەستی کرد بە هەواڵ پرسین لە جەماعەت. باوکم وتی شتێك هەیە دەمەوێ بۆتی باس بکەم، هەموو مەسەلەکە و چ کرایە و چ بوو هەمووی بۆ باس کرد وتیشی دەمزانی جەماعەت زۆر حەزیان لە گۆشتە دەمێکە نەیان خواردوە بۆیە بێ دەنگیم نواند تاکو تۆ دێیتەوە دەزانم هی ماڵی کێیە دوای دەچم نرخەکەی وەردەگرم و کە پارە هات دەیاندەمەوە ئەو ماڵانەی ئەوێ هەر بیریشیان نەدەکردەوە کە قازیان دیار نەماوە، چونکە هەر ماڵەی ئەوەندەیان هەبوو ئەگەر یەك دانە و دوو دانە بزریش بونایە هەستیان پێ نەدەکرد، دوای نیوەڕۆکەی مامم دووسەد تومەنی دا باوکم وتی بچۆ بزانە حەقەکەی چەندە بیاندێ، ئەو سێ مریشکیشی لە خانێ هینابوو لەگەڵ خۆیدا بۆ جەماعەت، پاشان گۆتی مادام قازیان خواردیە لە مریشکەکان گەڕێن ئەمڕۆ ناخۆین با بۆ بەیانی بێت، باوکم دوایی نیوەڕۆ چوە ماڵەکە و پارەی قازەکەی پێ دان، بەڵام نەمزانی چەند بڕە پارە بوو هەقەکەی. ئەو گوندە دوکانی تێدا بوو کانی پیاوان کەوتبووە ئەوپەڕی دێیەکە و کانی ژنانیش نزیك لە ئێمە و نزیك ماڵی ئاغا بوو، شەوانە سەر کانییەکە دەیبەستاو دەبوە بەستەڵەك(شەختە)، هەموو بەیانیان ئەحمەد باشور دەچووە سەر ئەو کانییە لە پێش ڕۆژ هەڵات ئەو بەستەڵەکەی دەشکاند و خۆی تێدا دەشوشت جارێك بە دوای داچووم وتم بزانم چی دەکا سەیرم کرد دیتم شەختەی شکاند و خۆی ڕوت کردەوە پاشان بە عەرەبیەکی شەق و پەق وتی (یاڕەبی نەوەیت و غەسلی جەنابەتی.! دەستم بە پێکەنین کرد، گوێی لە پێکەنینەکەم بوو وتی ئەوە لێرە چ دەکەیت.؟ ئەمنیش گۆتم ئەدی ئەتوو چ دەکەی؟ وتی خۆم بسمیل دەکەم، وتم ئەوجا بەو سەرمایەی بەو زستانەی لە بارەگای هەموو شەوێ لۆ خۆت دەشۆی مەگر چ دەکەی، گۆتی هەی وراغ شەیتانم پێ پێدەکەنیت، پاشان دەری

کـردم تـا خـۆی بگۆڕێـت و جلەکـانی لەبەر بکـات، منـیش کە ڕۆژ بـۆوە ئەم مەسەلەیەم بـۆ مـامم گێـڕایەوە، زیـاتر لە تـرسی ئەوەی دەمگـوت نەبـادا کەسێك بوختانەکی بە ئەحمەدی بکات، ئەو کەسێکی باش و بە ڕەوشت بوو بەس فەقیـرەی ئەو دەردەی تــوش ببــوو نەدەگەیشــتە ئەوپەڕی گونــدەکە، چــونکە هەتــا دەگەیشتەوە بارەگا ڕەق هەڵدەگەڕا.! مامم بانگی کرد و وتی ئەوە خێـرە ئەحـمەد هەموو بەیانییەك خۆت لە کانی هەردێنـی.؟ فەقیـرەی لە شـەرمان نەیـدەزانی چـی بڵێت هەر سەیری منی دەکرد و پێدەکەنی پاشان گۆتی مـامۆ بەخـوای هـیچ نـاکەم بەس ناچارم خۆم بسمیل بکەم. پاشان مامم وتی قەیدی ناکات بەس لەمەودوا نـابی بچییە ئەو کانییە، دوای قسەیەکمان لە دوو هەڵدەبەستن، بۆیە پێویستە بچیە کانی پیاوان. ئەویش بە شەرمەوە گۆتی باشـە وا دەکەم، ئیـتر لەوە بە دواوە هەر کاتێـك پێویستی بەو ئیشـە هەبـوایە دەچـووە کـانی پیـاوان لە وێ خـۆی دەشـۆری، بەڵام سەیری لەوە دابوو کەس نەیدەوێرا خۆی بخـاتە نـاو ئەو ئـاوە سـاردە کەچـی ئەو فشەی پێ دەهات.!

ڕۆژێکی سەرەتاکانی مانگی ٢ی/١٩٨٢، کـاکەی مسـتۆ بەربەری خـواردنی ئامـادە دەکرد، ئەو ڕۆژە گۆشتی لێ دەنا گۆشتەکەی لە ناو مەنجەڵێك خستبوە سەر شـڕە پرێمزێکە ناوە ناوە دەچوو سەری مەنجەڵەکەی هەڵدەداوە و تـێکی دەداو پاشـان دەیگۆت بە قوزەڵقورتمان بێت خۆ هێشـتا نەکـوڵاوی.!؟دەسـتی دەکـرد بە پەمـپ لێدان لە پرێمزەکە، لە بیرم نییە کێ هاواری کـرد گـۆتی کـوڕە کـاکە کەمـی پەمـپ لێبدە با دیسان هەڵنەچێت و بتەقێت وەڵاهـی هەموومـان دەسـوتێین، دەسـوتێن ناسوتێن بە (هینم)، خۆ بێزار بووم لەوە ئەوان لەو قسانە دابوون مـن لە ژوورەوە دانیشتبوم کە گوێم لە گیڤەیەك بوو، پاشان کاکە وتی ئەرێـوەڵا ئـاگری گـرت ئـێمە هەموو لە ژوورەوە بوین دەرگاکەمان لێ گیرابوو پەنـجەرەکەش کەتیـبەی ئاسـنی لێـدرابوو ڕێگـای دەربـاز بونمـان نەبـوو، بە ناچـار کـاکە پـڕی دایە بەفرمـاڵەکە لە قـولینجکیکی دیـوار هەڵپەسـێردرا بـوو، بە بەفرمـاڵکە پرێمـزەکەی بە مەنـجەرەوە

فڕێدایە دەرەوە ناو بەفرەکە، ژوورەوە هەمووی پڕی ببو لە دوکەڵ خەریـك بـوو دەخنکاین هەموومان ڕامان دەکردە ناو بەفرەکە، پریمزەکەش گڕی زیـاتر ببـوو لە نـاو بەفـرەکەدا، ئەحـمەد ئاغـا لە سـەربانی مـاڵەکەی بـوو بەفـری ڕادەدا،(شـێخ محەمەد)برای شەهید قادر چوو بۆ لای پریمزەکە، لێیان پرسی ئەوە چی دەکەیـت وتی دەیکوژێنمەوە، وتمان لێی گەڕێ خۆ تازە مەترسی نەمـاوە خـۆی دەکـوژێتەوە. وتی نا هەر دەبێ بیکوژێنمەوە. کاکەش وتی کـوڕە وا مەکە بەوخـوایەی دەتەقـێ و ئاگرت تێ بەر دەدا، ئەویش وتی ئەوە ئیشی پیاوانە، ئەنگۆ ناوێرن بەس ئەمن دەی کوژێنمەوە، دوو ڕەختی بڕنـۆی لە خـۆی بەسـتا بـوو، چـوار ڕومـانەشی پێـوە بـوو، تفەنگەکەی داناو بۆ ئەوەی قەپاغی تـانکی پریمـزەکەش شـل بکـاتەوەو هەواکەی بەتاڵ ببێـت و گـڕی ئـاگرەکەی دابمرکێنـێ، هەر ئەوەنـدە خـۆش بـوو دوو دایـس قەپاغەکەی شل کـردەوە، لەبەر زەختـی زۆری هەوای غـازی نـاو تـانکی پریمـزەکە قەپاغەکەی دەرپەڕی و هەرچـی هەوای غـازی هەبـوو بەرەو ڕووی جەنـابی شـێخ هات ئیتر یەك پارچە بوو بە ئاگر..! هیچ کەس نەدەوێرا خـۆی لـێ نزیـك بکـاتەوە لەبەر ئەو تەقەمەنیانەی بە خـۆیەوە هەڵواسـیبوو لە تـاو خـۆی بە ڕاکـردن بەرەو کانی ژنان هەڵهات بۆ ئەوەی خۆی بخاتە ناو کانییەکە و ئاگرەکە بکـوژێتەوە، بەڵام کە ڕای کـرد گـڕی ئـاگرەکە زیـاتر بـوو، وەك تـۆپەڵە ئاگرێـك لەسـەر بەفـرەکە دەڕۆیشـت، ئەحـمەد ئاغـا نەیـزانی کە تەقەمەنی پێـوەیە، لە سـەربانەکە هـاواری دەکـرد کـوڕە ڕامەکە و لە سـەرێ ڕا خـۆی پێـداداو خسـتیە ژێـر خـۆی پاشـان هەڵسایەوە بە بەفرەماڵەکە توند توند بەفری بەسەر دادەکرد تاکو کوژایەوە، هـیچ شوێنێکی شێخ محەمەد لە دەرەوە نەمابوو هەمووی کەوتبـوە ژێـر بەفـرەکە، بەڵام ناڵە ناڵی لێ وە دەهات هەموومان چووین لە ژێر بەفرەکە دەرمـان هێنـا هەمـوو جەستەی سوتابوو، ئەحمەد ئاغا وتی کوڕە خۆ ئەتو بەشی جەبهەیەك (جبەڕۆتـت) پێ وەیە. خودا ڕەحمی پێ کـردی ئەوانە نەتەقیـنەوە بە غەوسی مـاڵ لە بەغـدایێ بمزانیایە ئەو شتانەت پێوەیە(دەشتی لاجانیـان) هەمـوو دابـایە بە مـن نەدەوێـرام خۆمت لێ نزیك کەمەوە. دەشتی لاجان دەشتێکی بە پیـت و بەرەکەتە دەکەوێـتە

خواروی ڕۆژهەڵاتی شاری (خانێ). پاشان شێخمان بردە ژوورێ هەندێ جلی لەبەر دابوو کە مادەی نایلۆنیان زۆر تێدابوو هەمووی وەکو قیر بە جەستەیەوە نوسابوو لە بناگوێی پێستی داماڵدرابوو هەتا دەگەیشتە سەر سینگی، زۆر خراپ سوتابوو، هەر هاواریشی دەکرد لە تاو ژانی جەستەی.

ئەوجا ئەو شێخ محەمەدە زۆری ڕا لە خۆ بوو، هەمیشە شانە و ئاوێنە و موکێشی لە دەست بوو، ئەو سەڵت بوو ژنی نەهێنابوو بە شکل و شەمایلیش کەسێکی سیما جوان نەبوو بەس زۆر ڕای لە خۆی بوو، بە کاکەی گۆت.

ــ کاکە زۆر سوتایمە.

ــ ئەرێوەڵا شێخ محەمەد زۆر سوتای.کوڕە هەتیم ئەدی هاوارم نەکرد وازی لێ بینە.

ــ دەموچاوم زۆر سوتایە.؟

ــ ئەدی سوتایە.ئاوێنەی بینم سەیری بکەیت.؟

ــ دە لۆم بینە.

ــ ئاوێنەکەی بۆ هێناو بەرانبەری ڕایگرت و شێخ محەمەد وتی وەڵاهی عەدم بویمە.کاکەش وتی

ــ ئەوجا گەلەك جوان بوی.؟ هەر بەخۆت بە مەیمونی دەچوی ئێستا بە یەکجاری بویە (شێخ مەیمون) بو بە پێکەنین و شێخ محەمەد گۆتی سالار بەس شتێکم لۆ بکە دەموچاوم پێوە دیار نەبێت زۆر مەمنونت دەبم.! ئەو شتە لە توانای من نەبوو دەبوایە بچێتە نەخۆشخانەیەك بۆیە وتم بیگەینە (نەغەدە) جارێ گەرما و گەرمە و هەستی پێ ناکات نەوەك شتێکی لێ بێت ئیتر ئەوە بوو شێخ محەمەد یان ناردەوە نەغەدەو ماوەی سێ مانگ لە ژووریماڵیان نەهاتە دەرێ تاکو تۆزێك چاك بۆوەو شوێنی سوتاوەکان دیار نەمان.

## گوێزراینەوە  گوندی گاڕانەی مەرگەوەڕ

لە بەهاری ساڵی ١٩٨٢مام غەریب سەردانێکی بارەگای مەکتەب سیاسی کرد کە گەڕایەوە وتی لەسەر داوای کاك ئیدریس ئێمە نەقڵ کراوین بۆ بارەگای مەکتەب سیاسی وەکو هێزێکی تایبەت سەر بە مەکتەب سیاسی گوندی(گاڕانەش) دیاری کراوە بۆ مان کە بارەگای لێ دابنێن، ئەوە بوو بارگە و بارەگامان کۆ کردەوە و  چووین بۆ (مەرگەوەڕ) و گوندی (گاڕانە) کە لە ورمێیەوە دەچووی گوندەکە کەوتبووە باشووری ڕێگاکەوە ڕێگاکە بە تەنیشت گوندەکەدا تێدەپەڕی و تاکو دەچووە ئۆردوگای زێوە. لە باکوری گوندەکە تەختاییەکی لێ بوو، بەڵام هیچ ئاوەدانی لێ نەبوو تەنیا یەك ماڵی لێ بوو لە دووری جادەکە، لە پشت ئەو ماڵە خانووێکی بەتاڵ هەبوو ئیتر لە پشت ئەو خانوە چەند سەدمەترێك دەڕۆیشت دەبوو بە شاخێکی بەرز دەیانگۆت سەر ئەو شاخەی سنووری(تورکیا و ئیرانە).

ئێمە لەو خانووە بەتاڵە بارەگاکەمان دامەزراند، خەڵکی ئەم دێیە یەك تیرەو عەشیرەت نەبوون تیکەڵەیەك بوو لە هەرکی و دۆسکی و شکاك و.هتد.، دیار بوو ئەو ماڵەی خوار ئێمە وا پێدەچوو کێشەیەکی دوژمنکاریان بوبێت دەوری ماڵەکەیان بە تەل تەلبەندکردبوو، سەگێکیان هەبوو ئەوەندەی گۆلکەکی گەورە، گەورە بوو هەر زەلامی قوتار نەدەکرد، هەر چەکدارێکیش بە تەنیشتدا بچوبایە دەبوایە چەکی لەدەست نەبێت و بە شانییەوە بێت، ئەگینا ئەو کەسەی لە خرت و خۆڕێ وەردەدا.! زۆر جار من تاقیم دەکردەوە چەکەکەم ڕوو لە ئاسمان دەکردە شانم ئەو ڕێگای پێ دەگرتم و هەر حەپە حەپی دەکردوو دەوەڕی، وەك ئەوەی پێم دەڵێ زوو چەکەکەت ڕوو لە زەوی بکە ئەگینا خراپت بەسەر دێنم.!!

ڕۆژێکیان،پیرەمێردێك هاتە لامان تەمەنی لە سەروو حەفتا ساڵ دەبوو، جەستەیەکی بچووک و زەعیفی هەبوو، سپیلکەی لوت باریك بوو چاوێکی شینی هەبوو، ئەو پیرەمێردە هەر لە یەکەم ڕۆژی چونمان بۆ ئەوێ زوو زوو سەردانی دەکردین حەزی لە مەجلیسی۔ گەر پێشمەرگەکان هەبوو، ئەو ڕۆژە کە هات وتی

لەو شاخە کوارگی چاکی لێیە ئەگەر دوو گەنەجمە لەگەڵ بێت دەچین یەك فەردە کوارگی دەهێنین، پێشنیار کرا من و کامەرانی مام غەریب لەگەڵیدا بچین بۆ بەیانییەکەی کاژێر ٦ی بەیانی خۆمان حازر بکەین و ئەویش بێت لەگەڵیدا بچین بۆ شاخ، ئێمە تێمان ڕانەدەدیت ئەو پیرەمێردە جەستەی بچووک و لاوازە بگاتە سەر ئەو شاخە بەرزو سەختە.!

پێم باشە بگەڕێمەوە سەر بابەتەکە کە لە سەرەتا ویستم باسی لێوە نەکەم، بەڵام کە بیرم لێ کردەوە ئەمەشیان لە ژیانم ناکرێت نادیدەی بگرم لە سەرەتای ساڵی ١٩٨١ دوای کۆتایی هاتنی شەڕی حاجی ئۆمەران بارەگای ئێمە لە گوندی (قەمتەران)کە دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای شاری(خانێ) لە ژێر چیایی(کانی خوا) بوو، بارەگایەکی هێزی کاك عەلی شەعبانیش لە وێ بوو کە(تانجۆ و عمرمەلازادە) سەرپەرشتیان دەکرد ڕۆژێکیان کەسێك هات نامەیەکی دایە دەست باوکم وتی ئەمە بۆ تۆ هاتوە، ئەویش کردیەوە و خوێندیەوە نامەکە هی مامم عەبدولواحید بوو کە لە شاری(قەزوین) دادەنیشت، من بەم شتانەم نەزانیبوو، مامم واحید دوو کچی هەبوو بە ناوەکانی(شیلان و پەیمان)، دیارە کاتی خۆی باوکم داوای لە مامم واحید کردوە کە شیلان بدات بە من، دایکی شیلان تورکمانی هەولێر بوو ئەو زۆر لەگەڵ ئێمە تەبا نەبوو بە ئێمەی دەگوت (کرمانجینە).! کەچی خۆشی ژنی کرمانجێك بوو.! دیارە ئەم شتە ببووە هۆکاری تێکچوونی نێوانیان و مامم غەریبیش لەسەر ئەم شتە لێی تورە بوو، ئەو لە نامەکەی داوای لێبوردنی کردوو شیلانی دابوو بە کوڕێك بە ناوی (عەلی) کە خەڵکی شەقڵاوە بوو، بەڵام پەیمان لە ماڵەوە مابوو داوای لە باوکم کردبوو وەك نییەت پاکیەك لە داوای لێبوردنەکەی پەیمان دەدات بە من، ئەگەر باوکم و مامم غەریب ڕازی بن.

باوکم نامەکەیدا بە مام غەریب ئەویش خوێندیەوە وتی کاکۆ با پیاسەیەك بکەین منیشیان لەگەڵ خۆیان برد بۆ پیاسەکە ئەم بابەتەیان باس کرد، من لە شەرمان هەنگاوەکانم هێواش کردنەوە هەندێ خۆمم بە دوا خست بەس گوێم لە

قسـەکانیان دەبـوو مـامم غەریـب دەیگـۆت، ئەگەر چـی ئەو نـامەیە نیشـانەی پەشیمانی و تۆبە کردنە بەس بەو خوایەی ئـێمەی خەڵـق کـردووە هەرگیـز بـاوەڕم پێی نایەت ئەو سیفەتی ڕێوی هەیە لەگەڵ ئەوەشدا ئەو برازامە و برای تۆشە.

بچۆ سەردانەکی بکە ئەگەر وەزعەکەت بە دڵـی بـوو و گەیشـتیە قەنـاعەت بە نیەت پاکی ئەو داوایەی کردوە ئاوی لێ مەخۆوە پەیـمانی لە سـالاری مـارە ببـڕە و وەرەوە ئێرە ئیتر ئەوە بوو بەیانییەکەی ئێمە واتا من و باوکم گەڕاینەوە ماڵ شـەو باوکم ئەم بابەتەی لەگەڵ دایکم باس کـرد ئەویـش وتی گەرچـی مـن مـتمانەم بەم ئیشــە نیــیە بەس بە ڕای خــۆت ئێســتا ئەگەر هەر قســەیەك بــکەم دەڵــێن ئەو دوبەرەکی لە نێوان برایان دروست دەکات بۆیە هەر بڕیارێك دەدەیت بیدە مـادام مام غەریبیش وای پێ باش بووە بچۆو بزانە ئەو مەوزوعە کووە چیت پێ باش بوو وابـکە. بەیـانییەکەی ئـێمە چـووینە گەراج و دوو تکتیـی پاسـمان بـڕی بـۆ تـاران، چونکە بۆ قەزوین نەبوو دەبـوایە بـۆ تـاران تکـت ببڕێـت کە گەیشـتینە قەزویـن دابەزیتایە. شەهید سەردار لە تاران ئیشی دەکرد ئەو لە مـاڵی (شـەهرەزادی) مـام غەریـب دەمـایەوە، جارێکیـان چـوومە سـەردانی ئەو، ئەو ڕۆژە لەگەڵ کۆمەڵێـك کرێکار حەمبالی بازاڕ بە شەڕ هاتبوو، لای کەسـێك کـاری دەکـرد ب نـاوی (عەلـی توتونچی) دوکانی جوملەی پێڵاو فرۆشتنی هەبوو ئەو کەسـەی کـارتۆنی پێڵاوەکـانی دەخستە سەر یەکتری تاکو سەقفی عەنبارەکەیان ئەو واتا سەردار بە حەمباڵەکـانی وتبوو لەسەر خۆ کارتۆنەکان داگرن با نەشکێن، چونکە بۆ شـارەکانی تـری ئێـران بە ڕێیان دەکەین، حەمباڵەکانی (تورك و لوڕ) بوون، ئەم دوو هۆزەش لە بازاڕی تـاران کەس نەدەوێرا خۆیان لێ بدات زۆر شەڕانی و تورە و توند بوون، لە هەمـان کاتـدا جەســتەکانیان گەورە و بە هێــز بــوو، ئەو حەمبــاڵانە بە قســەکەی ســەرداریان نەکردبـوو لەو بەرزیـیەوە کارتۆنەکانیـان فـڕێ دابـووە خـوارەوە و شـکاندبوویان لەگەڵ سـەردار ببـوو بە دەمەقاڵێیـان و دواتـر شـەڕ لە نێوانیـان ڕویـدابوو، ئەوان

هەشــت نەفەر بــوون ســەرداریش بە تەنیــا بــوو، ئەوان بە تەمەن گەورە تــر و سەرداریش مێرد منداڵ بوو.!

وەکو لە پێشوتر ئاماژەم پێ کردووە سەردار یاریزانی( کۆنـگ فـۆ) بـوو خـاوەنی (پشتێنی ڕەش) بوو کە دەبێـتە شـەڕیان بە هەموویـان هێـرش دەبەن بـۆ سـەردار ئەویش ناکاتە نـامەردی بە بـۆکس و لەقە و دار هەموویـان یـخ دەکـات و سـەرو گێلاکیـان دەشـکێنێ پـۆلیس دێـت و هەموویـان دەبەنە (کلانـتەری) واتە بـنکەی پۆلیس، هەر دوای شەڕەکە من گەیشتمە ئەوێ، وتیان(ستار کوردە) شەڕی کردووە و بردوویـانە بـۆ بـنکەی پـۆلیس، منـیش بە ڕاکـردن چـووم بـۆ ئەوێ، چـوومە نـاو بنکەکە نەفەرێك وتی تۆ کێیت و چیت دەوێـت. وتـم بـرای ئەو کـوڕەم کە شـەڕی کردووە وتی تۆش شەڕت کردووە.؟وتم نەخێر من لێـرە نەبـوومە ئەویـش وتی بچـۆ ژوورەوە ئەوان لە ژووری ڕەئیسن کە چـووم دەرگـاکەم کـردەوە ژوورێـکی درێـژی شخارتەیی بوو دوو ریز کورسی لێ دانرا بوو سـەردار بە تەنیـا لە لایەك دانیشـتبوو ئەوانی تریش لە لایەکی تر دانیشتبوون، خـاوەن کـارەکەی سـەرداریش بە پێـوە لە پێش مێزی ڕەئیسەکە وەستا بوو، نەفەرە ڕەئیسەکە سەری بڵند کردوو وتی فەرموو بۆ هاتیتە ژوورەوە وتم. قوربـان ئەو کوڕەیـان بـرای مـنە شـەڕی کـردووە. مـن بە میوانی هـاتبووم بـۆ لای ئەو کەچـی وتیـان شـەڕی کـردووە و گیـراوە.ئەویـش وتی کەواتە تۆ لە شەڕەکە لێرە نەبویتە. بەڵـێ قوربـان وایە مـن لێـرە نەبـویمە. پاشـان ئیشارەتێکی بۆ ئەو سەری ژوورەکە کردوو وتی بچـۆ لەسـەر ئەو کوورسـیە دانیشـە منیش وام کرد.!کە سەیرم کرد سەردار هیچ شوێنێکی خوێناوی نەبوو هەر دەتگۆت تازە ئوتوو کراوە و پاك و خاوێن بوو لە کەسـێك نەدەچـوو تـازە شـەڕی کردبێـت، سەیری ئەوانی ترم دەکرد هەموویان سەر و گێلاکیـان خوێنـاوی و نـاڵەناڵیـان بـوو سێ کەسیان سمێڵ بابڕبوون و چاو زەق پیاو هەر زەندەقی لێیـان دەچـوو باڵیـان هەموو کوترا بوو نووسینی سـەیر سـەیریان لەسـەر بـوو، زیـاتر لە لات و شـەقاوە دەچـوون نەك حەمبـاڵ.! ئەفســەرەکە پرسـیاری لـێ دەکـردن و لە سەرداریشیـ

دەپرسی، پاشان هەڵسایە سەر پێ و لەو بەینە پیاسەی دەکرد و سەیرێکی سەرداری دەکرد و بزەیەکی دەهاتێ پاشان ڕووی وەردەگێڕا سەر ئەوانی تر و نێو چاوانی خۆی لێ گرژ دەکردن. ماوەیەك بەم شێوەیە هات و چۆی دەکرد پاشان ڕووی لە حەمباڵەکان کردوو وتی دەبێ ئەم کوڕە عەفوو بکەن.!

ــ قوربان چۆن عەفووی بکەین ئەو هیچی لە ئێمە نەهێشتووە

ــ هەر لەبەر ئەمەیە کە دەڵێم دەبێ عەفووی بکەن

ــ ئەو سەری ئێمەی شکاندووە هەموو جەستەمان شین و مۆر هەڵگەڕاوە هێشتا ئێمە عەفووی بکەین

ــ بەڵێ ڕاستە دەبێ عەفووی بکەن ئەگینا هەموتان دەخەمە زیندانەوە.

من ئەو هەڵوێستەی ئەو ئەفسەرەم لە لا سەیر بوو. بەس ئەو پێشتر بە منی وتبوو بچۆ لە وێ دانیشە و بەس بینەر بە هیچ قسەیەك مەکە. هەر بۆیەش بێ دەنگیم هەڵبژاردوو ئەگەرچی حەزم دەکرد هەندێك قسە بکەم، من لەوە دەترسام کە سەردار زیندانی بکرێت، ئاخر زۆر خراپ لەو کەسانەی دابوو.!! پاشان ئەفسەرەکە ڕووی لە یەکێك لە سمێڵ بابڕەکان کردوو وتی تۆ شەرم دات ناگرێت بەس سمێڵەکانت هەندی ئەو کوڕەی دەبێت و لێدانت بە دەستی ئەو خواردوە.!کابراش سەری خۆی داخست. پاشان دووبارەی کردەوە وتی دەبێت ئەم پاڵەوانە عەفوو بکەیت و بەڵێننامەش بنووسن کە هیچتان لەگەڵی نەبێت لە دواڕۆژ ئەگەر نا من لێتان نابوورم.سەیرێکی سەرداریان کردوو درێژەی بە قسەکانی داو وتی. مناڵێك بەو تەمەنە بچووکەی بتوانێ شەڕی هەشت پیاوی گەورە بکات و لە هەموویان بدات و خۆشە هیچی بەر نەکەوێت شایستەی زیندانی کردن نییە.! من دەست خۆشی لێ دەکەم کە ئەوەندە بەغیرەتە دەسا وەڵاهی هەر ئێستا عەفووی نەکەن هەموتان دەنێرمە زیندانەوە.!

ناچار ئەوان ڕازی بوون کە عەفووی بکەن و بەڵێن نامەکە پڕ بکەنەوە.پاشان وتی هەموتان تۆقە بکەن لەگەڵ ئەم کوڕە و پێی بڵێن عەفوومان بکە. ئەوانیش وایان کرد.ئینجا وتی ئێوە بڕۆنە دەرەوە، پاشان ڕووی لە سەردار کرد وتی زۆر سەرسامم بە تۆ دەزانم تۆ لە وانت داوە ئەوان بریندار بوونە و تۆ تاوان باری بەو شتە، بەڵام منداڵێك لە تەمەنی تۆ بەو هەموو غیرەتە تاوانە بخرێتە زیندانەوە. بۆیە لە ئێستاوە هەر کەسێك تەحەدای لێت کرد مەترسە و بە دەردی ئەوانەی ببە تا من لەم بنکەیە بەرپرس بم ترسی هیچت نەبێت.! ئافەریم کوڕی خۆم دەی هەستە بچۆرەوە سەر کارەکەت پاشان بە خاوەن کارەکەی وت (عەلی ئاغا) ئەم کوڕە کوردە پاڵەوانی ناو بازاڕە تۆ ئاگاداری بەو کەس کێشەی بۆ دروست نەکات.

کاژێر ٣ی بەیانی گەیشتینە قەزوین چووین بۆ ماڵی(عەبدوڵلا مام غەریب) ئاخر ئێمە ماڵی مام واحیدمان پێ نەدەزای لە وێ پشوویەکمان داو کاژێر هەشتی بەیانی لە خەو هەڵساین، ئەو ڕۆژە هەینی بوو عەبدوڵلا لە ئیش نەبوو، نان و چایەکمان خواردوو بۆ نیوەڕۆ چووینە ماڵی مام واحید، ئەو کە باوکمی دیت دەستی کرد بە گریان و پڕی دایە دەستی باوکم، ویستی ماچی بکات، بەڵام باوکم نەیهێشت. دوای نیوەڕۆکەی باسی نامەکە هاتە گۆڕێ، ئەو وتی من هیچ ناڵێم تۆ خۆت چۆنت پێ باشە وابکە من ڕازیم، ئەوە بوو ڕێککەوتن کە مارەی پەیمان لە من ببڕن.! ڕۆژی دواتر ئێوارەکەی مارەیان بڕین لە یەکتر پاشان چووین لە بازاڕ ١٥ مسقاڵ زێڕمان کڕی و لەگەڵ هەندێ جلوبەرگ. ئێمە نزیکەی یەك حەفتە لە وێ بووین مام واحید وتی سالاری مەبەوە مادام مزەمیدە من کەسێك دەناسم نەخۆشخانەی تایبەتی هەیە پێی دەڵێم سالار لە وێ دابمەزرێنێت باوکیشم بەوە ڕازی بوو، بەیانی چووین بۆ ئەو نەخۆشخانەیە بەڕێوبەرەکەمان دیت دیار بوو برادەرایەتیان لەگەڵ مامم زۆر گەرم و گوڕ بوو، ئەو وتی مادام برازای تۆیە برازای منیشە.! ناوی نەخۆشخانەکە(بنکەی تەندروستی شەوانە ڕۆژی سپە) بوو کە دەکەوتە شەقامە (سپە) لە قەزوین بەرانبەر قایمقامیەتی ئەوسای قەزوین بوو. من

لەو شوێنە کرام بە بەرپرسی ژووری دەرزی لێدان و تەداوی. ئەو خاوەن کارە بە منی وت تۆ حەقی کەست نییە، هەر کێشەیەکیش هەبوو جوابی کەس مەدەوە، وەرە بۆ لای من و وتی من حەفتەی دوو ڕۆژ لێرەم پێنج ڕۆژەکەی تر لە تارانم، ئەوەش ناو نیشانی منە لە تاران ئەگەر کێشەت هەبوو وەرە ئەم ناو نیشانە و بە من بڵێ، منیش وتم باشە ئیتر وتی لە بەیانییەوە وەرە دەوامت بانگی بەرپرسی ئیدارەکەی کرد، هەر لە سەرەتاوە هەستم کرد ئەو ڕازی نییە بەو شتە، چونکە دیار بوو کەسی دەست نیشان کراوی خۆی هەبوو، ئافرەتێك کە دیار بوو ناسیاوی ئەوە پێی خۆش بوو ئەو ئافرەتە لە شوێنی من بێت. دیارە پێشتر ئەو پێشنیاری کردبوو، بەڵام ڕەزامەندی لەسەر نەدرابوو، زانیم ئەو کەسە کێشەیەکم بۆ دەنێتەوە بۆیە پێم وت، من کارمەندم تۆ برا گەورەیت ئەو ئافرەتەش خوشکی منە و کارمەندی ئێرەیە دڵنیابە هیچ گرفتێك نایەتە ڕێ، من دەسەڵاتی تەواو دەدەم بەو ئافرەتە تۆ خەمی ئەوەت نەبێت. ئەگەرچی ئەو لە دڵەوە بیری لە شتێکی تر دەکردەوە، بەڵام دواجار وتی بۆ من جیاوازیتان نییە و بە یەکەوە کارەکان بکەن.

ڕۆژێکیان ئافرەتێکی نەخۆشیان هێنا دیار بوو لە پشت پەردە لەسەر قەرەوێڵەیەك درێژیان کردبوو هەر هاوار هاواری بوو، منیش چووم بزانم چیە ئەو ئافرەتە پەرستارەکە دەیویست مغەزی بۆ ببەستیت هەموو دەستی کون کون کردبوو نەیتوانی بوو کانولەی بۆ ببەستێت ژنەکەش هەر هاواری دەکرد وەرن ئەم دەعبایەم لە کۆڵ بکەنەوە ئەو ئەمنی کوشت، منیش وتم ئەمە چی بووە. ژنە پەرستارەکە ئەو ژنە بوو کە دەیانویست لە شوێنی من دای بنێن، هاتە وەڵام وتی دەمارەکانی خوێنی زۆر وردن و لە قوڵای پێستەکەیەتی بۆم نادۆزرێتەوە منیش وتم ئادەی ڕێگای من بکە با من هەوڵی بۆ بدەم. ئەو کشایەوە هەر بەڕاستیش دەستی ئەو ژنە هیچ دەمارێکی تێدا نەدەبینرا بەستنی کانولە بۆ ئەم جۆرە کەسانە زۆر بە ئەستەمی دەکرێت و ماندوو بوونێکی زۆری پێویست دەبێت.

مـن هەوڵـی خۆمـدا دوای یەك دوو جـار هەوڵـدان دەمـارەکەیم دۆزیەوە و کانولەکەم بۆی بەستا کە ژنەکە زانی کانولەکەی بۆ بەسترا و مـغەزیەکەی لـێ قـایم کرا، دیسانەوە دەستی کردەوە بە جنێودان بە ژنە پەرستارەکە منیش زۆر هەوڵمدا بێ دەنگی بکەم، بەڵام بۆم نەکرا، بۆیە بە جێمهێشت و چوومەوە ژوورەکەی خۆم کە چووم پەرستارەکە لە وێ دانیشتبوو، منیش وتم(خـانم)بۆ جـارێکی تـرت ئەگەر بابەتی لەم شێوەیەت هاتە بەردەست و زانیت بۆت نابەسترێت دەستکاری مەکە و وەرە لام و پێم بڵێ با توشی حاڵەتی تری لەم شێوەیە نەبینەوە، چونکە بۆ ناوبـانگی ئەم بـنکە پزیشـکیە بە خراپـی دەگەڕێـتەوە. ئەویـش وەك ئەوەی لە هەنـجەت بگەرێت وتی باشە باش دوو ڕۆژە هاتووی بۆ ئێرە خـۆت لـێمان کـردوە بە هەمـوو کارە تۆزێ بوو بە دەمەقاڵـیمان ئەو بە گریـان چـووە لای بەر پرسـەکەی ئیـدارە و ئەویش هـات بـۆ لای مـن و بـوو بە کێشـەمان، نەخۆشـەکانیش لایەنگـری منیـان دەکرد، ئەو کەسانەی لەگەڵ ژنە نەخۆشەکە بوون دووبارە گریان گـرتەوەو لەگەڵ بەرێـــوبەرەکەی ئیـــدارە بـــوو بە شـــەڕیان خەبەر گەیشـــتە تـــاران و خـــاوەنی نەخۆشخانەکە، ئەویش وتی بەیانی وەرە بۆ ئیرە بـزانم چـی ڕووی داوە. شـەوەکەی چوومەوە ماڵی مام واحید. باوکم وتی بەیانی دەچـمەوە نەغەدەی. مـامم وتی ئەدی لۆ پەیمانیش لەگەڵ خۆت نابەی با ئاو و هەوایەك بگۆڕێ و مـامۆژن و ئەوانیشی ببینێ و دوای چەند ڕۆژێکی تر بەحـوۆم دێـمە دوای و دەیهێـنمەوە باوکیشـم ڕازی بوو بەوەو وتی باشـە دەیـبەم بـا خـۆی حـازر بکـات بەیـانی لەگەڵ خـۆمی دەبەم. ئەوان دەبوایە بچنە تاران و لە وێ سواری پاس ببونایە و بچـنەوە نەغەدەی. بـۆیە بەیانی زوو هەڵسان و چونە تـاران، بەڵام مـن بـاسی ئەو شـەڕەم نەکردبـوو بۆیـان، هۆکارەکەشی ئەوە بوو نەمدەویست وا بیر بکەنەوە کە لە سەرەتاکانی ئیش کردنم توشی کێشەو شەڕ بوویمە، بۆیە منیش کاژێر دەی بەیانی هەمان ڕۆژ چوومە تاران و خاوەنی نەخۆشـخانەکەم بینـی و بـابەتەکەم لەگەڵـی بـاس کـرد ئەویـش وتی تـۆ بچـۆرەوە سـەر کـارەکەت منـیش بەیـانی دوای نیـوەڕۆ دیـمە ئەوێ و چارەسـەری دەکەم. بەس ئەمڕۆ مەچۆرە سەر کارەکە با کێشەکە گەورەتر نەبێت بەیـانی کـاژێر

چواری ئێواره له وێ ئامادەبە. منیش وتم باشه، پاشـان وتـم هەر هـاتووم بـا بچـم سەرێك بدەم له سەردار ئەوه بوو چوومه دوكانەكەی ئەوان تا ئێواره له لای بـووم ئێواره چووینەوه ماڵی شەهرەزادی ئامۆزام ئەو كه منی دیت پرسی ئەوه لێره چـی دەكەیت.؟ منیش نەم گوت شەڕم كردوه بۆیه وتم هاتووم سەرێ بـدەم له ئێـوه و سەردار، ئەو وتی باوكت و پەیمان لێره بوون كاژێر سێی پاش نیوەڕۆ چـوونه گەراج بــۆ نەغەده به ڕێكەوتــن، وتــم وەڵا ئاگــام له وان نیــیه. وتی بــۆ لەگەڵ ئەوان نەهــاتبووی.؟ ئەمنـیش وتـم نەخێـر مـن له پـاش ئەوان هــاتبووم. بەس مـن كه هاتبووم مامم چوبوو بۆ دەوام ئەو مامۆستا بـوو له قوتابخـانه. منـیش بـۆ ئەوەی ئەو خەمی منـی نەبێـت و تەنگـاو نەبێـت دوو دێـرم لەسـەر كاغەزێـك نـووسی و لەسەر مێـزەكەی ئەو له ژوورەكەی خـۆی بـۆیم دانـا، بەم شـێوەیه بـۆیم نووسـی بوو(مامی بەڕێزم سڵاو. نەم دەویست باوكم بەو شته بزانێت مـن هەنـدێ شـەڕ و ناخۆشیم لەگەڵ بەڕێـوبەری ئیـداره بـۆ دروسـت بـوو، خـاوەنی نەخۆشـخانەكه به تەلەفۆن وتی وەره بۆ تـاران تـا بـزانم چـی ڕووی داوه. بـۆیه مـن چـووم بـۆ تـاران ئینشاڵلا شەو دەگەڕێمەوه. ئەو كه نیوەڕۆ له دەوام گەڕایەوه چووبـوه ژوورەكەی خۆی و نامەكەی منی دیتبوو. بۆ مامۆژنمی خوێنـدبۆوه هەردووكیـان گەیشـتبوونه ئەو ڕایەی كه ئەمه پیلانه و مام غەریب دایڕشتووه بـۆ ئەوەی منـیش بگەڕێـمەوه نەغەده و ئیتر پەیمان نەهێنینەوه بۆ قەزوینـی. منـیش لەسـەر داوای سـەردار كه داوای لێكردبوو ئەو شەوه له لای ئەو بمێنمەوه. مـامەوه له تـاران ئاگـاداری هـیچ شــتێكیش نەبــووم، به خەیــاڵی خــۆم بــاوكم لەگەڵ پەیــمان بەرەو نەغەده به ڕێكەوتوون، هەر واش بوو ئەوان به ڕێكەوتبوون، بەڵام مام واحید چووبووه سـەر ڕێگایـان له پۆڵیسیـ ڕێگـای(قەزوین ـ زنجان)كاتێـك پـاسی نەغەده دەگـاته ئەوێ دەچێته نـاو پاسـەكه ڕوو له پەیـمان دەكـات و دەڵێـت دابەزه دایكـت نەخۆشـە، پاشان ڕوو له باوكم دەكات دەڵێت سالار ڕۆیشتیه نازانم له كێندەره دوایی له مـن پرسیاری نەكەی. جگه له باوكم كۆمەڵێك كوردی تری عێراقی له ناو پاسەكه بوونه، بـاوكم وەزعـی تێكـدەچێت بەو كـردارەی مـامم پاسـەكه به ڕێ دەكەوێـت، ئەو

کەسانەی ناو پاسەکە واتا کوردەکان بە باوکم دەڵێن باشە بۆ تۆش دانابەزیت تاکو بزانی سالار چووە بۆ کوێ.؟ هەندێك لەو کەسانەی ناو پاسەکە ئێمەیان دەناسی لە نەغەدە هاوسێمان بوون باوکیشم پاسەکە ڕادەگرێت و دادەبەزێت بە سەیارەیەکی تر دەگەڕێتەوە قەزوین.! دەچێتە ماڵی عەبدوڵلا مام غەریب ئەوانیش دوێنێ خوا حافیزیان لێی کردبوو پێیان سەیر دەبێت کە گەڕاوەتەوە، باوکم هەموو مەوزوعەکەیان بۆ باس دەکات و ئەویش دەڵێت حەتمەن واحید شتێکی بەسەر سالار هێناوە. دەچێتە ماڵی واحید لەگەڵ عەبدوڵلا بە یەکەوە لە وێ دەبێتە شەڕیان دواجار باوکم لادەبەن و دەیبەنەوە ماڵی عەبدوڵلا.! منیش لە هەموو ئەو ڕووداوانە بێ خەبەرم.

بەیانییەکەی لە خەو هەڵسام و سەردار چوو بۆ سەر کارەکەی و ئەمنیش چوومە گەراج و دەوری کاژێر یازدەی پێش نیوەڕۆ گەیشتمەوە قەزوینی. چوومە ماڵی مام واحید من ئاگاداری هیچ نەبووم لە دەرگاکەم دا پەیمان دەرگاکەی کردەوە تووشی سەرسوڕمان بووم.! وتم ئەوە لێرە چی دەکەی ئەتوو لەگەڵ باوکم نە ڕۆیشتی.

ــ بێ دەنگ بە وەرە ژوورێ، شەڕ بووە.

ــ شەڕی چی کێ شەڕی کردووە.!

ــ وەڵا مامیان نەگرتبا کاکمی دەکوشت. ئەوان بە باوکیان دەگۆت کاکە.!

ــ ئێ لۆ لەسەر چی،چی ڕویداوە.

ــ کاکم هات لە پۆلیسی ڕێگا ئەمنی هێنا خوارێ.گۆتی نازانم سالار لە کێ یە.؟

ــ ئێ لۆ ئەتووی هێنا خوارێ.

ــ ئەمن نازانم پاشان مامم هات لە کاکم بدات، بەڵام لێ نەگەڕان مامم زۆر تورە ببوو.

ئەمنیش چوومە ژووری سڵاوم کرد. مـامم و مـامۆژن زۆر بە سـاردی وەڵامیـان دامەوە، مامم پرسی ئەتوو لە کێندەر بووی؟

منیش وتم بۆ تۆ نازانی لە کـوێ بـووم ئەدی نـامەم بـۆت بە جـێ نەهێشـتبوو. مەگەر نەتخیندەوە.!؟.

ــ با خیندمەوە بەس باوەڕم نەکرد. بۆیە چووم پەیمانم هێناوە.

ــ لۆ هێناتەوە هۆکاری چی بوو؟

ــ ئەمن وام زانی ئەتووش لەگەڵ وان دەچیە نەغەدەی و نایەوە ئێرە.

ــ باشە ئەتـوو بە خـۆت کچـی خـۆت داوە بە مـن بـۆ دەبـێ ئـێمە شـتێکی وا بکەین.!؟

ــ من نازانم.ئەمن ئەوهام فکر لێ کردەوە.

ــ ئەتوو هەر ئەوهات فکر کردیتەوە لۆیە هەمیشە کێشـەت هەبـووە لەگەڵ باوکم و مام غەریب.

ــ ئێ وتم بـابم لە کـوێیە.؟.ئەوانـیش وتیـان لە ماڵی(عەبـدوڵلا)یە. چـووم بـۆ ئەوێ ئەوانیش هەمـوو شـوێنێ لە دوام گەڕا بـوون بـۆ ئەوەی سـۆراغەکم بـکەن، بەڵام هیچیان دەست نەکەوتبوو. بۆیە باوکم تووشی سەر ئێشەیەکی تونـد ببـوو کە چاوی بە من کەوت یەکسەر هەڵسایەوە وتی ئەوە لە کێ بووی.؟

ــ لە تاران بووم.

ــ چت دەکرد لە تاران.؟

ــ کێشەیەکم بۆ دروست ببو چوومە لای خـاوەنی نەخۆشـخانەکە شـەویش لە لای سەردار مامەوە حەزی لێ بوو لە لای بم ئەم شەوە.!ڕووی لە عەبـدوڵلا کـردو وتی باشە کاکە ئەمن هەر ئاگام لەوە نەبوو دیتت واحیـد چـی کـرد، کـوو حەیـایی بردم. ئێمە لەم قسانە بووین سەرداریش هات بۆ ئەوێ دیـاربوو پێشـتر (عەبـدوڵلا

یان ئیبراهیم) تە لەفۆنی بۆی کردبـوو پێـی گوتبـوو کە بابـت لەگەڵ  واحێـد تـوشی کێشە بووەو واحید پەیمانی لە پـاس هێنـاوەتە خـوارێ و باوکیشـت شـەڕی لەگەڵ کردووە. ئیتر ئەوە بووە هـۆی ئەوەی کە بـاوکم بڕیارـدا بگەڕێـنەوە نەغەدە و بە سەرداریشی وت نابێت لەتاران بمێنیتەوەو دەبێ تۆش بگەڕێتەوە نەغەدە، چـونکە دەترسم و واحێد لەدەستی دێت شتێکت بەسەر بهێنـێ، بەم شـێوەیە جـارێکی تـر نێوانی ئێمەو مام واحێد ناخۆشی لێ کەوتەوە پەیوەندیەکان پچڕان.

دێینەوە سەرباسی پیرەمێرد و کوارگ، ئەم پیرەمێردە جگەرەی بە پەڕە کاغەزی دەپێچاوە. زوو زوو جگەرەیەکی دەپێچاو قـومی تونـد تونـدی لـێ دەدا، جەسـتەی جوڵەی زۆری دەکـرد، بەیـانییەکەی بەرەو شـاخ بە ڕێکەوتـین لە سـەرەتا ئـێمە لە پێش کابرای پیر دەڕۆیشتین تا گەیشتینە بناری شـاخەکە، لەوێ نـۆرەی ئەو هـات کە بە پێشـمان بکەوێـت، هەرچـی سـەیری شـاخەکەم دەکـرد و لە پیرەمێـرد ورد دەبومەوە عەقڵـم نەیـدەبڕی ئەو پیـرە پیـاوە سـەرکەوێتە سـەر ئەم شـاخە، بەڵام بابەتەکە پێچەوانە بۆوە.! ئەوپیرە وەکو سوسکە لەو بەرد بـۆ ئەو بەرد بـازی دەدا لە سەرکەوتن بۆ شاخ قاچەکانت نەدەدیتن، ئەو دەرۆیشت تـا لە چـاوی ئـێمە ون دەبوو، کاتێك ئێمە دەگیشتینە لای ئەو، ئەو پشوەکیشی وەرگرتبوو دوو جگەرەشی کێشابوو.!! بەئێمەی دەگوت ئێوە گەنجی سەر شەقام و ناو شـارن ئێـوە نـازانن لە شاخ ڕێ بکەن ئیتر وردە وردە سەرکەوتین تاکو گەیشتینە مێرگەك، ئـێمە هـیچمان نەدیـت مەبەسـتم کـوارگە ئەویـش دەیگـۆت ئەو مێـرگە پـڕە لە کـوارگ بچـن هەرکەسەو لە ڕاست خۆی کوارگ هەڵکەنـێ. مـن و کـامەران سـەیرێکی یەکترمـان کردوو وامانزانی پێمان ڕادەبوێرێ. ئەویش هەستی بەوە کرد بـۆیە تـۆپەڵە گیـایەك لە تەنیشـت قاچەکـانی مـن بـوو. هـاتەپێش و وتی ئەدی ئەوە چـیە.؟ بە قـاچی گیایەکەی وەلانا. سێ چوار کوارگی باشی لە ژێر دابوو ئەو وتی لێرە کوارگەکان دیار نابن دەکەونە ژێر ئەو گیایانە دەبێ بە وردی لێی بگەڕێین و بیـدۆزنەوە و هەڵـی بکەنـن. ئـێمە هەرسـێکمان خەریـك کـوارگ دۆزیـنەوە بـووین، بەڵام زۆر جـار

کـوارگێکمان نەدەدیـت و بەجـێ دەمـا. پیرەمێـرد هـاواری دەکـرد ئەوەتـان بە جێهێشت و هەڵی بکەنن ئەو لەو دووره دەتگۆت تەلیسـکۆبی پێـیە و کوارگەکـانی دەدیتن. ناوە ناوەش دەیگۆت ئێوە بگەنە تەمەنی من ئەگەر ئاوەکتـان نەدەنـێ لە تینوێتی دەخنکێن. کوڕە وەڵاهی ڕاستیشی دەکرد.! من لە ژیانمـدا پیرەمێـردی ئـاوا چوست و چالاکم نەدیتبوو تا دوا جار بانگی ئـێمەی کـرد و وتی وەرن بـزانن چـیم دۆزیوەتەوە.! کە چووین کوارگێك بوو قەبارەی ئەوەندەی سینییەکی مام ناوەنـدی چای هێنان دەبوو. ئەستوور و پڕ گۆشـت بـوو شـێوەی لە سـەیوانی بـاران دەچـوو شتێکی جوان و سەرنجڕاکێش بوو. وتی ئەمە نایخەینە نـاو گـونی دەشـکێت. مـن بە دەستم دەیگرم تاکو بارەگـا ئەمە بـۆ مامۆسـتا مەلا غەریـب دەبەمەوە. لای عەسر بوو گونییەکانیشمان نیمچە پڕ ببون لە کوارگ وتمـان ئیـتر بەسـە و بـا بگەڕێیـنەوە بەرەو بارەگـا چـووینەوە ئەو پیرەمێـردە کـوارگەکەی بە دەسـتیەوە گرتبـوو و لە پێشمان دەڕۆیشت و بە دەم ڕێگاوەش لاوك بە دوای لاوکی دەگۆت و ناوە نـاوەش بەستەیەك تێ هەڵدەکرد، کەسێکی زەوق خۆش و ڕوح سوك بوو. پێیـوە دیـار بـوو کە تەندروستیەکی باشی هەیە. یادی بەخێر بێـت گەیشـتینەوە بارەگـا لە پـێش ڕۆژ ئـاوا لە دورەوە جەماعەتمـان دیـتن کە لە پـێش بارەگـاکە وەسـتابوون و سـەیری شاخەکەیان دەکرد دیار بوو چاویان بۆ ئێمە دەگێڕا..کە ئێمەیان دیت ئیتر بڵاوەیان لێ کرد.

گەیشـتینە بارەگـا کـوارگە گەورەکە هەر لە دەسـتی مـامەی پیـر دابـوو. بە جەماعەت و مام غەریبی نیشـاندا ئەوانـیش سەرسـام بـوون بەو شـتە دەیـانگۆت هەرگیز شتی وامان نەدیوە.! باوکم وتی بیبەن لەو دوکانەی سەر جـادەکە بیکێشـن با بزانین چەندکیلۆیە یەکێك لە پێشمەرگەکان بـردی بـۆ کێشـانی، کە گەڕایەوە وتی سێ کیلۆ و دوسەد و پەنجا غرامە..بەڕاسـتیش زۆر گەورەبـوو دەبـوایە ئەوەنـدەی لێ دەرچێت ئەو ئێوارەیە ئەو کوارگەیان لێناو بە برنج خواردمان هەرگیـز شـتی وا بەتامم نە خواردبوو. لە گۆشتی بەرخیش بە تامتر بوو. ئێمە تـا ناوەڕاسـتی مـانگی

شەشی ساڵی١٩٨٢ لەو گوندە بارەگامان مایەوە لە ناوەڕاستی مانگی شەش لەسەر فەرمانی مەکتەب سیاسی بارەگامان گواستەوە(کیسەلاوە)کە گوندێکە دەکەوێتە باشووری شاری (شنۆ)ی ئێران و سەر ڕێگای(کێلە شین) بارەگای مەکتەب سیاسیش هاتە گوندی(شێخان)دواین گوندی سنووری شاری شنۆ کە بەرەو کێلەشین دەچویت، سەرکردایەتی بڕیاری دابوو، مەکتەبی سیاسی بگوازرێتەوە خاکی کوردستانی باشوور لە دەور و بەری(لۆلان) بارەگاکەی دابنێت گوندی(مارەمەلا)یان هەڵبژارد بۆ بارەگای مەکتەب سیاسی ئەم گوندە ڕاگوێزرا بوو تەنانەت یەك خانوشی لێ نەمابوو نوقتەیەکی حەرەسات هەبوو لە کێلەشین کە جیهازێکی بێتەلیان لا بوو ئەو نوقتەیە سەنتەری بە یەك بەستنەوەی هەر دوو دیوی ئێران و عێراق بوو بۆ هێزی پێشمەرگە و بارەگای مەکتەبی سیاسی، جەماعەتێکی لێ بوو بەرپرسەکەیان(ملازم عابد) ناو بوو، دیار بوو بە بێ ئەمر ئەو شوێنەی بە جێهێشتبوو ئێمە لە کیسلاوە جێگامان زۆر خۆش بوو، بەڵام کاتی بوو، دەبوایە ئێمەش بچین بۆ لۆلان.کاك ئیدریس داوای لە مام غەریب کرد کە بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك بە تەحدید ئەو وتی ١٧ ڕۆژ بچن لە کێلەشین شوێنی ئەو هێزە پڕ بکەنەوە دوای ١٧ ڕۆژی تر من هێزێکی تر دەنیرم و ئێوە دەگۆڕم. مامیشم ڕازی بوو بەوە، بارەگامان تێکناو بە پیکابی(حەمە ڕەشید) شنۆیی چووینە کێلەشین، ئەو حەمە ڕەشیدە کەسێکی قسە خۆش و نوکتەچی بوو. تەمەنی لە دەوری پەنجا ساڵێك دەبوو، ئەو پێشتر سەیارەیەکی جێبی هەبووەو هونەرمەند(حەسەن زیرەکی) لە گوند و شارەکان گێڕاوە سەربردە و بەسەرهاتی خۆشی حەسەن زیرەکی بۆ دەگێراینەوە کۆمەڵێك کاسێتی گۆرانیشی هەبوو دەیگوت لە لای کەس نییە تەنیا من هەمە. ئەو حەمە ڕەشیدە دۆستایەتی لەگەڵ ئێمەدا خۆش بوو. تا لەو سنوورە بوین هات و چۆی بەردەوامی بە ئێمە دەکرد. مانگی ٨ی/١٩٨٢ بوو لەو وەرزە گەرمە نیوەڕۆ بوو گەیشتینە ئەو شوێنە کەچی لە سەرمان هەڵدەلەرزین.! هاوین و ئەم سەرمایە باوەڕ نەدەکرا، تەنیا چادرێکی لێ بوو کە نیوەی لە ژێر خاك نرا بوو لە ترسی ڕەشە با نەوەك بیبا، ئێمەش چادرێکی ترمان لەگەڵ خۆماندا بردبوو،

ئەویشمان هەڵدا بۆ مەتبەخ و سەر شۆردن. کەویە بەفر لە دوری ٢٠ مەتری ئێمە دابوو، هەر دوای نیوەڕۆ کردی بە تەمومژێـك کە چـاو چـاوی نە دەدیـت کەش و هەوایەکی ترسـناك بـوو لە کەنـدێکی خـوار ئـێمە مەشـجەبی تەقەمەنی لە وێ دانـرا بوون بۆ ئەوەی بگوازرێنەوە لۆلان ئەو کاتە(سەرکیس ئاغا جان) کاتب بوو لەسەر ئەو مەشجەبە و ئاگاداری لێ دەکرد تا بەرەو ئێوارە دەچووین کەشـوهەوا ساردتر و دژوارتر دەبـوو، ئەو کـاتی زانیـان کە بـۆچی ئەو هێـزەی پـێش ئـێمە لەو شـوێنە بوونە جێگاکەیان بە جێهێڵاوە بەرگە گرتنی ئەو بارودۆخە ئەستەم بوو، بەڵام مامم دەیگۆت بۆ حەڤدە ڕۆژ بەڵێنم بە کاك ئیدریس داوە دەبێت تەحەمووڵی وەزعەکە بـــکەن، ئەو شـــوێنە هەوارگەی(مـــام ســـار و ســـورچی و خەیلانیـــان)بوو بەرانبەرمان(سپی ڕێزی) خەیلانیان بوو کێوێکی بەرزو بەردین بوو بەیـانییەکەی کە لە خەو هەڵسـاین تەمـومژ ئەو نـاوەی داپۆشـیبوو دەوری کـاژێر ١١ی نیـوەڕۆ تەمومژەکە بڵاوەی کردوو ڕۆژ هاتە دەرێ سـەیرێکی ئەو بنـارانەم کـردن بەڕاسـتی دیمەنی سەرسوڕهێنەری هەبوو کە گوێم لە زرینگەی گوڵینگی ملی مەڕەکان دبـوو دەنگی شوان و بانگە بانگی بەیانیان و دیمەنی ڕەشی ڕەشماڵکانم دەدیتن، هەستی هونەریم جوڵەی پێ دەکردم هەر لە خۆوە ئەو گۆرانییەم بۆ دەهات کە دەڵێت(با بچینە سەیران بۆ گەشتی ئەم ناوە. هۆبە بە هۆبە ڕەشماڵیان هەڵـداوە).!(بلـوێری شوانی لە بەرزی تەلانی..کیژ لەسەر کانی دینێتە سەماوە).!

مامم ئەحمەد باشوری لەگەڵ کاکەی مستۆ بەربەری نـارد بچـن دەورێـکی ئەم ناوە بدەن و بزانن ئەم ڕەشماڵانە کێن.؟ کە هاتنەوە کەسێکی جوان پۆشیان لەگەڵ بوو ڕانك و چۆخەرێکی شین و سپی خەت خەتی دەلینگ فشی لەبەردابوو دەتگۆت تازە لە ئوتوی داوە کڵاو و جەمەدانییەکی خڕی زۆر خـاوێنی لە سـەری بەسـتا بـوو سمێڵێکی ڕەشی قەترانی هەبوو ریشی دەتگـۆت هەسـانە لـوس تاشـیبووی، هـات و دۆقەیەکی لەگەڵ مامم کرد و پڕی دایە دەستی کە ماچی بکات، چاوەکانی پڕ ببـون لە ئاو.! ئەو کلاشینکۆفێکی جێشی شەعبی بێ قۆنداغی پێ بوو ڕەش وەکـوو مـاری

وابوو دارێکی زەرد و زێڕینی بە بریقەی پێوە بوو تاخمێکی شەش مەغزەنی لە خـۆی بەستبوو، بە مامی وت، مامە دەرێ نامناسیەوە. ئەویش وتی ناوەڵا نات ناسمەوە

ــــ ئەمن ئازیزم.

ــــ کامە ئازیز

ــــ ئازیزی ئامۆکەیی.

ــــ کوڕە وەڵا ڕاست دەکەیت. بزانە دەرێن چیا بە چیـا نـاکەوی، بەڵام چـاو بە چاو دەکەوێتەوە.

ئەو کەسە(عەزیز ئامۆکانی) بوو سورچی بوو خەڵکی گونـدی ئامۆکـانن سـەر بە نـاحیەی(حریر)، داپیـرێکی ئـێمە و داپیـری عزیـز خوشـك بـووینە خزمـایەتیەك لە نێوانماندا هەبوو. پاشان عزیز گۆتی ئەو هۆبە ڕەشماڵانە لێتان دیارە هەمـووی هـی خۆمانن لەگەڵ مامم کەوتە قسە کردن و وتی ئێـرە زۆر سـاردە وریـای خۆتـان بـن دەنا بەخوای ڕەبل عالەمین هەموتان نەخـۆش دەکەون. ڕاسـتی دەکـرد زۆر سـارد بوو لە مانگی ترێ و هەنجیر ئەو سەرمایە تونـدە لە یەکـتری نە دەچـوون، ئەمـن ئەو شەوە تا بەیـانی هەر لەرزیـم بە هـیچ گەرم نەدەبوومەوە(سـاقۆ)یەکی درێـژی پۆڵیسـیم هەبـوو ئەوەی وەك بەتـانی وایە خەنەیـی ڕەنـگە لە فلیمەکـان جـاران دەمتـــین ســـەربازە ڕوسی و ئەڵمانییەکـــان لە بەریـــان دەکـــرد شـــەوانە مـــن و جەماعەتیش هەر بەو ساقۆیە دەخەوتین من سێ بەتانیم لە ژێر خۆم دادەخسـت بە دوولایی و شەشیشم دەدا بە خۆما پێخەومان زۆر لە لا بوو، کەچی بەیانیان کە هەڵدەستاین سەر پشتمان خوزی لێ بـاریبوو، تەڕایـی دەیـدا لە پشـتمان، بە پەلە خۆمان نزیك سۆپەکە دەکردەوە کەچی هەر گەرم نەدەبوینەوە تـاکوو ڕۆژ وەدەر دەکەوت.!!سەرما تەنگی پێ هەڵچنیبوین، ئەو شوێنە بۆ مانەوە نەدەبـوو بەو بـێ ئیمکانییەتەی، ئەگەر خانوێك هەبـوایە و گەرم گـوڕ بـوایە دەکـرا مقـاوەمەی ئەو سەرمایە بکرێت، بەڵام لە چادرێکی پەڕۆی تەنـك کە دەرگـاکەی بەتـانییەکی تەنـکی

سـەربازی بێـت و گەرم کەرەوەکەی سـۆپایەکی قەزەمـی عەلائەدینـی ئێـرانی بێـت ئەسـتەمە ژیـان کـردن، بەڵام چـی بڵێـین ئەمە ژیـانی پێشـمەرگایەتی بـوو دەبـوایە بەرگەی بگـرین، هەر لە دووری بیسـت کیلۆمەترێـك لە خـوار ئـێمە خەڵـکی بە بێجامە و فانیلەی عەلاگە دەخەوتن و ژیانی ئێمەش بەو شێوەیە بوو، من کرابوومە بەرپرسی مەحەتەی بێتەلی کێڵەشین ئیشی ئەو مەحەتەیە گەیاندنی پەیامەکان بـوو لەو دیـو بـۆ ئەو دیـو بێتەلـێکی(٧٧)ی تەلەفـۆنیمان لە لا بـوو، ئەو کـاتە شـۆڕش جیهازی بێتەلی زۆر پێشکەوتووی نەبـوو کە لە مەودای دوور بیتوانـایە پەیامەکـان بگەیەنێت بـۆیە بە شـێوازی دەسـتاو دەسـت پـێ کـردنی پەیامەکـان دەگەیەنـرانە شوێنی مەبەست، نوقتەی بێتەلی ئێمە(پیرس) بوو چەند نوقتەیەکی تریش هەبوون لەو دیو و لەم دیو کە هەریەکەیان ناوێکیان لێ بوو وەك ناوەکانی(گارە ـ مەتـین ـ شیرین ـ سەفین ـ هتـد..)سـەرکیز ئاغـا جـان کە لە دۆڵێـك لە نزیـك ئـێمە، ڕۆژانە دەهاتە لامان بـۆ ئەوەی لە تەنیـایی دەرچێـت ئەو کـوردییەکەی زۆر بـاش نەبـوو هەموو جاریك دەیگۆت.

ــ کوڕە سالار ئەمن ڕەق بویمە مردم لە سەرمان.!

ئەمنیش دەمگۆت گوێ مەدەرێ.پارتی بەو لەسەر بەردی بە.

ــ وەڵاهی ئەتوو قەشمەری دەکەیت ئەمن ڕاست دەڵێم ئەنگـۆش سـەرماتان هەیە.!

ڕۆژانە بە تایبەت نیوەڕۆکان دەعوەت دەکراین لە هۆبە و ڕەشماڵەکان نـانێکی گەرم و گوڕ و خۆشمان دەخـوارد تەنیـا سـێ چـوار نەفەرێـك لە بارەگـا دەمـانەوە ئەوەی تر هەمووی دەچوون بۆ دەعوەتەکانی ئەو ڕەشماڵ نشـینانە زۆر دەسـت و دڵ کـراوە بـوون لە ڕووی پـێ دانی خـواردن هەر ڕۆژە و ماڵێـك حەیـوانێکی سـەر دەبڕی دەرخواردی ئێمەیان دەدا زۆر بەشیان خەڵکی دەوروبەری نـاحیەی حەریـر بـوون بـوو ئەوان مـامم و باوکمیـان بە بـاشی دەنـاسی بە حـوکمی ئەوەی ژیـانی پێشـمەرگایەتیان لە نزیـك ئەو سـنوورە بـوو بە تـایبەتیش لەو سـاڵانە کە مـامم

غەریب بەرپرسی لێژنەی ناوچەی شەقڵاوەی پارتی بوو، ئێمە ڕۆژەکانمان دەژماردن تاکو بزانین ١٧ ڕۆژەکە تەواو دەبێت و بەدل دەکرێن، کەچی بوو بە بیست ڕۆژیش هەر بەدیلی ئێمە نەهاتن، ئەو کات هەندێ چەکی کلاشینکۆفی سیخۆی قۆنداغدار بۆ شۆڕش هاتبوو نەمانزانی لە چ ڕێگایەکەوە گەیشتۆتە دەست شۆڕش دیار بوو دابەش کرابوون بە سەر هێزەکاندا ئێمەش چوار پێشمەرگەی بێ چەکمان هەبوو(کاکەی مستۆ بەربەری ـ شێخ محەمەد ـ کوردۆی عەوڵا بەگ) چوارەمیان نازانم کێ بوو نایەتە بیرم هەر نقە نقیان دەکرد، کە بۆچی چەك نادرێت بە ئێمەش.!

لە ڕاستیدا حەقیشیان بوو، ئەوان بە چەکی ئەوانەی تر حەرەسیاتیان دەگرت، بۆیە مام غەریب بانگی منی کرد وتی  نامەیەك دەنووسم بۆ کاك ئیدریس بچۆرە شێخان و بیدە دەست خۆی، منیش وتم باشە شێخ محەمەد و کاکەی مستۆ بەربەری وتیان ئێمەش لەگەڵتا دێین، ئەوانیش خۆیان ئامادە کرد و بە سەیارەیەك هاتینەوە شێخان پرسیاری کاك ئیدریسم کرد وتیان ئەوەتا لە ناو ئەو باغە سێوەیە، منیش چووم بۆ ئەوێ لەگەڵ دکتۆر محەمەد ساڵح جومعە پیاسەی دەکرد هەر لە دوورەوە چاوی بە من کەوت وتی هاا تەشقەڕچی ئەوە لێرەی، ئەو بە تەشقەرەچی بانگمی دەکرد نێوانمان خۆش بوو، وتم قوربان نامەیەکی مامم پێیە بۆ جەنابتانە، نامەکەی لێ وەرگرتم، من دەمزانی چی تێدا نوسراوە دوو خاڵ بوو یەکەمیان دابین کردنی چەند پارچە چەکێك دووەمیان بەدل کردنمان لەو شوێنە و بێزاری جەماعەتی دیاری کردبوو کاك ئیدریس نامەکەی خوێندەوەو سەیرێکی منی کرد و وتی وەرە لەگەڵمدا.چوە ناو ئەو خانوەی کە شوێنی حەوانەوەی خۆی بوو لەسەر جێگاکەی خۆی دانیشت کە بەتانییەك ڕاخرا بوو بە دوو لایی بالیفێکی لەسەر بوو لەگەڵ بەتانییەکی شینی گوڵ گوڵی ئەوە هەموو جێگای خەوتنی ئەو و شوێنی ئیش کردنی بوو جانتایەکی ڕەشی بچووکی دیبلۆماسی لە پێش جێگاکەی بوو کە کاغەز و قەڵەم و پێداویستی ئیشی ڕۆژانەی ئەوی تێدا بوو، جانتاکەی کردەوەو

وەڵامی نامەکەی نوسیەوەو بە کاغەزێکی تری پێچایەوەو دایە دەستی من وتی سڵاو بیگەیەنە بە جەماعەت، ئەو نامەیەش بدە بە مامت ئینشاڵلا هەموو شتێك بە دڵی هەموان دەبێت.

کاغەزەکەی بە تیپ بەستایەوەو دایە دەستم، خواحافیزیم لێ کرد و بە دەم خواحافیزیەوە وتم کاك ئیدریس جەماعەت زۆر ماندوون هەموویان لە سەرمان لێویان تەقیوە، مامم نەخۆشە و توانای بەرگری کردنی ئەو سەرمایەی نیـیە بەس لەبەر ئەو بەڵێنەنەی بە تۆی داوە ئەو شوێنە بە جێناهێلێت ئەگەر چارەسەرێك بکرێت خراپ نییە.

ئەویش وتی کاك مەلا غەریب کادیرێکی دڵسۆزی حزبە دڵنیام لەوەی کە قوربانی دەدا بە خۆی و بەرژەوەندی حزب لەبەر چاو دەگرێت. دە بڕۆ جوابەکەی بۆ ببەوەو تەشقەرەی تریشم پێ مەکە.! پاشان دەستی کرد بە پێکەنین. منیش هاتمە دەرەوە کاکە و شێخ محەمەد وتیان هاا چی بوو.؟ وتم من نازانم نامەیەکی نوسیووە بۆ مامم دەیبەینەوە لە لای ئەو دەزانین چی نووسیە. چووین بۆ سەر ڕێگای کێلەشین چاوەڕێی سەیارەیەکمان دەکرد لە ماڵێك کە دەمان ناسین دانیشتبووین وتمان چایەکمان بۆ لێ بنێن.

سەماوەرەکە داگیرسابوو و دەکوڵا و هەڵمی لێ هەڵدەستا کاکە و شێخ هەر دەیانگۆت نامەکە بکەوە بزانین چی نوسیووە. منیش ڕازی نەدەبووم زۆر هەوڵیان لەگەڵمدا، وتم مامم بزانێت نامەی کاك ئیدریسم کردۆتەوە لێم تووڕە دەبێت.کەچی ئەوان هەر وازیان نەهێنا.

بە خاوەن ماڵەکەم وت تیپی پارەتان هەیە.؟وتی بەڵێ وتم بۆم بهێنە. ئەویش چوو بۆمی هێنا، منیش نامەکەی کاك ئیدریسم لەسەر هەڵمی سەماوەرەکە ڕاگرت تا تیپەکە شل بۆیەوە، بە یەواشی تیپەکەم لە کاغەزەکە کردەوە کە شوێنی دیار نەمێنێ.پاشان نامەکەم کردەوە دەستم کرد بە خوێندنەوەی خەتێکی خۆشی هەبوو بە قەڵەم پاندان نوسرابوو خەتەکە هەندێك پان بوو، مەرکەبەکەش مۆر بوو واتا

بەینی شین ڕەش دابوو ڕەنگێکی جوان بوو، ئەو لە دوای ڕێـز و سـڵاو و حـورمەت هەڵوێستی مامم و جەماعەتەکەی بەرز نرخانـدبوو، بـۆ چەك نوسـیبووی دەبـوایە بەشـی ئێـوەش دیـاری بکـرایە، بەڵام لەوەیـان ئەو بـێ ئاگـا بـووە، سـەبارەت بە مانەوەشمان لە کێڵەشین باش لە بیرم ماوە ئاوهای نوسیبوو..(سـوپاسی مەوقیفتـان دەکەم دەزانـم لە چ مەوقیفـێکی خـراپ دان، پیـاوان لە ڕۆژی تەنگـانەدا بە دیـار دەکەون، چەند ڕۆژێکی تر سەبرم لێ بگرن جەماعەتێك دەنێرمە شوێنەکاتن و ئێوە دابەزن، بەس پێم باشـە جەنابـت لە وێ نەمێنـی زانیـومە نەخـۆشی ئینشـاڵلا خـوا شـیفات بـۆ دەنێرێـت.)دواتـر کـاغەزەکەم وەکـوو خـۆی گـرێ داوەو تیـپم لـێ ئاڵاندەوەو پاشان کاکە وتی نەمگۆت هیچمان لـۆ ناکرێـت، منـیش وتـم تەحەمـول بـکە، جـا لە کـاغەزەکە ئەوەشی بـۆ نوسـیبوو کە لەگەڵ بـرادەران قسـە دەکـات و چەنـد پـارچە چەکـێکمان بـۆ چارەسـەر دەکـات.چـووینەوە بـۆ کێڵەشـین هەر لە دورەوە جەماعەت وتیان ها چی بوو چیتان کرد منیش نـامەکەم بـۆ مـام غەریـب برد و دامە دەستی و وتم وەڵا هیچ. نووسیتی دوای عیلاجەکتان لێ دەکەم. مامم سەیرێکی کردم و چاوی لێ زەق کـردمەوە وتی تـۆ چـۆن دەزانی ئەوەی نوسـیووە.؟ زانی کە من نامەکەم خوێنـدۆتەوە بـۆیە وتـم کـاکە و شـێخ وازیـان لـێم نەدەهێنـا نامەکەیان پێم کـردەوە وتیـان بـزانین چـی نوسـیووە. وتی مـن بـۆیە تـۆم نـارد کە جێگای مـتمانە بوویـت چـۆن شـتی وات کـردووە.؟ داوای لێبـوردنم لـێ کـرد وتـم خەتای من نەبوو، ئەوان وازیان لێ نەهێنـام ئیـتر نـامەکەی کـردەوە و بە دەنگـی بەرز خوێندیەوەو هەرچی تێدا نوسرابوو بـۆ جەمـاعەتی خوێنـدەوە، بـوو بە بـۆڵە بۆڵی جەماعەت زیـاتریش لەبەر ئەوە بـوو کە دەبێـت چەنـد ڕۆژێـکی تـریش لەو شوێنە بمێنینەوە. بۆیە مامم تـوڕە بـوو بەس وتی سـالار لێـرە بمێنـێ ئەویـش لەبەر ئەوەی بێتەلەکەی ئیش پێ دەکات خۆشم لێـرە دەمێـنم و بـاقی هەموتـان دەبـێ بڕۆنەوە. باوکیشم وتی کـاکە جەمـاعەت تـازە چـارە نیـیە ئەو سـوێندی خـواردووە بەیانی هەمومان دەڕۆین لێرە دەچینەوە ماڵ، بەڵام دوو بەیانییەکەی دەگەڕێینەوە با سوێندەکەی مامم نەکەوێت.ئەوە بوو بەیانییەکەی هەموویان ڕۆیشتن تەنیا من

لەگەڵ مام غەریب لە وێ ماینەوە. شەوانە مامم لەگەڵ جەماعەت چەند کاژێرێك یـاری دۆمینەیـان دەکـرد ئەمنـیش دەبـووم بە کاتـب، هەرگیـز لەگەڵ مـن یـاری نەدەکـرد، چـونکە مــن لە تەمەنی ئەوان دا نەبــووم، نــانی ئێــوارەم دا بە مــامم و چایەکم دا پێی خۆم پۆشی و دەستم دایە تفەنـگەکە چـوومە نـوقتەی حەرەسـات، مامم بە تەنیـا لە ژوورەوە مـابۆوە. خـۆی بە ڕادیـۆکەوە مەشـغوڵ کردبـوو، کـاژێر حەوت و نیو بوو هـاتە دەرەوە هـاتە نزیـك مـن وتی زۆر سـاردە بچـۆرە ژوورەوە خـۆت گەرم بـکەوە مـن لێـرە دەبـم. منـیش بەو شـتە ڕازی نەدەبـووم، ئـاخر ئەو نەخۆش بوو کۆخەیەکی توندی هەبوو، بۆیە تکام لێ کـرد بچێـتە ژوورێ و خەمـی منی نەبێت. ئەوم ڕەوانەی ژوورێ کردەوە. دوای کاژێرێـك دیسـان هـاتەوە دەرێ دیار بوو بە تەنیا تەحەمولی نەدەکرد و حەزیشی ـ لە دۆمیـنە بـوو. هـاتە لام و وتی کوڕە بەو سەرمایە و بایە توندەی کەس نایەتە ئەو ناوە وەرە ژوورێ لە حەرەسات بگەڕێ، ناوە ناوە سەرێك بدە و هۆشـیاربە بەسـە، منـیش بەڕاسـتی زۆر بێتـاقەت ببووم بەس لەبەر مامم دڵم نەدەهات وا بڵێم پـێم خـۆش بـوو بچـمە ژوورێ و لە پێش سۆبە دابنیشـم. بـۆیە وتـم باشـە دێـمە ژوورێ بە یەکەوە چـووینە ژوورێ و هەندێك گەرم بومەوە چایەکم خوارد. پاشان گۆتی ئەو تەختەی دۆمیـنەی بیـنە بـا دۆمیـنەکی بکەیـن، ئەمنـیش بە شـەرمەوە چـووم هێنـام مـن هەرگیـز لەگەڵ ئەو دۆمینەم نەکردبوو، دەستمان کرد بە دۆمیـنە کـردن، دوای یەك دوو فەڕە دەسـتی خۆم هەڵگرت شەش دانە پێنجیم پێ بوو، ئەمنیش گۆتم مـامە شـەش لە نەوعەکی قبوڵە.؟گۆتی چەقەی مەدە وەرە خوارێ ئەمنیش دەستی خـۆم بە کەشـفی لەسـەر دارەکە دانا و وتـم. ئەوجـا چ دەکەیـت بەخـوای شـەش پێنجـیم پێـیە. دۆمیـنەکە پولەکانی مزی زەردو بچووک بوون کە دیتی ئەمن دەستی خۆم کەشـف کـردووە و شەش پێنجیم پێیە پولەکانی دەستی هەموو بە مـن داداو گـۆتی هەسـتە لەگەڵ(...) گەمەی ناکەم، ئەتوو لـۆ دەسـتی خـۆت کەشـف دەکەی. وەڵا گـۆتم بەو شـەوەی دەمکوژی و کەسیش نییە دەستی بگرێت بۆیە بە ڕاکردن چـوومە دەرێ تـا کـاژێر دوازدەی شەو نەوێرام بێمە ژوورێ، ئەویش هەر بە ئاگا بوو بەس نەدەهاتە دەرێ

و کاژێر دوازدە هاتە دەرێ وتی بڕۆ بخەوە. منیش بێزار بوم زۆریش ترسا بووم بۆیە نەوێرام هیچ قسەیەك بکەم چووم لەسەر جێگاکەم خەوتم تا بەیانییەکەی ڕۆژهەڵات ئیدی وریام بۆوە.!

دەوری نیوەڕۆ هەموو جەماعەت گەڕانەوە بارەگا، ئەوان تورە بون کە مامم ناچیتە خوارێ و لە سەرمایی ململانێی نەخۆشیەکی سەخت دەکات، کامەرانی ئامۆزام زۆر عەجول بوو هەر لەولا و لەولا دەگەڕا، بەڵام نازانم بۆ ئەو ڕۆژە ئەو نەچووبوو من و کامەران و مەلا موشەك لە بارەگا مابوینەوە من لە ناو ڕەبیەکە بە دووربین سەیری دیوی عێراقم دەکرد لە ناکاو دوو کەسم دیت لە لای (بێرکمە)ی ڕا بەرەو لای ئێمە دەهاتن یەکەکیان ئافرەت بوو لە بیرم چوو بڵێم عەبدولڕەحمان حسێن باغەمرەی کە دەکاتە برای شەهید ملازم یاسین ئەویش ئەو ڕۆژە لە لامان بوو بە میوانی بۆ سەردانمان هاتبووە لامان، من بە دوربین لە دوورەوە لەو دوو کەسم ورد بومەوە یەکێکیان ئافرت بوو مەکسیەکی سووری لەبەردا بوو ئەوەی تریش کوڕێکی گەنج بوو، ئەوان بەرەو لای ئێمە دەهاتن کە گەیشتنە لامان سڵاویان کرد.

ــ فەرموون.کچەکە وەڵامی دایەوە.

ــ ئێرە بارەگای مامۆستا مەلا غەریبە.؟

ــ بەڵێ هەوە فەرموون ئەمرکەن؟

ــ ئێمە میوانی ئێوەین.

ــ بەخێر بێن، بەڵام ئێوە کێن.؟

ــ ئێمە منداڵەکانی مامۆستا عەبدوڵاین.!

ــ کام مامۆستا عەبدوڵلا.!

ــ نایناسی.!؟

ــ وەڵا بڵێم چی ئاخر مامۆستا عەبدوڵلا زۆرن.

ــ تۆ چی مامۆستای.؟

ــ من برازای ئەوم.

ــ کەواتە ماڵتان لە کۆیە بوو.

ــ بەڵێ ڕاستە لە ١٩٧٤ ماڵمان لە کۆیە بوو.

ــ ئێ من کچی مامۆستا عەبدوڵلای کۆییێم.!

ــ وەڵاهی نایەتەوە بیرم.

ــ بە باوکمیان دەگۆت عەبدەخەوە.

ــ ئەی ماڵت ئاوابێ دە وا بڵێ.چۆن نایناسم هەر لە نەغەدەش جیرانمانە هەمیشە لای ئێمەیە.

عەبدە خەوە کەسێك بوو جەستەیەکی گەورەو قەڵەوی هەبوو ورگی شۆڕ ببۆوە، هەر زوو زوو خەو کوتکەی دەبردەوە.ئەو لە کاتێکدا لەگەڵ کەسێك قسەی دەکرد هەر بە قسەکانییەوە خەوی لێ دەکەوت، دیارە هەر لە گەنجیەوە وەکو عادەت یان نەخۆشیەك ئەم حاڵەتەی لەگەڵدا بوو.بەڵام کادرێکی دڵسۆزی حزب بوو ئەو تەنانەت موچەکەی خۆشی لە خەڵکی هەژار و نەدار سەرف دەکرد بەتایبەتی لە خانەوادەی شەهیدان و پێشمەرگە، کەسێکی دەست و دڵ کراوە بوو، لە هەمان کاتدا ڕەوشت بەرزو پاك بوو.، نازانم ناوی کچەکە و کوڕەکەی چی بوو.بەڵام وتیان دەبێ ڕەوانمان بکەن بۆ لای باوکم لە نەغەدە. منیش ویستم چایەکیان بۆ لێ بنێم، سۆپاکەم هێنا دایگرسێنم، دیتم فتیلەکەی کەوتۆتە ناو تانگیەکەی منیش کردمەوە بۆ ئەوەی فتیلەکەی چاك بکەمەوەو داگرسێنم، خەریکی بەستنەوەی سۆپەکە بووم لە بیرم چوو ئەو پارچەی دەوری فتیلەکە ببەستمەوە شخارتەیەکم لە سۆپەکەدا لە پڕێکا هەموو سۆپەکە بوو بە ئاگر لە ژێر

ئەم خـێمە بچـووکەدا. سـۆپەکە لەسـەر سـینییەك دانـرا بـوو، بە سـینییەکەوە هەڵمگرت و بۆ لای دەرکی خێمەکە بەر بەتانییەکە کەوت کە کردبومان بە دەرگای خێمەکە لە پڕ هەمووی بوو بە ئاگر، بەتانییەکەش بە شوژن دورابووە خـێمەکە بە بەنـێکی ئەسـتوور عەبـدولڕەحمان و کـامەران ڕایـان کـرد بەتانیکەیـان بە هەر شێوەیەك بوو لە خێمەکە کردەوە. ئەگەر ئاگرەکە بگەیشتایە خـێمەکە بە دڵنیـایی هەمووی لە ماوە چەند خولەکێك دەسوتا، چونکە خـێمەکە چەور بـوو بـۆ ئەوەی ئـاوی لەسـەر ڕانەوەسـتێ تەنیـا سەرەقەوسـەکەی لە دەرەوە بـوو، ئەوەی تـری خێمەکە هەمووی ژێر گڵ خرابـوو خـێمەکە زۆر بە هێـز بـوو ئەو بـایە بەهێـزەی کێڵەشین کاری تـێ نەدەکـردوو هەر بە سـاخی مـابۆوە. ئـێمە بەتانییەکەمـان لـێ کردەوە یەك لە دوای یەك ڕامان دەکردە دەرەوە، کاتێ چووینە دەرەوە، ئەو کچ و کوڕمان لە دەرەوە دیت سەرمان سوڕمابوو ئاخر ئەوان لە دوای ئێمە بوون چۆن و بە کوێ هاتونەتە دەرەوە، کچەکە چەقۆیەکی بچووکی تیژی لە دەست بـوو وتـم بە کوێدا هاتنە دەرێ.

ــ بەو چەقۆیە خێمەکەم دڕاند و پێیدا هاتمە دەرێ

ــ چۆن ئەو ئیشەت کرد.؟بۆ وات کرد.

ــ ئێ خۆ خێمەکە ئاگری بگرتایە هەمووومان دەمردین

لەو کـاتی دا ئـێمە خەریـکی پـاك کـردنەوەی بەر دەرگـی خـێمەکە بـووین سەیارەیەك هـاتە ئەوێ چەنـد نەفەرێـکی داگـرت و دەگەڕایەوە شـنۆ. ئـێمەش بە میوانەکانمان وت هەلـێکی باشـە و لەگەڵ ئەم سـەیارەیە بـڕۆن بـۆ شـنۆ. لە پاشـان سواری سەیارەکە بوون و خواحافیزیان کردوو بەرەو شـنۆ بە ڕێکەوتـن لای ئێـوارە جەماعەت کە لە ڕەشماڵەکان دەعوەت بـوون گەڕانەوە بارەگـا بەس پـێش ئەوەی ئەوان بگەنە بارەگا ئێمە جوان جوان خێمەکەمـان بە بەن و شـوژن دوریەوە، هەر دەشترساین کە مامم شەرمان لەگەڵدا بکات.!

کامەران گەنجێکی قۆز و جوان بوو ڕۆژێك ڕانك و چۆغەکەی ئازیزی ئامۆکەی وەرگرتبــوو وە لەبەری کردبــوو، هەر بەڕاســتیش زۆر لێــی دەهــات و زۆر جــوان بوو.بەیانییەکەی دەعوەت بــووین لە نــاو ڕەشــماڵان لە ماڵێــك بــۆ خــوانی نیــوەڕۆ. جەمــاعەت بە دوای یەکــدا دەڕۆیشــتن بەرەو هــۆبەی ڕشــماڵەکان لە ڕێگــا تــوشی کەروێشکێك دەبن.کامەران

بە چەکە کلانشــیکۆفەکەی تەقە لە کەروێشــکەکە دەکــات. پاشــان لە بیــری دەچێــت ئەو فیشــەکەی چــۆتەوە بەر کلاشــینکۆفەکە دەربکــات، دەگەنە نــاو ڕەشماڵەکان لە ژێـر ڕەشـماڵێك دادەنیشـین، شـوێنەکە هەنـدێك بچـووک دەبێـت ئەویش کلاشینکۆفەکەی لە پشت خۆی بە بەردێـك هەڵدەپەسـێرێت. لە کـاتی نـان دانان دەڵێن تۆزێ خۆتان بچووک بکەنەوە سفرەکە دابخەیـن کـامەرانیش دەسـتی ڕاستی دەباتە پشتە خۆی بۆ ئەوەی بکشـێتە دواوە پەنـجەی دەکەوێـتە سـەر پەلا پیتکەی چەکەکەیـی فیشـەکێك دەردەچێـت و دەدات لە بەردەکەی پشـت خـۆی فیشکەکە دەگەڕێتەوەو بە نـاو چـاوی دەکەوێـت. ئیـتر خـوێنی بە بـاڵای دا دیـتە خــوارێ کە هێنایــان بــۆ لای مــن ڕەنگــی زەرد هەڵــگەڕا بــوو ســەر برۆیەکانیشی- هەمووی کون ببوون و خوێنیان لێوە دەهات. باری تەندروستی زۆر نا جێگیر بوو، هیچ سەیارەیەکیش لەو ناوە نەبوو کە ڕەوانەی شنۆی بکەین. هەنـدێ لە دەمـارە گەورەکانی کە دەمدیتن بە(پەنس) خوێنەکەم ڕاگرت، بەڵام چارە نەبوو هەر خوێنی لێ دەهات وتم کامەران هیچ دەبینی بەو چـاوە.ئەو وتی نـاوەڵا هـیچ نـابینم مـن زانیم چاوی لە دەست داوە، بەڵام وام پێی نەگوت و وتم هیچ نییە چاوت پڕ بووە لە خوێن لەبەر ئەوەیە هیچ نابین!

دوای ئەوســا بە ئۆتۆمبێلێــك کــامەران ڕەوانەی شــنۆو لە وێــش ڕەوانەی ورمــێ کــراو هەر لە وێ چاوەکەیــان دەرهێنــاو چــاوێکی شوشــەیان لە شــوێنی دانــا. ئەو ڕووداوە کاریگەری زیاتری کردە سەر مامم زۆر خەمبار ببـو بەو ڕووداوە، بەڵام لە ناخی خۆی دەیشاردەوە.

# تەوەری پازدەم

# پەڕینەوە لە سنووری کێلەشین

لە مانگی ئەیلـوولی سـاڵی ١٩٨٢ دوای حەفتـا ڕۆژ مـانەوە لە کێلەشـین ئـێمە بەدل کراین و چـووینە (بێـرکمە) لەوێ لە ژێـر دارێـك کەپـرێکمان کـرد و جێگیـر بووین. ئەویش هەر بە کاتی بوو، چونکە دەبوایە بگوازینەوە(مـاڵە مەلا) و خـانوو دروست بکەین لە (دۆڵە ورچە).! دۆڵە ورچە ئەو شوێنە بوو کە بارەگای مەکـتەب سیاسی لێ دادەنرا خۆی ناوی دۆڵی ماڵە مەلا بوو، بەڵام ئەوەنـدە ورچـی زۆر بـوو ئێمە ناومان نـابوو دۆڵە ورچە.! هێشـتا لە بێـرکمە بـوین بەیـانییەك مـام غەریـب ڕشایەوە لەگەڵ ڕشانەوەکەی خوێنی هەبوو من هەستم بە مەترسـیەك کـرد. وتـم پێویستە بە زووترین کات بچینە نەخۆشخانەیەك، بەڵام ئەو وتی هیچ نییە سـەرمام بووە مومکینە قوڕگم بریندار بوبێت. ڕۆژی دواتر هەم دیسـان ڕشـایەوە خـوێنێکی زیاتری لەگەڵدا بوو. بە باوکم وت ئەو پێی عەیبە بڵێت نەخۆشم. چارەسەرێکی بـۆ بکە با ڕازی بێت بچێتە دکتۆرێـك لە ئێـران. ئیـتر ئەو شـتە گەیەنـدرا بە مەکـتەب سیاسی و سەرکردایەتی ئەوانیش بە پەلە بە سەیارەیەك ڕەوانەی ئێرانیان کردەوە بۆ لای دکتۆر، باوکم لەگەڵدا چوو بـۆ نەخۆشـخانەیەك لە ورمـێ لە وێـش کوڕەکـانی بردیان بـۆ تـاران و قەزویـن، ئەو تـووشی شـێرپەنجەی سـیەکانی ببـوو چارەسـەری نەدەکــرا، هەر بە هــۆی نەخۆشــیەکەوە لە ١٩٨٢/١٠/١٧ کــۆچی دوای کــرد تەرمەکەیـان لە شـاری نەغەدە بە خـاك سـپارد. ئیـتر مـن بـۆ جـارێکی تـر مـامم نەدیتەوە. ئەو کۆتـایی بە تەمەنێـك خەبـات هێنـا کە بـۆ نیشـتیمانەکەی و بیـر و باوەڕەکەی ئەنجامی دابوو. سەربەرزانە ژیا و سەربەرزانەش کۆچی دوای کرد. ئەو

هەرگیز ڕێگای نە دەدا کەسێك لەو کوردتر بێت و بە بیـرو بـاوەڕێکی نەگـۆڕاوە تـا دواین هەناسە بەرگری لە مێژووی خەباتی ڕەوای گەلەکەی کردو بە بێ نـازیش لە وڵاتێکی غەریب خرایە ژێر گڵ. گەرچی ئەو شوێنەش کە ئەوی لـێ ناشـترا بەشـێکە لە کوردستانی رۆژهەڵات و خـاکی کـورد، بەڵام ئەویـش بـێ نـازەو داگیرکـراوە.! بەم شێوەیە بنەماڵەکەمان کەسێکی مەزنی خۆی لە دەستدا. هەمـوو ئەو پێشـمەرگانەی لەگەڵ مامم دابون داوایان لە باوکم کرد کە بارەگاکە تێك نەچێت و ئەو لە شوێنی مامم سەرپەرشتیان بکات ئەویش ڕازی بوو بەم ئەرکە و نەیهێشت پەرتوبڵاو بن و گەڕانەوە بارەگاکەمـان لە (لـۆلان) ئەو کـاتە بارەگاکەمـان گواسـترابۆوە لـۆلان و تەنیشت بارەگای ڕادیـۆی(دەنگی کوردسـتانی عێراق)بـوو. مشـتومڕێکی زۆر لە نـاو جەماعەتی ئێمە دروست ببوو ئەوان حەزیـان بەوە هەبـوو بگـوازرێنەوە سـنووری لقی٢.هەندێکیشیان حەزیان نەدەکرد بچنە ئەوێ بـاوکم دەیگـوت لقـی٢ هەمـان ئەو لقەیە کە ئێمە لە وێ خۆمان نەقڵی ئێرە کرد، ئیتر بۆ دووبـارە بچیـنەوە ئەوێ خۆ هـیچ شـتێك نەگـۆڕاوە.بـاس لەوە دەکـرا کە لقـی٢ تەنیـا کێشـەی لەگەڵ مـام غەریب هەبووە لەگەڵ ئەوان هـیچ گرفتێکیـان نابێـت. مـن گەرچـی لە هەمویـان بچووکتر بووم وتم دەڵێن (بەرد لە شوێنە خۆی بە سەنگە) ئـێمە لێـرە ڕێزمـان لـێ دەنرێت و پاشان ئێمە لە بارەگای سەرکردایەتین بۆ دەبێ بچینە لقی٢، لەم شوێنە هەڵکەنین هەرگیز شوێنی خۆمان ناگرینەوە ئەوان بە منیـان دەگـوت تـۆ منـداڵی نـازانی. ئـێمە دەبـێ بچیـنە سـنوری خۆمـان لە وێ خەبـات بکەیـن، لەوێ دەوری خۆمـان هەبێـت خەڵکـێکی ناسـیاو و خـزم و دۆسـت و ڕەفیقانمـان دیـنە ئەوێ و پەیوەندیمان پێوە دەکەن. ئەو کاتە زۆر دەبین و هێزێکی باشمان دەبێت و ڕۆڵمان دیار دەبێت لە سنووری پارێزگای هەولێر. من فشەم بەم قسـانە دەهـات دەمـزانی ئەوانە تووشی تەوەهوم و هەستیار بونە، ئەگەر نا زۆر بـاش دەیـانزانی کە هەرگیـز لە سـنووری لقـی٢ جێگایـان نـابێتەوەو ئەو کـاتە ململانـێ و کوتلەبـازی ڕۆڵـی کاریگەری خۆی هەبوو.کۆمەڵێکیش گەنجی بە توانا و چاو نەتـرس پەیوەنـدیان بە شۆڕش کردبوو لە سنووری لقی٢ ئەوان دەیانویست گۆڕانکـاری ڕوبـدات لە لـق و

گەنجەکـانیش ڕۆڵـی باشـیان هەبێـت یەك لەوانە (جەمـاڵ مـورتکە) کە هەر لە سـەرەتاوە دیـار بـوو کەسـێکی بە ورەو چـاو نەترسـە کۆمەڵێـك گەنجـی تـریش هاوشێوەی کاك جەمـاڵ حەزیـان بەوە دەکـرد کە ڕۆڵـی خۆیـان هەبێـت. ئەمەش حەقێکی یاسایی هەرکەسێك بوو، بەڵام ڕێگری زۆر دەکرا لەوەی کە کە ئەم نەوەیە تـازەیە ئەرکەکـان نەگـرنە دەسـت و بە هەمـان شـێوەی شـۆڕشی مەزنی ئەیلـوول بەرپرسیاریەتەکان تەنیا بۆ بەرپرسان و کادیرانی کۆن بێت. ئەمانە هەمـووی کێشـە بوون و نەدەکـرا لەو ململانێـیە تێـوەنەگلێی بـۆیە مـن بە باشـم نەدەزانی خۆمـان نەقـلی لقـی٢ بکەیـنەوە، بەڵام ئەوانەی ئەو ڕایەیـان هەبـوو زۆرتـر بـوون و قەناعەتیان بە باوکم هێنا کە خۆیان نەقلی لقی٢ بکە. من بە باوکم وت نـاوی مـن لە لیستی نەقل مەنووسن من خۆم نەقل ناکەم و لێرە دەمێنمەوە.

ئەو وتی واتا بە قسەی من ناکەیت. وتـم مەسـەلەکە ئەوە نیـیە مـن کـارەکەی ئێوەم پێ هەڵەیە. بۆیە ناتوانم شـتێك بـکەم یـان لەگەڵ شـتێك بـم کە بە هەڵەی بزانم. وتی دیارە ئێمە نەزانینن.؟

نەخێر ئەوەش نـالێم، بەڵام تـوش لە ژێـر کـاریگەری جەمـاعەت ئەو بڕیـارەت داوە ئەگینا لە ناختەوە خۆشت بڕوات بەم شتە نییە. بۆیە ناکرێـت هەڵەیەك دوو جـــار لەیەك شـــوێن و لە یەك جەمـــاعەت دووبـــارە بکەیتەوە،چـــونکە دەر ئەنجامەکەی دەخوێنیتەوە، تەنانەت قسـەکانی بـاوکیش کاریگەریـت لـێ ناکـات.! منیش وتم ڕێزی باوك ئەرکی هەر مرۆڤێکە کە لە باوکی بگرێت عەقڵـیش بە گەورە و بچووکی نییە دەبێت ڕاستیەکان وەك خۆی ببینرێن ئێوە خەریـکی تووشـبوون بە هەڵەیەکی کوشندەن و خۆشتان درکی پـێ نـاکەن، لێتـان بـوە بە عەیـبە و قسـەتان کردووەو پێتان عەیبە لێـی پەشـیمان ببـنەوە، وەرن مـن ڕێگایەکتـان بـۆ دادەنـێم، نووسراوێك بنووسن داوای مۆڵەتی ئەم زستانە بکەن لە سـەرکردایەتی مـن دەیـبەمە لای کاك فـازل میـرانی و ڕەزامەنـدی لەسـەر وەردەگـرم بچـن ئەو مـاوەیە لە مـاڵ دابنیشن و زیاتر بیر لەو بابەتە بکەنەوە بڕیاری لەسەر بدەن.

ــ ئەی تۆ بۆ لەگەڵ ئێمە نایەیتەوە.

ــ نەخێر من لێرە دەمێنمەوە.

ــ لێرە چی دەکەیت.

ــ من لێـرە دەمێـنمەوە بەڵێنـی ئەوەم پـێ دراوە لە بەشی تەندروسـتی ئـیش بکەم

ــ دەڵێم بۆ ئەو قسە زلانە دەکەیت. تۆ مەڵێ دەتەوێت لە دەوری مەنـجەڕێ بمێنییەوە.!؟.

ــ ئەوە سلکی کاری خـۆمە لێـرە نەخۆشـخانەیەك دروسـت دەکەن منـیش لەو نەخۆشخانەیە ئەرکی خۆم جێبەجێ دەکەم

ــ ئیر ئەوان داواکاریەکەیان نووسی منـیش بـردم بـۆ لای (سـەیدا نەجمەدیـن یوسفی) بەرپرسی بەشی عەسکەری ئەو کـات ئەویـش لە سـەری نـووسی مەکـتەب سیاسیش ڕەزامەندی لەسەردا کە ئەو جەمـاعەتە تـاکو بەهـاری داهـاتوو بچـنەوە مـاڵ و مـۆڵەت پێـدراو بــن، بەم شـێوەیە هەمووـیـان لە مـانگی ١١ی/١٩٨٢ خواحافیزیان کرد و گەڕانەوە ماڵەکانیان لە ئێران، بەس من ئێستاش لەگەڵ دابێـت نەمزانی شەهید قادر و شێخ محمەدی برای بۆ لە وێ مانەوەو خۆیان تاخیر کرد.!

مـن گـوازرامەوە بـۆ بەشی تەندروسـتی مەکـتەب سـیاسی و ئەو کـاتە تـازە دکتۆر(سامی محەمەد) کە لە (ڕۆمانیا) خوێندنی تەواو کردبوو گەڕابۆوە کوردسـتان ئەو پسـپۆڕی ددان بـوو کرابـوو بە بەرپـرسی ئەو بەشـە، ئەو کـاتە پەیوەنـدی زۆر دەکرا بە شۆڕشەوە، ئەو خەڵکانە دەهاتن بە ناو هێزەکانی پێشمەرگە تێدەپەڕین و لە وڵاتی ئێـران دەگیرسـانەوە خۆیـان نـاو نـووس دەکـرد و لە ڕێگـای نەتەوە یەکگرتووەکانـدا مـافی پەنابەریـان بـۆ دابـین دەکـرا لە وڵاتـانی ئەوروپـدا، ڕۆژێـك کەسێکیان هێنا وتیـان ئەمە نـاوی دکتـۆرە ڕاستەقینەی(عیصـمت)بوو، بەڵام نـاوی خۆی نابوو(ئەحمەد)ئەو لە بنەماڵەی شێخەکانی(بامەڕنێ)بوو کەسێکی ڕێکوپێـك و

دڵسۆز بوو ئەویش هاتبوو دەیگۆت دەمەوێ بچم لە ئەوڕووپا زیاتر بخوێنم و بڕوانامەی زیاتر بە دەست بهێنم، ئەو دکتۆری گشتی بوو لەو سنوورە لە ناو هێزەکانی پێشمەرگەش زۆر پێویستیان پێی هەبوو، دیاربوو مەکتەب سیاسی قەناعەتیان پێ کردبوو کە شەش مانگ لەوێ بمێنێتەوە خزمەت بکات دوای ئەوە ئاسانکاری بۆ دەکرێت بۆ ئەوەی سەفەری دەرەوە بکات، ئەویش بەمەڕازی ببوو و بڕیاری مانەوەی داو ڕەوانەی لای ئێمەیان کرد وەك دکتۆرێك ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات و چارەسەری نەخۆشەکانی ناو هێزەکانی پێشمەرگە و ئەو خەڵکانەی لەو سنوورە نیشتەجێن بکات، کەسێکی تریشمان لەگەڵ بوو بە ناوی(ناصح) یاریدەدەری پزیشکی بوو ئەو خەڵکی ئاکرێ بوو.

پێشمەرگەیەکی تریش کە بە ئاین کریستیان بوو لەگەڵ(حالکەی دۆڵەمەڕی) دابوو ناسیاوی من بوو ناوەکەی(صلێوە ئیسحاق خدۆ)بوو خوێندەواریەکی باشی هەبوو ئەو زۆر ئارەزووی لە سلکی پزیشکی هەبوو زوو زوو دەهاتە لامان داوای دەکرد بیگوازینەوە بەشی تەندروستی ئەو هیچی لەو بوارە نەدەزانی دەیویست ئێمە فێری هەندێ شتی سەرەتایی بکەین و لەگەڵ ئێمە بمێنێتەوە لە بەشی تەندروستی، منیش لەگەڵ برادەران ئەم بابەتەم باس کرد، ئەوانیش ڕەزامەندیان داو صلێوەش هاتە لای ئێمە و ڕۆژانە هەندێ شتمان فێری دەکرد، بەڵام دیار بوو هەستی وەرگرتنی بە هێز بوو زۆر زوو زۆربەی ئەو شتانەی کە دەبوایە بیزانێ فێری بوو نەترسانە کارەکانی خۆی دەکرد.!(کەماڵ)ئامێدیش کە کادیرێکی بارەگای مەکتەب ساسی بوو ئەو ئەندامی ڕێکخراوی بارەگای مەکتەب سیاسی بوو ئەویش سەبری بە ئێمە دەهات بۆیە هاتە لای ئێمەو هەر لە لای ئێمە دەمایەوە و دەخەوت ببوو بە یەکێك وەك خۆمان و کەسێکی بەڕێز و روحسوك و قسە خۆش بوو ئەو دواتر سەفەری هاندەرانی کردوو لە وڵاتی بەریتانیا جێگر بوو دوایش بوبە بەرپرسی لێژنەی ناوچەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە لەندەن لە ساڵی ٢٠١٩ کۆچی دوای کرد. یادی بەخێرو خوای لێ خۆشبێت.

بەم شێوەیە بەشەکەی ئێمە لە چەند کەسێك پێکهـاتن ئەو سـاڵە بـڕێکی زۆر دەرمان و کەلوپەلی نەشتەرگەری بچووك لە وڵاتی(سویسرا) هێـنرا بـوو بـۆ شـۆڕش، بەڵام لە فڕۆکەخانەی تـاران نیوەیـان لـێ گیرابـۆوە، ئەو کـاتە ئێـرانیش لە قەیـرانی دکتـــۆر و دەرمـــان دابـــوو بە هـــۆی شـــەڕی لەگەڵ عێراقـــدا، بەڵام ئەو بـــڕەی گەیەندرابووە لای ئێمە بڕێکی کەم نەبوو جۆرەها دەرمانی تێـدابوو لە هەر کـارتۆن دەرمانێك تاخمێك کەلوپەلی نەشتەرگەری بچووکی لەگەڵدا بوو، هەموو ئەم شتانە زۆر سوود بەخش بوون بۆ شۆڕش

لە مانگی ١٠ی/١٩٨٢ مەکتەبی سیاسی باسی ئەوەیان کـرد کە کۆمەڵێـك کـادری پارتی کرێکارانی کوردستان لە کوردستانی بـاکورەوە دێـنە بارەگـای مەکـتەب سـیاسی بڕیاردرا (کەماڵ ئامێدی ـ کەریم کەکو ـ من)بچینە پێشوازیان هەڵە نەبم شەسـت و چوار نەفەر بوون، ئەوان هاتن، ئەو ساڵە ڕێکخستنی پارتی کرێکـارانی کوردسـتان لە ناو شارەکانی کوردستانی باکور ئاشکرا ببـوو دەسـت کرابـوو بە گرتنـی ئەنـدام و کادیرەکانیان، پارتیش وەك هەڵوێستێکی نەتەوەی هەوڵی ئەوەیدا کۆیـان بکـاتەوە شـوێنیان بـۆ دابـین بکـات، ئەوەبـوو ئەو سـاڵە یەکەم بارەگـای پـارتی کرێکـارانی کوردستان لە گوندی(ماڵە مەلا)کرایەوە پارتیش هەموو پێداویستیەکی پێویستی بـۆ دابین کردن لە هەموو ڕوویەکەوە تەنانەت چەکیشی ـ پێـدان، چـونکە ئەوان تەنیـا چـوار پـارچە چەکی(ناتۆیـان) پـێ بـوو.! پـێش ئەوەی ئـێمە بێـین بـۆ (مـاڵە مەلا) بارەگاکانمان لە بێرکمە بوو.! ڕۆژێك چبوو چبوویەك دروست بوو لە نـاو مەکـتەب سیاسی، باس لەوە دەکرا بەیانییەکەی وەفدێکی عێراق دێتە ئێرە و بـۆ مفـاوەزات و گفتوگۆ بۆ بەیانییەکەی ئەم وەفدە گەیشـتن (عـزەتی سـلێمان بەگ) لەگەڵیانـدابوو قائد فەیلەق و کۆمەڵێ بەرپرسی سەربازی و هەواڵگـری عێـراق بـوون، لە بێـرکمە دەستکرا بە گفتوگۆکان لە ژێر چادرێك بە یەکەوە دانیشتن لەگەڵ کاك مەسـعود و کاك ئیدریس، وەفدە عێراقیەکە پەڕەی سپیان خستبووە بەردەمی سەرکردایەتی کە ئیمزای ڕەزامەندی هەمـوو شـتێکی لەسـەر درابـوو. دوای گفتوگـۆیەکی زۆر تـا لای

ئێوارەی خایاند وەفدەکە گەڕایەوە(سیدەکان) و کاك(حەمید ئەفەندی) بە ڕێی کردن.

دواتر دەنگۆ بڵاو بۆوە کە سەرکردایەتی پارتی ڕازی نەبووە بەو شتە، سەرکردایەتی پارتی بە وەفدەکەی وتبوو ناتوانن ئەو بڕیارە بدەن کورد ئێستا بریتی نییە لە پارتی هەر پارتێکی کوردستانیش بەتەنیا لەم شێوە بڕیارانە بدات توشی هەڵەیەکی دژوار دەبێت و دەچێتە بەرەی ڕژێم. بۆیە داوایان کردبوو با جارێ هیچ بڕیارێك نەدرێت تاکو هێزە کوردستانییەکان یەك دەگرن لە یەك بەرەدا ئەو کاتە دەکرێت بە کۆمەڵ گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێم بکرێت.

بیروبۆچونی جیاواز هەبوو لە ناو کادیرانی پارتی، بەڵام هەر هەمووی بە کۆمەڵ پشتگیریان لەو هەڵوێستەی سەرکردایەتی کرد، پارتی ژیرانە خۆی لەو تەڵەیە دەرباز کرد کە بۆی دانرابوو.! چونکە یەك ساڵ دوای ئەو شتە هەمان وەفدی ڕژێم سەردانی(ی ـ ن ـ ك)ی کرد لە ساڵی١٩٨٣ و دەر ئەنجامەکەشی ئەو کارەساتە مەرگ بارییەی شەڕی ناوەخۆی لێ کەوتەوە کە هەمان ئەو مەبەستە بوو کە ڕژێمی بەعس پلانی بۆ دانابوو، بەڵام نەیتوانی پارتی ڕابکێشێتە ناو کارنامەی پلانەکانی و بۆیە هانای بۆ خەڵکی تر بردوو تێشیدا سەرکەوتوو بوو.!!کە تراژیدیای(قەرناقەو پشت ئاشان و قەندیل و سێ کانیانی) لێ ڕودا و کۆمەڵێك گەنج و پێشمەرگە لە هەموو لایەنەکان بوون بە سوتەمەنی شەهیدکران بە (غەدر) غەدرێك کە خۆمان لە خۆمان کرد بۆ بەرژەوەندی دوژمنانمان کە تا هەتایە ئەمە وەکو پەڵەیەکی ڕەش لە مێژووی بزافی شۆڕشگێری گەلی کوردستان پێویستە باسی لێوە بکرێت و نەفرەتی تا هاتایەیی لێ بکرێت. مافی هەموو پارتێکی سیاسیە پرۆگرام و بەرنامەی خۆی لا پەسندبێت و هەوڵیش بدات بۆ سەرخستنی بەرنامەکانی، بەڵام بە مەرجێك پەڕینەوە بە سەر پشتی پارتێکی تر نەبێت و شکاندنەوە و تەشهیر و شکاندنی پەنجەکانی یەکتری نەبێت، منافەسە بۆ باشکردنی مافی هەر تاك و کۆمەڵ و پارتێکە کە هەوڵ دەدەن بۆ گەیشتن بە ئامانجە دوور و

نزیکەکان کە دیاری کـردوون بە مەرجێـك لە بەرژەوەنـدی بـاڵای هاونیشـتیمانیان بێت.

من وەك کەسێکی ئامادە بوو لە کایەی سیاسی شایەد حاڵێکی زینـدوو کە زیـاتر لە چل ساڵ خەباتی سیاسی و پێشـمەرگایەتیم هەیە، بە بـێ دەمـارگیری و دوور لە تەشــهیر بە قەنــاعەتەوە دەڵــێم، پــارتی قەت دەسپێشــخەر نەبــووە لە ڕوداوە ناخۆشـەکانی نێـوان پـارتە سیاسـیەکاندا و هـیچ ئامـاژەیەکم بە دی نەکـردووە کە هاندەر بێت بۆ ڕوودانی ڕووداوە نەخوازراوەکان.

مانگی ١٠و١١ی/١٩٨٢ هەموو هێـزی پێشـمەرگە لەو سـنورە خەریـکی خـانوو دروست کردن بوون بـۆ بارەگاکانیـان، ئـێمە هێشـتا لە بیـرکمە بـووین ڕۆژی دوای گەڕانەوەی وەفـدەکەی حکـومەت کە هـیچ شـتێکیان لە پـارتی دەسـت نەکەوت هەلیکـۆپتەرێکی سـوپای عێـراق پـڕ چەك لە سـیدەکانەوە بەرو بارەگـای سـەرۆك بارزانی هێرشی هێنا زۆر لە نزمی دەفڕی دۆشکەکان نەیان دەتوانی تەقەی لێ بکەن دۆشکەیەکی چواردەونیو لەسەر تەپۆڵکەیەك بوو لە پشت خێمەکەی کاك مەسعود ئەم چواردەونیوە عەدەدیکی شـارەزاو بـاشی لەسـەر بـوو هەلیکـۆپتەرەکەی کـردە ئامانجی گوڵەکانی لە ئەنجامدا چەند گوڵەیەك بەر ستوون و چەرخـی پەروانەکـانی کەوتن و پێشمەرگەش لەو لاوە بە چەکی سـوك تەقەیـان لـێ دەکـرد، بەڵام سـودی نەبوو تاکوو گوڵەی چواردەونیوەکەی پێکەوت ئەوکاتە هەلیکۆپتەرەکە ڕوبار ڕوبار دەهات لەسەر ڕوباری بێرکمە وەکوو فڕفڕۆکەیەك بەدەوری خویدا خـولایەوە، دوا جار بەرەو زەوی هات و کەوتە ناو ڕوبارەکە و تەقینەوەیەکی گەورە ڕویدا هەمـوو ئەوانەی لە ناو هەلیکۆپتەرەکە بوون کوژران و سوتان یەکێك لەوانە کەسـێك بـوو کە ڕۆژی پێشـوتر لەگەڵ وەفـدەکە هـاتبوونە ئەوێ دیـار بـوو وەکـو چـاو سـاغی لەگەڵ هەلیکۆپتەرەکە سوار ببوو.!

کە چووینە سەر مەیتەکانیان لەوە دەچوو شەش کەس لە ناو هەلیکـۆپتەرەکە بوبێتن سەری فڕۆکەوانەکە دابووی لە بەردێکی گەورەو نیوەی نەمابوو، پاشان کـاك

مەسعود ئەمری کرد کە لە ڕێگای هەندێ ناسیاوی کاك حەمید ئەفەندی ئەم تەرمانە ببردرێنەوە بۆ ڕژێم.! لەوە دەچوو پەیامێك بوبێت بۆ سەرانی سەربازی ڕژێم کە چارەنوستان بەو شێوەیە دەبێت ئەگەر هەر کردەوەیەکی تری لەو چەشنە دوبارە بکەنەوە. ورەی پێشمەرگە لە بەرزی دابوو هەموان بەم هەواڵە و بە دیتنی ئەم دیمەنە دڵخۆش ببون.

دوای ئەم ڕوداوە وردە وردە بارەگاکانمان بردە ماڵە مەلا ئێمە لە تەنیشت بارەگای ڕادیۆی دەنگی کوردستانی عێراق چادرێکمان هەڵدا کە دوو جۆگە ئاوی کوێستانەکە بە بەیندا ڕەت دەبوون لەولا تری ئێمە دوو چادری تر هەڵدرا بوون کە کرابوون بە مەغزەنی ئازوقە نایب زابت(عابد) وابزانم گۆران بوو لەگەڵ ملازم(عمر بیبانی)لەو شوێنە بوون و بەرپرسی ئازوقەکە بوون، شەهید (سامی عومەرە فەندیش) لەولا تر خێوەتێکی بۆ خۆی هەڵدابوو، ناوە ناوە دەهاتە لامان و ئێمەش دەچووین بۆ لای، شەهید سامی لە داخیلی ئیشی دەکرد، ئەو زوو زوو ڕەوانەی ناو شار دەکرا بۆ چالاکی پارتایەتی و هەندێك کاری تایبەت بە حزب، کەسێکی چالاك و زیرەك و هۆشیار بوو، بەڵام دەموچاوێکی ترسناکی هەبوو سەرێکی گەورە و قژ لول و قژن چاوێکی زەق و شین، بەڵام هەمیشە پڕ لە خوێن بوون لچ و لێوی گەورە و ئەستور بوو لوتێکی زل و پانی هەبوو دەستەکانی زۆر گەورەو پەنجەکانی ئەستور بوون ئەو باسی زۆر شتی سەیری دەکرد بۆمان کە ئەنجامی دابوون لێرە ناکرێت باسیان لێوە بکەین لە هەمان کات شارەزایەکی باشی هەبوو لە هونەری چاو بەستندا.!!

کۆمەڵێك هێز لە دەوری بارەگای مەکتەب سیاسی بوون کە ئەوانەی لە بیرم ماون ئەوانە بوون(سەعید بۆسەلی ـ ڕەشید بێشوونی ـ حالکەی دولەمەری ـ ئەحمد شرینقە ـ معین شێخ زادە ـ.هتد) کە بۆی هەیە ناوی هەندێکیانم لە بیر نەما بێت داوای لێبوردنیان لێ دەکەم.ئازوقە دابەش کردن بە وەرەقەی سەیدا نەجمەدین یوسفی دەکرا، دەبوایە ئەو بۆ ئەنباری ئازوقە بنووسێت کە ئەوەندە ماددەیە بۆ

فڵان بارەگا سەرف بکەن(فیصل دۆسکی و نەجمەدیـن مهـاجیر) بەرپـرس بـوون لە پێـدانی ئـازوقە، ئەوان هـیچ تەرازوویەکیـان پـێ نەبـوو بـۆ ئەوەی ماددەکـانی پـێ بکێشن، سەیدا نەجمەدین جـامێکی فـافۆنی گەورەی دابـونێ بـۆ ئەوەی بەو جـامە شتەکان پێوەر بکەن بۆ نموونە دەینوسی یەك جام برنج دوو جـام شـەکر یەك جـام خوێ یەك جام نیسك یەك جام نۆك بەو شێوەیە ئازوقەی دەدا بە بارەگاکـان، هەر لەو ئەنبارە جۆش هەبوو بۆ هێستری بارەگاکان، جا ئەگەر بارەگایەك بیسـت کەس بوایە سەیدا نەجمەدین دەینـووسی بیسـت جـام ئاردیـان پـێ بـدەن واتە بـۆ هەر پێشمەرگەیەك یەك جام ئارد. ڕۆژێك یەکێك لەو بەرپرسانەی سەرەوە ناوم بردوون نازانم کامیان دەبێت بۆ ئەوەی بە هەڵە نەچم ناوەکەی ناڵێم، دەچێتە لای سـەیدا نەجمەدین بۆ وەرگرتنی وەرەقەی ئـازوقە، ئەویـش بـۆی دەنووسـێ بـۆ فەیسـەل چەند هێسـترتان هەیە ئەویـش دەڵێـت دوان لە وەڕەقەکە دەنوسـێت چـوار جـام جۆشی پێ بدەن، ئەویش خوێنـدەواری نابێـت دەچێـتە لای فەیسـەل ئـازوقەکەی وەربگرێـت فەیسـەل هەمـوو شـتەکانی پـێ دەدات و پاشـان دەڵێـت ئەدی کـوا جۆیەکەت بۆ لە چی بکەم.؟ ئەویش دەڵێت جۆی چی.؟

ــ فەیسەل دەڵێـت جـۆ بـۆ هێسـترەکانت. گـونییەك پەیـدا دەکـات فەیسـەل دەست پێ دەکات چوار جام جۆی پڕی بـۆ تـێ دەکـات ئەو بەرپرسـە دەڵێـت کـا ڕاوەستە، وەرەقەکەم پێ بدەوە ئەویش وەرەقەکەی پێ دەداتەوە پاشان دەڵێت با ئازوقەکانم لێـرە بـن ئێسـتا دەگەڕێـمەوە. ئەو دەچێـتە لای سـەیدا نەجمەدیـن و وەرەقەکەی دەداتەوە دەستی و پێی دەڵێت نوسیووتە دوو جام جۆ بۆ هێسـترێك. یەك جام ئارد بـۆ پێشـمەرگەیەك سـەیدا نەجمەدیـن دەڵێـت بەڵـێ وایە. ئەویـش دەڵێت سەیدا ئەمە عەدالەت نییە لایەنی کەم پێشـمەرگەش حیسـابی هێسـتری بـۆ بکرێت و ئەویش دوو جام ئاردی پێ بدرێت. سەیدا نەجمەدین دەست دەکات بە پێکەنین و دەڵێت وەڵاهی قسـەیەکت کـرد نـاتوانم ئەو ئیشـەی دەیڵێـی نەیـکەم وەڕەقەکەی لێ وەردەگرێت و ئاردەکەشی دەکا بە دوو جام، ئیـتر لەوە بەدوا بـوو

بە بەرنامەو بۆ هەر پێشمەرگەیەك دوو جـام ئـارد دەدرا.! ئەگەر هەڵە نەبـم یەك لەم دوانە بـوون ئەم قسـەیان کردبـوو، چـونکە ئەوان خەڵکـانی قسـە خـۆش و نوکتەزان بوون(ڕەشید بێشوونی ـ ئەحمد شرینقە).!

لەپێش بارەگای مەکتەبی سیاسی گۆڕەپانێکیان دروست کردبوو بۆ یاری (باله) ئێواران کادیر و پێشمەرگەکان ئەوانەی یاری بالەیـان بزانیـایە و حەزیـان لـێ بـایە یاریـان ئەنجامـدەدا بـاقی خەڵـکەکەی تـر لە دەوری گۆڕەپـانەکە کۆدەبـونەوە و سەیری یاریە کەیان دەکرد برادەرانی مەکتەبی سیاسیش بە هەمـان شـێوە دەهـاتنە دیـار یاریەکـان ئەو سـاحەیە بە گەچ خەتی بـۆ کێشرـابوو، عەبـدوڵلا مشـیرێکمان هەبوو پێشمەرگەی ڕاگەیاندن بوو چا خۆرێکی باشیش بوو ئەو چـایەی بۆیـان تـێ دەکرد دەبوایە ڕەش وەکو قیر بوایە و دەبوایەش لە شوشـەی ئـاوی تەمـاتەی یەك کیلۆیی بۆی تێکرابا ئەو شوشـەکەی بەرز دەکـردەوە و سـەیری دەکـرد ئەگەر لەو دیـو شوشـەکە ڕوناکـایی هەبـوایە یـان شـتێکی دیبـایە چـایەکەی نەدە خـواردەوە دەیگـۆت ئەم چـایەیە بـێ ڕەنـگە.!! لە هەمـان کاتـدا زۆر لە فـرۆکە و لە سـەگ دەترسا. جارێکیان لە ڕاژان لە سەر سینییەك نانی نیوەڕۆی بۆ جەماعەتی ڕاگەیاندن بردبـوو لە ڕاژان جاروبـار ڕەشـابایەکی زۆر بەهێـز هەڵیـدەکرد، ئەو ڕۆژە ئەو بـایە دێت و دەدات لە سینییەکەی عەبدوڵلا مشیر و دەیبات ئەویش ڕادەکات بە دوای سینییەکە کە بیگێڕتەوە، لەو کاتە سەگێکیش بە دوای عەبدوڵلا ڕادەکات عەبـدوڵلا لە ترسی سەگەکە هەنگاوەکانی توند دەکات و بە پێش سـینییەکە دەکەوێـت.کـاك فەرەنسۆش ئەوە دەبینێـت، بە دەنگـی بەرز هـاوار دەکـات دەڵێـت کـوڕە واز لە سینییەکە بێنن یەکێك بچێت عەبدوڵلامان لۆ بگریتەوە.! ڕۆژێك یاری بـالە دەکـرا عەبدوڵلا مشیریش لە نزیـك بـرادەرانی مەکـتەبی سـیاسی دانیشـتبوو کـاك فـازل و زەعیم عەلی و فەلەکەدین کـاکەیی لە تەنیشـت یەك دانیشـتبوون، ئەوانـیش ئەو مەسەلەی عەبدوڵلایان دەزانی، بۆیە بە دەنگێکی بەرز کە عەبدوڵلا گویێ لێ بێـت یان کاك فازل بوو یان زەعیم عەلی وتی جەماعەت دەزانن ئەو تەختیتەی سـاحەی

بالەیە زۆر ئەمانە. ئەوەکەی تر وتی چۆن یەعنی چی.؟ وتی ئەگەر تەیارە بێت پیاو خۆی لە ناو ئەو ساحەیە بشارێتەوە گیانی پارێزراو دەبێت ئەو خەتانەی بە گێچ کێشراون زۆر لە ئاماژەی نەخۆشخانە دەچێت و بە پێی یاسا نێودەوڵەتیەکانیش فرۆکەکان نابێت و ناتوانن ئەو شوێنانە بۆمباران بکەن. عەبدوڵلا گوێی وشت کردبوو لەو قسانە و  باش گوێی بۆ ڕاگرتبوو بەس هیچ دەنگی لێوە نەدەهاتوو شوشە چایەکی لە دەست بوو ناوە ناوە قومی لێ دەدا، دوای یاریەکە خەڵکەکە بڵاوەیان کردوو هەرکەسە و چوونەوە بارەگاکانیان، ئیتر تاریکایی شەو باڵی کێشا بەسەر ناوچەکە، ئێمە لە قوڵایی دۆڵێکی قوڵ دابووین بەس ئاسمانمان لێ دیاربوو. خانووەکان بەریز لە دەم ڕوبارەکە دروست کرابوون. گۆڕەپانی یاریەکەش کەوتبووە ئەو دیوی مەکتەبی سیاسی لە تەختایی و پانتاییەکی گەورە دروست کرابوو زەویەکەی نەرم و لماوی بوو بە دەستیش هەڵدەکەندرا، بەڵام مەودایەکی هەبوو لەگەڵ خانووەکانمان، شەوانە هاژە هاژەی ڕوبارەکە نەیدەهێشت هیچ دەنگێك ببیستین تەنیا هەندێ جار بۆڕەی ورچێکمان گوێ لێ دەبوو یان شکاندنی لقە دارێك بە هۆی ورچێکەوەو ئەو لقە دارەی لە ڕوناکایی فانۆسی خانوەکان دەگرت دەتگۆت پەروانەی هەلیکۆپتەرە فڕەفڕی دەهات و دەکەوتە ناو ڕووبارەکە.! ئەو ناوچەیە ورچی یەکجار زۆری تێدابوو ورچەکان زۆربەیان قاوەیی یان ڕەش بوون قەبارەشیان زۆر گەورە و ترسناك بوون هەندێ جار بە رۆژیش دەماندیتن. ئەو شەوە ئێمە خەوتین بەیانییەکەی لەگەڵ دەنگە دەنگی (فارسە کۆری نێروەیی) (ئیسلام) بەخەبەر هاتین کە تەباخی مەکتەبی سیاسی بوو ئەو یەك بە خۆی هاواری دەکرد (کوڕۆ کا وەرن بەرێ خۆ بدەنێ هرسێ چ سەر ڤێرێ هینانیە.!) هەموو ئەوانەی نزیك بوون لەو شوێنە بە ڕاکردن چون بۆ لای (ئیسلام) کە لە ناوەڕاستی ساحەکەی یاری بالە ڕاوەستابوو  کە چووین بینیمان ناوەڕاستی ساحەکە هەڵکەندرابوو چالێکی گەورەی لێ کرابوو و ساحەکە تێکدرابوو، هەموان دەیانگۆت کوانێ  جێ پێ هیچ ئاژەلێك لێرە دیار نییە.دەبێ چ دەعبایەك ئێرەی هەڵکەندبێ.!؟ عەبدوڵلا مشیر لەسەر بانی ژووری بەشی عەسکەری ڕاوەستابوو و

سەیری جەماعەتی دەکرد و پێدەکەنی ،کاك فازل هاتە دەرەوەو وتی چی بووە ؟ بۆیان باس کرد کە شتێکی ئەوها ڕویداوە، ئەویش وتی عەبدوڵلا مشیر لە کوێیە.؟ یەکسەر زانی کە کاری ئەوە، چونکە ڕۆژی پێشوو ئەوان قسەکەیان کردبوو چووبووە عەقڵی عەبدوڵلا ئەو لە سەربانی بەشی عەسکەری بانگی کرد ئەمن لێرەم.! پاشان وتی دوێنێ برادەرانی مەکتەبی سیاسی وتیان ئێرە ئەمانی هەیە و تەیارە لێرە نادات بۆیە ئەمنیش ئەم کونە تەیارەم لەو شوێنە دروست کردووە، ئەگەر تەیارە هات بچمە ناوی و خۆم بشارمەوە. ئیتر هەمووان دەستیان کرد بە پێکەنین و کردیانە بەزمی خۆیان.! پاشان کاك فازل وتی شوێنەکە چاك بکەنەوە ،بە عەبدوڵلاشی وت بۆ ئەوەندە دەترسی چوار دەوری ئێرە دۆشکەیە و تەیارە ناتوانی لێرە ڕەمی بکات ،پاشان خۆ ئەتوو گیانت لە ئێمە عەزیزتر نییە.! تۆ پێشمەرگەیت نابێت ئەوەندە ترسنۆك بیت.! عەبدوڵلاش گۆتی بە خوای کاك فازل سەگ و تەیارە ئەو شتانە نازانن. پیاو دەبێت ئاگای لە خۆ بێت خۆ ئەمن دەبابە نیمە لە هیچ نەترسێم.!ئیتر بوو بە پێکەنین جا دەگێڕنەوە ئەم عەبدوڵلا مشیرە لە ئێران لە شاری (کاشان)دەبێت لە سەردەمی شۆرشی ئیسلامی ئێران کە خواردنەمەنی کەمبوو خەڵکی شتیان ئەنبار دەکرد ، عەبدوڵلاش دەچێت دوو فەردە گوڵەبەڕۆژە دەکڕێت و دەیباتەوە ماڵ، برادەرەکانی لێی دەپرسن ئەوە چیە عەبدوڵلا.؟ئەویش دەڵێت ئەوە گوڵە بەڕۆژەیە ئێوە نازانن (ئینقلابەو)شتومەك کەم بۆتەوە خەڵک هەمووی ئەرزاقی خۆی کڕیووە. ئەوەش ئەرزاقی منە ئەو گوڵەبەرۆژە خۆرێکی جیاواز بوو هەمیشە هەردوو گیرفانی شەلوارەکەی پڕدەکرد لە گوڵەبەڕۆژە هەر لەخەو هەڵسا با تاکو دەخەوت بە بەردەوام گوڵەبەڕۆژە و چایەی ڕەشی دەخواردەوە و جگەرەکێشێکی باشیش بوو.! لەگەڵ ئەوەشدا تەندروستی خراپ نەبوو. بۆ هەموو ئیشێك ڕای دەکرد و تەمبەڵی نەدەکرد.

کاك مەسعود ئەمری کردبوو میوانخانەیەك بۆ بارەگای مەکتەبی سیاسی دروست بکرێت جەماعەت هەر تاخیریان دەکرد، کاك مەسعود دەیویست

بچێتەوە ئیجازەو ماڵ، بەڵام دەیویست پێش بچێتەوە میوانخـانەکە تەواو بکرێـت، جەماعەتیش لەبەر ماندووی خۆیان و ئێوارانیش یاری بالەیان دەکـرد ئەو شـتەیان پشت گوێ خستبوو.ڕۆژێك هەموان خەریکی سەیرکردنی یاری بوون کـاك مەسـعود و پاسـەوانەکانی لەولاوە هـاتن کـاك مەسـعود کـراس و شـەلوارێکی لەبەردابـوو تەورێکی داربڕین لەسەر شانی بوو، نزیك کەوتەوە سڵاوێکی کرد بـرادەرانی مەکـتەبی سیاسی وتیان ئەوە بۆ کوێ جەنابی سـەرۆك، ئەویـش وتی ئێـوە ئـیش نـاکەن و ئەم میوانخـانەیە تەواو نـاکەن دەرۆم دار دەبـڕم و سـەری میوانخـانەکە دادەپۆشـم.! هەمووان شەرمەزار بوون و وتیان ئێمەش دێین،کاك مەسعود سـوێندی خـوارد کە کەس نابێت بێت، ئەو تورەببوو لەبەر ئەوەی چەند جار وتبوی زوکەن ئەو شـوێنە ئامـادە بـکەن زسـتان دادێـت و میوانمـان هەبێـت لە کـوێ بیمینێـتەوە.؟ بـۆیە هەموان لە شوێنی خۆیان مانەوە و کاك مەسـعود و پاسـەوانەکانی چـوونە شـاخ و چەند دارێکیان بڕی و خستیانە سەر شانیان و بۆ لای میوانخانەکە چـوون بە پـێش ئێمەدا تێپەڕین، هەموومان لە شەرمان سەرمان داخستبوو کـاك مەسـعود دارێـکی ئەستور و درێژی دولقی بۆ کـۆلەگەی خـانووەکە خسـتبووە سـەر شـانی عـارەقەکی زۆری کردبوو هەموو کراسەکەی بەری تەڕ ببوو بـرادەرانی مەکـتەبی سـیاسی چـونە لای کـاك مەسـعود داوایـان لـێ کـرد ئەو دەسـت هەڵگرێـت لەو کـارە و ئەوان تەواوی دەکەن، بەڵام ئەو وتی من لەم شوێنە ناڕۆم تاکو تەواو نەکرێت.! ئەوە بوو بەڵێنیاندا بە کاك مەسـعود کە بەیـانی تەواوی دەکەن، ئیـتر بەیـانییەکەی هەمـوان زوو لە خەو هەڵسـان و بەیەکەوە ڕۆیشـتین و میوانخانەکەمـان تەواو کـرد و خۆڵەبانیشمان کرد.! کاك مەسـعود بەڕێـکەوت بەرەو مـاڵ چـوو بـۆ (سـلیڤانە) لە دەشتی تەلگەوەڕو مەلگەوەڕ کە ئەو کاتە ماڵەکەی لەوێ بـوو.! بەڵام وتیـان کـاك ئیدریس بەڕێگەوەیە دێت بـۆ ئێـرە. دوای دوو ڕۆژ کـاك ئیـدریس گەیشـتە لامـان ئەو لە کێلەشینەوە تاکو لای ئێمە بە پێ هاتبوو، ماوەکەی دوور بوو شەش حەوت کـاژێر بـوو دیـار بـوو پـێلاوەکەی زۆر بـاش نەبـوو بـۆ پیـادە ڕۆیـی بـۆیە بەینـی پەنجەکانی و سەرپەنجەکانی بلۆقی کردبـوو، خـانووەکەی ئـێمە لە ژێـر دار تووێـك

بوو، بەردێکی گەورەی لە تەنیشت بوو کە قەبارەکەی بە قەد مێـزێکی مـام ناوەنـد بوو ڕۆژانە ئێمە جار جار لەسەر ئەم بەردە دادەنیشتین.کاك ئیدریس چـووە سـەر ئەو بەردە دانیشت، پێڵاوەکانی داکەندوو گۆرەویەکانی لەپێ کردەوە و وتی یەکـێکم بۆ بانـگ بـکەن وەزعـی قاچەکـانم هـیچ بـاش نیـیە. منـیش چـووم سـەیر بـکەم. هەرواش بوو قاچەکانی سوور هەڵگەڕابوون ئیشوو ئازاری زۆر پێوە دیاربوو بەس ئەو نەیدەدرکاند.! بۆیە ئەمنیش چووم تەشتێك دەرمانی (پەڕمەنگەنـاتم)گرتەوە و قاچەکانی کاك ئیدریسم خسـتنە نـاوی بە لـۆکە و گـۆز مـاوەیەك قاچەکـانیم بـۆی شۆری و پاشان وشکم کردەوە و بە مەڵحەمی (حەساسیە و ئەنتی بایوتیك) بـۆیم دەرمان کرد، پێنج ڕۆژ خەریکی قاچەکانی بـووم تـاکو تۆزێـك چـاکبوونەوەو بەرەو باشی چوون هەرجارەی دەچووم دەرمانم دەکرد کاك ئیدریس یادی بە خێربێت بە پێکەنینەوە دەیگۆت دیسان تەشقەلەچیەکە هـاتەوە.!!نیـوەڕۆیەك کـاك ئیـدریس نەعلێکی لە پێ بوو هات لەسەر ئەو بەردەی کە باسم کرد دانیشـت پێشـمەرگەش دەوریان دابوو قسەی بۆیان دەکرد، ئەو ڕۆژە هەمووممان دەورمان دابوو، لە پڕێکا لەڕێزی بەرانبەر کاك ئیدریس کە پێشمەرگەی لێ وەستابوو بوو بە ڕاکە ڕاك،کاتێك بینیم مارێکی گەورەی چڵکنـی بزگـڕ بزگـر کە درێـژیەکەی مەتـر و نیوێـك دەبـوو ئەستوریەکەشی بە قەد تەرۆزیەکی باش ئەستوربوو وەك گوللەیەك دەرچووبێ رێك بۆ لای کاك ئیدریس خشی یەکێك هاواری کـرد کـوڕە کەس تەقە نەکـات دەترسـان بەر کاك ئیدریس بکەوێ مارەکە ڕووی لە کاك ئیدریس کـردوو بـۆ ژێـر قاچەکـانی چـوو. کـاك ئیـدریس لە شـوێنی خـۆی نەجـوڵا تەنیـا قاچەکـانی بەرزکـردنەوە وتی مەلعـون چیـت دەوێ؟ مـارەکەش چـووە کەلێنـی ئەو بەردەی کە کـاك ئیـدریس لەسـەری دانیشـتبوو، پاشـان جەمـاعەت بە کـاك ئیدریسـیان وت سـەر ئەو بەردە جێبهێڵێت. ئەویش هەندێك هاتە ئەملاوە و جەماعەت خەریکی دەرکردنی مـارەکە بوون دوای هەوڵدانێکی زۆر مارەکەیان کوشـت و فڕێیـان دایە نـاو ڕوبـارەکە ئەو شــوێنەی ئــێمە مــار و دووپشــک و جاڵجــاڵۆکەی زۆر بــوو زۆربەی ڕۆژەکــان دەچووینە ڕاوی دووپشک.! دووپشکێکمان دەهێنا و بەنێکمان لە کلـکی دەبەسـت

پاشان زۆرمان لێ دەکرد و دەماننارد ناو کونی دووپشکێکی تر، لە ناو کونەکە دەبوو بە شەڕیان کاتێ یەکتریان دەگرت بەنەکەمان ڕادەکێشا و دووپشکەکەمان دەردەهێنا، ئەویش ئەوەی ژوورەوەی لەگەڵ خۆی ڕادەکێشا دەرەوە ئیتر دەبوو بە شەڕە دووپشک و یەکێك ئەوەی تری دەکوشت یان ئاگرێکمان دەکردەوە کە دەبوو بە پۆڵی ڕەژوو گەش دەبۆوە دەمانکردە دایرەیی (بازنەیی)دووپشکێکمان دەخستە ناو بازنەکە بە دارێك ناچارمان دەکرد بەرەو پۆڵیە ئاگرەکە بچێت ئەویش کە دەیزانی دەربازی نابێت بە کلکی دەیدا بە ناوەندی پشتی خۆی و خۆی دەکوشت ئەوە بۆ من وانەیەکی مەزنی خۆبەدەستەوە نەدان بوو، ئەو دووپشکە کە دەیزانی چواردەوری بە ئاگر دراوە ڕێگای دەربازبوونی نەماوە ئامادەنەبوو ببێتە یاری دەستی ئێمە و مردنی هەڵدەبژارد، ئێستاش لەگەڵ دابێ من ڕێز لەو هەڵوێستەی دووپشك دەگرم ئەگەرچی لەم ماوەیە جارێك بە دەستی وەدام.! شتێکم لەبیر چوو پێم باشە باس بکەم کە لە بێرکمە بووین رۆژێك کەسێکیان هێنا لامان وتیان ئەمە محەمەد سادق سورچی یە. وەکو کادری بەشی عەسکەری لە لاتان دەمێنێتەوە ڕێزی لێ بگرن، ئێمەش بە خێرهاتنمان کرد، ئەو ماڵی لە شاری (وەرامین)بوو لە نزیك تاران وابزانم خاوەنی دوو ژن و منداڵیش بوو، ئێمەش شەوانە جۆڵانەمان دروست کردبوو لە قەد دارەکان و لە ناوی دەخەوتین لە ترسی دووپشك کە ئەوەندە زۆر بوون ئەوەشی لەسەر زەوی دەخەوت دەچووە ناو پشتدێنەکەی و لای قاچی گرت دەداو باقیەکەشی لول دەکرد و دەیخستە ژێر سەری، چونکە بڕوامان وابوو بەم شێوەیە دووپشکەکان پێمان وەنادەن. بە محەمەد سادقمان وت تۆش ئاوا بکە ئەو بەوە ڕازی نەبوو وەك بڵێی پێی عەیب بوو وا بخەوێت هەرچی داوامان لێ کرد بە قسەی ئێمەی نەکرد، هەموومان لەسەر جێگاکانمان درێژ ببووین و قسەمان دەکرد لەگەڵ یەکتری هێشتا خەو نەیبردینەوە. کاتێکم زانی زیرەی شێخ محەمەد سادق هەڵسا، ئێمەش تاومان دا لایتەکانمان و پێمان کردن جارێکی تر زیرەی لێ هەڵساوە وتمان چیە وتی پێوەیدام سەرتان نێشینم لەیەك شوێن حەوت جار پیێ وەدا، ئێمەش بەلایت دەورمان

گرتبوو کاتێك دیـتمان دووپشـکێك وەك سـەرخۆش کلـکی بەدوای خـۆی ڕادەکێشـا گەورەییەکەی و قەبارەکەی یەك بست دەبوو، دووپشـکەکەمان تۆپانـد، دەرزیەکی دژە حەساسیەمان لە شێخدا، بەڵام وەزعی باش نەبوو بەو شەوە پیکابێکمان هێناو ڕەوانەی شـنۆمان کـردەوە. لەوێـش ڕەوانەی ورمێیـان کردبـوو، واتە یەك شـەویش لەلامان نەمـایەوە. ئەو شـێخ مـحەمەد سـادقەم ئیـتر نەدیـتەوە و نەگەڕایەوە لای ئێمە دواتر کە لە دوای ساڵی ٢٠١٠ دیتم لە بارەگای مەکـتەبی ڕێکخسـتیننی پـارتی بوو نـاوبراو کرابـووە ئەنـدامی مەکـتەبی ڕێکخسـتن مـاوەیەکیش بـوو بە ئەنـدامی پەرلەمانی کوردستان و وەکو بە تەمەنترین ئەنـدامی پەرلەمـان سـەرۆکایەتی یەکەم کۆبونەوەی پەرلەمانی کوردستانی کرد.

دەچینەوە مەکتەبی سیاسی و ماڵە مەلا مانگی یەکی ساڵی ١٩٨٣، زستانێکی زۆر سـەخت بـوو ئەو سـاڵە بەفـرێکی زۆر بـاری بە ئەنـدازەیەك کە لەگەڵ بـانی ئەو خـانوانەی دروسـتان کردبـوون بەرزی بەفـرەکە یەکسـان ببـۆوە. زۆر جـار بە نـاو تونێلێکی بەفرەوە فایلی بەشی عەسـکەریمان دەبـردە مەکـتەبی سـیاسی. هەر چـوار دەورمان گەمارۆ درابوو تەنانەت نەدەگەیشـتینە سـەرووی دۆڵەکەش کە بارەگـای ڕادیـۆی دەنگـی کوردسـتانی عێـراق لەوێ بـوو تەنیـا بە بێـتەل دەمـانتوانی لەگەڵ هەڤاڵەکانی ئەوێ قسە بکەین هەموو ئاو و ڕوبارەکان بەستبوویان بەسەر شـەختە لە ڕوبارەکـــان و جـــۆگە ئاوەکـــان دەپەڕیـــنەوە، بەڵام ئەوەی گرنـــگ بـــوو خواردەمەنیمان زۆر زۆر هەبوو، ئەوەندەشمان داری وشك کۆکردبۆوە بەشی دوو زستانی ئەوهاشی دەکرد. لەم بابەتانەوە کێشەمان نەبوو بە سەدان لە تەنەکە پەنیر و ڕۆن و زیـاتر لە حەفتـا کەلەش حەیـوانی سـەربڕاو خرابـوونە ژێـر بەفـرەکە و ژوورێکی گەورەشی پڕاوپڕ بوو لە کارتۆنە هێلکە و بڕێکی باشـیش ئاردمـان هەبـوو، برنج و شەکر و چایی لە بڕان دابوو ئەوەندە زۆرمان لە ئەنبارەکـان حەشـار دابـوو بەشی دوو ئەوەندەی ئەو خەڵکەی دەکرد کەلەوێ مابونەوە. لە هەربارەگـایەك بە مەکتەبی سیاسیشەوە لەسەدا پەنجای کادیران و پێشمەرگەکانی مـۆڵەت درابـوون و

چووبــونەوە ماڵەکانیــان. هــیچ ترسـێکی دوژمــن لە ئــارادانەبوو نە لە زەوی نە لە ئاسمان. هەموو چەکە دژە ئاسمانییەکان بە نـایلۆن داپۆشرابـوون و کەوتبـونە ژێـر بەفر.! لە هەندێ شوێن زیاتر لە دوو مەتـر بەفـر بـاری بـوو. بەڕاسـتی دیمەنـێکی ترسناك بوو بە دەگمەن ڕەشایەتیت دەدیتن هەمووی وەکو هـێلکە سـپی دەچـوو، زیاتر لە جەمسەری باکوور دەچوو نەك لە ناوچەیەکی کوردستانی باشـوور هەرگیـز بە درێژایی تەمەنم کەشوهەوای لەو شێوەیەم نەدیبوو.! هیچ دەرچوونێك نەبـوو، واتە نەدەکرا کەس لە شوێنی خۆی بجوڵێت کارو پیشەمان ببووە خـواردن و خەو و یاری کردنی دۆمینە و کۆنکان.

## بەزمی سۆفییەکان

ڕۆژێك لەو بەفرە سەختە لە دوورەوە خەڵکێکی زۆر بەرەو لای ئـێمە دەهـاتن بەوە دەچوو جەنازەیەکیان لەسەر ملان بێت کە هـاتنە لای ئـێمە پرسـیاریان کـرد دختۆر لە کێنە.؟ ئەمنیش وتـم ئـێمەین فەرمـوون. وتیـان ئەو نەخۆشـە لە مـردنە زیاتر لە پازدە پیاویان لەگەڵدابوو لەگەڵ دوو ژن، ئەوان خەڵکی دەڤەری برادۆست بوون. ئەوەی نەخۆشەکەش دیار بوو کە ڕیش سپی و برا گەورەی ئەو خـێڵە بـوو. وتم چیەتی.؟ وتیان وەرزی پـایز لە موسـڵ نەشـتەرگەری بـۆ کـراوە. ئێسـتاش لێـی هەڵوەشـــاوەتەوە، زۆرم لا ســـەیر بـــوو ئەوان نە ســـۆنەر نە تیشـــك و نە هـــیچ بەڵگەیەکیان لە لا نەبوو بەس دەیانگۆت دختۆر زووکەن عیلاجەکی لێ بکەن دەنـا دەمرێت.!؟

منـــیش وتـــم بیهێنـــنە ژووری نەخۆشـــەکەیان هێنـــا ژووری لەســـەر تەختەکە(قەرەوێڵە) درێژیان کرد، زیاتر لە کەسێکی نووستوو دەچوو نەك نەخـۆش دکتۆر ئەحمەد پشکنینی بۆ کرد، دواتر وتی هیچی نییە ئەمە(هستریایە) گرتوویەتی بچۆ بچۆ پێنج سیسی ئاوی مـقەتەر لە سرنجێـك هەڵکێشـە و لێـی بـدە ئێشـەکەی

ئەوەنـدە زۆر دەبێـت یەکسـەر وریـای دەبێـتەوە. ئەمنـیش وام کـرد نەخۆشـەکە ئاخێکی کـرد و هەنـدێك جـولا پاشـان دکتـۆر ئەحـمەد هەنـدێك چـووەوە پـێش و هەندێك قونجرکی گرت لە بنـا گـوێی و لـوتی، نەخۆشـەکە یەکسـەر هەسـتایەوە و دانیشت.!! هاواری دەکرد وەی بابۆ، وەی بابۆ. ئەز مرم، وەی بابۆ. دکتۆر ئەحـمەد سـەرقاڵی قسـەکردن بـوو لەگەڵ نەخۆشـەکە پرسـیاری لـێ دەکـرد لە جوابەکـانی دەرکەوت کە هیچـی نیـیە، دکتـۆر هـاتەوە ژووری خۆمـان ئـێمەش بە دوای داچووین. وتمان دکتۆر چیەتی. ئەویش وتی وەڵاهی لە مـن سـاغترە و هیچـی نیـیە، دەڵێت زگم دێشێت و کەمێکیش ترساوە لەبەر نەشتەرگەریەکەی. بچـن دەرزیەکی باسکوپانی لێ بدەن با بچێتەوە.! شەهید سامی وتی دکتۆر ئەمە نابێـت. پرسـیارمان کرد بۆ نابێت.!؟ وتی ئەو هەمووە هاتوون هیچ دیاریەکیان بۆ ئـێمە نەهێنـاوە ئەو هەموو مریشك و مەڕ و بزنەیان هەیە. ئیزنم بدەن ئەمن فەحسەکی دی لـۆدەکەم و ئەمشـەو لێـرەی دەهـێڵمەوە. وتمـان بـۆچی وادەکەی.؟ ئەو وتی دڵنیـام بەیـانی دێنەوە شوێنی نەخۆشەکەیان هەندێ شتمان بۆ دەهێنن. ئـێمەش پـێمان نـاخۆش نەبوو ئەوە بکات، بەڵام وتمان سامی تۆ لە دوای فەحسەکە بڵێ هیچی پێ ناوێت، بەڵام دەبێ ئەمشەو لێرە بمێنێتەوەو لە ژێر چاودێری ئێمە دابێت تاکو بەیانی. ئیـتر سامی چوو بۆ لای نەخۆشەکە منیش بەدوایدا ڕۆیشـتم. هەمـوو ئەوانەی لەگەڵـی هـاتبوون لە ژوورەوە بـوون لەسـەر سـەری نەخۆشـەکە وەسـتا بـوون، سـامی وتی هەموتان بۆ دەرەوە تەنانەت یەك نەفەریشتان لە ژوورەوە نەمێنێ ئەوانیش وایان کرد، دەرگاکەی داخست و دەستی کرد بە پرسیار کردن لە نەخۆشەکە. پاشـان دوو دانە داری فەحسیـ لەوزەی دەرهێنـا و دانەیەکی نـا بە پەنـجەی گەورەی پێـی و دانەیەکیشی لەسەر دڵی دانا و وتی نەفەسی قـوڵ بکێشـە. نەخۆشـەکەش وای کـرد. ئەمجارە دارەکانی لەسەر هەردوو لا ڕومەتی دادەنا و دەیگۆت بکۆخە. ئەویش وای دەکرد. من زۆرم لا سەیر بوو بەو کارانەی سامی ئەو دکتۆر نەبوو و هیچیشیـ لـێ نەدەزانی، پاشان لە کـابرای پـرسی ئەوانەی لەگەڵـتن چـی تـۆن وتی هەمـووی بـرا و ئامۆزا و کەسی خۆمن. سامی وتی تـۆ دەبێـت ئەمشـەو لێـرە بمێنیـتەوە و ئەوانەش

دەبێت هەموویان بڕۆن و بەیانی بێنەوە بۆ ئێرە کابرای نەخـۆش زۆر تکـا و ڕجـای کـرد تـاکو سـامی ڕازی بـوو یەك نەفەریـان لای بمێنێـتەوە. ئیـتر بەم شـێوەیە ئەم کەسەمان لای خۆمان گل دایەوە شەویش یەك دوو جارێك چووینە سەردانی کردنی و درەنگانی شەویش حەبێکی(ڤالیوم)ی خەومان پێی دا تاکو بەیانی وریای نەبـۆوە.! بەیانییەکەی لەگەڵ ڕۆژهەڵات جەماعەتەکەی هاتنەوە لامان ئەوان(دوو دانە بـزن و چـــوار مریشـــك و تەنەیەك هـــێلکە و کیســـەیەك پەنیـــر و مەنجەڵێـــك ماسـتیان)هێنابوو فـێڵەکەی سـامی سـەری گرتبـوو بەم زسـتانە سـاردە ئەو شـتە خۆماڵیانە لەزەت و تامێکی جیاوازیان هەبوو. ئیتر کردمـان بە مـنەت لەسـەریان و وتمان ئەو شتانە قبوڵ ناکەین، بەڵام ئەوان بە زۆر ئێمەیان ڕازی کرد بە وەرگرتنیان و وتیان دوێنـێ بـۆیە دەسـت بەتـاڵ هـاتبووین لەبەر نەخۆشـەکەمان ئاگامـان لە خۆمان نەبوو. ئەگینا هەر دەبوایە دوێنـێ بۆتانمـان هێنابـان ئەو شـتە لە بارەگـای مەکتەب سـیاسی بـڵاو ببـۆوە کە بـزن و مریشـك و هێلکەمـان بـۆ هـاتووە خەبەر گەیشتبووە کاك فازل میرانی(سلێمان) هەبوو حەرەسی کاك فازل بوو وابزانم خەڵکی زاخۆ بوو. هاتە لامان وتی کاك فازل وتویەتی ئەگەر بزنەکەیان سەر بـڕی دو شـیش لە جگەرەکەی بـۆ مـن ڕەوانە بـکەن. ئـێمەش هەردوو بزنەکەمانـدا بە مەتـبەخ و وتمان سەریان ببڕن و لە دوو مەنجەڵ بیکوڵێنن و بەشی هەموو ئەو بارەگانە بدەن کە لەو دەورو بەرەی مەکتەب سیاسین!

# تەوەری شازدەم

## داستانی کۆمەڵە پێشمەرگەکەی لقی دوو

لە مـانگی کـانوونی دووەمـی١٩٨٣ کۆمەڵێـك کـادیر و پێشـمەرگەی لقـی ٢ لە ئێرانەوە لە شاری شنۆ بە ڕێکەوتن بەرەو لـۆلان و بارەگـای مەکـتەب سـیاسی، ئەو کـۆمەڵە کـادیرە لە پەرۆشی ئەرکەکانیـان بەو زسـتانە سـارد و تووشـە ململانێـی سێگۆشەی مەرگیان کرد، واتە سـێ گۆشـەی(ئێران ـ عێـراق ـ تورکیـا) ئەو شـوێنەی دەبوایە بە سەلامەتی لێی دەرباز ببین و خۆیان بگەیەننە سـنووری لقـی ٢ بە هەر نرخێک بێت.

زستانەکەی سەخت و بێ ئەمان بـوو بەفـرێکی زۆر لە دەشـتایەکان بـاریبوو چ بگات بە ناوچەی شاخاوییەکان لە هەندێ شوێن زیاتر لە دوو مەتر بـاریبوو ئـێمە لە گوندی(ماڵە مەلا) یان هەمان ناوچەی(پەیمان) کە دواتـر بەو نـاوە نـاودێر کـرا دوورییەکەی لە گوندی (خـڕێنە) کە دوا خـاڵی سـنووری کوردسـتانی باشـوور بـوو زیـاتر لە سـێ کـاژێر بـوو بە پـێ. ئەو خـانوانەی بـۆ بارەگـای مەکـتەب سـیاسی و بەشەکانی دروستکرابوون لە دۆڵێك بوو ناومان نـابوو(دۆڵە ورچ) لەبەر زۆری ورچ لەو ناوچەیە ئەم ورچانە بە ڕەوە و بە تاك شـەو و ڕۆژ لە دەورمـان دەخـولانەوە، هەندێ جار داریان دەشکاندەوە لە ئێمەیان دەگرت.! نەمانـدەزانی کە ئەوە یـاریە لەگەڵمانـدا دەکەن یـاخود شـەڕمان پـێ دەفرۆشـن.! ئەم خـانوانەی دروسـتیان کردبوون هەمووی بەفر دای پۆشیبوون بارستایی بەفـرەکە لە بارسـتایی خانوەکـان زۆر زیاتر بوون لە نێوان بەشەکانی مەکتەبی سیاسی وەکوو توونێل(نەفەق) بەفرمان پـاك کردبـۆوە لە هەنـدێ شـوێنی خـۆی لە (٣سـێ) مەتـر زیـاتر دەدا. دیـمەنە سروشتیەکان تۆقێنەر بوون، دەکرا ڕکابەری دیمەنە ترسناکەکانی فلیمەکانی(ئالفرێـد

هیچکـاك) پـێ بکەیـت و زۆر ترسـناك تـریش لەو دیمەنـانەن. لە ڕاسـتدا هـیچ کێشـەیەکی ژیانمـان نەبـوو لە ڕووی خـۆراك و پێداویسـتی گەرمـکەرەوە، ئەمـانە هەمووی هەبـوون، بەڵام دەرچـوون لە ژوورەکانمـان ئەسـتەم بـوون نانەواخـانەی بارەگای مەکتەب سیاسی ١٠٠ سـەد مەترێـك لە سـەرووی ئـێمەوە بـوون دەبـوایە زیاتر لە کاژێرێك تەرخان بکەین بـۆ ئەوەی بتـوانین بچین(نـان) وەرگـرین ڕێگـا و بانەکـان هەمـووی گیرابـوون بە بەفـر و بەسـتەڵەکە تەنـانەت سـەر جـۆگە ئـاو و ڕووبارەکانیش ببوون بە پردێکی بەفرین بەسـەریاندا دەپەڕیـنەوە، بە دڵنیـایی هـیچ شتێك نەبوو و نەیـدەتوانی ناچـارت بکـات بەم شـێوەیە بژیـت تەنیـا بیـر و بـاوەڕ نەبێـت، ئەویـش دەبێـت بیـر و بـاوەڕێکی پـۆڵاین بێـت.؟ ئەگەر تەنیـا لە پـێش ژوورەکەی خۆت لە دەرەوە بۆماوەی ١٥ پانزە خولەك وەستابایت بە دڵنیایی وەك ئەوە وابــوو خــرابیتە نـاو بەفرگــرێکی گەورە و هەمـوو گیـان و جەسـتەت وەك بەستەڵەك (چلورە) دەیبەستا.؟ جا لەم کەشوهەوا سەر شێتەدا ئەم کۆمەڵە کـادیر و پێشــمەرگەیە هەســتان بە دەســت و پەنــجە نەرم کــردن لەگەڵــی و زاڵ بــوون بەســەریدا کە بەڕاسـتی دەبـوایە پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان فلیمـێکی سـینەمایی دیکۆمێنتاری لەسەر ئەم سەرکێشیە دروستبکردایە، چونکە گۆشـەیەکە لە مێـژووی خەباتی ورە بەرزانەی پێشمەرگەکانی لە وان سەردەمانەدا، ئەوەی من لێی ئاگـادارم داستانەکە بەم شێوەیە دەستی پێ کرد:

سەر لە بەیانی ڕۆژی ١٩٨٣/١/١٠ برووسکەیەك ئاڕاستەی مەکتەبی سـیاسی کـرا وەك ئاگادارکردنەوەیەك کە تیایدا نوسرابوو "ئەو کـۆمەڵە پێشـمەرگە و کـادیرە لە چۆمی (گادەر) بە ڕێکەوتن بەرەو سێ گۆشەی سنوور بە مەبەستی ئاودیوو بـوون بــۆ بارەگــای مەکــتەبی ســیاسی و لە وێشــەوە بــۆ ســنوری چــالاکی لقــی٢." لە برووسکەکەدا داوا کرابوو بە گەیشـتنیان ئاگادارمـان بـکەنەوە. ئەم برووسـکەیە لە لایەن بە ڕەحمەت بێت (فەڕەنسۆ هەریری) کرابوو کە ئەو کات بەرپـرسی کەرتـی شــنۆ بــوو بە پێــی بۆچوونەکــان دەبــوایە دوای دوانــزە کــاژێر بگەیشــتبنایە

بارەگای(سەعید بۆسـەلی) لە گونـدی(خڕێنە) واتـا دیـوی کوردسـتانی عێـراق، بەڵام ئەمە ڕووینەدا و هیچ خەبەرێك لەو پێشـمەرگانە نەبـوون، ئەگەرەکـان زۆر بـوون یەك لەو ئەگەرانە ئەوە بوو کە ئەوانە ڕەق هەڵاتوون و لە ژیاندا نەماون پێویست بەوە دەکــات لە هەردوو دیــوی عێــراق و ئێــران خەڵکانێــك بــۆ دۆزیــنەوەی تەرمەکانیان بە ڕێبکەون و خـاڵی بە یەك گەیشـتنیان(کێلی) سـێ گۆشـەی سـنوور بێت ئەمە بڕیاری مەکتەبی سیاسی و سـەرکردایەتەی بەرەی دواوە بـوو کە دەبێـت تەرمەکانیان بدۆزرێنەوە.!

بەم شـێوەیە بڕیـاردرا لە دیـوی مەکـتەبی سـیاسی سـەد کەسـێك لەو گەنـج و کەسانەی کە توانایی بەفر بڕینیان هەیە کۆ بکرێنەوە بە هەمان شێوەش لە دیـوی ئێران و هاوکات بجولێن بەرەو سنوور بۆ دۆزیـنەوەی ونبووەکـان چ زینـدوو چ بە مـردوویەتی. ڕۆژی ١٩٨٣/١/١١ ئـێمە لە بارەگاکـانی دەوروبەری مەکـتەبی سـیاسی دەگەڕاین بۆ ناونووس کردن و کۆکردنەوەی خەڵکێك بۆ بەهانـاچوونی ونبووەکـان، بڕیار وابوو بەرە بەیانی ١٩٨٣/١/١٢ جوڵە بەو کەسانە بکرێت بەرەو سـێ گۆشـەی سنور، دوای ٣٩ کاژێر لە بە ڕێکەوتنی کۆمەڵە پێشـمەرگەکەی لقـی٢ ی لە چـۆمی گـادەر، لە کـاژێر ٩ی شـەو ١٢ لەسـەر ١٣ی ١٩٨٣/١ لە بارەگـای بارەگـای سـەعید بۆسەلی کە کۆتا بارەگای پارتی بوو لە نزیك سێ گۆشە لە گونـدی(خڕێنە) بە بێـتەل هەواڵیان پێ داین کە جەماعەتی لقی٢ سـەلامەتن و گەیشـتونەتە لای ئەوان، بەڵام هەر هەموویان چاویان(کوێر) ببوو قاچیان(ڕەش) بووە بە پەلە دکتۆر بۆیان ڕەوان بکرێت باری تەندروستیان زۆر ناجێگیرە.! ئەمە هەواڵێکی دڵ خۆشکەربوو کە ئەو پێشـمەرگانە زینـدوون بە پەلە ئەم هەواڵە بە برووسـکەیەك درا بە سـەرکردایەتی دواوە، ئەوانیش ئاگادارکرانەوە کە ئەو پێشمەرگانە زیندوون. کاك فازل داوای کرد تیمێکی پزیشکی بە هانایانەوە بچێت، شەوێکی بەفراوی و سـەخت بـوو ڕێگـاکەشی سەخت و چۆڵ بوو تەنیـا یەك بارەگـای پێشـمەرگە لەو بەیـنەدا هەبـوو، ئەویـش بارەگای(ڕەشید بێشونی) کە لە سەرەوەی چاکی(هار و مار) بـوو بە وشـکای ڕێگـای

کاژێر و نیوێك بوو، بەڵام لەو بەفر و کێوە و زریانە دیار نەبوو بە چەنـد کاژێرێـك دەگەیتە ئەوێ، جگە لەمەش ترسناکیش بوو بە هـۆی بـوونی ئـاژەڵی دڕنـدە، کەس نەیوێرا خۆی لێ بدات هەموو دەیانگۆت با بۆ بەیانی بێـت.! مـن وتـم ئەگەر سـێ کەس لەگەڵم بێت و سێ کۆڵە پشت دەرمانم بـۆ هەڵگـرن ئەوا ئەمـن هەر ئێسـتا دەچم بۆ لایان بە ڕێدەکەوم، شەهید قادر وتی من دێم لەگەڵـت  شـێخ مەحمـدی بـرای شـەهید قـادر وتی منـیش دێـم، ئەڵـبەتە ئەم دوانە نیـیەتی چـوونەوە ماڵیـان هەبـوو لە شـاری(نەغەدە)ی ئێـران کـوڕێکی تـریش کە نـاویم لە بیـر نەمـاوە وتی ئەمنـیش دێـم ئەو کـوڕە دۆلەمەری بـوو پـێم وابێـت ئەگەر هەڵەم نەکردبێـت جەماعەتی(ئەحمد زەڕێ)بـوو لە پاسـەوانەکانی بەرێـز سـەرۆك (مەسـعود بـارزانی) کوڕێکی باڵا بەرز و چاپوك بـوو دیـار بـوو زۆریـش پەرۆشی ئەو پێشـمەرگانە بـوو، بەداخەوە زۆر هەوڵم دا نـاوەکەی بـزانم، بەڵام نەکـرا داوای لێبـوردنی لـێ دەکەم. ئەم سێیانە لەگەڵ من واتا هەر چوارمان کۆڵە پشتیەکانمان لە کۆڵنا کە پڕ بـوون لە دەرمانی جـۆراو جـۆر کـاژێر ٧,٣٠ شـەوێ ١٩٨٣/١/١٢ بەرەو خـڕێنە بە ڕێکەوتـین کـاژێر١٠,٣٠ دوای ململانێـیکی زۆر لەگەڵ کەشـوهەوا و بەفـر و کڕێـوە و زریـان گەیشتینە بارەگای(ڕەشید بێشونی) زۆر هیلاك بووین توانای یەك هەنگـاوی ترمـان نەبوو نانێکمان خـوارد و پشـوویەکماندا، مـن وتـم ئەرێ زۆری مـاوە بـۆ بارەگـای سەعید بۆسەلی.؟ یەکێکیان وتی ناوەڵا هەر چل پەنجا دەقەیە، بەڵام لێرە بمێنیـنەوە بەیانی زوو هەڵسن بچن بۆ ئەوێ. منیش بیرم کردەوە ئەوان هەموویـان نەخۆشـن و پێویستیان بە من هەیە ئەگەر ڕێگاکە هەر ئەوەندە بێـت وا باشـترە هەر ئێسـتا بە ڕێبکەوین بۆ لایان، چونکە هەندێکیانم دەناسی هەڤاڵی پێشمەرگایەتیم بـوون، لە پێشتر بۆیە وتم: ئێمە دەبێت بە ڕێبکەوین و بگەیـنە ئەم جەمـاعەتە ئامـادەبن بۆ بەڕێکەوتن. جەماعەتەکەی ڕەشید بێشونی وتیان ئەگەر بە قسەی ئێمە دەکەین ئەمشـەو نـاچن، ڕاسـتە ڕێگـاکە دوور نیـیە، بەڵام بە هـۆی کڕێـوە و زریـان ڕێگـا دەرکردن ئەستەمە. من نەچووومە ژێـر بـاری ئەو قسـەیە وتـم دەبێـت هەر بچـین ئەوان ئێستا ئازاریان زۆرە گەیشـتنی ئـێمە بە ئەوان دڵنەوایـان دەکـات و ورەیـان

بەرز دەبێـتەوە. کـاژێر ١٢ی هەمـان شـەو بە ڕێکەوتـین لە هەنـدێ شـوێن تـاکو پشتێن دەکەوتینە ناو بەفر تاریك و تەم و کڕیوەیەکی زۆر بوو سـمێڵ و بڕۆکانمـان شـەختەیان گرتبـوو زریـان و کڕێـوە و بـا و بەفـر چاومـانی قەپـات کردبـوو هەر هەنگاوێکمان دەهاوێشت قاچمان بەرز دەکردەوە شوێنی قاچەکانمان پـڕ دەبـۆوە لە بەفـردا.! بە نـۆرە لە پێشـەوە دەڕۆیشـتین بـۆ بەفـر بـڕین مـاوەی یەك کـاژێر ڕۆیشتین دەو ڕوبار و دەو ڕوبار. لە شوێنێك هەستم کـرد ڕێگـاکەم لـێ ون بـووە هەر یەکە و لایتێکـێکی قەڵەمـیمان پـێ بـوو کە پاتریەکانیـان تەواو بـوو ئیـتر ڕوناکیمان نەما.؟ ناوە نـاوە چەرخـێکی جـگەرە داگیرسـانمان لـێ دەدا کە یەکسـەر دەکوژایەوە هیچمان نە دەدیت.

هەسـتم کـرد وەك کـاژێر لە دەوری خۆمـان دەخـولاینەوە دارێکـم کردبـوو بە نیشان هەر دەڕۆیشتین دوای مـاوەیەك دەهـاتینەوە لای دارەکە مـن دەمـزانی ون بووین، بەڵام ترسام باسی بکەم وتم بـا ئەوانەی لەگەڵمـدان ورەیـان نەڕوخـێ. لەم سووڕانەوەدا شەهید قادر قـاچی خلیسـکا و کەوتە نـاو ڕوبـارەکە. ئەمە بـۆ ئـێمە کارەسات بـوو، چـونکە دەرمـان هێنـا هەمـوو گیـانی ببـوو بە بەسـتەڵەك ئـێمە بە دەوری گردێـك دەخـولاینەوە تـاریکی و تەمـومژ و کڕێـوە و زریـان ڕێگـای نەدەدا تەنـانەت دوو مەتـر ئەولاتـری خۆشـمان ببینـین. بە پشـدێن شـەهید قادرمـان لە ئـاوەکە ڕاکێشـا دەرەوە لە تەوقـی سـەری تـاکوو ژێـر قاچەکـانی تەڕ ببـوو جـل و بەرگەکانی شەختەیان بەستا وەزعەکە بەرەو خراپی و مەترسی دەچوو وتم مەهێڵن بوەستێت هەمیشە بیجوڵێنن با جەستەی نەبەسـتێت بە دوو نەفەرەکەی تـرم وت من دەچمە سەر ئەو گـردەوە بەرەو لای بارەگـای ڕەشـید بێشـونی تەقە دەکەم کە بێنە هاوار و یارمەتیمان، بەڵام ئێوە نەهێڵن قادر بخەوێت یـان بوەسـتێت. شـەش مەغزەنی (ژ-٣)م  تەقاند ڕوی تفەنگەکەم لە بارەگا کردبوو، بەڵام سـوودی نەبـو لە نـاو بەفـر و بـۆڕان دەنگـی تەقە نـاڕوات بـۆیە هـاتمەوە لای شـێخ مـحەمەد ئەو(بڕنەوی) پێ بوو تفەنگەکەم لێی وەرگـرت (٥٠ پەنجـا) فیشـەکم تەقانـد هەر

جواب نەبوو.؟ دڵنیا بـووم بارەگـاکە زۆر دوور نیـیە لـێمانەوە، بەڵام کەشـوهەواکە نایەڵێت دەنگی تەقەکە بگات بە بارەگا. لای جەماعەت ئەم جارە کلاشینکۆفەکە و مەغزەنی حەریقم بـرد ڕومکـرد لە بارەگـا هەر دوو مەغـزەنەکەم تەقانـد. هەسـتم ڕاگرت هیچ جوڵە و بەهانا هاتنێك نەبوو مـن تەواو نـا ئومێـد ببـووم، بەڵام کـۆڵم نەدا گەڕامەوە لای شەهید قادر و ئەوان. شەهید قادر پێشمەرگەیەکی دێـرین بـوو ئەو شارەزای هەبوو بە منی وت. سالار خـۆت مانـدوو مەکە کەس گـوێی لە ئـێمە نابێت. ئێوەش بە هۆی من با نەمرن من بـبەنەوە نـاو ڕوبـارەکە تاشـە بەردێـك لە ناوەڕاستی ڕووبارەکە بەفر دای نەپۆشیوە من دەچـمە سـەر ئەو تاشـە بەردە و لە وێ دەمێنمەوە، ئێوەش بڕۆن. ئەگەر کەشوهەوا دامرکایەوە ڕۆژ دەرچوو وەرن بۆ لای تاشە بەردەکە چ بە زینـدووی چ بە مـردووی مـن لەو شـوێنە دەدۆزنەوە. لەو کاتە موچرکەیەك بە جەسـتەمدا هـات و شـانازیم بە پێشـمەرگە بـوونی خـۆم کـرد کاتێك ئەم هەڵوێستەی شەهید قادرم دیت کە چۆن قوربانی بە گیانی خۆی دەدا لە پێناو دەربازبوونی هەڤاڵەکـانی خـۆی. خـۆم بـۆ ڕانەگیـرا و فرمێسـك بە چاوەکـانم هـاتنە خـوارێ و لەسـەر ڕیـش و سـمێڵم وەکـو تـابلۆیەك نەخشـیان بەسـتا بە قەڵەمێکی سارد و سەهۆڵاوی، وتم ئەوە چی دەڵێت وا جەماعەت هاتن گوێیـان لە تەقەکە بـوو وتی: مـن پێشـمەرگەم واتـا مەرگـم هەڵبـژاردوە لە مەرگ ناترسـم دڵدانەوەشی پێ ناوێ ڕۆژێك هەر شەهید دەبم، جا ئێسـتا و ئەمشـەو بێـت یـان کاتێکی تر بێت. خەریك بـوو دڵـم لە سـینگم بێـتە دەرەوە ئەم هەمـوو پیـاوەتی و مەردایەتیەم بۆ یەکەم جار بوو لە ژیانی پێشمەرگایەتیم دەدیـت. بـۆیە بەوانی تـرم وت ئێوە بەرپرسن لە ژیانی قـادر بە هـیچ شـێوەیەك نابێـت بهـێڵن بخەوێـت یـان بوەستێت پاشان سەیری پشتی شێخ محەمەدم کرد دوو نـارنجۆکی پێـوە بـوو، وتـم هەر ئەو دووەت هەیە وتی دووی قادریش لە لامە وتم بمدەرێ. لێم وەرگـرت و بە ڕاکـردن و بە پەلە چـوومە سـەر گـردەکە هەر چـوار نـارنجۆکم بە دوای یەکـتر تەقاندەوە. دەنگیـان زۆر کەم بـوو وەك ئەوە وابـوو بەردێـکی گەورە بخەیـتە نـاو گۆمە ئاوێکی قوڵ.! بەڵام ڕوناکیەکی باشـیان هەبـوو لە تەقینـەوەدا تـۆزێ هەسـتم

ڕاگرت لە دوورەوە کزە ڕوناکیەکی وەك ئاگری جگەرەم دیت زوومم کرد هەستم کرد وردە وردە لێم نزیك دەبێتەوە. زانیم جەماعەتی ڕەشید بێشونین گوێیان لێمان بووە و بە هانامانەوە هاتوون. بۆیە بە دەنگی بەرز هاوارم دەکرد قادر بجوڵێ جەماعەت گەیشتن بەڕاستیمە ئەوەتا دەیانبینم تا گەیشتنە نزیکم هەر یەکە و لایتێکی گەورەیان لە دەست بوو، بەڵام ڕوناکایی لایتەکە ٦ـ٧ مەترێك زیاتر تێپەڕی نەدەکرد لەبەر کڕێوە و تەمومژی زۆر.! ئەوان چوار نەفەر بوون هەر هاواریان دەکرد کاك سالار کاك سالار دەیانزانی ئێمە گیرمان خواردووە کە گوێم لە دەنگیان بوو منیش وەڵامم دانەوە. ئەوەتا لێرەین بگەنە فریامان. کاژێر٣ی دوای نیوە شەو بوو ململانێیەکی زۆرمان لەگەڵ ئەو بار و دۆخە کردبوو کە گەیشتنە لام پێم وتن ئێمە باشین فریای قادر بکەون کەوتۆتە ناو ڕوبارەکە قەمسەڵەی باشیان لەبەر بوو کردیانە بەر قادر و بە پاڵە پاڵ و ڕاکێشان بە پێشە خۆیانیان دا. وامدەزانی تازە لە دایك بوومە و ژیانێکی دووبارەیە خوا پێی بەخشیوین. بارەگاکە ئەوەندەش لە ئێمە دوور نەبوو، بەڵام کەشوهەواکە سەری لێمان شێواندبوو نەماندەزانی بۆ کوێ بڕۆین بە تایبەتیش وەزعی قادر بە تەواوی شپرزەی کردبووین. باوەڕ بکەن نیو کاژێری نەخایاند گەیشتینەوە بارەگاکە، ئێمە هەر لە سەرەتایی دەرچوونمان لە بارەگاکە ڕێگاکەمان بە هەڵە بڕیبوو. بۆیەش یەکجار ئەوەندە هیلاکبووین و بە دەوری خۆماندا دەخولاینەوە کە گەیشتینە بارەگاکە سەرەتا نەیانهێشت ئێمە بچینە ژوورەوە وتیان بۆتان خراپە ئێوە دەست و قاچتان بەستاویەتی گەرمای بەهێزی لێ بدات هەمووی دەسوتێت و قاچتان ڕەش دەبێت، بۆیە تەشتێکی گەورەی هەویر شیلانیان هێنا پڕیان کردبوو لە ئاوی شلەتێن، ئەوجا وتیان هەر چوارتان لە دەوری دابنیشن و قاچتان بخەنە ناو ئاوەکە بە پێڵاوەکانتانەوە. ئێمەش وامان کرد دوای پێنج خولەك ئاوەکە وەك بەفری لێ هات و هەندێ ئاوی تری گەرمیان تێ کردوو دوای تەقریبەن بیست خولەکێك پێڵاوەکانمان شل بوونەوە قاچەکانمانیان بەردا و بە ئاسانی لە پێمانیان کردەوە. هەستمان دەکرد خوێن لە جەستەمان بە جوڵە کەوتەوە. هەندێ گەرم دا هاتبووین. ئیتر ئێمەیان بردە

ژوورەوە، هەر کە گەیشتینە ژووریّ چاوم بەو سۆبە دارە کەوت کە وەکو کوڵیکی بەهاری سوور ببۆوە ئاگرەکەی ئەوەندە خۆش بوو نەمدەزانی چۆن خەوم لێ کەوت بەیانی لەگەڵ دەنگە دەنگی پێشمەرگەکان وریام بۆوە، منیش هەڵسام و چوومە دەرەوە زۆرم لا سەیر بوو هەر دەتگوت چوومەتە گەرمە سێر ٨,٣٠ بەیانی بوو کەشوهەوایەکی ڕۆن و ساف بوو ڕۆژێکی گەرم و خۆش بوو هەر دەتگوت شوێنەکەی شەوی ڕابردوو نییە نە بای هاتووە نە بەفر باریوە نە کڕێوە و زریانیش بووە.!سەیری ئەو لایەم کرد کە شەو ڕومان تێ کردبوو هەموو دنیا سپی وەك هێلکە بوو تەنانەت دارەکانیش بەفر داپۆشیبوون و بە ئەستەم دەبینران. لە پڕ لە دوورەوە دوو کەسم دیت. وتم ئەمانە کێن وامزانی پێشمەرگەی ئەو بارەگایەن وتیان نازانین ئەوە لە بارەگای سەعید بۆسەلیەوە دێن وتم بۆ ڕێگای بارەگای ئەوان لە وێڕا دەچێت وتیان بەڵێ ئینجا زانیم کە ئێمە شەو هەر پەنجا مەترێك لە بارەگا دوور کەوتبووینەو ڕێگەکەمان هەڵە کرد نەدەبوا بچینە سەر ڕوبارەکە دەبوایە لە دەستی ڕاستی بارەگاکە بەرزایەك هەبوو سەر بکەوتباینا، بەڵام خەتای ئێمەش نەبوو هیچ شوێنێك دیار نەبوو هەر چاومان نەدەتوانی بکەینەوە لەبەر کڕێوە و زریان. دوو نەفەرەکە هاتن و گەیشتنە لامان و سڵاویان کرد. من زانیم ئەمانە لەگەڵ جەماعەتی لقی٢دان، چونکە یەکێکیانم ناسی بە ڕەحمەت بێت(محەمەد وەسمان) بوو و پێشمەرگەیەکی لەگەڵدا بوو ئەوم نەدەناسی چاك و چۆنیمان کردوو هەواڵی برادەرەکانیم پرسی. وتی هەموویان نەخۆشن و کەوتوون قاچیان ڕەش بووە چاویان هیچ نابینێت.! وتم

ــ چەند لە ڕێگاوە بوون تاکو گەیشتنە ئێرە.؟

ــ دەوری ٤٥ دەقەیەك دەبێت.!

ــ ئێ وەڵا دوێنێ شەو زیاتر لە چوار کاژێر لە ڕێگا بووین هەر نەگەیشتین.!

ــ ئەوجا دوێنێ شەوێ ئی ئەوەی بوو پیاو خۆی لە ڕێگا بدات.؟

ـــ ئێ لەبەر ئێوەمان بوو ویستمان زوتر بگەین پێتان.

ـــ خۆ تازە ئەوەی بەسەر ئێمە هاتبوو هەر هاتبوو چیتان پێ نەدەکرا.

ـــ ڕاستە، بەڵام حەزمان دەکرد زوتر پێتان بگەین.

لەگەڵ ئێمە نانێکیان خوارد، ئێمەش هەڵساین خۆمان حازر کرد و بە شوێن پێیی ئەواندا ڕۆیشتین کە ئەوان پێی دا هاتبوون هەر ملەك بوو سەرکەوتین دوکەڵی سۆبەی دارانی بارەگاکەمان لێ بەدەر کەوت هەر بەڕاستی زۆر نزیك بوو، بەڵام کەشوهەواکەی دوێنێ شەو ئێمەی سەرگەردان کردبوو کاژێرێکی نەخایاند گەیشتینە ناو بارەگاکە. ئەوەی دیتم جێگای باوەڕ پێ کردن نەبوو. هەموویان ڕاکشابوون چاویان قەپات بوو قاچەکانیان سور و ڕەش هەڵگەڕاو و ئەستور ببوون تێیاندا هەبوو دەنگیشی۔ نووسابوو دەنگی دەرنەدەچوو. بەڕاستی زۆر بۆیان نارەحەت بووم زۆریانم دەناسی هەڤاڵی پێشمەرگایەتیم بوون ئەوەی لە بیرم مابێت ئەمانەی خوارەوە بوون ئەگەر ناوی هەڤاڵێکیشم لە بیر چووبێت داوای لێبوردنی لێدەکەم.

١ـ نەجات شێخانی.

٢ـ محەمەد وەسمان خەتی

٣ـ کەماڵ.ناوی باوکیم لە بیر نەماوە پێم وایە خەڵکی دەوروبەری مەسیف بوو

٤ـ هەمزە ڕەشید

٥ـ محەمەد دەشتی

٦ـ برایم تایەر مەلەکی

٧ـ شەمسەدین برایم تایەر

٨ـ حەسەن مەلەکی

٩ـ ئیبراهیم. ناوی باوکیم لە بیر نەماوە

١٠ـ عوسمان.. ناوی باوکیم لە بیر نەماوە

١١ـ سەعدی ڕیشە

١٢ـ حەیدەر سورچی

١٣ـ عەلی حەسەن هەرکی

١٤ـ فاروق بیرێژی

١٥ـ ئەسعەد مەسیفی

١٦ـ فاخیر هەمەوەندی

١٧ـ عەبدوڵلا ڕەزگەیی

١٨ـ غازی ئاژگەیی

١٩ـ حسین ئاژگەی

٢٠ـ کاوە خەلیل سیتۆ

نەجات شێخانیم لە ساڵی ١٩٧٩دەناسی ئەو کاتە بارەگامان لە گوندی تلکێش بوو لەسەر سنووری ئێران و عێراق و لە نێوان شارەکانی خانە و سەردەشت بوو. ئەو کاتە ئەو هات بۆ بارەگا لەگەڵ شەهید وەستا ونس و و تۆفیق بیرێژی برای شەهید سلێمان بیرێژی ئەوان لەگەڵ سلێمان بیرێژی دابوون هاتبوون نامەی ئەویان هێنابوو بۆ مەکتەب سیاسی و لقی٢ داوای چەك و تەقەمەنیان کردبوو، سلێمان بیرێژی خۆی بە نوێنەری هێزەکانی پارتی دەزانی لە سنووری خۆشناوەتی لە هەموو لایەکیش پەلاماری دەدرا کەسێکی قارەمان و پێشمەرگەیەکی ئازا و چاو نەترس بوو. هەمیشەش لە پەیوەندی دابوو لەگەڵ سەرکردایەتی پارتی. من لە وێ شەهید وەستا ونس و نەجات شێخانیم ناسی ئەو واتا کاك نەجات کەسایەتیەکی

ئارام و کادیرێکی گوێڕایەڵ و دڵسۆز و لەسەر خۆبوو لە باوەشم گرت و وتم تۆ بۆ.!؟ بۆچی ئاواتان لە خۆتان کردووە. ئەو پەلە پەلەی نەدەویست و شۆڕشیش بە عەجەلە ناکرێت وتی کاك سالار زۆر لێمان پاڕانەوە کە هەر نەبێت تۆزێ خۆمان دوا بخەین بۆ مانگی ٣ کە کەشوهەوا لەبار ترە، بەڵام ئێمە بێزار بووین تەحەمولمان نەمابوو بۆیە ئەو بڕیارە قورسەماندا. قومارمان بە ژیانی خۆمان کرد. دەبوایە ئەوها بێت قسمەت ئەوە بووە، بەڵام دیسان شوکر بۆ خوا ڕاستە هەندێ ئازارمان پێ گەیشتووە، بەڵام هێشتا لە ژیاندا ماوین دیارە کاتی شەهید بوونمان دوا خراوە بۆ کاتێکی تر.!! هەمویان ناڵە ناڵیان بوو قاچەکانیان وەکو(فودانە) دەبدەبە ئاوسا بوو تاکو ژێر گۆزینگیان ڕەش هەڵگەڕابوو، بەفرەکە کاریگەری کردبووە سەریان بە واتایەکی تر تووشی نەخۆشی (گانگرین) ببوون چەقۆم دەدا لە قاچیان هەستیان پێی نەدەکرد عەسەبەکانی قاچیان فرمانیان بە مێشك نەدەکرد. هەستیان بە هیچ ئازار یان بەرکەوتنەك نەدەکرد. نەمدەزانی دەبێ چیان بۆ بکەم ئەو کەلوپەل و پێداویستیانەی کە دەبوو هەبوایە بۆ دەستکردن بە چارەسەرکردنیان لە لای من نەبوون، بەڵام لە بارەگای مەکتەب سیاسی هەموو شتێکمان هەبوو تەنانەت بۆ نەشتەرگەریش پێداویستیمان هەبوو، بەڵام ئەو شتانە نەدەگەیشتنە لای من و شوێنەکەش گونجاو نەبوو جێگای ئەو هەموو خەڵکە نەدەبۆوە.

لە نەجاتم پرسی باشە قاچەکانتان بەفر سوتاندویەتی ئەدی چاوەکانتان بۆ وای لێ هاتووە؟. ئەو وتی، شەو کە لە سێ گۆشە گیرمان کرد ساماڵ بوو زۆر زۆر سارد بوو بەیانییەکەی ڕۆژهەڵات کە خۆر لە بەفرەکەی دا وەکو ئاوێنە شەوقی دەداوە لە چاومان وەك ئەوە وابوو مەکینەی لەحیم ئیش بکات و شەوقی بدات لە چاوت شەویش ئێمە نەخەوتبووین لە ترسی ئەوی تووشی بەستەڵەك ببین هەر لە جوڵە دابووین چاوەکانمان زۆر هیلاك ببوون. شەوقی ئەو بەفرە چاوەکانمانی ئازاردا. لە ترسی ڕەق هەڵاتنیش هەر ڕامان کردووە ئێستا دەڵێی وردە ئاسن لە ناو چاومانە هەمووی گرێ گریێە منیش ژمارەیەکی زۆر قەترەی چاوی(کلورامفینکۆل و

بیتیامیتازۆنم) پێ بوو دەستم کرد بە قەتره لە چاو کردنیان.. پاشانیش تەداوی قاچەکانیان. یەکەم جارم بوو ئەم جۆرە نەخۆشیانە ببینم ئەزموونی چارەسەر کردنیان لە لام کەم بوو بەس دەمزانی ئەوە گانگرینە پێویست بەوە دەکات پەنجەکان یان قاچەکانیان ببڕدرێنەوە ئەوان ئەو شتەیان نەدەزانی بەس وایان دەزانی بە تەداوی و دەرزی لێدان چاك دەبنەوە.! هەر لەبەر ئەوەش بوو نەدەکرا لەو شوێنە بهێڵدرێنەوە، چونکە چارەسەر کردنیان ئەستەم بوو. بە ناچار بە بێتەل قسەم لەگەڵ بە رەحمەت بێت سەیدا(نەجمەدین یوسفی) کرد کە ئەو کاتە بەرپرسی (بەشی عەسکەری) بوو لە مەکتەب سیاسی وەزعەکەم بۆی شکردەوە.ئەویش زۆر سەرەدەری لە ئیشی بزیشکی دەر نەدەکرد لەگەڵمدا هاوڕا نەبوو کە ئەم نەخۆشانە بگوازرێنەوە مەکتەب سیاسی هۆکارەکەشی دووری ڕێگاکە و ئەو بەفرە زۆرە و ناجێگیری باری تەندروستی پێشمەرگەکان بوو، بەڵام مانەوەشیان زیاتر زیانی پێ دەگەیاندن لەبەر نەبوونی کەلوپەل و پێداویستی و داو و دەرمان. هەرچەندی لەگەڵ سەیدا نەجمەدین قسەم کرد هیچ سوودێکی نەبوو. ڕەزامەندی نەبوو کە بیان بەم بۆ ئەوێ نەخۆشەکانیش کە گوێیان لەو قسانەی ئێمە دەبوو هەستیان بە مەترسی کردبوو. بۆیە وتیان ئێمە گوێ بە قسەکانی سەیدا نەجمەدین ناگرین، ڕاستە ئەو لە ڕووی دڵ سۆزیەوە وا بیر دەکاتەوە کە لە شوێنی خۆمان نەجوڵێین و هەر لێرە چارەسەریمان بۆ بکرێت، بەڵام نە شوێنەکە گونجاوە نە پێداویستی تەواو لە بەردەستە بۆیە ئێمە بەیانی بە ڕێدەکەوین بۆ مەکتەب سیاسی. نەجات وتی کاك سالار هیچ خۆت پەشێو مەکە، ئێمە قاچمان مردووە هەست بە سەرما و ساردی ناکەین، ڕاستە پێلاو ناچێتە قاچەکانمان ئێمە دەتوانین بە بێ پێلاو بەفرەکە ببڕین. ئەو شەوە تاکو خەوتنان من قسەم لەگەڵیان کرد کە ئەو کارە نەکەن، بەڵام ئەوان موکوڕبوون لەبەر ئەوەی ئەوان نە دەتوانن خزمەتی خۆیان بکەن نە چارەسەریش دەکرێن قسەکانیشیان مەنتقی بوو، بەڵام کە سەیری جەستە و قاچیانم دەکرد هیچ باوەڕم بەوە نەدەهات کە ئەوانە بە ڕێگا دا بڕۆن ئەو شەوە خەوتین بەیانی کە وریامان بۆوە، هەموو ئەو پێشمەرگانە

جلەکانیـان پـۆشی نەجـات وتی کـاك سـالار بـا حەرەکەت بکەیـن بەرەو مەکـتەب سیاسی. هەرچی تکا و ڕجام لێ کردن ڕازی نەبوون بمێننەوە بۆیە وتیان بۆ ئـێمە و بۆ ئێـوەش وا باشـترە ئەم کـارە بکەیـن و بە ڕێـبکەوین. ئیـتر چـارە نەبـوو کەوتمە پێشـیان و بە ڕێکەوتـین بـۆ مەکـتەب سـیاسی. هەرگیـز نەمـدەتوانی بیـری ئەوە بکەمەوە کە مرۆڤێك بتوانێ ماوەیەکی دورو درێـژ بە بـێ پـێڵاو بە نـاو بەفـردا ڕێ بکات، بەڵام من ئەوەم بە چاوی خۆم دەدیت کۆمەڵێك پێشمەرگە بە بێ پـێڵاو بە ناو بەفردا ڕێ دەکەن کە بارستایەکەی مەترێك زیاتر بوو.! تەنیا دەکـرا لە چیـرۆکە خەیاڵیەکاندا ئەو شـتەت ببیسـتایە یـان لە خەودا خەوت بەوە دیتبـایە، بەڵام مـن ئێستا لە هۆشیاری تەواو لەسـەر ئەرزی ڕاسـتیەوە ئەوەم بە چـاوی خـۆم دەدیـت حەزم دەکرد ئەوە تەنیا خەوێك با یان چیرۆکێك با بۆمیـان بـاس بکـردایە، بەڵام بە داخەوە ئەمە ڕاستی بوو دەبـوایە هاوسـۆز بامـایە لەگەڵ ئـێش و ئازارەکـانی ئەو کۆمەڵە پێشمەرگەیە. من لە پێشیان دەڕۆیشتم پێشمەرگەیەك وتی "کاك سـالار تـۆ بچـۆ دواوە تـۆ مانـدوو بوویـت ئـێمە لە پێشــەوە دەڕۆیـن و بەفـرەکە دەبـڕین ئێمە(شۆفەڵە)کانی پارتین هیچ شتێك کارمان لێ ناکات ئیتر. مادام لە سـێ گۆشـەی مەرگ نەجاتمان بوو باوەڕمان وایە هێشتا پێویستە زۆر زیاتر ژیان بکەین و درێـژە بە خەباتی پێشمەرگایەتیمان بدەین.!" چاوەکـانم پـڕ بـوون لە ئـاو لە دڵـی خۆمـدا دەمگوت قوربانی غیرەتتان بم کورد تا ڕۆڵەی ئاوای هەبێت دڵنیام قەت ناکەوێـت و دەگـات بە ئامانجەکـانی، مـن کەوتمە دواوەی جەمـاعەت لە تەنیشـت نەجـات شێخانی دەڕۆیشتم.حەزم دەکرد هەندێ پرسیار بکەم پرسیم

ــ خواردنتان پێ بوو.؟

ــ لە خواردن کێشەمان نەبووە هەر کەسە و بە ئەنـدازەی خۆمـان خواردنمـان پێ بووە

ــ ئەی چ شتێك زۆر تەنگی پێ هەڵچنیبوون.؟

ــ بێ ئاوی، زۆر تینوومـان دەبـوو ئاومـان پـێ نەمـابوو نەش دەوێـراین بەفـر بخۆین، هیلاکەتیەکەمان لەبەر بێ ئاوی بوو

ــ ئەی شەوتان چۆن بە ڕێ کرد.؟

ــ تا کاژێر ١٠ی شەو هەر دەجـوولاین هەر کەسـە و لە جێـی خـۆی دەجـولا هاتوو چۆی دەکرد بۆ ئەوەی نەی بەستێ، بەڵام دەوری کاژێر ١٠ی شەو کەسـمان توانامان نەما جوڵەکان هێدی هێدی کەم بوونەوە.

ــ ئەدی چتان کرد.؟

ــ هەر چ شتی زیادمان پێ بوو سوتاندمان بۆ خۆ گەرم کردنەوە نەشڕە و بڵاو کراوەکانیشمان سوتاندن، بەڵام هەر سوودی نەبـوو، چـونکە ئەم ئـاگر کـردنەوەش نەیدەتوانی گەرممان بکاتەوە.

ــ خەوتن.؟

ــ دوای کاژێر ١١ی شەو هەمووومان دەستمان لە ملی یەکتر کـرد بڕیارمانـدا بە یەکەوە بمـرین و لە یەکـتر دانەبـڕێین، ئەمە دوایـن هەڵوێسـتمان بـوو. بـڕوای تەواومـان بە مـردن هەبـوو تەنـانەت چەکەکـانی دەستیشـمان سـوار نەدەبـوون ئەوانیش بە هۆی سەرماوە بەستا بوویان نازانم پلەی ساردیەکە چەنـد بـوو، بەڵام دڵنیـا بـووم کە زیـاتر لە ٢٠ پـلەی سـەدی لە ژێـر سـفرەوەیە تەنـانەت هەڵمـی لوتیشمان لەسەر لێو و لوتمان دەیبەستا و دەبوو بە بەستەڵەك نـازانم چەنـد بـوو، بەڵام دەزانـم مـاوەیەك خەومـان لـێکەوت بەیـانی کە ڕۆژهەڵات بـاوەڕم نەبـوو کەسـمان مـابین، بەڵام وەکـوو مـوعجیزەیەك وابـوو هەموومـان زینـدوو بـووین. بەرزایەك لە دوور دیار بوو وەکو ئەوە وابوو مرۆڤێك بە پێوە وەستا بێت و بەفر و سەرما وشکی کردبێتەوە، ئـێمە ئاڕاسـتەمان لـێ وون ببـوو نەمانـدەزانی بە کـام لادا بڕۆین کە بەرەو عێراق بێت. دەترسـاین بە هەڵە بچینـە خـاکی تورکیـا.! و گـرفتێکی ترمان بێتە پێش. یەکێك لە پێشمەرگەکان بە ئارپێچی لەو بەرزایەی گرت کە باسـم

لێ کرد لە شانسی ئێمە گوللەکە بەربکەوت بەفرەکە لەسەری لا کەوت کە چـووینە نزیکی دیتمان کێڵی نیشانی سنوورەکەیە سێ ئاماژەی لەسەر کرابوو(ئیران ـ تورکیا ـ عێـراق) زۆر دڵخـۆش بـووین بە ئامـاژەکەی عێـراق بە ڕێکەوتـین پـێش ڕۆژئـاوا گەیشـتینە سـەر گونـدی خـڕێنە و دووکەڵـی بارەگـاکەی خـڕێنە بە دیـارکەوت، لە خۆشیان نەمان دەزانی چی بکەین. دەستمان کرد بە تەقە کردن ئەوانیش وەڵامیـان داینەوەو بەرەو پیریمان هاتن ئیتر بەم شێوەیە لە کاژێر ٩ی شـەوی ١١ی/١/١٩٨٣ گەیشتینە بارەگا و لە مەرگێکی حتمی نەجاتمان بوو.

هەموو ئەو ساتانەی کاك نەجات باسەکەی بۆم دەگێڕایەوە مـوچرکە و لەرز بە جەســتەم دا دەهــات.ئەوەی ئەوان ئەنجامیــان دابــوو ئەو مەترســیانەی ئەوان بڕیبوویان زۆر شتی ئەفسانەی بوون، بەڵام لێـرە ڕاسـتیبوو.ئەو ڕۆژە ١٤ی/١/١٩٨٣ بوو ئێمە لە خرێنە تاکو ماڵە مەلا(ناوچەی پەیمان) ٧حەوت کـاژێر ڕێـمان کـرد تـا گەیشــتینە بارەگــای مەکــتەب ســیاسی پــارتی. تەواوی ئەو حەوت کــاژێرە ئەو پێشمەرگە قاچ سوتاوانە بە بێ پێڵاو و بە پێ خـاوسی بە نـاو بەفـردا ڕێیـان کـردوو بەفرەکەیان بڕی بە بێ ئەوەی هەست بە سارد و سۆڵی بەفرەکە بکەن.!!!

ڕۆژی ١٩٨٣/١/١٤ کاژێر نزیکەی ٣ی دوای نیوەڕۆ بوو گەیشـتینە گونـدی(ماڵە مەلا) و لە پێشــەوە شـۆڕمانکردەوە بـۆ ســەر ڕووبـارەکە و بـۆ(دۆڵە ورچ) یـان ناوچەی پەیمان کە بارەگای مەکتەب سـیاسی پـارتی لـێ بـوو. لە بارەگای(حـالکەی دۆڵەمەری) کە بارەگـــای لە مـــاڵە مەلا بـــوو بـــرادەرێکی منـــی لـــێ بـــوو کە کریستیان(مەسیحی)بوو بە ناوی(سلێوە ئیسحاق خدۆ) کە ئێستا دانیشتووی وڵاتی ئوستوراڵیایە، من ئەوم لە پێش خۆمان نارد بۆ مەکتەب سیاسی بۆ ئەوەی هەواڵـی گەیشتنی ئێمە بگەیەنێت، چونکە ئـێمە پشـوویەکمان لە وێ وەرگـرت. بارەگـاکە دەوری یەك تـــا دوو کیلـــۆمەتر لە مەکـــتەب ســـیاسی دوور بـــوو لە ژێـــر کێوی(سـیاکۆ)بوو، ئەم کێـوە زنجیـرەکەی دەچۆوە(خواکـورك) کێـوێکی سـەخت و بەرداوی بوو، هەر لەبەر ئەوەی زیـاتر بەرداوی بـوو ڕەنگـی کێـوەکە لە دوورەوە

ڕەش دەچــۆوە، هەروەهــا ئەم کێــوە پــڕ بــوو لە ئــاژەڵی کێــوی بە هەمــوو جۆرەکــانییەوە تەنــانەت (گــا کێویشیــ) لــێ دەژیــا. دیــوارە بەردینەکــانی زۆر سەرنجڕاکێش بوون، وەك ئەوە وابوو هەمووی تاتە بەرد بێت و بە دەست خـرابنە سەر یەکتری.!

دوای سـلێوە ئـێمەش جوڵەمـان کـرد بـۆ مەکـتەب سـیاسی، ڕوبـارەکەی لـۆلان کەوتبـووە نێـوان مەکـتەب سـیاسی و (مـاڵە مەلا) پـردێکی داری دروسـتکرابوو بـۆ پەڕیـنەوە لەسـەر ڕوبـارەکە کە لە پـردەکە دەپەڕیـنەوە دوای دووسـەد مەتـر ڕێ کردن دەگەیشتینە سەرەتای بارەگاکانی مەکتەب سیاسی، ئێمە لە پردەکە پەڕیـنەوە لەو بەری پردەکە برادەرانی مەکتەب سیاسی(کاك فازل میران ـ فەلەکەدین کـاکەیی و ملازم عەلـی) و سـەیدا نەجمەدیـن یوسـفی ئەنـدامی سـەرکردایەتی و بەرپـرسی بەشی عەسکەری و کۆمەڵێك فەرماندە و کادیری ترو ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگە لە پێشوازی دابوون. ئەوان ئەم کـۆمەڵە کـادیر و پێشـمەرگانەی لقـی دوویـان وەکـو پاڵەوانانی ڕۆمانەکان سەیر دەکرد. پێشوازیەکی گەرمیان لێ کرا.کاك فازل وتی:

"یەکسەر بیانبەنە میوانخانە و جێگای هەموویان دەبێتەوە و با لە یەك شـوێن نیشتە جێ بن، چونکە کاری چارەسەرکردنیان ئاسانتر دەبێت."

هەموویان پەرۆشی خۆیان نیشاندا بەو حـاڵەتەی کە ئەم پێشـمەرگانە تـووشی هاتبوون، تەنانەت سەیدا نەجمەدین ڕووی لە مـن کردوڤـو وتی "سـالار،کوڕۆ مـاڵ کێم باغ نەبووی) تە چەوە هێلا ئەڤـان بڤـێ حـالەتێ خـۆ بـدەنە ڕێـکی، نەخـوازە دناڤ بەفرێدا.!

ماهنگ دین ببون.!؟"

منــیش وتــم ســەیدا خۆیــان ســەبریان نەگــرت و لە وێ نەدەحەوانەوە و چارەسەرکردنیشیان لە وێ هەرگیز وەکو پێویسـت بۆیـان نەدەکـرا. ئەو دیـمەنەی لەو کاتە دەبینرا باوەڕ پێ کراو نەبوو کۆمەڵێك پێشمەرگە بە قـاچی بـێ پـێڵاوو بە

چاوی نەخۆشەوە ماوەی حەوت کاژێر ڕێگایان بە ناو بەفردا بڕیبوو.! بۆ گەیشتن بە شوێنێك کە ڕوناکییەکی کەمی چارەسەر کردنی لێ بە دی دەکرا کە سەیری دەموچاوی پێشمەرگە نەخۆشەکانم دەکرد هەستم دەکرد ئومێد لە دڵیان زیندوو بۆتەوە، وەکو گوڵاڵەی بەهار ڕەنگیان سوور هەڵگەڕا بوو خوێنێکی تازە لە ناو ڕەگەکانیان جوڵەی کردبوو.!

بەرەو میوانخانەکە بە ڕێکەوتن دکتۆر(ئەحمەد بامەڕنی) کە ناوە ڕاستەکەی دکتۆر(عصمت)بامەڕنی بوو لە شێخەکانی بامەڕنێ بوو ئەو کۆلێژی پزیشکی لە زانکۆی موسل تەواو کردبوو پەیوەندی بە شۆڕشەوە کردبوو لەگەڵ دکتۆر(سامی حەمە عەلی) کە خەڵکی سلێمانی بوو ئەو لە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی١٩٧٥ چووبۆوە وڵاتی(ڕۆمانیا) لە وێ کۆلێژی پزیشکی ددانی تەواو کردبوو ئەویش گەڕابۆوە ناو شۆڕش و لە لای ئێمە وەك دکتۆرێك ئەرکی خۆی بە جێدەگەیاند. بەندەش لەگەڵیان دابووم وەکو برینپێچ. ئێمە ئەو کاتە (بەشی تەندروستی) شۆڕش بووین لە بارەگای مەکتەب سیاسی.

نەخۆشەکانمان گەیاندنە میوانخانە دکتۆر ئەحمەد پشکنینی بۆ کردن وتی، "ئەمانە هەمووی تووشی نەخۆشی (گانگرین) بوونە، پێویست دەکات هەندێك لە پەنجەکانیان هەندێك لە سینگی پێیان و هەندێکیان لە گۆزینگی پێیان ببڕدرێنەوە، ئەگینا هەموو ئێسکەکانیان وردە وردە ڕەش دەبێت لە ئەنجامدا یان دەبێت لە چۆکیان یان لە ژێر ئێکیان ڕانیان ببڕدرێنەوە، ئەڵبەتە ئەم قسانە لە بەینی خۆمان کران نەمانهێشت نەخۆشەکان لێی تێ بگەن، بەڵام هەڤاڵانی مەکتەب سیاسی لێ ئاگادار کرایەوە، ئەوانیش وتیان هەر چیەکتان پێ دەکرێت بیکەن و هەوڵ بدەن کەمترین زیان بەر جەستەیان بکەوێت، دکتۆر ئەحمەد وتی:

"بە داخەوە لێرە ناتوانرێت هەموو ئەو شتانەی پێویستن بۆیان بکەین بەهۆی کەمی هەندێ ئامێری هێسك بڕین، دەتوانین پەنجە و تاکو سینگی پێیان چارەسەری بکەین، بەڵام کە کار گەیشتە قاچ بڕین پێویستی بە ئامێری پێشکەوتوو

و تایبەت و بێهۆشکەر دەبێت کە ئەمەیان لێرە هەرگیز ناکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین جوڵەی میکرۆبەکە کەم بکەینەوە لە ڕێگای پێدانی(ئەنتی بایۆتیکی) بە هێز و لێی نەگەڕێن بە خێرایی تەشەنە بکات."

مەکتەب سیاسی وتیان ئەوەی لێرە ئیمکان دەبێت درێخی مەکەن و هەوڵی خۆتان بدەن تاکو ئینشائەڵلا کەشوهەوا بەرەو بەهار دەچێت و ڕێگا و بانەکان ئاسانتر دەبن ئەو کاتە ئێمەش ڕێگا چارەسەرێکی تر دەدۆزینەوە.

ئێمە لە یەك حاڵەت کێشەمان هەبوو(فاخیر هەمەوەندی) کە یەکێك لە نەخۆشەکان بوو لە کاتی گەیشتنیان بۆ بارەگای سەعید بۆسەلی لەبەر ئەوەی ئەوەندە سەرمای بوو یەکسەر ڕای کردبووە لای سۆبەکەی داران و قاچەکانی درێژ کردبووە ژێر سۆبەکە لەبەر ئەوەش کە سڕ ببوون هەستی بە گەرمیە بەهێزەکەی سۆباکە نەکردبوو، هەرچەندیش پێیان وتبوو ئەم کارە نەکات خراپە، بەڵام گوێی پێ نەدابوو هەر قاچەکانی دەر نەکردبوو لە ژێر سۆباکە بۆیە قاچەکانی وێران ببوو بەلەکی پێی بە قەد ڕانەکانی ئەستور ببوون چڵکێکی زۆری کردبوو بۆن بۆگەنێکی زۆری لێ دەهات  کە هیچ کەس تەحەمولی نەدەکرد هەر بۆیەش ئەومان بە جودا دانا.

لە بەرەبەیانی ١٩٨٣/١/١٥ دەستپێکی هەوڵ و کۆششەکانی ئێمە دەستی پێکرد بەو هیوایەی هاوکار و چارەسەری برینەکانیان بکەین، سەرەتا دەستمان کرد بە ئارام کردنەوەی باری دەروونی ئەو پێشمەرگانە و بەڵێنی ئەوەمان پێ دان کە هەموو هەوڵێك دەدەین لە پێناو گەڕاندنەوەی تەندروستیەکی باش بۆ یەك بە یەکەیان، ئەوانیش بەو قسانەی ئێمە دڵ خۆش ببوون و دڵنیا بوون کە ئەوەی لە توانامان دا بێت درێخیان لێ ناکەین و هاوکاریان دەکەین یەك یەکە پشکنینمان بۆ هەموویان کرد و دیاریمان کردن بۆ هەر یەکەیان چ پێویستە بیکەین لە ڕووی چارەسەر کردنی ڕۆژانە دوای پشکنینەکانمان بۆمان دەر کەوت لایەنی کەم پەنجە ڕەش بووەکان بقرتێنین دوای کۆبوونەوە لەگەڵ مەکتەب سیاسی و وەرگرتنی

ڕەزامەندی کۆك بوین لەسەر قرتاندنی پەنجەکانی قاچە ڕەش بووەکانیان، بەڵام بۆ ئەم مەبەستە پێویستمان بە (کەتەری ئێسك بڕ)هەبوو کە ئێمە ئەوەمان لا نەبوو، چونکە ئەو ئامێرە تەنیا لە ژووری نەشتەرگەری ئێسك و جومگەکان بەکار دەهێنرێت، مەکتەب سیاسیش جەختی لەسەر ئەوە کردبوو کە بە هەر شێوەیەك بوبێت نەهێڵێینن برینەکان و ڕەشبوونەکە تەشەنە بکات تاکو (بەهار)دێت و چارەسەری گونجاویان بۆ دەدۆزینەوە. ئێمە گەڕاینەوە ژوورەکەی خۆمان دوای گفتوگۆیەکی ورد بڕیارماندا لەسەر ئەوەی کە بە (گازی) حەدادی پەنجەکانیان بقرتێنین، بەڵام لە ڕووی تەندروستیەوە ئەوە ڕێگە پێ دراو نەبوو لەبەر ئەوەی ماددەی ئاسن بڕێکی زۆر میکرۆب لە خۆی دەگرێت، بۆیە بڕیارماندا ماوەی ٢٤ کاژێر گازەکە لە ناو تەنەکەیەك بوکلێنین و پاشان ئیشی پێ بکەین. هەر ئاواشمان کرد. تەنەکەیەکی بەتاڵمان هێنا و تاکو نیوەی ئاومان تێ کردوو دوو دانە گازمان خستە ناوی و خستمانە سەر سۆبەی داران و لێی گەڕاین تاکو بەیانییەکەی هەر بوکڵێت. تاکو بەو شێوەیە میکرۆبەکانی نووساوە بە گازەکە لە بەین ببەین. ئەگەر چیش زۆر دڵنیا نەبووین لەو کارەمان، بەڵام هیچ ڕێگا چارەیەکی تر نەبوو. بەیانییەکەی هەڵساین لە خەو گازەکانمان لە ناو تەنەکەکە دەر کردوو کەلوپەل و پێداویستی ترمان هەڵ گرتوو بەرەو میوانخانەی مەکتەب سیاسی بە ڕێکەوتین ئەو شوێنەی کە جێگای حەسانەوەی نەخۆشەکان بوو، هەر کە گەیشتینە ئەوێ دەستمان کرد بە لێدانی دەرزی(ئەنتی بایۆتیك) بە شێوەیەك دکتۆر بڕیاریدا هەر شەش سەعات جارێك یەك دانە دەرزی(پڕۆکاین پێنسلین ٨٠٠مگم) پێویستە لێیان بدرێت دەرزیەکانمان لێیاندا ئینجا دەستمان کرد بە ئامادە کردنی کەلوپەلەکانمان جانتاکانمان کردنەوە هەر کە چاویان بە کەرستەکان بە تایبەتی گازەکە کەوت چاویان زەق بۆوە و وتیان :

ــ ئەوە بەتەمان چمان لێ بکەن.؟

ــ ئێوە قاچ و پەنجەکانتان تووشی نەخۆشی گانگرین بووە.

ــ گانگرین چیه.؟

ــ گانگرین واتا ڕەشبوونی ئیسك و پێست و مردنی دەمارەکان

ــ ئەوجا دەبێ چ بکەین.؟

ــ ئەو نەخۆشیە مەترسدارە، مەبەست ترساندنی ئێوە نییە، بەڵام پێویستە بە پەلە چارەسەر بکەین دەبێت ئەو شوێنانەی به تەواوەتی ڕەشبوونە ببڕدرێنەوە.

ــ ئەگەر ڕازی نەبین بە بڕینەوەیان.؟

ــ ناتوانن ڕازی نەبن، چونکە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبێت و بەرەو سەرەوە تر هەڵ دەکشێت ئێمە مەبەستمانە ئەوەیە بە کەمترین زیان نەجاتتان بێت.

ــ بەڵام وا دیارە پەنجەکانمان دەبڕدرێنەوە.؟

ــ بەڵێ وایە، بڕینەوەی چەند پەنجەیەك لە بڕینەوەی قاچێك باشترە گەرچی بە پەرۆشین بۆ ئەم کارە، بەڵام چارەمان نییە.

ــــ سەیرێکی یەکتریان کرد و مقۆمقۆیەك کەوتە ناویان، پاشان وتیان هەر چیەکتان پێ باشە بۆ چارەسەر کردنمان و پێویست دەکات ئەنجامی بدەن، ئێمە لاریمان نییە و دەست بە کارەکانتان بکەن، ئیتر ئێمەش کەوتینە ناو کارەکان و بە ڕێز پێدا هاتین سەرەتا لە ناو تەشتێکی (پەرمەنگەنات) قاچی هەموویانمان شۆری، بەڵام دیار بوو هەرکە پارچە گۆزەکە بەر قاچیان دەکەوێت یەکسەر قاچیان هەڵ دەکێشایە سەرەوە توانایی خۆ ڕاگریان نەبوو، چونکە دەیدا لە عەسەبەکانیان و ئازارێکی زۆریان تووش دەهات، هیچ چارەمان نەبوو دەبوایە هەر بەو شێوەیە چارەسەر بکرابان، وردە وردە ڕاهاتن ئەگەر هەر بە زۆریش بوایە تەحەمولیان دەکردو گەیشتبوونە ئەو قەناعەتەی کە هیچ ڕێگا چارەیەکی تر نییە جگە لەوەی دەبێت بەرگەی هەموو ئازارەکان بگرن.!

ئەوانەی پەنجەکانیـان بە تەواوی گـانگرین لە بەینـی بـرد بـوون قاچەکانمـان دەخستنە ناو تەشتەکە و بە گازەکە پەنجەکەمان دەگرت و گازەکەمان دەگوشی بە هێـزێکی زۆر پەنجەکانمـان دەقرتـان و تەقەی لێـوە دەهـات بە لێـواری تەشـتەکە دەکەوت و وەك کەلا شوشەیەك دەکەوتە ناو ئاوەکە. بەڕاستی ناخ هەژێن بوو بە زیندوویی سەیری قاچی خۆیان دەکرد و ئێمەش دەمان بڕیەوە بۆ ئێمەش بە ئازار بوو، بەڵام دەمـانزانی ئەوەی ئـێمەش دەیکەیـن بـۆ سـوودی ئەوانە و دەمانەوێـت ئەوان بە کەمترین زیـان لەو بەڵایەی بەسـەریان هـاتوە نەجاتیـان ببێـت، چـونکە ئەگەر وامان نەکردایە بۆی هەبوو وردە وردە سەر بکەوتـایە ئەو کـاتە دەبـوایە لە سینگی پێیان یان لە گۆزینگی پێیان ڕا ببڕابایەوە.! ئەوانیش درکیان بەو مەسەلەیە کردبوو، بۆیە خۆیان لێ بێ دەنگ کردبوو. ئێمە هەر چیەکمان بکردایە ڕازی بوون پێی. یەك دوو حاڵەتمان هەبوو دەبوایە لەسەر پشتی پێیان یان قاچیان ببڕدرابـاوە، چونکە لە پەنجەکانیان تێپەڕی کردبـوو واتە گەیشـتبووە نیـوەی قاچەکانیـان تـاکو ئەو چاڵایەی ژێر قاچ، بەڵام ئەمە ئەستەم بوو بۆ ئێمە، چونکە پێویستی بە (بەنج) بێهۆشکەری گشتی و کەرسـتەی تەواو هەبـوو کە ئـێمە ئەوانەمـان لە بەردەسـت نەبـوو. گەرچـی پەنجەکانمـان قرتانـدبوون، بەڵام دەمـانزانی چارەسـەری تەواویـان نەکـراوە خـۆی سروشـتی گـانگرین وایە لەو شـوێنەی کە ڕەشـبوو پێویسـتە دوو سانتیمەتر لەولاتری ببڕدرێتەوە لەبەر ئەوەی گومانی ئەوە دەکرێـت ئەو شـوێنەش توش بووبێت، بەڵام هێشتا بە دەری نەخستبێت..

لە پەنجەکانیـــان زۆر بە ئاســـایی ئەو کارەمـــان دەکـــرد، چـــونکە بەنجـــی مەوزوعیمان لێ دەدان، بەڵام لە سـەرەوەی تـری پەنجەکانیـان ئەم کـارە نەدەکـرا ئەو ڕۆژە تاکو ئێوارە هەر خەریکیان بووین ئێوارە کە گەڕاینـەوە بـۆ ژوورەکەمـان دکتـۆر ئەحـمەد وتی: "برایـان فکـر بـکەنەوە بـزانن چـۆن ئەو دوو سـێ حـاڵەتە چارەسەر بکەین، ئەگەر چارەیەکیان نەکەین ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خراپتر دەبێـت و لە دەست دەر دەچێ.."

هەرچـی بیرمـان دەکـردەوە نەمـان دەزانی چـی بکەیـن چـوار دەورمـان بەفـر گەمارۆی دابوو وەکو دەست بەسەرێك لە دۆڵـێکی قوڵـدا گیرمـان خواردبـوو هـیچ شتێك نەدەگەیشتە دەستمان، ئێمەش بە هیچ شـتێك نەدەگەیشـتین بـۆ هاوکـاری وەرگرتن شـەو لە دوای نـان خـواردن هەر لەسـەر ئەو بـابەتە گفتوگۆمـان دەکـرد برادەرانی مەکتەب سیاسیش هەر بە پەرۆش بوون بۆ ئەوەی بزانن چیمان کـردووە و چـــی دەکرێـــت، درەنگـــانی شـــەو هەر یەکەمـــان چـــووینە ســـەر جێگاکانمـــان فانۆســـەکەمان کـــز کردبـــوو، بەڵام هەر بە دەم خەوەوە قســـەمان لەگەڵ یەکـــتری دەکرد، لە پڕێکا مـن شـتێکم بیـر کەوتەوە لە سـاڵی ١٩٨٠ ئەو کـاتەی لە دەورەی برینپێچی بووین جارێکیان کەسێکی خەڵکی گونـدی(دزە)یان هێنـا بـۆ لامـان ئاسـن کەوتبووە سەر قاچی تەقریبەن نیوە قاچیشی زیاتریشی بڕیبوو، لە لایەکی قاچەکەی پێستەکە و هەندێ گۆشت و دەماری پێوە مابوو دەبـوایە ئەو پـارچە بـڕاوەی لـێ بکەینەوە، بەڵام هیچمان لا نەبوو تەنیا هەندێ (پێنس)و لەفاف و گۆزمان لا بـوو، دکتۆرەکە بە رەحمت بێت ناوی(ئەبو قەیس) بوو بە ڕەچەڵەك عەرەب بـوو، بەڵام هەر دیگۆت ئەمن کـوردم ئەگەر چـی تەنیـا یەك وشـە کوردیشی۔ نەدەزانی سـەیر لەوەشدا بوو لە ساڵی ١٩٦٣ هاتبووە ناو شۆڕشی ئەیلـوول و ئەو هەمـوو سـاڵە لە ناو کورد نەیتوانیبوو یەك وشە کوردیش فێر ببێت.!

ئەو دکتۆرە ئەو کات بە منی وت(سالار روح جیب لی لفاف أبو خمـس تعـش)، واتا بڕۆ لەفافێکم بۆ بێنە پانییەکەی ١٥ سانتیم مەتر بێـت. منـیش لەفـافەکەم بـۆ هێنا دەوری نیو مەترێك یان زیاتری لێ بڕی پاشان لە شێوەی(گوریس) لوولی کـرد سێ دانەی لەو شێوەی بڕی و لوولی کرد، پاشان سـەری هەر سـێکیانی دایە دەسـتم وەکـو(کەزی) ئافرەتـان هۆنـدیەوە و لـێکی ئاڵانـد گـرێیەکی لەو سـەرو لەو سـەری کەزیەکەدا بۆ ئەوەی هەڵنەوەشێتەوە پاشـان هەردوو سـەری لەفـافەکەی گـرت و ناوەڕاســـتەکەی خســـتە ســـەر ئەو شـــوێنەی کە دەبـــوایە ببڕدرێـــت ئینجـــا لە شێوەی(مشـــاری) داربـــڕین بە چەپ و ڕاســـتی دەیهانـــا و دەیـــبرد و فشـــار و

پاڵەپەستۆی دەخستە سەر وردە وردە لەفافەکە دەمار و گۆشت و پێستەکەی بڕی تاکو پارچەکەی لێ بۆوە و کەوتە سەر ئەرز من ئەو بیرۆکەیەم بیر کەوتەوە یەکسەر هاوارم کرد دۆزیمەوە هەموویان لە خەو ڕاپەڕین و وتیان:

ــ کوڕە چی بوو چیت دۆزیەوە ئەوە خەونت دیت.؟

ــ نەخێر خەون نییە دۆزیمەوە.

ــ ئاخر چیت دۆزیەوە.؟

ــ هەموو بابەتەکەم بۆیان باس کرد وتم، کاتی خۆی نەخۆشێکمان بەو شێوەیە چارەسەر کردووە، ئەمانەش تەقریبەن لە هەمان شێوەن دەکرێ هەمان ئەزموون لەسەر ئەمانەش دووبارە بکەینەوە، دڵنیام سەرکەوتن بە دەست دەهێنین.

ــ وەڵا بیرۆکەیەکی باشە بۆی هەیە چارەسەری گرفتەکەمان بکات

هەر بەو شەوە چووم تۆپێك لەفافم هێنا وتم هەڵسن یارمەتیم بدەن با (مشار) دروست بکەین.! ئەوانیش بە دڵ خۆشیەوە هەڵسان دەستمان کرد بە دروست کردنی (مشاری لەفاف) دانەیەکمان دروست کرد، وتم بۆستن با تاقی بکەینەوە ئەوانیش وتیان چۆن.؟ قاچی خۆمم تەخت خستە سەر زەوی پاشان مشارەکەم لە دەست گرت و خستمە سەر پشتی پێم وتیان چی دەکەیت.؟ منیش وتم تاقی دەکەوە دەستم کرد بە هێنان و بردنی بە لای چەپ و راست هەستم بە سوتانەوە دەکرد وەك ئەوە وابو وایەرێکی گەرم و داغ بەسەر قاچمدا بهێنن دوای چەند جارێك شوێنی لەفافەکە سوور هەڵگەڕا و ڕووی سەرەوەی پێستی قاچمی بڕی بوو بە چەپڵە لێدان هەمووان هاواریان کرد بیرۆکەیەکی ناوازەیە ئێمە سەر کەوتین دەکرێت بەم شێوازە کارەکانمان ئەنجام بدەین. پاشان هەستام و چووم لە ژوورەکەی تر بە (ستاڤلۆن) قاچەکەی خۆمم شۆری هەندێ(مەرهەمم) لێی دا ئازاری سوتانەوەی هەبوو، بەڵام دڵ خۆش بووم کە ڕێگا چارەیەکمان دۆزیوەتەوە بۆ چارەسەر کردنی نەخۆشەکانمان کە گەڕامەوە ژووری خەوتنمان بینیم دکتۆرەکان

لەفافەکەیان پارچە پارچە بڕیوە خەریکی هـۆنینەوەینە ئەوانـیش دڵ خـۆش بـوون بەم کارە. وتیان وەڵاهی خۆ ئەمە یەکێکە لە وانەکانی پزیشکی لە حـاڵەتی (تەواری) فریا کەوتن، بەڵام هەرگیز لە ئێستادا بە بیرمان نەدەهاتەوە.؟ شتێکی زۆر باش بوو بە دڵنیای ئێستاش دەتوانین لەو کارە ڕزگارمان بێت و بە ئاسانی چارەسەری قـاچی نەخۆشـەکان بکەیـن، لێـرەوە ئەوەمـان بـۆ دەر دەکەوێـت کە مێشـکی مـرۆڤ میمۆریەکی گەورەیە و ئەگەر هەوڵی لەگەڵ بدەین هەموو ئەو شـتانەی لە ناویـدا هەن دێنەوە یادمان، ئەو شەوە چوار کەزی لەفافمان دروست کرد و بە دڵێکی پاك و خۆش و پڕ لە ئومێدەوە لێی خەوتـین بەیـانی کە لە خەو هەڵسـاین دوای نـان و چای خـواردن بە ڕێکەوتـین بـۆ لای نەخۆشـەکان نزیـك ئەوان بـوینەوە دەنگـێکی خۆش سەرنجی ڕاکێشام کاتی خۆی لە ڕادیـۆی تـاران و کرمانشان(شـوکرللای بابـان) هاوکـات لەگەڵ دەنگــی بەسـۆزی شمشــاڵ لە بەرنامەکەیـدا کـۆمەڵە شـعرێکی پێشکەش دەکرد، ئەو دەنگەی کە گوێم لـێ بـوو زۆر لێـی دڵنیـا بـووم کە دەنگـی شـوکروللای بابـانە، چـونکە هەمـان ئەو شـعرانەشی دەگـوتەوە سـەرەتا وام زانی ڕادیۆیە، بەڵام کە شمشاڵەکە نەبو گومانێکم لا دروست بـوو.! دوای ئەوەش ئەوان هـیچ ڕادیۆیەکیـان لا نەبـوو هەر دوو سـێ دانە ڕادیـۆی بچووکیـان لا بـوو تەنیـا مەوجـی (ئیـف ئـێم) یـان وەردەگـرت شـەپۆلی دووری وەکـو ڕادیـۆی تـاران یـان کرمانشانیان پێ وەرنەدگیـرا کە نزیـك میوانخـانە بـووین. لە پشـت پەنـجەرەکەوە سەیرێکی ناوەوەم کرد هەموویان بە ڕێز دانیشتبوون، ئەوانیش ئێمەیان دیت بۆیە دەنگەکە کپ بـۆوە و نەمـا چـووینە ژوورەوە بەیـانی بـاش و سـڵاومان لـێ کـردن ئەوانیش وەڵامیان داینەوە من چاوم گێـژ دەدا بە دوای ڕادیـۆکەدا دەگەڕام بەڵام هەرچــی چــاوم گێــژدا هــیچ ڕادیــۆیەکم نەدیــت. یەکێــك لە وان وتی..چــاو لە چ دەگێڕی.؟

ــ وەڵا لە دەرەوە گوێم لە دەنگی شوکروللەی بابان بوو.

ــ ها.ها.ها. ئەوە بەڕاستیتە.؟

ــ بەڕاستیمە دەنگی ئەو دەهات لێرە منیش دەمەوێ بزانم ڕادیۆکە لە کوێیە بۆ کوژاندتانەوە.؟

ــ دختۆر ئەوە چیە پێمان ڕادەبوێری ڕادیۆی چی. ئێمە کوا ڕادیۆمان هەیە.؟

ــ نازانم ئەدی خۆ خەونم نەدیتیە لە لای ئێوە دەنگێکی خۆش دەهات و شعری دەخوێندەوە.

ــ ڕاستە بەڵام ئەوە ڕادیۆ نەبوو.

ــ ئەدی چی بوو.؟

ــ ئەوە (هەمزە) بوو شعری لۆمان دەخوێندەوە.

پاشان دەستی بۆ لای (هەمزە ڕەشید) درێژ کرد و وتی ئەوەتا. ئەوە ڕادیۆکەی ئێمەیە بەس تەنیا شعریش پێشکەش دەکات، دەنگوباس و شتی لەو بابەتە بڵاو ناکاتەوە. ئینجا هەموو دەستیان کرد بە قاقای پێکەنین، ئێمەش لەگەڵیان دەستمان کرد بە پێکەنین. من زۆر دڵ خۆش بووم کە ئەوان دڵ خۆشن، چونکە پێکەنین و دڵ خۆشی ئارام بوون زۆر یارمەتی ئەوانی دەدا لە کاتی چارەسەر کردنیان ڕووم لە هەمزە کرد و وتم دەنگێکی نایابت هەیە حەیف ئەم دەنگە ون بێت. دەتوانی لە دوای تەواو بوونی کارەکانمان چەند شعرێکیش بۆ ئێمە بڵێتەوە.؟

ــ بە خۆش حاڵیەوە، ئا بۆ ناتوانم لە خزمەتدام.

ــ سوپاس، من مەبەستێکم هەیە.

ــ دختۆر مەبەستت چیە.؟

ــ دواتر ئاگادارت دەکەمەوە ئینشاڵا بە دڵی خۆت دەبێت.

ئیتر دەستمان کرد بە دەرمان کردن و تەداوی کردن و قرتاندنی ئەو ڕەشیانەی هێشتا لەسەر قاچەکانیاندا مابوون تا گەیشتنە ئەو چەند کەسەی دەبوایە مشاری

لەفافیان بۆ بەکار بهێنین ئیتر دەستمان کرد بە تاقی کردنەوەی کارە نوێکەمان هەموویان کە مشارە لەفافەکەیان دیت دەستیان کرد بە پێکەنین.

یەکێك وتی وەلا ئەوانە دەزانن ئەمە تەمبێ بکەن ئەوە گوریسیان هینایە و پێی دەمانبەستنەوە لۆ ئەوەی چیتر بێ ئەمری کەس نەکەین.

ئەوەی تریان گۆتی، ناوەللا بەتەماین یاری گوریس گوریسانێ بکەین.

ئەوەی تریان گۆتی وەڵاهی دەرێ دەسکە (بەردەقانینە) ئەوانە لۆ بەردەقانی باشن.

ئیتر بوو بە هەللا و پێکەنین ئێمەش ناچار دەستمان کرد بە پێکەنین لەگەڵیاندا. هەڵسوکەوتی ئێمە لەگەڵیان وەك هەڤاڵ و برادەر بوو نەك دکتۆر و نەخۆش، چونکە دەمانزانی ئازارێکی زۆریان چەشتوە و لە مەرگ ڕزگاریان بووە. پێویستە ئێمەش دڵخۆشیان بکەین و لێی نەگەڕێین  تا ئومێدی باریان بەسەر دا بگرێت، چونکە تا ئومێد بوونی ئەوان کاریگەری لەسەر شێوازی چارەسەر کردنیان و باری دەروونی ئێمەش دەبوو ئینجا. وتمان

تا بابە غەڵەت تێگەیشتون ئەوە ئەو شتانە نییە. ئەوانە مشارن بۆ بڕینەوەی قاچەکانتان. ئەوانەی تا ڕاوەستا و عەجول بن شۆڕش بڕیاری داوە قاچیان ببڕێتەوە. دیسان بوو بە پێکەنین. ئەڵبەتە قاچ بڕینەوەکەش جۆری هەیە پلە بە پلەیە، ئەوەی گوناحی کەمترە بەس سەری پەنجەکانیان دەبرین هەشە تەواوی پەنجەکانیان دەبڕین هەشیانە گوناحیان زیاترە نیوەی قاچیان یان قاچیان تەواو دەبڕینەوە لۆ ئەوەی تەمبێ بن جارەکی تر گوێڕایەڵی فەرمانەکان بن. ئەدی کو بابە.! خۆ شۆڕش بێ ساحێب نییە. ها.ها.ها.. دیسان بوو بە پێکەنین.. لە پیشەی پزیشکی لە یەکتر نزیکبوونی نەخۆش و دکتۆر و لە یەکتر تێگەیشتن بەشێکی گرینگی چارەسەر کردنی نەخۆشەکەیە، بە خۆش حاڵیەوە ئەوە لای ئێمەوە هەبوو، بۆیە ئێمەش دڵ گەرمتر هەوڵی چارەسەر کردنمان دەدا. ئینجا یەکەم کەسیان کە

پێویستی بە مشارەکە بوو هاتە پێشەوە. ناوی خوامـان لـێ هێنـا و ئەوەی دەمـان ویست بیکەین دەستمان پێ کرد. زۆر لامان سەیر بوو لەفافەکەمان لەسەر پشـتی پێی دەمان هێنا و دەبرد کەچی هەر مەبەستیشی نەبوو هەستی بە هیچ نەدەکرد، بەڵام وردە وردە لەفافەکە دچووە خوارەوە تـا بە تەواوی سـنگی پێـی بـڕی و لێـی کردەوە، کردمانە چەپڵە لێدان و هـاوار هـاوار ئەمە بـۆ ئـێمە و بـۆ نەخۆشـەکەش سەرکەوتنێکی باش بوو و بڕینی هەنگاوێکی باشتر و چارەسەر کردنیان. بەم شێوەیە ئەوانەی پێویست بوو قاچەکانیان ئاوا چارەسەر بکرێت ئەم شـێوازەمان بـۆ بەکـار هێنا و سەرکەوتووش بووین لە جێبەجێ کردنیدا..

تەنیا گرفت بۆ ئێمە(فـاخیر)بوو ئەو جـودا کرابـۆوە لە ژوورێـك بە تەنیـا بـوو لەبەر بۆنی بۆگەنی قاچەکانیشی ـ کەسـیش نەدەوێـرا بچێـتە ژوورەکەی ئەو کـاتەش ئێمە دەچـووین دەبـوایە بە شـتێك دەمـامکی خۆمـان بـدەین، چـونکە هـیچ کەس تەحەمولی ئەو بۆنە بـۆگەن و ناخۆشـەی نەدەکـرد. ئەو چەنـد خـولەکە خەریـکی تەداوی فاخیر بووین زۆر سەر و دڵـمان دەگیـرا، چـونکە بە هـۆی بـۆنی بـۆگەنی و ناخۆش و قورسەکەی قاچەکانی، دڵـمان هەڵ دەچـوو بەس ناچـار بـووین دەبـوایە هاوکاری و چارەسەری بۆ بکەین، دکتـۆر ئەحـمەد دەیگـۆت هەوڵەکانمـان بـۆ ئەو سوودی نابێت ڕۆژ بە ڕۆژ چارەسەریەکان کاریگەریـان نیـیە بە سـەریەوە بەلەکی قاچەکانی بە قەد ئەستوورایی ڕانەکانی ئەستوور ببـوون و شـین و سـوور هەڵـگەڕا بوون ئەگەر بە پەلە چارەسەر نەکرابا لە ئەژنۆکانی بەرەو خـوار دەبـوایە ببرینـەوە، بەڵام نەمان دەزانی چۆن ڕێگایەك بدۆزینەوە و بە ڕێی بکەین بۆ شوێنێکی باشتر بۆ چارەسەر کردن ڕێگای ئێران تا کۆتایەکانی مـانگی چـوار نەدەکـرایەوە لەبەر زۆری بەفر بـارین، ئـێ تورکیـاش خـراپتر بـوو نەدەکـرا نەش دەوێـراین بینێـرین بـۆ ژێـر دەسەڵاتی عێراقی. لە وێش مابایەوە بە دڵنیـایی مەتـرسی گەورە ڕوبەڕوی دەبـۆوە. هەر لە نێوان خۆمـان مشـتومڕمان بـوو کە دەتـوانین چـی بـۆ بکەیـن.. مـن وتـم لەگەڵ برایان مەکـتەب سـیاسی قسـە دەکەم بابەتەکەیـان بـۆ ڕوون دەکەمەوە بـا

ئەوان ڕێگایەك بدۆزنەوە. هەمـوو ڕازی بـوون بەم شـتە ئیـتر بڕیارمانـدا مەکـتەب سیاسی لێ ئاگادار بکەیـنەوە. ئێـوارەکەی چـووینە لای هەڤـاڵانی مەکـتەب سـیاسی بابەتەکەمان بـۆ ڕونکـردنەوە کە کێشـەمان چـیە. ئەوانـیش وتیـان دوو سـێ ڕۆژ تەحەمـول بـکەن ڕێگـایەك دەدۆزیـنەوە لێـی ئاگادارتـان دەکەیـنەوە.لەو کـاتە من(هەمـزە رەشـید)م بیـر هـاتەوە لە تەنیشـت(ملازم عەلـی)کە دەکـاتە (زەعـیم عەلـی) ئێسـتا دانیشـتبووم پـێم وت کـاك عەلـی ئەم جەمـاعەتە کەسێکی دەنـگ خۆشیان لەگەڵدایە دەنگـی کـۆپی دەنگـی شـوکروللای بابـانە دەنگـێکی شـاراوەیە گوناحە سوود لە دەنگی وەر نەگیرێـت ئەو وتی بە ئـێمە چـی دەکرێـت.؟ وتـم لە (ئێـزگەی دەنگـی کوردسـتان) دەتـوانن سـوود لەو دەنـگە ببیـنن بـۆ بەرنـامە و پڕۆگرامەکانیان دەنگەکە زۆر زوڵاڵە. ئەو وتی من تەسجیلێکی بچووکم هەیە بەیـانی وەرە ببیە هەندێ لە دەنگەکەی تۆمار بکە با گوێمان لێی بێت بزانین چۆنە ئەوجا بڕیــاری بــۆ دەدەیــن. بەیــانییەکەی چــوومە لای ژوورەکەی مــلازم عەلـــی و تەسـجیلەکەم لێیـان وەرگـرت لەبەر ئەوەی ئـامێری (مـیکس) کـردن لە لام نەبـوو تەنەکەیەکی بەتاڵم لەگەڵ خۆمدا برد، دکتۆر ئەحمەد و دکتـۆر سـامی وتیـان ئەمە بۆ چیە.؟

وتـم لەرە لەری دەنـگ دەدات لە نـاو تەنەکەکە و دەگەڕێـتەوە دەنـگەکەی خۆش دەکات و هاو شێوەی(میکسچەری) لێ دێت لە کاتی لێدانەوەی بە تەسجیل سەرنجی گوێگر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت.

ئەو ڕۆژە دوای تەواو بوونی تەدەوای کردنم داوام لە هەمـزە کـرد کە بـۆ تـاقی کردنەوەی دەنگەکەی لەگەڵمدا بێـتە دەرەو لە شـوێنێکی چـۆڵ دەنـگەکەی تۆمـار بکەم.

تەنەکە و تەسجیلەکەم هەڵگرت و وتم هەمزە با بـڕۆین ئەو تەنیـا تـوانی تـاکو دەرگای پێش میوانخانەکە لەگەڵمدا بێت ئیتر وتی ناتوانم ڕێ بـکەم ببـورر. منـیش وتم کێشە نییە وەرە مـن دەتـکەمە کـۆڵم و دەچیـنە ژێـر ئەو بەردانەی خـوارەوە

دوایش خۆم دەتهێنمەوە، مەبەستی من ئەوە بوو ئەم دەنگە بە کپـی نەمێنێـتەوە وەك هەزاران بەهرەی تـری ئەم وڵاتە ون نەبێـت، بـۆیە کـردمە کـۆڵم بـردمە ئەو شوێنەی کە مەبەستم بوو لە وێ دامنا و پشـتم نـا بە بەردەکانـا وتـم هەمـزە ئەم تەسجیلە دەنێم بە لای دەمتەوە تۆش لە ناو ئەم تەنەکەیە شعرم بۆ بخوێنەوە من تەسـجیلی دەکەم ئەگەر لە تاقیکردنەوەکەمـان سـەرکەوتوو بـین مـن دەتـکەم بە بێژەر لە ڕادیۆی دەنگـی کوردسـتان، ئەو بەوە دڵخـۆش بـوو، وتی> زۆر باشـە ئیـتر دەسـتمان کـرد بە تاقیکردنەوەکەمـان، مـن پـێم وت هـیچ پێویسـت ناکـات پەلە بکەیت یان زەخت لە خۆت بکەیت زۆر بە ئاسایی وابزانە میکرۆفۆنێکت لە پێشـە و شعرەکان بخوێنەوە ئینجا دەستی کرد بە شعر خوێندنەوە چەند کۆپلەیەکم لێی تەسجیل کرد کە لێم دایەوە زۆر شـاز بـوو لەرە لەری دەنگـی سـەرنجڕاکێش بـوو، دوو جار وتم هاوار بکە بڵێ(ئێـرە دەنگـی کوردسـتانی عێـراقە)، ئەویـش وای کـرد چەند جارێك پێم دووبارە کردەوە جار لە جـار خۆشـتر و باشـتر دەبـوو. مـن خـۆم دەنگەکەیـم زۆر لە لا خـۆش بـوو ئیـتر دەسـت خۆشـیم لـێ کـرد و بـردمە لای هەڤاڵەکانی خۆی و گەڕاینەوە بارەگاکەی خۆمان.

لای ئێوارە چوومەوە لای کاك مـلازم عەلـی و ئاگـادارم کـردەوە کە دەنـگەکەم تۆمار کردووە وتی کـوا بـۆم لـێ بـدە تەسـجیلەکەم بـۆی داگیرسـاند وتی کـورە ئەو دەنگە زۆر شازە وەرە با بچینە مەکتەب سیاسی بـا ئەوانـیش گوێیـان لـێ بێـت کە چووینە ئەوێ هەڤاڵانی مەکتەب سیاسی گوێیان گرت لە دەنگەکە وتیان زۆر نایـابە ئەمە بۆ ڕادیۆ باشە هەر لە ئێستاوە ئاگاداری بـکەنەوە دوای تەواو بـوونی مـاوەی چارەسەری ئیتر پێویسـت ناکـات بگەڕێـتەوە بـۆ لقـی٢ پاشـان ئاگـاداری ئیـدارەی مەکتەب سیاسی کرا کە ئەو کات هەڤـاڵان(عزەدین بەرواری و مەسـعود سـاڵەیی) بـوون کە ئەمە بـکەن بە بڕیـاڕ و هەمـزە بکرێـت بە کـادیر و لە ڕادیـۆی دەنگـی کوردسـتان وەك بێـژەر سـوود لە دەنـگ و تواناکـانی وەر بگیردرێـت، ئیـتر لەو شـــەوەوە(هەمزە رەشـــید) کـــرا بە کـــادیری ڕاگەیانـــدن ئەگەر هەڵە نەبـــم

١٩٨٣/١/٢٥ـ٢٤ بوو، بڕیاری حزبی بۆ دەرچوو بە مەبەستی گواستنەوە و دەست بە کاربوونی لە ئەرکی تازەی ڕاسپێردراوی. بەیانییەکەی ئەم هەواڵەمدا بە کاك هەمزە ڕەشید ئەویش پێی دڵ خۆش بوو و وتم دوای تەواو بوونی چارەسەریەکانت ئیتر پێویست ناکات بگەڕێیتەوە لقی٢ پێویستە ڕاستە و خۆ پەیوەندی بکەیت بە بەشی ڕاگەیاندنی مەکتەب سیاسی و ڕادیۆی دەنگی کوردستان، ئەویش وتی زۆر باشە دەستخۆش. کۆتایی مانگی یەك یان سەرەتایی مانگی دووی ١٩٨٣ بوو کە ئەو کاتە بارەگایی ئێزگە لە سەرەوەی دۆڵە ورچە بوو تەختایەك بوو کە لە کێڵە شینەوە تاکو ئەوێ ڕێگایەکی خاکی ئۆتۆمبێل هەبوو، بەڵام تەنیا لە وەرزی هاوین دەکرا سوودی لێ وەربگیردرێت، لەو تەختاییە دوو ژوور دروست کرابوون یەکێك بۆ کادیرانی ئێزگەکە و ژوورێکیش بۆ پاسەوانەکانیان ئەوان هاتوچۆیان بۆ لای ئێمە زۆر کەم بوو بەهۆی سەختی ڕێگاکە و بەفری زۆر لەو شوێنە، بەڵام بە جیهازی بێتەل بە بەردەوامی ئاگامان لە یەکتری هەبوو، ڕۆژێکیان جیهازەکەیان کردەوەو بە پەلە داوای هاوکاریان دەکرد، ئێمە وتمان دیارە فرۆکە لێیانی داوە دوژمن لێیان نزیك بوونەتەوە، چونکە لەوان بەولاوە تاکو سیدەکان هیچ هێزێکی پێشمەرگەی لێ نەبوو بەڵام دڵنیاش بووین بەهۆی کەشوهەوا سەختی ڕێگا و بانەکان مەحاڵە دوژمن بگاتە لایان، دوای پرسیار کردن لێیان، لە لایەن بێتەلەکەی ئێمەوە.

ــ چی بووە.چی ڕویداوە.؟

ــ کوڕە بمانگەنێ دەنا ئیبادە بووینە.!

ــ ئێ چی بووە بە ڕوونی بۆمان باس بکەن.؟

ــ محاسەرە کراوین فریامان بکەون.

ــ کێ محاسەرەی کردوون ئەوە چ دەڵێن.؟

ـــــ وەڵا چــوار دەورمــان ورچە و هەندێکیشــان چــوونەتە ســەر ئێــزگە و هەڵئەپەڕن.

ــ ورچی چی، ئەوە چۆنە، زۆرن.؟

ــ نـازانین ژمارەیـان چەنـدە، بەڵام لە دەور و بەرمانـدا هەن و لە سـەربانیش ڕمبە ڕمبیانە.!

ــ دەنگەکەم ناسی تحسـین ئیسـماعیل بوو(تحسـین دۆڵەمەری) کە ئەو کـات بێژەری ئێزگەکە بوو زۆر برادەرای مـن بـوو دیـار بـوو زۆریـش ترسـابوو، نـاحەقی ناگرم.

بێتەلەکەی ئێمە وتی جیهازەکە داخە ئێستا خەبەری مەکتەب سیاسی دەدەم و بزانین چ دەڵێن ئاگادارتان دەکەمەوە.

منیش لەگەڵ بێتەلەکەمان چووین بـۆ لای هەڤـاڵانی مەکـتەب سـیاسی شـتەکە لەگەڵ ملازم عەلی باسی لێوە کرا ئەو کاتە دوو دۆشکەی ١٢,٥ وە ١٤,٥ لە بارەگای مەکتەب سیاسی لەسەر دوو گردۆڵەکە دانرابـوون بـۆ بەرەنگـار بـوونەوەی فـڕۆکە ئەگەر هـات و بێـنە سـەرمان، بەڵام لەو کـاتە لەبەر بەفـر هەردوکیـان بە نـایلۆن داپـۆشرا بـوون دۆشـکە١٤,٥ کە دەیتـوانی تەقە لە ئێزگەکەمـان بکـات شـوێنەکەی وابوو، بۆیە ملازم عەلی بە بێتەلەکەی وت خەبەریـان پـێ بـدە لە پشـت دەرگـا و پەنجەرە نەبن خۆیان حەشـار بـدەن تـاکو ئـێمە پێیـان نەڵێـین لە جێگـای خۆیـان نەجوڵێن، پاشان وتی عەدەدی ئەم دۆشـکەیە کێـیە؟ دیـار بـوو کـوڕێکی دۆڵەمەری بوو کە جەماعەتی (ئەحمەد زەرێ) بوون ئەوانە هی یەکەی تایبەتی جەنابی سەرۆك مەسعود بارزانی بوون، ئەم کوڕە هاتە پێش و وتی منم کاك عەلی ئەمـرکە، وتی بـڕۆ ئەو نـایلۆنە لەسـەر دۆشـکەکە لا بـدە، ئەویـش وازانی مەتـرسی فـڕۆکە هەیە بە ڕاکـردن چـوو نـایلۆنەکەی لادا پاشـان وتی، چـی بـکەم؟ مـلازم عەلـی وتی فیشـەکی

بخەرەسەر و ئامادە بە من چیم وت وا بکە. ئەویش وتی باشە. فیشەکەکانی خستە سەر و چاوەڕوان بوو.ئینجا ملازم عەلی وتی بە سەلیە تەقە لە ئێزگە بکە.

ــ کاکە چۆن تەقە لە ئێزگە بکەم.؟

ــ کوڕە هەتیم ئەتوو هەقت نەبیت ئەمن چ دەرێم وابکە

ــ کاك ملازم ناتوانم ئەمە بکەم جەماعەت لە وێن.

ــ کوڕە ورچ خەریکە جەماعەت دەخۆن محاسەرەیان کردوون، زووکە تەقە بکە با ورچەکان ڕابکەن

ــ دیار بوو ئەو کوڕە هەندێ شڵەژا بوو نەیدەزانی چۆن تەقە لە ئێزگە بکات هەندێ دوو دڵ بوو، پاشان وتی باشە لەسەر مەسئولیەتی تۆ تەقە دەکەم، ئینجا دەستی کرد بە تەقە کردن کەم کەس لە وێ ئاگاداری مەزوعەکە بوون هەموو ڕایانکردوو لە خانوەکانیان هاتنە دەرەوە وایانزانی فڕۆکە هاتووە، برادەرانی پەکەکەش کە بارەگاکانیان لە ژێر ئەو گردە بوو کە دۆشکەکەی لەسەر بوو ئەوانیش هاتنە دەرەوە، هەموومان لە پشت مەتبەخی مەکتەب سیاسی لەسەر ڕووبارەکە وەستابووین سەیری لای ئێزگەمان دەکرد خودی ئێزگە لێمان دیار نەبوو، بەڵام کۆتا خاڵی دۆڵەکە دیار بوو کە لە سەرەوەی ئەو بە دووری ٥٠ مەترێك بارەگای ئێزگەکە بوو ئەڵبەتە لە دۆشکەکە ئێزگەکە دەبینرا، چونکە شوێنەکەی بەرز بوو و ئێمە لە چاڵایی بووین و نزیکەی ٦٠ تا ٧٠ کەسێك دەبووین ٢٠ کەسێکی پەکەکەش هاتنە لامان کە چەند دانەیەك تفەنگی ناتۆیان پێ بوو.

دۆشکەکە تەقەیەکی زۆری کرد عەدەد جیهازەکەش بە بەردەوام قسەی لەگەڵ جەماعەتی ئێزگە دەکردوو مەوقیفی وەردەگرت تا دواجار وتیان لە لای ئێمە ڕایان کرد بەرەوە لای ئێوە هاتن وریا بن ژمارەیان زۆرە. هەرچی سەیرمان دەکرد ملێك هەبوو لە لای ئێزگەکە دەهاتە خوارێ ئەوان وتیان بەو ملە داهاتن لە دوای یەکتر ڕێزیان بەستاوە هەرچی سەیرمان دەکرد هیچمان نەدەدیت هەمووی هەر بەفر و

سپی بوو وەکو هێلکە خاڵێکی ڕەشی تێدا دیار نەبوو، پاشان جەماعەتی ئێزگە وتیـان هەموویان سپین وەکو بەفر و چاویان سوورە وەکو خوێن، پـاش چەنـد خولەکێـك یەکێك وتی ئەرێوەڵا ئەوەتان ئەها لە دوو یەکتری ڕێـز بـووینە و دێـنە خـوارێ کە دیقەتماندا ڕاستی دەکرد نزیکەی ١٥ پـانزە ورچێـك دەبـوون بـۆ یەکەم جـارم بـوو کۆمەڵە ورچێك ببینم، زۆر پێی سەرسام ببوم، دۆشکەکەش هەر تەقەی لێ دەکرد، بەڵام نەدەگەڕانەوە ئەوان بەرەو ڕوی دۆشکەکە دەچوون لە پڕێکا ئەوەی پێشەوە کەوت و هەڵسایەوە بە یەکەوە دەیان نەڕاند ئەو دۆڵەی پڕ کردبـوو، دواجـار زۆر نزیك بوونەوە لە دۆشکەکە ئینجا لە بیرم نییە یان کاك فازل بوو یـان مـلازم عەلـی بە جەماعەتی پەکەکەیان وت ئێـوەش بە ناتۆکانتـان تەقەیـان لـێ بـکەن ئەوانـیش وایان کرد ئەوەی لە پێشـەوە بـوو کە زۆر نزیـك کەوتبـوو لە دۆشـکەکە و عەدەد دۆشکەکەی ناچار کردبوو ڕا بکات و بێـتەوە لای ئـێمە لە پـڕ بەربـۆوەو بە تەقـڵە لێدان کەوتە پێش ئێمە، ئەوانی تـریش بە ڕوی ئەودیوـدا کەوتـن و لە ئـێمە دیـار نەمـان ورچەکە کەوتە ئەو بەری ڕوبـارەکە ئـێمەش لەو بەرەی ڕوبـارەکە بـووین، بەڵام دیار بوو کە گیانی دەرچووبوو وە مرد بوو، چـونکە هـیچ جـوڵەی نەمـا بـوو، بەڵام شـــتێکی گەورە و زەبەلاح بـــوو، مـــن پەڕیـــمەوە ئەو بەری ڕوبـــارەکە کلاشینکۆفێکیشم لە دەست بوو، جوتێ پێڵاوی (شـەوڕۆم) لە پـێ بـوو کە شـێوەی وەکو پۆستاڵی ئێستای سەربازی بوو ژێرەکەی ئەستوور و گەورە بوو بۆ ناو بەفـر زۆر باش بوو.

کە گەیشتمە لای ورچەکە دیار بوو ڕۆحی لەبەردا نەما بـوو کەوتبـووە سـەر لا تەنیشت وەك ئەوەی یەکێـك لەسـەر تەنیشـت خەوتبـێ، لە دڵـی خۆمـدا وتـم بـا بیپێوم بزانم چەن پێ یە. هەر واشم کرد درێژایەکەی یازدە پێ بـوو بە قـاچی مـن هەر بۆ زانیاریتـان قـاچم هەنـدێکیش گەورەیە ژمـارەکەی(٤٤ـ٤٥)ە، زۆر شـتێکی زەبەلاح بوو گـوللەیەکی دۆشـکە دابـووی لە شـانی ڕاسـتی هەڵـی تەکانـدبوو، بەڵام کاریگەری لێ نەکردبوو، کۆمەڵێـك گـوللەی نـاتۆشی بەرکەوتبـوو یەك لە گـوللەکە

دابــووی لە بنــی گــوێچکەی و ســەری تەقانــدبوو ئەگەر ئەو گــوللەیە بە ســەری نەکەوتبا و نەیخستبا پێم وایە دەگەیشتە سەر دۆشکەکەمان..

دوو سێ ڕۆژ دوای ئەم مەسەلەیە ڕۆژێکیان سەیدا نەجمەدین یوسفی بە ڕەحمەت بێت بانگی کردم و وتی سەبارەت ئەو نەخۆشە کە ناوی فاخیرە هەماهەنگیمان کردووە لەگەڵ کێخوای گوندی (مینا)، کە یەکێك لە گوندەکانی دەشتی هێرتێیە و نزیکە لە گوندی (کەونە گوند) وە هەر وەها نزیکیش بوو لە هێڵی پێشەوەی سەرباز و جاشەکانی ڕژێم. وتی ئەو خەڵکی خۆمانە و هاوکارە لەگەڵ حزب قسەمان لەگەڵی کردووە وا ڕێککەوتوین ڕەبایەك لەسەر گوندەکەی ئەوانە کە جاش و سەربازی عێراقی تێدایە، ئەو فاخیر دەباتە ئەوێندەرو پێیان دەڵێت کە شوانی ئەو بووە و لە شاخ ماوەتەوە و ئەوهای لێ بەسەر هاتووە، دەبێ فاخیریش هەر وا بڵێت بۆ ئەوەی قسەکانیان تێك بکاتەوە و بیبەنە سیدەکان و دیانا چارەسەری بۆ بکەن. منیش چووم بابەتەکەم لە فاخیر گەیاند کە وا ئێمە لەبەر سەلامەتی ئەو ناچارین ئەو کارە بکەین، پێشم وت بە هیچ شێوەیەك نابێت ئەوە بدرکێنێت کە پێشمەرگە بووە و لە پێشمەرگایەتی وای لێ هاتووە، چونکە لە سێدارەی دەدەن پێم گوت ئەگەر لێشیان دای یان ترساندتیان و هەڕەشەیان کرد، تۆ هەرگیز دان بەوەدا مەنێ کە پێشمەرگ بوویتە، ئەویش بەڵێنیدا کە وا دەکات، گەڕامەوە لای سەیدا نەجمەدین و پێم گوت کە فاخیر ڕەزامەندە و تێشم گەیاندووە کە چی بڵێت و چی بکات.

ئەویش وتی: "زۆر باشە بەیانی ئامادەی بکەن من دوو کەسی تریش لەگەڵدا دەنێرم تۆ بیبە لە گوندی مینا تەسلیمی کیخوای بکە"

منیش وتم باشە و من حازرم، بەیانییەکەی کە لە خەو هەڵسام سەیدا نەجمەدین لە سەربان بوو باگوردانی دەگێڕا ئەو عادەتی بوو سبەینان زوو لە خەو هەڵدەستا ئەوەندەی پێ ڕاگەیشتبا بانی خانوەکانی بارەگای مەکتەبی سیاسی بە خۆی دەگێڕا باگوردانی لێ دەدا کاژێر دەوروبەری ٩ی بەیانی بوو بەیانی باشم

لەگەڵیدا کردوو وتم سەیدا من ئامادەم. ئەویش وتی ئێمەش ئامـادەین پاشـان دوو کەسی لە حیمایەکانی سەرۆك بارزانی هـاتن کە یەکێکیـانم دەنـاسی کـاك (هەوەنـد ئەحمەد زەرێ) بوو کوڕێکی تریشی- لەگەڵ بـوو کە ئەویـش دۆڵەمەری بـوو، بەڵام ناوەکەیم لە بیر نەمـاوە هێسـترێکیان ئامـادە کردبـوو، چـووین فاخیرمـان سـواری هێسترەکە کردوو بـاش دامـان پـۆشی دەوری کـاژێر ١٠:٣٠ بـوو کە بە ڕێ کەوتـین بەرەو گوندی(دەراو) کە دواین گوند بوو لە خواروی ئەو دۆڵەوە، ئیتر لە وێـش لە شاخێك سەر دەکەوتین و شۆڕ دەبوینەوە بۆ دەشتی هێرتێ و یەکەم گونـدیش کە پێی گەیشتباین گوندی (سیران) بوو.

تا دەگەیشتینە (دەراو) زۆربەی ڕاستە ڕێگـا قەد باڵەکـان بـوو و سـەرەو لێـژی بوو.

بەفر و بەستەڵەکیش زۆربوو دەبوایە بە ئەسپایی ڕێمان بکردایە، فاخیر سواری هێسترەکە کرابوو، ئەو کوڕەی کە نـاویم لە بیـر نەمـاوە لە پێشـەوە دەڕۆیشـت و ڕێشمەی هێسترەکەی گرتبوو (هەوەند) لە دوای ئەو ڕێگام دەکرد بۆ خـۆی ئەگەر وشـکای بـوایە بە سـێ کـاژێر دەگەیشـتینە ئەوێنـدەر، بەڵام بەفـر و بەسـتەڵەك و سەختی ڕێگاکە وای کردبوو ماوەیەکی زیاترمان پێ بچێـت دەوری کـاژێر چـوار بـۆ چـوار و نیـوی ئێـوارە گەیشـتینە گونـدی داراو هەوەنـد ژنەکەی هەرکی بـوو ئەو ماڵەی چووینە ماڵیان پیاوێکی بە تەمەن بوو تەنکە ڕیشێکی هەبوو دیار بوو سـۆفی بـوو و هەرکـیش بـوو خـۆی و ژنەکەی و دوو کچـی لەو خـانوە دەژیـان مـاڵی کوڕەکەشی هەر لە خـوار مـاڵی خۆیـان بـوو، دیـار بـوو ئاشـنایان لەگەڵ هەوەنـد هەبوو بە ڕوویەکی خۆش پێشوازیان لێ کردین و بـۆ ئێـوارەش خـواردنێکی باشـیان بۆمان ئامادە کـرد ئیـتر هەوەنـد بـاسی سـەفەرەکەمانی بۆیـان کـرد و وتیشی- ئەوە دکتۆرە و ژنیشی نییە لە بیرم نەچێت هەوەند کەسێکی قسە خۆش و سوعبەت چی بـــوو حەزی لەو بەزمـــانە دەکـــرد دەیـــزانی ئەمـــن شـــەرم دەکەم دەیویســـت تەشقەرەیەکم پێ بکات، کابرای سۆفیش زۆر لەو باشتر نەبوو ئەویش قسـە خـۆش

و تەشقەرە چی بوو، سەیرم کرد هەردوو کچەکان سەیری من دەکەن و بزەیان دێتێ، منیش لە شەرمان نەم دەتوانی سەرم بەرز بکەمەوە هەوەند سەری هێنا بن گوێی من و وتی دکتۆر دەبێ ئەوشەو لێرە لە تەنیشت ئەو کچانە بخەویت و دەستی کرد بە پێکەنین منیش عارەقەیەکی زۆرم کردبوو ئەوجا نازانم بەخوای ئی سۆبەی داران بوو یان ئی ئەو قسانە بوو..

ئەو شەوە خوا خوام بوو ڕۆژ ببێتەوەو بە ڕێبکەوین دیار بوو کچەکانیش هەستیان بەوە کربوو کە من شەرم دەکەم بۆیە زیاتر تەشقەرەیان پێ دەکردم، ڕێزم بۆ ئەو خانەوادەیە کە هەر ئەو جارەش دیتنم و نایان ناسم، بەڵام ئەو خانەوادەیە زۆر بەرێز بوون ئیتر ئەو سوعبەتانەش زیاتر بۆ ئەوە بوو شەوەکە بەسەر بەرین، چونکە ئەو کاتە تەنیا ئەو بابەت و سوعبەت و قسە خۆشانە دەیانتوانی شەوی درێژی زستان شکست پێ بهێنن.

بەیانی کە لە خەو هەڵساین نان و چای ئامادە کرابوو قەلیە و پەنیر و ماست و هێلکە، دەمێك بوو لەسەر سفرەیەکی لەم شێوازە ڕازاوە دانەنیشتبووم. نانێکی تێر و تەسەلمان خواردوو ناوی خوامان لێ هێناو بە ڕێکەوتین لە گەروی سیران سەرکەوتین و بەرەو دەشتی هێرتێ شۆڕمان کردەوە دەشتی هێرتێ بەفرێکی کەمتری لێ بوو گوندەکانی لێلکان و ئەرەکان و نزارمان بڕی و گەیشتینە گوندی (مینا)کاژێر سێی دوای نیوەڕۆ بوو چووینە ماڵی کێخوای گوند پێشوازییەکی باشیان لێ کردین، دیار بوو کێخوا ئاگاداری بابەتەکە بوو وتی، ئەمە نەخۆشەکەمانە؟ وتم بەڵێ ئەوە هەوە کاك فاخیرە. وتی بەیانی لەگەڵ خۆم دەتبەم بۆ ئەو ڕەبایەی سەر شاخ بە دەستی ئیشارەی بۆی کرد شاخێکی بەرز لە پشت گوندەکە بوو ڕەبایەکە دیار بوو لێمان، وتی دەبێت بلێیت شوان بوومە لە ناو بەفر گیرم خواردووە لە دەمت دەر نەچێت بلێیت پێشمەرگە بوومە دەنا دەتکوژن بەخوای، ئیتر وتی ئێوەش دەتوانن لێرە بمێننەوە بەیانی بگەڕێنەوە، بەڵام لەبەر هۆکاری ئەمنی ئێمە وتمان سوپاس ئیتر ئێمە دەگەڕێینەوە، خۆشمان وا بڕیارماندا بوو بگەڕێنەوە

(لێلکان) چونکە ئەوێ ئەمین تر بوو، بۆیە بۆ دواجـار مـن فـاخیرم تەداوی کـردوو خواحافیزی و ماڵئاوایمان لە یەکـتر کـردوو بە ڕێکەوتـین بەرەو گونـدی لێلکـان لە بەینی مەغریب و عیشا گەیشتینە گوند و لە ماڵی عومەر سـێوك لێلکـانی لامانـدا و ئەو شەوە لە وێ ماینەوە..

بـۆ بەیـانییەکەی لە خەو هەڵسـاین و لە گونـدی لێلکـان هەر وابـزانم بـرایەکی عـومەر بـوو دوکـانێکی هەبـوو هەنـدێ کەلـوپەل و پێداویسـتیمان کـڕی وەکـو (چوکلێتی منیر ـ شیری قوتی محلب ـ قـاوە ـ گـۆرەوی ـ مـوس ـ کـراس ـ) کـۆمەڵێ شتی تر کە ناوی هەموویـانم لە بیـر نەمـاوە ئیـتر بە ڕێکەوتـین بـۆ بارەگـا، پـێش مەغریب گەیشتینەوە (مـاڵە مەلا) یـان هەمـان (دۆڵە ورچ) و بارەگـای مەکـتەب سیاسی هەر ئەو شەوە من ڕاپۆرتێکم ئامادە کـردوو تەسـمیلی هەڤـاڵ نەجمەدیـن یوسفیم کرد کە بە چ شێوەیەك و چۆن گەیشتینە گوندی مینا و بـاری تەندروسـتی فـاخیرم بـۆی شـیکردەوە. ئیـتر ئـێمە ڕۆژانە بەردەوام بـووین لە دەرمـانکردنی نەخۆشەکانی تر تاکو مانگی ٤ی/١٩٨٣ لە سەرەتای ئەم مانگە لە سـنوور هـاتووچۆ دەستی پێکردبۆوە بە تایبەتی قاچاخچیە ئێرانییەکان بە کاروان دەهاتن و دەچوون، گەرچـی هێشـتا بەفـرێکی زۆر لەو شـوێنە هەر هەبـوو، لەبەر پەرۆشی بـاری تەندروستی ئەو هەڤاڵانە بڕیاردرا بە کۆمەڵ ڕەوانەی ئەو دیوی ئێران بکـرێین بـۆ چارەسەر کردنیان لە نەخۆشخانە، بۆیە ئامادەکاری کرا هەموویـان ڕەوانەی شـاری شنۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانکران، لەوێشەوە گواسـترانەوە شـاری ورمـێ و درێـژە بە چارەسـەرەکانیان درا و شـوکر هەموویـان چـاك بـوونەوە و گەرچـی هەنـدێکیان بەشێك لە قاچیان یان پەنجەکـانی قاچیـان لە دەسـتدا، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ ئەو کارەساتەی تـوشی ببـوون دەبێـت بڵـێن زۆر بە خەسـارەیەکی کەمـتر و زوتـر چـاك بوونەوە.

لە ڕۆژی ١٩٨٣/٤/١٧ دوای ئەوەی مـاوەی شـەش مانـگ بـوو مـۆڵەتم وەرنەگرتبوو و نەچووبوومەوە ماڵ مۆڵەتێکی ١٥ ڕۆژیم وەرگرت و بە ڕێکەوتم بـۆ

گونـدی(خرێنە) کە دوایـن گونـدە نزیـك سـنوور بـوو مـن تەنیـا بـووم، بەڵام کە گەیشــتمە ئەوێ دە پێشــمەرگەی تــری لــێ بــوو، ئەوانــیش دەگەڕانەوە مــاڵ و مۆڵەتیـان پـێ درابـوو، ئەوان جەمـاعەتی حـاجی بیرۆخـی بـوون کە کـاك زکـری بێرۆخیان لەگەڵدا بوو منیان نـاسی و بەخێـر هاتنیـان کـردم وتیـان خێـرە ئینشـاڵلا دەگەرێیتەوە ماڵ، منیش وتم ئەرێوەڵا، ئەدی ئەنگۆ لێرە چ دەکەن وتیان ئـێمەش دەگەڕێینەوە ئەو دیوو، کەواتە بەیانی بە یەکەوە حەرکە دەکەین، بە منەوە بووین بە یـازدە کەس، بەیـانییەکەی پـێش ڕۆژهەڵات حەرەکەمـان کـرد تـاکو گەیشـتینە ترۆپکی سێگۆشە هیچ کێشەیەکمان نەبوو، بەڵام کە گەیشتینە سەرەوە تەمـومژێکی زۆر هەبوو، کـاك زکـری وتی تـووشی زریـان و کڕێـوە دەبـین وریـا بـن یەکـتری بە جێنەهـێڵن هەر کەسـێك دا ببڕێـت دڵنیـا بـن دەفەوتێـت، مـن ترسـێکی زۆرم لـێ نیشــت، چـونکە پێشـتریش تـووشی ئەو حـاڵەتە ببـووم لە کـاتی بە هـاوار چـوونی نەخۆشـەکان، بـۆیە زۆر هەوڵـم دەدا بـکەومە ناوەڕاسـتی جەمـاعەت بـۆ ئەوەی دانەبڕێم کە بە دیوی ئێران شۆڕ ببووینەوە ڕەوشەکە ئاڵۆزتر لەوەی کە بیرمان لـێ دەکردەوە، کڕێوە و زریـانێکی زۆر تونـد هەڵـی کردبـوو، کـاك زکـری وتی ئەگەر لە یەکتر دابڕاین هەمووومان لەسەر ڕووبارەکە یەکـتر دەگرینەوە(ڕوبـاری گـادەر)، مـن زیاتر ترسم لێ نیشت، چونکە ئەو قسەی کاك زکری ئاماژەیەك بـوو کە ئەگەری لە یەکتر دابڕانمان هەیە.

هەر واش ڕویدا لە قەد پاڵێك کە بەفرەکە بەستا بووی هەموومـان هەڵـدێراین من و کەسـێکی تـر کە دەسـتی یەکترمـان گرتبـوو بە بـێ ئەوەی خۆمـان بمـانەوێ کەوتیــنە خلیســکانێ و بە لای چەپــی کێڵــی ســنوور خلیســکاین دەمــانزانی ئەمە ئاڕاسـتەی بەرەو خـاکی تورکیـایە، بەڵام دەسـەڵاتی هـیچمان نەبـوو، ئەو کەسـەی لەگەڵمدا بوو وتی: "ئەگەر بکەوینە خاکی تورکان، ئەوا قەرەقۆڵ بمانبینن دەمـانگرن و کێشـەمان بـۆ دروسـت دەبێـت." ئـێمە گەیشـتینە سـەر ڕوبـارەکە، بەڵام سـەر ڕوبارەکە هەموو بەفر دای پۆشبوو تەنیا لە هەندێك جێگا ناوە ناوە کونی بچووك

بەهۆی هەڵمی ئاوەکە لە بەفرەکە ببوو نەشمان دەزانی ئایا لە خاکی تورکیـاین یـان ئێران؟ ئێمە کەوتبووینە چاڵاییەك تەنیا ئاسمانمان لێ دیاربوو، هیچ ڕێگایەك نەبوو هەمووی هەر بەفر بوو تەنیا دڵ خۆشیمان ئەوە بوو کە هێشـتا کـاتی ڕۆژمـان زۆر بە دەستەوە ماوە و دەکرێت چارەسەرێکی خۆمان بکەیـن، مـن وتـم، "بـا هەنـدێ سەر کەوینەوە هەر لەو شوێنەی لێـی خلیسـکاین بـزانین ڕێـگەیەك نـادۆزینەوە" بەڵام ئەو کەسەی لەگەڵمدا بوو وتی: "ناکرێت سەر کەوینەوە کاتیشمان لە دەست دەچێــت"، چــونکە ئەگەر لە ســەرەوە ڕێگــایەك بــوایە ئــێمە دەمانــدیت و نە دەخلیسکاین، هیچ زانیاریشمان لەسەر ٩ کەسەکەی تر نەبوو بۆیە وتـم ئەم ئـاوە بەرەو گوندی گادەر و نەلۆسە با ئاو و ئاو لەگەڵ ڕووبارەکە بڕۆین حەتمەن دەمـان گەیەنێتە شوێنێك، هیچ چارەیەکمان نەبوو دەبوایە هەر وا بکەیـن بـۆیە بە قەراخ ڕووبارەکە دەستمان کـرد بە ڕۆیشـتن نـاوە نـاوەش دەخلیسـکاین دەکەوتیـنە سـەر ڕووبارەکە، کە بەفر دای پۆشـیبوو بە تەواوەتی، مـاوەی کاتژمێرێـك زیـاتر ڕۆیشـتین گەیشتینە تەختایەك، لە بیرم چوو باسی ئەوە بکەم کە خۆر لە دەرەوە بوو ڕۆژێکی سـاماڵ و جـوان بـوو تەنیـا لە سـەرەوەی شـاخەکە تەمـومژ و زریـان بـوو، لە تەختـایەکە ڕەتمانـدا پێچێـك بـوو کە سـوڕاینەوە دیـتمان جەمـاعەتەکەی ترمـان هەموویان لە وێن، ئەو شوێنە بەفر لەسەر ڕووبارەکە نەبوو ئەوان چایان لـێ نـابوو کە چاومان پێیان کەوت بانگمان کردن ئەوانیش دەستیان بە هەلهەڵە لێدان کردوو دیار بوو زۆر دڵ خۆش بوون، چونکە وایان زانی بوو کە ئێمە فەوتاوین و نەمـاوین ئیتر مانـدوو نەبوونمـان لە یەکـتری کـردوو بۆمـان بـاس کـردن کە چـیمان بە سـەر هاتووە، کاك زکری وتی وەڵا خوا ڕەحمی بە هەموومان کرد ئەگینـا دەبـوایە ئێسـتا ئێمە لە ژیاندا نەبووینایە، نان و چایەکمان خـواردوو ئامـادەی حەرەکەت بـووین. من یەکەم جارم بوو بەو ڕێگایەدا بڕۆم شارەزا نەبـووم، بەڵام کـاك زکـری وتی تـاکو دەگەینە ئاوەدانی دەبێت یازدە جار لەسەر ئەم ڕووبـارە ئەمـبەر و ئەو بەر بکەیـن واتە بپەڕینەوە. دوای نان و چای خواردنەوە دەستمان کرد بە جوڵە کـردن دە جـار ئێمە لەسەر ڕووبـارەکە ئەم بەر و ئەو بەرمـان کـرد، بەڵام بەفـر وەکـو پـردێکی لـێ

هاتبوو واتە لەسەر بەفرەکە دەپەڕینەوە تا گەیشتینە ئەو شوێنەی کە بـۆ دوا جـار دەبوایە لێی بپەڕینەوە، لە وێ ئیتر بەفر لەسەر ئاوەکە نەما بـوو کۆتـایەکەی گەلی گادەر بوو یـاخود دەتـوانین بڵـێن سـەرەتای گەلی گـادەر بـوو، ئەگەر لە ئێـرانەوە بهاتباین لەوبەری ئاوەکە سێ چوار قاچاخچی ئێرانی ئاگرێکیـان کردبـۆوە دیـاربوو خەریکی نان خواردن بوون، پانتایی ڕوبارەکە(٣٠) مەتریـك دەبـوو کە سـەیرم کـرد من پێم وابوو زۆر قوڵە، چونکە ئاوەکەی کەمێك مەند و شین بوو، کاك زکـری وتی: "دەبێت خۆمان ڕوت بکەینەوە قۆڵمان تێك هەڵبکێشـین و بە کـۆمەڵ بپەریـنەوە ئاوا بۆ سەلامەتی هەمووومان باشترە". ئێمەش بە قسەمان کرد و جلەکانمـان داکەنـد و لەسەر کۆڵە پشتیەکانمان گرێماندان قۆڵمان تێك هەڵکێشـا و هەنگاومـان نـا بـۆ پەڕینەوە من کەوتبـوومە ناوەڕاسـتیان گەرچـی تەقـریبەن لە هەموویـان بەرز تـر بووم وردە وردە ڕێمان کـرد بە نـاو ڕوبـارەکە. ئەوەی ڕاسـتی بێـت زۆر دەترسـام، چـونکە مـن مەلەوانیشـم نەدەزانی لە ناوەڕاسـتی ڕوبـارەکە ئـاوەکە گەیشـتە ژێـر باڵمان هەستم دەکرد قاچەکانم تەرکیزیان نەماوە هەنگاوەکـانم بە سـوکی دەڕۆن، بەڵام هەر چۆنێك بـوو هەمووومـان بە سـەلامەتی پەڕیـنەوە، ئەو جەمـاعەتەش کە لەوبەر بوون، مەبەستم قاچاخچیەکانە سەیری ئێمەیان دەکـرد و هانیـان دە دایـن کە مەترسن تەواو بوو پەڕیـنەوە و ڕزگارتـان بـوو. ئیـتر وردە وردە ئـاوەکە کەمـی دەکرد تاکو وای لێ هات گەیشتە ئەژنۆمان کە چووینە ئەو بەر یەکسەر هێرشمان بردە سەر ئاگرەکەی قاچاخچیەکان و بە پەلە پەل جلەکانمان لەبەر خۆمان کردەوە و خۆمان پۆشتە کرد، بەڵام بەڕاستی تـاکو جلەکانمـان پـۆشی زۆر سـەرمامان بـوو و لەرزێکی زۆرمـان کـرد، چـای حـازر بـوو هەر یەکە و کوپێـك چـایمان خـواردەوەو توزێك گەرم بووینەوە. من لە قاچاخچیەکم پرسی زۆرمان ماوە بۆ(نەلۆس) ئەویش هەر بە چەناگەی ئاماژەیەکی کرد و وتی ئەوەتـا هەر لەو مـلە ئـاودیو بـن نەلۆسـە هیچتان نەماوە، زۆر دڵ خـۆش بـووم کە نزیـك کەوتـوینەتەوە، خواحـافیزیمان لە یەکتری کرد و بە ڕێکەوتین، باوەڕ بکەن ئەو مل و چەند ملی تریشـمان بـڕی هەر نەگەیشتینە ئـاوەدانی چـوار کـاتژمێری تەواو ڕێـمان کـرد تـا لە کـاژێر ٧,٣٠ ئێـوارە

گەیشتینە گوندی(نەلۆس) کە بارەگایەکی ئێمەی لێ بـوو ئەوان هـاتنە پێشـوازیمان لەبەرئەوەی ئـێمە زۆر بـووین لە بارەگـاکەی ئەوان جێگامـان نەدەبـۆوە بـۆیە مزگەوتێك لە پاڵ ئەوەدا بوو کە سۆبایەکەی گەورەی دارانی تێدا بوو، ئاگریان تێـدا کردەوە لە ماوەیەکی کەم مزگەوتەکەی گەرمـدا هێنـا هەر یەکە و دوو بەتانیشـیان بۆمان هێنا، چونکە شوێنەکەمان گەرم داهاتبوو و زۆریش هیلاك بـووین هەر زوو خەو دایگرتین و کەوتینە خەوێکی قوڵ تاکو کاژێر هەشتی بەیانی وریامان نە بۆوە. بەیانییەکەی کە لە خەو هەڵساین هەستمان بە حەسـانەوەیەکی بـاش دەکـرد نـانی بەیانیان بۆمان هێنا و نانێکی باشم خوارد دواتـریش جوڵەمـان کـرد و بەرەو شـاری شنۆ بە ڕێکەوتین، لەوێشەوە من بۆ شـاری نەغەدە و جەمـاعەتیش بـۆ ئۆردوگـای زێوە بە ڕێکەوتین، من لە کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ ١٩٨٣/٤/١٩ گەیشتمەوە ماڵ.

دوای ئەوەی شەش مانگ بوو نەچووبوومەوە بۆ ماڵ. هەستێکی خۆشم هەبوو بە دیتنی ئەندامانی خێزانەکەم هەموو ئەو ماندوو بوونە و شەکەتیەم لە بیر چۆوە کە لە ماوەی دوو ڕۆژی ڕابردوودا کێشابووم، من ماوەی سیانزە ڕۆژ لە مـاڵ بـووم لەو مـاوەیە چەنـدین جـار قسـە و گفتوگـۆم لەگەڵ بـاوکم و جەمـاعەت کـرد کە نەدەبوایە خۆیان نەقل بکەن بـۆ سـنووری لقـی٢، چـونکە پـێم وابـوو شـوێنەکەی خۆیـان کە حـیمایەی بارەگـای مەکـتەبی سـیاسی بـوو خـراپ نەبـوو و دەمگـوت پێشمەرگایەتەی هـیچ فەرقـی نیـیە لە هەر شـوێنێك بیـت گرینـگ ئەوەیە خـۆت بگونجێنیـت، بەڵام ئەوان هەر دەیـانگوت نەخێـر ئـێمە بـۆیە دەچیـنەوە لقـی٢، چـونکە سـنوری خۆمـانە و لە وێ دەتـوانین باشـتر ڕۆڵـی خۆمـان بگێـڕین و جـێ پەنجەمان دیار بکەین.

## ململانێ لەگەڵ گادەر

من لە ڕۆژی ١٩٨٣/٥/٢ گەڕامەوە بۆ دیوی عێراق و بارەگـای مەکـتەبی سـیاسی لە گوندی ماڵە مەلا یان هەمان ناوچەی (پەیمان)، ئیتر کەشوهەواکە زۆر گۆڕابـوو بەهار بە تەواوەتی خۆی بەدەر خستبوو دیمەنەکـان هەمـووی سـەر سـوڕهێنەر و جوان و سەرنج ڕاکێش بوون، بە تـایبەتی لوتکەکـان و قەد پاڵەکـان ڕەنگـاو ڕەنـگ ببوون تەمومژێکی سـپی لە لوتکەکـان و قەد پاڵەکـان سـەوز و ڕازاوە بە ڕێـواس و کوارگ و گوڵە شیلان و مێلاقە و کوریکە سوور و سپی بەهاری بەڕاستی تـابلۆیەکی قەشەنگیان نیشان دەدا، کانیاو و جۆگەکان سەرەو ژێـر خوڕەیـان دەهـات قاسـپە قاسپی کەو ئەو نـاوەی تەنیبـۆوە، دەم ڕوبارەکـان سـەوز ببـوون بە گەڵای تـازەی دارەکان ڕەنگـی ڕوبارەکـان سـپی چەشـنی بەفـر بـوون نـاوە نـاوەش لە خـوارەوە دوکەڵی سۆبایەکی دار لە بارەگایەکی پێشـمەرگە دا دەبیـنرا کە دیـمەنەکەی جـوانتر دەرازاندەوە، لە دڵی خۆم دەمگوت دەبوایە ئێستا شاعیرێکی هەست ناسك لێرە بـا و وەسفێکی ئەم دیمەنە جوانانەی بکردایە بەڕاستی وڵاتی ئێمە بەهەشتێکە لەسـەر زەوی، ئەو هەمـوو جـوانییە لە کـام وڵات بە دی دەکرێـت، بـۆیەش لە دڵـی خـۆم دەمگوت، "ئەی نیشتیمانم خۆشم دەوێی شایستەی ئەوەی گیانم بەخت بـکەم لە پێناوتـدا." بە دەسـت خـۆم نەبـوو هەسـتی نیشـتیمان پەرسـتیم پڕببـوو، لێشـی دەڕژایەوە دەوروبەری بارەگاکانمـان بەفـری لـێ توابـۆوە کەم کەم مێرگەکـان وەدەرکەتبوون بۆنی بەهارێکی خۆش و ڕەنگین دەکرا، کەشوهەوا بەرەو گەرم بوون هەنگاوی دەنا، جوڵەکان دەسـتیان پـێ کردبـوو لە هەمـوو بوارەکانـدا، بارەگاکـانی پێشمەرگە ئاوەدانتر دەبوونەوە، زەوی ڕۆحی وەبەرهـاتبۆوە، خـاك بەرەو ژیـانەوە نەفەسی هەڵدەکێشا، بەڵام باری سیاسی گۆڕەپانی خەبات لە باشی نەدەچوو، شەڕی نەگریسیـ بـرا کـوژی لە قرناقـاو پشـت ئاشـان گەیشـتبوە لـوتکە، کۆمەڵکـوژی پێشمەرگەکانی(حسك و حشـح) دەنگـدانەوەیەکی زۆری هەبـوو، سـەرەڕای ئەوەی سـەرکردایەتی پـارتی دژی ئەم کـردارانە بـوون، بەڵام بە ناچـار پەلکێشـی شـەڕێکی

نەگــریس بــوون، پــارتی هێزەکــانی کــۆ دەکــردەوە، کەس نەی دەزانی چــی ڕوو دەدات(ینك) بە تەواوی دژی هەموو حـزبە کوردسـتانییەکان وەسـتابۆوە دیـاربوو ڕێککەوتنێکی نهێنیشیان لەگەڵ ڕژێمی بەعـس مـۆر کردبـوو، بـۆیە خۆیـان زۆر بە بەهێزی دەدیت و هیچ تەفاهومێکیـان لەگەڵ هـیچ لایەنێـك نەبـوو بە تـایبەتیش زۆر دژی بەرەی(جود) بوون، ئەمانە هەمـووی بـۆنی کارەساتێکی نەخـوازراوی لـێ دەکرا، بەڵام گەڕانەوەش نەبوو دەبوایە پار سـەنگی هێـز بە لایەکـدا بکەوتبـا، بـۆ سنوور دانانیش لە هەمبەر کردەوەکانی(ینـك) و جـووڵە گوماناویەکانیـان دەبـوایە هەڵوێستێکی گونجاو وەرگیـرایە بـۆئەوەی کارەسـاتەکان گەورە تـر لەوەی ڕویانـدا نەبن، بەڵام دیارە هەوڵ و کۆششەکان بێ سوود بوون و سـەرەڕۆی یەکیەتـیش کە بە لێکدانەوەی خۆی سەرکەوتنی بە دەست هێناوە و دژەکانی خۆی لە گۆڕەپانەکە ڕاماڵیەوە بوغرای کردبوون، نەدەچوونە ژێر بـاڵی هـیچ فشـار و گفتوگـۆیەك بـۆیە بـۆنی خـوێن دەکـرا لە کوردسـتان و هەڕەشـەکان گەیشـتبوونە لـوتکە و ئیـتر لە دەسەڵاتی هیچ کەسێکدا نەبوو بتوانێ پێش بەو کارەساتە بگرێت، دیـارە بێگومـان دەستی دەرەکـیش ڕۆڵـی خـۆی دەگێـڕا و بەو شـێوەیە کە خـۆی خوازیـار بـوو بە تایبەتی ڕژێمی بەعس، بە ئاشکرا پشتیوانی لە یەکیەتی دەکـرد. لە ناوەڕاسـتی سـاڵی ١٩٨٣ تـاکو کۆتایەکـانی ١٩٨٤ کە پەیوەنـدی و دۆسـتایەتیەکی تـا ڕادەیەك باشـیان هەبـوو، بەڵام بە دوو هیـوای جیـاواز یەکەمیـان بەعسـیەکان دەیانویسـت هەر چ زیاتر کوردەکان و بە تایبەتیش حزبە کوردیەکان تا ڕادەیەك بکەنە دوژمنی یەکتری کە هیچ ڕێگایەکی گەڕانەوەیـان بـۆ نەمێنێـت. ئەمەش ئـاواتی ئەوان بـوو کە کـورد سەرکردایەتیەکی بە پچڕ پچـڕ و لاواز ببیـنن و هیـوای یەکیەتـیش ئەوە بـوو کە بە پاڵپشتی ڕژێمی بەعس بەرەی(جود) ڕاماڵێت بە تایبەتیش پارتی لە قاڵـب بـدات و نەتـوانێ پەل ببزوێنێـت و خـۆی ببێـتە حـاکمی مـوتلەقی کوردسـتان و پـاڵەوانی گۆڕەپانەکە، ئەمەش لە لایەن(جود) قبوڵ نەدەکرا و ئەوانـیش کە کۆمەڵێـك پـارتی سـیاسی بـوون قسـەی خۆیـان هەبـوو و هەوڵیـان ئەوە بـوو چـۆن ڕێـگە لەو پـاوانخوازییەی یەکێتـی بگـرن، کۆبوونەوەکـان دەسـتیان پێکـردوو هێزەکـان

ڕێکخــرانەوە، مــاوەی چەنــد مانگێــك نــیمچە ئــارامیەك بە دی دەكــران، بەڵام ڕاگەیاندنەكان بە تایبەتی (دەنگی گەلی كوردستان) دەهـۆڵی شـەڕێكی بـێ ئەمـانی دەكوتا..!

ئەو شوێنەی ئێمەی لێ بووین مەودایەكی دوورتری هەبـوو لەو ناوچـانەی كە گومانیـان لـێ دەكـرا شـەڕی لـێ ڕووبـدات، چـونكە هەمـوو ئەگەر و گومانەكـان ئاماژەیان بۆ ئەوە بوو كە ئەگەر شتێك ڕوبدات لە قەنـدیل و لە بنـاری قەنـدیل و سنوورەكانی گەرمیان و شارەزوور دەبێت. بۆیە زوومـی چاوەكـان خـرایە سـەر ئەو ناوچانەوە، دەوری ١٠ تا ١٥ مانگی ئایار بوو كە ئەو پێشمەرگە نەخۆشانەی لقـی٢ ڕەوانەی ئێران كران بۆ مەبەستی چارەسەركردنیان، ئێمەش تۆزێـك دەسـت بەتـاڵ تر بووین، بەڵام دڵەڕاوكێ و نیگەرانی باڵی بەسەر هەموویان ڕاكێشابوو، ئەگەرچـی زیـاتر ئەو شـتانە بـوون كە لە ڕاگەیانـدن باسـیان لێـوە دەكـرا، بەڵام لا بەلا لەوە گەیشــتبووین كە تەقیــنەوەیەكی گەورەی ســیاسی و ســەربازی ڕوودەدەن ڕۆژانە لەگەڵ برادەرەكانمان باس هەر باسی ئەوە بوو كە ئەمشەو یان دوێنـێ یـان ئەمـڕۆ بەیـانی چـی تـازە ڕوی داوە، هەر كەسـە و لە جێگـای خـۆی ببـوون بە چـاودێر و لێكۆڵەر و شارەزای سەربازی، بۆچونەكان جیـاواز بـوون، بەڵام هەموومـان لەسـەر ئەوە كۆك بووین كە شەڕ ڕوودەدات و دەر ئەنجامی باشی نابێت.

# تەوەری حەڤدەم

## کارەساتی قەندیل و شەهیدبوونی باوک و برام

لە کۆتایی مانگی تەموزی ١٩٨٣ هێزەکانی بەرەی (جـود) توانیـان لە قەنـدیل و قەڵا تۆکـان و بنـاری قەنـدیل هێزەکـانی یەکیتـی ڕامـاڵن هەتـا زار گەلی و دۆڵـی خانەقا، بەڵام دواتر یەکیەتی بە ڕادیـۆ لە ڕێـگەی بـانگەوازەوە سـەرجەم هێزەکـانی خواستن خۆیان بگەنە سەرکردایەتی کە ئەو کات سەرکردایەتی یەکیەتی یاخود باشترە وا بڵـێن بەشـێکی سـەرکردایەتی یەکـیەتی لە ناوچەکـانی شـێنێ و سـونێ بـوون کە خودی(نەوشـیروان مسـتەفا) لە وێ سەرپەرشـتی دەکـرد و لە کـاتی شـەڕەکاندا لە دەوروبەری خانەقا بوو. ئەم شکسـتەی یەکـیەتی بـووە هـۆی بـوغرایی و ئیهماڵـی هێزەکانی بەرەی جود، بۆیە هێزە زۆرەکەیان لە گوندی لێـوژە و لەسـەر قەبرسـتانی گوندەکە کۆکردەوە و ژمـارەیەکی کەمـیش لە هێزەکـان لەسـەر بەرزاییەکـانی کـونە کـۆتر و سـێکانیان و کەلەکی بەلەیـان جێگیـر کـران، بەرەی جـود بە تـایبەتی ئەو سەرکردە مەیدانیانەی کە لە وێ بـوون لە پـارتی (مەحەمەد مەلا قـادر) نـاسراو بە (مەلا محەمەد) سەرکردایەتی هێزەکانی پارتی دەکرد، ئەگەر هەڵە نەبم لە برادەرانی سۆشیالیست (سەید کـاکە) و لە بـرادەرانی شـیوعی (مـلازم خـدر) بـوون بە نیـازی ئەوە بوون لە وێ هێزەکان جێگیر بکەن و پشوویەك بدرێت کە بۆ قۆناغی دووەم بتوانن پاشەکشە بە هێزەکـانی یەکێتـی بـکەن تـا دەگـاتە (وەرتـێ)، بەڵام بـێ ئاگـا لەوەی کە یەکیەتی خەریکی خۆ کـۆکردنەوەن و بە نیـازی تـۆڵە سـەندنەوەن، ئەوە بوو لە بەرەبەیانی ١٩٨٣/٨/١٣ یەکیەتی بە بەشداری تەواوی هێزەکانیـان هێرشـێکی چڕو پڕیان لە هەموو لایەکەوە کردە سەر هێزەکانی(جود)، دوای شەڕێکی قـورس و

به پاڵپشتی تۆپخانەی ڕژێمی بەعس توانیان تەواوی ئەو ناوچانەی کە لە دەستیان دابوو بگرنەوە و لەو نێوانەشدا کۆمەڵێك پێشمەرگەی هەردوو لا شەهید کران کە دواتر لە ساڵی ١٩٩٣ من چوومە ئەو شوێنە و بۆ هێنانەوەی تەرمی (باوك و برایەکەم) کە لە وێ شەهید ببوون، ئەویش شەهیدان (کاکۆ عەزیز و سەردار کاکۆ) لەو زنجیرە شاخە لە مەودای نزیکەی سێ کیلۆمەترێك سەد و شەش تەرمی لێ بوو کە بەشی بەرەی جود(٤٦) چل و شەش شەهید بوون، دیارە ئەوەی تریش یەکیەتی بوون کە هەر کەسە و لە کوێ کوژرا بوو هەر لەو شوێنە زەویان هەڵکەندبوو خرابوونە ژێر گڵ، ڕۆژی ١٩٨٣/٨/١٤ ئێوارەکەی من لەگەڵ هەڤاڵ (دکتۆر سامی و کەماڵ ئامێدی و کەریم کەکۆ و سامی عومەر و عەبدولرەحمان ڕۆژبەیانی) کە عادەتەن ئەم چەند کەسە زۆر بە یەکەوە دا دەنیشتین و گوێمان لە دەنگوباسی ڕادیۆی پارتی و یەکیەتی دەگرت، ڕادیۆکە لە دەست من بوو دەبوایە زوو زوو یاری بە مەوجەکەی بکەم و شەپۆڵەکەی بگۆڕم، چونکە تەشویشی لەسەر بوو، ئەو ڕۆژە بە برووسکە ناوی شەهیدەکانی پارتی بۆ مەکتەبی سیاسی هاتبوو، هەموو ئەو برادەرانەی منیش زانیبوویان کە باوکم و برام شەهید بوونە، بەڵام کاك فازل میرانی پێ وتبوون کارێ بکەن با جارێ سالار ئەو هەواڵەی پێ نەگات ، گەرچی من چەند ڕۆژ پێش ئەوە خەونێکی ناخۆشم دیت، بەڵام بەهەندم وەرنەگرت،من هەر خەریکی ڕادیۆکە بووم،بێژەرەکەی ڕادیۆی کوردستان لەسەرەتا وتی لە دەنگو باسەکانی ئەمرۆ ناوی ئەو کوژراوانەی پارتیتان بۆ دەخوێنینەوە کە کەوتونەتە دەست هێزەکانی ئێمە و ناسنامەکانیان کەوتۆتە دەست هێزەکانمان، منیش هەر خەریکی ساف کردنی ڕادیۆکە بووم بۆ ئەوەی بەباشی گوێمان لە ناوەکان بێت کە بزانین کێن ئەوانەی کوژراون(سامی عومەرە فەندی)پڕی دایە ڕادیۆکە و لەدەست من دەریهێنا و وتی: "ئەرێ چیە مردین هەندی گوێ لەو درۆیانە بگرین، دەبا بیبەینە سەر گۆرانییەکی خۆش" پاشان رادیۆکەی بردە سەر بەشی کوردی بەغدا کە گۆرانی داواکراو بوو هەر ئەو ڕۆژە ڕادیۆی یەکیەتی ناوی هەموو شەهیدەکانی پارتی خوێندبۆوە ،ناوی باوك و براکەشمی خوێندبۆوە، بەڵام

من هەرگیز هەستم پێ نەکرد، ئەو کەسانەی لەوێش بـوون بە جۆرێـك ڕەفتاریـان دەکرد کە من هەست بە هیچ شتێك نەکەم، بۆ شەوەکەی برادەرەکـانم کردیـان بە مناقەشات و نوکتە و قسەی خۆش. دیارە بۆ ئەوەبوو من هەسـت بە هـیچ شـتێك نەکەم تـا درەنگـانی شـەو بەیەکەوە دانیشـتین و قسـەو سـوحبەتمان لەگەڵ یەکـتر دەکـرد، ئەو شـەوە خەوتـم بـۆ بەیـانییەکەی (سـلێمان زاخـۆیی)کە پێشـمەرگەی پاسەوانی کاك فازل میرانی بوو  هاتە لام وتی کاك فازل دەڵێت  بێـت بـۆ لام منـیش چووم بزانم چ ئیشێکی پێمە. گەیشتمە لای و سڵاوم لێی کرد.

ــ علیك سلام بەخێر بێیت ،فەرموو دانیشە

ــ سوپاس کاك فازل فەرموو ئەمر بکە لە خزمەتم.

ــ ئەتوو چەند وەختە نەچووی بۆ ئینجازە.؟

ــــ دەوری سـێ مانگێـك دەبێـت، بەڵام بە هـۆی ئەوەی هەمـووان لە ئینـزار دابووین کەس نەچووە بۆ ئینجازە.

ــ جا خۆ ئەوە شەڕت نییە،حەزت لێیە بچیتەوە ماڵ

ــ من داوام نەکردووە، بەڵام کەس هەیە حەزی لەوە نەبێت

ــ دەباشە ،من پێم باشە سەرێ بچیتەوە ماڵ و چەند ڕۆژێك لە لایان بیت.

ــ وەڵا لەوە باشتر نابێت، ئەگەر ئیشتان بە من نەبێت.

ــ جارێ هیچ ئیشمان پێت نییە، مادام بڕۆ خۆت حـازر بـکە و پـێش ڕۆیشـتن وەرە لای من و کارم پێتە.

ــ باشە بە سەر چاو.

خواحافیزیم لێ کردوو چووم خۆم حازر بکەم کە دیسان سلێمان هات وتی کاك سالار لە لای ئێزگە سەیارەیەکیان بۆ تۆ ڕاگرتووە بتباتەوە(شـنۆ) پەلە بـکە باشـترە. من پێم سەیر بوو کە بۆچی بەم شێوەیە گرنگـی دەدەن بە مـن و دەمنێـرنەوە بـۆ

ئینجازە و سەیارەم بۆ ڕادەگرن.! هەرگیز بیرم بۆ ئەوە نەدەچوو کە چ کارەساتێك ڕووی داوە کە تەواو بووم چوومەوە لای کاك فازل وتی ئەوە نووسیومە دوو یارمەتیت بۆ سەرف بکەن چوار مانگ زیاتر بوو یارمەتی بۆ کەس سەرف نەکرا بوو، ئەو کاتە ئێمە مانگانە سێ دینارمان پێ دەدرا وەکوو کادیرانی مەکتەب سیاسی و بەشەکانی هەر وەکوو وتم چوار مانگ بوو کەس وەری نەگرتبوو ، پێم سەیر بوو دوو مخەصەسات بە یەکجار بۆ من سەرف دەبێت، پاشان کاك فازل وەرەقەیەکی تریشی پێ دام وتی نەوەك لە ماڵەوەش وەزعیان باش نەبێت ئەوەش هاوکارییەکە شەست دینارە بچۆ وەری بگرە بۆ پێداویستی و مەسرەفاتی ماڵەوەتان. پێم سەیر بوو لە دڵی خۆمدا دەمگوت خوایە ئەوە چییە ئەوەندە گرینگی بە من دەدەن ئەو هەموو پارەیە بۆ دەدەن بە من، قەت مەکتەبی سیاسی بەم شێوەیە نەبووە.!

هەرگیز بیرم بۆ هیچ شتێك نەدەچوو، ئیتر بە پێکەنین و دڵێکی خۆش خواحافیزیم لە هەڤاڵەکانم کردوو چووم بۆ لای ئێزگە کە گەیشتمە ئەوێ دیتم پیکابێکی شوفرلێت وەستاوە شۆفێرەکەم دەناسی(مستەفا دۆلەمەڕی) بوو، هەر لە دوور گۆتی ناکا ئەتوو بی کە بڕیارە لەگەڵ مندا بێتەوە شنۆ وتم: ئەرەوەڵا ئەمنم، ئەو زانیبووی کە باوکم شەهید بووە، بەڵام بە ڕووی خۆی نەهێنا لەگەڵیدا سواری پیکابەکە بووم تاکوو شنۆ هەر قسەی خۆشی بۆ دەکردم و تەسجیلی بۆ لێدەدام هەرگیز باسی شەڕ و ئەو شتانەی نەدەکرد، بەڵام لە مەکتەبی سیاسی کاك فازل وتی(هاشم باپیر) بریندار بووە، بەڵام باسی شەهید بوونی کەسی نەکرد بۆم. هاشم باپیر لەگەڵ باوکم و جەماعەت ئەمانە یەك هێز بوون هەموویان بە یەکەوە بوون من هەرگیز بە بیرمدا نەهات، ئەگەر هاشم باپیر بریندار بووە ئەدی ئەوانی تر چیان بەسەر هاتووە.؟!

گەیشتینە شنۆ، ئەو کاتە ماڵی ئێمە لە شاری(نەغەدە) بوو مستەفا دۆڵەمەری سەیارەیەکی قەمەرەی ڕاگرت و وتی ئەم نەفەرەم بۆ بگەیننە نەغەدە، ئیتر سواری

قەمەرەکە بووم گەیشتینە نەغەدە بە شۆفێرەکەم وت لە (فلـکەی ژانـدارمری) دام بەزێـنە ئەگەر چـی ئەو شـوێنە مەودایەکی هەبـوو لەگەڵ مـاڵی ئـێمە، بەڵام مـن مەبەستم ئەوە بوو، چونکە کوردەکانی خۆمان هەمیشە لەو فولکەیە کۆدەبوونەوە لەگەڵ یەکتری وتم با بزانم دەنگوباس چ هەیە، هەر لە سەیارەکە دابەزیـم بە پـێ بەرەو ماڵ ڕۆیشتم هەرچی ئەو پەناهەندانەی خۆمانم دەدیت بە جۆرێـك ڕویـان لە من وەردەگێرا کە گوایە منیان نەبینیوە پێم سەیر بـوو تـاکو نزیـك بـوومەوە لە ماڵ قسەم لەگەڵ کەس نەکرد، چونکە کەس ڕووی لە من نەدەکرد و ڕانەدەوەسـتا بە یەکەوە قسە بکەین، هەمووان وایان نیشان دەدا کە منیان نەدیتـووە ئەو کـاتە ماڵمان لە شەقامی (سمایل ئاباد) بوو لە تەنیشت سەربازگە (پادگـانی وەلی عەسر)، ئەوێ گەڕەکێکی تازە و چۆڵ بوو هێشتا خزمەتگوزاری ئـاو و ئـاوەڕۆ و قیـر و ئەو شتانەی بۆ نەکرا بوو، نزیك ماڵەوە بووم دیـتم قەڵەبـاڵغیەکی زۆر لەبەر دەرگامـانە حەوش و کۆڵان پڕ بوون لە خەڵك، ڕاچەڵەکیم زانیم شـتێك بـووە تفەنـگ و کـۆڵە پشـتیەکەم لە شـانمەوە بـوو چـوومە نـزیکتر بە ڕەحـمەت بێـت خاتوو(سـەعدیە) خێزانی شەهید (مامەند وەیسی) چاوی بە مـن کەوت و بە ڕاکـردن هـات، بەڵام بە هەردوو دەستی لە سینگی خۆی دەدا و دەگریـا، وتی: "بە قوربانـت بـم هـاتیەوە، خۆ کەس نەماوە هەموویان شەهید بوونە.!"

ــ چ بووە.؟

ــ کەسمان نەما، کەس نەمایە هەموویان شەهید بووینە.

ــ ئەوە چ دەڵێی سەعدیە.!

ئیتر هەموو خەڵکەکە بەرەو لای من ڕایـان کـردوو هـاتن و دەوریـان دام هەر ئەوەندەم دیت و چاوم تاریك بوو، کاتێك چاوم کـردەوە دیـتم لە ژووری مـاڵەوەم تەنیا سێ ژن لە ژوورەوە بوون(دایکم ـ سەعدیە ـ کوردسـتانی خەلـیفە مەحەمەد) هەسـتامەوە وتـم: چـی بـووە.؟ دایکـم وتی هێشـتا نـازانین چ بـووە، بەڵام دەڵـێن هەموویان بزرن هەنـدەك دەڵـێن کـوژراون هەنـدەك دەڵـێن برینـدارن هەنـدێك

دەڵێن بزرن، کەس ڕاستیەکانمان بۆ باس ناکات.! ئەوەندەی نەبرد مامۆستا (فوئاد حەمەلاو) کە ئەو کاتە بەرپرسی لێژنەی ناوچەی خەبات لە شاری نەغەدە بوو لەگەڵ سێ کەستر هاتنە لام، سڵاویان کردوو هەندێ قسەیان کردوو وەك پێشەکی و دڵنەوایی بۆ من پاشان کاغەزێکی دەرهێنا و وتی ئەم لیستە ناوی تەواوی شەهیدەکانە، منیش کردمەوە و دەستم کرد بە خوێندنەوەیان ناوی باوکم دووەم کەس بوو. ناوی سەرداری برام لە کۆتاییەکان نوسرابوو، ئەوانەی کە لەگەڵ هێزەکەی باوکم بوون ئەوانە بوون کە لە شەستەکان و لە ئاوارەیی دوای نەکسەی ساڵی ١٩٧٥ لە یەکتر دانەبڕابوون ئەوانیش(شەهیدان کاکۆ عەزیز باوکم، سەردار کاکۆ برام، مامەند وەیسی، کەماڵ هەمزە، جەماڵ هەمزە، قادر خدر) واتە شەش شەهید بە یەکەوە خانەوادەی چوار شەهیدەکەی تریش هاتبوونە ماڵی ئێمە ئیتر منیش بە ناچار دەبوایە خۆ ڕاگر بم ئەمە ئەمری واقع بوو ڕوویدا بوو، دەبوایە بەرگەی بگرین لەو کاتە بە بیرم هاتەوە کە بۆچی ڕادیۆکەیان لە دەستم دەرهێنا، بۆچی کاك فازڵ بێ ئەوەی من داوا بکەم منی ناردە ماڵەوە بۆ چ ئەو برە پارانەی بۆ سەرف کردم.؟ ئینجا بۆم دەرکەوت کە ئەوان زانیویانە، بەڵام نەیانویستبوو بە من بڵێن، کارەساتێکی قورس بوو، بۆ من جگە لە باوکم و براکەم ئەوانی تریش کە ناویانم هێنان وەکو مامم بوون لە شەستەکانەوە پەیمانی برایەتیان لەگەڵ باوکمدا بەستبوو، ئەوان بوونە برا، بە یەکەوە ژیان، بە یەکەوە خەباتیان کرد، بە یەکەوەش ماڵ ئاوایان کرد دەتوانم بڵێم، ئەوە بە وەفاترین پەیمان بوو کە لە ژیانمدا دیتبێتم و لە نێوان چەند مرۆڤێکدا بەسترا بێت، قورساییەکەی ئەو ئازارە باری دەروونی منی شڵەژاندبوو، نەمدەزانی چی دەکەم، تەنیا بێ دەنگ و بە چاوی فرمێسك تیا قەتیس ماو سەیری دەوروبەری خۆم دەکرد هەموو ئەو شتانەی لە ڕابردوو لەو ئەزیزانەم دیتبوو وەکو فیلمێکی سینەمای دەهاتنە پێش چاوم ئازاری جەستە و دەروونم زیاتر و زیاتر دەبوو، حەزم بە تەنیای دەکرد و دەمویست لەگەڵ یادگارییەکانمدا ئەوەندە بگریێم بۆ ئەوەی ڕوبارێك فرمێسك برێژم و هەموو خەمەکانمی پێ بشۆرمەوە، ئەو خەمانە کە هەرگیز لە خەویشمدا بیرم لێ

نەکردبۆوە، من ئامادەیی ئەوەم نەبوو بەرگەی ئەو کارەساتە شوومە بگرم هەرچی سەیری دەوروبەری خۆم دەکرد کۆمەڵێ ئافرەتی غەمگین و ڕەشپۆش و کۆمەڵێکی تری منداڵی بێ ناز و بێ باوك کەوتوو هەرگیز ئەو ڕۆژە ڕەشەم بیر ناچێتەوە، تاکو ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت کاریگەری ئەو کارەساتە لە جەستە و دەروونم ماوەتەوە، چونکە لە بیر کردنی ٨/١٣ زۆر ئەستەمە بۆ من ئەم کارەساتە و دەر ئەنجامەکانی ئەو قوربانی و زیانانەی کە لە بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی گەلی کوردستان کەوت، ڕێك پێکانی ئەو مەبەستە بوو کە دوژمنانمان پلانیان بۆ داڕشتبوو، پەرتەوازەیی ناو ماڵی کورد و دژایەتی کردنی یەکتری دەبووە هۆی ئەوەی دوژمنانمان هەناسەیەکی ئاسوودە هەڵمژن و لە دوورەوە بە (دووربین) سەیری لە ناوچوون و کوژرانی کورد بە دەستی کورد بکەن، ئەم پیلانانەی دوژمن لە زۆر زوترەوە داڕێژرا بوون. ڕۆژی دووەمی پرسەکەمان کە پرسەیەکی گشتی بوو واتا هەموو ئەو شەهیدانەی کە ماڵەکانیان لە شاری نەغەدە بوو پرسەکانیان بە یەکەوە لە یەك مزگەوت دانرا بوون، دوو لە خۆشەویسترین هەڤاڵەکانم کە لە بارەگای مەکتەبی سیاسی بوون دەهاتن بۆ پرسەکەی ئێمە لە خوار کێلە شین(مێرگە کاروان) کەوتنە بۆسە و کەمینی ناحەزان لەگەڵ پازدە کەسی سڤیل کە لە دوو سەیارەدا بوون بە ناحەق درانە بەر ئارپیچی و شەهید کران و سوتینران(سامی عومەر ڕەشید و عەبدولڕەحمان ڕۆژبەیانی)، ئەمەش بوو بە کەسەرێکی لە بیر نەکراوی ترم، باری خەمەکانمیان قورستر کرد ئەم دووانە لە خۆشەویسترین هەڤاڵانی شاخ و خەباتی پێشمەرگایەتیم بوون. من ماوەی چل ڕۆژ لە ماڵەوە مامەوە نەگەڕامەوە بارەگا شەش مانگ بوو مووچە یان یارمەتی پێشمەرگە نەهاتبوو دوای شەش مانگ، وتیان لێژنەی دابەشکردنی یارمەتی هاتووە لە ناوچەی خەبات یارمەتی پێشمەرگە دابەشدەکرێت ،ئێوارە لێژنەکە هاتنەوە ماڵی خۆمان کە بریتی بوون لە (شەهید شەوکەت شێخ یەزدین ـ شەهید ملازم یاسین ـ ئازاد عەبدولقادر)بۆیەش هاتنەوە ماڵی ئێمە، چونکە شەهید ملازم یاسین زاوای ئێمە بوو، هاوسەری چناری خوشکم بوو، شەو خزمەتێکی باشیان کراو بەیانییەکەشی

هەڵسان چونەوە بۆ ناوچەی خەبات بۆ درێژەدان بە دابەشکردنی یارمەتی، من پێم وابوو ملازم یاسین مووچەکەی ئێمە واتە باوکم و شەهید سەردار وەردەگرێت بۆمان دەیهێنێتەوە، بەڵام وا دەرنەچوو ناچار خۆم چووم بۆ لایان وتم بۆ مووچەی باوکم و برام هاتووم کاك شەوکەت وەڵامی داوە وتی: "ئەوانە شەهید بوونە مووچەکەیان لای ئێمە نەماوە" منیش وتم ئایە ئەم موچانە هی شەش مانگی ڕابردووە یان هی داهاتوو، وتیان ناوەلا هی ڕابردووە وتم کەواتە هەقی خۆیانە پێیان بدرێت لەمەودوا موچەی شەهیدانیان بۆ هەژمار دەکرێت، ئەوان وتیان "بەخوا دڵگران مەبە ئێمە تەنیا لێژنەیەکین ڕێنمایەکان وا نوسراون ئێمە ناتوانین سەرپێچی بکەین، بەڵام تۆ دەتوانی سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی بکەیت و ئەوان دەسەڵاتیان هەیە دەتوانن لەوێ لای خۆیان بۆتان سەرف بکەن یان نوسراوێکت پێ بدەن و ئەمر بکەن ئێمە بۆتانی سەرف بکەین"ئەوانیش هەقی خۆیان بوو نەیاندەتوانی سەرپێچی لە ڕێنماییەکان بکەن بۆیە زۆر دڵگران نەبووم کە موچەکانیان پێ نەدام. دوو ڕۆژ دواتر چوومە گوندی(ڕاژان)کە بارەگای سەرەکی مەکتەبی سیاسی لەوێ بوو، شتێکم نووسی بۆ جەنابی کاك (ئیدریس بارزانی) ناردمە ژوورەوە، ئەمری کرد بچمە لای پاسەوانەکەی، منی نارده ژوورەوە ژوورێکی بچووک بوو جەنابی (سەرۆك بارزانی)لەوێ دانیشتبوو لەگەڵ(عەلی عەبدوڵلا)سڵاوم کرد و بە گەرمی وەڵامیان دامەوە. جەنابی کاك مەسعود زۆر بە گەرمی هەواڵی پرسین، دواتر وتی ناوە ناوە سەردانمان بکە. کاك ئیدریسیش فەرمووی چیە ئەو کێشەیە.؟ من بە باشی تینەگەیشتم منیش هەموویم بۆ باس کردوو ئینجا ڕوی کردە کاك عەلی و وتی کاك عەلی ڕێنمایی لەو شێوەیە دەرچووە؟ ئەویش وەڵامی دایەوە و وتی "ئێمە مەبەستمان شەهید نەبووە" دیار بوو پاکانەی دەکرد ئەو وتی مەبەستی ئێمە دوکاندار و شۆفێر و ئەو کەسانە بوونە کە تەنیا بە ناو پێشمەرگەن و بۆ خۆیان ئیش دەکەن و پەیوەندیان بە پێشمەرگایەتیەوە نەبووە، منیش وتم کاك عەلی لە ڕێنماییەکان ناوی شەهیدەکانیش هاتووە، وتی کاکە هەڵە بووە هەڵە، شەهید مافی خۆیەتی ئینجا کاك ئیدریس وتی هیچ نییە ئێستا چارەسەری

دەکەیـن پاشـان نـامەیەکی نـووسی و وتی بیـدە بە کـاك عەلـی گـۆران لە نـامەکە نوسرابوو کە بیبست هەزار تومەن بۆ من سەرف بکەن کە کۆی مـوچەکەی بـاوکم و شەهید سەرداری دەیکردە دە هەزار و هەشت سەد تـومەن، واتـا زۆر زیـاتر لە موچەی هەردووکیان بوو، پاشان نـامەیەکی تـری پێـدام وتی "ئەمەش بـبە عەنبـاری ئازوقە لە شنۆ لە لای(ئەحمەد ئاکرێیی) هەندێ ئەرزاقە بـۆ مـاڵەوەی ببـەوە" کە هـاتمەوە کـاك شـەوکەت و جەمـاعەت لە مـاڵی ئـێمە بـوون، منـیش وتـم ئەم ڕێنماییەی ئێوە سـوودی هەبـوو بـۆ مـن، کـاك شـەوکەت بە ڕەحـمەت بێـت زۆر پێکەنی وتی "بەخوا دەمـزانی ڕێنماییەکـان هەڵەنە، بەڵام مـن لە دەسـەڵاتم نەبـوو" پاشان بۆم باس کرد کە کاك ئیدریس و جەنابی سەرۆك و کـاك عەلـیم دیـوە و بەم شێوەیەش چارەسەری کێشەکەمیان کردووە ئیتر بوو بە پێکەنین و کـاك شـەوکەت وتی "هەقی خۆتان بووە منەتی تێـدا نیـیە، بەڵام ئێمەیـان شـەرمەزاری خـانەوادەی شەهیدان کرد". پێش وەرگرتنی ئەم موچەیە، هیچ پـارەیەکم پـێ نەبـوو تەنـانەت جەگەرەشی پێ بگرم مام (مستەفا سیساوەی) هەبوو بە ڕەحـمەت بێـت لە ژیانـدا نەماوە کە زڕ برایی (سلێمان پەسیرە) بـوو ئەو پیـاوێکی بە تەمەن بـوو کـوڕێکی بە ناوی(محەمەد) مخابر بوو لە شۆڕش، ئەو مام مستەفایە مێـزێکی بچـووکی لەسـەر شۆستە دانا بوو جگەرەی دەفرۆشت و ئاڵوگۆڕی دینار و تومەنی ئێرانیشیـ دەکـرد، هەر جاری بچووبـامە لای جـگەرەیەکی پـێ دەدام ئەگەر پاکەتیشـم پـێ بـایە هەر دەبوایە جگەرەکەی لێ وەربگرم، لە دڵی خۆمـدا وتـم دەچـم پاکەتێـك جـگەرە بە قەرز لەلای مام مستەفا وەردەگرم، بۆیە چووم بۆ ئەوێ هەرچەندی کردم لە ڕووم نەهات داوای پاکەت بکەم بە قەرز، ئەویش ئەوەندە سەرقاڵ بوو هەر لە بیریشی نەبوو جگەرەیەکم پێبدات بۆیە خواحافیزیم لێ کرد و ڕۆیشـتم بـۆ نـاو بـازاڕەکە، وتم یەکێك هەر دەبینم شـتێکی بە قەرز لـێ وەربگـرم، بەڵام هەرکـێم دەدیـت لە ڕووم نەدەهـــات داوای قەرز بـــکەم هەرگیـــز لە ژیانمـــدا داوای قەرزم لە کەس نەکردبوو، لە لام زۆر قوڕس بـوو داوای قەرز لە خەڵـک بـکەم، دوای نیـو کـاتژمێر خولانەوە لە ناو بازاڕەکەی نەغدە وتم ئێستا مـومکینە مـام مسـتەفا سـەری چـۆڵ

بوبێ با بچمەوە بۆ ئەوێ چارەسەرێك بکەم دووبارە سڵاوم لە مام مستەفا کردەوە ئەوەندە سەری قاڵ بوو بە ئەستەم توانی وەڵامم بداتەوە لە دڵی خۆم وتم با دەست ببەم بۆ جگەرەیەك و دایبگرسێنم، بەڵام دیسانەوە لە ڕووم نەهات ئەویش لەبەر سەرقاڵی خۆی لە بیری ئەوە دانەبوو جگەرەم پێبدا، دووبارە جێمهێشتەوە سەرەتای پایز بوو لەبەر خۆر ڕاوەستان جەستەی گەرم دەکردەوە لەسەر فلکەی(ژان دارمری) نەغەدە کە شوێنی کۆبوونەوەی شارەکە بوو وەك سەنتەری شارەکە بوو من لەسەر شۆستەکە وەستابووم ڕوو لە خۆر پشتم دابوو بە عامودێکی ئاسنی هێلی تەلەفۆن ڕیشم زۆر درێژ ببوو ئینجا ڕیشی ـ من هەر بە بنەماڵە ئ هەموومان ڕەنگاو ڕەنگە سوورو قاوەیی و زەرد و ڕەش تێکەڵ بە یەکتری دەبێت جا ئەگەر خۆریشی ـ لێ بدات زۆر جوان خۆی نیشان دەدات ،چووبوومە ناو فکر و خەیاڵەوە نەمدەزانی ڕوو لە کوێ بکەم لەناو داڵغەی خۆم بووم یەکێك پڕیدا ڕدێنەکەم و بە دەنگی بەرز وتی ئەی ماشاالله چەند جوانە ئەوە خەنەت لێ نایە هەر زراوم چوو وا پڕیدا ڕدێنم ڕای چڵەکاندم کە ئاوڕم دایەوە مام(جەعفەر ئەسپینداری )بوو، شەهید(ئاودڵ ئیسماعیلی )لەگەڵدابوو کەسێکی تریش بوو لەبیرم نەماوە کێ بوو، دایان لە قاقای پێکەنین و وتیان ئەوە ترسایی؟ منیش وتم ئەگەر ترسابیشم ناهەقم مەگرن من لە خەیاڵ بووم ئەویش پڕی دا ڕدێنەکەم ،ئەرێ وەڵا زەندەقم چوو ئیتر هەندێ گفتوگۆمان کردوو پاشان شەهید ئاودەڵ وتی "سالار هەندێ ئیشم پێت هەیە پاشان منی لەوان جیا کردەوە، دەستی بردە گیرفانی(٢٥) دیناریەکی عێراقی دەرهێناو وتی ئەو ئەمانەتە هی ئێوەیە لەلای من بوو گەردەنیشم ئازاد بکەن کە درەنگ هێناومەتەوە. ئەوە بە ڕەحمەت بێت باوکت و ئەوان ئێمەیان بە دل کرد لەسەر چیا ئەو ئەو پارەیەی دا پێم کە لە خوارەوە لە لێوژە هەندێ شتی دەویست بۆی بکڕم، ڕێك نەکەوت و بوو بە شەڕ ئەوان شەهید بوون و ئەم پارەیەش لە لای من مایەوە لە تازیەکەش دڵم نەدەهات پێتان بدەمەوە ئێستا لێمی وەربگرەوە بشم بورە: گەرچی لە دڵی خۆم زۆریش پێم ناخۆش نەبوو، چونکە ئەوەندە بێ پارە بووم لە ڕوشم نەدەهات لە

کەس داوا بـکەم، بەڵام ئەمە بـۆ مـن پـارەیەکی بـاش بـوو ئەگەر بمگـۆری بـایەوە دەیکـرد زیـاتر لە هەزار تـومەن. پـارەکەم لە شـەهید ئـاودەل وەرگـرت و بەپەلە چوومە لای مام مستەفا ئەو کـاتە پاکەتی(ئـازادی)هەبوو، جـگەرەیەکی نەرم و بـۆن خۆش بوو پێم وابێ هەر وینستۆنی ئەمریکی بوو قالکەکەیان گۆڕی بوو، چـونکە لە جمهوری ئیسلامی ئێران شتی ئەمریکی قەدەغە کرابوو بە مام مستەفام گـوت یەك تەکە پاکەتی ئازادیم پێ بدە ،پاشان پـارەکەم دا پێـی و گـۆتم ئەوەشـم بـۆ بـکە بە تمەن و هەقی پاکەتەکەش بگێرەوە هەر زوو سەری تەکە پـاکەتەکەم هەڵپچـڕی و پاکەتێکم لێی دەرهێنا جگەرەیەکم لێی داگیرساند، پاشان هەموو بەسەر هـاتەکەم بۆ مام مستەفا بـاس کـرد، ئەویـش هەر پەکـو پەکـوی بـوو هەر دەیگـۆت چـاوی شەیتانی کۆرەبی ئەمن کوو لە بیرم نەبوو جگەرەیەکت پێ بدەم ،منـیش پـێم گـوت گوێ مەدەرێ ئەمە ڕوو دەدات لە هەموو کەسێك دیـارە خێـری تێـدا بـوو. دواتـر چـووم هەنـدێك پێداویسـتی و کەلوپەلیشـم بـۆ مـاڵەوە کـڕی و بەرەو مـاڵەوە چوومەوە، لە ماڵیش دووبارە هەموو بەسەر هاتەکەم گێرایەوە ئینجا چەند ڕۆژێك دوای ئەمە بـوو کە شـەش موچەکەیـان دابەش کـرد، بەهـار ببـوو بە وێسـتگەی چاوەڕوانی هەمیشە ئەو ئاوارانەی کەلە ئیران بوون لە زستان و پایز دەیانگۆت ئەم بەهارە دەچینەوە، بەهار ببو بە ئومێدێك بۆ هەموان کەچـی زۆر بە هـار تێـپەری وئومێدەکان لە بەهاری نا ئومێدی دەخرانە زیندان و تا بەهارێکی تر لە چـاوەڕوانی ئازادی دەمانەوە، ژیان ئومێدە بە بـێ ئومێـد هـیچ مانـایەکی ژیـان نامێنێـت بـۆیە پێویستە مرۆڤەکان لە هیچ کات و هەلومەرجێکدا نا ئومێد نەبن.

## کابۆسەکەی ساڵی ١٩٨٣

ساڵی ١٩٨٣ زۆر بە هێوری و لەسەر خۆ دەڕۆیشت، بۆ منیش کابوسێك بوو حەزم بە کۆتا هاتنی دەکرد نەم دەزانی چی دەکەم هێشتا شۆکی لە دەستدانی ئەو عەزیزانەم ڕەهای نەکردبووم، شەوانە لەگەڵ یادەوەریەکانم لەگەڵیان دەژیام و هەموو ڕابردوەکانم وەکو شریتی فیلمی سینەمای لە مێشکی خۆم لێم دەداوە هەندێ جار پێکەنین دایدەگرتم و هەندێ جاریش بە کوڵ دەگریام و فرمێسکەکانم دەڕژانە سەر کۆشم، بە تایبەت ئەو کاتانەی بە تەنیا دەبووم زۆر نا ئارام و بێ قەرار دەبووم، هەمیشە بیرم لەوە دەکردەوە کە سەردار نەمردووە ڕۆژێك دێتەوە لە دەرگا دەدات گەرچی خەیاڵێکی پوچ بوو، بەڵام ئەم خەیاڵە دەست بەردارم نەدەبوو، من پشت و پەنام لە دەست دابوو وەکو دێوانەیەك ئەم سەر ئەو سەری شارەکەم دەکرد جادە و کۆڵان و شۆستە و گەڕەکەکانی شار هەمووی پڕ بوون لە بیرەوەری تاڵ و شیرین لەگەڵ عەزیزانم خولانەوە لە ناو شاردا زۆر ئارامی دەکردمەوە لە هەمان کات برینەکانمی دەکولاندەوە، ماوەی چوار مانگی کۆتایی ساڵی ١٩٨٣ بۆ من پڕ بوو لە ئێش و ئازار و شڵەژانی دەروونی کات تێپەڕ نەدەبوو بۆ من وەك ئەوە وابوو لە دەوری بازنەیەك لە خولانەوە دابوو، دوکانێکی وێنەگری لە چەقی شارەکە هەبوو کە وێنەیەکی شەهید سەرداری گەورە کردبوو و لە ناو جامخانەکەیدای نابوو هەموو جارێك دەچووم ماوەیەکی باش بە دیار وێنەکە ڕادەوەستام و قسەم لەگەڵدا دەکرد هەر خۆشم لە جیاتی ئەو وەڵامم دەدایەوە، زستانی (١٩٨٣ ـ ١٩٨٤) بڕیارمدا هەندێ دان بە خۆمدا بگرم هیچ نەبێت لەبەر دایکم و خوشکەکانم و برا بچووکەکەم(فەرهاد) کە تەمەنی تەنیا ٦ ساڵان بوو، دەبوایە من ڕۆڵی باوك بگێرم بۆیان کەچی لە ناخی خۆم خەریکی خۆ خواردنەوە بووم، بۆیە نیەتی ئەوەم هێنا بگەڕێمەوە دەوام و ئیتر دڵنیاش بووم لەوەی سەرداریش لە ژیاندا نەماوە. لە زستانی ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندیم کردەوە بە بارەگای مەکتەبی سیاسی و بەشی تەندروستی کە ئەوکاتە

نەخۆشـخانەیەکی بچـووک هەبـوو لە ئۆردوگـای پەنـابەران لە زێـوە، بە نـاوی (نەخۆشـخانەی شـۆڕش) مـن لە وێ دەسـت بە کـار بـوومەوە لەگەڵ کۆمەڵێـك کادیری تەندروستی و دکتۆری شۆڕش لەوانە دکتۆر سامی محەمەد عەلـی، تیشـك نوری شاوەیس و مەعـاون تـوبی مـوئەیەد کـۆی و حـاجی گـوڵی تەمەر ئەرگـۆشی، ئەوانەی ناویشـیانم نەهێنـاوە ناوەکانیـانم لە بیـر کـردوە داوای لـێ بوردنیـان لـێ دەکەم. ڕۆژانە بەردەوام بووین لە چارەسەر کردنی نەخۆشەکامنان کە بریتـی بـوون لە پێشمەرگە و خانەوادەکانیان و کەرستە و داو دەرمانەکـانیش لە لایەن مەکـتەبی سیاسیەوە دابین دەکران، ئەوجـا چ بە هاوکـاری ئەو پەنـابەرانەی کە لە شـارەکانی ئێران مابونەوە یـاخود ئەو هاوکاریـانەی حـزب بە دەسـتی دەهێنـان لە دەرەوەی ئێران و عێراق بە تایبەتیش لە ئەوڕوپا، لە دەستپێکی بەهـار و بـوژانەوەی زەوی و گۆڕانی کەشوهەوا و سەرەتای دروست بوون ئومێدێکی نـوێتر بـوو بـۆ ئـارەزویەکی چەندین ساڵەی گەلێکی زوڵم لێکراو، ئێمە بەردەوام بووین لە خزمەت کردن، بەڵام ئەو شوێنەی ئێمە تەنیا یەك ژوور بوو بۆیە داوامان کرد شوێنێکی گونجـاوی ترمـان بۆ دروست بکرێت، ئەوە بوو ڕەزامەندی لەسەر درا و بڕیاردرا و نەخۆشـخانەیەکی بچـــووك کە پێکـــدەهات لە ســـێ ژوور و هـــۆڵێکی بچـــووک لە تەنیشـــت نەخۆشخانەکەی حوکمەت دروسـت بکرێـت کە بـنکەیەکی تەندروسـتی حـوکمەتی ئێران بوو تەنیا بەیانیـان کاریـان دەکـرد و لە کـاژێر ٢ بەو لاوە دادەخـرا، ئـێمەش بڕیارماندا لە کاژێر دوو بە دواوە دەست بکەین بە کار کردن تاکوو دوانزەی شـەو. لە دوازدەی شـەویش بەو لاوە هەر شـەوەی کەسـێك وەك خەفەر دەمـایەوە بـۆ ئەوەی چارەسەری ئەو نەخۆشانە بکات کە لە دوای کاژێر دوازدەی شەو سـەردانی ئێمەیـان دەکـرد، جێگاکەمـان تۆزێـك باشـتر ببـوو، ئەو نەخۆشـخانە یـان بـنکە تەندروسـتی کە شـۆڕش دروسـتی کـرد لە لایەن سـەرکردەی هەمیشـە لە یـاد لە ڕێوڕەسمێکدا بە ئامادەبوونی زۆر لە بەرپرسانی حزبی سنورەکە و نـوێنەری کۆمـاری ئیسلامی ئێران کاك ئیدریس ئیفتیتاحی پێ کردوو دڵخۆشی خۆی دەربڕی بە بـوونی شوێنێکی لەو چەشنە بۆ خزمەتکردنی خانەوادەکانی پێشمەرگە و بەڵێندا ئەو وەکو

شەخس ئامادەی هەمـوو هاوكـاریەك و پشـگیریەكە بـۆ سەرخسـتنی ئەو پـڕۆژە مرۆییە و دەستخۆشیشیی لە ئێمە كرد كە هەوڵێكی باشمان سەرف كردووە بۆ سەر خستنی پڕۆژەكە و ئامادەكارییەكان و پێشكەش كـردنی خزمەتگوزارییەكـان ڕۆژانە بەردەوام دەبـوین لە كارەكانمـان، نەخۆشـەكانمان واتە ئەوانەی سـەردانی ئێمەیـان دەكرد زۆر زیاتر بوون لەو ژمارەیەی كە سەردانی بـنكە تەندروسـتیە حكـومیەكەی دەكرد، متمانەی پەنابەرەكان زیاتر بە ئێمەیان هەبوو دەرمانەكانیشـمان جیـاوازتر بـوو لە ڕووی كـوالێتەوە ئەو كـاتە گەرمەی شـەڕی ئێـران و عێـراق بـوو لە ڕووی پێداویسـتیە پزیشـكیەكان و داو و دەرمـان ئێـران لە قەیـران دابـوو، بەڵام ئـێمە دەرمانی باشمان لابوو كە لە دەرەوەی ئێران بە تایبەتی لە ئەوروپا بۆمـان دەهـات وەكـو هاوكـاری كە لە ڕووی كـوالێتی زۆر باشـتر بـوون لە دەرمـانە ئێرانییەكـان ،هەنـدێك جـاریش ئێرانییەكـان لە فرۆكەخـانە بەشـێكی زۆری كەرەسـتەو و داو و دەرمانەكانیـان لـێ دەگێـراینەوە بـۆ خۆیانیـان دەبـردن، ئەوەنـدەی دەگەیشـتە دەستمان بە زیـادەوەش بەشـمانی دەكـرد و كارەكـانی خۆمانمـان پـێ ڕایـی دەكـرد، مـاوەی سـاڵێك لەو نەخۆشـخانەیە تێـپەڕی كـرد ،خـانەوادەیەك لەوێ بـوون كە خەڵكی سنوری پشدەر بوون پەیوەندیەكی گەرمیان لەگەڵ من هەبوو، ئەوان پێشتر لەگەڵ رەحمەتی ملازم یاسینی زاوام كە هاوسەری خوشـكم(چنار)بوو ناسـیاوێتیان هەبوو منیش لە ڕێگای ئەو ببومە ناسیاو لە گەلیاندا، كاتی خۆشی كچێكی ئەو مـاڵە لە دەورەی برینپێچی لەگەڵ ئێمەدابوون، ماڵێكی بەڕێز و ڕێكوپێك بوون دایكێك و چوار كوڕی و سێ كچی خانەوادەكەیان پێك دەهینا باوكیان هەر لە ئێـران كـۆچی دوایی كردبوو، مـن پەیوەنـدی قـووڵم هەبـوو لەگەڵ ئەو خـانەوادەیە، ئێوارانێـك دكتـۆر سـامی وتی تـۆ گەنجـی كـاتی ئەوەشـت هـاتووە ژن بهێنیـت بـۆ ڕێگـام نادەیت(پ)بخوازم بۆت دڵنیاشم دەیدەن پێت (پ)كچی نـاوەنجی ئەو مـاڵە بـوو كە كچێكی باڵابەرزی ئەسمەری چاو گەورە و تا بلێـی شـیرین و قسـە خـۆش بـوو، بەس من هەرگیز ڕۆژێك لە ڕۆژان بە خەونـیش بیـرم لەو شـتە نەدەكـردەوە، مـن

وەکو خوشکێك سەیرم دەکرد نەشمدەزانی ئایە ئەو چۆن بیردەکاتەوە سەبارەت بە من.

بۆیە لە دکتۆر سامیم پرسی.

ــ خێرە دکتۆر بیرت لەو شتە کردۆتەوە.؟

ــ ئێ وەلا نە ئەتوو لەو باشتر نە ئەویش لە تووی باشتر دەست دەکەوێت

ــ کەس هیچی لای تۆ باس کردووە.؟

ــ مەبەستت لە کەس کێیە. مەبەستت ئەو خانەوادەیە؟

ــ بەلێ.

ــ نەوەلا بەس من یەك دوو جار لەگەڵتان هاتووم بۆ ئەم ماڵە دیارە کە تۆیان زۆر خۆش دەوێت، چونکە زۆریان ڕێز لێ نای

ــ بۆچی.؟

ــ دەترسم ئەوان وا بیریان کردبێتەوە من لە گەڵ کچەکەیان پەیوەندیم هەبێت بەخوا ڕاستە بە یەکەوە قسە دەکەین نان دەخۆین پێ دەکەنین بەس بەخوا من هەر وەك خوشکێك سەیرم کردوە.

ــ بە خوا کەس هیچ باسێکی لای من باس نەکردوە بەس من خۆم هەردوو لاتان بە شایستەی یەکتر دەزانم. بۆیە ئەو پێشنیارە دەکەم

ــ سوپاس دکتۆر مەمنونی جەنابتم بەس بەخوا من لە ئێستادا ناتوانم هیچ بڵێم دوای بیرێکی لێ دەکەمەوە خەبەرت دەدەمەوە.

ــ دە باشە من چاوەڕوان دەبم.

## یەکەمین خۆشەویستی

لەو کاتەوە کە ئەم باسە هاتە باس کردن واتا هەر لەو شەوەدا کە چوومە سەر جێگاکەم خۆشەویستی ئەو کچە بۆ یەکەمجار چووە ناو مێشك و دڵم هەستم کرد کە هەر بەڕاستی خۆشم دەوێت، دەبێت ئەویش ئەو هەستەی هەبێـت بـۆ مـن.؟ ئیتر هەر بەو خەیاڵەوە خەوم لێکەوت و بەیانییەکەی هەڵسام لە خەو ویسـتم بە دکتۆر بڵێم باشە ڕازیم، بەڵام دوای وتم با سەیرێك بکەم بزانم تـا کـوێ بـڕ دەکەم مەبەستیشــم ئەوە بــوو کە خــۆم لە ســەرەتا داوا لە کــچەکە بــکەم ئەگەر ئەو ڕەزامەند بێت ئینجا بچمە داخوازی ماوەی زیاتر لە سێ مانگ تێپەڕی کرد مـن بە لایەنی کەم لە ڕۆژێکدا جارێك دەچوومە ئەو مـاڵە، بەڵام ئەو کاتـانە مـن زیـاتر بە وریاتر و شەرمنتر بووم لە جارانی پێشوو، چونکە لە دڵمدا نییەتێکی تر هەبوو بـۆیە زۆر وریا بووم لە هەڵسوکەوت و تەماشا و قسەکردنەکانم دەمگـوت بـا خوشـك و براکانی و دایـکی هەسـت بە شـتێك نەکەن کە شـەرمەزاری بە دوادابێـت بـۆیە زۆر جاریش من و کچەکە بە تەنیا دەماینەوە، بەڵام نە جورئەتی سەیرکردنیم هەبـوو نە قسە لەگەڵ کردنی. ئەو زۆر ئاسایی بـوو هەر وەکـو جـاران ڕەفتـاری دەکـرد بـۆیە دڵنیا بووم کە هەستی بە هیچ شتێك نەکـردوە. ئەم هـاتووچۆیە بەردەوام بـوو تـا ئەو کاتەی ساڵی ١٩٨٥ فڕۆکەکانی عێراق ئۆردوگای زیوەیان خڵتانی خوێن کرد و بێ بەزەیانە خەڵکی سڤیلی ئەم ئۆردوگاییەیـان بۆردومـان کـرد و خەڵکـێکی زۆری تێـدا شەهید کـران کە بە داخەوە دوو بـرای ئەو کـچەش لەو بۆردومـانکردنەدا شـەهید بوون کە تەمەنیان لە ٩ بۆ ١٢ ساڵ بوو یەکێـك لە براکـانی کـاتی گواسـتنەوەیان بـۆ نەخۆشـخانە لەسـەر دەسـتی مـن و لە بـاوەشی مـن گیـانی سـپارد (خـودای مەزن) تۆڵەیان بکاتەوە، چونکە هەموو ئەو خەڵکەی لە وێ شەهید کران زۆربەی زۆریان ژن و منداڵ و قوتابی و بەساڵا چوان بوون، زێوە ببووە شارێکی ترسناك بۆ هەر لای ئاوڕت دەداوە قوڕ پێوان و شیوەن و ناڵە بـوو، لە هەر چـوار لای دوکەڵـێکی ڕەش ئاسمانی تەنیبۆوە دەر و دیوارەکان بە خوێنی ژن و منـداڵان سـوور ببـوون، دوو لە

نزیك ترین هەڤاڵەکانم کە لە یەکێتـی قوتابیـان و لاوان بە یەکەوە کارمـان دەکـرد پێنج خولەك پێش بۆردومانەکە لە لای من ڕۆیشـتن ئەوان هـاتبوونە دوای مـن بـۆ کارێك کە بە یەکەوە بچین، من ئەو کاتە زۆر سەرقاڵ بووم پێم وتـن یـان بوەسـتن من بێ کار ببم بە یەکەوە دەڕۆین یـاخود ئێـوە بـڕۆن منـیش لە دوای ئێـوە دێـم، ئەوانیش یادیان بەخێر(عەلی سالح دۆسکی و غازی حوسێن کۆلەکی) دیـارە ئەجەل پەلکێشیـ کـردن وتیـان ئـێمە دەڕۆیـن لە وێ چاوەڕێـت دەکەیـن، هەر ئەوان دەرچـوون و فڕۆکەکـان وەدەرکەوتـن دوای وەشـاندنی بۆمـب بـارانەکە لە لایەن فڕۆکەکـــانەوە، مـــن ڕام کـــرد بە دوای ئەم دوو هەڤـــاڵە کە زۆر لە مـــن دوور نەکەوتبوونەوە قوتابخـانەیەك لە تەنیشـتمان بـوو هەر(٥٠) مەترێـك لـێمان دوور بوو ئەوان گەیشتبوونە تەنیشت دیواری حەوشەکەی قوتابخانەکە دیار بـوو لە وێ بەر بۆمبارانەکە کەوتبوون هەردووکیـان دەسـتیان لە مـلی یەکـتر کردبـوو شـەهید ببـــون تەنـــانەت قـــاچێکی(عەلی ســـالح) لە گـــوزینگەوە پەڕیبـــوو بە دیـــواری مەکتەبەکەوە نوسا بـوو بەهـۆی پێڵاوەکەیەوە زانـیم کە قـاچی ئەوە، بە داخەوە دوو کەسی زۆر ئـــازیزم شـــەهید ببـــوون، هەمووومـــان تاســـابووین تەنـــانەت فرمێسکەکانیشمان وشك ببوون، خوایە گیان چ تراژیدیایەکی خەمناك بوو کە ئـاوڕم داوە دواوەی خۆم دیتم لە لای ئەو خانەوادەیەش کە من دەچووم بۆ لایان شین و گریـان و هـاوار ڕۆ ڕۆیە بۆمبـا بەر ئەوانـیش کەوتبـوو شـەهید غـازی و شـەهید عەلیـان هەڵگـرتن و بردیـان منـیش بە ڕاکـردن چـووم بـۆ لای شـین و گریـانەکە کۆمەڵێك منداڵ بەیەکەوە یاریان دەکرد لەو شوێنە بۆمبێـك بەریـان کەوتبـوو دوو کوڕی ئەو ماڵە و دوو کـوڕی هەڤـاڵ (عەلـی گـۆڕان) و کـوڕێکی هەڤاڵ(عەبـدوڵلا ڕۆژبەیانی) کە ئەمانە هەموویان منداڵ و تەمەنی گەورەترینیان لە ١٢ ساڵ تێپەڕی نەدەکرد و شەهید ببوون. یەکێکێك لە کوڕەکانی ئەو مـاڵە هێشـتا هەناسـەی دەدا من کردمە باوەشم و سواری جێبێك بووین کە بمانگەیەنێتە نەخۆشخانە بە داخەوە ئەویش لە باوەشی من گیانی سپارد و شەهید بوو، ئەو ڕۆژە گۆڕستانی گوندی(زێوە) کەرنەڤاڵێکی غەمناك و خوێناوی لە خۆ گرتبـوو کاژێرێـك دوای بۆمبـارانەکە بەرێـز

جەنابی كاك(مەسعود بارزانی) گەیشتە گۆڕستانەكە كە چاوی بەو هەموو شـەهیدە كەوت خۆی بۆ نەگیرا و فرمێسـك لە چاوەكانیـان قەتیس مـان، بـۆ هەر لایەكـت دەڕوانی شین ڕۆ ڕۆ و ئاه و ناڵە بوو، تاوانێك ئەنجامدرا بـوو مرۆڤـایەتی شـەرمەزار كردبوو، بەڵام دوژمنە و دوژمنێكی دڕندەشە و هەموو شتێك دەكات بۆ لە ناوبردنی گەلی كورد و لە هیچ تاوانێك سڵ ناكاتەوە. ئیتر جەنابی كـاك مەسعود هەنـدێ دڵ نەوای خەڵكەكەی دا وتیشی "پەرتەی پێبكەن و ئۆردوگـاكە چـۆل بكرێـت، چـونكە گومانی ئەوە دەكرا دووبـارە بۆردومـان بكـرێتەوە" هەر ئەو ڕۆژە هەمـوو خەڵكـی ئۆردوگـاكە دابەشی سـەر گونـدەكانی(تەلگەوەر و مەلگەوەر)بـوون، ئۆردوگـاكە بە تەواوی چـــۆڵكرا، ئەو خـــانەوادەی باســـم كـــرد كوڕەكەیـــان شـــوێنێكی دۆزیبۆوە(گاڕانە)كە دەكەوتە سەر رێگەی (زێوە ـ ورمێ) منیش لەگەڵیان چووم و ماڵەكەمان بار كردوو بردمان بۆ گوندەكە ژوورێـك و هۆڵێـك لە گـڵ دروسـتكراوی چـۆڵی ماڵێـك هەبـوو كە ئەو شـوێنەیاندا بە وان، هـۆڵەكە تـۆزێ: بچـووک بـوو كردمـانە بە مەتـبەخ ژوورەكەشی دەوری هەشـت مەتردرێـژ و چـواریش پـان بـوو ژوورێكی گەورە بوو جێگای هەموویان دەبۆوە، ئەو شەوە لەوێ مامەوە لەگەڵیـان و بەیانییەكەی هەڵسام و بگەڕێمەوە نەخۆشخانە، دایكی(پ) وتی

ــ بۆ كوێ.؟

ــ پورێ دەچمە نەخۆشخانە و بریندار زۆرن

ــ ئێمە بە تەنیا جێدەهێڵی.؟

ــ نا.نا ئێوە بۆ تەنیان منیش زوو زوو دێمەوە سەردانتان

ــ نەخێر دەبێت هەموو ئێواران بێتەوە لامان

ــ بەسەر چاو خەمت نەبێت وا دەكەم

ئیــتر خواحــافیزیم لێـان كـرد و سـەیرێكی (پ) م كـرد بینـیم زۆر بە دیـقەت تەركیـزی سـەر منـی كـردووە دوو دڵـۆپ فرمێسـك لە چاوەكـانی ڕژا بـوونە سـەر

ڕومەتەکـانی لەگەڵ چەنـد تـاڵە مـوویەك تـێکەڵ یەکـتری ببـوون لەگەڵ ئەوەی دیمەنێکی زۆر دەردناك و غەمگین بوو لە هەمانکات هەستم بە سـۆز و جـوانیەکی لە ڕادەبەدەری ئەو کـچە کـرد بە ناچـار چـوومە پـێش و بە هەردوو دەسـتم فرمێسکەکانیم بۆ پاك کردەوە پێم گوت هـاوخەمتم، دەزانـم زۆر بە ئـازاری، بەڵام خـۆڕاگر بە، خـوای مەزن ئەو تـاوانە قبـوڵ ناکـات و دڵنیـابە تـۆڵەی شـەهیدان دەکرێتەوە. ئەویش بەس سەرێکی تەکان دا و بە نیشانەی تأکیـد و پاشـانیش وتـم ئێوارە دێمەوە لاتان خەم مەخۆ دیسان بەس سەرێکی تەکاند و وتی باشە..

پاشان خواحافیزیم لێیان کردوو گەڕامەوە ئۆردوگای زێوە..

کۆتا دیمەنی خوا حافیزیەکەم تـا هاتـایە لە بیـر ناچێـت ئەگەر ڕاسـتگۆ بـم، بە هـیچ کەسـێ: ئەو نیگـایەم بـۆ شـی نەدەکـراوە کە لە ژێـر تارمـایی و دوو دڵـۆپ فرمێسـك هەزاران پەیـامی تێـدا بە دی دەکـرا، بەڵام مـن لە نـاوەڕۆکی پەیامەکـان نەدەگەیشتم، زۆر دەترسـام بـۆ یەکەم جـار بـوو لە ژیانمـدا خۆشەویسـتی کچێـك بچێتە ناو دڵم و ئەویش ئەو کارەساتەی بەسەر هات لە دڵی خـۆم هەر دەمگـوت ئاخر بە زیاد نەبێت توخوا ئەتۆش کوڕی، ئێ دە سێ چوار مانگ تۆ بەتەما بویـت قسەیەکی لەگەڵ بکەیت غیرەت سەگ بتخوا بۆ نەتکرد. ئێسـتاش لەم زروفە چـۆن ئەم شـتە دەتـوانی بـدرکێنی، زۆر لە نـاخەوە خـۆمم محـاکەمە کـرد، گەیشـتە ئەو ئەنجامەی کە جارێ واز لەم شتە بێنم و ئەم کچە تووشی شۆکێك بووە و دوو برای شەهید بووە هیچ نەبێت با لە ڕوی دەروونییەوە تۆزێ: ئارامی بۆ بگێڕمەوە ئاگـام لێی بێت تاکو تووشی کێشەیەکی دەروونی نەبێـت، بڕیارمـدا ئەوە بـکەم و هەمـوو ئێوارەیەك بچمە لایان دڵ نەوایان پێ بدەم.

گەیشتمە نەخۆشخانە نیو کاژێر دوای گەیشتنی من دیار بوو دایکم و خوشـکم و کاك یاسین و ئەوان لە نەغەدە بوون خەبەرەکەیـان زانیبـوو هـاتبوونە سـۆراغی مـن، ئیـتر دوای چـاك و چـۆنی و هەواڵ پرسـین، وتـم فـلانە کەسـیش ئاوایـان لـێ قەوماوە و ماڵەکەیمان بردوە بۆ گوندی گاڕانە ئیتر بە یەکەوە هەمووەمـان چـووین

بـۆ ئەو مـاڵە (ببـوورن کە ناوەکانیـان نـاهێنم چـونکە پـێم وایە حەریمـی هەر خانەوادەیەك پیرۆزییەکی خۆی هەیە و مەبەست ئەوەیە کەسێك بیر نەکـاتەوە کە بنەمـاڵەیەکی سـوك یـان نـا بەجـێ بـوونە و ناویـان بزڕێـت، نەخێـر زۆریـش خانەوادەیەکی بە شەڕەف و کەڕامەت بوون بەس تەنیا لەبەر ئەوەی قسمەتی ئێمە بۆ یەکتر نەبوو، بە هەر هۆکارێ: بوبێت بۆیە نەمویستووە نـاوی ئەو خـانەوادەیە ببەم ئومێدەوارم لێم تێگەیشتبن) کە گەیشتینە ماڵەکە زۆر دڵخۆش بوون بە دیتـی ئـێمە دەسـتیان بە گریـان کـردوو دایکیشـم یەك یەك دەسـتی لە ملیـان کـردوو دڵنەوای پێ دەدان، ئەو شەوە هەمووومان لە وێ ماینەوە تاکو درەنگانی شـەو هەر بەخەبەر بووین و مەجلیس گەرم کرابوو، ئەوەی ڕاستی بێت مـن هەر لا چـاوێکم لەسەر (پ) بوو، حەزم بەوە نەدەکرد بە خەمناکی ببینم، دیار بوو ئەویش هەستی بەوە کردبوو بۆیە کەمتر خۆی خەمنـاك نیشـان دەدا، بەڵام دەمـزانی لە نـاخەوە چ ئاگرێـك دەیسـتوتێنێت لەدەسـت دانی دوو بـرا لە یەککاتـدا شـتێکی ئاسـایی نیـیە، دەمزانی بۆی هەیە لە هەر ئان و ساتێك ئەم بورکـانە بتەقێـتەوە شـەوەکەمان لـێ بکاتە شیوەن بۆیە وتم وا باشترە ئیتر بخەوین کات درەنـگە منـیش دەبێـت بەیـانی زوو بچمەوە دەوام،کـردم بە هەلا هەلا و هەسـتە هەسـتە جێگاکەمـان دەخەن و هەمووومــان مانــدوین پێویســتمان بە ئیسرــاحەت هەیە ئەم جــۆرە قســانە و مەوزوعەکەم گـۆری هەموویـان هەڵسـانەوە و جێگاکانیـان داخسـت هەر کەس چووە سەر جێگای خۆی دیار بوو هەمووومـان هـیلاکی خەو بـووین بـۆیە هەر زوو کەوتینە قولایی خەو کاتێك وریام بۆوە کاتژمێر ٧ی بەیانی بوو دایکی(پ)هەڵسابوو سەماوەر و چای ئامادەکردبوو نان و پێخۆری دانابوو چاوەڕێی ئێمەی دەکرد، ئیـتر نـان و چـایەکمان خـواردو دایکـم و ئەوانـم بە ڕێکـردنەوە بـۆ ورمـێ لەوێشـەوە بچنەوە بۆ نەغەدە خۆشم بە ڕێکەوتم بۆ زێوە.

ئێــوارە گەڕامەوە بۆ(گــارانە)واتە لای ئەو خــانەوادە نــان و خواردنیــان ئامادەکردبوو دایکی(پ) وتی (پ) لە بەیـانییەوە نـانی نەخـواردووە دەڵێـت برسـیم

نییە، منیش سەیرێکم کردوو ئەویش بزەیەکی خەمناکی هاتە سەر لێو وتم، بۆ نان ناخۆیت دەی هەستە وەرە سەر سفرەکە و نانمان لەگەڵ بخۆ، بێئەوی هیچ بڵێت هاتە سەر سفرەکەو لەگەڵ ئێمە دا دەستی کرد بە نان خواردن کە لە نان خواردنەکە بووینەوە دایکی وتی وەڵا لە بەیانییەوە لێی دەپارینەوە هەر دەگریت و دەڵێت برسیم نییە، خوا خێری تۆ بنووسێت کە لێرە بوویت بە قسەی تۆی کرد ئەگینا بە قسەی ئێمەی هەر نەدەکرد، وتم ئەو دەبێت بە قسەی تۆ بکات تۆ بۆ ئەو هەم دایکت و هەمیش باوك بوویتە ئەگەر بە قسەی تۆ نەکات دڵنیام زەرەر دەکات لە ژیاندا دەبێت بە ڵێنم پێ بدات قسە لە قسەی تۆ نەکات لە قسەی تۆ دەرنەچێت وازم لێ نەهێنا تاکو بەلێنەکەی نەدا کە بەلێنەکەدا ئیتر وتم ئەوە بزانە تەنیا دایکت دڵسۆزی تۆیە و ئەگەر پێتی گۆت لە بەیانی تاکو ئێوارە لە بەر دەرگا بوەستە دەبێت بە قسەی بکەیت، چونکە ئەو زەرەرو و زیانی تۆی ناوێت.

ئەم قسانەی من چووە ناو مێشکی و وتی بەڵێن بێت هەرچی ئەو بلێت من وادەکەم نەمزانی ئەم ئامۆژگارییە بە جۆرێك لە جۆرەکان بە زیانی خۆم دەگەڕێتەوە لە ئایندەدا.

ڕۆژان هاتن و ڕۆژان ڕۆیشتن لە یە کێك لەو ڕۆژانە من بە تەنیا لە ژوری ماڵەکەیان بوم دایکی لە حەوشە خەریکی چێشت لێنان بوو، ئەویش لە ناو دەرگای هاتنە ژورەوەی ماڵەوە پشتی دابوو بە دەرگاکەوە سەیری دایکی دەکرد، هەستم کرد خەریکی گریانە بە ئەسپای لێی چوومەوە پێشەوە بۆ ئەوەی لێی دلنیابم کە ئایا دەگریت یاخود نا کە سەیرم کرد ڕاست بۆی چووبووم ئەو دەگریا، زۆر بە قوڵی سەیری منی دەکرد و لێوەکانی دەلەرزین هەستم کرد دەیەوێت شتێك بڵێت، بەڵام ناتوانێت دەربخات، منیش کە سەیرم دەکرد موچورکەیەك بە هەموو جەستەمدا هات دیمەنەکە زۆر غەمناك بوو، نەمدەزانی چی بلێم بێ ئەوەی بیر لە قسەکەم بکەمەوە و سەیری ناو چاویم کردوو، وتم خۆشمدەوێی.

دایکی هاتە لامان منیش پێم گوت، پوریّ من تاکو ئەمڕۆش وەکو خوشك بـووە بۆ من دەستم لە دەستی نەکەوتووە بۆ یەکەم جارە هەسـتی خۆشەویسـتیم بـۆی دەردەبڕم ،بۆیە لێرە دڵسۆزانە داوات لێ دەکەم دایکایەتی بۆ هەردووکمان بکەیت و منیش بکەیت بە کوڕی خـۆت. دەسـتی کـرد بە پێکەنـین و وتی جـا لەوە باشـتر دەبێـت ئەو لە تـۆی باشـتر دەسـت ناکەوێـت و بۆشـم سـەلمێندرا کە تـۆش ئەوت هەلبژاردووە خۆشت دەوێت، بەڵام ئەم ئیشە ئاوا نابێت دەبێـت دایکـت و ئەوان بێن و داواکە بکەن بۆ ئەوەی لەسەری ڕێك بکەوین، منیش وتم زۆر ئاساییە پێیان دەلێم و ئەوانیش دێن بەدڵنیایی. من شەرمم دەکرد بە دایکم بلـێم ژنـم دەوێـت، ئەو کاتانیش بە هۆی شەهید بوونی باوك و برام بە بـاشی خـواردنم پـێ نەدەخـورا توشی کێشەیەکی ژانی گەدە ببـوم نەمـدەتوانی هەمـوو خواردنێـك بخـۆم بە تـایبەتی (نیسك-نۆك-برنجی سور-دۆڵمە-مەرەگەی پەتـاتە و فاسـۆلیا)ئ و ڕۆژانە مـاڵ ئەو شتانەی هەبوایە مـن نەمـدەخواردن، چـونکە بمخواردبـان یـان تـوشی ئێشی گەدە دەبووم یانیش توشی ترشی گەدە (دڵەکزە)دەبووم نیوەڕۆیەك هاتمەوە ماڵ بـرنجە سورمان هەبوو منیش وتم نایخۆم ناتوانم بیخۆم لە ماڵەوە وایان دەزانی بیـانۆیە و پێیان دەگرم بۆیە هەڵسام چوومە دەرەوە ، هەر بـۆ زانیـاریش زۆر بە دەگـمەن لە دەرەوە نان دەخۆم ئەگەر زۆر ناچار نەبم لە دەرەوە خواردن نـاخۆم بـۆیە زۆر جار دەچووم بۆ ماڵەکانی (کاك خورشید شێرە یان کاك بارزان مـلا خالیـد یـان کـاك مەلا عەزیز) لەگەڵ ئەو بەڕێـزانە هـاتوچۆی گەرموگوڕمـان هەبـوو، ئەو ڕۆژە بـۆ نیوەڕۆکەی چوومە ماڵی (خارە بارزان)، تازە سفرەیان دادەنا لە دەرگام داو چوومە حەوش و فەرموو فەرموو لە هەموو لایەك دەستی پێکرد، خارە بارزان وتی "وەلا هەتیم لە وەخـتەکی بـاش هـاتی دەریـێ بۆنـت کـردیە (حەسیبە)شـفتەیەکی شـازی دروست کردووە" ئیتر منیش یەکسەر دانیشتمە سەر سفرە دەستم بە خواردن کـرد لەگەڵ ئەوان، هەر بەڕاستیش شفتەکەیان زۆر خـۆش و بەتـام پـر لە گۆشـت بـوو نانێکی باشم خوارد، دوای نـان خـواردن ویسـتم هەسـتم بـڕۆم خـارە بـارزان گـۆتی ئێوارەش وەرەوە ئێرە میوانمان دێت تۆش لێرە بە منیش وتم کێن وتی(خالە حـاجی

و سـەیدە کـاکە و مەلا ناسـح و قـادر عەزیز)ئەمـانە ئەو کـاتە (حسـك)بوون واتە (حــزبی سۆشیالیســتی کوردســتان)ئیتر ئەوە بــوو ئێــوارەش چــوومەوە ئەوێ لە نیوەڕۆوە لە ماڵەوە دەرچووبووم کەوتە دوای نانی ئێوارەش نەچوومەوە، دایکیشم نیگەران دەبێت دەچێتە هەموو ئەو ماڵانەی کە گومانی لێدەکرێت مـن لەوێ بـم، دواجار هاتبووە ماڵی خارە بارزان ئیتر کردی بە گارە گار و وتی، بۆ نایتەوە بۆ مـاڵ لە ئێمە تورەی ئێ چیت دەوێ پێمان بلێ. خارە بارزان زۆر سوحبەتچی بـوو گـۆتی کێ تورەبووە لە مارێ وەلا ئەمن دەزانم لۆ. دایکیشم وتی لۆ دە پێم برێ. ئەویـش گۆتی سالار ژنی دەوێت ژنەکی لۆ بینە هـیچ کێشـەیەکی نـامێنێ، ئەویـش گـۆتی وەڵا ئەوجە با وا بلێت ئەدی لۆ وەنارێت.!؟ ئەمنیش سەیرێکی خـارە بـارزانم کـردوو لە شەرمان نەمزانی چی بڵێم ئاخر لای ئەو هەرگیز باسی ئەم بابەتەم نەکردبوو، پاشان هەڵسام و لەگەڵ دایکم بەرەو ماڵەوە چووین، لەو کـاتەوە ئیـتر بـاس بـووە بـاسی ژنهێنان بۆ من، ناوی هەر کەسێکیان دەهێنا مـن ڕەفـزم دەکـرد دایکـم گـۆتی وەڵا دەنا لە ئاسمانیش لۆمان نایەتە خوارێ، ئەمن هەر ئەوانەم پێ شك دێت کە باسـم کردن، بەڵام ئەتوو هەمویانت ڕەفز کردەوە. وتم ئێستا ئەنگۆ لـۆ واز نـاهێنن، خـۆ ئەمن داوای ژنم نەکردوە نەم دەتوانی ڕاستیەکەیان پێ بڵێم دوو سێ ڕۆژی مـابوو بگەڕێمەوە دەوام(عەبد ولرەحمان) برای کاك(یاسین)ی زاوامان لەگەڵ ماڵەوە واتە لەگەڵ خوشکم و دایکم باسی کچێکی تـورکی کردبـوو کە یەکتریـان خـۆش دەوێـت، بەڵام شەرمی کردبـوو بە کـاك یاسـین بڵێـت بـۆیە بەوانی وت تـاکو ئەوان بە کـاك یاسین بڵێن کاك یاسین هەنـدێ بە زەحـمەت بـوو لە بڕیـاردان، ئەمـن ئەو کـچەم دیتبوو عەبدولڕەحمان نیشانی منی دابوو ئەوان پەیوەندی خۆشەویسـتیان هەبـوو لەگە ڵ یەکتری نیـوەڕۆ لەسـەر سـفرە دانیشـتبووین هەمومـان بـووین دایکـم و خوشکەکەم نەیاندەزانی چۆن سەری قسە بکەنەوە، ئەمنـیش ڕووم لە کـاك یاسـین کـردوو وتـم کـاك یاسـین تـۆ لە جێگـای بـاوکی بـۆ عەبـدولڕەحمان بابەتێـك هەیە لەگەڵت باسی دەکەم تۆش باوەکایەتیەکەی بۆ بکە.

ــ بابەتی چی.چی بووە.؟

ــ عەبدولڕەحمان دەیەوێ ژن بهێنێت.

ــ ژن بهێنێ.؟ژنی چی.؟ کێ..؟

ـــ ئەو کچـێکی دۆزیـوەتەوە نـاوی(قیمەت)ە و تـورکە ماڵیـان لە کارخـانەی قەندی ورمێیە. ماوەیەکە لەگەڵ یەکن و یەکتریان خۆش دەوێت

ــ ئەمە و عەجەم عەجەم و ئەمە کوجا مەرحەبا ئێ بەرخـم هەر کوردەکـت دیتباوە.

ـــ ئێسـتا ئەو ئەوەی دیتیـتەوە و بە دری خـۆیتی ئەتـووش لەسـەرت ئەرکە باوکایەتی خۆت نیشان بدەیت.

ــ ئاخر کێ دەرێ ئەوان کچ دەدەن بەمە ئەوە زۆر زەحمەتە

ــ ئێمە لەسەرمانە بچین بۆی داوا بکەیـن ئەوجـا دەیـدەنێ نایـدەنێ کەیفـی خۆیتیان گرینگ تۆ ئەرکی خۆت جێ بە جێ بکە.

ــ ئەوان دەزانن کچەکەیان ئەو بەزمەی هەیە لەگەڵ عەبد ولڕەحمان

ــ داپیرەی دەزانێت مومکینە دایکیشی هەستی پێ کردبێت بەس نـازانم بـاوك و براکانی زانیتیان یان نا.

ــ ئەوجا ئێستا دەرێی چی، چی بکەین؟

ــ دەرێم چی. دەرێم با بچین لۆی داوا بکەین.

ــ یەعنی ئەنگۆ هەموو لا ڕازینە بەو شتەی.؟

ــ کەس نا ڕازی نییە. مادام عەبدولڕەحمان بە خۆی دیتیتیەوە پێی ڕازیە ئیدی هەموو لا ڕازینە

ــ ئێ بزانین کوو دەبیت. دواى فکرەکی لێ دەکەمەوە

ــــ فکری ناوێت هەتا تەندور گەرمە با نانەکەی پێوە بدەین

ــــ وەڵا ئەنگۆ زۆر بە عەجەلەنە.

ــــ ئیشێ خێرێ عەجەلەی دەوێت فکر لێ کردنەوەی ناوێت.

دەمزانی کاك یاسین لە دڵەوە ئەوەی پێ خۆش نەبوو، ئەگەریش بە دوا خرابا، مومکین بوو هەر ئیشەکە نەکرابا، بۆیە وتم با عەبدولڕەحمان خەبەریان بداتێ لە ڕێی کچەکەوە و وەڵامـمان بدەنەوە ئەگەر ڕازی بن دەچینە پێش. ئەو کاتە عەبدولڕەحمان لە گوندی(قولنجی) کە گوندێکە لەسەر ڕێگای (ورمێ و شاپوور) برینپێچ بوو، ئەو کچەش لە وێ مامۆستای باخچەی ساوایان بوو هەر لە وێ یەکتریان دیتبوو پەیوەندی خۆشەویستیان لەگەڵ یەکتر بەستبوو. لە بیرم چوو باسی ئەوە بکەم لە ساڵی ١٩٨٥ لەسەر مۆڵەتی مەکتەبی سیاسی بۆ کادرە پیشەیەکان بڕیاردرا کە هەر کەس لە توانای دایە بچێت خۆی دامەزرێنێت لە حکومەتی ئێران، بەڵام بە مەرجێك هەر کات شۆرش پێویستی پێیان هەبوو پەیوەندی بە شۆڕشەوە بکەن، من و عەبدولڕەحمان بەیەکەوە چووین بۆ تاران بۆ ئەوەی تاقیکردنەوە بکەین، تاقیکردنەوەکە چل ڕۆژ بە عەمەلی دەبوایە لە نەخۆشخانەیەك دەوام بکەیت، دوای چل ڕۆژەکە ئەگەر ڕەزامەندیان هەبووایە لەسەر کارەکانت ئەو کاتە داخلی تاقیکردنەوی کەتبی دەبووی دەبوایە وەڵامی هەشتا پرسیار بدەیتەوە و وەڵامەکانیش دەبوایە لەسەرووی لەسەدا شەست ڕاست بوایە ئینجا قەبول دەکرای بڕیاری دامەزراندنت بۆ دەردەچوو بە شێوەی گرێبەست نەك هەمیشەیی.

ئێمە بڕوانامەی شۆڕشمان هەبوو کە بەشدار بووینە لە خولی برینپێچی سەرکەوتوو بووینە، دەبوایە ئەم بڕوانامەیە وەرگێڕینە سەر زمانی فارسی لەگەڵ داواکاریەك پێشکەش وەزارتی تەندروستی حکومەتی ئێران بکەین ئینجا ئەوان ڕەزامەندیان دابا بەشداری تاقیکردنەوەیان پێ بکردبایین هەرواشمان کرد ئەوانیش بە نوسراوێك ئێمەیان نارد بۆ (دانیشگەدەی فیروزگەر)(پەیمانگەی

فیروزگەر)کە دەکەوێتە رۆژهەلاتی گۆرەپانی (وەلیعەسر)ی تاران هەم پەیمانگا بوو هەمیش نەخۆشخانەیەکی گەورە بوو لە شاری تاران.

لەوێ نوسراوەکەیان لە ئێمە وەرگرت وتیان لە بەیانییەوە دێنە ئێرە و تەتبیقات دەکەن منیان لە بەشی شکان و جومگە و ئێسقان دانا عەبدولڕەحمانیش لە (دەمار و مێشك)،جگە لە ئێمە چوار دکتۆری تری کورد لەوێ بوون ئەوانیش بۆ تاقیکردنەوە هاتبوون، ئێمە بۆ ماوەی چل ڕۆژ دەبوایە لە کاژێر ٨ی بەیانی تاکو ٢ دوای نیوەڕۆ لە نەخۆشخانە ئامادە بووینایە بۆ حەوانە و پشودانیشمان شەوانە دەچووینە مالّی (شەهرەزادی )ئامۆزام کە لە تاران بوون هەندێك جاریش دەچووینە وەرامین بۆ مالّی (مەولود جەوهەر) کە دۆست و هەڤالّێکی نزیکی باوکم بوو، نزیکەی ١٠ ڕۆژێك لەوێ دەوامان کرد ڕۆژێك عەبدولرەحمان هاتە لام دیتم نیتاقێکی لە پشتە چەکوچ و دەرنافیز و پلایسی۔ پێوەیە دیمەنەکە ئەوەندە پێکەنیناوی بوو بۆیە زۆر پێکەنیم و وتم ئەوە چییە بوویە نەجاڕ، ئەوجا عەبدولڕەحمان فارسیەکەشی تەواو نەبوو وتی کوڕە وەرە نەجاتم بدە دەنا شێت دەبم، ئەو جێیەی ئەمنی لێم هەموو ئەو کەسانەن کە بە هۆی تەقینەوەکان لە بەرەکانی شەڕ مێشکیان لەقاوە هەموویان تەوق و وەزنەیان بە کەلەی سەریان وەیە دەبێ بەو کەرستانە ڕۆژانە بۆیان عەیار بدەین، جاری وایە یەکێکیان ڕادەکات و کەس ناوێرێ بە دوایدا بچێت و بیهێنێتەوە سەر تەختەکەی بە ناچار دەبێت ئەمن بچم بیهێنمەوە. ئیتر تاقەتم نەمایە وەرە حالّیان بکە با من بگوازنەوە لای تۆ، ئەوکاتە هەموو نەخۆشەکانی ئێران پڕ بوون لە برینداری شەڕی ئێران و عێراق کادیری پزیشکی زۆر کەم بوون نیوەی زیاتری دکتۆرەکانی ئێران هندی یان بەنگلادیشی بوون، منیش لەگەڵ عەبدولڕەحمان چووم بۆ لای بەرپرسی بەشەکەیان و داواکەی عەبدولڕەحمانم پێ گوت وتیشم کە زۆر ترساوە، زۆر پێکەنی و وتی ئەمە لە دەسەلاتی مندا نییە بۆیە ناتوانم هیچ بکەم بەرپرسی پەیمانگاکە ئەوهای داناوە دەسەلات لای ئەوە، بۆیە بە عەبدولڕەحمانم گوت

هەنێدان بەخۆتدا بگره و تاکو بزانم چۆن چارەسەرێکت بـۆ دەکەم، بەڵام هەرگیـز ئەو چارەسەریەم بۆ نەکرا تاکو دواین ڕۆژی تەتبیقیەکەمـان، ئەو ڕۆژە ئاگاداریـان کردینەوە کە دوای یەك هەفتەی تر تاقیکردنەوەی کەتەبی دەکـرێن و هەر یەکە و چوار پەرتووکیان پێ داین و وتیان پرسیارەکان لە ناو ئەم پەرتوکانەیە بۆیە بە باشی بیخـوێننەوە، پەرتووکەکـان هەموویـان سـەبارەت بە پیشـەی پەرسـتاری بـوون، پەرتوکەکانمان وەرگرت و ئیـتر ئەو هەفـتەیە هەر خەریـکی خوێنـدنی بـووین، مـن کێشەم نەبوو، چونکە فارسیەکی زۆر باشم دەزانی بۆیە ئەرکە قورسەکەی مـن ئەوە بوو دەبوایە عەبـدولڕەحمانیش تـێ بگەیەنـم بە هەر شـێوەیەك بـوو هەنـدێکمان خوێنـد بەس ئەوەم لە بیـر چـوو بڵـێم کە مـن لە ئیشـە عەمەلـیەکە پـلەی نایـابم وەرگـرت و عەبـدولڕەحمانیش بە پـلەی بـاش دەرچـوو ڕۆژی چـارەنووس هـات هەموومانیـان لە هـۆڵێکی گەورە و هەر یەکە و لەسـەر کورسـیەك دایانـاین چـوار دکتۆرە کوردەکانیش لە هەمان هۆڵ بوون، بەڵام پرسیارەکانیان لەگەڵ پرسـیارەکانی ئێمە جیاوازیان هەبوو ئێمە هەشتا پرسیارمان بۆ هـاتبوو کە سی پرسـیاری لەسـەر مامانی و لە دایك بوون بوو، بۆیە من دەستم بەرز کردەوە و لە چاودێرەکەم پرسی

ـــ ببورە ئێمە دەبینە پەرستار یاخود مامان.؟

ـــ نەخێر دەبنە پەرستار

ـــ ئەدی لۆ ئەو هەموو پرسیارەی مامانی هاتووە

ـــ دەتوانن دە پرسـیار تەرك بـکەن ئەگەر حەزتـان لـێ بـوو لەو بـابەتە تەرکی بکەن

ـــ کەواتە ئاسایە

پرسیارەکانمان جواب دانەوە هەر ئەو ڕۆژە دوای نیوەڕۆ وەڵامەکەیـان پـێمان دەداوە بۆیە هەر لەوێ چـاوەروان بـووین کـاژێر دووی دوای نیـوەڕۆ چـووین کە وەڵامەکـان وەربگـرین مـن لە سـەر بسـیت هەژدە و پۆینـت بیسـت و پێـنەجم

هێنابوو عەبدولرەحمان شازدەی هێنابوو به قوتابیه ئێرانییەکانەوە ئێمه دەوری حەفتاو پێنج قوتابی دەبووین من پلەی یەکەمم به دەست هێنا، بەڵام هەر چوار دکتۆرەکەی کە کوردی عێراق بوون دەرنەچووبوون پێم سەیر بوو کە چووم لێیانم پرسی وتیان هۆکارەکە ئەوەیە ئێمە فارسی نازانین و پرسیارەکانیش هەموویان بە فارسین ئەگەر بە ئینگلیزی بوایە دەردەچووین، منیش وتم ئەگەر بچم داوا بکەم بۆتان دووبارەبکەنەوە بە ئینگلیزی ئامادەن دووبارە تاقیکردنەوەکە بکەن وتیان ئەرێوەڵا. منیش چوومە لای بەرێوبەرەکە وەرەقەی هەر چواریانم لە دەست بوو، سڵاوم لێ کردوو وەرەقەکانم دایە دەستی ،سەیرێکیان کردوو وتی ئەمە چییە.؟ وتم ئەمانە دکتۆرن لە پرسیارەکان نەگەیشتوون چونکە فارسی نازانن ئەگەر دەکرێت مەمنون دەبین دووبارە تاقی بکرێنەوە، بەڵام بە زمانی ئینگلیزی. ئەویش ڕەزامەندی داو بۆ بەیانییەکەی دووبارە تاقی کرانەوە بە زمانی ئینگلیزی و ئەمجارەیان هەر چواریان لە تاقی کردنەوەکە دەرچوون ئینجا بۆ هەر یەکێك لە ئێمە نووسراوێکی تایبەتیان کرد بۆ بەرێوبەرایەتی گشتی دیوان لە وەزارەتی تەندروستی بۆ مەبەستی ئاگاداربوونیان لە دەرچوونمان لە تاقیکردنەوەکان و بۆ مەبەستی دامەزراندن.

من نووسراوەکەم تەسلیم کرد لێرە کێشەیەکی گەورە بۆ من دروست بوو، چونکە لە وەزارەتی تەندروستی ئێران بریارێك هەبوو یەکەمەکان دەبێت و پێویستە لە مەرکەز واتە تاران بمێننەوە یاخود بدرێنە هێزەکانی دەریاوانی ئێران، بژاردەی دووەم زیاتر بۆ ئەوە بوو کەسە یەکەمەکە ڕازی بێت لە تاران بمێنێتەوە، منیش چوومە لای بەرێوبەرەکە و وتم من ئێرانی نیم چۆن دەتوانم لە هێزی دەریایی ئێران ئیش بکەم ئەگەر بمەوێت لە تاران نەمێنمەوە، ئەو وتی هیچ گرفتمان نییە تۆ ئیقامەی نیشتەجێ بوونی ئێرانت هەیە ئێستا هیچ جیاوازیت نییە لەگەڵ هاووڵاتیەکی ئێرانی، بۆیە وتم دەکرێت کاتم پێ بدەیت تاکو بیست و چوار

کاژێری تر بۆ ئەوەی بریاری هەڵبژاردن بدەم، وتی ئاساییە دەتـوانی بەیـانی بێیـتەوە بە مەرجێك خۆت یەكلا كردبێتەوە مشتومڕی زۆرم لەگەڵ نەكەیت.

لەوێ هـاتمە دەرەوە سـكرتێرەكەی ئەم بەرێـوەبەرە كـوڕێكی گەنجـی دەم بە پێكەنـین بـوو منـیش چـوومەلای و وتـم مـن كێشـەم هەیە دەكرێـت هاوكـاریم بكەیت.

ــ فەرموو.ئەگەر بتوانم خۆشحال دەبم.

ــ من لە یەكەمەكانی پەرستاریم ئێستا دەڵێن دەبێـت لە تـاران بمێنیـتەوە یـان بچیت بۆ هێزی دەریایی.

ــ ڕاستە ئەوە بڕیارە و وەزارەت داویەتی.

ــ بەڵام من دەمەوێت بچمە ئازاربایجانی خۆرئاوا.

ــ هیچ كەس ئەو ئارەزووە ناكات بچێتەوە ئەو شوێنە زۆرم لا سەیرە

ــ من ماڵم لەوێیە دەمەوێ لە ناو خانەوادەكەم بم.

ــ دەتوانی بە هۆی تۆوە خانەوادەكەشت نەقلی ئێرە بكەیت

ــ بەڵام من ئەوە ناخوازم.

ــ خەڵک خواخوایانە نەقلی پایتەخت بكرێن خێرە تۆ ناتەوێت.

ــ لە ڕاستیدا من دووشەهیدم هەیە واتە خانەوادەی دووشـەهید لە ئەسـتۆی مندان ناتوانم جێیان بهێلم و ئەوانیش حەز بە تاران ناكەن.

ــ شەهیدەكان چی تۆن؟

ــ باوكم و برایەكمن.

ــ بە داخەوە كەواتە تۆ لە خانەوادەی بەرێزی شەهیدانی.

ــ بەلێ وایە

ئەو کاتە شەهیدانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراق لە هەموو حزبە کوردی و عێراقیەکان موچەی شەهیدانیان پێ دەدرا لەلایەن ئێران وەکو شەهیدانی خۆیان، دایکیشم ئەو موچەیەی پێ دەدرا. ئەو کورە وتی مندالی شەهید ئیستسنایە ئەگەر نامەیەك لە بونیادی شەهید بهێنی بۆ وەزیر، چونکە دەسەڵاتەکە تەنیا لای وزیرە ئەو دەتوانێ بڕیار بدات کە بە شێوەی ئیستسنا تۆ بینێریتە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا.

بۆیە منیش بە بێ دوودڵی چووم بۆ بونیادی شەهیدی مەرکەزی کە ئەو کاتە ئایەتواللە (مەهدی کەڕوبی) بەرپرسی ئەو دەزگایە بوو چووم بۆ لای مدیری مەکتەبەکەی

ــ سڵاو.

ــ سڵاو بەڕێز.ئەمرکە؟

ــ سوپاس دەمەوێت حاجی ئاغا ببینم.

ــ دەتوانم بزانم ئیشی چیت بە حاجی ئاغایە.؟

ــ من کوڕە شەهید و برا شەهیدم ئیشی تایبەتیم پێیەتی.

ــ زۆر بە خێربێیت، دەتوانی تۆزێك چاوەرێ بکەیت.؟

ــ ئاسایە بەڕێز چاوەڕێ دەبم

من دەفتەرێکی بچووکی تەلەفۆنم هەمیشە پێبوو هەندێ ژمارە تەلەفۆن و ناونیشانی تێدا نوسرابوو لە لاپەڕەی ئاخیرەکەی ژمارەی فایلی شەهیدانم نووسیبوو، چونکە هەمیشە پێویستیم بەم ژمارە فایلانە دەبوو لە ئیشوکارە ئیداریەکانی ئێران.

تۆزێ چاوەڕێ بووم لە دەوری نیو کاژێرێکی پێچوو مدیری مەکتەبەکە وتی فەرموو بچۆرە ژوورەوە. منیش چوومە ژورەکە، ئەو ژوورە ژورێکی گەورەو درێژبوو ئەم لا و ئەولای قەنەفەی لێ دانرابوو لە بنەبانی ژوورەکە مێزێکی مامناوەند لێ دانرابوو کە تەلەفۆنێك و هەندێ سەبتە و فایل و کاغەزی لەسەر

بوو، پیرەمێردێکی سپیلکە لە پشت مێزەکە دانیشتبوو زەق زەق سەیری منی دەکرد و لێوەکانی بزەی لەسەر بوو.

ــ سڵاو حاجی ئاغا

ــ سڵاو کوڕەکەم بەخێر بێی. فەرموو دانیشە.

ــ منیش لە نزیك ئەو لەسەر قەنەفەیەك دانیشتم.

ــ ئەمر بکە کوڕەکەم کارەکەت چیە..؟

ــ حاجی ئاغا من کوڕە شەهیدم و برای شەهیدیشم.

ــ سەربەرزین بە خانەوادەی شەهیدانمان هەرچی هەمانە لە بەهای خوێنی ئەوانە بڵێ با خزمەتت بکەم

ــ حاجی ئاغا من پەرستارم و عێراقیشم واتا کوردی عێراقم لە دەستەی(بارزانیم) من تاقیکردنەوەم ئەنجام داوە پلەی یەکەمم بە دەست هێناوە

ــ أحسنت.ئافەرین. تەمەن درێژ بیت

ــ ئێستا داواکاری دامەزراندنم پێشکەش کردووە لە وەزارەتی تەندروستی ئەوان دەڵێن بە پێی ڕێنماییەکان یەکەمەکان دەبێت لە تاران بمێننەوە یان دەبێ بچنە ناو هێزە دەریاییەکان

ــ جا لەوە باشترت دەست دەکەوێ.؟

ــ حاجی من ناتوانم ئەوە بکەم لەبەر ئەوەی خانەوادەی دوو شەهید تەنیا منیان ماوە دەبێ بە هەمیشەی لەگەڵیاندا بم. بۆیە داوام کردووە ڕەوانەی ئازەربایجانی ڕۆژ ئاوام بکەن بۆ ئەوەی بتوانم لە ماڵەوە نزیك بم ئاخر ماڵەکەمان لە شاری نەغەدەیە.

ــ من بە چ شێوەیەك دەتوانم هاوکاریت بکەم.؟

ـــ وەکوو پرسیارم کردوە لەو وەزارەتە بۆ منداڵە شەهید ئیستسنا هەیە ئەگەر نامەیەکی بەڕێزتانم پێ بێت ئەوان بە بـێ یەك و دوو ڕەزامەنـد دەبـن کە بتنێـرنە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا بە مەرجێـك لە نـامەکەی ئێـوە ئەوە بنووسرێـت کە ئیستسـناْ بکرێم و کارەکەم بۆ جێبەجێ بکەن.

ـــ ژمارەی فایلی شەهیدەکانت پێیە.؟

ـــ بەڵێ پێمە.

ـــ دەتوانی پێمی بدەیت.؟

ـــ بەڵـێ قوربـان، دەسـتم کـردە گیرفـانم و دەفـتەرە بچـووکەکەم دەرهێنـا و ژمارەی هەردوو فایلەکەم بۆی خوێندەوە ئەویش لەسەر کاغەزێك نووسینی.

پاشان جەرەسێکی لێ دا و مدیری مەکتەبەکە هەتا ژوورەوە پێی وت بەرپـرسی کار و باری شارەکانم بۆ بانگ بکە. دوای چەند خولەکێك کەسێکی میانساڵ تەمەنی لە دەوری (٣٥ــ٤٠) سـاڵ دەبـوو هـاتە ژوورەوە و سـڵاوی کـرد و وتی ئەمـر کەن حاجی ئاغا ئەویش هەردوو ژمارە فایلەکەی پێ دا و وتی ئەم دوو دۆسیەم بۆ بێنە. ئەویش چوو بە پەلە هەردوو دۆسیەکانی هێنان و سەیری کـردن و پاشـان بە منـی نیشاندا و وتی ئەمانە هەون. منـیش وتـم بەڵـێ خۆیـانن. سـەرێکی بـادا و ئـاخێکی کردوو وتی براکەت تەمەنی چەند بوو.؟ منیش وتم (٢٠) ساڵ بوو حاجی.

ـــ بە نەعلەت بێت سەدام و سیاسەت. تۆ بڵێی چەند گەنجی ئاوا نازدارمان لە دەست چووە لە هەردوو لامان شەڕ و ماڵ وێرانییە، مرۆڤەکان نابێـت هـیچ کـات ئارەزووی شەڕ بکەن، چونکە دەر ئەنجامەکەی هەر کۆتایی هێنانی شەڕ دانیشتن و گفتوگـۆیە ئەوانەشی زەرەرمەنـدی ڕاسـتەقینەی شـەڕەکانن کە عەزیزەکانیـان لە دەست چووە. منیش وتم ڕاست دەفەرمووی حاجی. پاشان ڕووی کـردە کـابراکەی تر و وتی  نووسراوێکی بۆ بکە بۆ وەزیری تەندروستی کە لە خانەوادەی شـەهیدانە و بنێردرێتە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا ئەویش وتی بەڵێ قوربان فەرمانتە پاشان وتی تۆش

لەگەڵی بچۆ پێش ڕۆیشتنت وەرەوە لام منیش لەگەڵ ئەو کابرایەی کە بەرپرسی بەشی شارەکان بوو ڕۆیشتم، لە وێ نووسراوێکی کردوو هەرچیم ویست وای تێدا نووسی و پاشان بردی بۆ لای ئاغای کەڕوبی و ئیمزا و مۆری لێدا و دایەوە دەستم وتی دەتوانی بڕۆیت. منیش چوومەوە بۆ لای مدیر مەکتەبەکەی و وتم من کارم تەواو بووە، بەڵام حاجی فەرمووی پێش ڕۆیشتن وەرەوە بۆ لام وتی فەرموو بڕۆ ژوورێ و دەرگاکەی بۆ کردمەوە. منیش چوومەوە ژوورەوە و سڵاوێکم کردوو حاجی ئاغا وەڵامی دامەوە وتی: ها کوڕەکەم ئیشەکەت تەواو بوو.؟ بەڵێ حاجی ئاغا تەواو بوو دەستی جەنابتان خۆش بێت و سوپاس بۆ هاوکاریتان، ئەویش وتی: ئەمە ئەرکی ئێمەیە ئەی گوایە ئێمە بۆچی لێر دانیشتووین بۆ ئەوەیە خزمەتی بنەماڵەی شەهیدەکان بکەین، پاشان نامەیەکی ئامادە کردبوو بە دەستی بۆ لای منی درێژ کردوو وتی وەرە ئەمە بگرە بیبە بیدە ژمێریاری مەسروفێکی بچووکە و دەبێ بمانبووری، منیش وتم حاجی ئاغا پێویستی بەوە نەدەکرد دەستتان خۆش بێت، لە دڵی خۆشم پێم خۆش بوو، چونکە نزیکەی دوو مانگێك بوو لە وێ بووین تەقریبەن پارە و پوڵمان بەرەو کۆتایی دەچوو، منیش نامەکەم لە دەستی وەرگرتوو تەوقەیەکم لەگەڵدا کردوو خوا حافیزیم لێ کرد، کە گەیشتمە لای دەرگای چوونە دەرەوە ئەو وتی ئەگەر کێشەیان بۆ دروست کردیەوە وەرەوە بۆ لام و ئاگادارم بکەوە. منیش وتم:  بەسەر چاو بەڵام إنشالله هیچ کێشەیەك دروست نابێت یەکسەر چووم بۆ وەزارەتی تەندروستی چوومە مەکتەبی وەزیر ئاخر نامەکە بۆ خودی وەزیر نووسرابوو، منیش نامەکەم دایە دەستی بەرێوبەری مەکتەبی وەزیر ئەو کاتە دکتۆر (جەواد سەعید تارانی) وەزیری تەندروستی ئێران بوو.

ــ ئەمە چیە.؟

ــ لە نامەکە نووسراوە چیە دەتوانی بیکەیتەوە.

ــ ئیشەکەت چیە.؟

ــ دیارە ئیشەکەم تەنیا لە دەسەڵاتی وەزیرە نامەکە بدە بەو

ــ بەڵکو من بتوانم هاوکاریت بکەم و پێویستی بە وەزیر نەبێت

ــ ئەگەر تۆ بتوانیبایە نامەم بۆ وەزیر نەدەهێنا دەهاتمە لای جەنابتان

ــ باشە تۆزێك دانیشە تاکو نامەکە دەبەمە ژوورەوە.

پاش چەند خولەکێك وتی جەنابی وەزیر دەیەوێ چاوی پێتبکەوێ منیش چوومە ژوورەوەو سڵاوم لە وەزیر کردوو زۆر بە گەرمی پێشوازی لێکـردم زانـیم نـامەکەی بونیادی شەهید کاری خۆی دەکات ئەو وتی

ــ ئێمە لە تاران پێویستمان بە کەسانی زیرەك هەیە تۆ بۆ لە تاران نامێنیتەوە

ــ ئاخر خانەوادەکەم لە وێ دەژین.

ــ زۆر ئاسانە من دەتوانم ئەوانیش بگوازمەوە ئێرە

ــ ئەوان پێشتریش نیشتە جێی ئێرە بوونە، بەڵام حەزیان لێرە نییە

ــ لێرە باری ژیانتان زۆر باش دەبێت واتا باشتر لەوەی کە لەو شوێنەدا هەتانە

ــ جەنابی وەزیر گرینگ ئاسودە بوونە ئەوان بەوە ئاسودەن کە لە وێ دەژیـن بۆیە ئەگەر لوتف بکەیت ڕەزامەندی بفەرمووی من مەمنونی بە ڕێزتان دەبم

ــ من کێشەم نییە، بەڵام وەکو خانەوادەی شەهید ویستم ئەو ئیمتیازەتان پێ بدرێت کە لە پایتەخت باشتر خزمەتتان بکەین

ــ سوپاس بۆ هەڵوێسـت و دڵسـۆزیتان، بەڵام بـۆ مـن وا باشـترە ئیـتر ئەویـش واژۆی ڕەزامەنـدی بـوونی لەسـەر کـردوو دایە دەسـتم و وتی بیـبە بـۆ کـارگێڕی بـا بیکەنە نووسراو بۆت، زۆر دڵخۆش بووم هەر بەپەلە بردم بۆیان کردم بە نـووسراو دایانەوە دەستم بۆ ئەوەی بیـبەم بـۆ تەندروسـتی ئازەربایجـانی ڕۆژئـاوا. مـن دوو مەبەستم هەبوو لەو پێداگیریەم.

یەکەمیان: لە نەخۆشخانەی شـۆڕش بتـوانم لە دوای دەوام تەواوبـوونی بـنکەی تەندروستی حکومی لە وێ خزمەت بکەم.

دووەمیـان: لەو کـچە دوور نەکەومەوە کە تـا سـەر ئێسـقان خۆشەویسـتی چووبووە ناو دڵ و جەستەم.

ئیـتر نـامەکەم هێنـا بـۆ ورمـێ و یەکسـەر ڕەزامەندیانـدا کە بچـمە بـنکە تەندروسـتیەکەی ئۆردوگـای پەنـابەران لە گونـدی زێـوە زۆر دڵخـۆش بـووم کە سەرکەوتنم بەدەست هێنابوو توانیبوم بەهەردوو ئارەزووەکەم بگەم.

چونکە بەیانیان لە بنکەی تەندروستی حکـومی دەوام دەکـردوو ئێـوارانیش لە نەخۆشخانەی شۆڕش و بەردەوامیش دەمتوانی چاوم بە خۆشەویستەکەم بکەوێت. دەچینەوە سەر باسەکەی پێشوومان، بە عەبدولڕەحمانمان وت ئاگـاداری ئەو مـاڵە بکاتەوە کە لە ڕۆژی پێنج شەمە ئێمە دەچینەماڵیان بۆ ئەو ئیشە خێرە.

ئەویش زۆر دلخۆش بوو بەو شتە و عەبدولڕەحمان تورکی نەدەزانی بەڵام کـاك یاسین زمانی تورکیەکەی زۆر باش دەزانی بۆیە دڵنیا بووم دەتوانێ بـاوکی ئەو کـچە ڕازی بکات کە کچەکەی بدات بە عەبدولڕەحمان.

عەبدولڕەحمان گەڕایەوە بۆ دەوامەکەی زۆر دڵی خـۆش بـوو کە گەیشـتبووە جێگا یەکسەر پەیوەندی بەو کچە کردبـوو و پێـی وتبـوو بە ماڵەوەیـان بلێـت کە بابەتێکی ئەوها هەیە. دیاربوو کچەکەش ماڵەوەیانی تێگەیاندبوو و ڕازی کردبوون، بۆیە خەبەری ئێمەی دایەوە کە ماڵەکە وتیانە لاریـمان نیـیە بـا بێـنە پـێش، ڕۆژی هەینی بوو کە هەموومان بەیەکەوە چـووین، مـن ئەو ماڵەشـم بانـگ کردبـوو کە کچەکەیان خۆشەویستی من بوو، ئاخر ئەوانیش پەیوەندیەکی باشـیان لەگەڵ کـاك یاسین هەبوو وەکو باسم کرد من بە ڕێگای کـاك یاسـینەوە ئەو مـاڵەم نـاسی بـوو، هەینی داهات و هەموومان بەیەکەوە چووین بۆ ئەو ماڵە. دیاربوو ماڵێکی سادەو کراوە بوون باوکی کچەکە کە ناوی(محەرەم)بوو پیرێکی بە سالآچوو و ساویلکە بوو

دایکەکەی هەندێ خۆی دەگرت وەك چۆن بلێـی بە هەرزان نەیدەفرۆشـت، بەڵام داپیری کچەکە تا بلێی قسەخۆش و دەم بە پێکەنین و ڕووخۆش بوو، ئەو هەمـوو خزمەکانی  خۆی داوەت کردبوو قەلەبالغیەکی زۆر درووستکرا بـوو لەو مـاڵە، بەڵام شوکری خوا کە حەوشەکەیان پان و پـۆڕ و گەورە بـوو جێگـایەکی باشـیان هەبـوو، ئێوارە دەست کرا بە دانیشتین و قسەکردن و ڕاگۆرینەوە.  لە کۆتایدا باوکی کچەکە ڕەزامەندی خـۆی نیشـان داو بـوو بە هەلـهەڵە لێـدان و شـایی کـردن هەمومـان هاتینە حەوشەکە، ئەو خزمانەی ئەو ماڵە کە هـاتبوون کۆمەلێـك کچیـان هەبـوو، هەموویان لە حەوشەکەدا هەڵدەپەرین، منـیش لە ژێـر دیـوارەك لە حەوشـەکەدا دانیشـــتبووم تۆزێـــك جەوم گیرابـــوو نـــاوە نـــاوە ســـەرم بەرز دەکـــردەوە و خۆشەویستەکەمم دەدیت، ئەویش بە غەمباری سەیری منی دەکرد لەو لاتری مـن لەگەڵ دایکی دانیشتبوو، هەستم کرد هەموو گیانی دەلەرزێـت و ڕەنگـی گۆڕابـوو، داپیری(قیمەت) هاتە لام و دوو کچی لەگەڵ دابوو وتی هەر کامیـان هەڵـدەبژێری با لێتی مارە بکەم.

منیش سەیرێکم کرد وتـم کچـی جـوانن بەس پیـرۆزی خاوەنەکانیـان بـن، مـن بەرنـامەی ژن هێنـانم نیـیە، ئەویـش بە دەنگـی بەرز وتی ئەگەر  بەم دووانە ڕازی نیت با ئەوانـی تـریش بێـنم سـەیریان بکەیـت، لە خـانەوادەی ئـێمە کچـمان زۆر هەنە.

ئاورم دایەوە دیتم (پ) ڕەنگی بە تەواوی گۆڕاوە، منیش وتم داپیرە تکـایە واز بێنە من جارێ بەرنامەی ژن هێنانم نییە.

لە پڕێکا لەو لای مـن بـوو بە دەنـگە دەنـگ و گریـان کە ئـاورم دایەوە دیـتم قەرەبالغیەکە لە لای (پ)ە و دایکیەتی بە ڕاکردن چووم، سەیرم کرد (پ)لە هـۆش خۆی چووە. ئەو گوێی لە قسەکانی ئێمە ببوو، وتم چیە بـۆ وای لێهـات، دایـکی وتی هیچ نییە هەر خۆی هەنـدێ بێتـاقەتە و بـوراوەتەوە، هەنـدێ ئاومـان پێـداکردوو پاشان هاتەوە هۆش خـۆی  چـاوی نـابوە نـاو چاوەکـانم و بە چـاو ئامـاژەی بەوە

دەکرد  کە ئەو بۆ منە و منیش بۆ ئەوم  بۆیە لە ژێر لێو بە ئەسپایی وتم، تەنیا تۆم دەوێت.

هیچ کەس لەو قسەیەی من نەگەیشت، بەڵام ئەو زۆر بە جوانی لێم تێگەیشت و لە ناخی خۆی ئارام بۆوە هەڵسایەوە دانیشت، منیش لە بەرانبەری دانیشتم چاوم بڕی ببووە چاوەکانی لێوەکانمان بەسترابوون، بەڵام چاوەکانمان هەزاران شیعر و داستانی بۆ یەکتر باس دەکرد، پێم وایە  دەوروبەریشمان هەستیان بەو شتە کردبوو، منیش پێم باش بوو ئەوان تێبگەن  و تاکو منیش بتوانم  ئەو بابەتەیان لەگەڵدا باس بکەم.

# تەوەری هەژدەم

## ژن داخوازیکردن

چەند ڕۆژێك بەسەر ئەم ڕووداوە تێپەڕی کرد، مـن لە نـاخی خـۆم نەخشـەی ئەوەم دادەڕشت کەچۆن ئەم بابەتە لەگەڵ ماڵەوەمان باس بـکەم، سـەرەتا لەگەڵ عەبدولڕەحمان باسەکەم کردەوە ئەویش وتی کچێکی باشە بۆ نا. ئەگەر هەردولاتان یەکترتان بە دڵ بێت، دلنیام ئەوانیش ڕازی دەبن مەبەستی دایـك و بـرای کـچەکە بـوو و وتی لەگەڵ دایکـت و ئەوانـیش قسـە بـکە و داوایـان لـێ بـکە کە بچـنە داواکردنی، ئێوارانێك دوای نانخواردن بابەتەکەم درکاند و وتم من کچێکم دەسـت نیشان کردووە و خۆشم دەوێت و ئەویش منی خـۆش دەوێـت پـێم باشـە ئەگەر نییەتی ئەوەتان هەیە من ژن بهێنم بچن داوای ئەو کچەم بۆ بکەن ،کاك یاسـین بە پێکەنینەوە گۆتی ئەوە چییە ئەتو و عەبدولڕەحمان لۆ پێکەوە گڕتان گرتووە دیارە منافەســەی یەکــتری دەکەن، منــیش گــوتم نەخێــر ئەوەی مــن زۆر پێشی ــ عەبـدولڕەحمان بـووە، بەڵام هەنـدێ هۆکـار وای کـرد کە بە درەنـگەوە بـابەتەکە بورژێنەم،.

ــ دە باشە لەسەر خێر بێت إنشاالله ئەو کچە کێیە؟

ــ منـیش وتـم فـڵان کەسـە و مـاوەیەکی زۆرە ئـێمە حەزمـان لە یەکە و مـاڵی ئەوانیش ئاگادارن بەم بـابەتە و چـاوەڕوانی ئەوە دەکەن ئـێمە هەنگـاو بنێـین، لە سەرەتا هەموویان نا ڕازی بـوون نەك لەبەر خراپـی ئەو خـانەوادەیە، بەڵکـو هەر خۆی کورد وایە حەز دەکات لە هەموو شتێك ناڕازیبوونی خۆی نیشان بدات ئەوجا گرینگ نییە شتەکە و بابەتەکە چییە، بەڵام من وتم ئەو هەڵبژاردەی خـۆمە زیـاتر

لە ساڵێکە من چاودێری ئەو خانەوادە و کچەکەیـان دەکەم هـیچ شـتێکی خـراپ و گوماناویم لێیان نەدیتوە ناکرێت گوڵە بە تاریکەیەوە بنێن، ئەگەر مەبەسـتانە مـن ژن بهێـنم بچـن داوای ئەو کـچەم بـۆ بـکەن ئەگینـا ئیـتر لەمەودوا هەرگیـز بـاسی ژنهێنان لەگەڵ مندا مەکەن. ئەوانیش ڕازبوون و وتیان باشە دەچین.

ئەو کاتە ماڵی ئەو خانەوادەیە چووبوونە(ورمێ) لە وێ خانوویەکیـان بە کـرێ گرتبوو، هەفتەیەکی پێ چوو ڕۆژێك وتیان دەچین بۆ داوا کـردنی ئەو کـچە، مـن بە کچەکەم وتبوو کە ئەم بابەتەم لەگەڵ ماڵەوە باس کردوە مـومکینە بێـنە ماڵتـان و داوای تۆ بکەن بـۆ مـن بە دایکـت بڵێـت زۆر بە زەحـمە ت نەیگرێـت و هەوڵـی ڕێککەوتنی کارەکە بدات، ئەویش وتی وا ئەکەم.

ئەوە بـوو دایکـم و کـاك یاسـین و چنـاری خوشـکم چـوون داوایـان لە دایـکی کچەکە  کرد، دایکی کچەکە وەڵامی دابـۆوە کە ئەو ڕازیە و لاری نیـیە، بەڵام داوای کردبوو کە ژن بە ژنە بێت واتا منیش خوشکێکم بدەم بە براکەی ئەو کچە، دایکـم و ئەوانـیش وتبوویـان دوای وەڵمتـان دەدەیـنەوە، هـاتنەوە مـاڵ و بابەتەکەیـان لەگەڵ مندا باس کرد، منیش وتم ئەمە نابێت، من بـڕوام بە ژن بە ژنە نەبـوو هەر دژی ئەو کــردارە قێــزەونەش بــووم، چــونکە ژیــانی چــوار کەس بە یەکــتری دەبەسترایەوە و هەر کێشەیەك دروسـت بوبـا هەر چواریـان زەرەرمەنـد دەبـوون ئەمە لە کۆن باو بوو لە ناو کوردەواری ژن بە ژنە و بن پشـك گەورە بە بچـووک و بەدەل خـوێن و هتـد. زۆر نـا ڕەحەت بـووم بەم هەواڵە پرسـیارم کـرد مەوقیفـی کچەکە چۆن بوو.؟ وتیان ئەو هەر هیچ قسەیەکی نەکرد، بەڵام دیار بـوو زۆری پـێ خۆش بوو کە ئێمە چووینە داوای.

دوای وتووێژ لە نێوان خۆماندا مـن وتـم: خـۆم دەچـم قسـەیان لەگەڵ دەکەم بەس لە هەمـوو حاڵەتەکانـدا مـن ڕازی نـیم بە ژن بە ژنـێ ئەگەر ئیشـەکە هەڵ بوەشێتەوەش، ئەوانیش وتیان گەرچی بێ سوودە و دایکی ئەم کـچە زۆر پێـداگر و کەللە ڕەقە، بەڵام باشە بچۆ خۆشت قسەیان لەگەڵـدا بـکە ئەوە بـوو دوای چەنـد

ڕۆژێك خـۆم چـووم بـۆ ئەو مـاڵە لەگەڵیـان دانیشـتم و بە وردی هەمـوو شـتێکم لەگەڵیان باس کـرد، دایـکی هەر قسـەکەی خـۆی دەکـرد و نە دەچـووە ژێـر بـاڵی ئەوەی کە دەسـتبەرداری بۆچـونەکەی خـۆی بێـت، مـن لە هەمـوو قسـەکاندا سەیرێکی کچەکەم دەکرد ئەو سەری خۆی داخستبوو هـیچ قسـەیەکی نەدەکـرد بە دایك و براکەیم گۆت من ژن بە ژنە نـاکەم، بەڵام بەڵـێن دەدەم هەر کـات کـوڕی ئێوە ژنی هێنا چیم لە دەسەڵات بێت هاوکـاری دەکەم، بەڵام ئەوان هەر دەهـۆڵی خۆیان دەکوتا و ڕازی نەدەبوون هەستم کرد مەتـرسی ڕێـك نەکەوتـن زۆر جـدیە، بۆیە وتم خوا قبوڵ ناکات ببنە هۆکاری بە یەك نەگەیشتنی دوو مـرۆڤ کە دڵیـان بۆ یەکتری لێ ئەدات، بەڵام ئەوان هەر قسەی خۆیانیان دەکرد و لەو داواکـارییەی خۆیان دەستبەردار نەدەبوون، ئەمەش لە فەرهەنگی مـن جێگـای نەدەبـوو بـۆیە ڕووم کـردە کـچەکە و وتـم تـۆ بـۆ قسـەیەك نـاکەی وەك موقەبـایەك لە وێ دانیشتووی، سەری خۆی داخسـت و هـیچ وەڵامـی پـێ نەدامەوە، مـن زۆر لێیـان پاڕامەوە کە پڕۆسەکە تیك نەدەن، بەڵام سوودی نەبوو، ناچار هەڵسامەوە وتم من دەڕۆم ئیتر جارێکی تریش بۆ ئەم بابەت نایەمەوە لاتان دڵمان مەشکێنن و لە کەلی شەیتان وەرنە خوارێ، بەڵام هیچ سوودی نەبوو بۆیە خوا حافیزیم لـێ کـردن و بە ڕێکەوتم هەموویان لەگەڵمدا هاتنە حەوشەکە بۆ ئەوەی بە ڕێم بکەن لە دەرگای حەوشەکە ئاوڕم لێیان دایەوە جارێکی تر داوام لێ کردن و ڕووم لە کـچەکە کـرد و وتم: پێم خۆشە تۆش قسەیەك بکەیـت و لە زمـانی خـۆت شـتێکم گـوێ لـێ بێـت، فرمێسکەکانی هـاتنە خـوارێ و بە دەنگـێکی لەرزۆك وتی خـۆ دایکـم زەرەری منـی ناوێت ئەو هەرچیەك بڵێت دەبێ بە گوێ بکەم مەگەر وا نییە، پاشان بە گریـانێکی بە کـوڵ گەڕایەوە بـۆ ژووری مـاڵەوە لە وێ مـن ئەوەم بیـر کەتەوە کە خـۆم ئەم ئامۆژگاریەم کردبوو، ئەویش بە تانە و تەشەر ئەوەی وەبیرهێنامەوە، بۆیە لە دڵی خۆم وتم دەبخۆ دەی ئاوا ئامۆژگاریت کرد، ئێستاش ئاکامەکەی هەر چـیەك بێـت ناچاری قبوڵی بکەیت بە دڵێکی سارد و شکاوەوە ماڵ ئاوایم لێیان کرد ئەوان وایان دانا بوو مـن دەچـمە ژێـر بـاری داواکارییەکەیـان، بەڵام نەیـان دەزانی کە شـێوازی

بیرکردنەوەی من و باوەڕو قەناعەتم لەگەڵ ئەواندا جیاوازییەکی زۆری هەیە ژیـان ئاوایە هەمیشە مرۆڤەکان سوودمەند نابن لە باوەڕەکانیان هەروەك چۆن ئەوان لە پێناو باوەڕێکی نەشیاو و کۆمەڵگا نەیـانتوانی ژیـانێکی خۆشـگوزەران بـۆ کچەکەیـان دەسـتەبەر بـکەن و منـیش لە پێنـاو بـاوەڕێکی نوێخـوازی نەمتـوانی بـگەم بە خۆشەویسـتەکەم، بەم شـێوەیە بـۆ تـا هەتـایە کۆتـایی بەم پەیوەنـدیە هـات و نەمانتوانی بچینە ناو پڕۆسەکە و ئەویش تەنیا لە پێناو هەندێ داب و نەریتی کۆنی کۆمەڵگا و پاشگەز نەبوونەوەی مرۆڤەکان لە هەندێ بڕیاری نەگونجاو و نەشـیاو، ئێستاشی لەگەڵ دا بێت من ڕێزێکی زۆرم بۆ ئەو خانەوادە بەڕێزە هەیە کە هەرگیز بێ ڕێزیـان نە بە مـن و نە بە بنەمـاڵەکەم کـرد، تەنیـا ئەوە نەبێـت کە گیـرۆدەی بیروباوەڕێکی کۆنەپەرسـتی بـوون و هۆکـار بـوون بـۆ سـەر نەکەوتنـی ئەو پـڕۆژە پیرۆزە، وەك دەڵێن دیارە قسمەت نەبووە ئەگینا ئێمە هەوڵـی تەواوی خۆمانـدا و گەشبینیش بووین بەوەی کە سەر دەگرێت، بەڵام تەنیا خوای مەزن عالم و الغەیبە و ئەو دواڕۆژی بەندەکانی دەزانێت  ئیتر ببڕای ببـڕای جـارێکیتر ئەم بـابەتە لەگەڵ ئەو ماڵە باسی لێوە نەکرا خەونەکانمان بە زیندووی لە گۆڕ نران.

منیش بـۆ پاراسـتنی کەرامەتی ئەو ئـافرەتە بەرێـزە هەرگیـز جـارێکیتر لە هـیچ بـۆنەو دانیشـتنێکدا نـاویم نەهێنـا و هیواداریشـم لە هەر کـوێیەك بێـت ژیـانێکی ئاسوودەو بەختەوەر و سەرکەوتووی هەبێت.

و ئەو هەڵەی کردبووم ئازارێکی زۆری دەدام بۆیە وام بە باش زانی هەندێ لە ماڵەوە و لەو شارە دوور بکەومەوە بڕیارم دا سەفەرێك بکەم بۆ تاران و وەرامین هەر واشم کرد و بەڕێ کەوتم بۆ تاران و چەند ڕۆژێك لە وێ مامەوە و پاشان چوومە وەرامین و ماڵی کاك مەولود لە وێ گەنگەشەی بەسەر هاتەکەم کرد لەگەڵ مەولود ئەویش زۆر پێی نا ڕەحەت بوو، وتی ماڵێك لێرە هەنە خەڵکی رانییەن پێشتر لەگەڵ ئەوان باسی ئەم خزمایەتیەی ئێوەم کردوە بۆیان ناوی کاك فایەقە ئەو پێی وتم کە ئەم بنەماڵەیە کەسانی باش و بەڕێزن بەڵام مریەم حەیایی بردوون ئەو گوێی بە کەس نادات و هیوادارم نەبێتە هۆکاری لێك ترازان و دابڕانیان دەبێت هەردوو لا بە وشیاری هەڵسوکەت بکەن لە برانبەر ئەو ژنە، ئەمە قسەی ئەو برادەرەی مەولود بوو بەڵام مەولود دڵی نەهاتبوو پێشتر ئەو قسانە بۆ من بکات، بۆیە زیاتر دڵنەوای دەدام و گوێ مەدەرێ شتی وا زۆر ڕوودەدات و تۆ یەکەمین کەس نیت و ئەم قسانە زیاتر مەبەستی کاك مەولود ئەوە بوو لە ڕووی دەرونییەوە هاوکاری من بکات لە دوای دوو سێ ڕۆژێك مانەوەم لە ماڵی کاك مەولود، شەوێ: کە دانیشتبووین مەولود پرسی بەرنامەت چیە و بەتەمای چی.؟ منیش وتم: وەڵا هیچ بەرنامەم نییە و یەك دوو ڕۆژێکی تر لەو ناوە دەبم و دوای دەگەڕێمەوە بۆ ماڵ.

## هاوسەرگیری ڕاستەقینەم

کاك مەولود دوو هاوسەری هەبوو (بەهار خان و سەبیحە خـان) بەهـار خـان خەڵکی کەرکووک بوو کاك مەولود لەگەڵ براکەی بەهار خان بە ناوی کاك حەکـیم ژن بە ژنەی کردبوو، ئێوارە دانیشـتبووین بەهـار خـان وتی مەولـود کـاکەم رەحـیم کۆمەڵێك کچی باشی هەبوو بـۆ داوای یەکێکیـان نەکەیـن بـۆ سـالار، بەخـوا ئەوان خانەوادەیەکی باش و ڕەسەنن. مەولود وتی وەڵا ئەمن نازانم سـالار بەتەمـای چـیە، هەر بۆیە لێم پرسی بەرنامەت چـیە، مـن دەزانـم ئەو زەیـنەبی کچمـی بە خوشـکی خۆی دەزانێ و ئامادە نییە هاوسەرگیری لەگەڵ بکـات ئەگینـا هەر ئەمشـەو لـێم مارە دەکرد، منیش وتم ئەستەغفرالله ئەو خوشکی منە، تکـایە ئەو قسـەیە مەکەن پاشان مەولود وتی ئەگەر ڕەزامەندی بێت ئەو خانەوادەی بەهار باسی دەکات کاتی خۆی لە کرمان هاوسێی یەکتر بووین ئەو کەسە مامۆستا بووە لە وێ. خـۆشی مەلا بووە ناوی مەلا ڕەحـیمە کەسـایەتیەکی زۆر بە ڕێـزە ئەو کۆمەڵێـك کچـی باشیشیـ هەبـوو، بەڵام نـازانم ئێسـتا کچەکـانی مـاون یـان بە شـووی داون، مـن ئەوانـم لا پەسندە ئەگەر تۆش ڕەزامەند بیت بەیانی تەلەفـۆنی بـۆ دەکەم و ئەم بـابەتەی بـۆ بـاس دەکەم، ئەو ئێسـتا لە کرمـان نەمـاوە لە شـارۆچکەی (ڕەوانسـەرە) لە نزیـك کرمانشـان و لە وێ لە قوتابخـانەیەك مامۆسـتایە دەتـوانم لە ڕێگـای تەلەفـۆنی قوتابخانەکە قسەی لەگەڵدا بکەم، منیش یەکسەر وتـم، مـن ڕازیـم و پەیوەنـدیان پێ بکە. ئەگەرچی  من فلسی ئەحمەرم شك نەدەبرد بەس ڕازی بووم کە ئەو شـتە بکرێت  بەیـانی کە لە خەو هەڵسـام ئەمـن  عەجەلەتـر بـووم لە مەولـوود بەپەلە نانەکەمان خواردوو مەولود ماتۆڕێکی هەبوو سواری ماتۆرەکەی بـووین و چـووینە تەلەفۆنخانە لەوێ مەولود لەگەڵ مەلا ڕەحیم قسەی کرد ئەمنیش گـوێم بردبـووە نزیك تەلەفۆنەکەی بۆ ئەوەی گوێم لە قسەی مەلا رەحیمیش ببێـت، مەولـود زۆر شەرمی لە مەلا رەحیم دەکرد وەکو مامێکی گەورەی خۆی تەماشـای دەکـرد، زۆری پێچوو تا سەری قسـەکەی کـردەوە، پاشـان گـۆتی مامۆسـتا بە خـۆت دەزانی ئەمـن

تێکەری خەرکی خراپ نابم ئەو کوڕەی باسی دەکەم حساب بکە برازای منە لە هەموو ڕویەکەوە ئەمن کەفیلی دەکەم، ئەگەر ڕازییت کچێکت بدەیتە ئەو کوڕە، ئەگەر کچی وات مابێت بە کەڵك بە میردانێ بێت، ئەویش پیاوانە جوابی داوە و گۆتی کچم مایە، بەڵام ئەم ئیشە ئاوا نابێت، خۆ ماسی لە بەحر مامەڵەی پێناکرێت تەشریفتان بێنن بۆ ئێرە ئێمە کوڕەکە ببینین ئێوەش کچەکە ببینین، ئەگەر خوا قەڵەمی لێدابێت ئەوا کەس ناتوانێت پێشی پێ بگرێت.

زۆر دلخۆش بووم بەو مەوقیفەی مامۆستا مەلا ڕەحیم لە خۆشیان بزەم دەهاتێ، مەولود گۆتی:

ــ دەرێی چی سالار.؟

ــ چ برێم.چی ئەتوو دەرێی منیش ئەوە دەرێم.

ــ پێت باشە بچین.

ــ لە ئێستا باشتر پەیدا نابێت ئەتوو لێرەی دەچین بە سەلیم کەنداریش دەرێین لە گەرمان بێت و سەفەرەکی دەکەین و دەچینە لای مامۆستا مەلا ڕەحیم.

ــ منیش پێم باشە، بەڵام ئەمن ئەوەندە پارەم پێ نییە لۆ سەفەرەکی ئەوها بچین خۆ دەبی یەك دوو هەزار تمەنم پێ بێت

ــ وەڵا ئەوجا ئەمنیش ئەوەندەم لە دەست نییە هەندێکم هەیە بەرام کەمە بەش ناکات

ــ کێ هەیە لێرە بە قەرز سێ هەزار تومەن مان بداتێ ئەمن دوایی دەیدەمەوە

ــ وەڵا ئەگەر کاکەمین، ئەو کاکە مینەش کوردێکی ئاوارەی خۆمان بوو، خەڵکی دەورو بەری هەولێر بوو، ئەو لە تاران دادەنیشت فەڕاشی قوتابخانەیەك بوو، هاوژینەکەی کوردی شاری بۆکان بوو، ئەگەر هەڵەم نەکردبێت ئەو کاکە مینە

نفوسی ئێرانی وەرگرتبوو، بەڵام زۆر دۆستی مەولود و سەلیم کەنداری بوو، ئەڵبەتە باوکیشمی دەناسی، ئێوارە چووینە ماڵی کاکەمین مەولود وتی ئیشێکی ئاوامان هەیە و شتێکی ئاواشمان لە تۆ دەوێت، ئەویش زۆر مەردانە دەستی برد و سێ هەزار تومەنی پێ داین و پاشان وتی "ئەگەر کەمە هی تریشتان لۆ بینم. مەولودیش" وتی ناوەڵا بەسە هەر ئەوەندەمان پێ دەوێ، پارەکەمان لە کاکەمین وەرگرت و هەر ئەو ڕۆژە چووینە ترمیناڵ و بلیتمان کڕین و بۆ کرمانشان، مەولود بەهار خانی خێزانی و سەلیم کەنداری و فاتیمەی خێزانی و من، بلیتەکان بۆ ڕۆژی دوای بوون هەمومان گەڕاینەوە ماڵ و خۆمان ئامادە کرد بۆ ئەوەی بەیانییەکەی سەفەری کرمانشان بکەین، من دڵم زۆر ڕۆن ببۆوە و هەستێکم لا دروست ببوو کە ئیشەکەمان سەر دەگرێت و دەستپێکی ژیانێکی نوێ بۆ من دەست پێ دەکاتەوە، ئەو شەوە تاکو بەیانی نەخەوتم و هەر خەریکی گەنگەشە کردن بووم لەگەڵ ئەو فکرانەی دەهاتنە خەیاڵم و خۆم زاڵ دەکرد بەسەر خەیاڵەکانم و هەستم دەکرد کە بەرەو سەرکەوتنێك لە ژیاندا هەنگاو دەنێم بەیانییەکەی کە ڕۆژ بۆوە بە پەلە بووم ببێتە نیوەڕۆ بۆ ئەوەی بە ڕێبکەوین بۆ گەراجەکە و بە پاس بچین بۆ کرمانشان پاسەکە کاژێر پێنجی ئێوارە حەرەکەی دەکرد و سێی بەرەبەیان ڕۆژی داهاتوو دەگەیشتینە کرمانشان دەبوایە لەوێشەوە بە سەیارەیەکی تر بچووینایە ڕەوانسەر کە دەوری کاژێرێك زیاتر لە کرمانشان دوور بوو دەکەوتە سەر ڕێگای (جوانرۆ و پاوە) ئێمە ڕۆژی دواتر کاژێر شەشی بەرەبەیان گەیشتینە شارۆچکەی ڕەوانسەر کە ئۆردوگایەکی لێ بوو هەموو کوردە پەنابەرەکانی عێراق لە وێ نیشتەجێ ببوون کە گەیشتینە ماڵی مامۆستا مەلا ڕەحیم، حەوشەکەیان گەورە بوو پڕ بوو لە مەنجەڵی گەورە گەورە و قاپ و قاچاخ مەولود وتی ئەوە چ بووە خوا نەکا شتێك ڕوی نەدابێت ئەو مەترسی هەبوونی تازییەی هەبوو، مامۆستا مەلا ڕەحیم لە پێش دەرگای چوونە ژوورەوەی ماڵەکەی وەستا بوو دیاربوو بۆ نوێژی بەیانی هەڵسا بوو و نەخەوتبۆوە، چونکە لەوە ئاگادار بوو کە ئێمە بە ڕێگاوەین مەولود تەوقەی لەگەڵ کردوو یەکتریان ماچ کرد و پاشان مەولود پرسی مامۆستا

خۆ خوا نە خواستە هیچ نە قەومایە، ئەویش وتی ناوەڵا هیچ نەبووە، بەڵام دوێنێ ئێوارە ژنمان بۆ نەجمەدینی کوڕم گواستۆتەوە شەکراوی کچی مەلا بەکری برامم بۆ هێناوە. مولود دواتر ئێمەی بە مامۆستا ناساندوو بەیەکەوە چووینە ژورەوە دیاربوو نان و چایی ئامادەکرابوو حەمدیە خانی هاوسەری مامۆستا ئافرەتێکی ڕوخۆش و باڵابەرز بوو بەخێرهاتنێکی گەرمی کردین و نانی بەیانی بۆمان هێنا دیاربوو جگە لە مامۆستا و هاوسەرەکەی تەواوی منداڵەکانی تریان خەوتبوون بە هۆی هیلاکی ڕۆژی پێشویان کە زەمەواندیان گێرابوو بۆ براکەیان، ئێمە ماوەی دوو ڕۆژ لەوێ ماینەوە، هیچ باسێك نەدەکرا شەوانەش کە دادەنیشتین هەر هەمووی سوالفە و باسی کۆن بوو، منیش شەرمم دەکرد لە ژورەوە نەدەهاتمە دەرەوە تەنیا ئەو کاتەی بۆ سەرئاو و دەستا و شوشتن، جگە لە چوار دیواریەك هیچم نەدەدیت، تەنیا هەندێ منداڵی وردە وردە لە تەمەنی پێنج بۆ دەساڵیم دەتین تا بە مەولودم گۆت هەتا کەنگی ئەمە لێرە دەبین ئەمن بێزار بووم مەوزوعەکەی باس بکە با بگەڕێینەوە بۆ ماڵ شەوی سێیەمی بوومان لەوێ ئێوارە دوای نان خواردن مەولود بابەتەکەی کردەوە لەگەڵ مامۆستا من کچەکەم هەر نەدیت تەنیا جارێك بەهار خان هاتە لام وتی ئەو کچەی داوامان کردووە کچێکی باشە و من زۆر بەدڵمە، منیش وتم مادام تۆ وا دەڵێی دیارە باشە بۆیە منیش پێم باشە ئەو کاتە وەك ئێستا نەبوو من نەمدەزانی کچەکە کامەیە و نە دیتبوشم ناوە ناوە بەهار خان دەیگۆت لە پەنجەرە سەیرێکی دەرەوە بکە، مەبەستی ئەوە بوو کە کچەکە لە حەوشەوە ببینم، بەڵام کە سەیرم دەکرد کۆمەڵێك ئافرەت لە حەوشەدا بوون نەمدەزانی کامەیان هەوە، لە شەرمانیش زوو لە پشت پەنجەرەکە لا دەکەتم ئەو شەوە باسەکەمان تا درەنگی شەو درێژەی کێشا من هەموو ڕاستیەکانی خۆم بۆیان باس کرد و پێشم وتن کە چەند ڕۆژێکە ژنم تەڵاق داوە و هەموو هۆکارەکانیشم بۆیان ڕوون کردەوە، مامۆستا وتی بەخێر بین سەر چاوم ئەگەر خودا قەڵەمی لێ دابێت عەبدی خودا ناتوانێت ڕێگری لێ بکات، من براکەم و کوڕێکم لە دیوی عێراق و پێشمەرگەن مۆڵەتم پێ بدەن خەبەریکیش دەدەم بە وان و دواجار

خەبەری کۆتـایی پێتـان دەدەم، منـیش وتـم مامۆسـتا چەنـدی پـێ دەچێـت؟ وتی مانگێ تا چل ڕۆژی تری پێ دەچێت خۆم ئاگادارتان دەکەمەوە. ئیتر بەیـانییەکەی ئێمە گەڕاینەوە بۆ ماڵ ئەوە بوو مانگێکی بـرد مـن تەلەفـۆنم بـۆ مەولـود کـرد کە ئەخبارێك وەربگرێت، ئەویش تەلەفۆنی بۆ مامۆستا کردبوو، مامۆستا پێـی گوتبـوو دوو سـێ ڕۆژی تـر خـۆم تلەگرامتـان بـۆ دەکەم ئەو کـاتە تلەگـرامیش هەبـوو لە عەینی ڕۆژ دەگەیشتە دەستت، منیش عینوانی خۆم دابـوو بە مامۆسـتا، هەر دوای تەلەفۆنەکەم لەگەڵ مەولود بە دوو ڕۆژ، ڕۆژێك تلەگرامێکم بۆ هات، لە مامۆسـتا مەلا ڕەحـیم بـوو، یەك دێـری نووسـیبوو(ئێمە لاریـمان نیـیە، هەرکـات بتانەوێـت دەتوانن بێن و مارەی بکەن).

تەلەفۆنم بۆ مەولودیش کرد ئەویش گۆتی وەڵا لـۆ منـیش تلەگرامـی کـردیە بە هەمان شێوەی نووسیە، ئەوجا ئەتو دەرێی کەنگین بچین.

ئەمنیش گۆتم سبەینێ خەبەرت دەدەمەوە.

من پێشتر بە دایکمم گۆتبو کە ئیشەکی ئەوهام کـردیە ئەویـش لە سـەرەتا زۆر پێ نا ڕەحەت بوو گۆتی کوو ئاگاداری ئـێمەت نەکـردیە و سـەر بەخـۆ چـووی ئەو ئیشەت کردیە، ئەمە نە ئەو مارە دەناسین و نە دەزانـین کـێن، ئـیش کـوو ئەوهـا دەبیت، ئەمنیش گۆتم دایە گوێ مەدەیێ مارێ مەولودی چاکیان دەناسن ئەتـوش تەبیعەتی مەولودی دەزانی ئەگەر کەسەك خراپ بیت ئەو نێزکی ناکەوێ بۆیە خـۆی لێ بێ دەنگ کرد کە تلەگرامەکەم وەرگرت چوومەوە مارێ بە دایکمـم گـۆت وەڵا مامۆستا مەلا ڕەحیم جوابی ناردیە دەرێت ئێمە مانع نینە ئەگەر دێنە پێش، ئەوجـا دەبێت خۆمان حازر بکەین و بچین.

بەڵام کێشەیەکی گەورەم هەبوو نە خۆم و نە ماڵەوەش کەسمان هـیچ پارەمـان نەبوو ئێ لۆ ئەو ئیشەش پێویستمان بە پـارەیەکی زۆر هەبـوو دایکـم گـۆتی ئەمـن ناتوانم هیچ بکەم لە ڕووم نایە داوا لە کەسیش بکەم، ئێستا ئەمن ڕوو لە کێنـدەر بکەم کوڕم نەدەبوو بەو پەلە پەلەی ئەو ئیشەت بکردایە، لە مـاڵ دەرچـووم هەر

فکرم دەکرد کوو هەندەك پارە پەیدا بکەم و بە کێ بڵێم زۆر کەسم بە خەیاڵدا هات، بەڵام دەمزانی ئەو کەسانە ئەوەندەیان نییە کە ئیشەکەی منیان پێ جێبەجێ بکرێت پاشان ماڵی کاك خورشید شێرەم بە بیر هاتەوە پلە مامز دایکی ڕێبوار واتا هاوسەری کاك خورشید ئێمەی زۆر خۆش دەویست زۆریش بە پەرۆش بوو بۆ من هەموو جارێ دەیگۆت چاوم کوێرە بیت ئەتوو لۆ تووشی ئەو مشکیلە گەورەی بووی، زۆریش دڵنەوایی دەدام، پلە مامز کچی خدر گەراری بوو لە مەخموری ئەو لە منداڵیەوە لەگەڵ باوکم گەورە ببوو تێکەڵاویەکەمان لە دێر زەمانەوە هەبوو، کاك خورشیدیش زۆر ڕێزی لە خانەوادەی ئێمە دەنا، بۆیە بڕیارمدا بچم ئەو داوایە لە پلە مامز بکەم دڵنیا بووم ئەگەر هەی بێت دڵم ناشکێنێت  بەرەو ماری ئەوان ڕۆیشتم نزیك نیوەڕۆ بووم، زۆرجار نیوەڕۆیان لەگەڵ ڕێبوار دەچوومەوە ماڵیان لە وێ نانم دەخوارد، بەڵام ئەمجارە بە تەنیا چووم و لە دەرگام دا و دەرگاکەیان کراوە بوو چوومە حەوشە پلە مامز گۆتی ئەی یاخوا بەخێر بێت بەو خوایەی تازە فکری ئەوەم دەکردەوە دەمگۆت دەبی ڕێبوار نێتەوە و سالاری لەگەڵ خۆی نەینی نێوەڕۆ کفتەمان دروست کردیە، وەڵا زۆر باش بوو هاتی، دەنا لە دڵمدا دەما، ڕزگاری برا بچووک تری ڕێبوار لە ماڵێ بوون ئەو کاتە ڕێبوار و ڕزگار هەر یەکە و پەیکانێکیان هەبوو ئیشی نەفەراتیان دەکرد لە بەینی خانە و نەغدە، بەڵام دیار بوو ڕزگاریان نەچوبووە ئیش یان زوتر گەڕبۆوە ماڵ، مەنجەڵی کفتەی لەسەر ئاگری بڵقە بلقی دەکرد، ئەوجا پلە مامز کفتەی زۆر خۆشی دروست دەکرد هەمووی پان و گەورە دەکردن و پڕ پڕیشی دەکرد لە قیمە و تام و چێژێکی زۆر خۆشی پێ دەبەخشی، سەرێکم بەسەر مەنجەڵەکەدا هەر کێشا و بە پلە مامزم گۆت یا ڕەبی دەستەکانت خۆش بیت بەڕاستی کفتەیە من لە ماڵی کاك خورشید وەکو کوڕی  ماڵ بووم هیچ فەرقیان بە من و کوڕەکانی خۆیان نەدەکرد، منیش ئەوێم بە ماڵی خۆمان دەزانی ئەو کاتە وەفا و پیاوەتی و بە ئەمەکی و خۆشەویستی ڕاستەقینە هەبوو، دەڵێن جیلی ئاڵتونی بەس من دەڵێم ئەو جیلە ئەلماس بوون.

پێش نانەکە بخۆین وتم پلە مامز ئیشەکم هەیە.

ــ خێرە إشاالله برێ بزانم چیە؟

ــ دەمەوێ بچم ژن مارە بکەم.

ــ ئەلاهو مەسەلی عەلی محەمەد وە ئالیهی..ئەوە بە ڕاستتە؟

ــ ئەرێ وەڵا بەراستمە، بەڵام هەندێ کێشەم هەیە.

ــ کێیە. لە کێندەرە. کێشەت چیە.؟

ــ وەڵا لە ڕەوانسەرە.

ــ ڕەوانسەر کێندەرە.بە قوربانت بم.؟

ــ شارێکە لە نزیك کرمانشانە.

ــ کوڕە سەرکە ئەستور ئەوە کو گەیشتیە ئەوێندەر.؟

ــ وەڵا قسمەت ئەوها بوو، ئەمن چووبوومە تاران لە وێـش چـوومە وەرامـین ماڵی مەولودی خوارزای خەلیفە محەمەدی ئەو، ئەو ماڵەی دەنـاسی و کـاتی خـۆی جیرانی یەکدی بووینە.

ــ ئێ وەڵا زۆرم پێ خۆشە بەو خوایەی هەر خەمم لێ دەخواردی إشاالله ئەو جارەی شانست باش دەبێت.

ــ إشاالله مەمنون.

ــ ئەدی چ کێشەت هەیە.؟

ــ وەڵا یەك فلسم نیـیە ئەو مـارەش جوابیـان نـاردییە بچـین ممکیـنە مـارەی بکەین و دەمەوێ زوو کۆتایی پێ بێنم.

ــ ئەوجا خۆ داکی خۆت نەمردییە چەندت پێ دەوێ.؟ پـێم بـرێ. ئەمـن لـۆت حازر دەکەم

ــ مەمنون پلکە مامز ئەمنیش هەر ئەتووم شك دەبرد

ــ ڕزگار کوڕم هەڕو لەو ژۆرەی لەناو دۆرابە ئاسنەکەی هەندەك پارەم لە ناو گوشەکی کچکە لول دایە لۆم بینە بـا سـالار بیبـات ئیشـەکەی خـۆی پـێ تەواو بکات.

ڕزگاریش چوو پارەکەی هێنا گوشەکەی لێك کـردەوە و پـارەکەی ڕژانـدە سـەر زەوی ژماردمان، وابزانم چل و پێـنج هەزار تـومەن بـوو، پـلە مـامز گـۆتی چەنـدت پێدەوێت.؟ ئەمنیش گوتم وەلا مومکینە هەر دەوری پەنجا هەزارەکم پێ دەوێت، مامۆستا (فوئاد حەمەلاو) کە لە قەڵادزێش مامۆستای من بوو ئەو کاتە لە نەغەدە لەگەڵ کابرایەکی نەغەدەیی دوکانێکی زێڕینگریان دانابوو، ئەویش ماڵی ئـاوا بێـت گۆتبـوی هەر چەنـدی زێڕتـان دەوێـت وەرن بیـبەن بە قەرز، نـاوە شـتێکم بدەنێ هەتا قەرزەکەتان تەواو دەبێت ماڵی ئاوا بێ هەلوێستێکی مێـرانەی نوانـد، پلە مامز گـۆتی سـالار بە گۆرێ(کـاکۆیی) هەر ئەوەنـدەمان لە مـارێ هەیە بەس ئەگەر زیاترت پێ بوێـت ئەوە دوو پەیکانمـان هەیە بـا ڕزگـار بچیـت یەکەکیـان بفرۆشێت و ئەتوو پارەکەی ببە و ئیشیـ خـۆتی پـێ تەواو بـکە، ئەمنـیش سوپاسـم کردوو گۆتم ناوەلا هەر ئەوەندەم بەسە بەشی من دەکات بە زیادەوە و زۆریشت لێ مەمنونم.

هەسـتم بە دڵسـۆزی و گەورەیـی و بە وەفـایی ئەو ئـافرەتە مەزنەکـرد ئەوان سەردەمان مرۆڤەکان یەك ڕەنگ و دڵ و سادەبوون و سادە دەژیان هاو خەمـی ڕەنج و ئازارەکانی یەکتری بوون ژیان سیمایەکی جوانی هەبوو.

من پارەکانم وەرگرتن نانی نیوەڕۆشم خوارد و بەرەو ماڵ چـوومەوە، بە دایکـم گۆت ئەوە عیلاجی پـارەم کـرد گـۆتی کـوڕم لە کێنـدەر ئەو هەمـوو پـارەت پەیـدا کردیە.؟ ئەمنیش گۆتم لە پلکە مـامزم داوا کـرد ئەویـش هەر ئەوەنـدەیان هەبـوو دایە من و گۆتی ببیە ئیشەکەی خۆتی پێ جێبەجـێ بـکە، دایکـم گـۆتی "ئەك مـاری ئاوەدان بێت خوا کیسەی هەر پڕ بکـات و لێـی بە زیـاد بیـت" پاشـان گـۆتم دایە

ئەوەندەمان بەسە و بەشی شتەکان دەکات بەڵام بەو شەرتەی بچی شەش تاك بازن لە لای مامۆستا فوئاد بینین بە قەرد لەگەڵ ئەو پارەی بەشی هەموو شتەکان دەکات لەگەڵ مەسروفی گواستنەوەش، هەر واشمان کرد بە یەکەوە چووین لە دوکانەکەی مامۆستا فوئاد شەش تاك بازنمان هێنا و خۆمان ئامادە کرد بۆ چوونمان بەرەو ڕەوانسەر، من بە تەلەفۆن بە مەولود و سەلیمم گوت کە ئەوان حەرەکەت بکەن بۆ ڕەوانسەر و ئێمەش لە نەغەدەوە حەرەکەت دەکەین و لە وێ یەکتر دەگرینەوە.

دوو ڕۆژ دواتر ئێمە چووین بۆ ڕەوانسەر لە وێ لە ماڵی مامۆستا مەلا ڕەحیم یەکترمان گرتەوە ئەوان پێش ئێمە گەیشتبوونە ئەوێندەر و لە چاوەڕوانی ئێمەدا بوون، ئەو ڕۆژە هەر بە قسە و سوالفە و دەنگ و باسەکان ڕۆژەکەمان بە کۆتا هێنا، ئێوارە دوای نان خواردن لەگەڵ مامۆستا کەوتینە قسە کردن، ئەو وتی دیارە قسمەتەکە وا بووە ئەم ئیشە ڕێك بکەوێت، کەس لاری نەبووە ئێمەش پرسیارمان کردووە لە خەڵك کەسێك بە خراپە باسی ئەو خانەوادەی ئێوەی نەکردووە، بۆیە هەموومان ڕازی بووینە بەو خزمایتیەی، ئێوەش بە پێی ئیمکانی خۆتان دڵی کچەکە ڕازی بکەن و موبارەکە إنشاالله پیرۆزتان بێت. ئیتر بڕیاردرا بەیانی ئێوارەکەی مارەی بکەین، من دڵ خۆش بووم، بەڵام تاکو ئەو ساتەش ڕووی کچەکەم نەدیتبوو یەکجار لە حەوش ئەویش لە دوورەوە لە پشترا دیتبووم، دیار بوو ئەم خانەوادەیە هەندێك لایەنی دینداریان توند بوو بە حوکمی ئەوەی مامۆستا مەلا ڕەحیم کەسایەتیەکەی ئاینی بوو، خانەوادەکەی هەر بەو شێوەیە ڕاهێنا بوو گەرچی من تۆزێ ئازادتر لە جاران بووم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕەچاوی بار و دۆخەکەم دەکرد و کەمتر جوڵەم هەبوو. بەیانییەکەی لە خەو هەڵساین و هەستم کرد کە من زیاتر تێکەڵاوم لەگەڵ ئەو خانەوادەیە بە تایبەتی لەگەڵ کوڕەکانی مامۆستا و سێ کچە بچکۆڵەکەی( ئیران ـ لەیلا ـ کوردستان)، ئێوارەی ئەو ڕۆژە مامۆستا دەر و جیرانەکانی بانگهێشت کرد و ناردی بە دوای (مەلا عباس) کە

ئەو مەلا عەباسە خەڵکی دەڤەری باڵەکایەتی بوو، بەڵام لە سنووری لقی سێ لە پەیوەندیەکان ئیشی ـ دەکرد و مەلاش بوو، ئەو مەلا عەباسە هات و دوای نان خواردن دەست کرا بە مارە بڕین بەم شێوەیە لە ١٩٨٦/١٢/١٠ من هاوسەری ئێستام مارە کرد و بوو بە هەلهەڵەی ژن و منداڵ و دابەش کردنی شەربەت و شیرینی، پاشان داوایان لە من کرد بچمە دیوی ئەو دیو کە ژن و منداڵ و بوکی لێ بوو، زۆر شەرمم دەکرد بەڵام بە ناچار هەڵسام و چوومە ئەو دیو قەڵەباڵغیەکەی زۆر بوو تا ئەو کاتە من بووکم نە دیتبوو، هەرچی سەیرم دەکرد نەمدەزانی کامە بووکە لە ژوورەکە مێزێکی درێژ پەردەیەکی پێدا درا بوو کە لەسەر مێزەکە پێخەف و شت قەد کرا بوو، باجی بەهار بە چاو ئاماژەی بۆ کردم کە بووك لە ژێر ئەو پەردەیە خۆی حەشار داوە دیار بوو ئەویش شەرمی دەکرد منیش چووم پەردەکەم لادا و بوك دەرپەڕی و من بە دوای کەوتم ئیتر بوو بە هاوار هاوارو هەلهەڵەی ژن و منداڵ ئەو شەوە هەرگیز لە یاد ناچێت، بۆمن ژیانێکی دووبارە بوو لە دوای دارمانێکی وێرانکەر، ئیتر من بووم بە کوڕی ماڵ ئەوان یەك زاوایتریان هەبوو، ئەویش تازە کچیان دابوو پێی و برازای مامۆستا بوو کە خوشکە بچووکترەکەی هاوسەرەکەی منیان پێدابوو بە ناوی (خەرامان). بەڵام دیاربوو خۆشەویستیەکی زۆریان بۆ من هەیە بە تایبەتی بەڕەحمەت بێت(حەمدیە خان)خەسووم و منداڵەکانی تریان هەموویان دەوریان لە من دابوو منیش سوالفە و قسەی خۆشم بۆیان دەکرد و خۆشحاڵم دەکردن. بڕیارماندا بەیانییەکەی بچین بۆ کرمانشان جلوبەرگ و ئاڵتوون بکڕین بۆ بووك، ئەوکاتە گەرمەی شەڕی شارەکان بوو لە شەڕی ئێران و عێراقدا. عێراق و هێزە ئاسمانییەکەی کە باڵا دەست بوون زۆر بە چڕی ناو شارەکانیان بۆردومان دەکرد، بۆ بەیانییەکەی زۆر زوو ئێمە لە خەو هەڵساین تا بچین بۆ شتومەك کڕین لە کرمانشان، مامۆستا مەلا ڕەحیم وتی وریایی خۆتان بن زۆر خۆتان تاخیر مەکەن بەپەلە ئەو شتانەی زەرورین بیکڕن و وەرنەوە زروفەکە زۆر باش نییە خوانەخواستە باشتێك ڕوونەدات و زەرەری تێدا بکەین، من و دایکم ، مەولوود ، بەهار خان،کافیە، بەفراوی مامۆژنی،خەرامان و یەك دوو

منـداڵیش لەگەڵ دابـوون بەس بیـرم نـایە کامـانە بـوون بە سـواری مینـی پاسـێك چووینە کرمانشان کە گەیشتینە ئەوێ تازە دوکان و بازاڕەکان دەکرانەوە.

نـاوی هاوسـەرەکەم(کافیە)بوو لە بیـرم چـوو ناوەکەیتـان بـۆ بنوسـم، ئەو ئافرەتێکە نە باڵا بەرز و نە کورت بوو، مامناوەند بوو هەنـدێکیش قەڵەو بـوو ئەو تەقـریبەن هـاو تەمەنی خـۆم بـوو واتە پێـدەچوو منـاڵی یەك سـاڵ بـین و چەنـد مانگێك من لە ئەو گەورەتر بووم چووینە نـاو بـازاڕەکەیی کرمانشـان (قەیسـەری) لەوێ هەندێك جلوبەرگ و پێداویستی ژنانمان کڕی، ئینجا وتیان بابچین بـۆ کـۆڵانی زێرینگرەکان زێـر هەڵگـرین، چـووینە ئەو کـۆڵانە شـتەکانمان بە دڵ بـوو چـووینە ژورەوە و ئەو شتانەی هەڵمانچنیبوو زێرینگرەکە لەسەر مێزەکەی پێش خۆی ڕیـز کردبوون، هێشتا مەعامەلەمان نەکردبـوو لە پڕێکـا دەنگـی ڕادیـۆکە قەتـع بـوو و دەستیان کرد بە ئاگادار کردنەوە و دەیگوت (تکـایە شـوێنەکانتان جێبهـێلن بچـنە پەناگەکانەوە هێرشی ئاسمانی ئەنجام دەدرێـت)، هەر ئەوەنـدەی گـۆت و هەمـوو خەڵکی ئەو بازاڕە دەستیانکرد  بە ڕاکردن بۆ ناو پەناگەکان ،ئەو دوکاندارەی ئـێمە لای بـووین ئەویـش ڕای کـرد ،ئەوان دەرئەنجـامی ئەو جـۆرە بۆردومانانەیـان لە پێشتر دیتبوو زۆر ترسابوون تەنیا دەیانویسـت گیـانی خۆیـان دەربـاز بـکەن، بەڵام ئێمە پێشتر بەم شـێوەیەمان نەدیتبـوو زۆر نەدەترسـاین گەرچـی مـن و دایکـم لە ساڵی ١٩٧٤ بۆردومانی قەڵادزێمان دیتبوو، بەڵام هەر گوێمان بە ئاگـادارکردنەوەکە نەدا خاوەن دوکانەکە ڕایکرد بـۆ پەنـاگەکە بە بـێ ئەوەی دوکـانەکەی دابخـات لە ترسی ڕۆحی خۆی ئێمە لە نـاو دوکـانەکەی مـاینەوە لە شـوێنی خۆمـان دانیشـتین هـیچ جـوڵەیەکمان نەکـرد، تـاکو دووبـارە ئاگـاداری بلاوبـۆوە کە مەتـرسی هێـرشی ئاسـمانی نەمـاوە، دوکانـدارەکە کە گەڕایەوە و چـاوی بە ئـێمە کەوت زۆر تـووشی سەرسامی بوو ، وتی ئێوە ڕاتان نەکرد.

ــ نەخێر ڕامان نەکرد هەر لێرە ماینەوە.

ــ ئەی چۆن زێڕەکانی منتان نەبرد و نەڕۆیشتن.

ــ بۆ خۆ ئێمە نەهاتووین زێری خەڵك بدزین، بەڵام لێـرە مـاینەوە ئاگامـان لە دوکانەکەت بوو کەسێك نەیەت و زێڕەکان نەبات و تۆش وا بزانی ئێمە بووینە.

ــ ئەوە ئێوە خەڵکی کوێن.؟

ــ ئێمە پەناهەندەین کوردی عێراقین لە ڕەوانسەردا دەنیشین.

ــ وەڵاهی کەسەکی تر بایە هەمووی دەبـرد و دەڕۆیشـت، مـن سـوپاسی ئێـوە دەکەم،

ـــ لە جیـاتی سوپاسـەکە هەنـدێ زیـڕی باشـمان پـێ بفرۆشـە کە دوای لێـی پەشیمان نەبین.

ــ وەڵا هەموو زێڕەکانم باشن زێڕی خـراپم نیـیە ئێـوە هەرکـامی هەڵـدەگرن هەڵی گرن لێی بێ خەم بن.

هەنـدێك زێڕمـان لـێ هەڵبـژارد و دامـانە دەسـت کـابرای دوکانـدار وتمـان ئەوانەمان بۆ دا بنێ، ئەویـش خسـتیە سـەر تەرازووەکە و وتی لەبەر ئەوەی ئێـوە خەڵکێکی باش بوون دوکانەکەی منتان پاراست پێم خۆشـە ئەم زێـڕانە دیـاری مـن بێت بۆ ئێـوە، بەڵام ئـێمە ئەوەمـان قبـوڵ نەکـرد بـۆیە ئەو وتی کەواتە ئەو نـرخە حسـاب دەکەم کە خـۆم کڕیـومە هـیچ قازانجێـك نـاخەمە سـەری، دەمەوێ چاکەکەتان بدەمەوە، ئێمەش بەوە ڕازی بووین و لە بیرم نەماوە چەند بـوو، بەڵام پارەی زێڕەکەمان داو و خوا حافیزیمان لە کابرای دوکاندار کـرد بە نـاو بـازاڕەکەدا دەڕۆیشتین تووشی کۆڵانی پێڵاو فرۆشان بووین گۆتیان وەڵا لێرەش هەندەك بـابوج و پێڵاومان دەوێت بە پێش هەر دوکانەکدا دەڕۆیشتین دەیـانگۆت بـا بچیـنە ئەو دوکانەی ئەمنیش دەمگۆت ئێرە باش نییە شتی جوانی لێ نییە، هەر مەبەستم بـوو زوو بگەڕێنەوە وەزعەکە گونجاو نەبوو، تـا گەیشـتینە دوکانێـك کە گەورەتـر بـوو لەوانی تر، بەڵام خاوەن دوکانەکە لە وێ نەبوو چۆڵبوو کەسی تێدا نەبوو وتیان ئەو دوکانە شتی جوانی هەیە دەبی خاوەنەکەی لە کوێ بێت،؟ منـیش هەر بە فشـە بە

دەنگێکی بەرز هاوارم کـرد(محەمەد عەلـی) یەك دوو جـار دووبـارەم کـردەوە لەو سەری بازاڕەکە یەکێك بە ڕاکردن هات وتی فەرموو بچنە ژوورەوە لە خـزمەت دام، زۆر سەیر بوو من هەر لە خۆمەوە بانگم کرد محەمەد عەلـی کەچـی نـاوی کـابرا محەمەد عەلی بوو، لە ویش وابێت ئێمە ناسیاوی ئەوین بۆیە ناوی دەزانـین بەس وەکی برێی شـەرمی دەکـرد بـرێ ئەنگـۆ کینـە، دوو سـێ جـوت پـێڵاو و بـابوجمان هەڵبژارد و کابرای دوکانداریش هەر بە حیسـابی ئەوەی ئـێمە نـاسراوی ئەویـن بە نرخێکی زۆر کەمتر بۆمانی حیساب کرد، ئەمە دواین کڕینی ئـێمە بـوو لە دوکـانەکە دەرچووین مەولود پرسی سالار ئەتوو ئەو کابرایەت دەناسی

ــ نا وەڵا لە ژیانمدا ئەوە یەکەم جارە

ــ ئەدی کوو زانیت ناوی محەمەد عەلیە.؟

ــ وەڵا هەر هاتە ناو مێشکم خاوەنی ئەم دوکانە ناوی محەمەد عەلیە

ــ ئەتوو خۆ علمی غەیبت نییە.؟

ــ کوڕە نا وەڵا علمی غەیبی چی ئەمن هەر لۆ فشەی وام بانگ کرد.

ــ ئێ وەڵا سەیرە. بەس خێری تێدا بوو زۆر بە هەرزان بۆی حیساب کردین

لەوێ دەرچووین.چێشتخانەیەکی عێراقی هەبوو کە کوردی فەیلی بوون هەموو خواردنەکانی عێراقی بوون لەوێ نانی نیوەڕۆمان خوارد، من کە سـەیری خەڵـکەکەم دەکرد ترسێکی زۆرم بە ڕوخساریان بەدی دەکرد کرمانشـان یەکێـك لە بە هێزتـرین چەکەکانی دژە فـرۆکەی لێبـوو لەسـەر هەمـوو بـانە بەرزەکـان چەکی دژە ئاسـمانی دانرابوو، چـونکە هێـرشی ئاسـمانی زۆر دەکـرا بـۆ سـەر کرمانشـان بە هـۆی بـوونی پـالاوگەی نەوت و بـوونی سـەربازگەی سـوپای ئێـران، بـۆیە ڕۆژانە یەك دوو جـار بەلایەنی کەم هێرشی ئاسمان دەکرا و سەر و هەمـوو جـارێکیش ئەم هێرشـانە نـاو شاری دەگرتەوە. خەڵکی سڤیلی شارەکە دەکـوژران و برینـدار دەبـوون ناهەقیـان نەبوو بترسن ئەو فرۆکەوانە عێراقیانە زۆر بێـویژدان بۆمبارانیـان دەکـردن لە هـیچ

شتێك دەستیان نەدەپاراست، لەلای ئەوان گرنگ ئەوەبوو بۆمبەکانیان بخەنە خوارەوە بە بەتاڵی بگەڕێنەوە.

لە چێشتخانەکە بەپەلە نانێکان خوارد و چووینەوە بەرەو گەراجی ڕوانسەر لە دەرەوەی گەراجەکە سەیارەی بچووک(قەمەرە)وەستابوو و هاواریان دەکرد (جوانرۆ ـ ڕوانسەر)منیش وتم با دوو قەمەرە بگرین و زوو بڕۆین، ئەوان ڕازی نەبوون وتیان کرێی قەمەرە زۆرە بابە(مینی پاس)بڕۆین پاسەکە لە ناو گەراجەکە وەستابوو. ئێمەش شتەکامنان خستە ناو سندوقی پاسەکەو سواری پاسەکە بووین تەنیا دوو نەفەری تری تێدا بوو زیاتر لە نیو کاژێر چاوەڕێمان کرد کەسیتر نەدەهات سواری پاسەکە بێت، منیش وتم کەی حەرەکە دەکات؟ یەکێك لەو دوو نەفەرەی کە لە پێش ئێمە لە ناو پاسەکە دابوون وتی وەڵا هەتا پڕی نەکات ناڕوات. بۆیە من هەڵسامەوە بە جەماعەتی خۆمانم وت دابەزن من دوو پەیکان دەگرم و دەڕۆین. هەرچەندە ئەوان وتیان پەلە مان چییە، بەڵام من هەستم دەکرد شتێك ئەمرم پێدەکات لەو گەراجە بچمە دەرەوە، بۆیە گوێم بە وان نەداو دابەزیم و بە شاگردی پاسەکەم وت کەلوپەلەکامنان دەرکە ئێمە دەڕۆین  ئەویش شتەکامنانی دەرهێنا من بەپەلە چووم لەبەر دەرگاکە دوو قەمەرەی پەیکانم گرت کەلوپەلەکامنان بار دەکرد، کە دەنگی ئاگادارکردنەوەی هێرشی ئاسمانی بۆ سەر کرمانشان لە ڕادیۆ و بڵندگۆکان بەرز بۆوە هێشتا سواری سەیارەکە نە بوبووین کە شێلکەی چەکە دژە ئاسمانییەکان ئاسمانی شارەکەی تەنییەوە، خۆمان خستە ناو سەیارەکان و سەد مەترێك دورنەکەوتینەوە دونیا لە پێش چاومان تاریك بوو وەك ئەوە وابوو زەوی لەرزە بێت، ئەو سەیارەی ئێمەی تێدابووین هەر لایدا ڕۆخ جادەکەو کوژاندیەوە کە دابەزین دونیا خرابوون بوو لە هەموو لایەك قیژە و هاوار بوو بە ڕاکردن ڕامکردە لای گەراجەکە چونکە قەلەبالغیەکە زۆری لێبوو و دوکەلێکی زۆریشی لێ هەڵدەستا کە گەیشتە ئەوێ دیتم دوو یان سێ بۆمبا بەر ئەو شوێنە کەوتبوو ئەوەی نەش کوژرا بوو بە برینداری لە وێ کەتبووە سەر

زەوی فڕۆکەکان جەولەیان نەکرد هەر یەکجار بۆمبارانیان کرد و ڕۆیشتن ئەگەر وا نەبا زیانێکی زۆرتریان دەگەیاند، ئیتر من گەڕامەوە لای سەیارەکان وتم با بڕۆین خەڵکێکی زۆر کوژراون و برینداریش بێ ژمارەیە، چ شۆفێرەکان و چ ئەوانەی لەگەڵمدا بوون هەموویان سەریان سوڕما بوو، دەیان گوت وەڵا ئەتۆ نەبایت هەموومان کوژرا بووین ئەوە چۆن زانیت و ئێمەت دەرباز کرد.؟ منیش وتم من هیچم نەزانیبوو، بەڵام هەستێکم لا دروست بوو ئەمری پێم دەکرد لەو شوێنە نەمێنین، بەم شێوەیە خوای گەورە لە مەرگێکی حەتمی دەربازی کردین، تا گەیشتینەوە ماڵ هەر ئەو باسە بوو کە گەیشتینە ماڵ ئەم بابەتەیان بۆ مامۆستا مەلا ڕەحیم باس کرد ئەویش چەند سەڵاواتێکی لێدا و وتی خوا بەخۆی عالیم و غەیبە، بەڵام ئەو کوڕەش دیارە خوا خۆشی دەوێت و خوا کردوییەتی بە سەبەب بۆ دەرباز بوونی ئێوە، دەبێت سوپاسی بکەن و ئیشێکی باشی کردووە کە ئێوەی لەو گەراجە دەر کردووە، ئیتر ئێمە هەموو ئەو شتانەی لازم بوون و دەبوایە بیان کڕین کڕیبوومان بۆیە دوای نانی ئێوارە مۆڵەتمان لە مامۆستا وەرگرت و وتمان بەیانی دەگەڕێنەوە ئینشالله هەفتەیەك تا دە ڕۆژی تر بوکمان دەگوازینەوە، بەڵام پێشتر بە تێلەگرام ئاگادارتان دەکەینەوە ئەویش ڕەزامەندی داو و ئیتر بۆ بەیانیەکەی ماڵ ئاوایمان کرد و مەولود و ئەوان گەڕانەوە بۆ تاران و ئێمەش گەڕاینەوە بۆ نەغەدە.

ئەوانەی دۆستی ئێمە بوون بەو کارە دڵ خۆش ببوون پەیتا پەیتا دەهاتن و پیرۆز بایی خۆیان ڕادەگەیاند، منیش وەك سەرکەوتوویەکی جەنگ خۆم دەهاتە پێشچاو، ئەمە باوەڕ و هێز و توانایەکی زۆری پێ بەخشی بووم، لە دوای هەفتەیەك تێپەڕبوون بە گەڕانەوەمان کە ئامادەسازی تەواو کرا بوو بۆ گواستنەوەی بووك من وام پێ باش بوو لەبەر دووری ڕێگاکە کە دوازدە کاتژمێر زیاتر بوو زۆر قەڵەباڵغی نەکرێت بۆیە وامان بە باش زانی مینی پاسێك بگرین کۆمەڵێك خەڵکی دیار و کەسایەتی بچن و بوك بهێنن هەر واشمان کرد و بە

سەرپەرشتی(موحسـین خۆشـناو) هەنـدێ پیـاو مـاقوڵ کـۆکرانەوە لەگەڵ چەنـد ئافرەتێك و چوون بوکیان هێنا بۆ نەغەدە.

لە ڕۆژی(١٩٨٦/١٢/٢٣) پرۆسەی هاوسەرگیریەکەم بە کۆتا هات و چوومە ناو ژیانێکی نوێی ترەوە، بەڵام ئەمجارەیان زۆر گەشبینتر لە جاری پێشـوو، دڵنیـا بـووم کە پرۆسەکەی ئەم جارە سەرکەوتوو دەبێت و هەر واش دەرچـوو تـاکو ئەمـڕۆش بەردەوامە و بـێ ئەوەی ڕۆژێـك لە ڕۆژان هـیچ کێشـەیەك دروسـت بوبێـت کە شایەنی باس کردن بێـت ژیـانی ئەو کـاتە بە پێـوەری سـادەی مرۆڤەکـانی ئەو کـات پێوەر دەکرا، ئەو کاتە ئێمە لە ئاوارەی و لە خـانووی کـرێ دابـووین ئەو خـانوەی ئێمە گرتبوومان واتا دوو ژوور بوو لەگەڵ خـاوەن خانوەکەمـان بە یەکەوە بـووین خاوەنی خانوەکەمان عەجەم واتا تورك بوو ناوی(ناسر) بوو ئەو فەرمـانبەر بـوو لە تەندروستی نەغەدە کەسێکی نەرم و لەسەر خۆ بوو ژوورێکمان گەورە و درێژ بـوو بەشێکی ژوورەکەمان بە تەختەدار جودا کردەوە کردمان بە ژووری من ئەو مـاڵەی مـن هەمبـوو تەنیـا دۆشـەکێك و بالیفێـك و لێفێـك و دوو جانتـایی جلکـان بـوو خــواردن و خوارنەوەمــان لەگەڵ دایکــم و خوشــکەکانم و بــراکەم بــوو، لەوان سەردەمان نە بووك بیانویی دەگرت و نە خەسـوش درنـدۆگ دەبـوو، زۆر سـادە و ساکار ژیانمان بەڕێ دەکرد، من مۆڵەتی ژن گواستنەوەم هەبوو لە مـاڵ بـووم، بەڵام زروفەکە بــــاش نەبــــوو هێــــزی ئاســــمانی عێــــراق شارەکانی(سەردەشــــت و پیرانشاری)کیمیابارانکردبوو دەنگـۆی ئەوە هەبـوو کە لە نەغەدە و شـنۆش بـدات خەڵکی لە ترس و دلەڕاوکێ دەژیان، بێخالی خوشـکم هـاوڕێیەکی کچـی هەبـوو لە قوتابخانە عەجەم بوو خەڵکی گوندی(حاجی باغلو)بوون، ئێمە هـیچ جێگـایەکمان نەبـوو کە بچیـنە ئەوێ و خۆمـان بپـارێزین شـارەکە تەقـریبەن چـۆل ببـوو جـولە وەستابوو دوکان و بازاڕەکان زۆربەی هەرە زۆریـان داخرابـوون ،بەیـانییەکەی ئەو کچە هاوڕێیەی بێخـالی خوشـکم کە ناوی(مهنـاز )بـوو لەگەڵ خوشـکێکی تـری کە نـاوی(مەلیکە)بوو هـاتنە مـاڵمان و وتیـان ئەوەی پێویسـتانە هەڵیگـرن و بـاوکم

جێگایی بۆ داناون ئێمەی ناردووە دوای ئێوە کە بتانبەینە گوند، ترسەکە ئەوەندە زۆر بوو بەبێ یەك و دوو رازی بووین و هەندێ کەلوپەلمان تێك ناو بەرە و گوندەکەی ئەوان (حاجی باغلو) بەرێکەوتین دەوری حەوت کیلۆمەترێك لە نەغەدە دووربوو، گوندەکە دەکەوتە لای ڕێگای ورمێ کە گەیشتینە ئەوێ باوك و دایك و براکانی مهناز زۆر بە گەرمی پێشوازیان لێ کردین،خانوەکانی ئەو گوندە هەمووی لە خشتی قوڕ دروستکرابوون بانی خانووەکانیش بە کاریتە و حەسیر داپۆشرابوو، ژوورێکی زۆر گەورە و دورو درێژیان بۆ ئێمە چۆل کردبوو کە جێگایی هەموومانی تێدا دەبۆوە، سێ دینگەی داری ئەستور درابوونە بەر کاریتەکان بۆ ئەوەی قورسایی بانەکە ڕابگرێت و دانەکەوێت چوار دەلاقەی زۆر گەورەی لە خانووکە هەبوو پێش خانووێکیشی هەبوو وتیان دەتوانن ئێرەش بکەنە مەتبەغ بۆ چێشت لێنانتان، ئەلهەق زۆر ڕێزیان گرتین و هاوکاریان کردین لە ڕووی جێگا و ڕێگا و هەروەها لە ڕووی خواردەمنیشەوە بە تایبەتی شیرەمەنییەکان، چونکە هەموویان ئاژەلداربوون بەرهەمەکانیشیان زۆر بوو نەدەفرۆشرا بە هۆی داخستنی بازاڕەکە، کەلوپەل و پێخەفەکانمان کەم بوو ئێمە هەر توانبوومان جلوبەرگ لەگەڵ خۆمان ببەین، بۆیە سەیارەیەکی پیکابمان پەیداکردوو چووین لە ماڵەوە هەندێ پێخەفمان هێنان و لەگەڵ کۆمەلێك مەنجەل و قاپ و قاچاغ، نیمچە ماڵێکمان لەو گوندە دامەزراند، هەمووی هەفتەیەك بوو من زەمەواندم کردبوو، بەلام هەم من و هەمیش هاوسەرەکەم ڕاهاتبووین لەم شێوازەی ژیانکردنە بۆیە کەسمان گلەیمان نەدەکرد دوای پازدە ڕۆژ لە مانەوەمان لەو گوندە ڕۆژێکیان بەرەحمەت بێت خەزورم دەرکەوت ئەویش دەیزانی کە ئاوارەی گوندەکان بووینە لە نەغەدە پرسیاری کردبوو ناونیشانی ئێمەیان پێ گۆتبوو ئەویش هاتبوو بۆ ئەو گوندە ئەو کاتە من لە دەرەوە پیاسەم دەکرد دیتم لۆریەك ڕاوەستا کەسێکی لێ دابەزی کە دیقەتم کرد دیتم خەزورمە منیش چووم بۆ لای ماندوو نەبوون و بەخێرهاتنم لێ کرد بەرەو ماڵ بردمەوە، خەزورم کەسێکی قسە خۆش و خۆش مەجلیس بوو، هەرگیز نە هەڵدەچوو نە بێ

ئومێد دەبوو زۆر بە قەناعەت و خۆڕاگر بوو، ئەگەر لە یـادم مابێـت دوو شـەو لە لامان مایەوە شەوی دووەم بوو کە گۆتی ئەگەر ڕەزامەند بن کـافیەش لەگەڵ خـۆم دەبەمەوە و هەفتەیەك دە ڕۆژ لە لامان بێت ئەگەر سـالار تـوانی بـا بێـتە شـوێنی ئەگەر نـا مـن خـۆم لەگەڵ یەكێـك لە كوڕەكـانم دەی نێـرمەوە ئیـتر بەیـانییەكەی خەزورم و هاوسەرەكەم بردن بـۆ نەغەدە و لە وێـش سـواری سـەیارەی مەهابـادم كردن و خوا حافیزیمان لە یەكتری كرد.

# تەوەری نۆزدەم

## کارەساتی کۆچی دوایی کاک ئیدریس بارزانی

هەر لە گوندی حاجی باغلۆ بووین مانگی ۱ی ۱۹۸۷ هەواڵی کۆچی دوای هەڤاڵی سەرکردە(ئیدریس بارزانی) بڵاوبۆوە ناخی هەمووومانی ئازاردا.

کاك ئیدریس کەسایەتیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پسپۆر بوو لە هەموو ڕوییەکەوە بە تایبەتی گرنگدان بە باشتر کردنی ژیانی ئەو پەنابەرانەی لە ئێران مابوونەوە، ئەو منیشی زۆر خۆش دەویست جارێکیان لە شوێنێك پرسیاری لێ کردم.

ــ تەشقەڵەچی ژنت نەهێناوە.؟

ــ نەخێر قوربان هێشتا هەر کوڕم.

ــ ئێ خۆ دەزانم کوڕی. ها ها ها بە پێکەنینەوە.

ــ جارێ کەسێکم دیاری نەکردوە و مەبەستم ئەوە بوو ژنم نەهێناوە.

ــ تەمەنت چەندە.؟

ــ ۲۵ساڵم ئەزبەنی

ــ وەڵا کاتیەتی قۆڵی لێ هەڵماڵە و ناوی خوای لێ بێنە هەر کات ویستت ژن بهێنی وەرە لام و من شتێکی باشت بۆ دەکەم ئێوە هەقتان لەسەر ئێمە و بە تایبەتیش لەسەر من هەیە.

ــ سوپاس ئەزبەنی ئینشاڵلا وا دەکەم.

ئەمە گفتوگۆیەك بـوو لە پـێش ژن مـارەکردن لەگەڵ کـاك ئیـدریس هەمبـوو، بەڵام ئەو کـاتەی خەریـکی ئەو ئیشـە بـووم ئەویـش سـەرقاڵی کۆمەڵێـك ئـیش و سـەفەری دەرەوەی وڵات و ڕێکخسـتنی بنـاغەی ئاشـت بـوونەوەی گشـتی هێـزە کوردییەکان بوو لە قالبی (بەرەی کوردستانی)دا.

هەر بۆیەش من داواکاریەکەی خـۆمم دواخسـت بـۆ کـاتێکی تـر کە بەڕێزیـان دەرفەتیـان هەبێـت، بەڵام زۆر بە داخەوە ئەو کـاتە هەر نەهـات و ئەویـش مـاڵ ئاوایی یەکجارەکی لێ کردین، لە نـاو پەنابەرەکانـدا بـوو بە شـیوەن و گریـان کەس ئاگای لە ژیانی خۆی نەمـا بـوو، ڕوت لە هەر لایەك بکـردایە قـوڕ پێـوان و شـین و گریان بوو، هەر بەم هۆکارەشـەوە ئەو پەنـابەرانەی ماڵەکانیـان لە شـاری نەغەدە بـوو کە نـزیکەی زیـاتر لە هەزار و دوو سـەد مـاڵ دەبـوون گەڕانەوە نـاو شـار و ئـێمەش گەڕایـنەوە نـاو شـار، ڕۆژێـکی نەخـوازراو و ڕەش بـوو لە مێـژووی ژیـانی ئاوارەیماندا. ئەوکاتە جەنابی سەرۆك بارزانی بە جەولە لە دەڤەری بادینـان بـوو، لە بیرمە کاك عەلی عەبدوڵلا برووسکەیەکی بۆی کرد و هەواڵەکەی پێڕاگەیاند.

تەرمی کاك ئیـدریس لە تەنیشـت بـارزانی نەمـر بە خـاك سـپێردرا، گەرچـی لە دەسـتدانی ئەو پیـاوە زەرەرێـکی گەورە و کەلێنـێکی دیـار بـوو لە نـاو بـزوتنەوەی ڕزگـاریخوازی کوردسـتان، لەگەڵ ئەوەشـدا ئەو گەورەتـرین دەسـتکەوتی لە دوای خۆی بە جێهێشت، چونکە هەوڵ و کۆششـەکانی ئەو بـوون بـووە هـۆی تەبـایی و یەکهەڵوێسـتی پـارتە سیاسـیەکان و دروسـت بـوونی بەرەیەکی یەکگرتـووی هێـزە جیاوازەکانی گۆڕەپانی خەباتی کوردستان لە چوارچێوەی(بەرەی کوردسـتانی)دا. بـۆیە بە مامۆستا و ئەندازیاری ئاشتبوونەوەی نیشـتیمانی نـاوی دەبـرا و سـەربەرزییەکی گەورەی بۆ خۆی و نەتەوەکەشی تۆمار کردبوو. من دەبوایە بگەڕێمەوە سەر ئەرك و واجبـی خـۆم، لە لایەکـیش دەبـوایە بچـمە شـوێن هاوسـەرەکەم بـۆیە بە پەلە چـوومە دوای هاوسـەرەکەم و هێنـامەوە بـۆ مـاڵ و دوو ڕۆژ دواتـر گەڕامەوە بارەگاکەی خۆم کە نەخۆشخانەی شۆڕش لە بارەگـای مەکـتەب سـیاسی بـوو. وردە

وردە بەرەوە بەهار دەچووین هێـزی پێشـمەرگەی هەمـوو لایەنەکـان نەفەسـێکی حەسانەوەی کێشا بوو، نەمـانی شـەڕی بـرا کـوژی دەرفەتـێکی تـازە بـوو بـۆ هێـزی پێشمەرگە کە بتوانێت زەبـری کوشـندە و کـاریگەر لە پەیـکەری هێزەکـانی عێـراق بدات و بڕیاریشدرا بـوو کە هەمـوو چالاکییەکانیـان بە هـاوبەشی و لە ژێـر نـاوی بەرەی کوردسـتاندا بە ئەنجـام بگەیەنـن، واتـا پێشـمەرگە، پێشـمەرگەی لایەنـێکی حزبی نەبوو هەمووان پێشمەرگەی بەرەی کوردستانی بوون، ئەمە تـا ڕادەیەکی بـاش پاڵپشتی و باوەڕی جەماوەری بۆ خۆی ڕاکێشـا بـوو، بەڵام هێشـتا هەنـدێ تـرس و گومان لە مێشکی خەڵکی تەتەڵەی دەکرد، بۆیە بە چاوی پڕ لە مەترسـیەوە سـەیری بارودۆخەکەیان دەکرد.

# بەشی شەشەم

# قۆناغی ئەنفال و ڕاپەڕین

# تەوەری بیستەم

## چوونم بۆ شێخ وەسانان

لە مـانگی چـواری ١٩٨٧ ئەوکاتـانە سـنورەکان بڕینیـان ئاسـانتر بـوو بە هـۆی توانەوەی بەفر و گەرم بوونی کەشوهەوا، سەرەتای مانگی چوار بوو من بە مۆڵەت گەڕابوومەوە ماڵ دەنگۆی ئەوە هەبوو کە لقی ٢ دادەبەزێتە سنووری چالاکیەکانی خۆی کە دۆڵی خۆشناوەتی و دەشتی هەولێر بوو، ئەوکاتە هەڤاڵ خورشید شێرە بۆ جـاری دووەم کرابـووە بەرپـرسی لقـی٢ منـیش چـوومە ماڵیـان بـۆ ئەوەی بـزانم دەنگوباس چییە و چـی دەکەن، کـاك خورشـید زۆر دڵخـۆش و گەشـبین بـوو، ئەو دەیگـۆت ئێسـتا دەسـتمان دەگـاتە هەمـوو شـوێنێك و دەتـوانین چـی بمانەوێـت بـیکەین، دەشی گـۆت بە تەمـای دووبـارە ڕێکخسـتنەوەی هەیـکەلی لقــی٢ و زیادکردنی کۆمەڵێك ناوچەی ترین. دیار بوو حەزی دەکرد منیش لەگەڵیان بچـم و سوکە بەڵێنیکیشدا کە لە دووبارە ڕێکخستنەوەدا شوێنێکیش بۆ مـن دا دەنرێـت، منیش پێم ناخۆش نەبوو لەگەڵیاندا بچم لەبەر دوو هۆکار.

یەکەمیان: بتوانم پەیوەندی بە خزمان بـکەم و هەنـدێ پـارە وەك و قەرز یـان هاوکاری لێیان وەربگرم و قەرزەکانی خۆمی پێ بدەمەوە.

دووەمیان: بە حەقی خۆمم دەزانی کە بنەماڵەی ئێمە وەکو بەشێك لە بنـاغەی دروست کردنی پارتی لەو سنوورە ڕۆڵیان هەبووە بۆ جارێکی تر جێ پەنجەیان دیـار بێت و خزمەتی خەڵکی بکەن.

لەگەڵ ئەوەشـدا دوودڵ بـووم لە چـونم بـۆ لقـی دوو، چـونکە ڕابـردوویەکی خەمناکم لەگەڵ ئەو لقە هەبوو، حەزم لێ بوو بچم و دەشترسام لەوەی کە هیچم

بۆ نەکرێت و وەك کوردییەکەی دەرێن(لە هەرێش بـم لە مەرێـش بـم) شـەو زۆر فکرم کردەوە سەرەتا دەمویست بچـم داوای نەقـڵ بـکەم بـۆ لقـی دوو، بەڵام دڵە ڕاوکێم هەبوو، بۆیە وتم وا باشە وەکو میوان لەگەڵیان بچم ئەگەر بە دڵی من بوو دەمێـنمەوە خـۆ ئەگەر بە دڵیشـم نەبـوو شـوێنی خـۆمم هەیە دەگەڕێـمەوە شوێنەکەی خۆم. بەیانییەکەی لە خەو هەڵسام و چـوومە بارەگـاکەی خـۆم لە وێ داوای مـۆڵەتێکی دوو مـانگیم کـرد بە بیـانووی ئەوەی لەگەڵ لقـی ٢ دەچـمەوە خـوارێ، بەڵکـو چـاوم بە خزمـانم بکەوێـت و هەنـدێ هاوکاریـان لـێ وەربگـرم. ئەوانیش ڕازیبوون و ڕەزامەنـدیان لەسـەر دا بـۆیە بە پەلە گەڕامەوە مـاڵ و خـۆم ئامادە کرد کە لەگەڵ کاك خورشید بچم بۆ سنووری خۆشناوەتی. دەوروبەری پێـنج و شەشی مانگی چوار بوو ئێمە حەرەکەمان کرد بۆ گوندی(ئاڵواتان) و لە وێش بـۆ (کونە مشکە ) لە ڕێی دۆڵەتوو ئـاودیوەی دیـوی عێـراق بـووین، ئەوکـاتە هەمـوو بەرزایی و سەر شاخەکان لەو سنورە بە ڕەبایەکانی جـاش و جەیـش داپـۆشرا بـوون بە ڕێگادا ڕۆیشتن زۆر ئەستەم ببوو، ئێمە نزیکەی سەد و پەنجا کەسێك دەبـووین بە چیای مامەندە شۆڕ بووینەوە دواتر لە (چەکوچ) سەرکەوتین و شۆڕمان کردەوە بناری قەندیل، ئیتر لێـرە بە دواوە ڕێگاکـان بە تـرس و زەحـمەت دەبـوون، نەمـان دەتوانی دابەزینە خوارەوە لەبەر جاش و جەیش دەبـوایە سـەر شـاخ و سـەر شـاخ بڕۆین تاکو دەگەیشتینە(رەزگە مارە دوێ) بە ئێمەیان گوتبوو تەنیا شەو و ڕۆژێـك لە ڕێگـا دەبـین و دەگەن بە بارەگاکـانی خۆمـان و ئـاوەدانی، بـۆیە بـڕێکی کەم خواردنمان هەڵگرتبوو کە بەشی یەك دوو ژەمی دەکردین بە هۆی سەختی ڕێگـاکە ئێمە ماوەی سـێ ڕۆژ لە حەڕەکەتـدا بـووین دواجـار گەیشـتینە شـوێنێك کە ئیـتر ڕێگاکە نەما و بوو بە هەڵـدێر، هەڵـدێرێك وەکـو دیوارێـك وابـوو، لە خـوارەوەش ڕووبارێکی لێ بوو، نەمانـدەزانی چـی بکەیـن، ئەگەری گەڕانەوەمـان زۆر زەحـمەت بـوو، چـونکە هەم مـاوەیەکی زۆر بـوو هەمـیش خواردنمـان پـێ نەمـا بـوو بـۆیە بڕیاریاندا بە گوریس خۆمان شۆڕ بکەینەوە خوارێ. ئێمە سێ هیسـترمان پـێ بـوو کە یەکێکیان(جیهازێکی تامسۆنی) گەورەی لێ بـار کـرا بـوو بـۆ مەبەسـتی گرێـدانی

پەیوەندی بە مەکتەبی سیاسیەوە ئەوانی تریش هەندێ تەقەمەنیان لـێ بـارکرا بـوو لەگەڵ هەنـدێ ئەدەبیـاتی پـارتی بـۆ بڵاوکردنەوەیـان، ناچـار گوریســەکانمان لە هێسترەکان کردنەوە و لێکمان گرێدان لە سەرەتا یەکێکمان ڕەوانەی خوارەوە کرد، دواتر تا هێسترەکانمان ڕەوانەی خوارەوە کردن بەرزاییەکەی ئەو دیـوارە لە دەوری دە مەترێك دەبوو، یەك یەك هێسـترەکانمان نـاردنە خـوارەوە، پاشـان هەمـوو ئەو پێشـمەرگانەی لەوێ بـووین بەو گوریســە دابەزیـنە خـوارەوە تـا کۆتـا نەفەر و هەموومان بە سەلامەتی گەیشتینە سەر ڕوبارەکە، هەندێ پشـوماندا و کەم کەم بە ڕێکەوتین(ئاغا دۆڵانی) وتی مومکینە بۆ نیوەڕۆ بگەینە گونـدی ڕەزگە، ئەو هێـزەی ئێمە پێکهاتبوو لە هەموو ناوچەکانی لقی٢ واتا لە هەر ناوچەیەك مەفرەزەیەکیـان لەگەڵماندا بوون ناوچەکانیش ئەمانەن(ناوچەی هەولێر ـ باڵەك ـ سەفین ـ ڕانییە ـ کۆیە) کە ئەوکاتە لقی دوو هەر ئەوەندە ناوچەیەی هەبوو کاك خورشید و برایانی بەرپرس پێشبینی ئەوەیان نەکردبوو کە ئەو مـاوە دوورودرێـژە بە ڕێگـاوە دەبـین پێشمەرگەکان هەم ماندوو ببوون و هەمیش برسی، بـۆیە توانـای ڕێ کردنیـان زۆر لاواز ببوو، چەند کەسێکی بە تواناتریان دیاری کرد و وتیـان لە پـێش ئـێمەدا بـڕۆن بۆ(ڕەزگە) بارەگای ناوچەی قەڵادزێـی لـێە ئەوان بـا دوو حەیـوان بکـڕن و سـەری ببـڕن و بـی کـوڵێنن تـاکو جەمـاعەت دەگـاتە ئەوێ، ئەمە تـۆزێ: پێشـمەرگەکانی بوژاندەوە، چونکە ئومێـدێك لایـان دروسـت بـوو کە دەگەنە ئـاوەدانی و خـواردنی باشیش بۆیـان ئامـادە دەکرێـت، بـۆیە هەنگـاوی باشـتریان دەنـا بـۆ گەیشـتن بەو شـوێنە، دەوری کـاژێر ١ی نیـوەڕۆ ئـێمە لەسـەر بەرزایەکەوە بارەگـای نـاوچەی قەڵادزێمان لـێ بەدەرکەوت، لە دوورەوە دیـار بـوو دوو مەنجەڵـی گەورە لەسـەر ئاگر دانرا بوون و دووکەڵی ئاگرەکە ئەو ناوەی تەنیبـۆوە. هەر پێشـمەرگە بـوو بە ڕاکردن بەرەو بارەگاکە دەچوو ئەو ڕۆژەش ڕۆژێـکی سـاماڵ و خـۆش بـوو خـۆر بە دەرەوە بوو دەوری نیوەڕۆش بوو هەندێ گەرمای هەبوو کە ئێمە تـامەزرۆی ئەو گەرمیە بووین، چونکە ئەوەندە سەرمامان ببوو هەموو ماسـولکە و ئێسـقانەکانمان ژانیان دەکرد، شـەوانە لەو شـاخە لەسـەر بەرد و گیـای پـڕ لە خونـاو دەخەوتـین،

هەندێ جار تەنانەت نەماندەتوانی ئاگریش بکەینەوە، چونکە ئەوەنـدە لە دیـدەی دوژمن نزیك بووین کە گەیشتینە بارەگاکە هەر هەموو لەسەر عـاردی لێـی درێـژ بووین کەسێك وتی خواردنەکە چارەگێکیی تر ئامادە دەبێـت، ئەو دەنـگە لای مـن ئاشنا بوو کە ئاورِم دایەوە هەڤاڵ (مەلا عەبدوڵلا رەسول محەمەد) بوو کە پێموایە ئەوکـاتە کـارگێڕی نـاوچەکە بـوو، هەڤـاڵ مەلا عەبـدوڵلا نـاسراو بە مەلا عەوڵا لە ئاوارەییدا ماڵمان بە یەکەوە بوو لە شاری تاران لە یەك حەوشدا بووین.

کە چاوم پێی کەوت زۆر دلخۆش بووم چاك و چۆنیمان کرد و ئەو وتی دەزانـم زۆر ماندووبوونە ئێرە ئەمن و ئەمانە بۆ خۆتان پشوویەکی باش بدەن و تێریش نان بخۆن هەتا هەندێك دێنەوە سەرەخۆ، دەلێن(کوردی دۆ نەدیـتە) ئـێمە ئاوهامـان لێ هاتبوو ئەوەندە برسی و ماندی ببووین پەلەمان بوو ئەگەر گۆشتەکە نەشـکوڵا بێت بۆمانی تێـبکەن و بیخـۆین مـن سـەرێکم بەسـەر مەنـجەڵەکەدا هەڵکێشـا کە سەیرم کرد وەك قەتماغە سەر گۆشتەکەی هەمووی ڕۆن و چەوری بـوو،چەوریەکی زۆر لەسەر گۆشتەکە کۆببۆوە، بەڵام ئێمە گرنگیمان بەوە نەدا کاتێك وتیان کـوڵاوە حازرە کەوتینە سەر چەلاو گۆشت خواردن زۆر بە بێ تـامی، ئیـوا هەبـوو تێـریش ببـوو، بەڵام چـونکە ئەوەنـدە بـرسی بـوو هەوڵـی دەدا قـاپێکی تـریش بخـوات، هەموومان لە ئەندازەی گەدەی خۆمـان زیاترمـان تێکـرد تـاکو لە گەلومـان قرپـی نەداوە وازمان لە خواردنەکە نەهێنا، ناهەقیش نەبووین ئەوەندە برسی مابووینەوە چاوبرسی ببووین تاکو عەسر لەو بارەگایەماینەوە، پاشان وتیان دەبێ جوڵە بکەین ئەم شەو دەچین لە قرناقاو پشت ئاشـان دەمێنیـنەوە، مـن گـوێم لەو نـاوە ببـوو، بەڵام نەمدیتبوو حەزیشم دەکرد بیبیـنم، چـونکە ئەو شـوێنە بـوو کە (ینـك)حزبی شیوعی لێ کۆمەڵکوژ کردبوو، ئەوێ ببوو بە بەشێك لە مێژووی خراپی بزوتنەوەی شۆرشگێری گەلی کوردستان کارەساتی گەورەی لـێ ئەنجامـدرا لەگەڵ نـوێژی عیشـا گەیشتینە قرناقاو گیا و گـوڵێکی زۆری لـێ بـوو وتیـان ئەمشـەو لێـرە دەمێنیـنەوە، بەیانی بۆ گۆمی (کرمە سۆران)سەردەکەوین گۆمی کرمە سۆران بۆ من ناوێکی لەبیر

نەکراو بوو، ئەو شوێنەبوو کە دەستپێکی کارەساتەکەی ١٩٨٣ لەوێ سەرىهەڵدا و ئەو کۆمەڵە پێشمەرگە نازدارانەی تێدا شەهید بوون، ئەو شەوە لە قرناقا لە لێواری ڕووبارێکی مامناوەند لێی دانیشتین کەشوهەوا زۆر سارد بوو بۆیە وتیان با هەمووومان بچین دار کۆبکەینەوە ئاگرێکی گەورە هەڵبکەین و لە دەوری کۆ ببینەوە، ئێمە هیچ کەلوپەلی خەوتنمان پێ نەبوو تەنیا هەندێك بەتانی ڕەشی سەربازی هەبوو، ئەویش بەشی هەمووانی نەدەکرد هەردوو دوو سێ سێ بەتانییەکیان پێدابن، بەڵام کۆڵکەداری زۆر گەورەمان کۆکردنەوە کە لەو ناوە وشکبونەوە ،ئەو گوندە چۆڵکرابوو تەنیا یەك دوو ماڵی تێدا بوو ئەویش وابزانم ماڵە پێشمەرگە بوون سەر عەرزەکە زۆر سارد بوو، چونکە گیایی تەڕ بستێك زیاتر بەرز ببۆوە ئێمەش لەسەر ئەو گیایانە دانیشتبووین یان ڕاکشابووین، دوای کاتژمێرێك ئاگرەکە گڕێکی باشی گرت، بەڵام کە ڕوومان لە ئاگرەکە دەکرد پشتمان سەرمایی دەبوو کە پشتمان لە ئاگرەکە دەکرد پێشمان سەرمایی دەبوو، ئەو شەوە تاکو بەیانی کەس خەوی لێنەکەوت لە سەرما، ئاخر مانگی چوار و بناری قەندیل هێشتا لەوێ زستانە.

بەیانی رۆژهەڵات هەڵساین و خۆمان ئامادەکرد بۆ ڕۆیشتین، من هەستم بەکەمە ژانێك و پێچ دەکرد لە زگمدا، نەمدەزانی سەرمام بووە یان ئەو چەورییەی خواردمان گەدەی تێکدام، هێشتا زۆر بە چیاکە هەڵنەکشابووین هەستم کرد سکچوونم گرتیە خۆم دا لایەك و دانیشتم هەر وابوو توشی سکچوون ببووم تا گەیشتینە گۆمی کەرمە سۆران زیاتر لە چوار جار دانیشتم جار لە جار خراپتربوو حەبێکی سکچوونیان پێمدا، بەڵام هیچ سودێکی ئەوتۆی نەبوو کاژێر دەوری یازدەی پێش نیوەڕۆ بوو گەیشتینە گۆمی کرمە سۆران، ئەو گۆمە گۆمێکی نسبەتەن گەورە بوو لە پانایی تەوقی سەری کێوەکەبوو، هەرچوار دەوری بەفر گرتبوویی هەندێك گیای سپی و سووری لە دەوری سەوز ببوو، دیمەنێکی جوانی هەبوو ئیتر کە شۆڕمان کردەوە بە دیویی ئەو دیو دۆڵی باڵەیان بوو گوندی (زەنگەلین). دەبوایە

لەو پانتاییە هەندێك برۆیشتباین ئەوجا دەگەیشتینە سەر دۆڵی بالەیان، ئەو نـاوە چۆل بوو، بەڵام ئێمە زۆربووین لە پڕ گوتیان بەپەلە لێـرە دووربـکەونەوە ممکیـنە هەلیکــۆپتەری ســمتی بــێن، ئەوکاتــان هەلیکــۆپتەری ســمتی دەردی دەدا بە پێشمەرگە، بۆیە هەموویـان هەنگاوەکانیـان تونـدتر کـرد، بەڵام مـن هەر بە لەقە لەق بەدوایـان دەڕۆیشــتم هەســتم دەکـرد بەرەو خراپتربــوون دەچــم، بــۆیە بە جەماعەتم گۆت عیلاجێك بدۆزنەوە من توانـای ڕێکـردنم خەریـکە نـامێنێ، ئەگەر وابڕوات بە جێ دەمێنم ڕزگاری کوڕی کاك خورشید شێرە وتی سالار هـیمەت بـکە هیچمان نەماوە بگەیـنە لای ئەو دارانە، ئیـتر ڕێگـاکە مەتـرسی نامێنێـت و سـەرەو لێژیە و بۆ تۆش ئاسانتر دەبێت، من خەریك بوو کۆنترۆڵی خـۆمم لە دەسـت دەدا دەمم وشك و تاڵ ببوو لاقەکانم ناوە ناوە لەرزیان دەگرت دەمزانی هێزی جەستەم ڕووە لە نەمانە، بەڵام دەبوایە دان بە خۆمدا بگرم دڵم بەوەی خۆش بوو دەیانگۆت سبەی شەو دەپەڕینەوە گوندی(وەرتێ) لە وێ نەخۆشخانە و دکتۆری لێیە، لێژنەی ناوچەی(باڵەکیش) لە وەرتێ بوو شـەهید(نەجمەدین گـۆرۆنی) بەرپـرسی نـاوچەی باڵەك بوو. جەماعەتێکی ناوچەی بـاڵەکیش لەگەڵ ئـێمەدا بـوو وەك شـەهید ئاغـا دۆلانی و مشیر گوانی و عەبدولڕەحمان کەورینی و کۆمەڵێك کـادیر و پێشـمەرگەی تری ئەو ناوچەیە.

کــاژێر دووی دوای نیــوەڕۆ گەیشــتینە(زەنگەلین) ئەوێ چــۆڵ بــوو، بەڵام لە دەستە ڕاستی گۆڕی زەنگەلین دۆڵێك هەبوو کە ڕووبارەکەی پێیدا دەهـاتە خـوارێ لەسەرەوەی ئەم دۆڵە بەلای قەندیلـدا چەنـد مـاڵێکی لـێ بـوون کە خانوویـان بـۆ خۆیـان دروسـت کردبـوون، ئەو مـاڵانە بەرگـری مـیللی (ینـك) بـوون هەموویـان چەکدار بوون، پیاوەکانیان هاتن و بەخێرهاتنی ئێمەیان کرد، ئەشـکەوتێکی گەرەی لێ بوو کاك خورشید وتی زۆر هیلاکین و توانای ڕێکردنمان نەمـاوە بـۆیە ئەم شـەو لێرە دەمێنینەوە بەیانی دەڕۆین بە (شەماڵی) بێتەلی گوت کوڕم جیهازەکە دابەستە و مەوقیف بدە بە مەکتەبی سیاسی، چونکە ئەوان ماوەیەکە لە ئـێمە بـێ خەبەرن،

بـا بـزانن کە گەیشـتوینە ئێـرە، ئەویـش وای کـرد و بە جیهـازەکەی پەیوەنـدی بە مەکتەبی سیاسیەوە کرد و ئەوانیش ماندوو نەبوون و دەست خۆشی خۆیانیـان لـێ کردین و ئاگاداریشـیان کـردینەوە کە هەتـا لە جـادەی (خانەقا) دەپەڕیـنەوە زۆر وریایی خۆمان بین، چـونکە ئەو نـاوە هێـزێکی زۆری سـەرباز و جـاشی لـێ بـوو و ئەمبەر و ئەوبەری دۆڵی باڵەیان ڕەبایە بوون زیاتر لە هەشـتا ڕەبـاییەی لـێ بـوو، بەڵام دەیـانگۆت مەترسـدارترین ڕەبـاییەی دوژمـن ڕەبـیەی (شـێخ نـاسر)ە کە کەوتبووە دەستی لای قەسرێ و بەرزترین شـوێنیش بـوو لەو نـاوچەیە، دۆشـکە و هاوەن و بگـرە تـۆپی سـەدوو شەشـە و ڕەشـاشی چاکیـان لە لا بـوو دەیـان گـۆت هەمـووی عەسـکەرینە جاشـیان کەم لەگەڵ دایە و زۆر بە جـدی شـەڕ دەکەن و تەقە لە هەر جــوڵەیەك دەکەن لە دۆڵــی باڵەییــان ئەو شــوێنە هەنــدێ کەشوهەواکەی گەرم بوو دەتوانرا تەحەمولی بکەیـن مـن هەر وەك خـۆم وا بـووم سك چونەکەم بەردەوام بوو هەندێ حەب و دەرمانم خواردبوو بەڵام سودێکی ئەو تۆی نەبوو پـێ دەچـوو ڕیخۆڵەکـانم تـوشی إلتهـاب بـوبن هێشـتا کەمێـك توانـای بەرگریم مابوو، ئومێدەوار بووم کە بەیانییەکەی بە ڕێدەکەوین و دەگەینە گوندی وەرتــێ و لە وێ دکتـۆر و دەرمـانی لێـیە و چارەسـەری وەردەگـرم ئەو شـەوە لە زەنگەلین ماینەوە، لای دەسـتی چەپـمان و بەرزاییەکـانی سـەرەوەی زەنگەلـین بە جۆرێـك سـەرنجی ڕاکێشـام کە حەزم دەکـرد سـەرکەومە سـەری، بەڵام توانـای جەستەیم بێ هێز بوو، لە برادەرێك پرسیم ئەو بەرزاییـانە ناویـان چیـیە؟ ئەویـش وتی ئەوە زنجیرەیەکە و هەر شوێنێکی ناوی خۆی لێیە. سەری سەرەوە(کونە کۆترە) خوارتری (سێ کانییانە) وتم ئەو شوێنەیە کە لە سـاڵی ١٩٨٣ شـەڕەکەی لـێ کـرا.؟ بەڵێ هەوە، هەستێکی تایبەت هەموو جەستەی داپۆشـیم ئـاخر ئەوێ ئەو شـوێنە بوو کە تەرمی بـاوك و براکەمـی لـێ بـوو لەگەڵ کۆمەڵێـك تەرمـی تـری ئـازیز و خۆشەویستان، چاوەکانم پڕ بـوون لە ئـاو، دەمویسـت بە دەنگـی بەرز شـیوەنێکی ئاگراوی بگێڕم، هەر سەیری ئەو شوێنەم دەکرد و لە دڵی خۆم دەمگـوت ئـاخر بـۆ دەبێـت لەسـەر ئەم تەپۆڵکـانە ئەو هەمـوو خەڵـکە بکـوژرێن و هـیچ ئاکـام و

ئامانجێکی تێدا نەبێت کە بەرژەوەندی خاك و وڵات بپارێزێت، جگە لە حەزێکی بەر تەسکی تاکە کەسی و حزبایەتی حەزم دەکرد دوو باڵم هەبوایە و لە شەقەی باڵ بدەم و لەو لوتکە بەرزانە بنیشمەوە و باوك و براکەم لە باوەش بگرم و پڕ بە دەم بانگ بکەم ئێوە بوونە قوربانی حەزێکی نەزۆك، هێشتا زوو بوو ماڵئاوایتان، بۆچی لە ژیانی ئێمەدا ونبوون؟ کام دەستی نەگریس پەنجەی تاوانباری خۆی نایە سەر ماشەی تفەنگەکەی و دڵی ئێمەی بە نیشان گرت، خۆ ئێوە ڕێبواری دیداری وڵاتێکی وێران کراوبوون تامەزرۆی بۆنی خاکی سوتاوی نیشتیمانێك بوون، نە دەبوایە نوکە مسێکی بچووك گەورەیی ئێوەی پێکابا.! ئێوەش بەهارتان هەبوو گەلێك بەهارتان بە ئارەزوو و ئومێد بە ڕێ کرد، دەبوایە هاوینی قەندیل کە تامی بەهاری لێ دەهات هەرگیز گوڵی نەوارانـدبا، بەڵام ڕەشەبایی بێ ویژدانی نەك بەهاری قەندیل، بەڵکو خودی قەندیلیشی لەرزاند و قەندیلی شەرمەزاری کۆمەڵێك مەزاری بێ مراز کرد، لە پایی چی و بۆ چ ئامانجێك بڕیاری کورد کوژی بە دەستی خودی کورد درا. ئەمە زۆر هەڵدەگرێ، بەڵام هەر ئەوەندە بەسە کە بڵێین بە هەڵە بەکارهێنانی سیاسەت زۆر لەو کارەساتانەی لێ کەوتۆتەوە و دەکەوێتەوەش، داخەکەم ئەوکات نەمتوانی سڵاوێك لەو شەهیدە لوتکە نشینانە بکەم و پێیان بڵێم هەموو کورد شەرمەزاری خوێنی ئێوەیە و خۆشمان دەوێن و لە یادمان ناچن.

ئەو شەوە لە زەنگەلین ماینەوە نەمزانی چ هۆکارێك هەبوو بەیانییەکەی لە خەو هەڵساین کاك خورشید وتی شەوێکی تریش لێرە دەمێنینەوە و بەیانی بە ڕێدەکەوین، من بەم هەواڵە زۆر دڵ تەنگ بووم زیاتر لەبەر نەخۆشیەکەم بوو، هەستم دەکرد بەرە بەرە بەرەو خراپتر دەچووم و دەترسام نەتوانم ڕێ بکەم ببم بە بارگرانی بەسەر هەڤاڵانی ترمدا، لەو ماڵانە ماستیان بۆ دەهێنام تۆچایی وشکیان تێکەڵ دەکرد و دەرخواردی منیان دەدا، گوایە سکچونەکەم کەم دەکاتەوە، هەندێ کاریگەری هەبوو، بەڵام بەو شێوەیەش نەبوو کە بن بڕی بکات، نانی نیوەڕۆمان خواردبوو کە نێردراوێك لە لایەن کاك نەجمەدین گۆرۆنی گەیشتە لامان

کەسێکی بە جەستە بچووک بوو، بەڵام چوست و چالاکی پێـوە دیـار بـوو، پێـدەچوو کەسـێکی بـزۆزو لەش سـوك بێـت پرسـیارم کـرد ئەمە کێیە؟وتیـان ناوی(حسـێن چۆپەیە) پێشمەرگەی ناوچەی باڵەکە لە ڕێگا ڕۆیشتن وەك مامزە بەس باز دەدات ڕێگای چوار کـاژێر بە کاژێرێـك دەبڕێـت کە سـەیرم دەکـرد لێـی ورد دەبـوومەوە دەمگـۆت ڕاسـتە بە قەبـارە بچـووکە جەسـتەی زەعیـف دیـارە بەس پێشـدەچێت کەسـێکی جیـرِ و بە ئیسـتیقامەت بێـت، ئەو نـامەیەکی لە لایەن کـاك نەجمەدیـن پێبوو دایە دەست کاك خورشید و وتی وەڵامەکەشم بـۆ بنووسـەوە، خۆتـان ئامـادە بـکەن، چـونکە بەیـانی شـەش فەوجـی خەفـیفەی جاشـان بە پاڵپشـتی جەیـش و تۆپخانەی عێراق هێرش دەکاتە سەرتان، ئەوەیە کە دەڵێن(ماڵ لە خـۆیەوە نەبـوو میوانیشی هاتە سەر) کاك خورشید وەڵامی نامەکەی نوسیەوە دایە دەست حسـێن چۆپە تەقریبەن نزیکی بـانگی عسرـ بـوو کـاك خورشـید وتی ئەمشـەو دەگەیـنەوە وەرتێ؟ حوسێن چۆپە بزەیەکی کرد و وتی نایەڵم ببێـتە شـەو دەگەمە وەرتـێ، مـن نەمدەزانی ئەو مەوادایە چەند کاتی پێویستە، بەڵام ئەوانەی شارەزابوون دەیانگۆت زیاتر لە شەش کاتژمێری پێدەچێت، بەڵام ئەوەی حسـێن چـۆپە دەیگـۆت لە سـێ کاتژمێر تێپەری نەدەکرد و دەگەیشتەوە وەرتێ، ئەو خواحافیزی کرد و ڕۆیشـتەوە بۆ لای کاك نەجمەدین، هەر دوای ئەو دەست کرا بە کۆبوونەوە لەگەڵ بەرپرس و ئامر هێزەکان و بڕیاردرا لەسێ قۆل سەنگەری بەرگری دروست بکەیـن: قۆلێـك لە بەرەی سێکانیان بەرزاییەکانی خوار(کونە کۆتر) و قۆلێکی تر لە بەرزاییەکانی دەستە ڕاستی گوندی (ماونـان)و بەرامـبەر زنجیـرە ڕەبایەکـانی شـێخ نـاسر و دەسـتی لای قەسرێ و قۆلێکیش لە ناو دۆڵەکە و ڕوبار و ڕوبـار بچـن و شـان بە شـانی هەردوو قۆڵەکەی تر سەنگەری بەرگری بگرن. ئەو ڕۆژە تاکو دوای نـوێژی عیشـا هێزەکـان دابەش کران بەسەر ئەو سەنگەرانەی دیاری کرابوون ئاغا دۆلانی و عەبـدولڕەحمان کەورینـــی و مشـــیر گـــوانی و ئەو بەرگـــری میلیـــانەی لەوێ بـــوون لەگەڵ هێـزێکی(یەکیەتی لاوانی دیمـوکراتی کوردسـتان)کە هەڤـاڵ(ڕێبوار یەلـدا و حـاجی عەبـدولرەحمان )سەرپەریشـتیان دەکـردن کەوتـنە جەبـهەی بەرەی شـێخ نـاسر و

هێزێکی ناوچەی ڕانییەو دەشتی هەولێر و سەفین کەوتنە بەرەی کونە کۆتر و سێ کانیان، چەند هێزێکیش مانەوە لەگەڵ کاك خورشید بۆ بەرەی ناوەڕاستی دۆڵی بالەیان و کە دەبوایە ئەوان خاڵی پەیوەندی هەردوو بەرەکەیتر بن، دکتۆر سەعدەدینی زاوامان کە هاوسەری بێخاڵی خوشکم بوو، ئەویش لەگەڵ چەند برادەرێك کەوتنە بەرەی کونە کۆتر. بەم شێوەیە هێزەکان دابەش کران لەبەر نەخۆشیەکەم کاك خورشید وتی تۆ لێرە بمێنەوە هەندێك میوانمان هەبوون وتی لای ئەوانە بە ئەگەر خوا نە خواستە ئێمە شکاین تۆ لەگەڵ میوانەکان بە هەر شێوەیەك بێت خۆتان بگەیێننە گۆمی کرمە سۆران ئەگەر ئێمە شکاین هەموو هێزەکان بڕیارمانداوە لە گۆمی کرمە سۆران یەکتری بگرینەوە، ئەو شەوە کەس خەوی بە چاو نەهات، دنیا زۆر کشومات بوو تەنیا هاژە و خوڕەی ڕووبارەکان دەنگی دەهات و هیچ جوڵەیەك نەبوو، کاك خورشید وتی: عەسکەر حەرەکەی ناکات بە بێ ئەوەی پێشتر ناوچەکەی کە مەبەستیانە تۆپباران نەکرێت، ئەگەر بەیانی مەلا بانگدان تۆپباران دەست پێ نەکات ئەوا دڵنیا بن مەعلوماتەکە هەڵەیە و هێرش ناکرێتە سەرمان، ئێمە هەموومان کاژێرەکانمان دەژماردن تا بزانین کەی دەبێتە بەرەبەیان، کات تێپەڕی نەدەکرد وا هەستمان دەکرد وەستاوە و بەیانی نابێتەوە دەوروبەری کاژێر ٤ی بەیانی بوو یەکێك لە میوانەکان وتی ئەگەر شتێك ببێت لە ئێستا بە دواوە دەست پێدەکا، گوێمان قوڵاغ کردبوو تاکو دەنگێك ببیستین کات تێپەڕی کرد و چوار و نیوی بەزاند ڕێك چارەگەێك پێش پێنجی بەیانی چەند دانە(تەنویرێك) هەڵدرانە ئاسمان، بەڵام زۆر لە دووری ئێمە بوو ئەو پێشەی ئێمەی ڕوناك کردەوە و زانیمان کە دەست پێدەکات ئیتر دوای ئەم تەنویرانە دەست کرا بە بۆردومان کردنی ناوچەکە هەردوو زنجیرەی ئەم بەر و ئەو بەری دۆڵەکەیان بە ڕاجیمە بۆردومان دەکرد و لە ناوەڕاستیش زۆر بە چڕی بە تۆپی نەمساوی تۆپباران دەکراین هەر شێلکە ڕاجیمەیەك کە دەتەقێنرا لە وێنەی دوورمانی خەیاتی لە خوارەوە پێدا دەهات و تاکو نزیك کرمە سۆرانی دەپێکا، تەقینەوەکان بێزاریان کردبووین مووشەکەکانی ڕاجیمە کە دەیدا لەو زنجیرە

شـاخانە هەمـووی وورد و خـاش دەبـوون و وەکـو بـاران بەسـەر ئـێمەدا دەهـاتە خوارێ هەموو جلەکانمـان و سـەر و دەم و چاومـان ڕەنگیـان سـپی ببـوون ئەگەر کەسێك پمانی دیبوایە و نەی زانیبایە بە هۆی تۆپ بارانەوە وامـان لـێ هـاتوە، وای دەزانی لە ئاشی ئارد لێ کردن بـووینە هەموومـان شـکلی ئاشـەوانمان گرتبـوو لەبەر تەپوتۆزی ئەو تۆپبارانە چڕ و سەختەدا. تاکو کاتژمیر حەوتی بەیانی تۆپبـارانەکە بە چـڕی بەردەوام بـوو، بەڵام لە کـاتژمێر حەوت دەنگـی تـۆپ بـارانەکە وەسـتا ئیـتر زانیمان هێـرشی دوژمـن دەسـتی پێکـردوە، بـوو بە هاشـە هـاش و دەنگـی تەقەی تفەنـگ و شـێلکەی بیکەیسیـ و گـرمەی ئـارپیچی شـەڕ زیـاتر لە دوو کـاتژمێری خایاند، پێشمەرگەیەك هەبوو ناوی(کەریم)بوو ئەو کەوتبـووە بەرەی کـونە کـۆتر، من لە سەرەوەی ئەو تەختـاییەی پـێش ئەشـکەوتەکەی زەنگەلـین لە ژێـر دارێـك دانیشتبووم کە سەیرم کرد کەسێك بە شەلە شەل ڕووبار ڕووبار لە نـاو ئـاوەکە بـۆ لای من دێت سەرەتا وامزانی بریندارە، بەڵام کە نزیك کەوتەوە دیتم ئەوە کەریمە. ئەو کەسێکی بـێ جـورئەت بـوو دیـارە هەر لەگەڵ یەکەم تەقە لە سـەنگەرەکەی هاتبووە دەرەەوە ڕایکردبوو لەگەڵ ڕاکردن بەربۆوە ناو ڕووبارەکە هەندێ قـاچ و قۆڵی دامارابوو، وتم ها کەریم چی بووە وتی ئەوە لێرە چ دەکەی.

ــ بۆ ئەی ئێرە خەلفی نییە چاوەڕوانی جەماعەت دەکەم

ــ کورە جەماعەتی چی هەموو ڕایانکرد

ــ چێ ڕایکرد بۆچی رایانکرد؟

ــ قوەتی دوژمن ئەوەندە زۆربوو کەس بەرگەی نەگرت

ــ ئەی کوا هێزەکانی ئێمە.؟

ــ هەی هەی ئەوە پرسیارە هەموویان گەیشتنەوە قەندیل

ــ بە کوێدا ڕۆیشتن؟بۆمن نەمدیتن، ئەدی کاك خورشید؟

ــ ئەوانیش ڕایانکرد بەو دیودا ڕۆیشتن بەرەو قەندیل

ــ دەنگی تەقەش کەم ببۆوە پێدەچوو شەڕەکە سوك بوبێت چووە مێشکم کە پێشـمەرگە شـکاوە، بەڵام مـن یەك پێشمەرگەشـم نەدیـت بگەڕێـتەوە جـگە لەو کەریـمە نەبێـت، بـۆیە وتـم وا باشـترە میوانەکـان بـبەم بـۆ گـۆمی کـرمە سـۆران سەرکەوم ئەوەبوو چوومە دوایان و وتم هەڵسن با برۆین ئەوانـیش بە دوای منـدا هاتن ڕێزیان بەسـتا لە پرێکـا دووبـارە تـۆپ بـارانەکە دەسـتی پێکـردەوە تـۆپێکە نەمساوی لە پشت ئەو میوانانە بە زەوی کەوت کە لە دوای مـن دەهـاتن نەفەری کۆتایی هەڵدا ئاسمان و بەزەویدا و هەر لە ئاسمان تەواو ببوو کە چووینە سـەری هیچ کوێی بە ساغی نەمابوو پشـت سـەری وەکـو بـۆنیتی ئۆتۆمبێـل هەڵـدرابۆوە هەموو جەستەی کون کون ببوو، ئەومان هەر لە کەنار ڕووبارەکە لە ژێر سـێبەری داربـیەك دانـا و بە تـانییەکمان بەسـەریدا کە هـاتین بچـین بـۆ لای ئەشـکەوتەکە تۆپبارانەکە خەستر بوون کە سەیری خوارەوەم کرد دیتم پێشمەرگە بە شەلە شـەل بـۆ لای ئـێمە دەهـاتن سـەرەتا نەم نـاسی، بەڵام کە نزیـك بـۆوە دیـتم دکتـۆر سەعدەدین بوو، وتم ها چی بـووە مەوقـف چـیە ؟ ئەویـش گـۆتی مەوقیـف چـیە مەگەر نـابینی تۆپبـارانە لە پـڕ چـاوی بە کەریـم کەوت و وتی ئەوە ئەتـوو لێـرەی هەی بێ غیرەت ئەوە لۆ هەراتی ؟وەڵا هی زۆر بـێ شـەڕەڤی وەختـابوو ئەو هێـزە هەمـووی لە نێـو چـاوانی تـۆ تـوشی هەراتـن و شکسـت بێـت، ئەمنـیش گـۆتم سـەعدەدین لـۆ ئەنگـۆ نەشـکاینە.؟ئەویـش وتی نـاوەڵا شـکانی چ دەرسـەکمان بە دوژمندا لە بیـری نەچێـتەوە نەیتـوانی یەك مەتـریش بێـتە پـێش لە هەمـوو لایەك ئاگرباران کرا، ئەدی نابینی دەستی بە تۆپبارانی کردیتەوە.؟ ئەوە نیشانەی شـکانیان و دەیانەوێت هێزەکانیـان بگەڕێـنەوە بە سـەلامەتی. پـێش ئەو ڕووداوانە هێـزێکی حیزبی شیوعی هات کە(مام خدر ڕوسیان)لەگەڵدابوو بیسـت کەسـێك دەبـوون لە منیان پرسی هێزەکانی خۆمان لە کێندەرن ئەمنیش پێم گۆتن لەو سـێ بەرەیەدان و خۆتان کام لاتـان پـێ باشـە بچـنە ئەوێ ئەوان سـەرکەوتن بـۆ بەرەی کـونە کـۆتر،

ئەوەندەی پێ نەچوو(کاکەمین نەجاڕ) هات ئەویش بیست و دوو کەسی لەگەڵدا بوو وتی جەماعەت لە کوێنە بە هەمان شێوەی پێشوو قسەم لۆ کرد، ئەویش بە پەلە سەرکەوت بۆ بەرەی کونە کۆتر، ئەو بەرەیە بەهێزتر بوو بە چوونی ئەو دوو هێزە و ورەی پێشمەرگەشی پێ بەرز بۆوە، من بەرەی شەڕەکەم لێ دیار نەبوو، بۆیە ویستم سەرکەومە سەرەوە تاکو بتوانم شەڕەکە ببینم کە لە کۆتاییەکانیدا بوو، بە قەد پاڵێك سەرکەوتم وردە وردە لە پڕێکا کۆمەڵێك چەکدارم دیتن کە دەوری یەکیان دابوو دانیشتبوون کەسێکیش بە دووربین سەیری شەڕەکەی دەکرد، زۆر ترسام وامزانی جاشن خۆم لە پەنا بەردێك حەشاردا و بە دزیەوە سەیرم دەکردن لە دڵی خۆمدا دەمگوت ئەوانە جاشن و لێمان سوڕاینەوە و پشتی ئێمەیان گرتییە، دوای هەر بە خۆم دەمگۆت خۆ بە ئاسمانێدا نەهاتینە؟ کوو ئەو هەموو هێزانەی ئێمەیان تێپەڕاندییە زۆر تووشی سەر سوڕمان ببوم و نەش دەوێرام خۆم ئاشکرا بکەم، چونکە بە تەنیا بووم، ناوە ناوە لە پەنا بەردەکە سەرێکم هەڵدەکێشا و سەیرێکم دەکردن کابرای دووربین لە دەست هەر دوربینەکەی بە چاویەوە بوو سەیری شەڕەکەی دەکرد، لە پڕێکا دووربینەکەی لادا و ئاوڕێکی لای منی داوە کە باش لێی وورد بوومەوە هەستم کرد ئەو کەسە دەناسم بۆیە زۆر بە دیقەتەوە سەرنەجمدا، لەسەر بەردەکە دابەزیە خوارەوە بە دەنگێکی بەرز کە ئەمنیش گوێم لێ بوو بە وانی دیکەی وت دوژمن شکا و هەڵات زانیم ئەوانە جاش نین، بەڵام هێشتاش دڵنیا نەبووم بۆیە کەم کەم لەو بەرد بۆ ئەو بەرد تۆزێکی تر لێیان نزیك کەوتمەوە کە باش سەرنەجمدا ئەو کەسەی دووربینەکەی پێ بوو کاك(عەبدولرەحمان مەلا ڕەسول) کارگێڕی ئەوسای لیژنەی ناوچەی باڵەك بوو، ئەوانی تریش پێشمەرگەی هەمان ناوچە بوون و لە ئیجازە گەڕابوونەوە دەچوون بۆ وەرتێ، لە پڕ من لێیان هەڵسامەوە سەر پێ و وتم ماندوو نەبن. هەموویان ڕاچەڵەکین و کاك عەبدولرەحمان وتی ئەی خوا عافوت بکاتن ئەوە لە کێ پەیدا بووی وەکی جنی ئەدی لۆ ئەمە ئەتوومان نەدیت، منیش وتم ئەوە بۆ لێرە دانشتینە جەماعەت هەموویان لە شەڕێنە و ئەنگۆش تەماشایان

دەکەن، ئەو وتی لە مێژ نییە ئێمە گەیشتینە ئێرە شـەڕەکە لە خەڵاس بوونـدا بـوو، پێویسـتیان بە ئـێمە نیـیە دوژمـن شـکا و ڕایـان کـرد، پاشـان بە یەکەوە دابەزیـنە خوارێ کاك خورشید گەڕابۆوە زەنگەلین کەم کەمیش دوو دوو سێ سێ هێزەکـانی تر دەهاتنەوە، ئەوان دڵخۆش بوون کە دوژمن نەی توانیبوو پێشڕەوی بکات، بەڵام دیار بوو بەرەی لای(شێخ ناسر) ئەوان هەندێك نا ڕەحەتی و خەمباریان پێوە دیـار بوو، پرسـیم چـی بـووە.؟ وتیـان دوو شـەهید و دوو برینـدارمان هەیە، یەکێـك لە شەهیدەکان لە هێزەکەی یەکیەتی لاوانی دیمـوکراتی کوردسـتان بـوو ئەو گەنجـێکی قۆز و ڕێك بوو ناوی(نەزیر) بوو ماڵیان لە شاری ساوەی ئێران بوو بە داخەوە ئەو شەهید ببوو و یەکێك لەو جەماعەتەی بەرگری میللیش کە نـاوەکەیم لە بیـر نیـیە شەهید ببوو و حاجی عەبدولرەحمان برینـدار ببـوو گـوللەیەکی قەنـاسی بە ڕومەتی کەوتبوو لە لایەکەی تر دەرچـوو بـوو و زمـانە گچـکەکەی بڕیبـوو یەکـێکی تـریش بریندار ببوو لەگەڵ عەبدولرەحمان کەورینی برینەکەی حـاجی عەبـدولڕەحمانمان تەداوی کـرد و دوریـمانەوە، شـەهیدەکەش وتیـان دوو نەفەر هێسـترێك بێـنن و بیـبەن لە شـوێنێکی دیـار لە قەنـدیل بـیخەنە ژێـر بەفـر تـاکو ڕێگـای (بادینـاوە) دەکـرێتەوە دەیبەیـنەوە ئەو دیـو لای خـانەوادەکەی هەر لەگەڵ تەرمەکەی ئەو تەرمـی میـوانەکەش بـردرا قەنـدیل و تەرمـی شـەهیدەکەی تـریش هەر لە وێ لە نزیـك خـانەوادەکەی ناشـترا، دوژمنـیش زەرەر و زیـانێکی زۆری هەبـوو، بەڵام بە دەقیقی نەمانزانی چەندە. برادەران بە چاو دیتبویـان کە تەرمیـان بە دوای خۆیـان ڕاکێشاوە و برینداریان گواسـتۆتەوە، لە خـوار گونـدی ماونـان دوو سـەد مەترێـك دوورتر لە گوندەکە خانوویەکی کادین هەبوون هێزەکانی عێراق تەنیا توانیان بگەنە ئەو کادینە و ئـاگری تـێ بەر بـدەن تەنـانەت نەگەیشـتنە نـاو گونـدی(ماونانیش) شکستیان پێ هێـنرا، کـاك خورشـید وتی بە پەلە شـتێك حـازر بـکەن بیخـۆین و بە ڕێـدەکەوین بـۆ وەرتـێ ئەو وتی دوژمـن شـکاوە تـاکو ڕێکخسـتنەوەی هێزەکـانی دەکاتەوە ئێمە لە جـادە دەپەڕیـنەوە و سـەر دەکەویـن بـۆ وەرتـێ، بـۆیە بەپەلە برنجێکی سووریان لێناو هەریەکە بڕێك برنەجمان خوارد و چایەکیشمان بە دوایـدا

خواردوو دەوری عەسر بە ڕێکەوتین، ئاغا دۆلانی وەکو شارەزا پێش کەوت ئەوانی تریش بە دوایدا ڕێزمان بەست کاك خورشید وتی زۆر لە یەکتر نزیك مەکەونەوە هەریەکە سێ تا چوار هەنگاو نێوانی هەبێت لەگەڵ کەسی پێشە خۆی، ئیتر وردە وردە بە ڕێکەوتین ماوەیەکی باش ڕۆیشتین هەر نەگەیشتینە کۆتایی دۆڵی بالەیان بە شوێنی شەڕەکەدا تێپەڕمان کرد هەندێك دەیانگۆت عەسکەرەکان لێرەوە هەڵاتن ئەوانی دیکە دەیانگۆت لێرەبوو کەلاکەکەیان ڕادەکێشا ڕۆژئاوا بوو تاریکی باڵی کێشا بەسەر ناوچەکە، ئێمە هەر نەگەیشتینە سەر جادە قیرەکە، ئاغا دۆلانی هەر لە پێشەوە دەڕۆیشت تاریکیەکی موتلەق بوو نەمان دەوێرا لایتیش پێ بکەین لە ترسی ڕەبایەکانی ئەمبەر و ئەوبەر، لە شوێنێ توشی بەرزاییەك بوین دیار بوو ئاغا دۆلانیش زۆر دڵنیا نەبوو، چونکە ماوەیەکی باش دانیشتوو چاوی خۆی لە دەوروبەری تیژ دەکردەوە بۆ ئەوەی ئاڕاستەکە بدۆزێتەوە، لە ناکاو وتی دەبێ ئاوا سەرکەوین شۆڕبکەینەوە ئەو دیو نیو کاتژمێرێکی تر دەگەینە سەر جادەکە، ئەو ڕۆیشت و ئێمەش بە دوایدا لە پڕێکدا ڕووناکیەکی بەهێز وەکو لایتی سەیارە لە ناو چاوماندا هەمووومان لەسەر زەویەکە دانیشتین وەکو مێروو لە دوای یەکتری ڕیزمان بەستبوو دیاربوو ئەو ڕووناکیە لایتی دەستی بوو بەس زۆر بە قەوەت بوو، لایتەکە جولەی کرد یەك یەك لە هەمووومانی داو تا کۆتایی بە پێچەوانەش بە هەمان شێوە گەڕاوە، بەس هیچ دەنگێك و تەقەیەك نەکرا هەمووومان دەستمان لەسەر پەلاپیتەکەی تفەنگەکانمان بوو ئامادەی تەقەکردن بووین، دوای لایتەکەیان لەسەر ئێمە لاداو لەو بەری گردەکە پیادەرێیەکی لێبوو لایتەکەیان لەسەر ئەوێ دەهێنا و دەبرد وەك ئاماژەیەك کە ڕێگاکە لەوێ تێدەپەڕێت، ئێمە بەهەڵە سینگ و سینگ بۆ ناو یەکێك لە ڕەبایەکان چووبووین لە شانسی ئێمە ئەو ڕەبایەش جاشی تێدابوو دیارە جاشەکانیش پیاوی باش بوون، نەمانزانی عایدی کێن، بەڵام ئەگەر بیانویستایە دەیانتوانی زەرەری باشمان لێ بدەن ئەو کەسەی لایتەکەشی لێدا حەرەس بوو لە ڕەباییەکە ئێمەی ئاگادار کردەوە کە بچین بەو بەردا بڕۆین، ئەو لایتەکەی کوژاندەوە ئێمەش بە ئەسپایی پاشەکشەمان کردوو چووین بە هەمان

شوێندا ڕۆیشتین کە ئاماژەی پێکردبوو. بیست خولەکێکی نەبرد گەیشتینە سەر جادەی قیر، بەڵام لەزەنگەلینەوە تاکو گەیشتینە سەر جادەکە دەوری شەش کاتژمێری زیاتری پێ چوو، وردە وردە لەسەر ڕۆخی جادەکە بەرەو لای گوندی(بەرگرتکە)ڕۆیشتین هەر ئەوەندە ڕۆیشتین تاکو گوندەکەمان لێ بەدەرکەوت. لەوێ وەستاین، دەبوایە لە پردێك بپەڕینەوە بچینەوە ناو گوند، بەڵام گردێك لەو لای پردەکە هەبوو بارەگای فەوجێکی سەربازی لەسەر گردەکە بوو بلاجکتۆرێکی بە هێز هەڵکرابوو ڕووی لە جادەکە کرابوو و ئەو ناوەی ڕوناك کردبۆوە، ڕوناکیەکە تا نزیك پردەکە دەهات بۆیە وتیان پێش ئەوەی جەماعەت بچنە سەر پردەکە وا باشترە سێ کەس بچن لەسەر پردەکە کەمین دابنێن بۆ پارێزگاری لە پێشمەرگەکان تاکو دەپەڕینەوە ئەوە بوو سێ نەفەر خۆیان کاندید کرد بۆ ئەو کارە یەکێك لەوان (مشیر گوانی) بوو، ئەوان بە ڕێکەوتن ئێمەش سەیرمان دەکردن تاکو بزانین کەی دەگەنە سەر پردەکە، نیشانە بۆ بە ڕێکەوتنی ئێمە ئەوەبوو کە ئەوان گەیشتنە ئەوێ لایتەکمان بۆ هەڵبکەن بۆئەوەی دلنیابین کە ڕێگاکە و پردەکە ئەمین و سەلامەتە و دەتوانین پێیدابڕۆین.

ئێمە زۆر بە زەحمەت پردەکەمان دەدیت فەوجەکە لە ئێمە نزیکتر بوو لە پردەکە، بەڵام ئەوان لەسەر گردێك بوون ئێمە لەسەر جادە بووین، چاوەڕوانی هەڵکردنی گلۆپی لایتەکەمان دەکرد لە پڕێکدا لە لای پردەکە بوو بە تەقەیەکی زۆر دەنگی تەقە ئەو ناوەی تەنییەوە، ئاگامان لێبوو زیلێکی سەربازی لە گردەکە هاتە خوارەوە چەند کەسێك لە لای پردەکە سواری بوون و گەڕایەوە بۆلای بارەگای فەوجەکە، ئێمە هەر نەمانزانی چی ڕوویداوە پاش ئەوەی زیلەکە گەڕایەوە لایتێك بۆ ئێمە لێدرا بە ڕاکردن هەموومان بەرەو پردەکە چووین واتدەزانی ماراسۆنە هەر کەسە دەیویست پێش ئەوەکەی تر بگاتە لای پردەکە کە گەیشتینە ئەوێ پرسیمان ئەو تەقانە چی بوون، ئەوان وتیان ئێمە و کەمینی حوکمەت بەیەکەوە گەیشتینە سەر پردەکە و تەقەمان لە یەکتری کرد، کاك مشیر برینداره و چارەی

بکەن دیاربوو لە سەربازەکانیش بریندار یان کوژراویان هەبوو ئەوان وتیان دیتمان سێ کەسیان هەڵدایە ناو زیلەکە، بەڵام نەمانزانی کوژراون یان برینداربوونە، پاشان چووین بۆ لای مشیر گوانی ئەو قسەی دەکرد ورەی بەرز بـوو، گـوللەیەکی بە زگـی کەوتبـوو، خـوێنێکی زۆری لـێ هـاتبوو بە پشـدێن و جەمەدانی هەلیپێچـابوو، زوو ئەویان سواری هێسترێك کردوو ڕەوانەی وەرتێیان کرد، پاشان ئێمەش چـووینە نـاو گوندی بەرگرتکە، مەلای گوندەکە هاتە پێشـوازیمان ئەو وتی نەدەبـوایە لێـرە تەقە بکەن ئێرە دەرگای دەربازبوونی پێشمەرگەیە، بەیانی دێن و ئەم گونـدەش تەڕحیـل دەکەن و چۆڵی دەکەن، ئێمەش پێمان وت ئێمە نییەتی تەقەکردنمان نەبـووە، بەڵام کەمینـی ئـێمە و کەمینـی ئەوان بەیەکەوە گەیشـتنە سـەر پـردەکە و تەقەیـان لە یەکتری کردووە، ئەو وتی من باش نابینم زۆر لێـرە بمێنـنەوە، چـونکە تەقە کـراوە و حکومەت زەرەری داوە بۆی هەیە جوڵە بەهێزەکانی بکات بۆیە هەر پێشـمەرگە و نـانێکی وشـکیان پـێ دایـن و وتیـان سـەرکەون بـۆ وەرتـێ، مـن تەواو لە ڕووی جەستەییەوە داڕمابووم، ئیـتر سـەر ئێشـە و ئەژنـۆ هێشەشـم بـۆ دروسـتببوو ئیـتر نەمدەتوانی یەك هەنگاویش بڕۆم لە بەرگـرتکەش بـۆ وەرتـێ هەمـووی هەورازە و کۆسپی بەردیە زۆر ڕێگایەکی سەختە، تەنانەت بۆ ئەوانەشی کە ساغ و تەندروسـتن ئەوجا چ بگات بە کەسێك کە نەخۆش بێت شەش ڕۆژ بوو ئێمە نەتێر نان ببـووین نە گەرمیش ببوینەوە، من ئیتر سکچونەکەم وای لێهاتبوو تەنیـا خـوێن دادەنیشـتم زۆر بە ئازار و بێ هێزببوم، بەڵام ورەم بەرنەدابـوو و بە ئومێـدبووم بە ڕێکەوتـین بـۆ وەرتـێ تـاکو بـن کۆسـپەکان مـن بـاش بـووم، بەڵام ئیـتر لەوێ هەنگاوەکـانم فەرمانیـان لە خـۆم وەرنەدەگـرت قاچەکـانم بە کەیفـی خۆیـان بـۆ ئەمـلاو ئەولا دەچوون ترسام لەوێ هەڵدێرێم برادەرانیش هەستیان پـێ کردبـوو، کـاك خورشـید وتی سیامەند و ڕزگار بە جێ بمێنن و سـالار بگەیەنـنە وەرتـێ سـیامەندیش لەگەڵ کاك خورشید پێشمەرگە بوو، ئێستا ئەندامی لیژنەی دەزگایی ئەیلـوولی هەولێـرە و لە ژیاندا ماوە شوکر، ڕزگار کەوتە پێشم دەستی کردبـووە نـاو قەدی پشـدێنەکەی پشـتم و ڕای دەکێشـام سـیامەندیش لە پشـتەوە بە هەردوو دەسـتی نـاو قەدی

گرتبـووم کە نەکەوم و پـاڵی پێـوە دەنـام بەم شـێوەیە ئـێمە لە دوای هەمـووان گەیشتینە ناو گونـدی وەرتـێ. گونـدی وەرتـێ لە دۆڵـێکی درێـژ هەڵکەوتـووە واتـا خانووەکانیان لە یەك ڕیز و بە ئاراستەیەکی درێژ کراوە بەرەو بنـاری چیـایی کـارۆخ ڕاکشاوە، واتە وەکو گونـدێك نیـیە لە شـێوەی کۆمەڵگـایەك لە یەکـتری نزیـك بـن خانووەکانیان، یەکەم ماڵ و یەکەم ڕوناکی سیامەند وتی وەڵا بە نیـو سـەعاتی تـریش ناگەینە بارەگا، چونکە لە سـەرەوەی گونـدیە بـۆیە وا باشـە ئەم شـەو لەم مـاڵە لا بدەین و ئیسراحەتێك بکەین و بەیانی کە ڕۆژ بـۆوە وردە وردە دەچیـنە بارەگـاکە، بۆیە لاماندا و لە دەرگای ماڵەکەماندا و ئافرەتێـك دەرگـاکەی کـردەوە و سـڵاومان لێی کرد داوامان لێی کرد ڕێگامـان پـێ بـدات ئەو شـەو لە وێ بحەوێیـنەوە، بەڵام ئەو وتی ناتوانم پیاوم لە ماڵ نییە، سیامەند وتی ئەو نەفەرەمان نەخۆشـە ناتوانێـت بڕوات هەر جێگـای ئەومـان بـۆ بـکەنەوە تـاکو بەیـانی ئـێمە مشـکیلەمان نیـیە و سەردەکەوین بۆ ناو گوندی، ئافرتەکە هەر ڕازی نەبوو، لە خانووەکەی ئەولا تر دوو زەلام هاتن بۆ لامان یەکێکیان وتی فەرمـوون مـن خـاوەن مـاڵم، سـیامەند وتی ئەو نەفەرەمان نەخۆشە ئەگەر ئەمشەو جێگای بۆ بکەنەوە مەمنون دەبین کابرا وتی

ــ ئێوە چ لایەنێکن.؟

ــ ئێستا هیچ لایەنێك نەماوە هەمووی بەرەی کوردستانییە.

ــ تاکو نەزانم چ لایەنێکن ناتوانم ڕێگاتان پێ بدەم بچنە ماڵەوە

ــ ئێمە پارتین..

ــ داوای لێبوردن دەکەم دەبێ بچن لە(کۆمیتەی)یەکیەتی نوسراو بێنن

ــ ئێمە ناچینە کۆمیتە و بە پیاوانە جێگامان بکەوە.

ــ بەخوا ناتوانم ئێمە ئاوا ئاگادار کراوین بە بێ نـوسراوی ئەوان جێگـای کەس ناتوانین بکەینەوە، چونکە کێشەمان بۆ دروست دەبێت.

لەو کاتە سیامەند زۆر تورە بوو پێلەقەکی لە دەرگاکە داو دەرگاکە بەرمیل بـوو گرمەی وەك نارنجۆك هات و کەوتە سەر پشت و کـراوە، پاشـان پـاڵێکی بە مـنەوە ناو وتی بڕۆ ژوورەوە خۆشی بە دوام داهـاتە ژووری ماڵەکەیـان زۆر پـاك و خـاوێن گەرم بوو سۆبایەکی داران ئەوەندە گەرم ببوو وەکی کـوریکی بەهـاری سـۆر ببـۆوە. منی بردە بنە بانێ و گۆتی لێـرە پاڵـدەوە خـۆشی لە تەنیشـتم دانیشـت، ڕزگـاریش هاتە ژووری کابراکـان و ژنەکەش لە بەرامـبەر مە ڕاوەسـتا بـوون، خـاوەن مـاڵەکە گۆتی دەزانم زۆر تووڕە بووینە بەس ئەمەش هەقمانە، پاشان لەسەر مێزێکی لە دار دروسـتکراو کە نـوین و پێخەفیـان لەسـەر قەد کردبـوو تـاکو ژێـر سـەقفەکەی ژوورەکە، کابرا نوێنەکانی ڕوخاندنە سـەر عەرزی وێـنەیەکی گەورەی(مەلا مسـتەفا) بارزانی لە پشت نوێنەکان بە دیوار هەڵواسرا بوو ئەو گـۆتی بەخـوای ئەمـن لەنگـۆ پارتنترم بەس چارەمان نییە و دەترسێین زۆر جاران ئەوها پارتی یەکیەتی هیچیان لە بەینی نەمایە و پێکەوە بووینە پاشـان کە بەینیـان تێـك چـویتەوە پارتیەکـان لێـرە ڕۆیشتینە ئەوە ئەو کاتە جەماعەتی یەکیەتی هەر کەسێ: لەو گونـدەی نـانی دابیـتە پارتیان یان جێگای حەوانەوەی پێدا بن لە ناو ئەو ڕوبارەی وەرتێیان نایە پاشان بە گۆپـاڵ و داران هەمـوو قەلبیـان شـین و مـۆر کـردیتەوە، ئەمە خەڵـکی ئێـرەین و ژیانمان لێرەیە بۆیە زۆر دەترسێین ژیانمان لێ تێك بچێت، سیامەندیش گـۆتی هـیچ پێویست ناکات ئەو جارە وەکی هەموو جاران نییە ڕێککەوتنەکە گشـتیە و لەسـەر ئاستی سەرکردایەتی کراوە و هیچ ترسێکی نییە هەڵبوەشێتەوە ئەوەی جـاران تەنیـا ناوچەیی بووە و کاتی بووە پاشان هەر لە بەینی خۆیان تێکیان دایتەوە. ئینجا کابرا وتی کچێ بڕۆ نانیان لۆ حازر بکە دەزانم برسـیتیان ژۆرەکە زۆر گەرم بـوو هەسـتم بە خاو بوونەوە دەکرد عارەقە هەموو جەستەی داپۆشـی بـووم چاوەکـانم قـورس ببوون حەزم لە خەو بوو، بەڵام دەمویست هەندێ خـواردن بخـۆم ئینجـا بـخەوم هەر چۆنێـــــك بـــــوو خــــــۆم ڕاگـــــرت هەتـــــا خوارنەکەیـــــان هێنا(هێلکە،گوێز،هەنگوین،ماست،پەنیر) لە مێـژ بـوو خـوانێکی بەو شـێوەیەم بـۆ ئامادە نەکـرا بـوو حەزم بە هەموویـان هەبـوو، بەڵام بە هـۆی تێـك چـوونی بـاری

تەندروسـتیم و بە تـایبەتی گەدە و ڕیخۆڵەکـانم ناچـار بـووم زۆر بە کەمـی ئەو خواردنانە بخۆم، قاپێك ماستم خوارد لەگەڵ دوو پیاڵە چای  دواتر لە شوێنی خـۆم ڕاکشام و تاکو بەیـانی دەوروبەری ڕۆژ هەڵاتـن بـوو کە وریـام بـۆوە، زۆر تەنگـاو ببووم بە پەلە ڕام کـردە دەرەوە بـۆ سـەر ڕوبـارەکە سـەرەتا بـاش بـووم، بەڵام کە دانیشـتم لەرزێـکی زۆر دای گـرتم تـا ئەوڕادەیەی توانـام نەبـوو لە شـوێنی خـۆم هەستمەوە، خوێنێکی زۆر دانیشتبووم بانگی سیامەند و ڕزگارم کرد ئەوان هـاتن و منیان بـردە ژوورەوە پاشـان وتیـان دەبـێ زوو بـڕۆین بگەیـنە لای دکتـۆر، ئیـتر بە ڕێکەوتین بەرەو بارەگای ناوچەی باڵەك کە چـووینە ئەوێ  دیـار بـوو جەمـاعەت خۆیان ئامادە دەکرد بۆ حەرەکەت کردن بۆ گوندی (مەلەکان) مشتومڕی ئەوەیـان دەکرد هەندێ دەیـانگۆت دەچینەوە(کـارۆخی و گەرویـی و مەنـجەرێ)و ئـاودیو دەبـــین لۆ(ســـاو ســـێوۆکەی) هەنـــدەکیش ڕایـــان ئەوهـــا بـــوو کە بچیـــنەوە زینی(ئەستێرۆکان) لە کارۆخ بسوڕێن لۆ ساوسێوۆکەی، کاك خورشید دەیگۆت یـلا و بیلا بە کارۆخدا دەڕۆین ڕزگار گۆتی بابە کـو بە کارۆخـدا دەڕۆیـن، وەڵا سـالار دەرناچێت و دەمرێت لە ڕێـی ئەو هـیچ شـەنگ و تـاقەتی لەبەردا نەمـایە، پێشـتر گۆتیـان دکتـۆر و دەرمـانی لێـیە لە بارەگـای، بەڵام کە گەیشـتینە ئەوێ هیچـی لـێ نەبوو، ئێمەش داو و دەرمـانی زۆرمـان پـێ بـوو، بەڵام هەمـووی هـی برینـداری و کیمیای بوون، یەك دوو دەرزی(ئەترۆپینم) لە خۆمدا کە بۆ زگ هێشـە و عیلاجـی کیمیایی بەکار دەهات ڕاستە ئازارەکانی کەم دەکردەوە، بەڵام دەم و قـوڕگی وشـك دەکرد بـۆیە نەدەوێـرام زیـاتر بەکـاری بهێـنم، کـاك خورشـید وتی سـالاری سـواری هێسترەکەی من بکەن بەس ئاگاتان لێ بێـت نەکەوێـتە خـوارێ ئـێمە بە کارۆخـدا دەڕۆین، تەنانەت ڕێگاکەش هەمووی تاشە بەرد و شاخ بوو جـگە لەوەش زۆر ڕك و هەوراز بـوو، بە ناچـار منیـان سـواری هێسـترەکەی کـاك خورشـید کـرد ڕزگـار هێسـترەکەی ڕادەکێشـا و سـیامەندیش هەنـدێ جـار لە پشـتم و هەنـدێ جـار لە تەنیشتم ئاگاداری لێ دەکردم بۆ ئەوەی نەکەومە خوارەوە، چـونکە خـۆمم پـێ ڕا نەدەگیرا.

تـاکو لە شـاخەکە سـەرکەوتین کێشـەیەکی ئەوتـۆم نەبـوو، بەڵام کە گەیشـتینە ترۆپـك سـەرژێر بـوینەوە لـۆ سـاو سـیوۆکەی، هێسـترەکە نـاڵ کرابـوو، ڕێگـاکەش هەمـووی بەرد بـوو ئەو بەسـتەزمانە هەرکـوی شـەقاوی دەهاویشـت دەسـت و قاچەکانی دەخلیسکان و بەردەبۆوە ئەمنیش لەگەڵـی دەکەوتـم لـۆیە گـۆتم کـاکە بمهێـنە خـوارێ بە خـوای بەردەبمەوە سـەرم بە بەردەکی دەکەوی دەسـت بە جـێ تەواو دەبم هەر بەڕاستیش وابوو ڕێگاکە زۆر ڕك و سەرەوژێر بوو هەمووشی تاشە بەردی گەورە گەورە بـوو، بەڵام دەشـتی سـاو سـێوۆکە لە خـوارەوە دیـار بـوو کە سـەوز دەچـۆوە لە لای دەسـتە ڕاسـتی دەشـتەکەش هەنـدێ ڕەشـماڵی مەڕداران هەڵدرابوو، بەڵام نەدەکەوتە سەر ڕێگای ئێمە ئەو دەشتە هیچ دارو درەختێکی لێ نەبوو هەندەك پنچکە گیای گەورەی لێبوو کە لێـی نزیـك کەوتیـنەوە دیـتمان ئەو گیایـانە (گـونییە)، گـونی ڕووەکـێکی کوێسـتانییە هەمـووی دڕکە، تەنـانەت نـاوێری دەستیشی بۆ ببەیت کە وشکیش دەبێتەوە ئەگەر ئاگری تێ بەربدەی هەرگیـز گـڕ ناگرێت دەسوتێت، بەڵام دوکەلی لێ هەڵدەستێت، ئێمە لە جەمـاعەت دابڕابـووین بە هۆی منەوە واتە من و سیامەند ڕزگاریش لەبەر بابی ئـێمەی بەجێهێشـت، تـازە داخلی ساوسێووۆکە ببووین کە یەکێك هاواری کرد خۆتان دەرباز بکەن هەلیکۆپتەر دێن، ئەوان پەنجا مەترێـك لە پـێش ئـێمەوە دەڕۆیشـتن ،هەموویـان دەسـتیان بە ڕاکردن کرد بەرەو سەرو چاوەی مەلەکان، بەس ئەمـن و سـیامەند مـابووینەوە بە سیامەندم گـۆت تـۆ بـڕۆ خـۆت دەربـازکە لە مـن گەڕێ بە خـوای هەر دەمـرم بـا ئەتوش لەبەر من توشی شتێك نەبیـت، ئەو گـۆتی بەخـوا ئەوهـا بە جێـت نـاهێلم، پاشان خۆی کوڕ کـردەوە گـۆتی خـۆت بـاوێ سـەر پشـتم ئەمنـی لە پشـتێ کـرد و بردمیە ژێر بنە گونییەك کە هەندێ گەورەتر بوو لەوانی تـر هەنـدێ لقەکـانی بەرز کردەوە گۆتی برۆ بن ئەو گونییە بە هیچ نەوعەك نێیە دەرێ هەتا ئەگەر تەیارەش هات نەجولێی، پاشان ئاوها ئەتووم پـێ ناگـاتە مەلەکـان ئەمـن دەچـم بـزانم لەو ڕەشماڵانە هێسترێك ناهێنم ئەگەر بە کرێش بێت هەتا مەلەکان بمانبات، پاشان بە غـاردان بەرەو ڕەشـماڵاکان چـوو، چـوون و هـاتنەوەی سـەعاتەکی پێچـوو، بەڵام

نەدەنگی تەیارە هات و نە هەلیکۆپتەریش هـات، ئەو گەڕاوە و کـابرایەکی لەگەڵ دابـوو کە هێسـترێکی هێنـابوو ئەمنیـان سـواری هێسـترەکە کـردوو بەرەو گونـدی مەلەکان ڕۆیشتین ئەمن ململانێیەکی زۆر توندم لەگەڵ نەخۆشیەکەم دەکرد، ڕاستە زۆر لاواز و بێهێز ببووم، بەڵام نا ئومێد نەببوم نیوەڕۆ تێپەڕی کردبوو گەشتینە ناو مەلەکـان، لە مـزگەوتی مەلەکـان و خـانوێکی تەنیشــت مـزگەوتەکە جەمـاعەت بارەگایـان دامەزرانـدبوو و خەریـکی خـواردن دروسـت کـردن بـوون. منیشـیان لە هێسترەکە دابەزانـدە خـوارەوە و لە تەنیشـت حەوزی مـزگەوت و لەسـەر تـاتەکە درێژیان کردم زیاتر بە مەیتەك دەچـووم. سـەرتاتەکە زۆر ساردو خـۆش بـوو مـن هەموو گیانم گەرم ببوو تایەکی توندم لێ بوو چاوەکـانم زەق زەق دەرپەڕیبـوون، لێوەکانم وشك و شین هەڵگەڕابوون، ڕەنگم وەك پوشی هاوین زەرد ببوو، ڕێـك لە کۆتاییەکـانی ژیانـدابووم، لەو کـاتە کـاك خورشـید گـۆتی بـڕۆنە دوای دکتـۆر، لەوێ نەخۆشـخانەیەك هەبـوو کە هـی مەڵبەنـدی سـێی یەکـیەتی بـوو، دکتۆر(زریـان عوســمان)وەزیری پێشــوتری تەندروســتی هەرێمــی کوردســتان لەوێ بــوو و بەڕێوبەری نەخۆشخانەکە بوو، من لەوێ دکتۆر زریانم ناسی و ئاشنایەتیمان پەیـدا کـرد، ئەو کەسـێکی کـورد و نیشـتیمانپەروەر بـوو دوور لە بیرکـردنەوەی تەسـکی حیزبایەتی هەر کە دکتۆر چاوی بە من کەوت دیاربوو زۆر دڵتەنـگ ببـوو بە بـاری تەندروستیم پرسیاری کرد چەند وەخـتە ئاوهـای منـیش وتـم چـوار پێـنج ڕۆژێـك دەبێت، بەڵام دوو ڕۆژە هەست دەکەم کە تەواوم کردووە و هێزم لەبەردا نەمـاوە و وەڵامی دایەوە و مادەم گەیشتیە ئێرە و هیچت لێ نەهاتیە تـاکو ئێسـتا، لەمەو دواش هیچت لێ نایەت دڵنیابە پاشان وتی هەڵیگرن بیبەنە ناو مـزگەوتەکە منیـان بـردە مـزگەوتەکە و دکتـۆریش چـوو دەرمـان بهێنێـت لە نەخۆشـخانەکە لە لای سەرەوەی گوندەکە لە ناو چەند ئەشکەوتێك دابـوو، ئەونـدە ئـاوی جەسـتەم کەم ببۆوە کە دکتۆر لە ماوەی یەك کاتژمێر دوو بتڵ مغەزی(نۆرماڵ سلاین)لێدا دوایش دوو بتڵی تر (دیکزترۆز سلاین)لێدام هەستم کرد سەر ئێشـەو بێهێـزیەکەم کەمـتر بـۆتەوە ئینجـا دوای ئەو هەر کاتژمێرێـك بتڵێـك مـغەزی بـۆ دادەنـام و هاوکـات

دەرزی (بی کـۆمپلیکس) و(ئەنتـی بایۆتیکی)لێـدەدام لە مـاوەی شـەو و ڕۆژێـك سـکچونەکەم وەسـتا و لە سـەدا نەوەت چـاکبوومەوە، ئینجـا دکتـۆر وتی دەبێـت دەست بە خواردن بکەیت وردە وردە خواردنم دەخوارد حەبێکی پێدام وتی دەبێت شــەش کــاتژمێر دەنکــێکی لــێ بخۆیــت (میترۆنیــدازۆل) لەگەڵ دەنــکە حەبی پاراسـیتامۆل بـۆ ئـارامکردنەوەی ژانی جەسـتە و ماسـولکەکانم، دوای دوو ڕۆژ بە تەواوەتی چاك بوومەوە نەگەیشـتبامە ئەو شـوێنە و لای دکتـۆر زریـان بە دڵنیـایی گیانم لە دەست دەدا، تاکو مردن سوپاسی دکتۆر زریـان دەکەم و قەرزبـاریمە ئەو بوو بە فریشـتەی ڕزگـارکردنم. ئـێمە پێـنج ڕۆژ لە مەلەکـان مـاینەوە دواتـر کـاك خورشید وتی ئیسراحەتی خۆمانمـان کـرد، دەبـێ بچیـنە شـێخ وەسـانان، ئەو گونـدە ماوەیەکی کەم و چەند ڕۆژێك پێش ئەوسا بۆردومانی کیمیایی کرابوو، لق ناردبووی هەنـدێ ئەڕزاق و کەلـوپەل بۆمـان بهێـنن لە (خەلیفـان و حەریـر) بەڵام هێشـتا نەگەیشتبوو کاك خورشید وتی با کاك (عەلی ڕەسول) کە ئەندامی کارگێری لق بـوو لێرە بمێنێ و (سەید غەوسـە و سـالار و سـەعدەدین و برهـان) لەگەڵ بمێـنن تـاکو ئەڕزاقەکـان کەلوپەلەکانمـان دەگەن ئەوان لێـرە وەری بگـرن و تەحـویلی شـێخ وەسانانی بکەن، بۆیە ئێمە لە مەلەکان ماینەوە، بەڵام کـاك خورشـید و جەمـاعەت بە ڕێکەوتن بۆ شێخ وەسـانان، هەمـوو ڕۆژ فڕۆکەکـانی عێـراق جەولەیـان دەکـرد، بەیانییەك ئێمە لە سەربان خەوتبووین هێشتا ڕۆژ لە ناو گوندی مەلەکانی نە دەدا، بەڵام ڕۆژ هەڵهاتبوو لە ئاسمان دوو بریسکەم دیت کە جـوان لێـی وورد بـوومەوە فڕۆکە بوون لەسەر گوندی مەلەکان تێپەڕین بەرەو لای ساو سێوۆکەی ڕۆیشتن کە ڕەت بوون ئەوجا دەنگیان هات، منیش هاوارم کرد خەڵکینە بڕۆنە بەرزایەکـان لە نــاو گونــدی مەمێــنن هەر ئەوەنــدەم گــۆت و هــاڕەی فڕۆکەکــان هــات و لە سەرچاوەی مەلەکان دەستیان بە بۆمباران کرد تا لە مەلەکان دەر دەچـووی ڕوبـار و ڕوبار بۆردومانیان دەکرد بۆمبەکانیان دەنگێکی ئەو تۆی نەبوو زانـیم کیمیـایە و خەڵکیش هەستیان پێی کرد بۆیە ئەوەی پـێ ڕاگەیشـت بەرەو بەرزاییەکـان ڕایـان کرد و گوندیان بە جێهێشت، ئێمەش هەر وامان کرد.

دوای چەند خولەکێك هاوار هاوار لە ناو گوندەکە دەستی پێکرد خەڵکی داوای یارمەتی دەکرد، من جانتایەك پڕ لە عیلاجی کیمیایم پێ بـوو. لە دەرزی و قەتـرەی چاو و بۆدرەی دژە ژەهر، جەمەدانیـیەکەم دەمـامکی خۆمـدا و بە ڕاکـردن بـۆ نـاو گوندەکە چوومەوە بۆمبەکان بە ڕیز فڕێدرابوونە خـوارەوە واتـا دۆڵ و دۆڵ و نـاو ڕووبارەکە بۆ ئەوەی ئەوانشی ڕادەکەنە ناو ئاوەکە بیانگرێتەوە، چونکە دەیانگۆت زوو بچیتە ناو ئـاو کـاریگەرییەکی ئەو تـۆی نابێـت، مـن خەریـکی دەرزی لێـدان و قەترە لە چاو کردنی خەڵکی گوندی بووم ئەوانەی بەر کەوتبوون زیاتر ژن و منـداڵ و پیـر و پەکـکەوتە بـوون گەنجەکـان ئەوانەی توانایـان هەبـوو ڕایـان کردبـووە بەرزاییەکان، من نەمـدەتوانی بە هەمـوان ڕابـگەم بەشـێکیش لە نەخۆشـەکان یـان بەرکەوتوەکان لە لایەن نەخۆشخانەکەی ئەوێ چارە دەکران، بەڵام ئەوان نە قەترە نە دەرزی ئەترۆپینیان نەبوو هەمـووی چەنـد دانەیەکیـان هەبـوو، بۆدرەکەشـیان هەر نەبوو، شتەکە لە توانایی ئێمەدا نەما بوو دواجـار تەنیـا دەمـانتوانی بە ئـاو و سابون بیان شۆرین بۆیە مەترسیەکی گەورە لەسەر ژیانی خەڵکەکە هەبوو زۆربەیان چاویان داخرا بوو هەناسەیان تەنـگ ببـوو پێسـتیان سـوور هەڵگەڕابـوو و بڵـۆقی کردبوو، بۆیە ئەوانەی زۆر وەزعیان خراپ بوو پێمان گوتن لێرە ڕاگیریان مەکەن و بیان بەن بۆ ئێران ئەو ڕۆژە تا ئێـوارە هەر خەریـکی بەر کەوتەکـانی ئەو بۆمبـارانە کیمیایە بووین، بەڵام زۆربەی زۆریان بۆ ئێران بەڕێ کران تەنیـا ئەوانە مـانەوە کە کار تێ کردنی کەمیان پێ گەیشـتبوو، تەقـریبەن گونـدەکە چـۆڵ بـوو زیـاتریش لە ترسی بۆردومان کردنی دووبارە، ئێمەش چـووین بـۆ دۆڵێـك لە پشـتەوەی گونـد کە پیادە ڕێیەکی لێ بوو بەرەو (ڕەواندز) دەچـوو ئەشـکەوتێکی بچـووکی لـێ بـوو کە هەر جێگای چوار پێنج کەسی لێ دەبۆوە، چووینە ناو ئەو ئەشکەوتە و جۆگەیەکی ئاو بە خوار ئەشکەوتەکە دا دەڕۆیشت بەرەو ناو گوندی مەلەکان، هەنـدێ بـاغ و دار و باری لێ بوو ڕێزەك دار ئەسپینداریش لەگەڵ جۆگاکە و بە درێـژای جۆگـاکە چێنرا بوون دیمەنێکی جوانی دروست کردبوو بەس ئەو ناوە دووپشکی گەلێك زۆری هەبوو دووپشـکەکانیش بە قەبـار زۆر گەورە بـوون هەیـان بـوو ڕەنگـی ڕەشـێکی

ترسناك بوو هەش بوو زەرد و ڕەش بوون، بەڵام هەردووکیان مەترسدار بوون بۆیە وتمان با زۆر حەزەر بکەین و ئاگامان لە خۆمان بێت، یەکێك لەو هەڤاڵانە نازانم کامیان بوو وتی وەڵا وابزانم کیمیا نەی کوشتین، بەڵام لەو دووپشکانە نەجاتمان نابێت. هەندێ جلمان شۆردبوو لەسەر بەردەکانی کەنار جۆگاکە دابوومانە بەر ڕۆژ بۆ ئەوەی وشك ببنەوە، کاتێك چووین بیان هێنینەوە دووپشکێکی گەورە لە بن شەڕواڵەکەی سەعدەدین بوو ئەویش دەوی تێك ئاڵا و هاواری کرد(ئۆی لەو دووپشکەی چەند گەورەی) هەموومان دەستمان کرد بە پێکەنین کە چووین بۆ لای دیار بوو ژێر ئەو جلکانە گەرم بوو دووپشکەکە چووبوە ژێر جلەکان ئەویش خۆی گەرم دەکردەوە ئاخر هێشتا بەهار بوو سەرەتای مانگی پێنج بوو ئەو ناوچانە هێشتا بە تەواوی گەرم نابن بە هۆی بوونی شاخ و دار و بار و ئاوی زۆر و بەفرەوە، ڕاستی دەکرد قەبارەی دووپشکەکە زۆر گەورە بوو دووپشکێکی ئاسایی نەبوو یەك بست درێژ بوو پشتیشی زۆر پان بوو ڕەش وەکو قیر وابوو هەر لە وێ دووپشکەکەمان تۆپاند و بە حەزەرەوە جلەکانمان هەڵگرتن و گەڕاینەوە ناو ئەشکەوتەکەمان، دوای دوو ڕۆژ تێپەڕینی کات ئەو شتانەی ئێمە چاوەڕێمان دەکردن گەیشتن بە پەلە هەموویمان گواستنەوە بۆ شێخ وەسانان ئەو ڕۆژەی کەلوپەلەکانمان ناردن بۆ بارەگای لق خۆشمان لە ڕۆژی دوای، دوای نانی نیوەڕۆ بە ڕێکەوتین بۆ شێخ وەسانان، بەرەو(دەرەدار) هەنگاومان ناو وردە وردە سەرکەوتین کاژێر دەوری پێنجی دوای نیوەڕۆ بوو گەیشتینە نزیك دەرە دار، گۆڕاییەکی تەخت بوو کە لە لای چەپی کۆنە ڕەبایەکی لێ بوو من لە پێش پێشەوە دەڕۆیشتم و بورهان لە دوای من بوو سەید غەوسەش هێسترەکەی ڕادەکێشا لە دوای بورهان بوو عەلی ڕەسول لە دوای هێسترەکە بوو سەعدەدین لە دوای عەلی ڕەسول دەهات باریکە ڕێیەکی پیادەڕێ بوو کە بەرەو دەرەدار دەچوو بە ناوەڕاستی ئەو زەویە تەختەدا دەرۆیشت، زەویەکەی لە ناوەڕاست کردبووە دوو بەش تیشکی خۆر چاوەکانی زۆر ئەزیەت دەدا، چونکە بەرەو ئاوابوون دەچوو و ڕێك لە ناوچاوی دەدایت کە سەرمان زۆر بەرزکردباوە چاوەکانمانی ئازار دەدا بۆیە

سـەیری پـێش پێـی خۆمـان دەکـرد لە پڕێـك مـن هەسـتم کـرد شـتێك لە پێشـم دەجوڵێـت کە سـەرم تۆزێـك بەرز کـردەوە لەرزەك بە هەمـوو جەسـتەم داهـات مارێکی زەرد درێژیەکەی زیاتر لە مەترێك بوو لە پەنجەی دەستیش ئەستورتر بـوو قیت قیت لە چەقی ڕێگاکە هەڵسابۆوە تەنیا بستێکی لەسەر زەوی مـابۆوە سـەری بۆ لای ئێمە چەماندبۆوە وەکو فلچەی جام پاکردنەوەی سەیارە خۆی بەو لا و بەو لا دا دەبرد وەك ئەوەی بڵێت نایەڵم بڕۆن، دەڵێن مار لەبەر فیشەك قورتاری نـابێ منیش کلاشینکۆفەکەم لە شان داگرت و فیشەکم بردە پێش و پلم پێوە نا یەك دوو فیشەك بەیەکەوە دەرچوون، بەڵام بەر مـارەکە نەکەوت، ئینجـا بورهـان هـات بە دارەکەی دەستی ڕایوەشاندێ هەر نەڕۆیشت ئینجا سەید غەوسە هات بەدەسترێژ فیشەکی پێوەنا، بەڵام هەر پێیـنەکەوت مـارەکە ڕایکـرد بـۆ بـن بەردێـك کە لە ژێـر تەڕاشەکی بچووک دابوو عەلی ڕەسول گۆتی زۆر سەیر بوو ئەو مارە هەر نەڕۆیشت وەڵاهی شتێك هەیە دەنا دەبوایە گوللەکی هەر پێ بکەوتـایە، گـۆتی وەرن بـابچین لەبــن ئەو بەردە دەری بهێنــین ئــێمە هەمووەمــان چــووین ویســتمان بەردەکە بلەقێنین و مـارەکە دەربهێـنـین مـاوەی بیسـت خـولەك هەر خەریـکی بەرد و مـار بـووین، بەڵام بۆمـان دەر نەهـات لە پڕێـك گـرمەیەکی گەورە هـات و لە دەرەدار تەقیـنەوەیەکی گەورە ڕویـدا و تـۆزی ڕەش و سـپی بڵنـد بـۆوە ئاسـمان خۆمـان بە عەرزی دادا و درێژ بووین دوای پێنج خولەك دیسـانەوە لـرمەیەکی تـر هـات و بە هەمان شێوە تەقینەوەیەکی گەورە دەنگی دایەوە ئێمە هەر خۆمان درێژ کردبوو و چاوەڕوان بووین عەلی ڕەسـول گـۆتی وەڵا جەمـاعەت دەگرێـت لە شێخ وەسانان، ئێمە لەم قسانە دابووین و لرمەیەکی تر هات و بە هەمان شـێوە لە دەرەدار تەقیەوە ئێمە نەماندەزانی چی ڕویداوە، بەڵام عەلی ڕەسـول هەر دوعـای دەکرد کە جەماعەت سەلامەت بـن مـاوەیەکی تـر خۆمـان مـات کـرد ئیـتر دەنگـی لرمەی تر نەهات تەنیا ئەو سێ لرمەیە بوون عەلی ڕەسول گۆتی ئەو گرمە گەورانە تەنیا لە تۆپی نەمساوی ڕوو دەدەن، ئەوانە نەمساوی بوون لە سەروچاوەبڕا تێمان دەگرێت ئەو کاتە کەتیبەیەکی تۆپی نەمساوی لە لای ڕانییە و سەروچاوەی هەبوو

بە ڕاکردن چووین بزانین کە جەماعەت سەلامەتن یـان نـا کە سـەرکەوتین گونـدی شێخ وەسانمان لێ بە دیار کەوت دیار بوو تۆپەکان زۆر لەوان دوورتر بـوون ئەوان دیـار بـوون لـێمان کە لە نـاو گونـد دەهـاتن و دەچـوون مانـای ئەوە بـوو کە سـەلامەتن، بەدەرەدار شـۆڕمان کـردەوە ئەوەنـدە نەچووبـوینە خـوارێ جێـی تەقینەوەی تۆپێك لە چەقی ڕێگاکە دیار بوو عەلی ڕەسول گۆتی ڕاوەستن ئەو مارە شتێك بوو کە لێ نەگەڕا ئێمە هیچمان لێ بێـت، ئەنگـۆ تەماشـا بـکەن ئەگەر ئەو ماوەیەی بەو مارە مەشـغول نەبـاین ئەو کـاتە ئـێمە دەگەیشـتینە ئێـرە و تـووشی کارەساتێك دەبووین، ئەتوو تەماشـای ئـێمەش لێـی دەگەڕایـن بیکـوژین، وەڵا ئەو مارە ئەولیا بوو خوا ناردبووی ئێمە بپارێزێت شتەکە پـێ دەچـوو، بەڵام ئەمە هەر گریمانەیەك بوو هەنـدێکی تـر چـووینە خـوارەوە گەیشـتینە قـولینچکی ڕەزی مـام حاجی حەمەدەمین دۆشـاو، بە ڕەحـمەت بێـت شـەهید بـووە لەم دوایـیە تـانۆکی ڕەزەکەی لەگەڵ ڕێگاکەی جوت بـوو تۆپێکیـان ڕێـك لە تـانۆکی ڕەزەکەی (حـاجی دۆشاوی)دابوو دانەیەکی تریشی هەر لەو نزیکە وی دابوو، ڕەزەکەمـان تێپەڕانـد و داخیلی گوندی شێخ وەسان بووین ماوەیەکی زۆر بـوو کیمیـا بـاران کـرا بـوو، بەڵام هێشتا کەلاکی کەر و سەگ و پشیلە و مەڕ و ماڵاتی قل قلە لەو لا و لەو لا کەتبـوو بۆنێکی زۆر ناخۆشـیش دەهـات، بەڵام دەیـانگۆت ئەو بۆنـانە کاریگەریـان نەمـاوە مەترسی نییە. گەیشتینە لای جەماعەت کەپـرێکی گەورەیـان دروسـت کردبـوو ئەو کەپـرە بارەگـای لـق بـوو لەولاتـر لە لای خـوارەوەی کەپـرەکە کەلاوەیەك هەبـوو کرابوو بە بارەگای ناوچەی سەفین ئەولاتری ناوچەی دەشتی هەولێر بوو، ناوچەی کۆیەش چووبوە گوندی شیرێ لەگەڵ نـاوچەی ڕانیـیە، ئەرسـەلان بـرای بوڕهـان و شەماڵی بێتەل کەپرێکیان لە ژێر دارێکی گەورە دروست کردبوو کە دەکەوتە لێـوار کانی گەورەی گوندی، من و بوڕهان چووین جێگـای خۆمـان لە لای ئەوان کـردەوە عەلی ڕەسول و سەید غەوسە و سـەعدەدین چـوون لە بارەگـای لـق جێگایـان بـۆ کراوە، بەم شێوەیە لە گوندی شێخ وەسانان جێگیر بوون.

## بزنەکەی شێخ وەسانان

چەند ڕۆژێکی پێ چوو من بە دوربین سەیری چیایەکەی دەستە چەپی شێخ وەسانانم دەکرد شتێکی ڕەشم دیت کە ناوە ناوە جوڵەیەکی دەکرد پێم سەیر بوو ئەو شوێنەی ئەوی لێ بوو وەکو دیوارەیەك بوو هیچ گیانلەبەرێك نەی دەتوانی بە وێدا بڕوات وتم بوڕهان ئەو شتە ڕەشە چیە لەسەر ئەو چیایە ئەویش بە دوربینەکەی سەیرێکی کرد و وتی وەڵاهی بە بزن دەچێت، ئەگەر یەکەك لەگەڵم بێت دەچم بزانم چییە.؟ ئەمنیش گۆتم ئەمن دێم، بە یەکەوە بە ڕێکەوتین کە نزیك کەوتینەوە سەیرمان کرد ئەو جێگایە زۆر سەقەت بوو مرۆڤ نەیدەتوانی پێیدا بڕوات دیوارەیەکی بەرز بوو لە ناوەڕاستەکەی وەکو نیمچە ڕێگایەك دیوارەکەی دەبڕی کە پانتایەکەی تەنیا لە دەوری سی سانتیمەترێك دەبوو تەنانەت مرۆڤ ڕاست و ڕاستیش نەیدەتوانی پێیدا تێپەڕێت دەبوایە لەسەر تەنیشت بۆی بچێت، بەڵام مەترسیەکی گەورەی هەبوو بەس هەڵدێرابای دەکەوتیە خوارەوە و خوارەوەش هەزار بە هەزار بوو پارچە پارچە دەبوویت، ئەو شتەی کە بینیشمان بزنێك بوو لە ناوەڕاستی دیوارەکە وەستا بوو، تەقریبەن شەش حەوت مەترێك لە ئێمە دوور بوو، بەڵام هیچ دەنگێکی لێوە نەدەهات ئەمن گۆتم بوڕهان ئەوە زۆر مەترسدارە وازی لێ بێنە و وەرە با بچینەوە، ئەویش گۆتی ئەم بەستە زمانە گوناحە لە وێ دەمرێت با بە هەر جۆرێک بی دەری بێنین و دەیبەینەوە لۆ بارەگای پاشان گۆتی وەرە پشدێنی من و توو بە دوو قەدی لێك دەبەستین ئەمن لە ناو قەدی خۆمی گرێ دەدەم و سەرەکەی تریش لەو دارێهێ گرێ دەدەین یەواش یەواش دەچم و قۆچی دەگرم و لە دوو خۆمی ڕادەکێشم، ئەویش(سیان)بوو لە خۆشناوان کەللە ڕەقتر بوو، بۆیە هەر وامان کرد و بوڕهان لەسەر تەنیشت لۆ بزنەکەی چوو زۆر بە هێواشی قۆچی بزنەکەی گرت و لە دوو خۆی ڕاکێشا، جەماعەتیش لە خوارێ بە دووربینی تەماشای مەیان دەکرد یتر، لە

خوای بە زیاد بێت بە سەلامەتی گەڕایەوە، بەڵام ڕەنگی سوور هەڵـگەڕا بـوو گـۆتی سالار بەو خوایەی دوو جـار سـەرم سـوڕا گـۆتم هەنـوکە بەر دەمەوە، بەڵام ورەم دایە خۆم و تەماشای خوارێم نەدەکرد ئەو بزنە بەستە زمـانە هەردوو چـاوی وەکی کەلا شوشەی دەرپەڕیبوو زمانی هیشـك ببـوو پشـدێنم لە قـۆچی بەسـتا و لە دوو خۆمـانم ڕاکێشـا هەتـا گەیانـدمانە ڕۆخ گونـدی لە وێ کانیاوێـك هەبـوو سـەری بزنەکەم گرت و لمـوزم لە نـاو ئـاوەکەی نـا بە تونـدی سـەری خـۆی برنـد کـردەوە جارەکی دیکەش پشـتە ملـم گـرت و سـەریم شـۆڕ کـردەوە نـاو ئـاوەکەی، سـەرەتا زمانەکی لێدا و لموزی دەرهێنا پاشان بەخۆی سـەری نەوی کـردەوە و ئـاوێکی زۆری خواردەوە دیار بوو لە مێژ بوو تێنی بوو ماوەیەکی باش لموزی لە ئـاوێ دەرنەهینـا، پاشان کە سەری بڵند کردەوە لموزی لە ئاسمانی کرد و قاڕاندی، پێم وابێ لە مێژیش بوو نەی قاڕاندبوو دەم و گەللوی وشك ببوون بەسـتە زمـان. ئـێمە دوژمنـێکی بـێ بەزەیمان هەبوو تەنانەت بەزەیـی بە ئاژەڵەکـانیش نەدەهـات وەکـو سـەگی هـار کەوتبووە گیانی خەڵکی کوردستان لای ئەو گرینگ ئەوە بـوو کـورد و خـاکەکەی لە ناو بەرێت و جارێکی تر ژیانی تێدا بەردەوام نەبێت و هەمـوو دارەکـانیش وشـك و بێبەر ببوون لە خوار گوندی خەڵکی هەندێ پیازیان چاندبوو، چونکە لە ژێـر زەوی بـوو زۆر کـاریگەری تـێ نەکـرا بـوو و شـین ببـوون، بەڵام کەسی لـێ نەبـوو بیـان بڕێتەوە یان هەڵیان بکەنێ وڵاتێکی چۆڵ و زوڵم لێ کراو بوو بۆ هەر لای دەتڕوانی شوێن پەنـجەی دوژمنـت لـێ دەدیـت، تەنـانەت مزگەوتەکەشـیان ڕمانـدبوو ئـای خوایە دەبێ ئەم کوردە خێر لە خۆ نەدیوە چ گونـاحێکی کردبێـت کە بەم شـێوەیە کوشـــت و بـــڕ دەکرێـــت ئەمە و زۆر پرســـیاری تـــری بـــێ وەڵام لە گـــوێچکەم دەزرینگانەوە.

بزنەکەمان گەیاندە بارەگا هەندێك وتیان با سەری ببـڕین و بیخـۆین هەنـدێك دەیـانگوت خەتەرە کیمیـای پـێ کەتیـیە ممکیـنە ئـێمەش ژەهـراوی ببـین لەو مناقەشەیە بووین ئیڤایەکی عەسـکەری لە لای بالیسـانێ ڕاهـات گۆتیـان وەڵا ئەوە

(کۆسرەتە) مەڵبەندی سێ لە خەتێ و توتمێ بوو، کۆسرەت بەرپرسی مەڵبەند بوو ئەو کاتە (مەلا ئەحمەدی وەرتی) ڕۆژی پێشتر پەیوەندی بە پێشمەرگەوە کردبوو، کۆسرەت ئەوی لەگەڵ خۆی هێنا بوو بۆ لقی دوو، دکتۆر زریانیشی ـ لەگەڵدا بوو چاوی بە من کەوت وتی ها ئێستا کوی باشتر بووی.؟ ئەمنیش گۆتم وەڵا دکتۆر عەیبم نەمایە زۆر باشم بەس دکتۆر ئەم بزنەمان بەم شێوەیە بووە هێناومانە لە شاخ ئایا دەکرێت سەری ببڕین و بیخۆین لە ڕووی تەندروستیەوە زیانمان لێ نادات.؟ ئەویش گۆتی ،سەری ببڕن ئەگەر جەرگەکەی زەرد ببوو یان ماك ماك ببوو جەرگەکەی فرێ بدەن گۆشتەکەی پاك بشۆنەوە جوان بیکوڵێنن و بیخۆن هیچ عەیبی نییە.

ئیتر ئەوە بوو بزنەکەمان سەربڕی کۆسرەت و جەماعەتیش لەوێ مانەوە جەرگەکەشمان فرێ داو جوان کوڵاندیان و برنجێکیان لەگەڵ لێنا و نیوەڕۆ هەموو پێکەوە لەو گۆشتەیان خوارد، بەڵام ئەمن دڵم بۆی نەدەچوو زۆر زگم بەو ئاژەلە سوتا بوو بۆیە لە گۆشتەکەم نەخوارد ئەوانەی خواردیشیان شوکر کەس هیچی لێنەهات و هەمووان سەلامەت بوون.

# تەوەری بیست و یەک

## گەڕانەوەم بۆماڵەوە

پارتی خەریکی خۆ ڕێکخستنەوە بوو لەو سنووره ئاخر ماوەیەکی زۆر بوو بە هۆی شەڕی ناوەخۆ لەو سنوره دابڕابوو، بۆیە کۆمەڵێك مەفارزی بچووک بچووکی دروست کرد بۆ پەیوەندی کردنیان بە کەسان و شانە نهێنییەکانیان ڕەوانەی دەوروبەری هەولێریان کردن، یەکەك لەو کەسانەی کە ناردنی شەهید(جەعفر سادق)بوو. ڕەوانەی قەراج و کەندێناوە و شەمامکێ کرا لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەك، شەهید جەعفر خزمانی منی دەناسی بە تایبەتی خاڵەکانم بۆیە منیش نامەیەکم بۆ هەردوو خاڵم(عەولا و عارەب)نارد تێیدا وەزعی خۆمانم بۆیان شی کردەوە باسی ژیانی خۆمانم بۆیان کردبوو، هەروەها داوای هەندێ پارەم لێ کردبوون بۆ مەسروفاتی ماڵەوە دانەوەی قەرزەکانم دامە دەست شەهید جەعفر ئەویش نامەکەی گەیاندبووە دەستیان خاڵەکانم بە جەعفریان گۆتبوو دوای خۆمان وەڵامی دەدەینەوە کە هەرگیز ئەو وەڵامەم بۆ نەهاتەوە و جوابی منیان نەداوە.

دوای مانگێك زیاتر شەهید جەعفر گەڕایەوە لامان و وتی نامەکانم گەیاندۆتە جێگای خۆی جا نازانم چیان کردووە، چونکە وتیان خۆمان جوابی دەدەینەوە، منیش سوپاسم کرد و دەست خۆشیم لێ کرد، کاتێ هەموو مەفرەزەکان ئەرکی خۆیان ئەنجامداو گەڕانەوە دەست کرا بە ڕێکخستنی دووبارەی لق و ناوچەکانی دوای دوو ڕۆژ کۆبوونەوە، کۆتایی بە بڕیارەکان هێنرا. چەند ناوچەیەك زیاد کران وەك مەخمور و دەشتی هەولێر و بەڕانەتی و ڕەواندز و هەر ناوچەیەك بەرپرس و

ئەنــدامەکانی دیــاری کرابــوون دیــارە نە نــاوی مــن نە نــاوی ســەعدەدین و نە ناوی(چەتۆ)ی حەسەن حەیران لە هیچ شوێنێك نەهاتبۆوە و دانەنرابووین منیش چوومەوە لای کاك خورشید ئەو وتی دەزانم نیگەرانی، بەڵام من لە لق ئیشێك بۆ تۆ دادەنێم، منیش وتم سوپاس من هیچم ناوێـت و دەگەڕێـمەوە مـاڵ هەر چەنـدی هەڤاڵ(مقداد عەلی )کە ئەو کاتە کارگێڕی لق بوو داوای لێ کردم سەبرم هەبێـت و نەگەڕێمەوە، بەڵام من نەوەسـتام وتـم دەگەڕێـمەوە چەتـۆی حەسـەن حەیـران ئەویش وتی منیش دێمەوە دوو کەسی تریش دەچوونەوە بۆ ئێران ئـێمە ئەو چـوار کەسە مـلی ڕێگامـان گـرت و بەرەو سـنور بە ڕێکەوتـین لە ساوسـێوۆکە گەیشـتنە کۆمەڵێك پێشمەرگە کە دەچوونە لـق هەڤـاڵان(محەمەد مەلا قـادر و نەجمەدیـن یوسـفی و بـارزان مەلا خالیـد و مەلا حمـدامین گـوێزلینگە)و کۆمەڵێـك کـادیر و پێشمەرگەی تر بوون بەرەو شێخ وەسانان دەچوون، ماندوونەبووڼمان لە یەکتر کرد و خاڵە بارزان وتی:

ـــ جەماعەت لە کێندەرن.؟

ـــ وەڵا خارە بارزان هەموویان لە شێخ وەسانن

ـــ عەلی ڕەسولیش لە وێیە.؟

ـــ بەرێ ئەویش لە وێیە.

ـــ مادام ئەو لە شێخ وەسانان بێت شەرتبی ئەمن بچمە هەولێرێ.

خارە بارزان قسەی خۆش بوو هەموان دەستیان بە پێکەنین کرد ئەویش لـۆیێ ئەو قسەی کرد، چونکە عەلی ڕەسول هەرگیز چەکداری نەکردبوو وەکو پێشـمەرگە ئەو کادیری حزب بوو تەنیا ئیشی حزبایەتی دەکرد و پێشتریش کردبووی.

ئەو کـاتەی ئـێمە گەڕایـنەوە کۆتایەکـانی مـانگی ٧ی/١٩٨٧ لە قەنـدیل ئـاودیو بووین و شێخ ئایش و بادینانەوە پاشانیش چووینەوە نەغەدە.

ئەمن بە هیوای دوو ئیش چووبووم یەکەمیان گەیشتن بە خزمـان و وەرگرتنـی پارە لێیان و دوومیش ئەگەر لە ڕێکخستنەوەکانی لق ئەرکێك وەربگرم کە شوکر بۆ خوا هیچ کامیان سەری نەگرت و جێبەجێ نەبوو

دە پازدە ڕۆژێك لە ماڵ پشومدا و دواتر گەڕامەوە بارەگای مەکـتەب سـیاسی و ئاگـادارم کـردن کە گەڕاومەتەوە و ئەوانـیش وتیـان بـڕۆ پـازدە ڕۆژێـکی تـریش ئیسرـاحەت بـکە و ئینجـا دوای ئەوە بگەڕێـوە بـۆ دەوام ئیـتر بەم شـێوەیە لە مـانگی٨ی/١٩٨٧ گەڕامەوە شـوێنی جـارانی خـۆم و دەسـتم کـردەوە بە جێبەجـێ کردنی ئەرك و کارەکانم.

## ساڵی ١٩٨٨ و پەیامی خواکوڕک

کۆتایی بە ساڵی ١٩٨٧ هات و دەنگۆیەکـان سـەبارەت بە شـۆڕشی کـورد بـاش نەبوون لە ساڵی ١٩٨٨ شەڕی ئێران و عێـراق بە بڕیـاڕی نەتەوە یەکگرتووەکـان بە کۆتا هات بە بڕیاری ژمارە(٥٩٨) لە ٢ی/١٩٨٧/٧ ئێرانی ناچار کرد دواجار لە سـاڵی ١٩٨٨ تەسلیمی ئیـرادەی نەتەوە یەکگرتوەکـان بکات(ئـایەتوڵڵا خـومەینی) ناچـار کـرد کە بێـتە سـەر شاشـەی تەلەفزیـۆنی بڵێت(کاسـەی ژەهـرم نـۆشی) و شـەڕ بوەستێنرێت و بە زوترین کات کۆتایی شەڕەکەی ڕاگەیاند ئەم هەڵوێسـتەی ئێـران و ڕاگرتنی شەڕ، خەڵکی وایان دانا بوو کە ئیتر کۆتایی بە شۆڕشی کـوردیش هـات و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی گەلی کوردستان بە کۆتا هات، چونکە هاوکـات لەگەڵ ئەم بەیاننامەیە هێزەکانی عێـراق کەوتـنە پشـوودان و خـۆ کـۆکردنەوە بـۆ ئەنجامـدانی جینۆسایدێکی گەورە دژ بە گەلی کورد. لەو ساڵە پڕۆسە شوومەکانی ئەنفال دەسـتی پێکرد و کیمیابارانی هەڵەبجە و بادینان و جافایەتی و خۆشـناوەتی وای لە هێزەکـانی پێشمەرگە کرد پاشەکشە بکەن بۆ سەر سنوورەکانی عێراق/ئێران.

نـا ئومێـدیەکی زۆر بـاڵی بەسـەر کـوردا کێشـابوو هەرچـی سـوپا و ئەفـواجی خەفیفەی هەبوون لە عێراق هێنرابوونە کوردستان و بە پاڵپشتی تـۆپ و تەیـارە و جبەخـانەیەکی زەبەلاح کە هەشـت سـاڵ بـوو شـەڕی وڵاتی ئێـرانی پـێ دەکـرا ئەمجارەیان بۆ قەتڵ و عامی کورد بەکار هێنران، لە هەموو ناوچەکـانی پێشـمەرگە پاشەکشەی پێ کرا تا دواجار پـارتی لە هەلوێسـتێکی کـوردانە و نیشـتیمانپەروەرانە بڕیارێدا دۆزی کورد بە شەڕی ئێران و عێراق نەبەستێتەوە بەرگری لە داوا ڕەواکـان بکات و دۆزی گەلی کورد بگوازێتەوە بۆ ئاقارێکی جیاواز لە مەیدانی شەڕی ئێـران و عێـراق و بە وڵاتـانی نـاوچەکە و جیهـانیش بڵێـت خەبـاتی گەلی کوردسـتان هـیچ پەیوەندییەکی بە شەڕی ئێران و عێراقەوە نییە. بۆیە هەموو هێزەکانی کۆکردەوە بە بڕیـارێکی بـوێران پتیشیـ بە هێـزە عێراقیەکـان گـرت کە سـەرخۆشی سـەرکەوتنە ناوەڕۆك بە تاڵەکانی خۆیان بوون، گوایە کۆتایان بە کورد و دۆزە ڕەواکەی هێنـاوە. نەیانزانی سێ گۆشەی مەرگ لە خوا کوڕك وانەیەکیان پێ دەدات کە تا هەتایێ بـۆ نەوەکانیان باسی لێ بکەن بە ڕای من گەورەترین سەرکەوتن و پیرۆزتـرین داسـتان کە پارتی بە درێـژای شـۆڕشی گـوڵان ئەنجـامی دابێـت داسـتانی خواکـوڕك بـوو بەم هۆکارانەی خوارەوە.

یەکەم: مەسجێکی ڕۆن و ئاشکرای نارد بۆ هەموو جیهانیان کە کورد کۆتایی پێ نایەت و بە بێ چارەسەر کردنی دۆزی گەلی کـورد و لەو نـاوچەیە هەرگیـز ئـارامی سەقامگیری نابێت بگرە کێشەکانیش گەورەتریش دەبن.

دووەم: ئامادە بـوون و فەرمانـدەیی کـردنی شـەڕەکە لە لایەن خـودی سـەرۆك بـارزانییەوە ئومێـد و ورەیەکی زۆری گێـڕاوە بـۆ پێشـمەرگە کە بەهـۆی ئەنفـالە شوومەکان باری دەروونیان لە داڕماندا بوو.

سێیەم: دەرس و پەندێکدا بە سوپا تا قوڕگ چەکدارەکەی عێراق کە پێی وتـن، هەڵەن کورد ئەو پاروە چەورە نییە بە ئاسانی قوتی بدەن و بگەڕێنەوە لای وشتر و بیابانەکانتان.

چوارەم: پارتی توانی ماوەی ٤٦چل و شەش ڕۆژ شەڕی وڵاتێك بكات كە لە ڕێزبەندی پێنجەم سوپای جیهاندا بوو لەو سەردەمەدا، لە١٩ی /نۆزدەی تەمموزی/١٩٨٨ تاكو ٥ی پێنجی/ئەیلوولی/١٩٨٨ ئەمە دەستكەوتێكی مەزن بوو و سەلمێندرا ئیرادە و خۆڕاگری هەر گەلێك دەتوانێت چۆك بە گەورەترین بەهێزترین سوپاكانی جیهانیش دا بدات.

ئێمە وەكو بەشی تەندروستی بەشدارییەكی مەیدانی و باشمان هەبوو لەو ماوەیەی كە شەڕی خواكورك بەردەوام بوو لەچارەسەر كردنی نەخۆش و بریندارەكانی ئەو شەڕە، ئەڵبەتە ئێمە لە خەتی دواوەی بەرەكانی شەڕدا بووین.

لە دوای ٥ی/ئەیلوول/١٩٨٨ و كشانەوەی هێزەكانی پارتی بە هۆی گۆڕانی كەشوهەوا و بارودۆخی ناوچەكە، لە كۆبوونەوەیەكدا سەرۆك بارزانی هەر لەو شوێنە لەگەڵ پێشمەرگەكانی شەڕی خواكورك وێرای سوپاس و پێزانین و ڕێزلێنانی فەرماندە و پێشمەرگەكان لە شیكردنەوەیەكدا وتی "بارودۆخەكە بەم شێوەیە نامێنێت و گۆڕانكاری گەورە لە ناوچەكە ڕوودەدەن و كوردیش بەشێك دەبێت لەم گۆڕانكارییە. بە دڵنیایی، بۆیە دەبێت لە ئێستاڕا خۆمان ئامادە بكەین بۆ كاتی گۆڕانكارییەكە" بەم شێوەیە كۆتایی بە داستانی خوا كورك هێنرا و هێزەكان گەڕانەوە بارەگاكانیان لەو دیو سنووری عێراق و لە خاكی ئێران بوون، ئیتر چالاكی سەربازی و پێشمەرگایەتی نەما لە كوردستان بۆیە زۆربەی پێشمەرگەكان ئیزندران بچنەوە ماڵەوە ئەگەر پێیان كرا كار و كاسبیەك بۆ خۆیان بكەن، چونكە باری دارایی حزبیش وەكو جاران نەما بوو و نەیدەتوانی موچەی هەموو پێشمەرگە بدات بۆیە ئەوانەی گەنج و بە توانا یان پسپۆڕیان هەبوو لە كاری پیشەی ڕوویان لە شارەكانی ئێران كرد بۆ كاسبی كردن و وەدەستهێنانی بژێوی ژیانی ماڵ و منداڵەكانیان.

# تەوەری بیست و دوو

## لە دوای ئەنفالەکان و کۆتاییهاتنی شەڕی خواکورک

ئەمنیش یەکێك لەوانە بووم کە بێ کار بـووم گەڕامەوە مـاڵەوە مـاوەیەکی زۆر بـوو لە مـاڵەوە بـووم لەگەڵ مـاڵی دایکیشـم مـاڵی خـۆم کردبـوو، بەڵام لە یەك حەوشـدا بـووین، مـن و هاوسـەرەکەم لە قـاتی دووەمـی خـانوەکە لە دوو ژووردا بـووین هـیچمان نەبـوو، ڕۆژانە دەردەچـووم لە مـاڵ بە ئومێـدی ئەوەی ئیشـێك بدۆزمەوە و خۆمی پێ خەریك بکەم من هیچ پارە و دەستمایەکم نەبـوو کـارێکی پێ بکەم ڕۆژانە دەچووم لە پێش دوکانەکەی سەرتاشی کاوە کە هـی (کـاوەی مەلا عەزیـز) بـوو ئێسـتا ئەو بەڕێـزە تـاکو نووسـینی ئەم بـابەتە بەرپـرسی ئیـدارەی فڕۆکەخـــانەی نیـــودەوڵەتی هەولێـــرە، ئـــێمە کۆمەڵێـــك کەس بـــووین لە وێ کۆدەبووینەوە هەموومان بێ ئیش بـووین ڕۆژێـك(نەریمان)برای کـاوە وتی سـالار پارەت هەیە کاسبیەکی پێکەوە بکەین.؟ منیش وتـم پـارەم نیـیە بەس چ کاسـبیەك ئەویش گۆتی دەچین بە لۆری شوتی لەئەهواز دێنین و لێرە لە عەلوەی دەیفرۆشین ئەو گۆتی ئەمن دەوری سی هەزار تومەنێکم هەیە ئەتـووش هەنـدێکی پەیـدا بـکە ئەوە بە یەکەوە ئەو کارە دەکەین و خێرێکی باشیشی دەبێت ئەمن سەد تومەنیشم نەبوو، ئەو پارەی ئەو دەیگۆت هەموو کەس لای پەیدا نەدەبوو، بـۆیە گـۆتم وەڵا هیچم نییە و کەسیش شك نابەم لێی وەربگـرم دوو سـێ ڕۆژ بەسـەر ئەو مەزوعە تێ پەڕی عەسرانێك کە تەنیا پێنج تومەنم لە گیرفاندا بوو زۆر عاجز و بێ زەوق لە پێش دوکانەکەی کاوە دانیشتبووم داڵغەیەکی دوورم لێ دابـوو زۆر بێـزار بـووم لە خۆم و لەو ژیانە بە لا چاو ئاگام لێ بوو کەسێك هات لە تەنیشتم دانیشت بە بـێ دەنگـی کە ئـاوڕم داوە(مـحەمەد مەلا حسـێن)ی مەحسـوناوە بـوو ئەو دۆسـتێکی

نـزیکی مـاڵە خاڵەکـانم بـوو کـوڕی کـابرایەکی نـاودار و کەسـایەتی قەراج بـوو، لە پەیوەندیەکانی (ینك) ئیشی دەکرد لە شاری نەغەدە کە مـن ئـاوڕم دایەوە بـزەیەکی کرد و سڵاوێکی لێ کردم و وتی لۆیێ بە بێ دەنگـی دانیشـتم لە داڵـغەیەکی دوور و قوڵ بووی نەمویست لێتی تێك بدەم، پاشـان ئەحـواڵ پـرسی کـرد و وتی خـۆ هـیچ کێشەیەکت نییە.؟

ئەمنیش گۆتم ناوەڵا، وتی ئەدی لۆ ئەوها عاجز دیـاری.!؟ بە یەکەوە هەنـدەك قسەمان کردوو پاشان ئەو هەستا ڕۆیشـتوو گـۆتی لێـرە مەڕۆ ئەمـانەتەکی تـوو لای منە دەچم لە مارێ لۆت دەینم پێم سەیر بوو لەو دەم و دەستەی دەبێ چ شتەکی من لای ئەو بێت بیرم لە زۆر شت دەکردەوە بەس پارە نەبێت.

دوای ماوەیەك گەڕایەوە کیسەیەك نایلۆنی بچووکی لە دەسـتی بـوو کە پـارچە قوماشـێکی تێـدا بـوو، ئەو کـاتە کە ئەو هـاتەوە نەریمانـیش لە تەنیشــت مــن دانیشتبوو، ئەو کیسەکەی لە پێش من دانـا و وتی ئەوەش ئەمـانەتیەکەت بـیکەوە بزانە چـیە.؟ منـیش کیسـەکەم کـردەوە دوو هەزار دینـاری عێراقـی لە نـاو پـارچە قوماشەکەی دابوو، سەیرێکی مامۆستام کرد وتم ئەمە چیە ئەو وتی بەخوای دەزانم عاجزی تـۆ لەبەر بـێ پـارەیە مـن سـێ هەزار دینـارم هەیە دوانـم لـۆ تـۆ هێنـایە یەکیشم لۆ خـۆم هێشـتیتەوە بەس مـن کێشـەم نـیە، چـونکە مەعـاشی مانگـانەم بەردەوامە. ئەو پارەیە ببە و خەرجـی بـکە تـاکو بـزانین زروفەکە چـی لـێ دێـت. منیش گۆتم برام ئەو پارەیە زۆر زۆرە هەزاری ببەوە قەیدی ناکات هەزارەکەی تـر هەڵدەگرم، چونکە ڕاستە زۆر بێ پارەم ئەو گـۆتی بەخـوای یەك دینـاری نـابەمەوە لەو کاتە نەریـمان گـۆتی ئـێ وەڵا زۆر باشـە ئەوە پـارەیەکی باشـە وەری بگـرە ئەو کاسبیەی گۆتم پێکەوە دەیکەین، مامۆستا مەحەمەدیش گۆتی چ کاسبیەك نەریمان بۆی باس کرد کە بەتەمای چینە ئەویـش گـۆتی وەڵا ئەوجـا سـالار کەیفـی خـۆیتی ئەمن ئەو پاریەی دەدەمـێ ئەگەر هەی بـوو بمـداتەوە ئەگەریـش نەیبـوو گەردنی بابیشی ئازا بێت، ئەو پیاوەتیەکی گەورە بوو کە مامۆستا محەمەد لەگەڵ منـی کـرد

لەو کـات و سـاتەدا ئەمە لە دەسـت هەمـوو کەسـێك نەدەهـات بـۆیە گـۆتم بەو مەرجەی ئەتوش وەکو شەریك بەش، بەشێك ببەی لەو قـازانجەی ئەمە دەیکەیـن، ئەو گۆتی وەڵا ئەمن بۆ شەریکایەتی ئەو پارەت نادەمێ و نامە شەریك منیش وتـم کەواتە پــارەکەت بــبەوە و وەری نــاگرم دوای مناقەشـــەیەکی زۆر ڕازی بـــوو کە هەرکات ئێمە ئیشمان بە پارە نەبوو ئەگەر قازانجێکی زیادەمـان کـرد کە ئەو لاری نابێت شتێکمان لێ وەربگرێت، بەڵام وەکو شەریك نا.

ئیتر من هەزار دینـارم گـۆڕیەوە و کـردیە نـزیکەی سی و پێـنج هەزار تـومەن، کەوتینە بیر کردنەوە کە چۆن دەست پێ بکەین پارێزگای ئەهواز سەنتەری شەڕی ئێـران و عێـراق بـوو هێشـتا هەمـوو ناوچەکـانی ئـاوەدان نەکرابـوونەوە پـاکیش نەکرابوونەوە لە ئاسەوارەکانی ئەو شەڕە، بۆ ئێمەی عێراقیش مەمنـوع بـوو بچیـنە ئەو شوێنانە، چونکە پێشتر چەنـد عێـراقیەك لەوێ گیرابـوون و تـاوانی جاسوسـیان خستبووە پاڵیان و سزادرابوون، ئەگەر داوای مۆڵەتیشمان لە پـۆلیس بکـردایە هەر ڕازی نەدەبوون مۆڵەتیان نەدەدا ئێمە بچینە ئەو شوێنە تا دواجـار بیـرم لە شـتێك کـردەوە بە نەریمانـم گـۆت وەرە بـا شـتێك بکەیـن نە مۆڵەتمـان پـێ دەدرێـت نە دەشتوانین بە سەیارەی خەت بچین بـۆ ئەهـواز لەبەر سـەیتەرەی زۆری ڕێگاکـانی من دەرێم با لێرە لۆریەك بگرین بە کرێ و لەگەڵی سوار بین و بچین بۆ ئەهواز و لەوسەری باری لێ بار بکەین و بێینەوە ئەویش بیرۆکەکەی پەسەند کردوو گەڕاین بە دوای لۆریەکی تاك تاکو دانەیەکمان دیتەوە لە جۆری مارسدیس کە خاوەنەکەی تـورکێکی نەغەدە بـوو بە نـاوی(ئەحمەد ئاغـا) لەگەڵـی ڕێککەوتـین هەر کـاروانی بیسـت هەزار تـومەنی پـێ بـدەین بەم شـێوەیە دەسـتمان کـرد بە شـوتی فرۆشـتن بەیـــانییەکەی لەگەڵ مەلا بانگـــدان بە ڕێکەوتـــین بـــۆ ئەهـــواز هەمـــان ڕۆژ لە شەوەکەی کاتژمێر ١٠ی شەو گەیشتینە ئەهـواز کە بیسـت سـەعات ڕێگـا بـوو نە کەســمان دەنــاسی و نە شــارەزای شــوێنێك بــووین، پرســیاری عەلوەمــان کــرد و دۆزیمانەوە کە چووینە ناو عەلوەکە زیاتر لە پەنجا پیکابی شۆفرلێت پـڕ لە شـفتی

لەوێ وەستا بوو هەر بە پەلە ویستمان دەست بە کڕین بکەین لەو شوێنە تووشی حەمباڵێك بووین زانی ئێمە عێراقین وتی منیش عێراقیم خەڵکی(عمارەم).

لێرە مەکڕن نرخەکەی گرانە سەبرتان هەبێت بەیانی ئەم مەکتەبانە دەبنەوە ئەو جێگایەیی ئەمن ئیشی لێ دەکەم بێستانیان هەیە من پێیان دەڵێم بچن لەسەر بێستان لێیان بکڕن نیوەی نرخەکەی ئێرە دەدەن، ئەوە بۆ ئێمە باش بوو بۆیە شەو لە ناو پشتی لۆریەکە خەوتین و چاوەڕوانی کردنەوەی مەکتەبەکەمان کرد، کاتژمێر ٥ی بەیانی لەگەڵ دەنگە دەنگی خەڵکی بە خەبەر هاتین قەڵەباڵغیەکی زۆر دروست ببوو ئەو ناوە هارەی لێوە دەهات لە خەڵك و کڕینی بەرهەمەکان، حەمباڵەکە هاتە شوێنمان بردمانی بۆ لای خاوەن کارەکەی خۆی لە وێ ئێمەی پێ ناساند ئەویش بە خێر هاتنی کردین وتی دانیشن چاوەڕوان بن ئێستا کەسێکتان لەگەڵ دەنێرم دوای نیو سەعاتێك وتی ئەمە (جەلیلە) خاوەن بیستانە لەگەڵی بچن و سەیری بێستانەکەی بکەن ئەویش فەرمووی لە ئێمە کرد من و نەریمان سواری پیکابەکەی بووین و بە ڕێکەوت لە ئەهواز چووە دەرەوە بەرەو بێستانەکەی چوو کە زۆر دوور نەبوو لە ئەهواز گەیشتینە سەر بێستانەکە و دابەزین تا چاو حوکمی دەکرد شوتی بوو وتی ئەوە بەرەی دووەمیەتی بۆ خۆی شوتی بەری یەکەمی بە تامتر و باشترە گەرچی بەری دووەمیش خراپ نییە و بەتامە لەگەڵ کابرا پێکهاتین بە بیست هەزار تومەن لۆریەکە پڕ بکەین، زۆر هەرزان بوو لۆریەکە پێشتر ئیشی حەیوان گواستنەوەی کردبوو ڕێزێك تەختەی لە بۆدیکەی زیاد کردبوو بۆیە لە ئەندازەی خۆی زیاتری دەگرت هەر لەبەر ئەوەش هیچ مامەڵەمان لەگەڵ خاوەن بێستانەکە نەکردوو وتمان دەچین لۆری دەینین و بار دەکەین کابراش وتی منیش کرێکاری شارەزاتان بۆ دێنم بۆ ئەوەی بۆتان بار بکەین، شوتی بارکردنیش شارەزای دەویست بۆیە خاوەنی بێستان بەخۆی هەر لە گوندەکەی پاڵ بێستانەکە هەندێ کرێکاری هێنان ئێمەش لۆریەکەمان لە تەنیشت بێستانەکە ڕاگرت ئەو کرێکارانەی هێنا بوونی نیوەیان زیاتر ئافرەت بوون ئێمە پێمان سەیر بوو ئەوانە

چۆن دەتوانن شوتی بار بکەن، بەڵام کە دیتمان چـۆن بـار دەکەن سـەرمان سـوڕما، ئافرەتێك بە پێوە بە بەینی دێرە شـوتیەکاندا دەڕۆیشـت تەشـتێکی گەورەی فـافۆن یان نایلۆنی لەسەر سەری دانا بوو، نە پێڵاو نە نەعلیشی۔ لە پـێ نەبـوو ئەو قیـت و قیت دەڕۆیشت دوو ئافرەتی تر لەو لا و لەم لا بە یەکەوە هەر یەکە و شوتیەکیان هەڵدەگرت هاوکات دایان دەنا ناو تەشتەکە نەدەبوو یەکێـك پێشی۔ ئەوی تـر دای بنێ چونکە تەشتەکە لار دەبۆوە لەسەر سەری دەکەوتە خوارێ عەمەلەیەکی ژیر و لێزان لەسەر دەرکی لۆریەکەش بە هەمان شێوە دوو کەس دەوەستان و بە یەکەوە هەر یەکەیان لە لایەك شوتیەکی لە تەشتەکە هەڵـدەگرت و دەیانـدا بە دوو کەسی دیکە کە ئەوان لە ناو لۆریەکە سەفتیان دەکرد و ڕێکیان دەخست، ئەوەی ئـێمەی زۆر سەرسام کردبوو ئەو شـوتیانە هەر یەکەیـان کەمـتر لە دە کیلـۆ غـرام نەبـوون زیـاتر لە حەوت هەشــت شــوتیان دەخســتە نــاو ئەم تەشــتەی لە ســەر ســەری ئافرەتەکاندا بوو، بێ گومان کێشێکی زۆر بوو پێمان سەیر بوو چۆن بەرگەی دەگرن سەیرتریش ئەوەبوو هەرگیـز بە دەسـتەکانیان تەشـتەکانیان نەدەگـرتن و بەریـش نەدەبۆوە  تاکو لۆریەکەیان پـڕ کـرد بەم شـێوەیە کاریـان دەکـرد، لە ڕاسـتیدا هەر وابوو دەبوایە کرێکـاری شـارەزا لەم بـوارە ئەم کارەیـان بکـردایە پـارەی کرێکـار و خــاوەن بێســتانمان داو بە ڕێکەوتــین بــۆ نەغەدە لە پــۆلیس ڕێگــای(ئەهواز ئەندیمەشـك) لۆریەکەیـان نـاردە قەپـان وتیـان سـێ تـۆن زیـادەت هەیە دەبێـت هەزار و پێنج سەد تومەن  غەرامەی بدەیت یان زیادەکە داگریـت، ئەوەبـوو مـن وتم کێشە نییە ئەو پارەی ئێمە دەیدەین و دایمەگرە، ئینجا زانـیمان کە چەنـدمان زیاتر لە حەقی خۆمان بارکردیە لەو بێسـتانە، بەس ئـێمە لەگەڵ کـابرا مامەڵەمـان کردبوو ئەو ڕازی ببـوو کەواتە هـیچ کێشـەیەك نەبـوو یـان فێلـێکمان لەو کـابرایە نەکردبوو، ئەو ڕۆژە دەوری کـاتژمێر دوازدەی نیـوەڕۆ بە ڕێکەوتـین بـۆ نەغەدە و کاتژمێر حەوت و نیوی بەیـانییەکەی گەیشـتینە نەغەدە، هەرگیـز لە نەغەدە بـارە شــوتی ئەوەنــدە بــاش و جوانیــان نەدیتبــوو هەر زوو هەمــوو دوکانــدارەکانی مێـوەفرۆشی هـاتن و لۆریەکەیـان بەتـاڵ کـردوو دوای هەمـوو خەرجەکـان پـازدە

هەزار تومەنمان سوود کردبوو، ئەوە مەبلەغێکی باش بوو، بڕیارماندا بەیانییەکەی بچینەوە ئەهواز، ئێوارەکەی ئەو ڕۆژە چووم سەردانی ماڵی کاك خورشید پلە مامز گۆتی ئەوە چیە سالار دەرێن بە خۆ و بە نەریمانی بوینە تاجری شفتی. وەلا ئیشەکی باش دەکەن ئەوە لە کێندەر دەینن.؟ئەمنیش گۆتم لە ئەهواز ئەو وتی کورە بێ یەغبار هەر جارەی پێنج فەردە بامیەی بینن خۆ سودی هەندی شفتیەکان دەبیت، فکرم لە قسەکەی کردەوە ڕاستی دەکرد ماڵە پەنابەرێکی زۆر لە نەغەدەی هەبوون زیاتر لە دووهەزار ماڵی لێ بوو لەو ساڵەدا بامیەش لە نەغەدە زۆر کەم بوو، چونکە ئێرانییەکان کەمتر بەکاری دەهێنن ئەو ڕۆژان لە نەغەدە کیلۆی بامیەی بە چل تومەنی بوو، خواحافیزیم لێیان کردوو گەڕامەوە ماڵەوە بۆ ئەوەی ئامادەسازی سەفەرەکەم بکەم. بەیانی لەگەڵ مەلا بانگدان بە ڕێکەوتین لە ڕێگا ئەو مەوزوعەی پلە مامزم لۆ نەریمانی گێڕایەوە ئەویش گۆتی وەلا فکرەکی خراپ نییە ئەگەر هەبوو سێ چوار فەردەی دەکڕین هەر داوێینە سەر شفتیەکان بزانین سەرفیاتی کو دەبیت، ئیتر لەو سەفەریەوە ئێمە هەر جارەی چەند فەردەك بامیەمان دەکڕی و لەگەڵ شفتیەکان بارمان دەکردن و دەمانهێنان بۆ نەغەدە و بە پارەیەکی باشیش دەفرۆشان و خێری زۆریشیان دەکرد، لە ئەهواز کیلۆی بامیە لە دەتمەنی تێ نەدەپەڕاند، بەڵام لە نەغەدە لە سی تومەن کەمتر نەدەفرۆشرا دوو ئەوەندە و سێ ئەوەندەی نرخی خۆی خێری دەکرد، دوایین جار کە چووین لە ئەهواز شوتی بهێنین تەقریبەن ئەو شوێنە لە کۆتایی پێ هاتنی شفتی بوو، بۆیە کەسێکمان دۆزیەوە وتی من هەمە، بەڵام هەندێ دوورە، وەرن با بتانبەم سەیری بکەن ئەگەر بەدڵتان بوو لۆریەکەتان بێنن و باری بکەن، ماوەی نزیکەی یەك کاتژمێر لە ئەهواز دورکەوتەوە گەیشتە سێ ڕیانێك وتم ئێرە کوێیە وتی ئێرە سێ ڕیانی(خورەم شارە)واتە(معمرە)هەر زراوم چوو ڕێك چوبوینە ئەو شوێنەی کە عێراقیەکان ممنوع بوو، بچنە ئەوێ سەنگەرەکانی زەمانی شەڕ وەکو خۆیان وابوون بە سەدان لاشەی تانك و زرێپۆش و سەیارەی سەربازی لە ناو کەوتبوون کە سوتابوون یان تێك شکێنرابوون، لەو سێ ڕیانە هەندێ پاسداری لێبوو شۆفێرەکە

سڵاوێکی لێ کردن و وتی دەچینە بیستان، دیاربوو دەیانناسی هیچیان نەگوت و رێگاکەیان بۆمان کردەوە. هەندێکی تر رۆیشتین ئینجا گەیشتینە دەرگای سەربازگەیەك شوفێرەکە رێك بەرەو دەرگاکە چوو هەندێ چاودێر(ئینزیبات)لە دەرگاکە وەستابوون، منیش وتم بۆ کوێ، وتی بێستانەکەم لە ناو ئەو سەربازگەیەیە دەبێ بچینە ژوورەوە، بە نەریمانم گوت خۆت تێك مەدە ئێمە گیراین خوا رەحمان پێ بکات، زۆر ترساین، چونکە لەوێ بگیراباین بە دڵنیایی بە جاسوس لە قەڵەم دەدراین. سەیری تابلۆی سەر دەرگای سەربازگەکەم کرد نواسرابوو(پادگان حمید). ئەو ناوە زۆر ناسراو بوو واتە (سەربازگەی حەمید)، لەسەردەمی شەڕ سەنتەری هێزەکانی ئێران بوو هەموو رۆژ هێزی ئاسمانی عێراق زۆر بە چڕی بۆردومانی دەکرد، سەربازگەیەکی زەبەلاح و گەورە بوو،گەیشتینە لای ئینزیباتەکان و سەیارەکەیان راگرت،شۆفێرەکەیان دەناسی من لە ناوەراست دانیشتبووم نەریمانیش کەوتبووە لای دەرگاکە کابرای ئینزیبات سەیرێکی ئێمەی کردو قەت ئێمەی لەوێ نەدیتبوو بۆیە وتی پەنجەی بۆ من درێژکردوو وتی تۆ بە (کشاورز) واتە جوتیار ناچیت دەکرێ پێناسەکەت ببینم؟ ئیتر دڵنیا بووم کە دەگیرێین و خوا دەزانێ چمان بەسەر دەینن. منیش بەس مۆڵەتی شۆفیریم هەڵگرتبوو کابرای شۆفێر بە ئینزباتەکەی وت ئەوانە کرێارن لە نەغەدەوە هاتوون، پاشان مۆڵەتەکەی لە من وەرگرت و خوێندیەوە و گۆتی ئۆی(پەناهەندەی سیاسیشی-)ئەو کاتە لە پشتی مۆڵەتەکان کە دەدران بە پەناهندەکان مۆرێکی لێ دەدراو لە مۆرەکە نوسرابوو پەناهندەی سیاسی. منیش وتم بەلێ پەناهندەی سیاسیم و عێراقیم، بەڵام کوردم عەرەب نیمە. ئەویش وتی(کردها أدمهای خوبی هستند)واتە کوردەکان خەڵکانێکی باشن، پاشان مۆڵەتەکەی پێ دامەوە و وتی فەرموون ئەو کەسە کەسێکی باش بوو ئەگینا دەیتوانی بە پێی یاسا ئێمە بگرێت و بماندانە دادگاو سزا بدراباین، بەڵام ئەو وای نەکرد وەك بڵێی خودا دڵی نەرم کردوو ئێمەی بەرێکرد، چووینە ناو سەربازگەکە، لایەکی ئەو سەربازگەیە گەورە شوتی بوو دیار بوو ئەو زەویانە پێش شەڕ موڵکی خەڵکی بوون، بەڵام بە هۆی شەڕو گەورەکردنی

سەربازگەکە خراپبووە سەر سەربازگەکە و چواردەوری سیم کرابـوو، ڕۆیشـتن تـاکو نزیـك کۆتـاییەکەی، لە شـوێنێ ڕایگـرت کە کەپـرێکی لـێ بـوو لە دەوری بیسـت پاسدارێکی لێ بوو، خـاوەن بێسـتانەکە بـانگی کـردن و وتی وەرن هاوشـاریەکانتان هاتوون ،وام زانی کـوردی خۆمـانن، بەڵام کە نزیـك بـونەوە وتیـان ئێمە(لـوڕین) و وتیان ئێمەش ڕەگێکی کوردین وەکو ئێوە، لەگەڵمان کەوتـنە گفتوگـۆ پاشـان وتیـان ئەگەر پێکهاتن پێویست ناکات کرێکار بگرن بۆ بار کردن ئێمە بۆتان بـار دەکەیـن و هیچ پارەشمان ناوێت، منیش وتم باشە ئەگەر ڕێکەوتـین ئاگادارتـان دەکەمەوە، ئیتر ئەوەبوو لەگەڵ کـابرای خـاوەن بێسـتان ڕێککەوتـین و گەڕاینـەوە بـۆ ئەوەی لۆریەکە بێنین، لە گەڕانەوەمان هەندێ خواردن و خواردنەوەمان بۆ ئەو پاسدارانە کڕی کە لای بێستانەکەبوون، ئەوان زۆر دڵخۆش بوون بەو شتانەی بۆیانم کڕیبـوو، وەك پیاو لۆریەکەیان بۆمان پڕکردوو خواحافیزیمان لێیان کردوو بەرەو ئەهـواز بە ڕێکەوتینەوە، ئیتر ئەمە دواین کاروانمان بوو و نەدەهـاتینەوە ئەهـواز، گەڕایـنەوە نەغدە و شوتیەکانمان فرۆشتن و وتیان ئێستا فەسلی شوتی (هەمەدان و قەزوین و ڕەشتە)یەك دوو کاروانی ئەوێشمان کرد، بەڵام لە قەزوین فێلێکیان لێ کردین ئێمە ئەوەمـان نەدەزانی هەنـدێ شـوتی هەیە دەیچێـنن کە تەنیـا بـۆ دەنـکەکەیەتی بـۆ مەبەستی چەرازات لە قەزوین بارێك لەو شوتیەیان پێداین کە هاتینەوە نەغدە لە علوەکە وتیان ئەوەتان بۆچی هێناوە خۆ ئەمە هی خواردن نیـیە، ئیـتر مـاین چـی بکەین، چۆن ساغی کەیـنەوە، خـاوەن عەلـوەکە کـارگەیەکی چـاکردنی چەرەزاتی لە ورمێ دەناسی تەلەفۆنی بۆ کردن و شـوتیەکەی دا بەوان بەم شـێوەیە کۆتـایمان بە بازرگانی شوتی هێناو لە ماڵ دانیشتین، ئەو پارەی مامۆستا محەمەدم بردەوە بۆی و لەگەڵ هەندێ لە قازانجەکەمان کە ئەویش بە زۆری قازانجەکەی وەرگرت لـێمان. هەر لێــرەوە ســوپاسی ئەو بــرا بەڕێــزە دەکەم لە کــات و ســاتێکی تەنگــانەدا بە هانامەوە هـات و دەربـازی کـردم، ئەم شـوتی فرۆشـتنەی کە بۆتـانم بـاس کـرد لە هاوینی ساڵی ١٩٨٩ بوو، سێ ساڵ بوو هاوسەرگیریم کردبوو خـوا هێشـتا منـداڵی پێ نەدابووین، بەڵام هاوسەرەکەم دوو گیان ببوو بە یەکەم منداڵمان، ئەو کاتە من

ماڵی خۆم گواستبۆوە لەگەڵ ماڵی دایکم نەمابووم ئەوانیش خانوێکیان بۆ خۆیان دروست کردبوو و لە کرێچیاتی دەرچووبوون منیش لە حەوشی ماڵێك دوو ژوورم بە کرێ گرتبوو، بڕێك پارەم دەست کەوتبوو کە هەندێ ناو ماڵ و کەلوپەل و پێداویستیم پێ کڕیبوو، باری دارایم هەندێك باش ببوو، بەڵام دیسان بێ ئیش کەوتبوومەوە، ئەوکاتە(ئەنجومەنی بالای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق)خەریکی دروستکردنی نەخۆشخانەیەك بوو لە شاری نەغەدە بە ناوی(بنکەی تەندروستی شەهیدانی هەڵەبجە)،کەسێك سەرپەرشتی و دامەزراندنی لە ئەستۆ بوو بە ناوی (ئەبو نەغەم)ئەو کابرایە هاوەڵ زاوای بەڕێز(شێخ ئەدهەم بارزانی)بوو، ئەوکاتەش شێخ ئەدهەم سەرپەرشتی (حزبوللای کوردی عێراق)دەکرد کۆمەڵێك لە خەڵکی ئاوارەش لەگەڵی دابوون هێشتا ئەو نەخۆشخانەیە ئامادەکاری بۆ دەکراو تەواو نەببوو، ڕۆژێك دکتۆر سەعدەدین هاتە لام و وتی (ملازم عەلی واتە فەریق عەلی) ئێستا کە ئەو کاتیش ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو بانگی کردم و پێی وتوم مەجلیسی ئەعلای ئیسلامی نەخۆشخانەیەك لە نەغەدە دروست دەکەن تۆ پەلە بکە و ئەو کادرە تەندروستیانەی خۆمان لەو شوێنە جێگای خۆیان بکەنەوە دەستی بەسەردا بگرن، چونکە مەعلوماتمان هەیە لایەنی تر دەیەوێت ئەو کارە بکات، هەموو ئاوارەکانی شاری نەغەدە پارتینە بۆیە دەبێت پارتیەکان زیرەك بن و بالا دەست بن لەو نەخۆشخانەیە (سەعدەدین وای گوت).منیش وتم ئامادەم(محەمەد حسن بەرواری) ئەویش معاون توبی ئامادەبوو دکتۆر(صلاح ئاکرەیی )ناسراو بە دکتۆر ئازاد ئەویش ئامادە بوو، ئێمە یەکەم وەجبە ئەم چوار نەفەرە وەرگیراین لەو شوێنە ئیتر ئەوەی بە دڵان نەبوایە لێ نەدەگەراین بێتە ئەوێ دواتر معاون توبی(هەژار گۆران) کە ئێستا لە هۆلەندایە ئەویش هاتە ئەوێ (ڕەئوف ئاکرەیش)وەکو ژمێریاری هێنامان بۆ ئەوێ(سیهاد محسین)خۆشناویشمان لەگەڵ (سلێمان کەنعان)زێباری ئەم دوانەشمان کرد بە بلیتفرۆش دوو فەراشیشمان دانان یەکێکیان باوکی سلێمان مام کەنعان بوو ئەویتریانم لە بیر نەماوە، دواتر (لەیلا صدیق)کچی مام صدیق خوشکی کاك بەکر صدیق ئەویشیان

هێنا وەکـو سیسـتەر بەم شـێوەیە هەمـوو پارتیەکـان لە وێ کۆبـوونەوە دەسـتیان بەسـەر نەخۆشـخانەکەداگرت، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەم نەخۆشـخانەیە قەلەبـالغ تـر دەبـوو، خەڵـکی هەمـوو نەغەدە بە کـورد و بە تـورك و ئاوارەکـانەوە هەموویـان ڕوویان لە وێ دەکرد هۆکارەکەشی بوونی کـادری بـاش و دکتـۆری بـاش و دەرمـانی باش، کە ئەو کاتە ئێران لە ئەزمەی بێ دکتۆری و دەرمانیدا دەژیا.

هەفتانە لە تاران دەرمانمان بۆ دەهاتن زۆربەشیان خارجی بوون داو دەرمانێکی باشـمان بە ئەنبـار کردبـوو کە مـن سەرپەرشـتی ئەنبـارەکەم دەکـرد، دکتـۆرێکی عەرەبیش کە دەرمانساز بوو لە سەیدەلییەکە بوو ڕۆژانە دەهـات دەرمـانی لە مـن وەردەگرت و معاشێکی باشیشی هەبوو خانویەکیشیان بە کـرێ بـۆی گرتبـوو، بەڵام هەر بۆڵە بۆڵی بوو نا ڕازی بوو هەمـوو ڕۆژ لەگەڵ ئەبـونەغەم کێشـەی دروسـت دەکرد،

کۆمەڵێك دکتۆری خۆمـان لە نەغەدە بـوون و بـێ ئـیش بـوون جـار و بـاریش دەهاتنە لای ئێمە مـن بە ئەبـو نەغەمـم وت ئەگەر ئەم دکتـۆرانەش وەربگرێـت، چونکە ئەم ئیشە بە تەنیا دکتۆر ئازاد نـاتوانێ بەڕێ ببـات ئەو وتی چەنـد دکتـۆرن منیش وتم سـیانن، وتی باشـە بیـانهێنە بـا بـێن دکتۆرەکـانیش ئەمـانە بوون(دکتـۆر زریان عوسمان، ئەو دکتۆرەی منی لە مردن ڕزگار کـرد لە مەلەکـان دکتـۆر سـەلیم بەرزنجی کە ئێستاش وابـزانم هاوبەشـە لە نەخۆشـخانەی پـاکی لە هەولێـر دکتـۆر ناصـیح شـێخ مـحەمەد بالیسـانی کە بە داخەوە نـازانم ئێسـتا لە کـوێیە ئەم سـێ دکتــۆرەشی دامەزران و ڕۆژانە چــوار دکتــۆر نەخــۆشی دەدیــتن ئینجــاش پێــڕا نەدەگەیشــتن لە گونــد و شــارەکانی دەوروبەریــش نەخۆشــیان دەهێنــان، ئەم نەخۆشخانەیە لە پایزی ساڵی ١٩٨٩ دامەزرا، لە بیرم چوو بینووسم.

## لەدایکبوونی یەکەم کوڕمان

لە ١٩٨٩/٨/٢٥ خوا یەکەم دیاری پێشکەش کردین و کوڕێکی پێ داین و ناومان نا ئەمیر کە لە کاتی نووسینی ئەم کتێبە ئەمیر تەمەنی بوو بە سی و یەك ساڵ و خوا دوو کوڕ و کچێکی پێ بەخشیوە.

# تەوەری بیست و سێ

## کۆتا سی بەهاری چاوەڕوانیم و ڕاپەڕین

دوای شەش مانگ دەوام کردن لەم نەخۆشخانەیە، چونکە بەرپرسی ئەنباری دەرمان و پێداویستیەکان بووم لە گۆشەیەکی ئەم عەمبارەی خۆم چەندین کارتۆنم بەلا نابوو کە پڕ بوون لە کەلوپەلی نەشتەرگەری بچووک و پێداویستیەکانی فریاکەوتنی سەرەتایی بەو ئومێدەی لە فرسەتێکدا بتوانم ئەو شتانە بگەیەنمە شۆڕش. ئەڵبەتە بە ڕەزامەندی بەرپرسی نەخۆشخانەکە لە سەرتای ساڵی ١٩٩٠ ئەبو نەغەم سەفەری بەریتانیای کردوو بە یەکجاری نەگەڕایەوە لە وێ نیشتەجێ بوو، کەسێکی تریان نارد بۆ بەرپرسی ئەو شوێنە لە ئەبو نەغەم گەنج تربوو و سەڵتیش بوو واتا هاوسەرگیری نەکردبوو بە ناوی (جیهاد تائی) وابزانم ئێستا لە بەغدا دادەنیشێت کەسێکی زۆر قسەخۆش و کراوە بوو، دیار بوو کۆنە شیوعیش بوو زانیاریەکی باشیشی لەسەر کورد و بزووتنەوەکەی هەبوو پەیوەندییەکی باشیشی لەگەڵ پارتی هەبوو و بڕوایەکی تەواویشی- بە مافی گەلی کورد هەبوو ئەو کەسی نەدەناسی لە لای ئێمە، بەڵام زۆر خۆی لە من نزیك کردەوە تا منی کرد بە جێگیری خۆی بە بڕیارێکی فەرمی، زۆر دڵخۆش بووم نەك لەبەر ئەوەی ببووم بە جێگیر و دەسەڵاتم پێ بەخشراوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی دەمتوانی هەرچیەك بمەوێت لەو نەخۆشخانەیە بیکەم و کەسیش نەتوانێ ڕێگام پێ بگرێ و ئاسانکاریەك بوو کە خۆم بە نووسراوێك ڕێگا بدەم ئەم کەلوپەلانەی دامنابوون بیاندەم بە شۆڕش، بەڵام خۆم دەمگوت هێشتا کاتی نەهاتوە با بۆ کاتێکی پێویست بێت زیاتر لە دوو پیکاب کەلوپەلم بە لا نابوو، ئەڵبەتە ئەو شتانە لە لای ئێمە زیادە بوون، چونکە بەشی خۆمان هەبوو بۆ کارەکانی ڕۆژانە بە زیادەوەش، لە

لایەکی عەمبارەکە هەمووی مغەزی و هاوشێوەکانی بوون و ناوەڕاستەکەشی بە دەیان کارتۆن دەرمانی هەمەجۆرم لێ دانابوو کە بەشی چەندین مانگی دەکرد ئەگەر هیچی تریشمان بۆ نەهاتبا. ئەو دکتۆرەی لە سەیدەلیەکە بوو هەر وەکو جاران ڕەفتاری دەکرد هەر هەڵسوکەوتێکی دەکرد جیهاد لە دەستی زۆر تورە دەبوو، بۆیە بڕیاردا وتی دەری دەکەم و ئەو هەموو مەسروفە زیادە نادەم بە کەسێك کە ڕۆژانە بۆڵە بۆڵی بێت، پاشان وتی سالار تۆ ناتوانی سەیدەلیەکەش بە ڕێوە ببەیت، من ئەو کەسە دەر دەکەم ئەگەر تۆ بتوانی لە جێگای ئەو ئیش بکەیت جگە لە موچەی خۆت نیوەی موچەکەی ئەویشت پێ دەدەم، منیش وتم دەتوانم و دەیکەم و ڕازیم ئیتر لە سەری مانگ موچەی کابرایدا و بەڕێی کرد و وتی ئیتر پێویستیم بە تۆ نییە، لەو کاتە بە دواوە من بوومە بەرپرسی سەیدەلەیکەش.

بە تەواوی کۆنترۆڵی هەموو نەخۆشخانەکەم کردبوو، جگە لە نەخۆشخانە چوار عەمباری ئازوقەمان هەبوو کە مانگانە بە لۆری بۆمان دەهات ئەو کاتە لە ئێران ئازوقە بە کۆپن بوو زۆر کەم دەست دەکەوت، بۆیە هەموو سەرە مانگێك من لیستێکم دروست دەکرد لەو ئاوارانەی نەغەدە کە باری ژیانیان باش نەبوو و ئەوانەی ئۆردوگاکانی دەوروبەری شاری(خانە) وەك بادیناوە و لاوێن و هەندێك لە گوندەکانیش، ئەمە هاوکاریەکی باش بوو کە ئێمە دەمان کرد و خەڵکەکەش وای دەزانی لە لایەن پارتیەوە هاوکاری دەکرێن چونکە ئێمە هەمومان پارتی بووین و بۆیە ئێمەش بێ دەنگ دەبووین دەمانگوت با هەر وابزانن هاوکاریەکە هی پارتیە ئیتر تا وەکو هێرشی عێراق بۆ کوێیت و داگیر کردنی ئەو وڵاتە و لکاندنی بە عێراق، باری ئەمنی و سیاسی ناوچەکە لە گۆڕان و ڕووداوی چاوەڕوان نەکراودابوو خەڵکی زۆربەی کاتەکانیان بە دیار ڕادیۆکانی(مۆتیکارلۆو لەندەن و ئۆرشەلیم) بەسەر دەبرد بۆ زانینی نوێترین دەنگوباسەکان، لەو کاتە من وتارەکەی کاك مەسعودم

هاتەوە یاد کە لە خوا کوڕك ئاماژەی بەو گۆڕانکاریانە کردبوو جوڵە کەوتبووە نـاو سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی.

ئەوان بەردەوام لە کۆبونەوەدابوون بۆ ئامادەکاری و ئامادەسازی هێزەکانیـان. دوای ڕووداوی داگیرکردنی کوێیت، هەندێك دەیانگۆت ئەمریکـا زەبـرێکی کوشـندە لە عێــراق دەدات و هەنــدێکیش دژی ئەو ڕایە بــوون عێــراق لە ٤ی/١٩٩٠/٨ بە تەواوەتی کوێتی داگیر کرد و هێزە هاوپەیمانەکانیش لە ١٧ی/١ تاکو ٢٨ی/١٩٩١/٢ بە تەواوەتی عێراقیان لە کوەیت بە دەرنا.

بە تەواوەتی ناوچەکە شێوا سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی بە سـەرۆکایەتی کـاك مەسعود لە کۆبونەوەی چڕو پڕدابوون، هەر لەگەڵ گـورز وەشـاندنەکەی ئەمریکـا دەستیان کرد بە هێز کـۆکردنەوە و پـڕچەك کردنیـان، هەروەهـا دەسـتیان کـرد بە نووسینی کۆمەڵێك نامە بـۆ سـەرۆك جـاش و مستەشـارەکان کە بگەڕێـنەوە ڕێـزی گەل و عێـراق زۆر بـێ هێـز دەکرێـت و هاوکاریـان بـن لە ئـازاد کـردنی هەمـوو کوردسـتان، ڕاگەیانـدنی بەرەی کوردسـتانی بە تـایبەتی هەردوو ئێسـتگەی ڕادیـۆی دەنگی کوردستان و دەنگی گەلی کوردستان، دەستیان کرد بە پەیام ناردن بـۆ شـانە نوستووەکانی ناو شار و بە ئاگاهێنانیـان بـۆ هانـدانی خەڵـك لە شـارەکان بـۆ ئەوی ڕاپەڕین بکەن، ئێمەش لەو کـاتە کـاری نەخۆشـخانەکەمان زۆر کەم کـردەوە تـاکو حەفتەی پێش ڕاپەڕین بە یەکجاری دامانخسـت، چـونکە شـۆڕش داوای لە کـادیرە پیشەیەکان کردبوو پەیوەندی بە یەکەکانی خۆیـانەوە بـکەن بە تـایبەتیش کـادیری تەندروستی، بەرەی کوردستانی و میحوەرەکانی دابەزینی پێشـمەرگەی دیـاری کـرد، کـات و سـاتی ڕاپەڕیـن دەقە بە دەقە نـزیکتر دەبـۆوە وای لێهـاتبوو پێشـمەرگە بە پەلەتر بوو لە سەرکردایەتی، سوپای عێراق لە داڕمانەکی یەکجارەکی دابوو، جموجۆڵ کەوتبوە نێو جەماوەر پڕوپاگەندەی ڕاپەڕین گەیشتبووە لوتکە، هێـزی پێشـمەرگە گەیشتبوونە نزیك شارەکان فەرمانکرا بە شانە نهێنییەکان تـێکەڵ بە خەڵـك بـبن و زەمینەی ڕاپەڕینێکی سەرتاسەری خۆش بکەن.

جەماوەریش بە گـڕوتینێکی زۆرو بـێ ترسـیەکی بـێ وێـنە وەڵامـی فەرمانەکـانی بەرەی کوردســـتانی دایەوە ئەوە بـــوو لە بەرەبەیـــانی ٥ی/١٩٩١/٣ چەخـــماخەی ڕاپەڕین لە شاری ڕانییە داگیرسا کە کاك مەسعود بارزانی خۆی لەو میحوەرە بوو لە ڕێی(قاسمە ڕەش) داخلی خاکی کوردستانی عێراق بوو. بەم شـێوەیە ڕاپەڕینـی گەلی کوردستان دەستی پێکرد و لە ماوەیەکی کەم تەواوی شاری ڕانییە و ئـازادکردنی ئەو شارە لە دەستی ڕژێمی بەعس ڕاگەیاندرا ئەم هەواڵە گڕوتینێکی ئەرێنی خستە ناو سەرجەم جەماوەری کوردسـتان لە شـار و شـارۆچکەو کۆمەڵگـا زۆرە ملێیەکـان و گوندەکاندا و لە ماوەیەکی زۆر کـورت هەمـوو ئەو هێـزە سـەر کوتکـارانەی ڕژێـم ڕاماڵـدران و لە ڕۆژی ١١ی/١٩٩١/٣ هەولێـری پایتەخـت و پێشـتریش سـلێمانی و دەوروبەریان ئازادکران و سەرچۆپی سەرکەوتن گێـڕدرا، لە ١٢ی/١٩٩١/٣ بە دواوە هەموو دەڤەری بادینان لە ئاکرێ تـاکو زاخـۆ ئـازادکران و مەشـخەڵی سـەرکەوتن بەرەو کەرکووکی گڕ و خوێن بە ڕێکەوت، جەماوەر و هێزەکانی بەرەی کوردسـتانی لە ٢١ی/١٩٩١/٣ تەپڵی سەرکەوتنی یەکجارەکی و ڕزگار کردنی کەرکووک و بابە گوڕ گوڕیان لێدا. مـن تـا وەکـو ڕزگـار کـردنی هەولێـریش لەگەڵ هێزەکـانی پێشـمەرگە مامەوە، بەڵام لە هەولێر هەستم بە کەموکوڕی دەرمان و کەرستەی پزیشـکی کـرد، بۆیە بڕیارمدا بگەڕێمەوە ئەو دەرمان و کەلوپەلانەی دامنـابوو ئـاودیوی عێراقیـان بـکەم و بـیگەیەنمە دەســت پێشــمەرگە و نەخۆشـخانەکان، شــەڕ بە گەرمــی لە کەرکووک بەردەوام بوو ئەو کاتەی من گەڕامەوە نیوەی کەرکووک ئـازاد کـرا بـوو، هێزەکانی عێراق لە ڕاکردن و خۆ دەربـاز کـردن دابـوون، ژمـارەیەکی زۆر سـەربازی عێراقی بە ئەسیری کەوتبووەنە دەست پێشمەرگە، ئەو کاتەی هەواڵی ڕزگار کردنی یەکجارەکی کەرکووکدرا من خۆم ئامـادە کردبـوو بـۆ گەڕانەوەو چـاوەڕێی هەنـدێ دەرمانی ترم دەکرد کە بگاتە دەستم بۆ ئەوەی بتوانم قەبارەیەکی زۆرتر و گەورە تر داوو و دەرمان بگەیەنمە هەولێر.

ئێــوارەی ١ی/١٩٩١/٤ لە دەنگوباســەکانی تەلەفزیــۆنی ئێــران دەنگــۆی ئەوە بڵاوبۆوە کە سوپای عێراق بە هێزێکی زۆرەوە هێرشی کردۆتە ســەر کوردســتان و بە تایبەتی لە کەرکووک و دەوروبەری ئەوە بۆ من هەواڵـێکی نـاخۆش بـوو لە مـاوەی چــوار ڕۆژدا ســوپای عێــراق لە هەمــوو لایەك پەلامــاری کوردســتاندا ناوەنــدی پارێزگاکانی هەولێر و دهۆك و سـلێمانی کەوتەوە دەسـت سـوپای عێـراق و کـۆڕەو ملیۆنەکەی کوردستانیان لە ١٩٩١/٤/٤ دەستی پێ کرد، بەڵام هێزەکـانی پێشـمەرگە لە ناوچە شاخاویەکاندا سـەنگەریان گـرت و ڕێگایـان نەدا هێزەکـانی عێـراق زیـاتر بێنە پێشەوە بە تایبەتیش لە (کۆڕێ) و داستانی کۆڕێ کە سەرۆك مەسعود بـارزانی خۆی چاودێری و سەرپەرشتی ئەو داستانەی کرد.

## خەونەکەی من بۆ ماوەیەکی کاتی بەتاڵ بۆوە.

بە پەلە خۆم گەیاندە سنووری(حاجی ئـۆمەران) تـازە ڕێگاکەیـان لە ڕوی پەنـا بەران کربۆوە، چ تراژیدیایەکی غەمگین بوو چ کارەساتێکی دڵ تەزێـن بـوو؟ مـاڵ و منداڵ لە دواوەی سەیارەی بارهەڵگر و عارەبانەی تراکتۆر و ئەو کەشوهەوا ساردە و نەبــوونی پێداویســتی خــۆ گەرم کــردنەوە و خــواردن و خــواردنەوە تەنگــی بەو خەڵکە لێ قەوماوە هەڵچنی بوو، جارێکی تر ڕاونـرا و مەتـرسی جینۆسـایدێکی تـری لێ دەکرا خەڵکەکە هەمووی تـووشی نەخـۆشی سـکچوون ببـوون حـوکمەتی ئێـران سەری لێ شێوا بوو نەیـدەزانی چـی لەو ڕەوە ملیـۆنییە بکـات؟ دەرگـای سـنووری کردبۆوە، بەڵام زۆر لە سەرەخۆ خەڵکەکەی بە ڕێدەکرد.

جیهانیان لە ئاست ئەم تاوانە مـرۆییەی عێـراق بێـدەنگیان هەڵبژاردبـوو، هەر بەوەندەیان پەسەند دەکرد وەکو سەر دێری هەواڵەکان یان ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانی لە ڕادیـۆ و تەلەفزیۆنەکانیـان بڵاویـان دەکـردەوە، ئەم وڵاتە زۆر بە جـدی لەسـەر هێڵ بوو و هەوڵی دەدا ڕێگا چارەیەك بدۆزێتەوە تەنیا وڵاتی(فەرەنسا)بوو.

خەڵکی کوردستان زۆربەی ئاوارەی ئێران و تورکیا بـوون لە شـار و شـارۆچکە و دێهاتەکاندا دابەش ببوون بـاری گـوزەرانی ژیانمـان زۆر خـراپ بـوو، بـۆیە لە دوای بەرگری هێزی پێشمەرگە عێراق داوای لە بەرەی کوردسـتانی کـرد بـۆ دانوسـتاندن، لەو کـاتەوە کوردسـتان بەرەو نـیمچە ئـارامیەك ڕۆیشـت و وردە وردە خەڵـکە ئـاوارەکەی دەگەڕانەوە سـەر مـاڵ و حـاڵی خۆیـان و نەتەوە یەگرتوەکـانیش بە بڕیارێك ناوچەی دژە فڕینی لە هێڵی٣٦ دیاری کرد بۆ پارێزگاری خەڵکی کوردسـتان و سوپای عێراقیش کشایەوە و هەر سێ پارێزگاکانی کوردسـتانیش کەوتـنە دەسـت هێزە کوردییەکان و بەرەی کوردستانی.

بەڵام پـێش ئەم پرۆسـەیە کە ئەوکـاتە بارەگـای مەکـتەبی سـیاسی پـارتی لە شارۆچکەی(ڕەواندز) بوو، من ئەو شتانەی ئامادەم کردبوو خسـتمە نـاو پیکـابێکی گەورە لەگەڵ هەردو بەڕێـزان کـاك (سـەعدەدین و مـحەمەد حسـن بەرواری) ڕەوانەی مەکتەبی سیاسیم کردن و ئەوانیش لە ڕواندز تەسلیمیان کردبوو.

هەر لە دوای ئەم کارە بە مـاوەیەکی کـورت بڕیـاری داخسـتنی نەخۆشـخانەش درا. لە ١٩٩١/٩/٢٥ خــوا کــوڕێکی تــری پێــداین و ناومــان نــا (ســەمیر) ئەو لە نەخۆشخانەی شاری(مەهاباد)لە دایك ببـوو، ئێسـتا ئەفسـەرە و کـۆلێژێی یاسـایی تەواو کــردووە ئەکادیمیــایی ســەربازی زاخــۆشی تەواو کــردووە ئەفســەرە لە فەرمانــدەیی پێشــمەرگەی زێرەڤــانی و هاوسەرگیریشیــ کــردووە و دوو کــچ و کوڕێکیشی هەیە. لە ١٩٩١/١١/٦ ئێمە بە یەکجاری گەڕاینەوە کوردسـتانی باشـوور، هـیچ جێگـا و ڕێگـایەکمان نەبـوو نە موڵـك و مـاڵ نە پـارەیەکی زۆریـش، ئەوەی هەمـانبوو دوو خـانووی بـێ دەرگـا و پەنـجەرە و ئـاو کارەبـا و بـێ هەمـوو ئیمکانییەتیەك بوو کە لە خانووی ئەمنەکانی پێشوو لە بەرامـبەر سـایلۆ پـێمان درا بوو لە لایەن بەرەی کوردستانییەوە.

ماڵەکانمان بردنە ناو ئەو خانوانە و دەرگا و پەنجەرەکانمـان بە نـایلۆن و بەتـانی داخست و بە کەمترین ئیمکانییەت دەستمان بە ژیانێکی تر کرد دوای سی بەهار لە

تەمەنم. ئەو سی بەهارەی چەندین جار بێ ماڵ و حاڵی کردبووین و بە درێژایی ئەو ساڵانە ژیانێکی ئاسوودەمان بە ڕێ نەکرد.

سی بەهاری ژیانم واتای دوو شۆڕشی مەزنی کوردی دەبەخشی کە بە شانازیەوە من بەشداری هەردوو ئەو شۆڕشانە بووم. هەردوو شۆرشەکانیش شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و شۆڕشی گولان بوون کە بەو پەڕی سەربەرزییەوە شانازی بەو سی بەهارەی تەمەنم دەکەم کە لەگەڵ دوو شۆڕشدا تێمپەڕاند.

هیوادارم توانیبێتم هەموو ئەو ڕابردووەی سی ساڵ تەمەنم وەك خۆی نووسیبێتەوە دڵنیام بێ کەموکورتی نییە، بەڵام هیوادارم بە دڵی ئێوەی خوێنەر بێت.

## ناسـنامـەی
## پـرۆژە

پرۆژەی دەســـتەی ئینســـکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، لە پێناو ناســاندن، کۆکردنەوە، بــە دیکۆمێنتکردن و بڵاوکردنەوەی مێــژووی پـڕ لــە ســەروەریی کار و خەباتــی پارتــی دیموکراتی کوردســـتان، لەسەر پێشـــنیازی ڕێزدار مەســـرور بارزانی، ئەندامی مەکتەبی سیاســی پارتــی دیموکراتی کوردســـتان، لە ســاڵی٢٠١٤ دامەزراوە.

ئــەم بەرهەمــەی بەردەســتی بەڕێزتـــان بەشـێکە لـــە هــەوڵ و ئامانجەکانــی ئــەم پرۆژەیــە.

P.D.K ENCYCLOPEDIA